# سەرجەم بەرهەم و بابەتەکانی مامۆستا

# نەجمەدین مەلا



بەرگی دووەم

ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد


کتێبخانەی (PDF)
گروپێک بۆ خزمەتکردن بە خوێنەران و
خوێندکاران و کتێب دۆستان

ناوی کتێب : نەجمەدین مەلا

ئامادەکردنی : ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد ٠٧٥١٥٠٢٨٢٥٨

ڕشتە : سەرجەم بەرهەم و بابەت و نوسینەکانی نەجمەدین مەلا

پیتچن : ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد

هەڵەچنی : کوردستان نەسرەدین حەسەن

دیزاینی بەرگ: کامیل محەمەد قادر

نۆبەرەی چاپ : یەکەم/سلێمانی/٢٠١٨ .

چاپخانەی: چوار چرا

نرخ: ١٥ هەزار دینار

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان

ژ ( ) ی ساڵی(٢٠١٨) ی دراوەتێ

- پێشکەشە بە پەروەردەکاران و مامۆستایان و رۆڵە بەئەمەکەکانی نەتەوەو شارەکەم .

- زۆر سوپاس و رێزم بۆ هەمو ئەو کەسە بەڕێزانەی هاوکارییان کردوم، پرۆەکەیان بە کاری خۆیان زانیوە .

## بەشی چوارەم:



هــاتنی وینــەگران و رۆژنامەنوسانی(جیکوســلۆڤاکی)(هانزلیکا و زیکمۆنــد) لەگــەڵ کەسایەتی شاری سلێمانی(ئیسماعیل عارف) قسەنەکەن لەریزی پێشەوە نجم الدین مەلا و حەمەی حاجی تایەر و ئەنوەری تۆفی دا.١٩٥٩

# فەرهەنگی نەجمەدین مەلا

## ٧٤وشە ٣ بابەت

### ئا: ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد

مامۆستا نەجمەدین: پیاوێکی بەهرەدار بو لە زۆربابەت و روداو کاری جوانی وای کۆلیوەتە و لەسەری نوسیوە کە کەم کەس بۆی دەچو. بۆ یەکەم جار واتای هەندێ وشەی بە شێوازێکی وردبینیو سەیر لێك ئەدایەوەو لە شێوەی فەرهەنگێکدا لە هەر ژمارەیەکی ڕۆژنامەی (ژین)دا بلاوی ئەکردەوە، مەبەستی لەم فەرهەنگە هەر بۆ ڕابواردن نەبو، بەلام لە بەرگێکی ڕازاوەی نوێدا پەندو ئامۆژگاریو ڕەخنەو پێشنیازی پێشکەش ئەکرد. لە ژمارە(١٢٣٥)دەستی پێکردووە و هەرجارەی (١٠ تا ١٢)وشەی لێکداوەتەوە هەتا ژمارە(١٢٤٢) دوای رەخنەگرتن لەم فەرهەنگە کۆتایی پێهێناوە. لێرەدا بە شێوەی ریزبەندی پیتەکان دامناوەتەوە.

دەتوانم بلێم جێگە دەستی لە نوسین و داهێناندا بێوێنە بو.

١. ئەستێرە : بزماری ئاسمان

٢. ئەستێرەناس: موهەندیسی ئاسمان

٣. ئوتێل : کۆگای خەو فرۆشتن

٤. ئەشکەوت : گازینۆی درِندە

٥. بەربەرۆچکە: زۆپای پیاوی لات

٦. بەندیخانە : قوتابخانەی دزان

٧. بەندینخانەی پارە : سندوق و کیسەی ئینسانی رەزیل.

٨. بیرە،ئاوی جۆ: خۆشاوی سفرەی ئالیك.

٩. بینینی چەکولەشکر لەخەوا: کتێبی خەونامە لای پیاوی سیاسی.

١٠. بەخشین: لێبوردن: زەکاتی زاڵبون = ظفر.

١١. بیرو باوەڕی پوچ: تەونی چاڵجاڵۆکە.

١٢. پیاوی بێ ئیش: پێوەر (مەساحی) جادە.

١٣. پیاوی دوزوبان: مار، حەزیا، ئەژدەها.

١٤. پیری لێکەوتوی هەژار: تەقاعودی خوا

١٥. تۆمار(دەفتەر): جەواڵی قسە.

١٦. تەنەکە لێدان بۆ مانگ گیران: شایی جنۆکان.

١٧. تەقەی ناڵچەی پێڵاوی زاڵم: دەنگی گەلاکوتکی قەبر کوتانەوە.

١٨. دکتۆری ناشی: پیاوکوژی پارەوەرگر.

١٩. دەولەمەندی ڕژد: کۆڵ کێشی بێگاری.

٢٠. دەریاچە(بوحەیرەی دوکان):شۆربای مراوی بۆ هەژاران.

٢١. دار تەرم (تابوت): عارەبانەی قیامەت.

٢٢. دیمەنی جوان: خۆراکی چاو.

٢٣. دیدەنی رژد، پیسکە : زیارەتی قەبر.

٢٤. ڕۆژی هەینی(جومعە): ورك گرتن(ئیزابی رۆحانی).

٢٥. روخساری شیرین: فنونی جمیلەی تایبەتی دەستی کردگار.

٢٦. روخساری ناشیرین :چەڵەبی.

٢٧. زیندو کوژی مردوپەرست: قەومی کوردە.

٢٨. زانای دەم دوراو: گیە .

٢٩. زگی ئینسان : گۆڕستانی باڵندەو مەڕ و بزن.

٣٠. زانای بێکردەوە: داری بێ بەر.

٣١. زەڕەی یارو : تەقینی بۆمبای زەڕەی یە.

٣٢. جنۆکە(خێو): میکرۆب.

٣٣. چاکەو خواپەرستی: تۆێشوی رێی ئەوە دنیا.

٣٤. چاپخانە : لۆقەنتەی مێشك.

٣٥. چایی خەست: شەرابی مەلاو سۆفی.

٣٦. خانوی بێ کرێ: گۆڕ، قەبر.

٣٧. خواست وئارەزوی دز: وڵاتی شێواو.

٣٨. سەرخۆش: شێتی موەقەت.

٣٩. سوتانی داری هەنجیر : سکی قوڕ ئەخاتە قوڕە قوڕ.

٤٠. شەقامی گەورەو پان: رێ گوزاری پیاوی قەڵەو.

٤١. شمشێر : چەقۆی غەڵەت کرین.

٤٢. عبادەتی :زیارەتی قەبر.

٤٣. قاوت خواردن بەرەو رەشەبا :بەڵێن– وەعدی درۆزن.

٤٤. قسەچن=جاسوس : تەتەر، موەزیعی بەریدی جەهەنەم.

٤٥. فەقیانە : بەیاخی تەندروست.

٤٦. قەڵەمی بەدنووس: چەکی گوللە پژێن.

٤٧. قەڵەمی (پار،کەر): بێ نوسی خوێندەوار(أم سال ،ناقل).

٤٨. قوتابخانە=مەکتەب: کارگەی(معمل)کاربەدەستدروستکردن

٤٩. کفتەی ناودار: تۆپی بێ =فتبۆڵی بە هەشت.

٥٠. کچی جوانی نەزان: گوڵی بێ بۆن.

٥١. کارت خواردن بەرەو رەشەبا: بەڵێن و وەعدی درۆزن.

٥٢. کەندو: ورگی تەماعکار.

٥٣. کتێبخانەی شەرع وقانون:دووشەیە.چاکەبکەوخراپە مەکە

٥٤. کەڵك و چاکەی نەزان : قەدرو رێزی زانای بێ دەرنەکەوێ.

٥٥. گەرماو (حەمام): ئاوو گۆشتی بێخوێ.

٥٦. گیرفانی لە ئوتو دراو: کیسەی قومار کەر.

٥٧. گوێچکە: گیرەی کڵاو کە با نەیبا.

٥٨. گۆشتی رێوی : دەرمانی پیاوی (با)دار.

٥٩. گریانی منداڵی ساوا: هاوار لەدەست هاتنە دنیا.

٦٠. لەسەر زەوی رەق نوستن: راهاتن، تەمرینی قەبر.

٦١. مردن لەرێ ی نیشتمان: قوربانی جەژنی ئازادی.

٦٢. مزگەوت: نادی هەژاران.

٦٣. مزگەوتی لادێ: شاری بێ سەردار.

٦٤. مانگەشەو: کارەبای خۆڕایی.

٦٥. مەکتەبی مەحامی: دوکانی قسەفرۆشتن.

٦٦. نەخۆشخانە (دائیرەی صحە): ماوەی ٩٩٩/٩٩٩/ کیلۆمەترە ئینسان لە عیزرائیل دور ئەخاتەوە.

٦٧. نەزانی پۆشتەو پەرداخ: کتێبی ناوەرۆك پوچی بەرگ رازاوەیە.

٦٨. نوێژی تەراویح: ریازەی مەکتەبی خوا.

٦٩. نزا (دوعا): چەکی بێدەستەڵاتان.

٧٠. هاورێی دڵسۆز: پریاسکەی دراو پارە.

٧١. هیزرە=کەندو : ورگی گەدەبەل ، تەماع کار.

٧٢. هەور : قیرتاوی شەقامی فرۆکە= تەیارە.

٧٣. هۆی دورخستنەوەی خۆر لە زەمینەوە: لەترسی زۆرداران نەك تاپۆی بکەن.

٧٤. یەك چاو: نیوەی پارەی سینەما ئەدا.

**رەخنە لە فەرهەنگی** مامۆستا نجم الدین ملا :[١٥٨]

وا دیارە مامۆستا نیازی وایە لەسەر بلاوکردنەوەی فەرهەنگەکەی بڕوات ئەو فەرهەنگەی کە بەراستی هەر بۆ ئەوە ئەشێ فەرهەنگی تایبەتی مامۆستا خۆی بێت ، چونکە لەوەتەی مامۆستا خەریکی بلاوکردنەوەی فەرهەگەکەیەتی هەرچەند هەوڵ ئەدەم و کۆشش ئەکەم کە لەو فەرهەنگە بگەمو بزانم نیاز و سودی نوسینو بلاوکردنەوەی ئەو فەرهەنگە چیە ناتوانم تێ بگەم وەبزانم، ئەگەر مامۆستا بەو نیازە ئەی نوسێت کە سود بگەیەنێت بە خوێندەوارانی ژینی خۆشەویست -وە یان شکی تێدا نیە کە هەمیشە ئامانج لە نوسین ئەبێ کەڵك بەخشین بێ- ئەوا مامۆستا بەهەڵە چوە چونکە بڕوا ناکەم هیچ سودێك لەو فەرهەنگە وەربگرێت.

جا بۆ ئەوەی خوێنەرانی ژینی خۆشەویست باش لە فەرهەنگەکە بگەن لە چەند وشەیەکی ئەکۆڵینەوە ئەوسا کەڵك و بەخشینو بێ کەڵکی فەرهەنگەکە دەرئەکەوێت.

مامۆستا ئەڵێت (جنۆکە ،خێو:میکرۆب)ە نازانم بڵێم چی؟! مامۆستا گیان چۆن بە میکرۆب ئەوترێ جنۆکە یان خێو گوایە مامۆستا ئەبێ نەزانێت میکرۆب چیە؟ میکرۆب گیان لەبەرێکی زۆر بچکۆلەی بێ ڕەنگی شفافە کە بەچاو نابینرێت وە هۆی بلاوکردنەوەی نەخۆشیە، هەر نەخۆشیەش چۆن میکرۆبێکی تایبەتی هەیە، ئیتر چۆن وە بۆ ئەبێ بەمیکرۆب بوترێ جنۆکە یان خێو، کەواتە ئەگەر(میکرۆب) جنۆکەو خێو بێت ئەوا هۆی نەخۆشی

---

[١٥٨] ژ/١٢٤١ساڵی ٣٠پێنج شەمۆ١٧/ئازار ١٩٥٥ژین لا٣

بلاوبونەوەش تەنها میکرۆب نیە بەلکو جنۆکە و خێویشە بەلام تا ئێستا زانایانو پزیشکەکان ئەمەیان بۆ نەدۆزرایەوە وا مامۆستا ئەو ئەرکەی لەسەر شانی ئەوان لابرد.

یان ئەلێت(لەسەر زەوی رەق نوستن : راهاتن ،تەمرینی قەبر) کەوای لێ هات لەسەر قسەی مامۆستا با هەرکەسە رۆژی چوار پێنج سەعاتێك لەسەر زەوی رەق بنوێت بۆ ئەوەی خۆی رابێنێ بۆ قەبر ، من نازانم لەسەر زەوی رەق نوستن بۆچی بەبیری مامۆستادا هاتوە وەکردویەتی بەتەمرینی قەبر، رەنگە مامۆستا وا بزانێت ئەو کەسانەی لەسەر زەوی رەق ئەنون بەخۆشی خۆیانە وە بۆخۆراهێنانە بۆ قەبر گوایا مامۆستا نازانێت هەرکەسی هەژار و لێ قەوماو بێ کەس نەبێت لەپەنا کۆلانانو لەم لاو لەولا لەسەر زەوی رەق نانوێت وە ئەو تەمرینەش ناکات خۆ ئەگەر یەکێکیش بیەوێ جێگەی قەبری خۆش بێت ئەوا پێویستی دینی خۆی بەتەواوی بەجێ دێنێ وە لەو سنورانەی کە دین بۆی داناوە ناچێتە دەرەوە ئەوا توێشوی بۆ ئەو دنیای خۆی پەیداکردوە وە پێویستی بەوە نەکرد کەلەسەر زەوی رەق بنوێت.

یان ئەلێت (کفتەی ناودار : تۆپی پێ ، فوتبۆلی بەهەشتە) هەرچەند بیر ئەکەمەوە مامۆستا نازانم چۆن بە خۆمی بسەلمێنم کە کفتەی ناودار تۆپی پێ یان فتبۆلی بەهەشتە، وا دیارە لەبەهەشت فتبۆلێن بە کفتەی ناودار ئەکەن ، ئاخر کفتە کوێ ی لە تۆپی پێ ئەچێ لە خریەکەی بەولاوە کفتە گۆشت و برنج و قیمەیە تۆپی پێ چەرمو لاستیکە ئەو بۆ خواردنە ئەم بۆ یاری کردنە ئەو بچوکە ئەم گەورەیە یان ئەوا هەر لەبەرخریەکەی ناوت نا فتبۆل بۆچی بو بە فتبۆلی بەهەشت ، ئەنجا لەبەهەشت ئەگەر فتبۆلێن بەکفتە بکەن ئەبێ ئەی چی بخۆن؟ .

بەراستی مامۆستا زۆر ئارەزو ئەکەم کە بزانم سودو ئامانجت چیە لەبلاوکردنەوەی ئەو فەرهەنگەت. (ئەولا)

**- بۆ رەخنەگر— ئەولا**

فەرموتە ئەوەتەی مامۆستا ئەو فەرهەنگە بلاو ئەکاتەوە هەرچەند ئەکەم و ئەکۆشم تێناگەم مەبەستی چییە؟

جا با پێت بلێم نوسین لە رۆژنامەدا تەنیا بۆ شەخسێك نییە وە بەلکو بۆ کۆمەلایەتی یە. ئەمجا کە تۆ سەلیقەی ئەوەت نەبێ لە شت بگەی پێویستە خوێندن تەواوبکەی ئەوسا رەخنە لە مامۆستا بگری ئەمە خالانەی ئەوەیە ژنێك بۆ ئەوەی ناوی بێتە ناو ناوان ئەیوت : من نازانم بلێم (تەماتە) ئەلێم: زەلاتە.

١. فەرموتە مامۆستا ئەلێت: جنۆکە :خێو (میکرۆب)ە بەهۆی ئەو بەهرەی زانستی یەی لە جەنابتان وەرمگرت وا بەکورتی باسی جنۆکە (میکرۆب)تان بۆ ئەکەم:

جنۆکە هەندێ بە وەهم و خەیالْ و هەندێ بە گالتەی ئەزانێ ئەمە هەلەیە ، خوا لە قورئاندا فەرمویەتی﴿ وما خلقت الجن و النس الا ليعبدون...﴾ مەعنای من جن= جنۆکە و ئادەمیزادم بۆ خوا پەرستی دروستکردووە. میکرۆب وەك ئادەمیزاد گیانلەبەرێکی خواکردە بەلام لەبەر وردی بەچاو نابینرێت. جنۆکەیش بەچاو نابینرێت. زانای بەناوبانگی رۆژهەلات (أمام شێخ محمد عەبدە) جنۆکەی بە میکرۆب داوەتە قەلەم.

جنۆکە=میکرۆب وەك ئادەمیزاد دوو جۆرە ،جۆرێکی سالم= بێوەیەو جۆرێکی شەڕانی بە زیانە،ئەم گیانلەبەرە کە جنۆکە= میکرۆبی ناوە زۆرتر لە شوێنی تاریکی و پیسی دا ئەژی وە پەرە ئەسێنێ لەپێش دۆزەرەوەی میکرۆب (لویس باستۆ)دا بە هەزاران سالْ قەومی کورد تێگەیشتون کە

گیانلەبەرێك هەیە بەچاو نابینرێت پێیان وتووە جنۆکە. بە زبانی فەرەنساوی میکرۆب لەزیانی و خراپەی زۆر ترساون کە بەشوێنی تاریکا رابوردبن ناوی خۆیان هێناوە بۆ ئەوەی لە خراپەی مام جنۆکە= میکرۆب پارێزراوبن و ئێستاش ئەمە دەوام ئەکا وە دیسان بۆ چوونە ژوورەوەی جێگای پیس= ئاودەستخانە بەپێی شەرع (مناهج نەوەوی)دا نزا=دوعای تایبەتی هەیە.

٢. ئەفەرموی مامۆستا ئەڵێت: نوستن لەسەر زەوی رەق :راهاتن=تمرینی قەبرە. جا بام بیزانیت پێویستە ئەو کەسانەی کەلەسەر تەخت و لێفەو دۆشەکی نایابدا ئەنوون یادێکی خوا وە قەبر بکەنەوە و ئەو کەسانە بێنە بەرچاو کە لەسەر زەوی رەق ئەنوون وە خۆیشیان نەك وەك تۆ ئەفەرموی پێنج سەعات ، نیو سەعات لەسەر زەوی رەق بنوون وە هیچ نەبێ دڵیان بە هەژاران بسوتێ.

٣. ئەڵێ : مامۆستا کفتەی ناوداری کردووە بە فوتبۆڵی بەهەشت. وەکو بۆمان زانراوە(دار النعیم) جێگای خواردن و خواردنەوەیە هەرچی خواردنێك دڵ بیبەوێ تیابەتی شتێکی سەیر نییە ئەگەر گەمەی بە کفتەی ناودار بکرێ لەوێدا وە ئەگەر خۆێشت تەشریف بەری ئەوا باشتر ئەیبینی وەکو ئەڵێیت مامۆستا نجم الدین ملا لەسنوری دین نەچۆتە دەرەوە نەستیرەی دینە . کەسێکیش لەخۆیا شتێك شك نەبا رەخنە لە فەرهەنگی مامۆستا ناگرێ ئەوەندە بەسە. ژ/١٢٤١

**- بۆ رەخنەگران لە فەرهەنگی مامۆستا نجمەدین مەلا**

ئەمەوی چەند دێڕێك لە بابەت ئەم فەرهەنگەوە کە چەند جارێك لە ژیندا نوسرا عەرزی خوێندەوارانی خۆشەویستی بکەم.

جاری ئەم فەرهەنگە گاڵتەوگەپە هەندێ کەس وایان زانیوە فەرهەنگ- قاموسی(شمس الدین سامی)یە فەرهەنگی ناوبراو هی (نجم الدین)ە نەك شمس الدین دیارە لە دیمەندا ئەستێرەی دین لەگەڵ ڕۆژی دیندا تەفاوتیان زۆرە ئەمجا بێینە سەر باسی گاڵتەوگپ. ئەم گاڵتەو گەپەی کە ئێمە وای تێگەیشتوین هەر بۆ قەشمەری‌و پێکەنینە وە هیچ مەعنای تری تێدانیە، وانیە ئەگەر گاڵتەوگپ بەجۆرێکی ڕێکوپێك بێ سودی لێ وەرئەگیرێ یەکەم پێکەنین‌و حەسانەوەی مێشك دووەم پەندو ئامۆژگاری سێیەم سەرزەنشت بۆ گەڕانەوە لە کاری پڕوپوچ، زۆر دوور نەچین وەکو ئەڵێن: (مەلای مەزبورە) چۆتە سەر دارێك ئەو لقەیی خۆی لە سەری بوە بڕیویەتیەوە وە لە ئەنجامدا کەوتۆتە خوارەوە دەستورانێکی شکاوە ئێمە تەنیا بەم کردەوەیەی مەلا قاقا پێ ئەکەنین وە هیچ لێکی نادەینەوە مەعنای چیە، جابا پێتان بڵێم ئەمە نمونەیەکە بۆ ئەو کەسانەی لەسایەی نیشتمان‌و گەلدا بوونە خاوەنی دەبدەبەو دارایی وە لەبەرووبووی نیشتمان تێروتەسەلن کەچیی لە پادشی ئەوچاکەیەدا دەربارەی نیشتمان‌و گەل یا وەکو کەسوکاریان خراپە ئەکەن. ئەمجا کەسێك ئاماجی ئەوەبێ ئەو درەختەی کە لەسایەی بەروبومیدا حەساوەتەوە بیبڕێتەوە دیارە مل شکانی پێەبڕی.بێینەوە سەرباسی فەرهەنگە کە خوێندەوارێك هاتوە ئەڵێ: هەرندە تێەکۆشم لەم فەرهەنگە ناگەم وەهیچ سودێکی تیا نابینم، وا چەند

وشەیەکیان بۆ ورد ئەکەمەوە وتومە: (بەخشین، لێبوردن زەکاتی زال‌طفرة) دیارە کردەوە جوانەکانی پێغەمبەرمان (محمد) سەلامی خوای لێبێ هەموو ئەیزانین بێباوەڕەکانی (قریش) دەربارەی پێغەمبەر خراپەی زۆریان کرد وە ئێش‌و ئازارێکی سەختیان پێ گەیاند پاش ئەوەی خوا یاریدەیدا بە سەریانا زاڵ برو وە بەخشینی دوای ئەوە وتوومە (خواست‌و ئارەزوی دز: وڵاتی شێواو)ە ئەم قسەیەش هی زانایەکی فارسە کەئەڵێ (دزد بازارِی اشفته میخواهد) بزانە چەند بەرێ‌و چییە. بەڵێ دز حەز ئەکا وڵات زنجیرەی نزامی بپچڕێ‌و وبشێوێ تا دەست بوەشێنێ وە دزی خۆی بکا، وتوومە (جنۆکە- میکروب)ە جاری ئێمە کە مسوڵمانین باوەڕمان هەیە کە قورئان فەرموودەی خوایە و هەرچیش بەبیرو عقلی ئادەمی زادایت لە قورئانا خوا فەرمویەتی وە زیاد لە عقلی ئادەمی زادیش گەلێ بەرەوژورتر شتی تری تیا هەیە کە هێشتا بە تەواوی نەزانراوە ئەی ئەوە بۆچی وشەی میکروبی تیانیە؟ شتێکی زانراوە کەمیکرۆب وشەیەکی فرنساوییە قورئانیش بە زبانی فرنساوی نیە عەرەبییە وە هەمرو وشەیەکیشی (رمز اسرار)ە بەڵێ خوا لەجیاتی وشەی میکروب(جن)ی فەرمو وە سورەتێکی تایبەتی لە قورئان دا هەیە وئێمەش لەجیاتی وشەی میکرۆب جنۆکە بەکارئەهێنین، ئەمجا ئەگەر لەم فەرهەنگە دڵ گرانن وە بە دڵتان نیە لەمەولا بەگۆشتی چەورەوە لێی ئەنێن ئەبێ بە گاڵتەوگەپ. ژین/ژ١٢٤



**حشمت** ئەم زاتە کوڕی مجید افندی حاجی رسول آغایە لەخەلقی شارەکەیە ناوی راستی عبدالقادر لقبی [حشمت]ە تحصیلی ابتدائی لەسلیمانی ثانوی لەبغداد تحصیلی عالی لەجامعەیکی بیروت کردوە ئیستاکو سالی ١٩٤٧م ەوە لەدائرەی اشتغال و مواصلات سرمهندسە سرکاری زەمین پیمایانە ئەم زاتە لەعیراق شعر و ادبی هیە وجار جار گلی جوانی لی اگەیشی کردوە

ئەم ماچانکرا ١٩٤٧

لەجریدەی بانگی کردستان ژمارە [٧] ٢٠ی ذی الحجة ١٣٤٠ﻫ ١٤ اغستوس

شەویکە هل کریشەوە بو ماچیان کورد — هیمتەوە بداهمیشە شعاع و ضیای کورد
ئەم بانگی کرد وجیبتە بونی رحمتە — مقصود ریش وخزمتە بو اعتلای کورد
عالم خریکی معرفت و سعیو صعود — هرکس گیشتە مرتبەی ماسوای کورد
کوی بیگانە مقصودی ئەم کوردە وابکە — کوی علم اب تە واسطەی رهنمای کورد
کورد عنصریکی پاکو قدیم و مقدسە — عالم هر مقرە بەمدحو ثنای کورد
ای خالق زمین و زمان ساباهر رحمت — لادەی نفاق و بغض و حسد بو بقای کورد

حشمت خیالی وایە لەبینای ملتا
دانی سرو نکا دل وگیان فدای کورد

— [عبدالقادر حشمت] —

**علی عرفان** خەلقی سلیمانی کوڕی ملا عبدالله عرفانە برای فیلسوف بەناو بانگ جمال عرفانە ادعاتی بەمامورییت راوبرادەوە لەدەوروەی سالی ١٩٤٨م لەسلیمانی مدیری چاپخانەی [ژیان] بو ئەم دوو شعرەی اتی هی علی عرفانە

او میل وشوقە بو مە قدیم ایستە باقییە گویم هرلە چونکو منظر بە چاودم لەساقییە
ئەلکانەدەی نگاری فرنگ شوخی تونکلاخە لەهەم اسیری گیاریجی کوردی عراقییە

لەلایە میرزا عارف دوە تحقیقی کراوە

سەرپەرشتی ئەم بەشە : (( ماموستا نجم الدین ملا ))




# بارام و آرام

ئەگێرنەوە پادشای فارس « نەوشیروانی کیسرا » وەزیرێکی زانای —
جهاندیدەی ئەبێ ئەم وەزیرە دوو کوڕی ئەبێ بەناوی ( بارام ) وە ( آرام )
کە زور زاناو تێگەیشتو ئەبن . روژێک وەزیر روو ئەکاتە نەوشیروان ئەڵێ :
أی پادشا من ئیستا تەمەنم گەیشتوەتە هەشتا ساڵ پیر بووم وە لە کار کەوتووم
وەکو ئەڵێن « پیری و هەزار عەیب » مەبادا لە کار و باری دیوانیدا هەڵەیەک بکەم
وە رەنجی ئەم چەند ساڵەم بە با بروا أبێ ببەخشی چەند روژێکم لە جهاندا —
ماوە بە خواپەرستیەوە خەریک أبم . وە لە جیاتی خوم دوو کوڕەم پێشکەش
ئەکەم أرکی دیوانی یان پێ ببینە پادشا قسەکەی پەسەند کرد وە ناردی بە
شوێن کوڕەکانا ئەوانیش هاتن سوپاسی پادشایان —
بەجێ هێنا .

شەوێک وەزیر رووی کردە کوڕەکانی و وتی : أی کوڕانی
خوم ئەم چەند پەندەم لەگوێ گرن لە یادی نەکەن پێشینان ئەڵێن : پەندێکی
پیران بو دەورەی ژیان « چاکترە لە زێڕ و دارایی و سامان » لەگەڵ خواو
خەڵک سەر راست بن . سەر راستی و دەست پاکی بکەن بە پیشە . هاوڕێی پیاو
بەد کاران مەکەن . پارێزگاری زبانی خوتان بکەن چونکە « زمان » خالیکی لێ
زیادکەی ئەبێ بە ( زیان ) . زبان پاسەوانی سەرە . زبان کلیلێکە بەلای راستا
بایدەی دەرگای خوشی و شادمانی ئەکاتەوە . وە بەلای چەپا بایدەی —
دەرگای نەگبەتی ئەکاتەوە . دووەم لە کار و بارتانا بە آرام وهێدی بن .
چونکە کاری پەروەرد بونەوەو هەڵەشەیی پەشیمانی لە دوایە پەشیمانیش سودێک —
نابەخشی . رازی نهێنی پادشا لای کەس آشکرامەکەن . لە کاتی دق
گرتنی پادشادا بەر پەرەکانی مەکەن . بەڵێن و پەیمان بەجێ بێنن . چونکە
بەجێ هێنانی پەیمان کیمیایەکە خاک رەش أکا بە زێڕ وە کلیلێکە چاوی تارێک
روشن أکاتەوە . کوڕەکان ئەم پەندانەیان لەگوێ گرت .

**بەشی پێنجەم : ١٦١ چیرۆك بۆ منالان:**

(ڕۆژنامەی ژین ) ڕۆژنامەیەکە هەفتەی جارێك لە ڕۆژی پێنج شەمۆ دەرئەچێ ، ڕۆژنامەیەکی کوردی و ئەدەبی و کۆمەڵی یە، خاوەنی ئیمتیاز لە دوای پیرەمێردی شاعیر و فەیلەسوف نوسراوە، وەرەسەی پیرەمێرد، بەڕێوەبەر و سەرپەرشتی نوسین / محامی أحمد زرنگ .

ئابونەی ساڵانەی بۆ سلێمانی/ ٦٥٠فلس،بۆ ناو عراق / ٧٥٠فلسە/ بۆ دەرەوەی عراق/ ١دینار ژمارەی تەلەفۆن ١ ژمارەی پۆستە ٣٥٦

***ئەو چیرۆکانەی کەلە هەفتەنامەی ژین دا بڵاو کراوەتەوە لەلایەن مامۆستا نەجمەالدین مەلا وە:***

١. علم و زانست وە تێکۆشان پەندێکی تأریخی بۆ هەموان١٢٣٤
٢. سەرەتا و چیرۆکی بەزەیی١٢٣٦
٣. لالەشاسوار١٢٣٧
٤. دوژمنی زانا و دۆستی نەزان ١٢٣٨
٥. شاباز ١٢٣٩
٦. خوا ڕاستەو ڕاستی لاخۆشە چەوتی سەرئەنجامی بۆشە١٢٤٠
٧. چاوبرسی ١٢٤١
٨. زرنگی جوتیارێکی نەخوێندەوار. ١٢٤٢
٩. گەرو گێچەڵ سەرناگرێ ژ/١٢٤٣
١٠. گاڵتەی بەراست ١٢٤٤
١١. هەر ڕێگەی راستە کە منزلێ برە/١٢٤٥
١٢. ئەنجامی هەڵەشەیی٤٦:

١٣. ئامۆژگاری کاری بێ وردبونەوە
١٤. گەزی چیو جاوی چی١٢٤٧
١٥. هەژارێکی چاوتێر و دەوڵەمەندی رژد١٢٤٨
١٦. مایەی پیاز فرۆش١٢٤٩
١٧. گۆرگی١٢٥١
١٨. زانست و بەخت١٢٥٢
١٩. لەغاوی شەیتان١٢٥٤
٢٠. ئاوکێش و تەختەیەکی جادو/١٢٥٥
٢١. خەوێکی درێژ١٢٥٧
٢٢. داپیرە و مام رێوی١٢٥٨
٢٣. اریێ و ابێ رێ١٢٥٩
٢٤. مام رۆستەمی دارفرۆش ١٢٦٠
٢٥. (ئاغا گورگە) ی اگورگەدەرا و مامەی جوتیار١٢٦١
٢٦. گوڵ ئەندام و گولاوی ١٢٦٢
٢٧. حاکمێک چۆن بەردی هێناوەتە گیردار؟١٢٦٣
٢٨. مەیمون و دارتاش١٢٦٤
٢٩. ئەنجامی لەخۆبایی بوون١٢٦٥.
٣٠. پاڵەوانی زەند ژ/١٢٦٦
٣١. خواپەرست =عابیدێک ١٢٦٧
٣٢. ئەنجامی درۆیەک ژ/١٢٦٨
٣٣. چیرۆکێکی ناوخۆ افێلی ژنان) ژ/١٢٦٩
٣٤. پەندی بلبل ! ١٢٧٠
٣٥. گەوهەرێک چۆن دۆزرایەوە ١٢٧١

٣٦. دزێکی راستگۆ ژ/١٢٧٢

٣٧. گیان بەختکردن لە پێناوی باوکدا !! ١٢٧٣

٣٨. گورنەتەڵە ١٢٧٤

٣٩. چەند پەندێک ژ/١٢٧٥

٤٠. بلبلێکی ون بو ١٢٧٦

٤١. ئەنجامی ستەمکارێک ١٢٧٧

٤٢. هەرئەوەیە کە دیوتە! ١٢٧٨

٤٣. دزێکی جەوان مەرد ١٢٧٩

٤٤. بارام و ئارام ١٢٨٠

٤٥. چارەنووس چار ناکرێ ١٢٨١

٤٦. لەدوای خوێندن پیشەسازی ١٢٨٢

٤٧. هەموو شتێک ئەچێتەوە سەر بنەچەی خۆی ! ١٢٨٥

٤٨. داد : دەستوری بەرزی یەزدانە ١٢٨٦

٤٩. کوڕە بازرگانێک ١٢٨٧

٥٠. فریشتەی بەفری ١٢٨٨

٥١. ئەنجامی پەیمان شکێنی ١٢٨٩

٥٢. ئەسپ و ئاوێنە و سێو ١٢٩٠

٥٣. زەڕەنگەر و دارتاش ١٢٩١

٥٤. پیاوچاک دوای مردنیشی سودی لێ ئەگیرێ!! ١٢٩٢

٥٥. افەرەیدونا و کۆشکی جادو/٩٣

٥٦. کەیوان و کرمانج ١٢٩٤

٥٧. شیرین و شەیدا ١٢٩٥

٥٨. مام یارو ١٢٩٦

٥٩. مام رابەر١٢٩٧

٦٠. ژنێکی چەنەباز١٢٩٨

٦١. سێ پەیکەری زێڕین ١٢٩٩

٦٢. پیری بەپشو١٣٠٠

٦٣. بەسەرهاتی دوو برا ١٣٠١

٦٤. بلبلێکی بریندار ١٣٠٢

٦٥. دەرمانی ژیانی ئێجگاری ١٣٠٣

٦٦. دەستپاکی هۆی کامەرانی یە١٣٠٤

٦٧. دۆست لەتەنگانەدا تاقی بکەرەوە! ١٣٠٥

٦٨. پێشبینی بۆ دوارۆژ ! ١٣٠٦

٦٩. فیلی دەریوزە —سوالکەر ١٣٠٧

٧٠. سێ پیاوی کوێرو پیاوێکی تەمەڵ١٣٠٨

٧١. بازرگان و توتی ١٣٠٩

٧٢. سزای درۆ و تەڵەکەبازی ١٣١٠

٧٣. کوڕێکی گوێ ڕادێر١٣١١

٧٤. هیچ سوپەرێک تیری سەرنوێشت ناگێڕێتەوە١٣١٢

٧٥. (اباپیراجی)١٣١٣

٧٦. مام رەمەدانە ١٣١٤

٧٧. سەمین و سارا ١٣١٥

٧٨. باوەچەم و هەزار١٣١٦

٧٩. بەسەرهاتی خوشک و برایەک١٣١٧

٨٠. نیهال و نیگار ١٣١٩

٨١. گاڵتەوگەپ ١٣٢٠

٨٢. پادشاو ئاشەوان١٣٢١

٨٣. بازرگان‌و سوڵتان مەحمود١٣٢٢

٨٤. لێبوردن زەکاتی زاڵبوونە! ١٣٢٣

٨٥. پادشاو ماسی گر١٣٢٤

٨٦. (کەڕەنای ئیسرافیل) ١٣٢٥

٨٧. راستی و ناراستی١٣٢٦

٨٨. سیاموک و پەریزاد ١٣٢٧

٨٩. پەندێکی مێژوو ١٣٢٨

٩٠. پادشا و شوان ١٣٢٩

٩١. ژنێکی زانا ١٣٣٠

٩٢. بەسەرهاتی مام زۆراب ١٣٣٢

٩٣. کوڕێکی هەژارو دەوڵەمەندێکی پیسکە١٣٣٣

٩٤. مام زانیار١٣٣٤

٩٥. مەردان وجوتێ کۆتری سپی ١٣٣٥

٩٦. گومەزێکی نەخشین ١٣٣٦

٩٧. چیرۆکێکی رووداو ، مامۆستاو بازرگان و پێشەوا ١٣٣٧

٩٨. میرنۆڕک و پیر هۆمەر ١٣٣٨

٩٩. وەزیر وە هەنگ ١٣٤٠

١٠٠. ئەنجامی منالێکی بەناز بەخێو کراو:١٣٤١

١٠١. منالێکی کورد ١٣٤٢

١٠٢. گۆزەیەکی زێڕین ١٣٤٣

١٠٣. مەلا و بازرگان ١٣٤٤
١٠٤. پادشا و تەتەڵەمیران ١٣٤٥
١٠٥. زلێخا بانوو ئیلاخ خان ١٣٤٦
١٠٦. رەنگ و بەرگ رەوشت و خوو ناگۆڕێ ١٣٤٧
١٠٧. مام گوڵەسەنە ١٣٤٨
١٠٨. ئاشوور ئاغا و مام گورگ:١٣٤٩
١٠٩. ئەمەکداری سەگێک : ١٣٥٠
١١٠. چیرۆکی باڵداران و جانەوەران ١٣٥١
١١١. ئەنجامی گەڕ و گێچەڵ ١٣٥٢
١١٢. چیرۆکی برایمۆک١٣٥٣
١١٣. هەژارو موفتە خۆر١٣٥٤
١١٤. سەرگوزەشتەی دوو برا ١٣٥٥
١١٥. کەرێک لە پێستی شێرا ١٣٥٦
١١٦. باوکێک و سێ کوڕ ١٣٥٧
١١٧. گوڵەسوورەو دارو درەخت١٣٥٨
١١٨. پیاوێکی ساویلکە١٣٥٩
١١٩. باوەژنێکی دڵ رەق:/ ١٣٦٠
١٢٠. پادشای دارستان و رێوی ١٣٦١
١٢١. ماسیگرو ژنەکەی ١٣٦٢
١٢٢. چیرۆکی زمانی جانەوەران ١٣٦٣
١٢٣. یەک دیوانی نامەبەری = دائیرەی پۆستە ١٣٦٤
١٢٤. ساڵ نامەی ٢٥٦٩ی کوردی مادی ١٣٦٥
١٢٥. چیرۆکی ئاغاو رەنجبەر:/١٣٦٦

١٢٦. شوان و جۆگەلە ئاوێک ١٣٦٧
١٢٧. لەئێستاوە دۆست بگرە بۆ رۆژی رەش١٣٦٨
١٢٨. لالۆ مراد ١٣٦٩
١٢٩. تازەکردنەوەی بەستەی نیرِی نیرِی
١٣٠. توانای مرۆڤ و هێزی دەورەبەر : ١٣٧٠
١٣١. پیاوێکی ساویلکە
١٣٢. علی خان و پشیلەکە ١٣٧٠
١٣٣. بێدەنگی لەسەر نانخواردن١٣٧١
١٣٤. کارەساتی تەورداسێک ١٣٧٢
١٣٥. بێوەی بە تا بەختیاربی ١٣٧٣
١٣٦. هەموو کارێک بە زانست ئەچێتەسەر ١٣٧٤
١٣٧. کچێکی ژیر ١٣٧٥
١٣٨. مێژووی داهێنانی پوول ١٣٧٦
١٣٩. داهێنانی تەلەفۆن ١٣٧٧
١٤٠. کامەرانی بە هونەرە نەک بەتەڵەکە ١٣٧٨
١٤١. مێژوی داهێنانی دەستگای ئاگر کوژێنەوە و تلغراف١٣٧٩
١٤٢. رێزگرتنی مامۆستایان لەلایەن پادشاییکی کوردو یەکێکی عەرەب ١٣٨١
١٤٣. بوکی ناودارستان ١٣٨٢
١٤٤. پادشاییک و سێ پاسەوان ١٣٨٣
١٤٥. ئەنجامی بەڵێنی درۆ ١٣٨٤
١٤٦. پوش فرۆش ١٣٨٥
١٤٧. کراسی جەژن و دەستگای دروومان١٣٨٧
١٤٨. سەرکۆمار و بازرگان ١٣٨٨

١٤٩. چۆن هێزی کێشکردنی زەوی زانرا ١٣٨٩
١٥٠. کۆڵین و لێکۆڵینەوەی زەوی ١٣٩١
١٥١. مێژووی داهێنانی (پایسکل) دوو چەرخە١٣٩٢
١٥٢. مێژووی شوشەسازی ١٣٩٣
١٥٣. دادڕەسی فەرمانداریکی کورد١٣٩٤
١٥٤. بەسەرهاتی راوکەرێک ١٣٩٥
١٥٥. کچێکی ئارد فرۆش ١٣٩٦
١٥٦. مێژووی کەشتی سازی١٣٩٧
١٥٧. بەستەی نیرڕی نیر١٤٨٢
١٥٨. خۆت لە تەڵەکەباز بپارێزە. ١٤٩٥
١٥٩. هات و نەهات١٥٧٦
١٦٠. گێچەڵی ژنێک ١٥٩٥
١٦١. شێرێک١٦٠٢

نجم الدین مەلا ئاما نجی ئەوەبووە كە ئەڵێت: كەسێك بیەوێ خزمەتی گەل بكا نابێ چاوی لەوەبێ كەخۆی سود لەو خزمەتە وەرگرێت بەڵكو ئەبێت خۆی ماندو مردو بكات بۆ بەختیاریان نەك وەك كەسانێ كە بەناوی خزمەتەوە گەل كزو نابوت ئەكەن، بۆ ئەوەی ببن بە خاوەنی كۆشكو تەلارو سەفتە دینار ئەوانە پێیان ئەڵێن خۆپەرستو نانی نی.[١٥٩]

.......................................

چیرۆكێكی بچوك بۆ قوتابیان

### ١. علم و زانست وە تێكۆشان[١٦٠]

پەندێكی تاریخی بۆ هەموان

چەرخێك لەمەو پێش شاری سولەیمانی قوتابخانەی دیوان ـ رسمی تێدا نەبوو بەڵام عالم و زانای بڵند پایەی گەلێك تێدا بوو مزگەوتان و مەلا وە دەرسیان ئەووتەوە لەبەر ئەمە قوتابی یان لە وڵاتانی دوورەوە بۆ خوێندن ئەهاتنە سولەیمانی لە زانستی دا بەهرەی گەورەیان وەرئەگرت لە نێوانی ئەمانەدا قوتابی یەك لە كوردستانی أیرانەوە دێتە سولەیمانی لەلای مامۆستایەك بۆ خوێندن خۆی دائەمەزرێنێ ئەم قوتابی یە نزیكەی دە ساڵ ئەخوێنێ وە هەر پرسیارێكی زانستی كە ئەیخوێنێ وەكو: دەستوری زبانی عەرەبی،مێژو، ژمارە، ئەندازە، ئایین ، خۆش خوانی، هتد.. هەمووی رەنگ نووس لە سەر قاقەزی شی تۆمار دەكا وە ئەیانكا بە كتێب وە هیچی لە بەرناكا وە لەمێشكیا جێ ی ناكاتەوە تەنیا لە كتێبەكاندا ئەیان خوێنێ تەوە ئیتر وا ئەزانێ خوێندنی تەواو كردوە

---

[١٥٩] منیش ئەڵێم: زۆر راستە خۆی بە راستی سەلماندی و لە ژیانیا رەنگی دایەو و ئێستاش ئەمرە و هەر یاد ئەكرێتەوە.

[١٦٠] پێش ژمارە/١٢٣٦ ئەم بابەتە بڵاوكراوەتەوە پاشان بۆی دەركەوتووە كە زۆر پێویستە گۆشەیەك بۆ منالان هەبێت و ئامۆژگاری باشیش بێت بۆ خوێنەرانی و جێگەی خۆیشی گرت.

دەتور لە مامۆستای ئەخوازێ کە بچێتەوە وولاتی خۆی کتێبەکانی هەمووی ئەکاتە سندوقێکەوە و لە گەڵ کاروانێك بەرێ ئەکەوێ لەودیو شاخی گۆیژە لە بناری بناویلە بەرەنگاری کۆمەڵێك تەریدە= جەردە ئەبن وە لە کاروانەکە ئەدەن هەر کەل و پەل و دراوێك بە کاروانەکە ئەبێ لێ یان ئەسێنن و رووتیان ئەکەن لەو ناوەدا سندوقی کتێب و دراوی قوتابی یەکەش ئەبرێ قوتابیەکە لە سەرەکی تەریدەکان ئەپاڕێتەوە ئەڵێ: هەر دراو و کەلو پەلێکی منتان بردوە گەردنتان ئازاد بێ بەڵام سندوقە کتێبەکەم بدەنەوە چونکە ئەمە چەند ساڵە هەر علم و زانستێك کە کۆم کردۆتەوە لەوێدایە وە رەنجێکی زۆرم لەگەڵ داوە وە کتێب بە کاری ئێوە نایە وە هیچ بۆ ئێوە ناکا سەرەکی تەریدەکان لەوە راما ئەڵێ: علم و زانستێك کە تەریدە بتوانێ بیدزێ بەکەڵکی چی دێ زانست ئەوەیە کە لە مێشك و سنگتا جێ ی بکەیتەوە. ئەم وەرامەی سەر تەریدە زۆر کار ئەکاتە سەر قوتابی یەکە ئەمجا ئەگەڕێتەوە بۆلای مامۆستاکەی سەر لەنوێ دەست ئەکاتەوە بە خوێندن وە هەر پرسیارێکی زانستی کە ئەیخوێنێ لە مێشکیا جێی ئەکاتەوە تا لە زانایی دا ئەگاتە پایەیەك کە گرەو لە هەموو قوتابی یەك ئەباتەوە وە سنگی ئەکا بە کتێب خانەیەکی گەڕۆکی دز نەبەر.

هەروەها زانای بەناوبانگی خۆرنشین(جمال الدین ئەفغانی) هەر کتێب و نوسراوێکی بەر دەست کەوتایە تالەبەری ئەکردایە وازی لێ نەدەهێنا هەتا پێیان ووت : تۆ بۆ چ ئەم رەنجو تەقەلایە ئەدەی و لەبەر کردنی کتێب هەر پرسیارێکیت ویست تێ ی بگەی تەماشای کتێب بکە لە وەراما فەرموی: نەوەك کتێبەکەم لێ بدزرێ وەیان لەناوبچێ دیسان بۆ هەر شوێنێك برۆم ناتوانم کتێب خانەیەك لەگەڵ خۆما بگێڕم لەبەر ئەوە هەموی لە سنگما ئەپارێزم. ژ/١٢٣

ژین لا٣

**٢. رۆژنامەی ژین بڕیاری داوە کە هەر هەفتەییك ستونێك تەرخان بکا لە ژێر سەرنامەی ( بەشی منالان ) بەسەرپەرشتی مامۆستا ( نجم الدین ملا ).**[١٦١]

بۆ ئەوەی منالانی دەبوستان ئامۆژگاری و کەلکی لێ وەربگرن چونکە منالّ وەکو قاقەزێکی سپی وایە چی نوسین وە نەخشیکی لەسەر بکەی ناچێتەوە وە کالّ نابێ ئەوە ئەمجا بەم هۆیەوە هەرکەس بە شیعر یان بەپەخشان شتێك ئەزانی کە منالّ کەلکی لێ وەربگری ئەتوانی بی نێری بۆ ژین.

ئەی منالە خۆشەویستەکان، گوێ بگرن لە(پیرەمێرد) کە چۆن لە گفتوگۆیەکی بەینی باوك و مندالّدا کەلکی مەرمان بو دەرئەخا و چۆن ئینسان ئەبێت چاکەی لەبەرچاو بێت هەتا لەگەلّ حەیوانیشدا.

وەهەتا ئەزانن هەولّ بدەن بۆ رێگەی راست گرتن وە خۆبەخت کردن لەرێگەی چاکیا وە نەهێشتنی خراپەو خواری.

**بەزەیی ژ/ ١٢٢٦**

بابە: سەیری ئەم بەرخەکە چەند جوانە
رۆلە: ئەوە بەرخی مەڕی خۆمانە
بابە با ئەم بەرخە هی من بێ
وای لێ ئەکەم قۆچم لێ نەدا هێمن بێ
وا،دام بەتۆ بەخێوی کە ئەیزانی
بیشۆ پاکی راگرە هەتا ئەتوانی
ئەم بەرخە ئەگەر بەخێوبکرێ و بیێ بەمەڕ
لە سێو و مێو چاکتر بۆمان دێتە بەر

---

[١٦١] مامۆستا(١٦٠)چیرۆکی بلاوکردەو کۆچی دوایی کرد،کۆتا چیرۆکی لە ژ/١٦٠٢دا بو، لە ژمارەی ١٦٩٦ نوسەرێك بەناوی(محمد فیدا) لەم بەش و گۆشەیەدا چەند چیرۆکێکی بلاوکردەوە.

شیری نەبێ ئەی خۆینەوە سبەینان
سەرتوێژی ماستەکەی ئەخۆین لەگەڵ نان
کەشك و شیرێژ و سوێرەکەو پەنیری
ئەی خۆیت و بۆ کەس و کاری ئەنێری
خوری ئەکەین بە جاجم و پۆپەشمین
بەبەرماڵ و جەواڵ و شاڵ و سەر زین
بەزاوزێ پەرە ئەگرن زۆر ئەبن
رانێکی لێ دێتە بەر نایەن لە بن
کە میوان هات سەری ئەبڕین گۆشتەکەی
نەء نەء بابە توخوا قەت ئەوە نەکەی
بەستەزبانە خانەزایە شیر مژە
وەك ئێمە ژیانی خۆش ئەوێ مەی کوژە
بەرخێ کە ئەوەندە چاکەی بێ بۆمان
سەری نەبڕین گوناه نەکەین بۆخۆمان ژ/ ١٢٣٦

.............................................

٣. **لالەشاسوار** ژ/١٢٣٧

ئەی منالە خۆشەویستەکان

ئەی رۆڵەی دوا رۆژی وڵات

بخوێنن هەتا ئەتوانن تێکۆشن لەرێگای خوێندەواریدا هەمو هۆشو بیرێکتان خرپکەنەوە بەسەر خوێندندا. چونکە هەر خوێندنو قوتابخانەیە رێگاتان بۆ ئەکاتەوە ئاسانی ئەکات بەرەو گەیشتن بە ئامانج وە هەر خوێندنە کە وڵاتەکەت پێش ئەخات وە گەلەکەت ئەخاتە ژیانێکی پڕ ئاسودەوە. ئەنجا گوێ بگرن لەم چیرۆکە بچکۆلەیەش:

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، وەکەس لەبەندە خراپ رورەش تر نەبو، پیاوێك هەبو نەخوێندەوار بوو ناوی لالەشاسوار بوو لە دێ یەکی شارەزوور دائەنیشت ئەم پیاوە بەکشتوکاڵ و مەڕو ماڵات بەخێوکردن گوزەرانی ئەکرد لەگەڵ ئەوەش خوێندەواری خۆش ئەویست دوای ئەوەی کە لەکاروباری خۆی ئەبوەوە ئەچوە لای مەلای دێ یەکە مەلا چەند کتێب و نوسراێکی لە دەور بو کاتی بی ویستایە نوسراو و کتێب بخوێنێ تەوە چونکە چاوی کزبوو چاویلکەی لە چاو ئەکرد لالەشاسوار لە دڵی خۆیا وتی: خوێندەوار کە نوسراو ئەخوێنێتەوە بە هۆی چاویلکەوەیە وا چاکە کە سبەینێ بچمە شار چاویلکەییك بکرم.

ئەو رۆژە بۆ بەیانی لەگەڵ کاروانی بارە دەغڵ کەوتە رێ نیوەڕۆ گەیشتە شار چووە(کۆگای سروچك) و وتی: چاویلکەیەکی زۆر چاکم بۆ بێنە لێت بکڕم.

خاوەنی کۆگا چاویلکەیێکی باشی بۆ هێنا لالەشاسوار کردی یە چاوی وە داوای نوسراوێکی کرد کە بیخوێنێ تەوە رۆژنامەیەکی(ژین)یان دایە دەست هەرچەند لێ ی ورد بۆوە پیتێکی لێ دەرنەکرد وە بۆی نەخوێنرایەوە.

ئەمجا وتی: من چاویلکەیێکم ئەوێ کە نوسراوی پێ بخوێنمەوە خاوەنی کۆگا رووی کردە لالەشاسوار وەپێی ووت:ئەگەر تۆ لەقوتابخانەدا نەت خوێندبێ بە چاویلکە نووسراو ناخوێنی ئەزانی ئەوەی کە خوێندەوارن نزیکەی بیست ساڵ رەنج و تەقەلا ئەدەن ئەمجا ئەبن بەخوێندەوار، چاویلکە بۆ گەورە کردنی پیتە نەك هۆی خوێندەواری یە.ژ/١٢٣٧

## ٤. دوژمنی زانا و دۆستی نەزان ١٢٣٨

وا ئەگێڕنەوە سەد ساڵێك لەمەوبەر پیاوێکی باخەوان لە دێ یەك لە دێهاتەکانی شارباژێڕ بە باخەوانی رای ئەبوارد ئەم پیاوە لە دووری ئاوایی خانووبەرەیەکی رێکو پێك و جوانی دروست کردبوو هەر چوار دەوری خانووەکەی کردبوو بە رەزوباخ وە لە هەموو جۆرە درەختێکی میوە داری تیا ناشتبوو درەختەکانی هاتبونەبەر. ئەم باخەوانە بۆ رابواردنی خۆی ورچێکی راگرتبوو وە ئەم ورچەی زۆر خۆش ئەویست خواردنی خۆش و میوەی دەرخوارد ئەدا وە هەرکاتێك باخەوانەکە بنوستایە بۆ ئەوەی دزو درندە و جرو جانەوەر نەیەنە باخەکەوە ورچەکە ئێشکی ئەگرت.



لەم باخەدا مارێك هەبوو کە دوژمنی باخەوانەکە بوو ئەیویست پێوەی بدا بەڵام وردبینی و دوورئەندێشی ئەکرد لە دڵی خۆیا ئەیوت :ئەگەر هاتوو پێمەوەدا لێم رائەپەرێ بەپلارێ ئەمکوژێ چاك وایە پێوەی نەدەم وە بەخۆشی بۆخۆم لەم باخەدا رابوێرم.

بەڵام دۆستی نەزان کە مام ورچ بو رۆژێك لەکاتی ئێشك گرتنا تەماشای کرد باخەوانی ئاغای خەوی لێ کەوتووەوە مێش لە دەم و چاوی وروکاوە بۆ ئەوەی باوەشێنی ئاغای بکا وە مێشەکانی لێ دەربکا هاتە سەر پاشوو وە بە هەردو دەست تاوی دایە بەردێکی دوو باتمانی وە کێشای بەسەری باخەوانی ئاغایا سەری پان کردەوە وە کوشتی.

ئەمجا لەم چیرۆکە پچوکەوە تێ گەیشتن کە دوژمنی زانا مار بوو هیچ زیانیکی نەبوو دۆستی نەزان کە ورچ بوو کەتنی خۆی کرد.

ئـەم نیـوە شعرەت دایـم لەبەر بێ

دوژمن زانابێ نەك دۆستت کەربێ

..............................................

٥. **شاباز** ١٢٢٩

ئەی قوتابیە خۆشەویستەکان بخوێنن ، تێ کۆشن ، پەند و ئامۆژگاری مامۆستاکانتان لە گوێ گرن لە فەرمانیان دەرمەچن ، تاتێ بگەن و پێ بگەن بۆ ئەوەی لە دوا رۆژدا بین بە ئەندامێکی بەکەڵك بۆ گەل و نیشتمان وە گوێ لەم چیرۆکە کورتەش بگرن:

وا باس ئەکەن لە زەمانی پێشین دا کورێك بوو ناوی(شاباز) بوو زۆر وریا و زیرەك و زانا بوو. هیچ کاتی بێ گوێ ی مامۆستایان وە کەسو کاری نەئەکرد وە دڵی کەسی ئازار نە ئەدا لەبەر ئەوە مامۆستاکان وە هاوپۆلەکانی و دایك و باوکی و خەڵك خۆشیان ئەویست وە رێزیان ئەگرت و هەموساڵێکیش لە تاقی کردنەوە=أمتحان دا بەیەکەم دەر ئەچوو.

رۆژێك مامۆستا بەنای نارەوا بێ ئەوەی نافرمانی یەکی لێ روودا بێ وە تاوانێکی کرد بێ زۆری لە شاباز دا شاباز ئەم رقەی لە دڵ گرت هەتا خوێندنی هەموو قوتابخانەکان و قوتابخانەی بەرزیشی تەواو کرد. بەخت یاریدەی دا کرا بە فەرمان دار=سەرداری شار، شاباز بۆ ئەوەی تۆڵەی ئەو لێدانە نارەوایە لە مامۆستاکەی بسێنێ ناردی بەشوێن مامۆستادا وە بڕیاری دا کە سزایەکی سەختی مامۆستا بدا کاتێ مامۆستا چووە بەردەمی، شاباز بە رقەوە رووی تێ کرد وتی : لەبیرتە کە تۆ ئەو رۆژە بێ ئەوەی نافرمانی وە تاوانێکم لێ رووبدا بە لێدانێکی سەخت سزات دام و ئێستا منیش لە تۆڵەی ئەو زۆرداری یەدا سزایەکی سەختت ئەدەم .

مامۆستا رووی کردە شاباز وە ووتی : تۆ خراپ تێ گەیشتووی من هیچ رقم لە تۆ نەبووە و خۆشم ویستووی کە لێم داوی ئەویش دەرسێك بوو لە دەرسەکانی قوتابخانە هەتا تامی تاڵی زۆرداری و دەست درێژی و دڵ ئازاردان بچێژی بۆ ئەوەی کەکەوتیتە سەر کار بەراستی و(عدل) کار و فرمانی خەڵك جێ بەجێ بکەی وە دڵی کەس ئازار نەدەی وەتێ بگەی کە زۆرداری و دڵ ئازاردان چەند ناخۆشە.

ئەم جا شاباز تێ گەیشت کە فەرمودەی مامۆستاکەی زۆر جوانە لەبەری هەستا وە دەستی گوشی وە خەلات و پاداشێکی زۆریشی دایە.

ئیتر شاباز بەهۆی ئەو دەرسەی کەلە مامۆستاکەی وەری گرت لە کار و باری دیوانی دا بە راستی و دڵ سۆزی و نەرمو نیانی لەگەڵ خەڵکا ئەجولایەوە و زۆرداری لەکەس نەئەکرد هەتا ناوبانگی چاکەی بە هەموو جیهاندا بلاو بووەوە. گەورەیەك ئەڵێ:

تۆ چاکە بکەو بیدە بە ئاوا

با خەڵك نەزانی لای خوا نوسراوە ز/١٢٣٩

.........

٦. **خوا ڕاستەو ڕاستی لاخۆشە چەوتی سەرئە نجامی بۆشە١٢٤٠**

واباس ئەکەن لە سەدەی پێشوودا لە شاری (ئەسفەهان) پیاوێك هەبوو بازرگان، ئیش پێك هێنەرو خۆش گوزەرانو بەناوبانگ بوو بە (میرزا ئازاد خان)، ئەم پیاوە زیاد لەو پارەیەی کە کردبووی بە سەرمایەی بازرگانی دوو سەد لیرەی زێڕی پێکەوە نابوو ویستی بچێت بۆ سەفەری هیندستان لە دڵی خۆیدا لێکی دایەوە وتی: وا چاکە ئەم دو سەد زێڕە لەلای یەکێکی دەست پاكو ئەمین بە سپاردە دابنێم هەتا دێمەوە. دۆستێکی هەبوو ناوی (ئاغا موراد) بوو زێڕەکانی کردە کیسەکەیەوە چوو بۆ لای (ئاغا موراد) وتی: من ئەمڕۆ ئەڕۆم بۆ سەفەر کەس لە تۆ سەر ڕاستو ئەمین تر گومان نابەم هەتا لەم سەفەرە دێمەوە ئەم دووسەد زێڕەت بە سپاردە لەلابێ. ئەمەی وتو کیسەکەی لەلادانا وەخۆی کەوتە ڕێ، دوای مانگێك (میرزا ئازاد) هاتەوەو بەدەستو دیارییەکی

جوانەوە چووە لای (ئاغا موراد)ی دۆستی بۆ وەرگرتنی زێڕەکانی لە پاش چاوخۆشیو گفتوگۆ.

ئاغا موراد وتی: زێڕی چی؟ کەی من تۆم دیوەو ئەتناسم؟ مەگەر شێت بووی.

میرزا ئازاد چونکە هیچ بەڵگەو سەنەدی بەدەستەوە نەبوو بە نائومێدی هاتە دەرەوە. لەکاتێکدا بەزویریو پەشۆکاوی بەکۆڵانێکا ئەڕۆیی ژنێکی زانای بەدەماخ پۆشتەو پەرداخ لە پەنجەرەی کۆشکەکەیەوە تەماشای کۆڵانی ئەکرد، تێ گەیشت کەئەم پیاوە لێ قەوماوە. فەرمانی کرد بە کارەکەرەکە،

وتی: ئەو پیاوەم بۆ بانگ بکە، کاتێ ئازاد خان هاتە سەرەوە ژنەکە لێی پرسی: بەڕەنگی زویرو پەشۆکاوتا ئەبێ شتێکت بەسەر هاتبێ، میرزا ئازاد سەرگوزشتەی خۆی بۆ گێڕایەوە، ژنەکە گورج سندوقێکی کردەوە کە پڕبوو لە زێڕو جەواهیرات جانتاکەی لێ پڕکردو بە میرزا ئازادی وت: من وائەچم بۆلای ئاغا موراد تۆش لەدوای پێنج خولەك وەرە ژوورەوەو داوای زێڕەکانت بکەرەوە، بە کارەکەریشی وت: کاتێ میرزا ئازاد هاتە دەرەوە تۆش وەرە بڵێ ئاغا ژن وا ئاغام هاتۆتەوە،

ئەم ڕاوێژەی ڕێك خستو ڕۆیشت بۆلای ئاغا موراد وتی: پیاوەکەم کە چووە بۆ سەفەر. ماڵەکەمان چۆڵە لە ترسی دزو درۆزن ئەم زێڕو جەواهێرانەم هێناوەتە خزمەتت بە سپاردە بۆم بپارێزە، هەتا پیاوەکەم دێتەوە،

لەو کاتەدا میرزا ئازاد کردی بە ژوورا وتی: دوو سەد زێڕەکەم بدەرەوە.

ئاغا موردا لە دڵی خۆیدا وتی: ئەگەر نەیدەمەوەو پێی لێ داگرم ئەم گوژمە زۆرەی کەئەم ژنە هێناویتی لە دەستم ئەچێت وە ئەم ژنە ئەم هەموو جەواهیرانەم لەلا دانانێ هیچ نەبێ سپاردەی ئەم ژنە پەنجا ئەوەنەی دوو سەد زێڕەکە ئەبێ. سوکێ کیسە زێڕی میرزا ئازادی دایەوە، بەدڵ خۆشی هاتە دەرێ. لەوکاتەدا کارەکەرەکە هاتە ژوورەوە

وتی: ئاغا ژن وا ئاغام هاتۆتەوە ژنەکە دەستی دایە جانتاکەی‌و وتی: بەدوعا ئاغا
موراد زۆر سوپاست ئەکەم پێویست نییە لای تۆی دابنێم واپیاوەکەم هاتۆتەوە.
لەم چیرۆکە تێ ئەگەن کە قومار بازی‌و ئاین‌و ئۆین سەر ناگرێ

**ئاین و ئۆین زوو دەرئەکەوێ**

**درۆزن گران ناشتای بەرکەوێ** ژ/ ١٢٤٠

---

منالەکان. قوتابی یەکان، چرای چاوی نیشتمان لە رێگای خوێندن دا هەولو تەقەلا بدەن وەخت بەفیرۆ مەدەن زانست گەوهەرێکە نرخی تەواو نابێ ئەم چیرۆکەش تان پێش کەش ئەکەم.

.........

٧. **چاوبرسی** : لە خاتراتی زێوەر بەدەستکاری یەوە ژ/١٢٤١

واباس ئەکەن لەزەمانی پێشین دا سێ هاورێ جوامێر ، مەردان ، نەریمان، جوامێر و مەردان گەنج نەریمان پیر لەکارگە= مەعمەلێکا کرێ کاریان ئەکرد ماوەیەکی دوو رو درێژ پێکەوە وەك برا رایان بوارد وارێ کەوت کارگەکە لە ئیش کەوت و داخرا ئەم سێ برادەرە هەر دراوێك کە کۆیان کردبووە وە لە کاتی بێ ئیشی دا خواردیان. دوایی کەوتنە تەنگو چەلەمەوە برسیەتی رۆژێك هەرسێکان سەریان دایە یەك دەستیان کرد بە راوێژ برِیاریان دا کە بچن بۆ شارێکی تر لەوێ کارو فرمانی بدۆزنەوە گوزەرانی پێ بکەن هەرسێکیان بە پێ رێ ی دەشتو شاخیان گرتە بەر لەدەمی ئێوارەدا هەورێکی رەش بەری ئاسمانی گرت و کردی بە شەست و رەهێڵە لەو ئاقارە کۆنە شاخ ئەشکەوتێك هەبو هەرسێیان چونە ئەشکەوتەکەوە کە تەماشایان کرد لە گۆشەیەکی ئەشکەوتەکەدا ئەژدەها یەك دەرکەوت دەستیان کرد بە پارِانەوە لە خوا وتیان : ئەی خوای زەمین و زەمان. ئاگاداری بە هەموکاری ئاشکراو پەنهان . برسیەتی و باران و

هەوای سەما . ئەژدەهاشمان ئەهێ نیە سەر ڕێگا. لەم پاڕانەوەیەدا ئەژدەهاکە چووە دەرەوە کەسەیریان کرد لەشوێنی ئەژدەهاکە کوپەیەك زێڕ و دراو دەرکەوت یەکەیەکە سوپاسی خوایان بەجێ هێنا بڕیاریان دا کە کوپە زێڕەکە بکەن بەسێ بەشی وەك یەك وە زێڕێکیان دا بە جوامێر کە بچێ لەشار نان و پێ خۆریان بۆ بکڕێ ، جوامێر لەدڵی خۆیا وتی: بۆچی ئەم کوپە زێڕە هەر بۆخۆم نەبێ ؟ واچاکە زەهریان بۆبکەمە ناو خۆراکەکەوە پێ ی بمرن وە ئەم سامانە زۆرە هەر بۆخۆم بێ. مەردان و نەریمانیش قسەیان کرد بەیەك وتیان: کە جوامێر هاتەوە ئەیخنکێنین و ئەم کوپەزێڕە ئەکەین بە دوو بەشەوە لەم قسانەدا بون جوامێر بەنان و پێخۆرەوە دەرکەوت، گورج هەردوکیان هەڵمەتیان دایە خنکانیان مایەوە سەر مەردان و مامە پیرە، مەردانیش وتی: بۆچی ئەم سامانە هەر بۆخۆم نەبێ ؟ پەلاماری دایە مامەپیرەی بێ هێز بە دوو سێ دەقیقە خنکانی. ئەمجا وتی: با بەدڵ خۆشی نانی خۆم بخۆم ئۆخەی بوم بەخاوەنی سامان و شکۆ هەتا توانی لەنان و گۆشتی خوارد دوای چەند دەقیقەیەك زەهرەکە کاری کردە ناوجەرگی تێژڕەوی دا بەهاتنی مەرگ وە کوپە زێڕیش بێ خاوەن مایەوە.

ئەمەیە ئەنجامی تەماعکاری

لەتەماع لادە گەر تۆ هۆشیاری ژ/١٢٤١

.........

٨. قوتابیەکان منالە نازدارەکان. هێزو پشتیوانی دوا ڕۆژی نیشتمان،ئەمامی باخی هیوای باوك و دایکان و گەلو کەسو کاران. شوێن و ڕەوشت و خوتان بەرز بێ، زاناو دوور ئەندێش بن، وا ئەم چیرۆکەمتان پێشکەش ئەکەم :

**زرنگە جوتیارێکی نەخوێندەوار ١٢٤٢**

لەسەردەمی پێشودا هێشتا جلو بەرگی زستانی شارستانیەتی وەك ئێستا بروزی نەسەندبوو لە وڵاتی کوێستانەکان بۆ خۆ پاراستن لە سەرما پێستی جانەورانی کێوی

وەك: دەلەك ، رێوی، وە سەگلاویان ئەکرد بە کەولو فەروە لەبەریان ئەکرد بەك هۆیەوە پێستی ئەم گیانەبەرانە زۆر بەنرخ و رەواج بوو بەتایبەتی لە کوردستان لە شوێنە شاخاوی یەکاندا لادێ یەکان راویان ئەکرد وە بەنرخی گران بەبازرگانەکانیان ئەفرۆشت ئەوانیش ئەیان نارد بۆ ولاتانی روسیا و ئەوروپا هەردوو لا قازانجێکی زۆریان لێ ئەکرد.

لەم ولاتی پشت کێوەی لای خۆمان لادێ یەکان فێربوون زەهریان ئەکرد بە میوەو خواردەمەنی یەوە وە لەسەر رێگاو شوێنی ئەو جانەوەرانەوە ئەیان رشت بۆ ئەوەی بخۆن و پیێ ی بمرن وە بەئاسانی پێستەکەیان دەست کەوێ .

ئەمجا لەدێیەك لەم دێهاتانە دوو کوڕی پیاوێکی جووتیار لەتەمەنی دەو دوازدە سالدا ئەبن کارو بەرخ ئەدەنە پێش خۆیان کە لە چیا بی لەوەڕێنن لەرێ گوزایاندا سێوێکی گەورەی لاسورە ئەدۆزنەوە کە ژاراوی ئەبێ و بۆ جانەوەران دانراوە بەچەقۆ ئەیکەن بە دووکەرتەوە دەست ئەکەن بە خواردنی دەست بەجێ هەردووکیان ئەکەون و ئەمرن.

ئەگاتە دەمی چێشتەنگاو کە کاتی مەڕە بێری یە مامەی جوتیار سەیر ئەکا کوڕەکانی نەهاتنەوە ئەچێ بەپێ و شوێنیانەوە ئەبینێ هەردوکیان کەوتون و مردون وە یەکی پارچەسێوێکیشیان لە دەمایە کابرا ئەموستی خۆی ئەگەزێ تێدەگا چیە؟ هیچ خۆی تێك نادا و نایکا بەهاوار وفوغان دێتەوە ناو دێ چاوەروانی نوێژی شێوان ئەکا کەخەلکی دێ ئێوارە لەمزگەوت کۆ ئەبنەوە بۆ نوێژ ئێوارە دادی مامەی جوتیار ئەچێتە مزگەوت بەروویەکی خۆشو زەردە خەنەوە رووئەکاتە کۆمەلی نوێژکەران ئەلێ: ئەمرۆ کێ سێوی زەهراوی فرێداوە بۆ جانەوەران دووڕێوی قەلەوی کوشتوە والای(کانی کە ئەکە ڕەش)ەوە کەوتون.

مام پیرۆت هەلی ئەداتێ: من بەقوربانت بم وەرە لەگەلم نیشانم بدەم.

جوتیار لەگەلی ئەچێ وە ئەیباتە سەر لاشەی کوڕەکانی ئەلێ: ئەمە رێویەکانە.

هەر ئەوکاتە خەنیم قاتیلی کورەکانی ئەداتە بەر خەنجەر پارچە پارچی ئەکا.
ژ/١٢٤٢

.........................................

## ٩. گەرو گێچەڵ سەرناگرێ ژ/١٢٤٣

لەفارسی یەوە

ئەی منالەکان قوتابیە بەرێزەکان لەرێی خوێندندا تێکۆشن هەوڵ و تەقەلا بدەن دەست پاکوسەر راست بن هەر سەر راستی یە رێگای رزگاری وا ئەم چیرۆکەشتان پێشکەش کرا،

بیست ساڵێک لەمەوپێش لەشاری (تاران) لەدەمی نیوەرۆ لە رۆژێکی گەرمی هاوین دا پیاوێکی کۆلکێش= حمال لە کاتێکا دوو سندوقی چایی بەکۆڵەوە ئەبێ وە ئەیگوێزێتەوە بۆ دوکانی بازرگانێک و لەژێر ئەو کۆڵەگرانەدا ئارەق ئەرێژێ لەرێگوزاریا جزدانێکی گەورەی بەرچاو ئەکەوێ کە لەسەر زەوی کەوتوە بەهێواشی هەڵیئەگرێ و ئەیخاتە باخەڵیەوە دوای ئەوەی سندوقەکانیە جێگای خۆی ئەگەینێ ئەچێتە ماڵەوە بێئەوەی ماڵ و منالْ پێبزانێ جزدانەکە ئەکاتەوە تەماشا ئەکا بیست هەزار ( تمەن ) ئەسکەناس پارەی ئێرانی تێدایە کە ئەکاتە نزیکەی هەزار و پێنج سەد دیناری عێراقی خۆمان ،

کۆلکێش لەخۆشیانا گەشکەدار ئەبێ ئەڵێ : وا رزگار بووم لە کۆلکێشان و کوێرەوەری ئەم پارەیە ئەکەم بە سەرمایەی بازرگانی و بەختیارانە پێی ئەژیم. جزدانەکە ئەخاتە سندوقێکەوە و قفڵی ئەدا سبەینێ بەیانی زوو ئەچێ بۆ کاروانسەرا خانی حاجی مەلا عەلی بۆ کۆلکێشان ، کە گوێ ئەگرێ دەنگە دەنگێک پەیدا ئەبێ ئەڵێن : رۆژنامە نوسیویەتی پیاوێکی ئاوارە- غریب لە وڵاتێکی دوورەوە هاتوە بۆ بازرگانی بەرەو دوا سەرمایەکەی چەند هەزار تمەنێک بووە دوێنێ نیوەرۆ لێی بزر بووە تومەز

کابرایەکی جوولەکەی دانیشتوی شاری تاران خاوەن پارە ئاوارەو غریب ئابێ نوسراوە هەرکەس ئەم پارەیەی دۆزیوەتەوە لەرێی خوادا بیداتەوە و هەزار تمەنیش بە حەلاڵی مزگێنی وەرگرێ چونکە هەرکەس بەهۆی ئەم خێرە گەورەیە ژیانی ماڵ و منالی ئەم پیاوە ئەکرێتەوە و لە هەژاری و مردن رزگاریان ئەکا.

کابرای کۆلکێش دلی نەرم ئەبێ ئەلێ : دنیا ئەنجامی مردن و برانەوەیە بۆچی خۆم رورەشی دیوانی خوا بکەم من چەند ساڵە بە ئارەقی ناوچەوانی خۆم ئەژیم وا چاکە ئەم پارەیە بیەمەوە بۆ خاوەندەکەی و هەزار تمەن وەرگرم .

بەناونیشان خاوەن پارە ئەدۆزێتەوە و جزدانەکەی ئەداتێ کابرای جوکە لەدەستی وەرئەگرێ کە ئەیژمێرێ پولێکی ناتەواو نیە بۆ ئەوەی مزگێنی نەدا بە کۆلکێشەکە گێچەلی پێئەکا ئەلێ جزدانەکەی من بیست و یەك هەزار تمەنی تێدا بووە ئێستە بیست هەزارە و هەزاری ناتەواوەو ئەمەوێتەوە .

کۆلکێش دەست ئەکا بەهاوار و گریان ئەلێ : من هاتم خێربکەم تووشی چی دەردێك بووم.

جولەکە لە دادگا - محکمە شکاتی لێئەکا حاکم کەفیل لە کۆلکێش وەرئەگرێ تا رۆژی پرسیار کۆلکێش بە گریان و دلتەنگی یەوە راستەوخۆ روئەکاتە دەرباری شاهی - کۆشکی ملکی خوالێخۆشبو (کاك رەزاشا) کە ئەمرۆ پێی ئەلێن : کۆشکی گولستان لەوێدا دەست ئەکا بە هاوار و گریان ئەلێ: ئەمەوێ بە خزمەت(شاە)بگەم ئەگەر قەدەغەم لێبکەن خۆم ئەکوژم چونکە غەدرێکی گەورەم لێکراوە ، یەکێ لە پاسەوانەکانی شاە ئەم قسەیە بە شاە ئەگەیەنێ ، شاە فەرمان ئەدا بێتە ژوورەوە، کۆلکێش لەبەر پێی شادا ئەکەوێ و سەرگوزەشتەی بۆ ئەگێرێتەوە، شاە پیاوێکی خۆی بە ئوتومۆبیل ئەنێرێ کابرای جولەکەیش ئەکەن شا لێی ئەپرسێ : کامەتە جزدانی پارەکەت .

جولەکە جزدانەکەی لەباخەڵ دەردێنێ ئەڵێ : ئەمەتە بیست و یەك هەزار تمەن ئەسکەناسی تێدابووە و ئێستە بیست هەزارە و هەزاری ناتەواوە.

شاه بەسوکی بیست هەزار تمەنەکە ئەدا بە کابرای کۆڵکێش ئەڵێ : ئەم پارەیە هەڵگرە هەتا خاوەنی خۆی پەیدا ئەبێ و بە کابرای جولەکەش ئەڵێ تۆش بگەڕێ بۆ پارەکەی خۆت دیارە ئەم پارەیە هی تۆ نیە هی تۆ بیست و یەك هەزارە بڕیار ئەدا کە کابرای جولەکە بەهیچ جۆرێ نەچێ بەلای ئەم کۆڵکێشدا ، کۆڵکێش بەو پارەیە خانویەکی رێك و پێك و دوکانێکی بازرگانی بۆخۆی پێکەوە ئەنێ وە ئێستا بەختیارانە ئەژی

لەگەڵ خوادا سەر راست بە چاکە.

..........................

## ١٠. گاڵتەی بەراست ١٢٤٤

ئەی قوتابیانی زانا و زرنگ ئێوە ئامانجی دوارۆژی گەل و نیشتمانن بۆ سەربەرزی گەل و نیشتمان گیانی خۆتان بەخت بکەن بخوێنن تا بگەنە پایەی مەرام، پێبکەنن ، قەت زویر مەبن ، خەم و خەفەت لەدڵ دەراوێن ، ئەم چیرۆکە هەڵبەستراوەی (پیرەمێرد) بخەێننەوە:

گاڵتەی بە راست

خدر بوو پیاوی حەسەنە فەندی

کەس پێی نەدەوت کەرت بە چەندی

کوێخا دەرگابو جێی خواجا نشین

فەرەنجی پۆش بوو زستان و هاوین

رەنجبەریماڵی رۆژێ نەخۆش کەوت

پێنج کەری ئەبرد بۆ دێی (کەڵەکن)

کەلەسەر خەرمان کای بۆ دابگرن

لەرێ خۆی سواری یەکیان بوبو
کە ئەی ژماردن هەر چواریان مابوو
وتی : ئای خۆمن پێنج کەرم پێ بوو
وا چواریان دیارە ئەوی تر کوێ چوو
دابەزی و رایکرد یەکسەر بۆ دواوە
وای زانی کەرە لە دواوە ماوە
بۆدواوە روانی هیچ دیار نەبوو
گەڕایەوە لای کەران زوو بەزوو
کەتەماشای کرد پێنج کەر تەواوە
لەم فڕو فێڵە سەری سوڕماوە
زۆر ماندو بوبو دیسان سواربووەوە
لەبەرەو ژێرە سەرەوخوار بوەوە
دیسان کە روانی کەر چواریان ماوە
گریاو گوتی : من چیم لێ قەوماوە
خۆی خستە خوارێ بەدوعا و نزا
ئەپاڕایەوە لەبارەگای خوا
دوعای گیرابوو روانی کەر پێنجە
رزگاری بوبو لەم دەردو رەنجە
ئیتر نەتوانی بڕوا بە پێیان
خۆی هەڵدایە سەر کەرێکی تریان
جا رێ لە راوێی لێهاتەوە دی
وتی : ئەم جارە کەرە گورگ خواردی
هەروا لێی خوڕی گەییە نیوەی رێ

بەرەو پیری هات خلەی کوێخا دیٚ
بانگی کرد کوێخا لەدەوت گەڕێم
خوا لەکویٚ تۆی گەیاندە سەر ڕێم
ئەمڕۆ تەریدە گاڵتەم پێدەکەن
ساتیٚ کەرێکم ئەدزن و ئەیبەن
وتی: خدر ئاغا چەند کەرت پێبوو
چەندیان ماوە چەندت لەدەس چوو
وتی: پێنج کەرم هێنابوو لەشار
کە ئەی ژمێرم هاتۆتە سەر چوار
کوێخا تێگەیی کە خۆی و گێرەر
لێك ناکاتەوە کابرای قوڕ بەسەر
ئەو کەرەی کەوا خۆی سواری بووە
چونکە نایبینیٚ لەبیری چووە
وتی: دابەزە هەی بەندەی بێغەش
پێنجی بۆ ژمارد خۆیشی کردی شەش ١٢٤٤

١١. ئەی قوتابیان، ئەی منداڵانی زاناو زرنگ لەگەڵ ئەوەی کە تیٚ ئەکۆشن و ئەخوێنن ئەبیٚ لەرێگەی ڕاست لانەدەن لەسەر ئایین و ڕەوشتی باوکو باپیراتان برۆن کە ئەو ئایین و ڕەوشتە پیرۆزە ئایینی پاکی مسوڵمانە لەراستی ڕاستی بیٚ پەروایین مەترسن، دەربارەی هاوئایین و گەل و نیشتمانتان دڵسۆزبن وە بەزەیی شتان بە گیان لەبەران و بیٚ زبانانەدا بێتەوە. وا ئەم چیرۆکەشتان پێشکەش کرا:

**هەر ڕیگەی ڕاستە کە منزل برە: ژ/١٢٤٥**

سیوێنج ساڵ لەمەوبەر فەرماندار=حاکمێك لە وڵاتی سلێمانی دا فەرمان داری ئەکرد ناوی(میجەر سون) بوو ئەم پیاوە لەدەورەی عوسمانی دا بە گۆڕین ناوی خۆی



میجەرسۆن

نابوو(غولام حسین) لە کوردستانا زۆر گەشت و گوزاری کردبوو وە لە سلێمانی دا زۆر مابوە وە زبانی کوردی چاك فێربوبو وەچەند ساڵێکیش لە هەڵەبجە بوبو بە پیاوی(تاهیربەگ) بەو هۆیەوە کە باش شارەزای ئەحواڵی ئەم وڵاتە بوو ساڵی داگیرکردن=أحتلال کرا بە فەرمانداری سلێمانی بەراستی پیاوێکی دادگەربو دەربارەی هەژاران دڵ سۆزبوو زۆر حەزی لە ناوەدانی و پێشکەوتنی وڵات و خوێندەواری ئەکرد لە سلێمانی قوتابخانەی(وێنەی بەختیاری= نمونەی سعادت)ی کردەوە وە خۆیشی سەرپەرشتی ئەکردوە دەرسی ئەووتەوە ئەم زاتە بڕیاری دا کە پردێك لەسەر ڕووباری تانجەڕۆ دروست بکرێ بۆ ئەوەی ڕێ ی هاتوچۆ ئاسان بێ بۆ ڕێ بواران وە هەموو ڕۆژێ خۆی تەماشای وەستاو کرێکارەکانی ئەکرد وە ئەبوایە بەدەستی خۆی ڕۆژانەی لێ دابەش بکردنایە ڕۆژێك لەکاتێکا لە تانجەڕۆ بە ئوتومبیلێك کە خۆی لێ ی ئەخوڕی ئەهاتەوە گەیشتە لای گومرگی توتن کە ئێستە پێ ی ئەڵێن گمرگە سوتاو- ئێستاش(بازاڕی دۆلارەکە)یە- ئاوات-، لەوێدا سەگێك بەوەڕین بەشوێن ئوتومبیلەکەیدا ڕای کرد چونکە ئەو زەمانە ئوتومبیل زۆر نەهاتبوە ئێرە تەنیا دو سێ ئوتومبیلی تیابوو سەگ وەك ئێستە ڕانەهاتبون بە قڕەی ئوتومبیل کە قڕەی ئوتومبیلیان ببیستایە پێ ی ئەوەڕین.

میجەرسون ئوتومۆبیلەکەی راگرت بانگی پۆلیسێکی یاساوڵی کرد کە ناوی(شریف)بوو دەمانچەیەکی دایە وتی : شریف ئەو سەگە بکوژە .ئەویش وتی : نایکوژم.

وتی : لەبەر چی؟ وتی: من مسڵمانم بە ئاینی من سەگ کوشتن دروست نیە.

وتی : ئاخر من(فەرمان=أمر)ت پێ ئەکەم ئەبێ بیکوژی.

وتی : فەرمانی تۆ خۆ فەرمانی خوا نیە تا بەجێ ی بێنم.

ئەمجا وتی : کەوای لێ هات بەرگە رەسمی یەکانت فرێدە بڕۆرەوە ماڵی خۆت.

ئەویش بەرگە رەسمی یەکان فرێ ئەداو ئەچێتەوە ماڵ خۆی.

لەدەمی ئێوارەدا پیاوێك ئەنێرێ بەشوێن شریفا پێ ی ئەڵێن : وەرە حاکم بانگت ئەکا ئەویش هەڵ ئەستێ ئەچێ لەحەوشە را ئەوەستێ.

میجەرسون ئەڵێ: شریف وەرە سەرەوە ئەویش سەر ئەکەوێ لە هەیوان رائەوەستێ ئەمجا بە دەنگێکی تورەیی یەوە ئەڵێ: وەرە ژوورەوە شریف سەرئەکا بە ژورا تەماشا ئەکا ژنەکەی بەلەشی رووت لەبەردەمیا راوەستاوە گورج پاشەوپاش ئەگەرێتە دواوە ئەڵێ: بۆ نایەیتە ژوورەوە ئەویش لەدڵی خۆیا لێکی ئەداتەوە ئەڵێ: ئینسان هەر ئەنجامی مردنە گریمان کوشتمی دەست ئەکا بە قسەی ناشیرین وتن بە میجەرسون ئەڵێ: من مسوڵمانم بە ئایینی من دروست نیە تەماشای ئافرەتی غەیرە بکەم نەخوازەڵا بە رووتی.

ئەمجا میجەرسون پێ ی ئەڵێ: من تاقیم کردیتەوە بەراستی پیاوێکی راستی دین و ئاینی خۆت نافرۆشی بە پارەو وزیفە برۆ ئەوا تۆم کرد بە(رئیس عرفا)و سێ سەد روپیەش پاداش وەرگرە.

ئەمجا شریف بوو بە (شریف أفندی) وە لەپاش چەند ساڵێکیش زیارەتی ماڵی خوای کرد بوو بە(حاجی شریف أفندی) ئەم پەندە بەسە بۆ خواناسی. ١٢٤٥/ز

ژ/ ١٢٤٦

**١٢. ئەنجامی هەڵەشەیی؛**

ئەی منالە خۆشەویستەکان لە کارو بارتانا ورد بین بن هەر کارێك بکەن چاکە و خراپە و ئەنجامی لێك بدەنەوە. لەسەر خۆبن هەڵەشەیی مەکەن چونکە کاری بێ وردبونەوەو هەڵەشەیی پەشیمانی لە دوایە وا ئەم چیرۆکەشتان پێشکەش کرا.

**لەعەرەبی یەوە**

یەکێ بوو یەکێ نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو وە کەس لە بەندەی خراپ روو رەش تر نەبوو وا ئەگێرنەوە لە زەمانی پێشین دا ژن و مێردێك لە خانوبەرەیەکی رێك و پێکی پڕ لە دار و درەخت و گوڵدا ئەژیان ئەم ژن و مێردە تەمەنیان نزیکی پەنجا ساڵێك بوبوەوە تازە خوا کوڕێکی دابوونێ کەلەسەر بێشکە بوو وە پشیلەیەکی کەللە زلی چوارپەل ئەستوریشیان هەبوو کە مێملێ مشك و مار بوو ، رۆژێك ژنەکە بۆ دیدەنی نەخۆش ئەچێتە ماڵە دراوسی یەك وەبە پیاوەکە ئەڵێ: ئاگات لە منالەکە بێ تا دێمەوە ئەوەندەی پێناچێ فەراشی حاکم دێت بە پیاوەکە ئەڵێ: وەرە حاکم بانگت ئەکا پیاوەکەش هەڵئەستێ ئەڕوا و منالەکە بێ چاودێری بەجێ ئەهێڵێ ئەوەندەی بێ ناچێ مارێك لە کونی دیوار دێتە دەرەوە خەریك ئەبێ هەڵگەڕێ بە بێشکەی کوڕەکەدا وە پێوەی بدا پشیلەکە چاوی لێ ئەبێ گورج هەڵمەتی ئەداتێ سەری مارەکە پان ئەکاتەوە وە پارچە پارچەی ئەکا.

دوای کەمێك پیاوەکە دێتەوە دەرگای حەوشە ئەکاتەوە کە ئەچێتە ژورەوە پشیلەکە بە پیریەوە دێ وەکو مژدەی بداتێ کە کوڕەکەی خواردوە دەست بەجێ بێ ورد بونەوە لیسێك ئەکێشێ بە سەری پشیلەکەدا وە ئەیکوژێ کە ئەچێتە سەر جێگای کوڕەکەی ئەبینێ زرپ و زیندووە وە مارێکی کوژراوی لەت و پەت کراو لەلایەوە کەوتوە پیاوەکە لە پەشیمانیدا بەهەردو چەپۆك ئەکێشێ بەسەری خۆیا کەلە پاداشی چاکەدا ئەو

گیان لەبەرە بەستەزمانەی کوشت. ئەمجا ئەمە پەندیکە بۆ ئەو کەسانە کە لە کاروفرمان

ورد نابنەوە وە بە هەڵەشەیی تێ هەڵ ئەچن.

تێبینی: ئەوەی مارەکەی کوشتووە دەعبایەکە پێ ی ئەڵێن (أبن عرس) لە پشیلە ئەچێ

لەبەر ئەوەی لە وڵاتی ئێمەدا نیە بە پشیلە دایە قەڵەم. ژ/ ١٢٤٦

...........سوپاس بۆ کاک ڕێبوار حەمە تۆفیق .بۆ ئەم وێنە جوانەی..........



## ١٢. ئامۆژگاری    کاری بێ وردبونەوە

لە کلیلەو دمنەوە مامۆستا نجم الدين مەلا ترجمەو نزمی کردوە بە کوردی

پیاوێکی ئاغا گەورەو نام دار    خاوەنی دەوڵەت گوڵزارو تەلار
سەگێکی هەبو پاسەوانی    ئاگاداریەکرد لە دزو جانی
سەگی خۆش ئەویست بە دڵ ئەیلاوان    چونە دەرەوە بەنیازی سەیران
کوڕێکیان هەبو عەزیزو شیرین    جوان و نازداربو وەك گوڵی نەسرین
لەناو بێشکەدا ژن کوڕەی نوان    سەگ ئێشکی ئەگرت بە دڵ و بەگیان
هاتە دەر مارێك لە کونی دیوار    هاتە سەر بێشکەی کوڕەی نازدار
ماری بەد کردار بە رق و بەقین    خەریك کوڕە بێبەشکا لە ژین
سەگەکە لەمە زو ئاگادار بو    بەچاپوکانە ئاراستەی مار بو
دەستوبرد ماری سەرپان کردەوە    لە مەرگ و مردن کوڕەی سەندەوە
وەختێ هاتەوە ئاغا لەسەیران    دی بە خوێناوی سەگەی بەستەزبان
وەها تێگەیشت کە کوڕەی کوشتوە    بە بەدغەکی خوێنی رشتوە
بێ وردبونەوە ئاغای نابەکار    پەلاماری دا خرکو بەردو دار
سەگەکەی تۆپان پاداشی چاکە    نەزان و نەفام دایم غەمناکە
کە سەرنجی دا ئاغای پەشێواو    کوڕی بە ساغ دی ماریش بە کوژراو
دای بەسەر خۆیدا کابرای کەم عەقڵ    پەشێمان حاڵ و مەلول و خەجڵ
حەیفە بۆ پیاوێك وردبینی نەبێ    لەکاروباریا تێبینی نەبێ
ئەمەیە حاڵی جەهل و نەزانی    بێ عیلم و زانین هەر پەشیمانی

لا ٥٥٧ دەستنوسی نوسراوی پەرێشان /بنکەی ژین ٢٠١٦/١٢/٢٧

### ١٤. گەزی چی و جاوی چی ژ/١٢٤٧

لە سەردەمی ڕابووردودا پیاوێك کە ناوی قارەمان ئەبێ لە دێیەك جووت ئەکات نوکی گاسنەکەی بەرشوێنێکی ڕزەت ئەکەوێ کە سەیر ئەکات گۆزەیەکە پڕە لە زێڕ، زۆر سوپاسی خوا بەجێ دێنێ ئێوارێ بە شادمانی ئەگەڕێتەوە ماڵەوە گۆزە زێڕەکە ئەدات بە خانەی ژنی ئەڵێ هەڵییگرە بۆ ڕەمەزان، مانگێکی پێ ئەچێت،

ڕۆژێك دوو کابرای ڕێبوار یەکەم ناوی (شابان) دووەم ناوی (ڕەمەزان) ئەبێ ئەگەنە بەرماڵی قارەمان شایان ئەچێتە ژوورەوە ئەڵێ: ڕێبوارمو برسیمە نانێکم بەنێ. خانە نانێكو سەلکێ پەنیری بۆ دێنێ شابان بانگ ئەکاتە ڕەمەزان ئەڵێ: تۆش وەرە بەشی خۆت وەرگرە. خانە ئەڵێ: بەخوار چاك بوو دەمێك بوو بە شوێن ڕەمەزاندا ئەگەڕام سپاردەیەکی لەلام هەیە نانو پەنیر بە ڕەمەزان ئەداتو گۆزە پڕ لە زێڕەکەشی ئەداتێ، ڕەمەزان کە چاوی بەم هەموو زێڕە ئەکەوێ، لە خۆشیانا باڵ ئەگرێو بۆی دەرئەچێ.
کە ئێوارە قارەمان دێتەوەو بەم کارە ئەزانێ سوێند ئەخوا ئەڵێ: ئەڕۆم هەتا ژنێکی لە تۆ بێ ئەقڵ تر ئەدۆزمەوە سەرناکەمەوە بەم ماڵەدا، لێ ئەدات ئەڕوا چەند چۆڵو بیابانێك تەی ئەکات هەتا ئەگاتە شارێك لەبەر دەرگای کۆشکی دەوڵەمەندێکا کە ناوی (ئاغا بابا) ئەبێ لەسەر زەوی لێی ڕا ئەکشێ ئەوەندەی پێ ناچێ ژنی (ئاغا بابا) دێتە بەردەرگا سەیر ئەکا کابرایەك لەسەر زەوی درێژبووە. ئەپرسێ: کابرا لە کوێوە هاتووی؟ ئەویش بە دەنگێکی زویریو بێ تاقەتیەوە ئەڵێ:لە جەهەننەمەوە هاتووم، ئەڵێ: بە قوربانت بم (تەپل)ی برام لە جەهەننەما حاڵی چۆنە؟ چونکە لە ژیانیا زۆر ئەگریس بوو. ئەڵێ ڕاستت پێ بڵێم. لەسەر قەرزاری سەمەندۆکیان کردووە، ڕۆژی سێ چێن دارکاری ئەکەن ژنەکە ئەچێتە ژوورەوە تورەکەیەك پڕ ئەکات لە خشڵی زێڕو پێنج لیرەی ئەڵێ: هەر ئێستە بڕۆ ئەم خشڵو پارەیە بەرە بۆ (تەپل) قەرزەکانی بداتەوەو خۆی پێ ڕزگار بکات، قارەمان وەری ئەگرێتو بۆی دەرئەچێت دوای کەمێ ئاغا بابا

دەست ئەداتە تفەنگ سواری ئەسپەکەی ئەبێ ها دێتەوە، ئەم کارەساتە ئەبیستێ لەمێ ها لەوێ لە پێو شوێنی قارەمان ئەگەڕێ هەتا ئەیکا بە ماڵی پیاوێکی جۆلادا. جۆلا ئەڵێ ئەو سوارە کێیە وا بەغار ڕووی کردە ئێرە. ئەڵێ:- ئەوە پیاوی میریە ناردویانە گەزو جاو بەراورد بکات، هەر کەسی جاو بە ناتەواوی بفرۆشێ سزایەکی سەخت ئەدرێ. بە جۆلا ئەڵێ بچۆرە ئەو قوژبنەوە خۆت بشارەوە وە قارەمان ئەچێتە پێ چاڵەکەیەوە دەست ئەکات بەمەکۆ لێدان. ئاغا بابا ئەکات بە ماڵا دائەبەزێ تفەنگەکەی ئەکات بە قەڵپوزی زینەکەدا ئەچێتە سەر پێچاڵەکە، ئەڵێ: ئەو کابرایەی خۆی کرد بێرەدا کوا؟ ئەڵێ: وا لەو قوژبنەدا، ئاغا بابا بەگیری ئەهێنێ. جۆلا ئەڵێ: باوکم گەزم تەواوە جاو بە ناتەواوی نافرۆشم. ئاغا بابا ئەڵێ: کورە گەزی چیو جاوی چی؟ تۆماڵی منت تاڵان کردووە ئەوان لەم کەینو بەینەدا ئەبن قارەمان دەست ئەداتە تفەنگو سواری ئەسپەکەی ئاغا بابا ئەبێو پێی پێوە ئەنێ تا دێتەوە لای خانەی ژنی ئەڵێ: سوێندەکەم نەکەوت. ئاغا بابایش تێ دەگات چاوبستی لێ کراوە بە پیادەیی ڕووەو ماڵ ئەبێتەوە ژنەکەی لێی ئەپرسێ ئەسپو تفەنگەکەت کوا؟ ئەڵێ: ئەو زێڕو پارەیەی کە ناردبووت بۆ (تەپڵ) بیداتەوە بە قەرزا کەم بوو ئەسپو تفەنگەکەیشم بۆ فرۆشت، پارەکەم بۆ نارد.

منالە خۆشەویستەکان ئەم چیرۆکەی پێشکەشم کردن، چیرۆکی ناوخۆمانە وەختی خۆی لەلایەن (ئەحمەد شوکری) (شکورە حەمەدەوە) کراوە بە شیعر بۆ پێکەنین بە دەسکاریەوە، نوسیمان (پێ بکەنو عیبرەتی لێ وەرگرن). ژ/١٢٤٧

## ١٥. هەژارێکی چاوتێر و دەوڵەمەندێ رژد ز/١٢٤٨

وا ئەگێڕنەوە لە زەمانی پێشو لە دەورەی (پاشای بابان) دا لەم شارە پیاوێکی هەژاری چاوتێری زیرەك هەبوو کە ناوی(ئەرباب) بوو هەشت نۆ سەرخێزانی هەبوو هەرچی هەبوو هەرچی بە رەنجی شان و ئارەقی ناوچەوان بە کرێکاری پەیدای ئەکردایە شتێکی تری نەبوو بەیانیان پێش هەتاو کەوتن ئەچوو بۆ کرێکاری ئێوارە رۆژانەکەی وەرئەگرت ئەیدا بەنان ئەهاتەوە ناو خێزانەکەی ، بەم پیشەیە چاوتێر بو دەست درێژی نەئەکرد، ئەرباب قازێکی سپی جوانی هەبوو کەلە جۆگەلە ئاوێکی روون و رەوان لە نزیك ماڵەکەیانەوە مەلەی ئەکرد وا رێ کەوت دوو رۆژ لەسەر یەك ئەرباب ئەچوو بۆ کرێکاری کاری نەبوو کە بیکا بە خۆراك بۆ خێزانەکەی ئەو دوو رۆژە بێ نان لەبرسیەتی مانەوە ناچار چوە سەر جۆگە ئاوەکە قازەکەی گرت و هێنایەوە سەری بڕی بە ژنەکەی وت: بیکە بە کەباب بیخۆین.

ئەکە قازەکەی ئاوەرووت کرد و کردی بە کەباب لەسەر سینی داینا خێزانەکەی ئیزبوون کە دەست بکەن بە خواردنی پیاوەکە بیری کردەوە وتی: ئێمە هەموومان برسیمانە بەبێ نان بەم قازە تێرنابین وا چاکە ئەم قازە بیەم بۆ (پاشا) بەڵکو پاداشێکم داتێ خێزانەکەی ئەم راوێژەیان پەسەند کرد .

ئەرباب قازەکەی بە سینیەوە برد بۆ پاشا وتی: لە هەموو ماڵی دنیادا قازێکی سپی و جوانم هەبوو وا بۆم کردوی بە کەباب وە بەدیاری بۆم هێناوی پاشا وتی: زۆر سپاست ئەکەم بەڵام خۆم و هاوسەرم دوو کوڕ و دوو کچم لەگەڵ خۆت ئەبین بە شەوت کەس ئەم قازەمان بە عەدالەت لێ دابەش بکە.

ئەرباب کێردێکی هەڵگرت سەری قازەکەی جوێ کردەوە لەبەر دەمی پاشای دانا وتی: تۆ سەرداری وڵاتی سەری بۆتۆ ، جێی دانیشتنی بڕی لەبەردەم هاوسەری پاشای دانا وتی: تۆ ناچیتە دەرەوە چاودێری ماڵ ئەکەی ئەمە بەشی تۆ، ئەمجا هەردوو پێ ی

قازەکەی بڕی بەهەریەك لە کوڕەکانی پێ یەکی دانی وتی: ئێوە ئەبێ هەنگاوی بەهێز بنێن بۆ پێشکەوتن وە خزمەتی گەلو نیشتمان وە لە دادگەری و خێرخواهی و کردەوەی بەرزدا لەسەر پێو شوێنی باوکتان بڕۆن.

وە هەردوو باڵی قازەکەی بڕی بەهەیەك لە کچەکانی یەکی باڵێکی دانیٚ وتی: ئێوە لەسەر پەرواز و باڵ گرتنن بەم زوانە شوو ئەکەن.

ئەوی مایەوە خۆی دەستی کرد بە خواردنی پاشا لە زیرەکی ئەرباب زۆر کەیف خۆش بوو فەرمانی دا دوو تەغار برنج و گەنم وە پەنجا لیرەی ئالتونی بدەنیٚ.

ئەرباب بە شادمانی هاتەوە منالەکانی تێرکرد برنجو گەنمەکەی دانابۆ زەخیرەی ساڵ وە پارەکەیشی کرد بە سەرمایەی بازرگانی خوا یاریدەی دا ڕۆژ بەڕۆژ پارەی لیٚ زیاد کرد، تا لە شارا ناوی دەرکرد.

دراوسیٚ یەکی ئەرباب کە دەوڵەمەندێکی ڕژدی بەخیل بوو بەخیلی بە ئەرباب برد لە دڵی خۆیا وتی: ئەرباب بەقازێك بوو بە خاوەن سامان کەبردی بۆ پاشا من پێنج قاز ئەبەم بۆ پاشا.

هەڵسا (٥)قازی کرد بە کەباب خستیە سەر سینی و بردی بۆ پاشا وتی:ئەبیٚ ئەم دیاری یەم لیٚ وەربگرن.

پاشا وتی: ئێمە ٦ کەسین فەرمو ئەم قازەمان وەکو یەك لیٚ دابەش کە.

دەوڵەمەندی بەخیل نەیزانی چۆنی بەش بکا سەری داخست وەرامی پیٚ نەدرایەوە.

پاشا فەرمانی کرد: ئەرباب بانگ بکەن. زۆری پیٚ نەچوو هات.

پاشا وتی: ئێمە ٦ کەسین ئەم (٥) قازەمان چۆن لیٚ بەش ئەکەی ئەرباب قازێکی لەبەر دەم پاشا و هاوسەری دانا وتی: ئێوە دوو کەسن ئەمەش قازێك ئەمە سیٚ، قازێکی لەبەر دەم هەردوو کوڕەکەدا دانا وتی: ئێوە دوو ئەمەش قازێك ئەمە بو بەسیٚ، قازێکی لەبەر دەم هەردو کچەکەدا دانا وتی: ئێوە دوو ئەمە بو بە سیٚ، دوو قاز مایەوە هەڵی گرت بۆ خۆی وتی: من لەگەڵ دوو قازا ئەمە بو بەسیٚ.

پاشا لە زرنگی ئەرباب هاتە پێکەنین ئەمجارەیش خەڵاتی کرد.

ئەمجا پاشا رووی کردە کابرای دەوڵەمەنی بەخیل وتی: تۆ دەوڵەمەندێکی پیسکەی بەخیلی لەگەڵ ئەوەیشا بێ ئەقڵ و نەزانی ئەبێ هەزار قران جەریمە بدەی وە مانگێکیش حەپس بی.

ئەی منالانی خۆشەویست ئەم چیرۆکە بخوێننەوە بۆتان دەرئەکەوێ چاو تێربو دەست درێژ نەکرن ئەنجامی بەختیاری و سەرکەوتنە رژدی تەماعکاریش هۆی لەکیس چونی ئەو شتەیە کە لە دەستیایە. ژ/١٢٤٨

.............................................................................................................................

## ١٦. مایەی پیاز فرۆش ١٢٤٩

منالە خۆشەویستەکان ئەم چیرۆکە بخوێننەوە . ئەنجامی خۆ بەزل گرتن و لەخۆبای بون ماڵ وێرانی لەدوایە وە خۆ بەکەم گرتن و رێزگرتنی خەڵك هۆی بەختیاری و سەرکەوتنە. خۆ بەزل زانین لە خۆبایی بون، سەرگەردانی یە و مایە لەدەس چون.

مایەی پیاز فرۆش

لەشاری بەغدا لە دەورەی هارونە رەشیدا پیاوێکی بازرگان سامانێکی زۆری هەبوو بەدبەختی روی تێکرد رۆژ بەرۆژ لە زیانا بوو هەتا وای لێ هات بۆ شێوی شەو ئاتاج بوو پێ یان وت: چاری تۆ هەر ئەمەیە بچیتە لای(بالولی دانا) برای خەلیفە هارون کە رێ و شوێنی گوزەرانێکت بۆ بدۆزێتەوە.

بازرگان روی کردە لای بالوڵ وتی: (بالولی دانا) من بازرگانێکی دەوڵەمەند بووم لەشاری بەغدادا و ئێستا نابووت بوم و خێزانێکی زۆرم بەسەرا کەوتووە شێوی شەومان نیە هاتومە خزمەتت رێگایەکم نیشان بدەی کە پێ ی بژین.

(بالولی دانا) وتی: برۆ لە حوجرەی خانی بازرگانی بەغدادا کلکە رێوی بچنەرەوە چونکە بازرگانەکان کە پێستە رێوی ئەنێرن بۆ دەرەوە کلکەی لێ ئەکەنەوە فرێی

ئەدەن هەتا بەخۆڕایی دەستت ئەکەوێ کۆی بکەرەوە دوای ئەوە هەر ناومالێکت هەیە بیفرۆشە و بیدە بە کلکە ڕێوی .

بازرگان هەر ناومالێکی هەبوو فرۆشتی بایی سەد دینار بو هەتا بەخۆڕایی کلکە ڕێوی دەست کەوت کۆی کردەوە دوای ئەوە یەکی بە درهەمێك ئەکڕی هەتا عەماریکی لە کلکە ڕێوی پڕکرد ئەمجا چوو بۆ لای (بالۆلی دانا) وتی: فەرمانەکەتم بەجێ هێنا .

(بالۆلی دانا) وتی: سبەینێ کڕیارت بۆ ئەنێرم بەلاَم یەکی لە دە دیناری زێڕ کەمتر مەدە ئەمەی وت و چو بۆلای خەلیفەهارون وتی: ئەمڕۆ سەرداری ولاَتی ولاَتەکەت بێ سەرو بەرو ڕێکو پێکی یە مسولمان و گاور و جولەکە تێك ڕژاون و هیچ نیشانەی جوێ بونەوەیك نیە لەناوەندی مسولمان و گاور و جولەکە دا ئەمە ڕەوای حەق نیە.

خەلیفە وتی: بالۆلْ خۆت نیشانەی جوێ بونەوەیان بۆ دابنێ .

(بالۆلی دانا) وتی: هەرچی جولەکەیە ئەبێ دو کلکە ڕێوی و گاور یەکێ بکا بە کلاَوەکەیا. خەلیفە بڕیاریدا لە سبەینێ وە ئەم فەرمانە بەجێ بهێنرێ لەگەلْ فەرمان بلاَو کرایەوە گاور و جولەکەکان هێرشیان هێنا بۆ سەر خەلیفە وتیان: کلکە ڕێوی لەکوێ دەست ئەکەوێ؟

خەلیفە وتی: بچنە لای بالۆلْ ئەو بۆتان پەیدا ئەکا.

(بالۆلی دانا) وتی: بازرگانێك کلکە ڕێوی هەیە یەکی بە دە دینار ئەدا . بازرگان دەستی کرد بە کلکەڕێوی فرۆشتن یەکی بە دە دینار ، دەست دار ئەیبرد و بێ دەست تەماشای ئەکرد بە جۆرێکی وا نیوەی گاور و جووەکان کلکە ڕێوی یان مست نەکەوت چونەلای خەلیفە وتیان کلکە ڕێویمان مست ناکەوێ .

بالۆلْ وتی: کلکە ڕێوی یەکان فڕێدەن هەرچی جولەکەیە دوو زولف و گاور پەرچەم بهێلێ تەوە .

گاور و جووەکان بەم مژدە خۆشە شادمان بون کەلەم نیشانە ناشرینە ڕزگار بون.

بێینە سەر کابرای بازرگان سیّ چوار گونیە دیناری کەڵەکە کرد لەگەڵ ئەورووپادا دەستی کرد بە بازرگانی و پاپۆڕی کوتاڵی بۆ ئەهات ساڵی ئاییندە بازرگان بە کەش و فش و لەخۆباییی بونەوە چووە لای (باڵوولی دانا) وتی: ها!! (باڵوولەشێتە) ئەمساڵ وەکو پار شتێکم بۆ بدۆزەرەوە کە سودێکی لێ وەرگرم.

(باڵوولی دانا) وتی: هەرچی سامانێکت هەیە بیدە بە پیاز و هەفتەیەك بە کوندە ئاوی پیاکە ئەمجا خەبەرم بدەرێ بازرگان هەرچی پیازێك لە چواردە شارەکەی عێراقا هەبو هەمووی کڕی و ناردی بۆ سوریا و لوبنان و تورکیا لەوێش بەقەتاری وشتر پیازی تری کڕی و عەماری کردو بەکرێکار ئاوپرژێنی کرد زۆری پێ نەچو پیاز رزیو بۆگەنی کرد شاری بەغدا لەبەر بۆگەنی پیاز تۆقرەی نەبو دائیرەی شارەوانی فەرمانی دا ئەبێ بکرێتە روباری دجلەوە . بەم پێ یە بازرگان نابوت بوو بە (باڵوولی دانا) وت: بۆچی ئەم کارەت پێکردم (باڵوول)وتی: پار پێت وتم (باڵوولی دانا) ئەمساڵ وتت(باڵوولەشێت) ئیشێکم بۆ بدۆزەرەوە. پیاوی شێت ئیشی لەوە چاکتر ناکا ئەگەر شێتم بۆچی پرسی وام پێ ئەکەی ؟ راوێژ چۆن بە پیاوی شێت ئەکری؟ ژ/١٢٤٩

.........................

**تێبینی : ژمارەی ١٢٥٠ چیرۆکی تێدا بڵاونەکراوەتەوە.**

مناڵەکان گوێ لەم چیرۆکە بگرن کەمناڵێکی نیشتمان پەروەری هۆڵندی چۆن فیداکاری کردوە نیشتمان؟ ئازاری خۆی و چاکەی گەلی ویستووە گەورەیەك ئەڵێ: ئەوەی چاکەی بۆ وەتەن نیە. بەچی ئەزانی؟ دوژمن نیە. لە فارسی یەوە:

**١٧. گۆرگی١٢٥١**

لەشارێکی وڵاتی (هۆڵەندە)کەپێ ی ئەڵێن : (هارلم)و نزیك دەریایە کوڕێك هەبو کە ناوی (گۆرگی)بو ماڵیان لە کە ناری دەیاچەیێك بو وەکو ئەزانن وڵاتی هۆڵەندە ئەرزەکەی لەڕوی دەریاوە ئەوی ترە لە بەر ئەوە دەریاچەی زۆری تیایە . شاری هارلم لەبەر زیانی لافاو سەدەی درێژو پانی زۆری تیاکراوە لە سەر دیواری سەدەکانەوە گەلێ خانوی بەرە و کۆشکی جوانی لێ کراوە.

وەزۆر درەختی لێ نێژراوە . خەڵکی ئەم شارە بەکشتوکاڵو باخات و ئاژاڵ بەخێوکردن خەریکن .گۆرگی گەلێ جار لە دایکی ئەپرسی کەسەر گوزەشتەی ڕۆژانی ڕابوردوی بۆ بگێڕێتەوە کەئاخۆ چۆن دوشمنان هێرشیان هێناوەتە سەر وڵاتی هۆڵەندە. وە سەدەکانیان ڕوخاندووە . وەماڵ ومناڵ و کشت وکاڵو ئاژاڵیان بەلافاو نابوتوخاپوور بووە.

باوکی گۆرگی یەکێك بو لەپاسەوانی سەدەکانی هالم . هەمو ڕۆژ پانتۆڵەکەی فڕێ ئەداو جوتێ کەوشی دارینەی لەپێ ئەکرد و ئەچووە سەروکاری سەدەکان.

گۆرگی لە دایکی پرسی: بۆچی هەمو ڕۆژێ باوکم ئەچێ بۆچاودێری سەدەکان؟ دایکی وتی:ئەگەر ئەچێ وچاودێری ئەکا وەکەمی ئاو لەدرزی سەدەکانەوە بتکێ زۆری پێ ناچێ کۆنەبێتەوە. چونکە وەکو ئەڵێن: تنۆك تنۆکەی باران کەیەکی گرت ئەبێ بە تۆفان. وەئەمەش زانراوە کە بۆ من و تۆ و باوکت و دراوسێ و وڵاتەکەمان ئەبێ بەهۆی زیان. وە هەمومان ئەبین سەر گەردان. پاشان گۆرگی پرسی: ئەگەر کونێك لە سەدەکە پەیدابێ باوکم بەفریای نەگات کێ ئەتوانێ ئەوکونە بگری؟ دایکی

ە پێکەنینەوە وتی: ئەو موستە بچکۆلەکەتی بخێتەبەر ئەیگری . لەزستانا ئەو
ەریاچەیەی کەلەنزیك ماڵی گۆرگی یەوە بو ئەی بەست،

گۆرگی کە ئەچو بۆ قوتابخانە لەگەڵ هاورێکانی بەسەر سەهۆڵەکەدا ئەرۆی و یاری
ەکرد بەمە زۆردڵ خۆش ئەبوو. لەدەمی بەهارا کە سەهۆڵ ئەتوایەوە درەختەکان
ەکەناری سەدەکان گەڵاوگوڵیان ئەکرد وەبەرخو کارژۆلە لەناو چیمەن و مێرگە
ەوزەکاندا ئەلەوەڕان. وە دەورو پشتی ماڵی گۆرگی ئەبو بە گوڵاڵە. ئەتوت
ەرشێکی ئاڵە.

ۆرگی لەخوا ئەپاڕایەوە و ئەیوت: خوایە سەدەکان ئەڕوخێن وە ئەم نیشتمانە
ێرینەمان لێ ئەشوێنی وە تازە بۆکانی چەمان ئاو ئەیان با، لەرۆژێکی خۆشی بەهاردا
ەتازە سەهۆڵ توابوەوە. وە دارو درەخت بوژابووە. وە لقەکان کە زستان کۆچیان
ردبو بۆ گەرمان.کەوتبونە ئاسمان. ئەسوڕانەوە. ولقی سەوزی درەختەکان لەئاوی
ەوانی وەك ئاوێنەی رونی دەریاچەکەدا ئەلەرا نەوە.

ۆرگی دایکی ناردی بۆ ئیشێك لەدێیەکی نزیك شار کە کەوتە ڕێ لە ڕێ گوزاریا
ەرخی ئاو هەڵکێشی کەنار دەریاچەکەی ئەژمارد.وە ئەیدی کەچۆن پەرەی
ەرخەکان بەهۆی با)وە ئەسوڕێنەوە.وەلەم دیمەنە جوانە زۆر شادمان بوو.ئەوەندەی
ەچو ڕۆژ ئاوابوو.تاریکی داهات بێجگە لەدەنگی پەڕندەی سەر درەخت
ورناویلکەی ئاو ئاو وە هوهوی کوندە پەپرو دەنگی ئادەمیزادی نە ئەهاتە
وێ.ئەوەندەی پێنەچوو لەناکاو گوێی لەدەنگی چکەچکێ بو. کەورد بووەوە دیواری
ەدەکە کونێکی بچوکی تێ بووە ئاو دێتە خوارەوە.

گۆرگی قسەی دایکی هاتەوە یاد کە وتی: تنۆك تنۆکەیی باران کەیەکی گرت ئەبێ
تۆفان. لەم رووەوە زۆر ترسا وتی: ئەم شەو شارەکەمان ئاو ئەی با، ماڵی ئێمەو
ەمو دراوسێ و نیشتمانەکەمان کاول ئەبێ.پەنجەی خۆی خستە کونی سەدەکەوە و

ملەمای بڕی بەم پێ یە هەتا ڕۆژ بۆوە (با)ی ساردی (زریان)هەڵی ئەلەرزان.
کەرۆژ بۆوە باوکی گۆرگی چووە پێ و شوێنی کوڕەکەی وە کە بەم کارەساتەی زانی
کردیە کوڵی و هێنایەوە. خەڵکی شار لەمە ئاگادار بوون ڕێزی گۆرگی یان گرت و
میریش موچەی بۆ بڕیەوە وە لە دوارۆژیش دا بو بە ئەندامیکی بەکەڵك بۆ گەلو
نیشتمان.ژ/١٢٥١

.................................................................

ئەی منالینە ئەم چیرۆکە بخوێنەوە بۆتان دەر ئەکەوێ کە چاکە و خراپە لەلای خواو
خەڵك بزر نابێ. چی تۆوێك بچێنی ئەوە ئەدرویتەوەو بەری لێ ئەخۆی.
١٨. منالینە ئەم چیرۆکە کورتە بخوێنەوە بۆتان دەرئەکەوێ
،بەخت،سامان،زانستی و خوێندەواری لەگەلٙ نەبێ بەکاری هیچ نایەو وەختی
خۆی(شوکر أحمد) کردویەتی بە شعر.

## زانست و بەخت ژ/ ١٢٥٢

وا ئەگێڕنەوە دو پیاو ئەبن بەهاوڕێ یەکەم(زانست) دوهەم ناوی(بەخت)ئەبێ ڕۆژێك
ئەکەونە گفتوگۆ کە ئاخۆ کامیان کاری بەرزیان پێ ئەکرێ ئەیانەوێ خۆیان تاقی
بکەنەوە. تەماشا ئەکەن کابرایەکی باخەوان لە دوری دێ یەك پەموو ئاو ئەدا بەخت
ئەچێ بەلایەوە وە چاکو خۆشی لێ ئەکاو ئەگەڕێتەوە لای زانستی هاوڕێ زۆری پێ
ناچێ باخەوان لەکاتێکا لە ناو پەمووەکەدا بێلٙ کاری ئەکا خشتێکی ئالتون کە وەك
ڕۆژ ئەبریسکێ تەوە ئەدۆزێتەوە. گورج لە ئانەبەرەکەیەوە ئەیپێچێتەوە وە لەبن توتڕکێکا
ئەیشارێتەوە. دوای کەمێ دوو پیاوی میری بەسواری لەخوار پەمروەکەوە رائەبورن
باخەوان لە دلی خۆیا ئەلێ: ئەبێ ئەم دوو سوارە پێ یان زانی بێ کە من ئەم خشتەم
دۆزیوەتەوە ئەگەر بێتو خەبەری میریم لێ بدەن ئەم گرن. واچاکە پێیان بلێم کەوا ئەم
خشتەم دۆزیوەتەوە خەریك ئەبێ قسە بدرکێنێ زانست فریای ئەکەوێ قسەکەی پێ

ئەگۆڕێ ئەڵێ: ئێوە پیاوی میرین لەکارو بارا شارەزان ئەمساڵ ئەم زەویەم کردووە بە پەموو، پەمووەکی باشی هێناوە . ئەی ساڵێکی تر بیکەم بەچی؟

ئەڵێن : بیکە بە نۆك ، نۆکەحۆڵە کە دینی یەکو سەد ئەبرێ . باخەوان ئەگەڕێتەوە سەر ئاوەدانی پەمووەکەی.

هەمیسان لە دڵی خۆیا ئەڵێ: ئەم دوو پیاوەی میری گومانی تیا نیە ئەبێ ئاگاداری ئەم کارە بن رائەکا بەدوایانا کە خەبەریان بداتێ . زانست خۆی ئەگەیێ نێتێ قسەی پێ ئەگۆڕێ ئەڵێ : بەقوربانتان بم دوای ئەوەی کە بەرەچەی نۆکەکەم دەست کەوت ساڵی ئایندە زەوی یەکەم بکەم بەچی؟

ئەوانیش لێی تورە ئەبن ئەڵێن: بەچی ئەکەی بیکە ملت ئەشکا بۆچ ئێمە لە قوتابخانەی کشتوکاڵ=کلیەی زراعە، خوێندومانە؟

باخەوان ئێوارە بەرەو ماڵ ئەبێتەوە خشتەکە ئەدا بـە(خانزاد)ی ژنی ئەڵێ: ئەمڕۆ ئەم خشتە ئاڵتونەم لە ناو پەمووەکەدا دۆزیەوە سبەینێ ئەیبەم بۆ حاکم چونکە گومانی تیانیە کە حاکم زانیویەتی من ئەم خشتەم دۆزیوەتەوە خانزاد لەبێ ئەقڵی مێردەکەی شارەزا ئەبێ بۆ قورسایی خشتە ئاڵتونەکە خشتێکی بەرد لە نان بەرەکەیەوە ئەپێچێ تەوە خشتە ئاڵتونەکە ئەشارێتەوە . سـبەینێ کە دائیرە دائەنرێ باخەوان بێئەوەی بزانێ نانەبەرەکەی چی تیایە ؟ ئەیخاتە بن دەسـتی و ئەچێ بۆ لای حاکم .تەق لەسەرمیزەکەی دائەنێ.

حاکم ئەپرسێ:کوڕە ئەمە چییە هێناوتە ؟کە ئەیکاتەوە بەردێکی چوارگۆشەی هوقە و نیوی یە ،زانست بەفریای ئەگا ئەڵێ : قوربان ئەم بەردەم هێناوەتە خزمەتت خانزادی ژنم ئەڵێ: هوقەو نیویکە وە منـیش ئەڵێم: پێنج ئێزرەمە هێناومە بۆم بەراورد بکەی.

حاكم لیّ تورە ئەبیّ ئەڵیّ: کورە تۆ شێت بووی؟ سەنگو تەرازو بەراوردکردن ئیشی دائیرەی شارەوانی=بلدیەیە، حاکم گاڵ ئەدا بیکەنە دەرەوە. بەڵام یەکیّ لە پیاوەکانی حاکم ئەڵیّ : ئەم ئیشە وانیە.

هەبیّ و نەبیّ شتیك رووی داوەو ئەم کابرایە سەنگی لیّ گۆڕاوە باخەوان دائەنێن و ماوەیەك حپسی ئەکەن راستی نالیّ. ئەیانەویّ تاقی بکەنەوە بزانن شێتە یان نا؟ دە سەر مەڕی ئەدەنیّ بیلەوەڕێنیّ ئەڵێن بزانین ئێواریّ مەڕەکان بەتەواوی ئەی هیّ نێتەوە باخەوان یەکیّ لە مەڕەکان ئەباتە ماڵەوە سەری ئەبڕیّ لەگەڵ خانزادی ژنی دەست ئەکەن بە گۆشت خواردن ئێواریّ کە مەڕەکاندیّ نێتەوە سەیر ئەکەن نۆیە یەکێکی نەماوە. پیّ ی ئەڵێن : مەڕەکان نۆی ماوەتەوە یەکێکی دیار نیە کابرای باخەوان پیّ دائەگریّ ئەڵیّ: دەی تەواوە، ناچار دە نەفەر ئەهێنن رایان ئەگرن وە پیّ یان ئەڵێن : هەر یەکەو مەڕێك بخاتە بەردەمی دیارە دەیەم بەری ناکەوتوە. پیّ ی ئەڵێن ئەوە چی یە نەفەری دەیەم مەڕی بەر نەکەوتووە مەڕەکان نۆیە. باخەوان لەوەراما ئەڵیّ: دیارە ئەو نەفەرە تەمەڵە خۆ دەستی نەشکابوو ئەویش مەڕێکی بفڕاندایە. ئەمجا تێدەگەن کە ئەم کابرایە شێتە وە بەری ئەدەن، ئەمجا لەمەوە دەرئەکەوت بەخت زانستی لەگەڵ نەبیّ و زانستی بەختی لەگەڵ نەبیّ هیچیان بەکەڵك نایەن. ژ/ ١٢٥٢

**تێبینی لە ژمارەی١٢٥٣چیرۆك نیە.**

١٩. ئەی منالانی خۆشەویست ئەم چیرۆکە هەڵبەستراوی (پیرەمێردی نەمرە)بیخوێننەوە بۆتان دەرئەکەویّ بۆتان دەر ئەکەویّ کە سامان دەست أنسانی رژدو نەزان بکەویّ نازانیّ بەکاری بێنیّ مەگەر زانست رەهبەری بکا؟ ژ/١٢٥٤

## لەغاوی شەیتان

مام چەوەندەرەی زێڕینۆکی پیرێ بوو دایم ئەکۆکی
شێفی ئەبڕی لە(وێڵەدەر) بەردێکی گەورەی هاتە بەر
نوکی گاسنەکەی تێ گیران بەردەکەی لەجێ خۆی جوڵان
کونێکی زلی لێ دەرکەوت تاریك و قوڵ بو وەك ئەشکەوت
بەپێ پلیکە چووە خوارێ هەر رویی تا گەییە غارێ
حەوت کوپەی ئەڵماسو گەوهر کەلەشێری ئاڵتون لەسەر
سەری کوپەیێکی لادا ئەڵماس شەوقی وەك چرادا
سەری کوپەکەی قایم کرد دەستی بۆ ئەڵماس ئەبرد
ئێوارە هاتە ماڵەوە بەخەپلەی هەرزنی تاڵەوە
ملی راکێشا وەك گا جووت جلەگای راخستو لێ ی نوست
سبەینێ رۆژی لێ بووە وە وەك رۆژان بو جوت چووە وە
جار جار سەری خەزنەی ئەدا تا ساڵێ دەستی لێ نەدا
بەهار هات وەردی دایەوە ماندو بوو پاڵی دایەوە
روانی گورگێ لە چەمەوە وا هات چشتێ بەدەمەوە
لێ ی راپەڕی بە پلارێ چشتەی لەدەم خستە خوارێ
کەدی منداڵێکی بچوکە چاو داقڵیشاو بز بزۆکە
داینا ئەختێ بوژایەوە ئەم جا کە چو بەلایەوە
وتی: بەسوك تێم مەڕوانە باوکم پاشای جنۆکانە
وا دێ بە هەزار سوارەوە جارێ منی لێ بشارەوە
کە وتی مژدە چیت ئەوێ مارەیی دایکمت بوێ
تێ فکری شای جنۆکان هات وتی: کوڕم چی لێ هات

تاجی شاهیم بەسەرەوە بۆ تۆ کورِم بدەرەوە
جوتیار وتی : لەتاج گەڕێ مارەیی دایکیم بدەرێ
بانگی کرد هەردو گوێچکەی گرت بەسەریا خوێند لە هۆش خۆی برد
مستە کۆڵەی دا لەسەری لەغاوی لەدەم دەرپەڕی
هەڵی گرت و گەڕایەوە مام چەوەندەرە مایەوە
هاتە هۆش خۆی واقی وڕما وتی: یاران چیم لێ قەوما
بەشوێن کلکی گادا وێڵم ئەم دەشتە بۆکێ ئەکێڵم
من گەنجی بێ ڕەنجم دەست کەوێ بۆچی بیکەم بەپاشەکەوت
چو سەری خەزنەکەی لابرد هەردوو گیرفانی لێ پڕکرد
هاتە شار بەدزیەوە زەڕەنگەرێکی دۆزیەوە
ئەڵماسێکی پێ نیشان دا جووە شێت بوو لە تاواندا
بە پێنج سەد لیرەی سەوداکرد دایەو خانوێکی پەیدا کرد
ئەمجا زۆر جوان ئەژیا بەشاد خەفەت و قاری ئەدا بەباد
هەرچی رژدە و کەم ئیحسانە لەغاو کراوی شەیتانە
دەستی هاوجنسی خۆی نەگرێ تێر لەماڵی ناخوا ئەمرێ
ماڵ دەست مێرد و ژن ئەکەی بەزم و رەزم ئەبێ هەر شەوی ژ/١٢٥٤

## ٢٠. ئاوکێش و تەختەیەکی جادو ز/١٢٥٥

یەکێ بوو یەکێ نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو وەکەس لەبەندەی خراپ ڕوورەش تر نەبوو.

لەزەمانی دێرینا شارێکی ئاوەدان و خۆش هەبوو لەدەرەوەی ئەم شارە سەرچاوە ئاوێکی خۆشوشیرین هەبوو کە پێ یان ئەوت(چاوەی شیرین) زۆرتر خەلکی ئەم شارە ئەیان نارد بە کوندە لەوێوە ئاویان بۆ ئەهات پیاوێکی هەژاریش کەناوی(بەختیار)بوو لە نزیك سەرچاوەکەوە قۆختە=خانویەکی پچوکی دروست کردبوو خۆی و خێزانەکەی لەوێدا ئەژیان ئەم پیاوە کەرێکی هەبوو بە رۆژ بە جوتە کوندە ئاوی ئەکێشا بەوە گوزەرانی مالو منالەکەی پێك ئەهێنا دراوسی یەکیشی هەبوو کە ناوی(بەدبەخت)بوو، ئەم بەدبەختە پیاوێکی دوو زبان و قسەچن بوو بەرۆژ لەشارا ئەگەڕا هەر قسەیەکی خەلکی بەرگوێ بکەوتایە دە ئەوەندەی تریشی پێوە ئەنا وە لە ترش و خوێدا سووری ئەکردەوە شەو ئەچوو قسەکانی بۆ(دارۆغە=مراقبی شار) ئەگێرایەوە بەوە خۆی ئەژیاند.

ئێوارەیەك(بەختیار) لەسەر چاوەکە کوندەی پڕ ئەکرد تارمایی یەکێ بەدی کرد کەلێ ی نزیك بووەوە بینی پیرەمێردێکی لاوازی نەخۆش خۆی داوە بەسەر گالۆکەکەیا بە ئاستەم هێزی تیایە بەرێدا دێ لەدوای چاکو خۆشی رووی کردە بەختیار وتی: سواری کەرەکەتم بکە بمبە بۆ ناوشار خوا پاداشتت ئەداتەوە. ئەویش دلی پێ سووتا چووە ژێر بالی سواری کردو بردی بۆ ناو شار وە پرسیاری لێ کرد مالەکەتان لە کوێ وەیە تا بۆ ئەوێت بەم ؟

پیرەمێرد وتی: من مالم نیە شەخسێکی غەریب= ئاوارەم. بەختیار بەزەیی پیا هاتەوە بردیە مالی خۆی خۆراکی دەرخوارد داو وە لە گۆشەیەکەوە نوێنی بۆ راخست و نواندی. لە نیوەشەوا پیرەمێردەکە بانگی کردە بەختیار وتی : من چەند دەقیقەیەکم

ماوه لەلاتان بەڵام جزدانێکم لەباخەڵایە دوای مردنم بیکەنەوە گەنجێکی تیایە کەهەرگیز دوایی نایێ . ئەمەی وت و لە دوای کەمێ بەدرودەوە گیانی دەرچوو.

دوای ئەوە لاشەکەیان ناشت بەختیار جزدانەکەی کردەوە کە تەماشای کرد بێجگە لە پارچە تەختەیەکی پچوك کە چەند خەتێکی پێچو پلوچی لەسەر نوسرابوو وە مۆمێکی کافوری کە بۆنێکی خۆشی لێ ئەهات هیچی تری تیا نەبوو. دوای بەینێك بەختیار پارچەتەختەکەی برد بۆ لای زانا=عالمێکی شارەکە وتی: ئەم نوسراوەم بۆ بخوێنەوە زاناکە لەدوای وردبونەوە و سەرنج دانێکی زۆر وتی:

ئەم پارچە تەختەیە پاشماوەی کۆشکی پادشایەکە کە هەزاران ساڵ لەمەو پێش زیندەگانی کردووە وە ئەو کۆشکە سەعاتە رێ یەك لەشارەوە دوورە بنچینەکەی ئێستەش ماوە ئەگەر بچیتە ئەوێ کونێکی زل دەر ئەکەوێ کە بەپێ پلکە ئەچیتە خوارەوە لەوێدا سندوقێکی ئێجگار گەورەی تیایە کە پڕە لە زێڕ و جەوهەرات بەڵام پێویستی بە مۆمێکی کافوری جادوو هەیە کە بۆنێکی خۆشی لێ دێ هەرکاتێ ئەو مۆمە داگیرسا دەرگای سنوقەکە ئەکرێتەوە لەگەڵ کوژانەوەی مۆمەکە سندوقەکە دائەخرێ.

بەختیار وتی: ئەو مۆمە لەلای من هەیە ئەگەر رابەریم بکەی ئەو گەنجینەیە بدۆزینەوە هەرچیەکی تیابێ ئەیکەین بە دوو بەشەوە . لەسەر ئەمە برِیاریاندا .

بەختیار چوو مۆمەکەی هێنا وە لەگەڵ زاناکەدا چونە کۆشکە وێرانەکە لە کونەکەوە بەپێ پلکە چونە خوارەوە مۆمەکەیان داگیرساند سندوقەکە کرایەوە بە ئاسانی گیرفان و جەوالیان لە زێڕ و جەوهەرات پڕکرد وە کە مۆمەکەیان کوژاندەوە سندوقەکە داخرا (بەختیار)و(زانا) بەبەختیاری گەرانەوە شار ئەمجا بەختیار بەە بە بەختیاری راستەقینە دەستی کرد بە دروست کردنی کۆشکو خانو بەرەو بازرگانی(بەدبەخت) ی دراوسێ کەبەمەی زانی هەڵسا چو بۆ لای (داروغە)و وتی: ئەم کابرا ئاوکێشە لەبرسا ئەمرد ئێستە چۆن وا کوتوپڕ بو بەخاوەنی ئەم سامانە؟هەبێ و نەبێ گەنجینەی دۆزیوەتەوە .

دارۆغە ناردی بەختیاریان هێنا لە ژوورێکا بەستیەوە دەستی کرد بە دارکاری کردنی وتی: ئەبێ پێم بڵێ ی ئەم سامانەت لەکوێ بوو؟

بەختیار ناچار سەرگوزەشتەی بۆ گێرایەوە وتی: ئێستاش ئەو گەنجینەیە بە ملیون زێڕ و جەواهیراتی تیاماوە . بەختیار دارۆغە و بەدبەختی بردە سەر گەنجینەکە مۆمەکەی داگیرساند سندوق کرایەوە وە پێ ی وتن : هەردوکیان بچنە سندوقەکەوە.

کاتێ چوونە سندوقەکەوە گوززی لێ داگرتن ، بەختیار مۆمەکەی کوژاندەوە دەرگای سندوق هاتەوە یەك وە داخرا بەو جۆرە دارۆغەو بەدبەخت هەردوکیان لەوێدا خەفەبون و تاسان بە ئاسان. ژ/١٢٥٥

**تێبینی / لە ژمارەی ١٢٥٦ چیرۆکی بڵاونەکردۆتەوە.**

.....................................................................

**٢١. خەوێکی درێژ ١٢٥٧**

ئەی منالانی خۆشەویست تێ بگەن کەسایەی نیشتمان و میهرەبانی باوکو دایك چەند خۆشە. وە ئەگەر هاتو کەسێك لەئێوە لە نیشتمان و خێزانی خۆی رووی وەرگێرا وە رووی کردە دیاری بێگانە وەك مەلی پەڕو باڵ شکاوی هێلانە واز سەرگەردانە کەوابوو پێویستە لە سەرتان دەربارەی نیشتمان و گەلو دایکو باوکتان و دڵسۆزبن و لەم چیرۆکەش پەند وەرگرن:

وا باس ئەکەن لەدێ یەك لە دێ یەکانی پشت کێو پیاوێکی بەتەمەنی باخەوان چەند پارچە زەوی یەکی بەراو و باخێکی خۆشی پڕ لە درەختی میوەداری هەبوو لەگەڵ هەشت نۆ سەر مەڕ و بزن وە لە قۆخەڵێکی بچوك کە لەنزیك باخەکەیەوە دروستی کردبو، خۆی و خێزانەکەی زیندەگانیان تیا ئەکرد وە لە زەوی رەق بەری رەنجی شانو ئارەقی ناوچەوان پێکی ئەهێنا گوزەران، بۆ ماڵ و خێزان .

ئەم پیاوە کوڕێکی هەبوو ناوی(جوامێر) بوو لە تەمەنی حەوت ساڵی بەوە باوکی فێری فرمانی ئاژەڵ بەخێوکردن و کشت و کاڵی کردبوو ،بەرۆژ لەبەیانی یەوە تا نیوەڕۆ لەکێڵگە یاریدەی باوکی ئەدا دوایی ئەچووە لای مامۆستایەکی زانا کە لەدێیەکەدا قوتابخانەی هەبوو دەرسینەخوێند تا تەمەنی گەیشتە چواردە ساڵی وای لێ هات گۆڤار و رۆژنامە بخوێنێتەوە .

کە گۆڤارو رۆژنامە بۆ مامۆستای ئەهات وەری ئەگرت و ئەیخوێندەوە، بەم هۆیەوە ئەیزانی کە ژیانی شارستان لەگەڵ ژیانی دێهاتا فەرقێکی زۆری هەیە لە دڵی خۆیا ئەیوت خەڵکی شار هەمرخاوەنی سامان و کۆشکی جوان و جلوبەرگی خاوێن و خۆراکی خۆشن، شەو لەبەر چرای کارەبا دائەنیشن ، ئەچنە سینەما ، و بەئۆتومبێل ئەگەڕێن ، بۆچی من بە خانویەکی گڵێن وە نانی جۆ و جلو بەرگی جاو و کەڵاشێکی چەك قایل بم، واچاکە روو بکەمە شارستان.

رۆژێك جوامێر بێ ئەوەی پرس بە باوکو دایکی بکا رووی کردە شار لەبەیانی یەوە تا نیوەڕۆ شاخ و هەردەو چۆڵی بڕی و برسیەتی و ماندوبەتی زۆری بۆ هێنا بینی لەبن دارمازوارێکی گەورەدا کاروانێك باری خستووە وا خەریکی نان خواردن و حەسانەوەن، جوامێر چووە پێشەوە رۆژباشی لێ کردن رووی کردە سەرەکی کاروانەکە وتی: من کەسێکی نەشارەزام تکات لێ ئەکەم بمکە بەشاگردو نۆکەری خۆت لەکارو بارا یاریدەت ئەدەم.

سەرەکی کاروان وتی: ئەگەر بەڵێنم پێ بدەی تا ئەگەینە شار لەراست کردنەوەی بار وەلێ خوڕینی وڵاخەکانا یاریدەم بدەی رات ئەگرم لەسەر ئەمە پەیمانیان بەست دوای کەمێ سەرەك سەتڵێك و پەتێکی دایە دەست جوامێر، وتی: لەو دیو ئەو یاڵەوە بیرێکی لێ یەبرۆ ئەم سەتڵە پڕبکە لە ئاو بیخۆینەوە، جوامێر کەچوو سەتڵەکەی بە پەتەکەدا دارۆچکەی بیرەکە کرد هەتا پڕبوو ویستی هەڵیکێشێ هەرچەندی کرد سەتڵەکەی لەبەر قورس بوو هەڵنەکێشرا وەلە بیرەکەدا بەجێ ما، کە جوامێر هاتەوە سەربوردی

خۆی گێڕایەوە سەرەك دەستی کرد بە لێدانی وە چەند شەپازلەیەکی لێدا وەدەری کردو وتی: تۆ بەکاری کارو بار نایەی بڕۆ.

جوامێر لەکاروانەکەی لادا بەبێ بەلکەکوێرە ڕێ یەکی گرتە بەر وە دەستی کرد بە ڕۆین ماوەیەکی دور و درێژی بری تا نزیکی ماڵ نوستان بە ماندوبەتیو برسیەتی گەیشتە شار کەسەیری کرد دوکانو بازاڕ هەڵگیراوە وە لەشەقاما هاتوچۆکەر کز بووە تەنها پیاوێکی ریش سپی بازرگان چرای ئەسوتێ ئەویش خەریکە کەلوپەل ئەپێچێتەوە و دوکان هەڵ ئەگرێ.

جوامێر چووە پێشەوە شەوباشی لێ کرد وتی: مامەی بازرگان من منالێکی بێ کەس و ئاوارەم لەم شارەدا کەس ناناسم ئەمەوێ بمکەی بە شاگردی خۆت وە هەر کارێ گران بێ بۆت پێك ئەهێنم.

بازرگان وتی: من بە چرای گەرچەکەوە بەشوێن یەکێکی وەك تۆدا ئەگەڕام وا خوا تۆی بۆ رەخساندم چونکە من لەم ژیانە کوڕم نەبووە وە ئیمە تۆ ئەکەم بە کوڕی بەم هۆیەوە کە تۆ لادێ ی بیت وەمنیش زۆر بە حەز بەراگرتنی ئاژەڵو چوارپیان ئەکەم چەند سەرێك مەڕو رەشەوڵاخم هەیە بۆم بەخێو بکە ، هەردووکیان لەسەر ئەمە پێك هاتن ، بازرگان کوڕەکەی بردەماڵەوە جلوبەرگی باشی دایە لەبەری ئەوە خۆراکی خۆش تێری کرد.

شەوی ئایندە بازرگان بە جوامێری وت: ئەبێ ئەم شەو لەپشتێر ئێشك بگری چونکە یەکێك لە بارنەکان نەخۆشە ئەگەر زانیت ئەمرێ سەری بڕە تا مردار نەبێتەوە گۆشتەکەمان لەکیس بچێ.

جوامێر کێردێکی هەڵ گرت چووە پشتێر لەنیوە شەوا خەو زۆری لێ سەند چاوی خەواڵو بوو یەکێکی لەچوارپێ کان دی کەلەسەر زەوی کەوتووە وای زانی بارنە

نەخۆشەکەیە سواری بوو سەری بڕی کە سبەینیٚ سەیریان کرد (ئێسترە عنابی سەربڕیوە وە پارێنەکەش مرداربۆتەوە)

بازرگان بە شولێکی تەڕ هەتا توانی لەجوامێری دا، جوامێر لەئازاری لێدانەکە لەخەو خەبەری بووە وە کەسەیری کرد لەژوورەکەی خۆیایەتی و ئەم دەردو ئازار و ئاوارەیی یە هەموی خەو بووە دیویەتی و هەرچی بەسەر هاتبو بۆ باوکی گێڕایەوە وە پەیمانی کرد بەهیچ جۆرێك بیٚ گوێی باوکی نەکا وە لەنیشتمان دور نەکەوێتەوە.

.......................................

**٢٢. دا پیرە و مام ڕێوی** ژ/١٢٥٨

ئەی منالێنە ئەم چیرۆکەی خوارەوە چیرۆکێکی ناو خۆمانە لەوەختی خۆیدا لەلایەن(پیرەمێردی نەمر) ەوە کراوە بە شعر ،ئەم چیرۆکە دوو کەڵکی هەیە:

یەکەم : چۆنیەتی ژیانی کۆمەڵایەتی ،

دووەم: بۆتان دەرئەخا کە دزی و درۆزنی و گەڕ و گێچەڵ ئەنجامی بۆشە:

**دا پیرە و مام ڕێوی**

| | |
|---|---|
| پور تلیخان بزنیکی بوو | سبەینان بۆ بیٚرە ئەچوو |
| کیتەڵەی ئەبرد ئەیدۆشی | لەماڵەوە دای دەپۆشی |
| رۆژیٚ مام رێوی دۆزیەوە | سەری لادا بە دزییەوە |
| ملچە ملچ شیری هەڵقوڕان | پۆرتلیخان کلکی پەڕان |
| رێوی رایکرد بۆ ناو رێوی یان | لیٚیانکرد بە چەپڵە رێزان |
| هەی رێوی کلکی بڕاوە | هێجگاری ئابڕوی تکاوە |
| رێوی هاتە لای تلیخان | لێی پاڕایەوە بە گریان |
| وتی: کلکە قوڵێم وێدە | داپیر وتی:شیرم پیٚدە |
| رێوی وتی : شیرم نییە. | داپیر وتی : ئەی بز چییە |
| رێوی رۆیی سەری کزکرد | خوازێنی شیری لە بز کرد |

وتی: بز شیر وەداپیر داپیر دا　　داپیر کلکە قولێم وێدا
بز وتی: دار گەڵا دا　　گوانی بز لە شیر قەڵادا
ئەنجا بز شیر دا بۆ داپیر　　کلکە قولێت بێتەوە گیر
رێوی هەڵسا چوو بۆلای دار　　گریاو دەستیکرد بە هاوار
دار وتی: با کانی ئاو دا　　لقی من سەوز بێ و گەڵا دا
رێوی رویکردە لای کانی　　مشۆری بەر ئەویش هانی
کانی وتی: کیژ چۆپی کا　　ئارەقی خۆی لە کانی کا
کانی ئەوسا ئاو بۆ دار دا　　دار سەوز بێ و گەڵا بەباردا
گەڵا بۆ بز بێ بز شیردا　　لەتۆڵەی شیری داپـیـردا
داپیر شیری دی لە جێدا　　ئەوسا کلکە قولێ ویـدا
هاواری بۆلای کیژ هانی　　کیژان بێنێ بۆ سەر کانی
کیژان کەوشی سوریان ئەبو　　پەنای بردە لای کەوش درو
کەوش درو ناردیە لای مامر　　هێلکەی بۆ بکا بە قـرە قـر
مامر دانی لـێـداواکـرد　　هاواری بەر جوتـیـار بـرد
جوتیار دانی دا بە مـامـر　　مامـر چیکلدانەی بـوو پـڕ
بە گارەگار هێلکەی بۆکرد　　بۆ وەستای کەوشفرۆشی بـرد
وەستا کەوشی بۆ کیژ درو　　کـردیـانـە پێیان زوو بە زوو
چۆپی لەسەر کانی کرا　　لـەکـانـی ئـاو بـۆ دار بـرا
دار گەڵای دا بز شیری دا　　رێوی شیـری داپـیـرەی دا
داپیر کلکە قولێی دایەوە　　بە بنێشتە تاڵ گیرسایەوە
رێوی چوە ناو رێویان　　لێیان کرد بە گاڵتە کێشان
وتیان بۆنی بنێشتە تاڵ دێ　　دەریانکرد هاتەوە بۆ دێ

دەستیێ جلی جوانی دزی — کردیە بەر بەدەعیەو فیزی
هاتە ناو ڕێویان زوو بە زوو — وتیان هەی ئەمەت لەکوێ بوو
وتی : لەبن گۆمێکایە — سەد ئەمەندەی دی تیدایە
وەرن بچین نیشان تاندەم — وەك من دەری بێنن بە دەم
بردنیە سەر گۆمی سەر ئاو — یەکێکیان خۆی خستە بن ئاو
بە بلقە بلق ئەو دەخنکا — ئەم دەیوت: وا بانگتان ئەکا
هەمرو خۆیان تێفڕێدا — بەجاریێ خنکان لەوێدا
ڕێویش دنیای ئەبردە سەر — کردەی بەدی خۆی هاتە بەر
راوکەرێکی لێپەیدابوو — گۆشت و بازاری کوتابوو
هەرچی وەك ڕێوی فێلبازبێ — توش ئەبێ نابێ دەربازبێ

..............................

### ٢٣. (ڕێ) و (بێ ڕێ) ١٢٥٩

ئەی منالانی زیرەکو وریا کاتێك بتانەوێ لەگەڵ کەسکا بن بە هاوڕێی هەتا ڕەوشتو خووی تاقینەکەنەوە مەبن بەهاوڕێی وە خۆتان لە هاوڕێی درۆزن و بێئەمەك و سپلە بپارێزن وە توخنیان مەکەون وە لەم چیرۆکەش پەند و ئامۆژگاری وەرگرن. لەفارسیەوە بەدەسکارییەوە

### (ڕێ) و (بێ ڕێ)

یەکێ بوو یەکێ نەبوو، لەزەمانی پێشین دا دوو پیاو هەبوو یەکەم ناوی (ڕێ) راستگۆ و سەر راستبوو ، دووەم ناوی (بێ ڕێ)درۆزن و چەوت و ناراست بوو، ئەم دوو برادەرە بەجۆرێك پالیان دابوە یەك وە یەکتریان خۆشئەویست مویان بەبەینا نەئەچوو.

ڕۆژێك سەریان دایە یەك کەبچن بۆ (جیهانگەردی=سیاحەت) هەریەك کەمەربەندی خۆی پڕکرد لە زێرو دراو(ڕێ)و(بێ ڕێ) کەوتنە ڕێ، وادی بەوادی تەختی مرادی شاران ئەگەڕان بەخۆشی و شادی بەم پێیە تا چەند شارو دیارە ولاتیان تەی کرد

رۆژێك لەدەمی ئێوارەدا گەیشتنە جەنگەڵو بێشەیەك کە ماوەی دوو سەعاتی مابو بگەنە شار، کانی وئاوێکی خۆشی لێبوو دانیشتن بۆ ئاوخواردنەوە و حەسانەوە(رێ) رویکردە(بێ ڕێ) وتی: لەم گەشتو گوزارەدا هەرچی دراوێکم پێبوو هەمووییم خەرج کرد وە پێکەوە خواردمان ئەمجا نۆرەی تۆیە دەست بکەی بە خەرجکردنی.

(بێ ڕێ)لەوەرما وتی: من پولێك خەرج ناکەم. ئەمەی وت و لێی جویێ بوەوە، (بێ ڕێ)بەبێ ڕێدا ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت، (ڕێ )ی هاوڕێی جێهێشت.

(ڕێ)ی هەژاریش بەبێ پارە و پولو هاورێ لەسەر کانی و ئاوەکە بەتاقی تەنیا مایەوە لەتاریکو لێڵەی شێواندا لە دوور نەڕە شێرێك ئەهات کە هەرچی دڕندەو جانەوەرانی کێوی هەیە بەدوایەوە بوون.(ڕێ) لەترسی ئەم دڕندانە لەپەنا تاوێرە بەردێکا خۆی حەشاردا ، زۆری پێنەچوو شێر بەخۆی و دڕندەکانەوە هاتنە سەر کانی و ئاوەکە لەوێدا (ئەنجومەن=مجلیسیان گرت) شێر رویکردە کۆمەڵی جانەوەران وتی: بەبۆنەی (جەژنی نەورۆز) ەوە کە ئەمشەو سەری ساڵی تازەیە وە لەدەست جەورو ستەمی بەفرو بەستەڵەکی زستانرزگارمان بووە ئەبێ زەماوەندێك بگێرین وە ئەبێ هەریەك لەئێوە چیرۆکێك بگێڕێتەوە، لەپێشا رووی کردە ڕێوی ،ڕێوی بەرلەوەی دەست بە چیرۆك بکا رووکردە شێر وتی: ئەی خاوەنی شکۆ لەبن ئەو بەردەدا گۆزەیەك(ئەشرەفی) زێڕ هەیە کە مشکەکوێرەیەکی لەسەرە بەرۆژ ئەم مشکەزێڕەکان ئەهێنێتە دەرەوە لەبەر هەتاو دایان ئەنێ وە یاریان پێئەکا ئێوارە زێڕەکان یەکەیەکە ئەکاتەوە گۆزەکە.

دوای ئەو کەروێشك هەڵیدایە وتی: ئەی پادشای گەورە (شازادە بانو) ی کچی پادشای چین توشی نەخۆشییەك بووە هەرچی پزیشکانی جیهان هەیە لێی کۆبونەوە چارەی نەخۆشیەکەیان پێنەکراوە پادشا بڕیاری داوە هەرکەس بتوانێ چارەی بکات کچەکەی لێمارە ئەکا وئەشیکا بە(وەلی عەهد=جێنشین)ی خۆی ، بەڵام بەرۆژ لەم مەڵبەندەدا شوانێك مێگەل ئەلەوەڕێنێ بزنێکی سپی بێنیشان لەناو مێگەلەکەدایە ئەگەر

چاکەبێتەوە، ئەوشەوە دڕندەکان لەوێ

شیری ئەو بزنەی بدرێ بە(شازادە بانو)

ڕۆژیان کردەوە و بەیانی بۆی دەرچوون.

کەتەماشای کرد مشکە کوێرەکە لەبن بەردەکەوە دەستی

دەمی هەتارکەوتن (ڕێ)

کرد بە زێڕ دەرهێنان نزیکەی هەزار زێڕێکی دەرهێنا (ڕێ) بەسوکی هەمووی کردە

کەمەربەندەکەیەوە، وە شوانەش بەخۆی و مێگەلەکەیەوە پەیدا بوو (ڕێ) بزنە سپیەکەی

بە دوو زێڕ لێکڕی و دایە پێش خۆی وە خۆی گەیاندە بەردەرگای کۆشکی پادشای

چین لەپاسەوانی تایبەتی دەستوری خواست چووە بەر دەمی پادشا و وتی: من

پزیشکێکی زۆر بەتوانام و خەڵکی وڵاتی ڕۆژئاوام ئەتوانم شازادە بانو لەم نەخۆشییە

ڕزگار بکەم.

پادشا بەڵێنی دایە ئەگەر بێتو ئەم ئیشەی لەدەست بێ شازادە بانوی لێمارە بکا و

بیشیکا بە وەای عەهد= جێنشین ی خۆی.

(ڕێ) شیری بزنە سپی دەرخوارد کچەکەدا هەرئەوکاتە چاوی هەڵهێنا و کەوتە

قسەکردن کەساڵێك بوو نەیئەتوانی قسە بکا، بەچەند ڕۆژێ کچەکە هاتەوە دۆخی

جارانی.

پادشایش بەڵنەکەی بەجێهێنا بەشایی و زەماوەندێکی گەورە کچەکەی لێمارەکرد و

کردیشی بە جێنشینی خۆی.

ڕۆژێك (ڕێ) لەپەنجەرەی کۆشکەکەیەوە تەماشای کۆڵانی ئەکرد بینی(بێ ڕێ) نەخۆش

و لاواز لۆژلۆژ بەپەرێشانی خۆی داوە بەسەر گالۆکێکا وا بەرێدا دێ بەفەرمانی دا

بەنۆکەرەکەی: ئەو پیاوە بیەن بۆلای پادشا هەتا خۆم دێم. کاتێ چووە بەردەمی پادشا

، پادشا پرسیاری لێکرد کە تۆ پیاوێکی دەوڵەمەندبووی ئێستا بۆ وا سەرگەردان و

پەرێشان بووی؟ (بێ ڕێ) لە وەراما وتی: من هاوڕێیەکم هەبوو ناوی (ڕێ) بوو هەر

سامانێکم هەبوو دەرخواردی ئەوم دا ئەویش هیچ پاداشتی نەدامەوە و یاریدەی نەدام

ئەمەی دی ئەمە بیست ساڵە من لەناو پەینا ئەنوم ، خۆراكێكی خۆشم نەخوارد، شەربەتێكی شیرینم نەنۆشی و دەستە جلێكی تازەو خاوێنم نەپۆشی ، ئێستاش پارەیەكی زۆرم كۆكردۆتەوە ، بێوەستان چووە بازاڕ دەستە جلێك بە هەموو تڕو تفاقێكەوە كە پەسەندبێ شازادەكان لەبەری بكەن سەودای كردو كڕی و چووە گەرماوێك چڵك و كرێشی بیست ساڵەی لەخۆی كردەوەو هاتە دەرەوە بەرگی نایابی پۆشی پارەیەكی زۆری تەخشان و پەخشان كرد بەسەر ئەو كەسانەدا كە خزمەتیان كردبوو، دەنگ بڵاوبووەوە كە شازادەیەك هاتۆتە ئەم شارە ئەم قسەیە بەرگوێی فەرمانداری شار كەوتەوە فەرمانداری فەرمانی دا كە ئەم شازادەیەی بۆ بانگ بكەن كاتێ گەیشتە دیوان، فەرماندار پێشوازی كرد و زۆر ڕێزی گرت ئێوارە پێكەوە نانیان خوارد دوایی فەرماندار ڕویتێكرد وتی :

جەنابتان كێن و لە كوێوە دێن ؟

سەركەش لە وەراما وتی : من كوڕی پادشای (هندستان)م و لەباوكم تۆراوم . فەرماندار نامەیەكی نوسی و بە (تەتەر)ێكا ناردی بۆ پادشا كە نامە گەیشتە دەست پادشا وتی : خۆ من هیچ كوڕم نیە هەركەس هەیە بۆخۆشگوزەرانی خۆی بەمندا هەڵواسیوە واچاكە بێدڵی نەكەم بەدەریادا كەشتی تایبەتی بۆنارد و سەركەشی بانگ كردە لای خۆی و كردی بەجێنشین و كوڕی خۆی، كچەكەیشی لێمارەكرد.

ژ/١٢٦٠

## ٢٥. (ئاغا گورگە) ی (گورگەدەر) و مامەی جوتیار ١٢٦١

ئەی منالانی زرنگ و وریا لەم چیرۆکە وردبینەوە بۆتان ساغ ئەبێتەوە کە زۆردار و
بێبەزەیی وەك لای خەڵك خوار و ریسوایەو وە لە رێزو خۆشەویستی بێبەشە هەروەها
لەلای خوایش رورەشە.

یەکێ بوو ، یەکێ نەبوو ، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، لە گوندی گورگەیەر ترد
گورگێك هەبوو لە دەمی زستان . لە رۆژانی تەم و مژو با و باران. دوای ماڵ نوستان
. کلکی ئەخستە سەرشان خۆی ئەکرد بە ناو ئاواییدا ئەچووە پشتێری مەڕ و بزنەوە
مەڕێکی قەڵەوی ئەخنکان و تێری لە گۆشت و دووگەکەی ئەخوارد دوای ئەوەی ک
تێر ئەبوو لەسەر رەوشت و خوە بەدەکەی خۆی کە چاو برسیەتی و زۆرداری ب
مەڕەکانی تریشی ئەخنکاند و مرداری ئەکردنەوە بەم هۆیەوە خەڵکی گوندەکەزیانێکی
زۆریان لێکەوت راوکەرەکان لە هەموو لایەکەوە تەڵەیان بۆنایەوە کە بیگرن و
بەسزایەکی خراپ بیکوژن.

رۆژێك لەدەمی بەیاندا ئاغا گورگە تازە لەکون هاتبوە دەرەوە کلکی نابوە سەرشانی
وە لمۆزی کردبووە حەوا لەناو دارستانی قەراغ ئاوایی دا بۆ ملۆموش ئەگەڕا لەوکاتەد
بۆنی گۆشت هات بەلوتیا کەتەماشای کرد لەبن دەوەنێکا پارچەگۆشتێکی چەورو نەر
دانراوە لەپڕ هەڵمەتی دایەسەری کە بیخوا تومەز ئەمە چەشتە بوو لەسەر تەڵە دانرابو.
لەگەڵ تەقینی تەڵەدا هەردوو پێ وە دەستێکی پێوە بوو لەبەر ئەوەی گورگە زۆ
بەهێزو توانابو بە دوو سێ جار خۆراپسکاندن خۆی لەتەڵە رزگارکرد وە بەچیاد
هەڵگەڕا. راوکەرەکان کەلەوناوەدا خۆیان حەشاردابوو بە تفەنگەوە نیشتنە سەری لە
یاڵ بۆ ئەویاڵ ، لەم شیو بۆ ئەو شیو هەڵیان بڕی.

ئەوەندەی پێنەچوو پیاوێکی جوتیار کە ئەچوو بۆ کار جەواڵێکی دابوو بە شانیا و
تەورداسێکی بەدەستەوە بوو بەرێدا ئەهات گورگە شاڵاوی بۆبرد وتی: لەرێی خواد

چەند راوکەرێك بەشوێنمەوەیە ئەیانەوێ بمکوژن ئێستایش پەنام بۆ تۆ هێناوە لەم راوکەرانە رزگارم بکە.

جوتیار جەواڵەکەی لە شانی داگرت گورگەکەی تێچەسپاند و دای بەکۆڵیا. دوای کەمێ راوکەرەکان پێی گەیشتن وتیان: مامەی جوتیار بەم زوانەگورگێکت نەدیوە؟

جوتیار وتی: نەخێر هیچ گورگم نەدیوە.

چەند هەنگاوێك کەلەوان تێپەڕین گورگەکە وتی: زۆر سوپاست ئەکەم ئەمجارە بەرمدە. جوتیار جەواڵی لەکۆڵ داگرت و هێنایە دەرەوە. گورگەکە لەدەست ملۆزمەکانی قوتار بو چاوی بە روناکی کەوت کلکی بادا و رویکردە جوتیار وتی: ئێستا ئەڵێی چی لەتوپەتت بکەم و بتخۆم ؟

جوتیار وتی: بۆخاتری خوا کاری وام لەگەڵ نەکەی من تۆم لە مردن رزگار کردوە ئێستا پاداشم بە کوشتن ئەدەیتەوە ؟ ناچار جوتیار پاڕایەوە وتی : ئەوەندە مۆڵەتم بدە لەم ڕێگایە ئەگەر کەسێکمان دی ئەیکەین بە حاکم ئەو هەر بڕیارێك بدا من قایلم .
ئەوەندەی پێنەچوو گەیشتە مێرگێك کە ماینێکی لەڕ و لاوازی پیری لەکار کەوتووی یا کەوتبو کە بەئاستەم گیانی تیامابو ، جوتیار و گورگە چونە بەردەمی دوای چاکو خۆشی جوتیار سەرگوزەشتەی خۆی گێڕایەوە کە ئەم گورگەی لەپەنجەی مەرگ ڕزگار کردوە و ئەوسا ئەیەوێ بیخوا.

ماین هەناسەیێکی ساردی هەڵکێشا وتی: ئاه ... چی بکەم لەدەست جەوری چەرخی چەوت و هیچ ڕەفتار وە ئادەمیزادی زۆردار . من تەمەنم بیست ساڵە هەرساڵە جوانویەکم بۆ خاوەنەکەم هێناوە کە بەپارەیەکی زۆر فرۆشتویەتی وە خۆی و خێزانیم بە کۆڵی خۆم گێڕاوە ئێستا پیربوم و لەکارکەوتوم وە دەریکردوم. ئەمە ئەمەکی ئادەمیزادە بە گورگەی وت: بەمن ئەکەی هەرئێستا پارچەپارچەی بکە.

جوتیار وتی : تکائەکەم با شەرع بەرینە لای حاکمی دووەم دوای کەمێ توشی
گەماڵێکی رەق هەڵاتوی لەڕولاواز بون جوتیار دوای هەواڵ پرسی سەربوردی خۆی
بۆگێڕایەوە کە چۆن گورگەی رزگارکردوە و ئێستا ئەیەوێ بیخوا.
گەماڵیش وەك ماین هەناسەیەکی هەڵکێشا گلەیی خۆی لە ئادەمیزاد کرد وتی: ئەم
دەساڵە بەشەو رۆژ بەسەرماو گەرما پاسەوانیم بۆ خاوەندەکەم کردوە وە لە گورگ
دز و درۆزن پاراستومە ئێستا پیرو لاواز بووم وە لەماڵ دەرێکردوم وە بەگورگەی وت
بەقسەی من ئەکەی هەر ئێستەلەتوپەتی بکە.
جوتیار وتی: تکا ئەکەم با شەرع بەرینە لای حاکمی سێیەم.
لەوکاتەدا رێوی پەیدابوو جوتیار سکاڵای خۆی بۆکرد کەچۆن گورگەی لەپەنج
مەرگ سەندۆتەوە وە ئێستا ئەیەوێ بیخوا، رێوی وتی: من هەتا شتێك بەچاو نەبین
ناتوانم بریاری لەسەر بدەم. ئەمەوێ نیشانم بدەی ئەم گورگە بەم زەلامییە چۆن لە
جەواڵەدا جێی بۆتەوە؟
جوتیار دەرکی جەواڵی کردەوە گورگ چوە ناوی.ئەمجا رێوی وتی: چۆن دەرک
جەواڵەکەت بەست؟ جوتیار بەپشتێنەکەی دەرکی جەواڵی بەست .
رێوی وتی: نیشانم بدە چۆن تەورداس دائەوەشێنی بۆ داربرین ؟
جوتیار گورگەی لە جەواڵا دایە بەر تەورداس. لەتۆڵەی مەڕی کەساس .
منیش ئەڵێم: ئاواتم ئەمەیە لەم دنیایە. کە هەمووی بێبەزەییەك و سلەیەك ریشەی لەب
دەربهاتایە بۆئەوەی چاکەی چاکەکاران دەربکەوتایە. ژ/١٢٦١

## ٢٦. گوڵ ئەندام و گوڵاوی ١٢٦٢

ئەی منالانی بەبیرو وریا لە ڕێگەی خوێندندا هەوڵ و تەقەلا بدەن دەرفەت لەدەست مەدەن .گەوهەر لەبەرد مەدەن.قەدری شتی بەنرخ بزانن بەفیڕۆ لەکیس خۆتانی مەدەن.

هەبوو نەبوو ، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، کەس لە بەندەی خراپ ڕوورەشتر نەبوو،لە زەمانی پێشینا، لەژێر سایەی ئاسمانی شینا لەکیشوەری چینا ، پادشایەك هەبوو بەناو و داد دەست داری لەپایەی یەکەمینا ، ئەم پادشایە تەمەنی گەیشتبو بە حەفتا ساڵ منالی نێرینەی نەبوو، تەنیا کچێکی هەبوو کەناوی(گوڵ ئەندام)بو، شەوێك لە شەوان گوڵ ئەندام لە خەویا چاوی پێکەوت ڕاوکەرێك لە پیشەیەکا مستێ گەنمی ڕۆکرد وە داوێکی لەسەر نایەوە خۆیشی لەدوور حەشاردا ئەوەندەی پێنەچوو پۆلێك کۆتر لەئاسمانەوە پەیدا بوون لە دەوروپشتی داوەکە نیشتنەوە بۆ گەنم خواردن لەناو کۆترەکانا کۆترێکی نێری پێوەبوو مێیەکەی بەفریای گەیشت بەدەنوك پەتی داوەکەی قرتاند و نێرەکەی ڕزگارکرد، جاری دووەم ڕاوکەرەکە داوێکی نایەوە هەمیسان پۆلێکی تر کۆتر هاتن بۆ دان خواردن لەئەنجامدا کۆترێکی مێی پێوە بوو هەرچەند باڵەفڕێی کرد نێرینەکەی بەفریای نەگەیشت وە گوێی نەدایە لەئەنجامدا ڕاوکەرەکە گەیشتە سەری و چەقۆی دەرهێنا سەری بڕی گوڵ ئەندام لەم خەوە سامی لێنیشت وە بەپەشۆکاوی لەخەو ڕاچەنی و خەبەری بوەوە لەبێ ئەمەکی و دڵڕەقی نێرینە زۆر دڵگرانبو زویر بوو وە ڕقی لەگشت چەشنە نێرینەیەك گرت چی ئادەمیزاد، پەرِندە،دڕندە، چڕندە وە هەموولەبەرچاوی ڕەشبوون.

بڕیاری دا هەرگیز شوونەکا، وە هەرکەسێکیش خوازبێنی بکا پەلپی شتێکی وای لێبگرێ کە پێی هەڵنەسوڕێ کە ئەویش پەیداکردنی (نقێمی موری جەمشد) ە کە ئەم نقێمە دوو کەڵکی هەیە ، یەکەم(دڵەدەرد) چاك ئەکاتەوە دووەم لەهەرشوێنێکا بێ

هەرچی دەعبای بەزیان جرو جانەوەرێك هەیە وەکو مارو دوپشك و مێش و مەگەز و زەردەواڵە گشتی توخنی ئەوشوێنە بکەون تەنانەت هەورەبروسکە کار لەو شوێنە ناکا.

ئەمجا هەرکەس بتوانێ ئەو مورروە پەیدا بکات شازادە دوو هەزار زێڕی ئەداتێ بۆ کڕینی وە دوای ئەوەیش شووی پێەکات و نیوەی سامانەکەیشی پێ ئەبەخشێ وەئەگەر نەیتوانی ئەو مورروە بێنێتە دەست شازادە فەرمان ئەدا لەسەری بدەن و بیکوژن.لەبەر ئەمە کەس نەیئەوێرا بچێتە ژێر ئەو بارە گرانە.

ڕۆژێك لە ڕۆژان کوڕێکی نەوجەوان کە ناوی (گوڵاوی) ئەبێ ڕێی ئەکەوێتە بەر کۆشکی پادشا کەسەر هەڵئەبڕێ کوتوپڕ لە پەنجەرەوە چاوی بە کچێك ئەکەوێ لە تەمەنی چواردە سالیدا وەك مانگی چواردە، ڕوناکی ئەدایە شاخ و دەشت و هەرد. وەکو پیرەمێرد ئەڵێ:

مانگ بە کەتان ڕازا بوو دوو دوگمەی ترازابوو
دوو نار لە نوور سازابوو باڵا دەستی پەیزا بوو
نوری طور لای تیرەو تار

گوڵاوی بەتیری برژانگی کچە دڵی پێکا و ئەژنۆی شکا. بەهەر جۆرێ بوو خۆی گەیاندە ماڵەوە سەرگوزەشتەی بۆ دایکی گێڕایەوە، تومەز دایکی ئەم کوڕە لە زانستی فاڵ =علمی جفرەدا زۆر شارەزا بوو.

وتی: ئەمە شتێکی ئاسانە(موری جەمشید) لەشاری (کابول ) لە گوزەری زەڕنگەران لای زەڕنگەرێکە من ناونیشانت ئەدەمێ بەهەرزان ئەیکڕی و سبەینێ بۆ کچی پادشا بچۆرە مەیدانەوە.

کوڕە دەستێ جلی تازە و خاوێنی لەبەرکرد پۆشتەوپەرداخ و بەدەماغ چوە کۆشکی پادشا دەستوری خواست بۆ بینینی گوڵ ئەندام وە وتی : من ئەتوانم ئارەزوەکەت بەجێ بێنم دووهەزار زێڕی وەرگرت و خۆی تەتەرپێچ کرد کەوتە ڕێ بۆ شاری کابول بەو

ناونیشانەی کە دایکی دابوێ لە دوکانی زەڕەنگەرێك موری جەمشیدی دۆزیەوە لە زەڕەنگەری پرسی : ئەو مورە نافرۆشی ؟

وتی: بەڵێ ئەیفرۆشم بەڵام نرخی گرانە بە پێنج درهەمە .

کوڕە پێنج درهەمی دایە و مورەکەی خستە کیسەکەیەوە چەند هەنگاوێك ڕەت بوو زەڕنگەر بانگی کرد بگەڕێرەوە . کوڕەکە گەڕایەوە وتی : ئەڵێی چی ؟

زەڕنگەر وتی : بێ قەیی بێ خەلکی کوێن وە لە کوێوە دێن ؟

کوڕە وتی : بۆچی ئەپرسی ؟

زەڕنگەر وتی : ئایا خەلکی ئێوە هەموو وەك تۆ کەر و بێمێشکن ؟ ئەو مورە چەند ساڵە لەلام کەوتووە کەس بە فلسێك نەیکڕیوە تۆ ئێستا بۆچی بە پێنج درهەم کڕیت ؟

کوڕە زەڕنگەری لەگەڵ خۆی هەڵگرت هەتا چوونە سەرەنوێلکێك کە بە ملیۆن مێش و مەگەز و دەعبای تیابوولەوێ مورەکەی دانا دەقیقەی نەخایاند هەمووی هەڵفڕی و رایکرد.

ئەمجا وتی : من خەلکی وڵاتی چینم . زانا و وردبینم . لەکارو بار تێبینم. بەڵام تۆ کەرو بێمێشکی کە ئەم گەوهەرەت لەبەرد دا من بەم مورە کچی پادشای چین وە نیوەی سامانەکەیم پێ بردۆتەوە.

زەڕەنگەر لەخەفەتا مرد.

گوڵاویش موری جەمشیدی پێشکەش کرد گوڵ ئەندام و سامانی بەرکەوت. بەشادمانی مانگ و رۆژ یەککەوتن بەبێ گیران (خسوف و کسوف). ژ/١٢٦٢

## ٢٧. حاکمێك چۆن بەردی هێناوەتە گیرودار؟ ١٢٦٢

لە سەردەمی کۆنا ژنێك هەبوو ناوی پورە (خەندان) بوو،
یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، لە سەردەمی کۆنا ژنێك هەبوو ناوی پورە (خەندان) بوو
هەمیشە شادمانو خەندان بوو، جیهان دیدەو زۆرزان بوو، هەموو ڕۆژێ سینیەك
پاقلاوەی دروست ئەکردو ئەی برژان ئەیدا بە کوڕە تاقانەکەی(نەریمان) کە لە بازاڕ
بیفرۆشێ بۆ پێك هێنانی گوزەران، ڕۆژێ لە ڕۆژان نەریمان دوای ئەوەی سینیە
پاقلاوەکەی فرۆشت زۆرماندوو بوو بوو لە کۆلانێکا پارەکەی خستە سەر سینیەکە وە
لەسەر بەردێکی گەورە دینا وە بەدیاریەوە دانیشت کە بحەسێتەوە، ئەوەندەی پێ نەچوو
خەوی لێ کەوت، کاتێ خەبەری بووەوە سەیری کرد پارەکەی نەماوە دەستی کرد بە
گریانو هاوار، لەو کاتەدا حاکمی شار بەخۆیو دەستو پێوەندەکەیەوە بە وێدا
ڕابوورد لە کوڕەکەی پرسی ئەرێ ڕۆڵە بۆچی ئەگری؟ کوڕەکە لە وەڵامدا وتی
سینیەك پاقلاوەم فرۆشتبوو پارەکەیم خستبوە سەرسینیەکە وە لەسەر ئەم بەردە دانابوو
دانیشتم کە بحەسێمەوە خەوم لێ کەوت کاتێ خەبەرم بۆوە تەماشام کرد پارەکە
نەماوە. حاکم لێی پرسی گومانت لەکێ هەیە کەدزی بێتی؟

کوڕەکە وتی: گومانم لە کەس نیە. حاکم وتی: کەوابێ ئەم بەردە دزیویەتی، ئایا وانیە
کوڕەکە وتی: بەڵێ ئەم بەردە دزیویەتی. حاکم فەرمانی کرد بەردەکە هەڵگرنو بی بەن بۆ
بەندیخانە تا سبەینێ ئەیخەمە ژێر گیرودار. بەیانی بەرد هێنرایە دیوانی حاکم خەڵکی شار وەڵ
پەری داڵ لە هەموو لایەکەوە کۆبونەوە بۆ سەیری ئەم محاکەمەیە،

حاکم ڕووی کردە بەردەکە وتی: تۆگوناهباری ئەوا بڕیارم دا پەنجا دارت لێ بدرێ لە تۆڵەی
پارەی ئەم کوڕەی کەدزیوتە، ئەمەی وتو دەست بەجی فەرمانەکە بەجێ هێنرا زرموهو
دەست کرا بەلێدانی بەردەکە ئەو خەڵکەی کە لەوێ بوون بە جارێ دەستیان کرد بە قاقای
پێکەنین،

حاکم توڕە بوو وتی: ئێوە ڕێزی دیوانی حاکمتان شکاندووە لەدیوانی حاکمدا چۆن بە
ئەکەنن؟ پێویستە یەکی درهەمێك بدەن لە تۆڵەی ئەم پێکەنینە. حاکم فەرمانی کرد کە

مۆلەیەك ئاوبهێنن هەرکەسە درهەمێك بخاتە کەمۆلە ئاوەکەوە، یەکە یەکە هەرکەس درهەمی خۆی خستە کە مۆلەکەوە. بەلام حاکم زۆر بەووردی سەرنجی ئەدا ئەو کەسەی کە پارەکەی دزیبوو لەگەڵ درهەمەکەی خستە کەمۆلەکەوە بە ئاستەم بە قەدی دەزولکەیەك چەورایی کەوتە سەر ئاوەکە حاکم تێ گەیشت کە ئەم کابرایە پارەکەی زیوە چونکە درهەمەکە چەوری پاقلاوەکەی پێوە بوو وە کابرا پێی لێ ناو وتی:

من پارەکەم دزیوە. وە حاکم پارەکەی سەندەوە بۆ کورەکە.

ئەمجا ئەگەر حاکمێك بە دادبێ‌و بەکار، بەرد ئەخاتە ژێر گیرو دار تولەی مەڕ ئەسێنێ لە گورگی هار. ژ/١٢٦٣.

.........................

## ٢٨.مەیمون و دارتاش ١٢٦٤

منالینە هەر کارو فرمانێك کە ئەیزانن وە توانا ئەبێ پێویستە دەستی بۆ ئەبەن هەرکارێك ئەکەن لەپێشا ئەنجامی لێك بدەنەوە ئەمجا ئەو کارە بکەن وە ئەم ئامۆژگاریەی (پیرەمێردی نەمر) بخوێننەوە راستی قسەتان بۆ دەردەکەوێ.

| | |
|---|---|
| پیاوێکی دارتاش مەیمونێکی بوو | بۆ هەمو ئیشێ لەگەلیا ئەچوو |
| هۆگری بەبەلای هەلوەستا بوو | مەیمون شاگردبوو دارتاش وەستابوو |
| کەئەیوت تەشوێ زوو بۆی دەهێنا | شەقەمشاری بۆ دادەهێنا |
| رۆژێ وەستاکەی داری ئەقلاشت | جارجار بە پواز لەنگەری ئەداشت |
| بەتەور دارەکەی ئەقلیشاندەوە | بەپواز لیکی ئەرەواندەوە |
| وەختێ نیوەرۆ چو بو بۆ سەر ئاو | مەیمون هاتە جێی وەك وەستای تەواو |
| خۆی قیت کردەوە لەجێی ئەو دانیشت | کلکی خۆی بەشوێن قلیشا داهێشت |
| پوازی دەرهێنا کلکی پێوە بو | کەوتە قیژ و هوڕ ئاگری تێ بەربوو |
| قلشی جێ پواز بەکد گیر بو بو | کلکی مەیمونی تونگ تێ چەسپی بو |

مەیمون خەشیم بو ، بو بە فاقەوە — ئەینالاند بەدەم واقە واقەوە
لە واقەی مەیمون خەلك گردبونەوە — چونە پێشەوە لێی ورد بونەوە
کلکی گیرابوو لە قلشی دار — رێگای نەدەبو کەوتبوە هاوار
وەستا لەتاوا سەر ناوی نەکرد — هاتەوە پوازی لێدا دەست و برد
مەیمون رزگار بو بەکولە مەرگی — بەلام ژانەکەی گەییوە جەرگی
مەیمون چۆن ئەبێ بەوەستای دارتاش؟ — بلبل و لەق لەق نابن بە یولداش[١٦٢]
ناگاتە پایە مەردی ناحساب — نان بۆ نانەوا گۆشتیش بۆ قەساب ژ/ ١٢٦٤

...............

## ٢٩. ئەنجامی لە خۆبای بوون ١٢٦٥

وایاس ئەکەن لە زەمانی پێشین دا لە ولاتی هندستان شاریك هەبوو لە کەناری
دەریا ئەم شارە شارێکی ئاو و هەوا خۆش و دلگیربوو بەکۆشکی بلند وە باخ و
باخچەی پڕ گولو میوە رازابوەوە خەلکی لەم شارە بە کەشتی ئەچونە شارانی رۆژئاو
بۆ بازرگانی هەموو خاوەندی زێڕ و زیو و جەواهیرات بوون، هەتا سامانیان بروزی
بسەندایە زیاتر لەخۆبایی ئەبوون وە شەو و رۆژ سەرمەستی شەراب و بەزم و ئاهەنگ
بوون لەم شارەدا هەندێ هەژاریشی تیابوو دەولەمەندەکان بەزەییان پێیاندا نەدەهاتەوە
وە دلیان پێیان نەئەسوتا ، لەناو دەولەمەندەکاندا ژنێکی تیابوو کەبەرشازادە گیسیا
بەناوبانگ بوو خاوەنی چەند کۆشکێکی نایاب وە کەشتی دەریایی و گەنجینەی
گەوهەرین بوو ، بەرۆژ سواری گالیسکەیەکی زێرین ئەبوو بەشارا ئەگەڕا ، چەرخیش
بە کەیفی ئەو ئەگەڕا ، لوتی ئەکردە حەوا چاوی هەژاری نەئەدی . رۆژێك شازادە
یەکێك لەکەشتیوانەکانی بانگکرد وتی: ئەبێ ئێستە سواری کەشتی بی وە برۆی
گرانترین وە نایابترین شت کەلەجیهاندا بیۆنە بی ، بۆمبکرِی بەلام ناوی نالێم.

---

[١٦٢] یولداش = هاورێ.

كەشتیوان وتی : شازادە دڵت چی ئەخوازێ تا بۆت بكرم ؟
شازادە وتی : چی فەرمانێكت پێئەكەم ئەبێ بەجێی بێنی زۆری لەسەر برۆی ئەتخەمە دەریاوە.
كەشتیوان سواری كەشتی بوو نەیئەزانی بۆكوێ بروا وە چی بۆبكرێ، كەوتە بیرو ئەندێشەوە ماوەیەكی زۆر رۆیی هەتا گەیشتە(بصرە) لەوێ پرسیار بەچەند زانایەك كرد
یەكێك وتی: جەواهیرات.
یەكێك وتی : كالآی ئاوریشم.
وەهەر یەكە شتێكی بۆ هەڵدا، لەئەنجامدا زاناكان لەسەر گەنم برپاریان دا وتیان: گەنم چاكترین شتە چونكە هۆی ژیانی ئادەمیزادە
كەشتیوان كەشتیەكەی لە گەنم باركرد وە گەرایەوە لای شازادەو وتی: لەجیهاندا شتی لەمە چاكتر نیە.
شازادە لەمە رقی هەڵسا وە گەلێ جنێوی دا بە كەشتیوانەكە وە گاڵی دا گەنمەكە بكرێتە دەریاوە هەرچەند خەڵك كۆبونەوە وتیان: بیدە بەبرسی و هەژارانی شارەكە ، بەلام بێكەڵك بوو، لەسەر فەرمانی شازادە گەنمەكە كرایە دەریاوە.
كەشیوانرویكردە شازادەو وتی : ئەنجامی تۆ هەژاری و لەبرسا مردنە.
شازادە ئەموستیلەیەكی یاقوتی لەپەنجە دەرهێناو فرێیدایە دەریاوە وتی: هەركاتێ ئەم ئەموستیلەیە هاتەوە پەنجەی من ئەو كاتە من لەبرسانا ئەمرم كە ئەمە زۆركارێكی گرانە ئەموستیلەیەك بكەوێتە دەریاوە بدۆزرێتەوە !
دوای چەند مانگێك چێشتكەرەكەی بە شازادەی وت: ئەستێرەی بەختت ئەدرەوشێتەوە لەكاتێكدا ماسیم پاكئەكرد بۆ خۆراك لەزگی ماسییەكدا ئەموستیلەكەتم دۆزییەوە.
شازادە لەمە كەوتە ترسەوە قسەی خۆی و كەشتیوانەكەی هاتەوە بیر.

ئەوەندەی نەخایان نەگبەتی سواری شانی بوو هەر رۆژە کەشتییەکی نوقومی بی
دەریا ئەبو وە رۆژ بەرۆژ سامانەکەی هاتەکزی هەتا خۆی بە روتوقوتی و برسیا
کزلانا دی.

وە ئەوەندەی پێەچوو لافاوی دەریا بەهۆی روخانی سەدەکانەوە شارەکەی گرتەو
هەرچەند هاواریان کرد هەژارەکان نەچوون بۆیاریدەیان لەبەر ئەوەی هەژارەکان با
سوکبوون بەیَ زیان رزگار بوون بەلام دەولەمەندەکان لەبەر بارگرانی سامانەکیا
گشتیان بەقرچوون و بون بە خۆراکی نەهەنگی دەریا.ژ/١٢٦٥

.................

**٣٠. پالەوانی زەند ژ/١٢٦٦**

وا دوو چیرۆکی کورتی(کریم خان)ی کوردی زەند باس ئەکەین کە رەوشتی بەرز
ئەم قارەمانە مەزنە دەرئەخا و ئایندە کەلکی لێوەرگری زانایەك ئەلێ:

ناوی چاکەی مردوان زایەع مەکە، تا بمێنێ ناوی چاکەت بەرقەرار (لە فارسی یەوە)
نزیکەی دوو چەرخ لەمەوبەر کیشوەری ئێران لەدوای کوشتنی (نادرشاه) لەلایە
برازاکانی وە سەردارانەوە ئاژاوەو پشێوی تێکەوت لە هەموو لایەکەوە دەست کرا ب
کوشتار و تالان وبرۆ بەم هۆیەوە وتی: ئێران ئاسایشی تێکچو لەم کاتەدا یەکێ
لەسەردارانی ئێلی (زەند) کەناوی (کریم خان) بوو سەری هەڵدا بەلەشکرێکی زۆرەو
رویکردە ولاتی فارس و شاری(ئەسفەهان)ی داگیرکرد لەماوەی نۆ ساڵدا هەرچ
سەرکەش و پیاو خراپێك هەبوو هەمووی بێدەست کردنو هێنایە ژێر بارەوە کەریم خا
پادشایەکی ئازاو جوانمەندو رراستگۆ و دیندارو بوو ، نزیکەی بیست ساڵ لەشار
(شیراز) کە پایتەختی بو بە ئاسودەیی فەرمان رەوایی کرد ناوی پادشاهی لە خۆی
بەلکو ناوی نا (وکیل) یان کاربەرداری خەلك . ئەم پادشایە بەکردەوەی بەرزو چاک
کردن و داد گوستەری ناسرا هەمیشە بۆ ئاسایش و ئاوەدانی ولات تێدەکۆشا هە
چەند خۆی نەخوێندەوار بوو بەلام حەزی بەبلاوکردنەوەی زانستی و هونەر ئەکرد

گەلێ مامۆستایانی لە وڵاتی دوورەوە بانگ کردە شیراز و موچەی بۆ بڕینەوە و قوتابخانەی بۆ دروستکردن کە دەرس بڵێنەوە.

بێجگە لەوەیش گەلێ خانوو بەرەو مزگەوت و گەرماو=حمام وە کاروانسەرا و باخات و عەماری ئاو و خێرخانەی دروستکرد کە تا ئەمرۆیش ماوە ، بە (ساختمانی وەکیل) ناسراوە.

کەرین خان ساڵی ١١٩٣ھ١٧٧٩م لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا لە کۆشکەکەی خۆی لە شیراز کە پێیان ئەوت (ئەندەرون کۆچك) کۆچی دوایی کردوە.

بەخشندەیی کەریم خان:

١. جارێك لە شیراز فەرمان ئەکا مزگەوتێك دروستبکرێ ڕۆژێك ئەچێ بۆ سەرپەرشتی وەستا و کرێکارەکان ماندو ئەبێ پاڵ ئەدا بە ریزە خشتێکەوە بانگ ئەکا قلیان= نێرگەلەیەکی بۆ تێبکەن دەستوبرد نۆکەرەکەی قلیانە جەواهیر بەندەکەی تێئەکا و ئەیهێنێتە بەردەمی لەوکاتەدا کرێکارێك کە ساجە قوڕی بەسەر سەرەوە ئەبێ روو ئەکاتە ئاسمان و لێوی ئەجولێتەوە ، کەریم خان کرێکارەکە بانگ ئەکا ئەڵێ: چیت وت ؟

کرێکارەکە ئەڵێ : هیچ.

کەریم خان ئەڵێ : مەترسە راست بڵێ !

کرێکار ئەڵێ : من لە بەیانییەوە تا ئێوارە کار ئەکەم لەترسی سەرکار ناوێرم سەبیلە گڵەکەم تێبکەم و دوو مژی لێدەم تۆیش بە ئیشارەتێك قلیانێکی جەواهیر بەندت هاتە بەردەم ئەمجا وتم : ئەی خوایە تۆ ناوت(کەریم)ە و ئەم پادشایەش ناوی (کەریم)ە و خۆیشم ناوم (کەریم)ە لە ناوەدی سێ کەریما سەرسامم .

کەریم خان فەرمان ئەکا قلیانەکە هەڵگرە و بۆخۆت بیفرۆشە کە بایی پێنج شەش هەزار تمان جەواهیراتی پێوە ئەبێ.

داد گوستەری کەریم خان :

٢. یەکێك لە کردەوەی کەریم خان ئەمە بوو کە هەموو ڕۆژێك چەند سەعاتێکی

بۆ بینینی سکالاّ و کاروباری خەلّك دائەنا بەم هۆیەوە چیرۆکێکی ئەگێڕن

کەبەراستی بەلّگەیەکی زۆر جوان و بلّندی لەسەرخۆیی و داد گوستەری کەریم خان

لەبەرێوەبردنی دەولّەتەکەیا ڕۆژێك لە دیوانی دادگەری ئیش تەواو ئەکا وە بەرە

کۆشکەکەی ئەگەڕێتەوە بەهۆی ئیش و کاری خەلّکەوە زۆر ماندو ئەبێ لەوکاتەدا

کابرایەکی پەشۆکاو بە هەلّەداوان دێتە سەر ڕێگەی هاوار ئەکا (داد ، داد) کەریم

ئەپرسێ تۆ کێی ؟

کابرا : بازرگانم و هەرچیم بوو دز بردی.

کەریم خان : چۆن لەکوێ دزراوە ؟

کابرا : نوستبووم .

کەریم خان : بە زمانێکی تورەیی و زویریەوە وتی : بۆچی نوستی ؟

کابرا : بەهەلّە چووم وامزانی تۆ بێداری ، ئەم وەرامە تورەیی و زویری لە کەریم خان

نەهێشت و ئازایی کابرای بەرامبەر بەم سەرزەنشتەی خۆی زۆر پێخۆشبوو فەرمانی

کرد بە وەزیرەکەی کە نرخی مالّە دزراوەکەی لە خەزێنەی خۆی بداتێ و ئەشیا

تێکۆشن ئەم مالّە دزراوە بدۆزنەوە. ژ/١٢٦٦

.........

## ٣١. خواپەرست=عابیدێك ١٢٦٧

یەکێ بوو ، یەکێ نەبوو، چەند چەرخێك لەمەوپێش لەدێیەکا پیاوێکی عابید هەبو ژنێك

و دوو کوڕی هەبو خەلّکی دێیەکە بۆ کاروباری هەردو جیهان پرس و ڕایان بەم عابیدە

ئەکرد سودی زۆریان لێئەبینی وا ڕێکەوت لەلایەن حاکمی دێیەکەوە کوێخایەکیان بۆ

نێرا کە زۆر ستەمکار بو دەربارەی هەژاران بێبەزەیی و زۆرداربو ئەوەندەی ئەخایان سی

کوڕی ئازاو چالاکی دێیەکە شەوێك دایان بە سەر ماڵەکەیا و کوێخایان سەربڕی و خۆیان هەڵاتن.

خەڵکی دێ لە ترسی گیانی خۆیان چونە لای عابید کە بێت لەگەڵیان و حاکم تێبگەیەنێ کە ئەمانە بێتاوانن و بیان بەخشێ ، عابید وتی : من ئیشم بە حاکم نیە.

کاتێ حاکم خەبەری کوشتنی کوێخای بیست کوێخایەکی تری بۆ ناردن کە لەوێ پێشو زۆردارتر بوو دەستی کرد بە روتاندنەوەی خەڵکەکە ماڵ و پارەی بەدەستەوە نەهێشتن دوای بەینێك حاکم بۆ سەردانیان چوو خەڵکەکە سکاڵای خۆیان لەلا کرد کە بەهۆی ئەم کوێخایەوە هەژار و دەستکورت بوون حاکم روی تێکردن وتی : بۆچی خەبەری کوشتنی کوێخا و بێگوناهی خۆتان لەمن نەگەیاند ؟

لەوەراما وتیان : ئێمە ئەم عابیدەمان کردووە بە دەم راستی خۆمان بۆ هەموو کارێك پرس بەو ئەکەین پێمان وت کەلەگەڵمان بێت بۆلای تۆ بەقسەی نەکردین ، حاکم دڵی پێیان سوتا لێیان بورد و چاوپۆشی کردن بەڵام عابیدی لە دێیەکە دەرکرد.

عابید لەگەڵ ژنەکەی و هەردوو کوڕەکەیدا بە پیادەیی کەوتنە رێ ماوەیەك رۆیشتن توشی چەند تەریدەیەك بوون زانیان ماڵ و پارەیەکیان پێنیە هەردوو کوڕەکەیان لێسەندن وە بردیانە شارێك بەناوی بەندە=غولام بەچە فرۆشتیانن عابید تەنها خۆی ژنەکەی مایەوە ، ماوەیەکی درێژیان بڕی گەیشتنە نزیك دێیەك عابید ژنەکەی لەبن درەختێکا دانا و خۆی چوە دێیەکە نان و ئاوێکی بۆ پەیدابکا زۆری پێنەچوو کابرایەکی جادوگەر پەیدابو بەزۆر ژنەکەی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و بردی بەڵام ژنەکە بە پەنجە لە زەوییەکەی نوسی کەوا کابرایەکی جادوگەر بەزۆر راپێچی کردم.

کاتێ عابید هاتەوە ئەم نوسینەی دی رویکردە ئاسمان هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا .

دوای چەند رۆژێك عابید گەیشتە شارێك کە تەماشای کرد کۆشکێك بۆ سەرکۆمار= رئیسی جمهوری شارەکە دروست ئەکەن وە هەرکەسێکی ئاوارە =غریب ببینن بە

بێگاری لەو کۆشکەدا کاری پێدەکەن ،بەم جۆرە عابیدەکەیان گرت بەکرێ
خشتیان پێدەکێشا عابید چونکە فێری کاری گران نەبوبو دوای عەساتێک
پەکی کەوت خەبەریان دا کەوا ئەم کابرایە کار ناکا ، سەرکۆمار فەرمانی دا
بەندینخانەوە عابید چەند مانگێك لە بەندینخانەدا بو رۆژێك دەنگ بڵاوبوەوە
سەرکۆمار مرد، خەڵك ویستیان یەکێك هەڵبژێرن بەسەرکۆمار دوایی
لەبەندینخانەدا زۆر پیاوی زانای تیایە ئەچین پرسێکیان پێ ئەکەین هەرکەس
راستی دایەوە ئەو کەسە ئەکەین بە سەرکۆمار بەجارێك چونە سەر بەندینخانە
بناغەی دەوڵەت لەسەر چییە ؟
هەرکەسە شتێکی وت ،دوای هەموویان عابید وتی : (داد=عدل) .
بەم وەرامەراستە عابیدیان هێنایە دەرەوە کردیان بەسەرکۆمار .
رۆژێك عابید لە دیوانی دادگەری دانیشتبوو پیاوێکی بازرگان هاتە لای سکاڵای
و وتی : دوو بەندەم لە کابرایەك کڕیوە ئێستا بەندەکان هیچ فەرمانێکم بەگوێ نا
ئەڵێن : ئێمە بەندە نین، کابرایەکی تەڕیدە ئێمەی لەباوکمان دزیوە .
عابید وتی : بچۆبەندەکان وە ئەو کەسەی لێت کڕیون بۆم بانگ بکە ، بازرگ
کوڕەکانی لەگەڵ کابرای تەڕیدە هێنا کە کوڕەکان چاویان بە باوکیان کەوت خۆ
کوتایە باوەشی ، بازرگانی خەڵاتکرد وە تەڕیدەشی دارکارو بەند کرد.
رۆژێکی تر کابرایەك هاتە بەردەم عابید و وتی : ژنێکم هەیە هیچ فەرمانێکم بە گ
ناکا ئەڵێ من ژنی تۆ نیم، تۆ منت بەزۆر فڕاندووە .
عابید وتی : ژنەکەت کوا لە کوێیە ؟
ژن لەودیو پەردەوە هاواری کرد ، کە هاتە پێشەوە ژنەکەی خۆی بو، ئەمجا عابید
سەرکۆمار فەرمانی دا کە لەژێر داردا کابرای جادووگەر بکوژن ، ئەم چیرۆ
بەڵگەیەکە بۆ ئەوە کە هەق ون نابێ زۆردار سزای خۆی هەر ئەبینێ . ژ/١٢٦٧

## ٣٢. ئەنجامی درۆیەك ژ/١٢٦٨

ئەمە چیرۆکێکی ناو خۆمانە وەختی خۆی لەلایەن (شوکرئەحمەد)ەوە کراوە بە شعر باس لە خراپەی درۆ ئەکا. کە چۆن تەنیا درۆیەك کارەساتێکی گەورەی لیّ پەیدا بووە و رەچەڵەکی دوو هۆزی بڕیوەتەوە؟.

هەبو نەبو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، لەدەورەی پێشین دا پیاوێکی بازرگان قولەڕەشێکی هەبوو رۆژێك بردیە بازاڕ بیفرۆشیّ دەستی کرد بە ستایش کردنی بۆ کڕیارەکانی وتی : قولەکەم هێمن و لەسەرخۆیە ، کارگوزارە،هەرکەس بیکڕیّ بەختیارە، هەرچی فەرمان هەیە بەدەستی یەوە ئاسانە ئیشی ناومالّ بەگورجی پێك دێنیّ ،زاری نهێنی لای کەس نادرکێنیّ ، بەلاّم یەك نەنگی هەیە سالّی درۆیەك ئەکا .

ئاغایەکی دەوڵەمەند قولەکەی بەدلاّ چوو وتی : درۆیەك شتێکی وا نیە. قولەکەی کڕی و هێنایەوە مالەوە قولەڕەش بە جۆرێکی وا ئیش و کاری ناومالّی ئەکرد ئاغا و ئاغاژنی شادکرد، سالّ تەواو بوو بگرە چل رۆژیش تیّ پەڕی کرد، قولە درۆکەی نەکرد ،ئاغا لە دلّی خۆیدا وتی : ئەبیّ خراپیان لەمن گەیاندبیّ بۆچی قولە درۆکەی نەکرد ، قولە وەك ژانکردوی لیّهاتبو، چونکە وادەی درۆکەی تێپەڕی کردبوو شەوێك کە ئاغا لە دیواخان بوو قولە بەناو چەوانێکی گرژەوە و روێکی زویرەوە چو بۆ حەرەم سەرا لەبەردەمی ئاغاژندا هەلوەستا ،ئاغاژن لێی پرسی : بۆچی وا زویری ؟چیت بیستوە ؟

قولە وتی : چی بیّ لە تۆ نهێنی بیّ ئاغام دلّی داوە بە کچی فلاّنەکەس وا خەریکە خوازبێنی ئەکا.

ئاغاژن دەستی بەگریان و قژ رنینەوەی خۆی کرد.

قولە گوێزانێکی لە باخەلّی دەرهێناو دایە دەستی وتی: هیچ زویر مەبە ئەمشەو کە ئاغام نوست دو تاو موو بەم گوێزانە لەژێر چەناگەی بکەرەوە و بۆمی بێنە من

شایی وزەماوەندی لێتەشێوێنم. لێرەوە کەری خۆی دوعایەکی بەسەردا ئەخوێنم . ئەمجا چووە لای ئاغا راوەستا هەتا دیوەخان چۆڵ بوو سەری نایە بناگوێی ئاغای وتی : تۆ ئەزانی ئاغاژنم حەزی لە پیاوێك کردوە راوێژیان لێ کردوە کە ئەمشەو نوستی بە گوێزان سەرت لەبەدەن جیا بکەنەوە.

ئاغا ئەڵێ : بیستومە ساڵی درۆیەك ئەکەی رەنگە ئەمە درۆی ساڵانەت بێ.

قولە ئەڵێ : تاقی کردنەوە شتێکی گران نیە ئەمشەو خۆت بکە بەنوستو ئەبینی ئاغاژن بە گوێزانەوە دەست بۆ ژێرچەناگەت درێژ ئەکا ئەگەر وانەبو لە ئەستۆم بدە.

ئاغا ئەچێتەوە حەرەم سەرا لێی رائەکشێ و خۆی بە نوستو ئەخا ئەوەندەی پێناچێ ئاغاژن گوێزان بۆ ژێر چەناگەی درێژئەکا ، ئاغاگوێزانەکەی لەدەست ئەسێنێ و ئاغاژن گۆشاوگۆش سەرئەبڕێ .

قولە خۆی مەڵاس ئەدا داوی کەمێ گوێزان ئەفڕێنێ بۆ ماڵی باوکی ئاغاژنی ئەبا ئەڵێ: ئاغام بەم گوێزانە کچەکەتانی سەربڕی ، کەس و کاری ژنە بە گوستاخی دێن بە خەنجەر ئاغا ئەکوژن.

قولە بەهەڵ داوان رائەکا خەبەر ئەبا بۆ کەس و کاری ئاغا ئەڵێ : وا بەخەنجەر ئاغامیان لەت و پەت کرد یاخوا کەس نەیبینێ . خێڵی ئاغا و ئاغاژن بەچەکەوە تێك بەرئەبن و یەکتر قەلاچۆ ئەکەن. لە پێناوی درۆیەکدا ئەم هەموو خەڵکە ئەکوژرێ.

ژ/١٢٦٨

..........

## ٣٣. چیرۆکێکی ناوخۆ (فێلی ژنان) ژ/١٢٦٩

وا ئەگێڕنەوە پیاوێك هەبو هەمیشە لە(پەیجوری) فێڵی ژنان ئەگەڕا ، ئەم پیاوە خوێندەوارێکی بەڕێز بوو ئەترسا لە فێڵی ژنان بڕوای بەو قسەیە نەئەکرد کە ئەیان وت ژن ئەقڵی ناتەواوە : وە کتێبێکی دانابوو بەناوی(فێڵی ژنان) ەوە هەرشتێکی لەبابەت فێڵی ژنان بدیارە وە یا ببیستایە لەو کتێبەدا ئەینوسیەوە، هەروا بۆ ئەمە بەشار و دێهاتا

ئەگەرا رۆژێك رێی كەوتە شارێك لەدەمی ئێوارەدا لەبەر كۆشكێك دا راوەستا ئەوەندەی پێنەچو ژنێكی بالآبەرزی شۆخ و شەنگ بەبەرگی ئاڵ و والآو خشڵی زێڕینەوە لەدەرگا هاتە دەرەوە،پیاوەكە سلآوی لێكرد وتی: ئەی خانم میوان رائەگری ؟
خانم وتی : فەرمو میوان دیاری خوایە ، پێوازی كردو بردیە ژورەوە لەدیواخان داینا وە خێرا سینی خواردن و خواردنەوەی لەبەردەم دانا و خۆیشی بەرامبەری دانیشت دەستی كرد بە قسەی خۆش بۆ میوانەكە، پیاو كەپرسی :ئەی خانم تۆ میوانداری لە كوێ فێربوی ؟
خانم وتی : لەپێغەمبەرەوە(د.خ) چونكە فەرمویەتی : هەركەسی رێزی میوان بگرێ لەگەڵ منداڵە بەهەشتایە، میوان بەڵگەی بەهەشتە ، دوایی ژنەكە بە كاروباری خۆیەوە خەریك بوو كابرا كتێبەكەی لەباخەڵی دەرهێنا دەستی كرد بەتەماشاكردنی، ژنەكە بەسەرداهات وتی: ئەو كتێبە چیە وا بەوردی تەماشای ئەكەی ؟
پیاوەكە بە زەردەخەنەیەكەوە وتی : ئەوە كتێبی (فێڵی ژنان)ە كە خۆم كۆمكردۆتەوە !
خانم سەرێكی لەقان وتی : ئەم كردەوەیەی تۆ لەو پیاوە ئەچێ كە ئاوی دەریای بەبێژنگ دەرداوە وە یا بەمشت پێواویەتی ! بەخوا بێهودە خۆت ماندوكردوە، ئەمجا خانم پیاوەكەی بردە ژورێكی تایبەتی لەوێ نواندی ، سبەینێ دوای چایی خواردنەوە خانم خۆی ئارایش داو چووە بەردەمی میوان وتی : ئەتەوێ كەمێ لە فێڵی ژنانت نیشان بدەم ؟
پیاوەكە وتی : ئەی سەروی رەوان ، وەی ئارامی دڵ و گیان ، هەرچی خەسرەو بیكا شیرینە، من بەتیری برژانگی تۆ دڵم پێكاوە، وە ئەژنۆم شكاوە ئەقڵ لەسەرما نەماوە، ئەگەر بێت و دڵم بەجێ نەهێنی رەگی ژیانم پچڕاوە لەم گفتوگۆیەدا بون تەق لە دەرگا درا ، میوان پرسی ئەوە كێیە لە دەرگای دا ؟
خانم وتی : ئەوە مێردەكەمە سێ رۆژە چووە بۆ راو ئێستا هاتەوە .

بۆ خاتی خوا چیم لێیەکەی ؟
میوان وتی: بچۆرە ئەو سندوقە گەورەیەوە .
خانم وتی : کابرا خۆی لەسندوق پەستاوت ، خانم کلیلەکەی خستە گیرفانی ، پیاو کردی بە
مەرە سورێکی لە پاشکۆی ئەسپەکەی دابەستبوو ، خانم نێچیر و ئەسپ و تفەنگەکەی
لێوەرگرت، بەجووت هاتە سەرەوە ژنە شانی خستە سەر ئەو سندوقە کە کابرای
تێدابوو دوو سێ جار ئەم شعرەی خوێندەوە:

ئەی گەوجی نادان ئەقڵ ناتەواو

بەفێڵی ژنان چۆن کەوتیتە داو ؟

مێردەکەی پرسی ئەوە ئەڵێی چی ؟
خانم وتی : دوێنێ پیاوێکی ئاوارە هاتە ئێرە بە میوانی منیش رێزم گرت و خواردنی
خۆشم دەرخواد داو کەچی سەرەڕای چاکە داوای لێکردم دڵی بەجێ بێنم.
کابرا چاوی پەڕیە پشتی سەری ئاگری گرت خەنجەری لەکالان دەرهێنا نەڕاندی: کوا
چی لێهات ؟ هەر ئێستە پارچە پارچەی ئەکەم ؟
خانم وتی : وا لەم سندوقەدایە و قفڵم داوە .
کابرایش لە سندوقا وەك بی کەناری ئاو ئەلەرزی لەترسانا بە ئاستەم گیانی تیادا
مێردەیش هەر ئەنەڕێنی کلیلەکەم بدەرێ .
خانم لەگەڵ کلیلەکەی دایە دەستی پێکەنی وتی: (ئای .... بردمانەوە) تومەز دەمێک
بۆ (چەڵەمەشکێنە)یان کردبوو لەسەر شتێکی گرانبەها هیچیان لە هیچیان نەئەبردەوە
پیاوەکە لەخەفەتانا کە گرەوەکەی دۆڕاند دەستی ساردبۆوە کلیلەکەی فڕێدا و وتی:
لەم ماڵەدا نایم رۆیشت بۆ بازاڕ، ئەمجا خانم سندوقەکەی کردەوەو وتی : وەرە دەرەوە
پیالەیەك شەربەتی بە قورگی کابرادا کرد تا هۆشی هاتەوە بەر خۆی وتی : هەستە برۆ

ئەخەڵەتابی جارێکی تر لە پەیجوری فێڵی ژنان بگەڕێ ، ئیتر کابرا کتێبەکەی سوتان بیرای بە بڕ جارێکی تر ئەو کردەوەیە بکا. [١٦٣] ژ/ ١٢٦٩

.........

**٣٤. پەندی بلبل ( ١٢٧٠**

ئەگێڕنەوە بلبلێك لەباخێکا لەسەر لقی درەختێك نیشتبوەوە بەئاوازێکی خۆش ئەیخوێند و منداڵێکیش لەژێر درەختەکەدا داوێکی ئەنایەوە، بلبلەکە هاتە زبان وتی : ئەی منداڵ ئەوە لەچی خەریکی ؟

وتی : ئەمەوێ بەم داوە پەڕەندەیەك بگرم !

بلبل وتی : کام پەڕندە ئەوەندە بێەقڵە بەتەماعی دانەخۆری بخاتە داوی منداڵانەوە ؟

منداڵ وتی : ئەگەر خوا لەچارەی نوسیێ بەتەماعی دانە ئەکەوێتە ئەم داوەوە!

بلبل بە منداڵەکە پێکەنی و فڕی لەپاشا منداڵەکە داوەکەی لەژێر خۆڵدا شاردەوە و دانەیێکی زۆری ڕۆکرد و خۆی لەپەنایەکەوە حەشاردا! دوای کەمێ هەر ئەو بلبلە گەڕایەوە سەر درەختەکە تەماشای کرد داوەکەی نەماوە و کەسیش دیارنیە و دانەیێکی زۆریش ڕژاوە تەمایلی خڕبوو هاتە خوارەوە دەستی کرد بە چنینەوەی دانە لەناکاو داوەکە توند ملی گرت هەرچەند خۆی ڕائەپسکان داوەکە زیاتر ملی ئەجەڕان ! ئەوەندەی پێنەچوو منداڵەکە هات بلبلەکەی گرت وە پێی وت : ئەی بلبل من ئەناسیتەوە ؟

ئەنجامی لەخۆبایی بوون و تەماع چۆن خستە داوەوە ؟

---

[١٦٣] هونەرمەندان شێخ ئیسماعیل بەرزنجی و عومەرچاوشین و کۆچکردوو سمکۆ عەزیز لە تەلەفزیۆنی بەغداد ئەم چیرۆکەیان نواند بە هەندێك دەستکاییەوە.

دوایی بلبلەکەی خستە قەفەزێکەوە و بردی بۆ بازاڕ پیاوێك لیێکڕی بردیەوە

ماڵەوە، بلبلی هەزار چەند ڕۆژێك لەبەندی قەفەزدا مایەوە بەناهی زار، ڕۆژێ

روبکردە پیاوەکە وتی : چەند بەچکەیەکم هەیە هاتبووم خۆراکیان بۆ پەیدا بکەم ب

هۆیەوە کەوتمە داوەوە ئێستاش تۆ لەتەماشاکردنی من سودێك وەرناگری ، ئەگەر ب

ڕزگارم بکەیت سێ پەندت ئەدەمێ کە کەڵکێکی زۆری ئەبێ بۆتۆ ،

وتی : پەندەکانت کامەیە تا ڕزگارت بکەم ؟

وتی : بمبە بۆناو باخ لەوێ پێت ئەڵێم ،

کابرا بلبلەکەی بەقەفەزەوە برد بۆ ناوباخ ئەمجا وتی : بڵێ .

بلبل وتی : پەندی یەکەم لەناو قەفەزەکەدا ئەڵێم .

دووەم لەدەرەوە.

سێیەم کەچومە سەر درەختەکە !

کابرا وتی : ئەتەوێ من تەفرە بدەی و رابکەی !

بلبل وتی : قسەی مەردان یەکێکە درۆ ناکەن، هەرچۆنێ بوو کابرای قایل کرد،

وتی : بڵێ .

بلبل وتی : دەستی چارەنوسی خوایی قەزاو قەدەر هەرشتێکی لەدەست تۆ دەکرد

هەر زیانێکت لیکەوت بۆی خەفەتبار مەبە و بەشوێنیا مەڕۆ!

پیاوەکە وتی : قسەکەت جوانە، ئەمجا لەقەفەز هێنایە دەرەوە وتی : پەندی دووەم بڵێ

بلبل وتی : بەقسەی درۆزن و فێلباز تەفرە مەخۆ ،

پیاوەکە وتی : ئەمەشجوانە،

بلبل فڕیەسەر درەختەکە و سوپاسی خوای بەجێ هێنا کە لەبەند ڕزگار بووە،

کابرا وتی : پەندی سێیەم بڵێ .

بلبل وتی : چاوبرسی- تەماعکار مەبە من لە شومی تەماعەوە کەوتمە داوەوە،

ئەمجوان قسەیەك بە تۆ بڵێم ، تۆ پیاوێکی زۆر بێئەقڵ و نادانی کە منت بەردا!

کابرا وتی : لەبەرچی ؟
بلبل وتی : گەوهەرێکم لە زگدایە کە قورسایی بیست مسقاڵە! تۆ ئەو گەوهەرەت لەدەستدا .
کابرا کە ئەم قسەیەی بیست دای بەسەر خۆیدا!؟
رویکردە بلبل وتی : مەردی چاکبە وەرەوەلام خۆراکی خۆشت ئەدەمێ قەفەزی زێڕت بۆ دروست ئەکەم.
بلبل وتی : ئێستە سێ ئامۆژگاریم کردی بەدەقیقەیەك لەبیرت چوەوە ، پێم وتی : بەشوێن لەدەست چودا مەچۆخەفەتی بۆ مەخۆ من تازە لەدەست تۆ چوم. وەکو ئەڵێن:
مورغی کە ئازادبو لەدام
جارێکی تر بۆکەس نابێ ئاشناو رام
ئێستە بۆچی خەفەت ئەخۆی ؟ پێم وتی : بەقسەی درۆزن و فێڵباز باوەڕمەکە، بۆچی منت بەردا؟ پێم وتی : تەماع کارمەبە، کەچی بەتەماعی گەوهەر بەسەری خۆتا ئەدەی و ئەڵێی وەرەوەلام ،من ویستم ئامۆژگاریت بکەم ئەگینا لەشی من بیست مسقاڵ نابێ چۆن گەوهەرێکی بیست مسقاڵ لە زگی مندا ئەبێ ؟ من زۆر سوپاست ئەکەم کە منت رزگارکرد لەپاداشی ئەو چاکەیەدا با پێت بڵێم کوپەیەك زێڕ لەژێر ئەم درەختەدایە دەری بهێنە پێی دەوڵەمەند ئەبی .کەکابرا ژێر درەختەکەی هەڵکۆڵی راست دەرچوو ئەمجا وتی : ئەی باڵندەی بەهەشتی تۆ چاوت ژێر زەمین ئەبینێ کەچی لەسەر زەمین داوەکەی ئەدی بۆچی بوی بەداوەوە ؟
بلبل وتی : پێنج پەنجەی چارەنوسی خوا کەکەوتە گەڕ دووچاو و زبان و دوو گوێ ئەکا کوێر و لاڵ و کەڕ. ژ/ ١٢٧٠

## ٣٥. گەوهەرێك چۆن دۆزرایەوە ١٢٧١

وا ئەگێڕنەوە لە ئێران لە دەورەی (نادرشا)دا لە هندستانەوە چوار هاوڕێ بۆ ئێران کەوتنە ڕێ یەکێکیان گەوهەرێکی گرانبەهای پێبوو کە بەدیاری ئەیبرد بۆ نادرشا وە بگەیشتایە هەر قۆناغێك گەوهەرەکەی لە باخەڵ دەرئەهێنا تەماشای ئەکرد یەکێ لە هاوڕێکانی لەمە ئاگادار بوو لێی چووە کەمین هەتا شەوێك کابرا خەوی لێکەوت وەکو ئەڵێ: ( خەو برای مەرگە.) بەسوکی گەوهەرەکەی لە باخەڵ دەرهێنا، سبەینێ کە کابرا خەبەری بووەوە بینی گەوهەرەکەی نەماوە بیری کردەوە وتی: ئێستا قسە بکەم بێسەردە ئەوان سیانن وە من تەنیا دەرەقەتیان نایەم قسە بکەم ئەمکوژن وەکو وتویانە: ( زبانت بگرە سەرت ئاسودەیە.) چەند ڕۆژێك لەسەر یەك ڕێگەیان بڕی تا گەیشتنە شاری (ڕەی) خاوەن گەوهەر ڕاستەوخۆ چووە لای شاه و سەربردی تێگەیاند، شاه هاوڕێکانی کابری بانگ کرد هەرچەند لەگەڵیان خەریك بوو کەسیان پێیان لەدزیەکە نەنا، شاه بیری کردەوە کە فێڵێك بخاتە کار بەبێ ئازار و گیرو دار گەوهەرەکە بدۆزێتەوە لای کامیانە.

خاوەنگەوهەری بەرداو سێ هاوڕێکەی نارده بەندینخانە تا ئەنجامی کار. ئێوارە شاه بەزویری گەڕایەوە ماڵەوە بیری لەم کارە ئەکردەوە کچێکی زیرەکی هەبوو پرسی ئەی بابە بۆچی وا زویری؟

شاه سەرگوزەشتەی بۆ گێڕایەوە.

کچەکە وتی: هەموو کارێك بەبیرە راوێژ ئەچێتەسەر دۆزینەوەی ئەم دزە ئاسانە، کچەکە ناردی خاوەن گەوهەر و هەرسێ هاوڕێکەی بانگکردە لای خۆی وتی: ئێوە بەبیر و ژیر و جیهان دیدەن چیرۆکێکتان بۆ ئەگێڕمەوە هەرکەسەتان بەپێی عەقڵی خۆی جۆن برنەکا وەڵامم بداتەوە؟

وتی: وا باسئەکەن پادشایەك کچێکی هەبوو لەجوانی و زیرەکیدا بێوێنە بوو پادشا زۆری خۆشئەویست و لەخۆی دووری نەئەخستەوە رۆژێك کچە داوای لەباوکی کرد کە رێی بدا لەگەڵ هاورێکانی بچێ بۆ گەشتی باخێك باوکیشی رێی دا.

کچەکە لە باخەکەدا بە پۆپەی چلێکەوە گوڵێکی جوانی دی کەتازە دەمی دابووە ویستی بیکاتەوە دەستی نەئەگەیشتێ کورێکی باخەوانەکە بەدارەکەدا هەڵگەڕا گوڵەکەی کردەوە و پێشکەشی کرد شازادەی کرد چونکە دەستوری ئەودەورە وابوو : هەرکەسێ گوڵێك یان میوەیەکی نوخشەی بۆ گەورە زادەیەك ببردایە خەڵاتێکی قورسی ئەدرایە، بەم هۆیەوە شازادە بە کوڕەکەی وت : دڵت چی ئەخوازێ داوابکە تا خەڵاتت بکەم ؟

کوڕەکە لەڕوی نەزانینەوە وتی : هیچم ناوێ بەڵام کە شوتکرد شەوی بوکێنی بەر لەوەی بگەیتە زاوا بەبەرگی ئاڵو واڵاو جەواهیر بەندەوە وەرە ئێرە خۆتم نیشان بدە ، شازادە پەیمانی دایە کە شەوی بووکێنی خۆی پیشاندا . دوای چەند ساڵێك شازادە شو(مێردی)کرد .

شەوی بوکێنی پەیمانەکەی کەوتەوە یاد داوای لە زاواکرد کە رێی بدا بچێ بۆ باخەکە پەیمانەکەی بەجێ بێنێ ئەویش رێی دا. شازادە بەو شەوە بەتیا ملی رێی گرت لەنزیك باخەکە تووشی شێرێك بوو دەمی دابچڕیو وتی: ئەی ئادەمیزاد دەمێ بوو برسیم بوو خوا تۆی لەکوێوە بۆ رەخساندم ؟

شازادە وتی : ئەی شای دڕندان بەینی ( مەردی ، وە ، نا ، مەردی ) دوو پیتە لێم ببورە تا ئەچمە ئەو باخە چونکە پەیمانم داوە . شێرەکە رێی بۆ چۆڵکرد دوای کەوێ توشی دزێکی پڕ چەك بوو دز وتی : من چەند ساڵە دزی ئەکەم هێشتا خوا گوژمەیەکی وەك تۆی بۆ نەناردووم کە ئەم هەمرو جەواهیراتە نایابەیە!

شازادە وتی : بەڵێنم داوە بەم کەلوپەلانەوە تا ئەو باخە ئەچم کە گەڕامەوە هەرچیم پێیە بۆ تۆ، دزەکە ڕێی بۆبەردا شازادە چووە لای کوڕە باخەوانەکە وتی : پەیمانەکە بەجێ هێنا فەرموو بمبینە !

باخەوان وتی: ئەوسا مناڵ بووم لەڕوی نەزانینەوە ئەو قسەیەمکرد فەرموو بڕۆرەوە لای مێردەکەت ، شازادە لەباخ هاتە دەرەوە بینی دزەکە نوستووە خەبەری کردەوە وتی چیت ئەویّ پێشکەشی بکەم ؟

دز لەمە سەرسام بوو وتی : تۆ بۆچی خۆت خستە داوی دزەوە خۆ من نوستبوم بۆچی نەرۆیشتی ؟

شازادە وتی : چونکە بەڵێنم دابوو نەمتوانی درۆ بکەم !

دزەکە وتی : بڕۆ من هیچی تۆم ناویّ .

دوایی بینی شێرەکەیش نوستووە ئەویشی خەبەر کردەوە وتی : ئارەزووەکەت بەجێ بێنە .

شێر وتی : بۆچی منت خەبەرکردەوە و خۆت خستە گەروی شێرەوە ؟

شازادە وتی : چونکە پەیمانم دابو نابیّ زبان بەدرۆ دەرچم ، شێریش وەك دزەکە ڕێی بۆ چۆڵ کردو وتی : مادام ئەوەندە ڕاستی ئەوا ئازادم کردی بڕۆرەوە لای مێردەکەت.

ئەمجا کچی ناردشا روی کردە چوار هاورێکەو وتی : لە مێردی شازادەو شێر و دز و باخەوانەکە هونەری کامیان پەسەند ترە ؟

یەکەم وتی : مێردی شازادە کە بەو شەوە بووکەکەی ڕێداوە بچیّ بۆ باخ.

دووەم وتی : شێرەکە کە بەو برسێتیە شازادەی نەخواردوە .

سێیەم وتی : دزەکە کەچاوپۆشی لەو هەموو جەواهیراتە کردووە.

چوارەم وتی : باخەوانەکە کە بەو گەنجی و ڕەبەنیە خراپەی لەگەڵ شازادە نەکردوە

کچەکە وتی : قسەی هەرچوارتان ڕاستە ( گۆزە چی تێدابیّ ئەوە دەرئەدا. ) وە ئەم شعرەی وت:

کەکاسەی چینی زرنگەی لێوەدێ
چاکی و خراپی خۆیت پێ ئەڵێ
یەکەمتان کە مێردی شازادەی پەسەند کرد دڵی پیسە لەعاستی خێزانی خۆی.
دووەمتان کە شێرەکەی پەسەند کرد دیارە ورگ پەرستە فەرقی پاك و پیسی حەڵاڵ و حەرام ناکا.
سێیەمتان کە دزەکەی پەسەند کرد دیارە پیشەی دزییە.
چوارەمتان کە باخەوانەکەی پەشەند کرد پیاوێکی داوێن پیسە .
ئەمجا هەریەکەیان پێیان لە کردەوەی خۆیان نا و کچەکە گەوهەرەکەی بەئاسانی لە دزەکە سەندەوە. ژ/١٢٧١

.................

## ٣٦. دزێکی راستگۆ ژ/١٢٧٢

ئەگێڕنەوە لە شاری (رەی) خانێکی بازرگانی هەبوو کە پێیان ئەوت : (کاروان سەرای سەنگ) دەرگایەکی پۆڵای هەبوو دیوارەکانی دە گەز پان و پەنجا گەز بەرز بو، کە لە گەچ و بەرد دروستکرابوو، ئەم خانە بەتایبەتی چەند چەند نەفەرێك جولەکەی تێدابوو ، جەواهیرات و چشتی گرانبەهایان ئەکڕی و ئەفرۆشتەوە سەوداگەران وە گەوهەر فرۆشان لە هەموو وڵاتێکەوە رویان ئەکردە خانی ناوبراو، دزێکیش لەدەرەوەی خانەکە شوێنێکی گرتبوو شەو و رۆژ بیری ئەکردەوە کە رێگایەك بدۆزێتەوە تا دەستی خۆی بوەشێنێ لە دواییدا خۆی کرد بە ئاشنای یەکێك لە بازرگانەکان بە رۆژ هاتوچۆی ئەکرد سندوقی جەواهیرات و کەلوپەلی بەنرخی دەستنیشان ئەکرد بەو جۆرەش کەلێنی دەستنەکەوت دوایی لەگەڵ دە نەفەر دز خۆی رێکخست وتی : من ئەبم بەسەرەکتان بۆ ئەم دزییە . ئەوانیش لەگەڵی پێکهاتن .

فریشتەکە وتی : کەواتە تۆ پیاوێکی راستی تەوری زێڕ و زیوی لەگەڵ بەشێکی زۆر
جەواهیراتی بۆ فڕێدایە دەرەوە، مام رۆستەم سوپاسی خوای بەجێهێنا کەرەکەی دای
پێش و بەرەو ماڵ گەڕایەوە دەستی کرد بە کڕین و فرۆشتن و بازرگانی و لەماوەیەکی
کەمدا بوو بەخاوەنی سامانێکی گەورە.

پیاوێك لە هاوماڵەکانی مام رۆستەم لەم کارە ئاگاداربوو تەورێکی ئاسنی برد خستیە
دەریاچەکەوە لەپڕ فریشتە هاتە دەرەوە تەورێکی زێڕی بەدەستەوە بوو وتی : ئەمەیە
تەورەکەی تۆ ؟

پیاوەکە وتی : بەڵێ راست هێنی منە.

فریشتە وتی : من ئیشم بە پیاوی درۆزن نیە و خۆی نقوم کردو بزربوو پیاوەکە تا
ئێوارە چاوەڕوانی فریشتەی کرد کە تەورەکەی بۆ دەربێنێ بەڵام بێسود بوو بە
ناهومێدی گەڕایەوە ماڵ.

بێینەوە سەرباسی مام رۆستەم ئەم پیاوە چەند ساڵێك بە شادمانی ژیا دوای مردنی
سامانەکەی بۆ کوڕێکی بەجێهێشت کە ناوی (سەرکەش) بو ئەم کوڕە لەتەمەنی هەژدە
ساڵیدا بوو بەڵام زۆر چەپخون و نالەبار بوو هەرچی سامانێك کە باوکی بۆی بەجێ
هێشتبو لەگەڵ هەندێ هاوڕێی خراپا هەمووی لەرێگەی بەدخوویی و خراپەدا لەناوبرد
هەتا وای لێهات بۆ شێوی شەو ئاتاج بوو لەبەر ئەوەی کە سامانەکەی بەبێهودە لەبەرد
دابوو کەس یاریدەی نەدا وەبەزەیی پیانەهاتەوە ناچار رووی نەهات لەشارەکەی خۆیدا
دانیشێ بۆ دیاری بێگانە کۆچی کرد و لەوێ بوو بە رەنجبەری پیاوێکی باخەوان بە
رۆژانەیێکی باش بە وڵاخ پەینی ئەکێشا بۆ زەوی و زار سەرکەش نزیکەی بیست
ساڵێك لەم کارەدا مایەوە ئەو رۆژانەیەی کە وەرینەگرت پولێکی لێ خەرج نەدەکرد
وە هەمووی پاشەکەوت ئەکرد و خۆیشی بەخۆڕایی بەسەر ورگی خەڵکەوە
ئەلەوەڕاند. رۆژێك لەکاتی پەین کۆکردنەوەدا پارچە قاقەزێکی نوسراوی دی ئەم چەند
وشەیەی لەسەر نووسرابوو : (دنیا هەرچۆنێکی بگری هەر ئەبڕێتەوە.) کەرکەش کە

بۆیە بەم دەردە چووم . (ڕێ) لەپشت پەردەوە هاتە زبان وتی: درۆزنی و سپڵەیی
بەودەردەی گەیاندوی سەربوردی خۆی و دڕندەکانی هەموو بۆ گێڕایەوە .
(بێ ڕێ) بەگورجی چووە ئەو جەنگەڵەی کە دڕندەکان ئەنجومەنیان لێگرتبوو دەمی
ئێوارە شێر بەخۆی جانەوەراکانەوە پەیدا بوو شێر فەرمانی دا هەریەکە بەبۆنەی ساڵی
تازەوە چیرۆکێك بگێڕێتەوە ، ڕێوی هاتە زبان ساڵی پار کە لێرە چیرۆکمان ئەگێڕایەوە
ئادەمیزادێك گوێی لە قسەکانمان بوو ئەبێ ئێستا ئەم بێشەیە بپشکنین نەوەکو
ئادەمیزادی لێێ کاتێ گەڕان (بێ ڕێ)یان دۆزییەوە شێرەکە بەچەپۆکێك سەری پان
کردەوە لاشەکەی بوو بەخۆراکی جانەوەران لەپاوی سپڵەیی و درۆزنیدا. ١٢٥٩

.................................................................

**٢٤. مام ڕۆستەمی دارفرۆش** ١٢٦٠

یەکێ بوو ، یەکێ نەبوو ، لەسەردەمی کۆندا پیاوێك هەبوو ناوی(مام ڕۆستەم)بوو
پیر و زوبرو دڵ پڕ لەخەمبوو بەیانیان کەرەکەی ئەدایە پێش خۆی و تەورێکی ئەخستە
سەرشان ئەچو بۆ شاخ و کێوان بەرەنجی شان و ئارەقی نەوچەوان بارەدارێکی ئەهێنا
ئەیفرۆشت بەوە ماڵ و منالەکەی پێبەڕێوە ئەبرد ، ڕۆژێکلەدەمی نیوەڕۆدا بۆ
ئاوخواردنەوە و حەسانەوە چوە سەر دەریاچەیەك کە لێوەی نزیك بوو لەکاتی ئاو
خواردنەوەدا تەورەکەی لەدەست ترازا کەوتە دەریاچەکەوە مام ڕۆستەم هەناسەیەکی
ساردی هەڵکێشا بۆ تەورەکەی لەوکاتەدا فریشتەیەك لە ئاوەکە هاتە دەرەوە تەورێکی
زیوی بەدەستەوە بوو وتی : وتی ئەمەیە تەورەکەی تۆ ؟
مام ڕۆستەم وتی : نەخێر تەورەکەی من ئاسن بوو ئەمە زیوە .
فریشتە خۆی نقومکرد ئەمجارە تەورێکی زێڕی بەدەستەوە بو وتی: ئەمەیە تەورەکەی تۆ؟
مام ڕۆستەم وتی : نەخێر تەورەکەی من ئاسن بووئەمە زێڕە.

ماوەیەکی دوورودرێژ کەوتنە راوێژو پیلان هیچ ڕێگایەکیان نەدۆزییەوە، یەکێ لە

دزەکان وتی : ئەم پیلانە بە پیاوی جیهان دیدە و کۆنە ساڵ پێکدێ وەك زانایەك ئەڵێ

(بێ پیر مەچۆرە کوڕو مەیدان ، ئەگەر بشبی بە ئەسکەندەری زەمان.)

دوایی یەکێکیان وتی : لەم شارەدا پیرێکی جیهان دیدە هەیە تەمەنی گەیشتووە بە

ساڵ لەدەوری خۆیدا دزێکی بەناوبانگ بووە، گەلێ دەرگای پۆلای شکاندووە بەلام

چەند ساڵێکە تۆبەی کردووە گەڕاوەتە و زیارەتی ماڵی خوای کردووە و ناوی (حاجی

ئەمر ئاغا)یە ئەگەر بچینەلای و پێی بڵێین : برایەکمان لەو خانەدا بە ناڕەوا حەپس

کراوەو خێزان و چەند منالێکی وردی هەیە لەرێی خوادا ڕێگەیەکمان بۆ بدۆزەرەوە

کە رزگاری بکەین ڕەنگە ئەو بتوانێ پیلانێکمان بۆ بدۆزێتەوە.

هەموو ئەم قسەیەیان پەسەند کرد وە ملی ڕێیان گرت چوون بۆ ماڵی(حاجی ئەمر ئاغا)

دوای ڕێزگرتن و قاوەو قلیان ، سەرەکی دزەکان وتی : ئەی حاجی ئێمە بۆ ئیشێك

هاتوینە خزمەتت نابێ دەست بە رومانەوە بنێی.

حاجی وتی : فەرموو بڵێ !

سەرەك وتی : ئەمە چەند مانگێکە برایەکی ئێمە بەناڕەوا لە (کاروان سەرای سەنگ) دا

لە حوجرەیەکدا حەپس کراوە ئێستەش ماڵ و منالەکەی هەژار و برسی و سەرگەردانن

ئەبێ پیلانێکمان بۆ بدۆزیتەوە کە رزگاری بکەین.

حاجی وتی : بەهۆی ئەوەی کە دەرگای خانەکە پۆلایەو دیواری قایمە بەشەو پاسەوانی

لێ نیە و لەناوەڕاستی حەوشەی خانەکەدا بیرێکی کۆنی قوڵ هەیە کە چەند ساڵە وشك

بووە ئاوی تێدا نیە وە لەپشت دیواری خانەکەیشەوە ڕەهۆلکو کەندەلانێك هەیە

ئەتوانی لەو کەندەلانەوە بەچەند شەوێك لەغم لێبدەن وە بەرەبەرە گڵەکەی فڕێدەنە

دەرەوە هەتا ئەگاتە ناو بیرەکە لەوێشەوە برگەی لێبتاشن بۆ پێپلیکە تا سەر ئەکەون

ئەوکاتە بەئاسانی براکەتان رزگار ئەکەن لەمە زیاتر چارەی تر نیە.

دزەکان سوپاسیان کردو گەڕانەوە جێی خۆیان. شەو بەسەرداهات بە قولنگ و خاکەنازەوە چوونە پشت دیواری خانەکە لە کەندەڵانەکەوە دەستیان کرد بە لەغم لێدان بەچەند شەوێك گەیاندیانە ناو بیرەکەوە لەوێوە لەسەرکەوتنە سەرەوە قفڵی ژوورەکانیان شکاند و هەرچی جەواهیراتێك کەلەوێدا بوو پاکویان داو کردیانە بیرەکەوە وە یەکەیەکە چوونە خوارەوە هەرکەسە کۆڵی خۆی لێداگرت وە دووسێ فرسەخ لەشار دوورکەوتنەوە لەوێ لەخۆیان دابەشکرد.

بەڵام سەرەکی دزەکان لە دڵی خۆیدا وتی : ئینسان هەرشتێك بکا ئەبێ بەشی خوای تیا بێڵێتەوە ئێستا بەهۆی گوناهی ئێوەوە گەلێ کەسی بێ گوناه خراونەتە ژێر داروفەلاقەوە واچاکە کەبچم رزگاریان بکەم.

بەیانی هەتاوکەوتن چووە خانەکە تەماشای کرد حاکم پیاوی میری سی چل کەسیان گرتوە و دارکاری ئەکەن لەدوورەوە دەستی هەڵبڕی وتی: ئەمانە بەردەن بێگوناهن هەرچیەك دزراوە من دزیومە!

حاکم لەم قسایە سەرسام بوو بێگوناهەکانی بەردا وتی: تۆ چۆن ئەمماڵەت دزیوەو بەپێی خۆت هاتویتە داوەوە ؟

وتی: بەڵێ من دزیومە لەبەر ئەوەی بۆم دەرنەچوو هەموویم کردۆتە ئەم بیرەوە . گوریس بخەنە ناوقەدی یەکێك لە بازرگانەکان داڕۆچکەی خوارەوەی بکەن راستی قسەم دەرئەکەوێ .

حاکم بەهەرکەسێکی وت کەس نەیوێرا بچێ. دوایی وتیان ئەبێ خۆت بچی .

سەرەك وتی : بەڵکو لەبیرەکەوە رێگایەك بێ وە من دەربازبیم ئێوە ئەڵێن چی ؟

وتیان : ئەگەر تۆ لەم بیرەدا رێگای دەرچونت دۆزییەوە هەرچی ماڵێکی ئێمەت بردوە گەردنت ئازادبێ .

گوریسیان خستە ناوقەدیەوە دایان هێشتە خوارەوە لەوێ بەسوکی گوریسەکەی
لەخۆی کردەوە و سەرەکەی بەبەردێکەوە بەستەوەو بۆی دەرچوو.
ئەورۆژە تا ئێوارە یاساوڵیان لەسەر بیرەکە دانا و بانگیان کرد بێسوود بوو.
منیش ئەڵێم : هونەر هەروەها ئەبێ : ئەم پیاوە دزی کرد ، راستی وت، گەردنی
خۆیشی بەخاوەن ماڵەکان ئازاکرد،بێگوناهەکانیشی رزگارکرد. ژ١٢٧٢

.........................

**٣٧.گیان بەختکردن لە پێناوی باوکدا !! ١٢٧٣**

یەکێ بو یەکێ نەبوو ، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو ، پادشا یەك بوو لەدەورەی پێش
دا زۆر زاناو بەداد و دڵسۆز بوو خەڵکی وڵاتەکەی بەئاسودەیی و کامەرانی لەسایە
ئەژیان ئەم پاشایە منالی نێرینەی نەبو تەنیا کچێکی هەبوو لەجوانی و زیرەکیدا بێوێ
بوو کەناوی (ڕێحانەخانم) بوو زۆری خۆشئەویست هەرچی سامان و دارایی خۆی هە
لەبەر پێیدا بڕشتایە لەلای کەمبوو ، کاتێ کچەکەی گەیشتە تەمەنی هەژدە ساڵی پاد
بڕیاری دا جەژنێکی ئاهەنگی بۆ بەرپابکا هەرچی پیاوە گەورەو کاربەدەستانی شار هە
هەموویان بانگ بکا و پارەو نان و چێشت بەسەر هەژاراندا بەشێتەوە، کە شازا
ئەمەی بیست بەباوکی وت : ئەم ئاهەنگەی تۆ ئەیکەی تایەبەتی بۆ چەند کەسێ
پێویستە هەموو خەڵکی شارەکە بانگ بکرێ ، هەرچەند باوکی وتی : جێگا و رێگا
وا فراوان دەست ناکەوێ کە هەموو خەڵکی شار بانگ ئەکەی من نایەمە ئ
ئاهەنگەوە پادشا دڵی نەشکاند فەرمانی دا خێوەت و خەرگا لەقەراغ شار هەڵبدەن
بە کورسی و مێز و گوڵی ڕەنگاورەنگ بیڕازێننەوە و خواردن و خواردنەوەی ئاما
ئامادە بکەن، فەرمانی پادشا بەجێ هێنرا شازادە بەبەرگی ئاڵ و والآ خۆی ئارایش دا
هەمووی جواهر کەڵێی ئەهات ملوانکەیەکی ئەڵماس بوو، ئەو رۆژە لەبەیانییەوە تا س
سەعات دوای خۆرئاوا دەستە دەستە خەڵك ئەهاتن بۆ ئەم ئاهەنگە شازادە پێشوا

ئەکردن و لەسەر سفرە دای ئەنان دوای تەواوبونی ئاهەنگەکە خەلْك بەسازو ئاوازەوە گەرانەوە جێی خۆیان.

شازادە کە گەڕایەوە ژووری نوستن بینی ملوانکەکەی ئەماوە لەمە زۆر دلْگران بوو باوکی لێ ئاگادارکرد ئەویش جارچی خستە شارەوە کە جارێدا هەرکەسێ ئەم دزە بگرێ کە ملوانکەی شازادەی دزیوە و بیهێنێ بۆ پادشا هەزار ئەشرەفی زێڕ وەربگرێ.

لەم شارەدا پیاوێکی هەژار هەبوو کە(٣)کوڕی بەناوی گوڵ،پەروێز،جهانگیر، هەبوو ئەم پیاوە دەمێك بوو نەخۆش بوو کوڕەکانی دەستیان نەئەڕۆیشت دەرمانی بۆ بکڕن وکرێی پزیشکی بۆ بدەن گوڵ کوڕە گەورەبو بەدو براکەی وت: دەستم ببەستن و بمبەن بۆلای پادشا بلێن : ئەمە ملوانکەی شازادەی دزیوە، کە مزگێنیتان وەرگرت بۆ باوکمی خەرج بکەن .

براکانی بەقسەیان کرد بەدەستی بەستە دایانە پێش خۆیان بۆلای پادشا وتیان: ئەمە دزەکەیە کە ملوانکەی شازادەی دزیوە . پادشا هەزار زێڕی دانێ و هاتنەوە لەبەردەمی باوکیان دانا، باوك پرسی : ئەمەتان لەکوێ بو ؟ ئەی گوڵ چی لێهات ؟ سەربوردیان بۆ گێڕایەوە و دەستیان کرد بە خزمەت و دەرمانکرینی باوکیان.

بێینەوە سەرباسی گوڵ. پادشا لێی پرسی : ئەم ملوانکەیەت چۆن دزی ؟

گوڵ وتی : نەمدزیوە لەرێگوزارا دۆزیمەوە وامزانی شتێکی بێنرخە هاویشتمە دەریاوە. پادشا لەمە رقی گرت فەرمانی دا بەخنکاندنی و سێدارەیان بۆ دانا باوکەکەی بەگریان و هاوار خۆی گەیاندە پادشا وتی : ئەم کوڕەی من دز نیە . من نەخۆش و دەستکورت بووم ئەو دوو کوڕەی کە بەدەستی بەستە بۆتۆیان هێنا برای بوون بۆئەوەی کە مزگێنی وەرگرن و منی لەنەخۆشی پێ رزگار بکەن ئەوکارەیان کردوە.

پادشا کە ئەمەی بیست دەستی لە مل گوڵ کرد ئەملاولای ماچکرد وتی : کە تۆ ئەوەندە فیداکاریی بۆ باوك خۆ من هیچ کوڕم نیە ئەوا تۆم کرد بە کوڕی خۆم ،

شازادە رێحانە خانمی لێمارەکرد .ئەمجا لەشارا جارِدرا رێحانە بە گوڵ درا وە ملوانکەکەیش گەورە زادەیەك دۆزیبویەوە بۆ پادشای هێنایەوە و لەسایەی گوڵ دا و دایکو براکانی حەسانەوە . ئەمە ئامۆژگارییەکە هەرکەسێ لەرێی چاکەدا فیداکاری بکا پاداشی خۆی وەرئەگرێ وەك ئەڵێن : تۆ چاکە بکەو بیهاوە دەریا لەداماویدا بەفریات ئەگا. ژ/١٢٧٣

.....................

## ٣٨. گورنەتەڵە١٢٧٤

ئەی منداڵەکان ئەمە چیرۆکێکی ناوخۆمانە خوالێخۆشبوو(پیرەمێرد)بەشعر هەڵ بەستووە هەرچەندە خەرافی = تورەهاتە، بەڵام ئاگادارتان ئەکاتەوە کەئەبێ دەربارە هاورِێ و هاومالتان دڵسۆزبن، بەر لە خۆتان بۆ رزگاری و کامەرانیان تێکۆشن. هەروا وردبینەوە منداڵێك چۆن هاورِێکانی لە چنگی جانەوەرێکی درِندە پاراستووە.

### گورنەتەڵە

رۆژێ چەند منداڵێکی لاسار    دەستیان دابروە دار
وتیان بۆ کەشافە ئەچین    واچاکە لەئێستاوە فێربین
هەروا رۆین جوتە جوتە    تا سەرکەوتن لە هەروتە
لەوێ رۆژیان لێ ئاوابوو    گورنەتەڵە یەکیان تیابوو
وتی وا تاریکمان بەسەرداهات    مارو مێرو لەکون دەرهات
وەرن بابچینە کورە شیوێ    خۆمان ماتکەین لە ئەدیوێ
ئەم پیلانەیان تەواوکرد    تروسکە ئاگرێکیان بەچاوکرد
وتیان ئەم ئاگرە دێ یە    نان و پێخەفیشی لێ یە
هەستن خۆتان گورجکەن با بچین    بۆ ئەم شەو میوانیان ئەبین
هەر رۆین شاخ و کێو بوو    تێفکرین دێ نەبوو دێو بوو
دەڵە دێو لە گوێ ئاگردان    خەریکی بوو نانی ئەبرژان

وتی: واخوا ناردی بۆم بۆ ئەمشەو بەکێکیان لێەخۆم
دایان لە گوێ ئاگردانێ سەرو ئانی گەرمی دانێ
وتی: مندالٚ ماندوونەبوون؟ فێر گەڕانی وانەبوون
مندالٚ ماندوو هەموو لێخەوت تەنیا گورنەتەڵە نەخەوت
دێوە ئەیپرسی بەجەخت هەی منالٚ کێ خەفت ؟ کێ خەفت؟
گورنەتەڵە ئەپاڕایەوە لە خوا ئەترسا دێو بیان خوا
دێو ئەیوت تۆ بۆ نانووی برسیتە لێمان بەبیانووی؟
گورنەتەڵەی سەر بنە خەڕەك نەنوی ئەتدەمە بەر کوتەك
وتی: پێت بلێم بۆچی نانوم دایکم فێر بێشکەی کردوم
دێوەی لە جێی راپەڕاند ساجێ برێشکەی پێبرژاند
خوادی و وتی : تڕی خۆشە تڕی لەسەر نەخۆی بۆشە
هەستا چوو تڕیشی هێنا لەبەر گورنەتەڵەی دانا
وتی : ئیتر بیانوت ماوە؟ هەرچیت وت هەمووم هێناوە
وتی : هەموو شت تەواوە هەر ئاوی بێژنگمان ماوە
تۆ ئاو لە بێژنگا بێنە ئەگەر نەنووم بم خنکێنە
دێوی ئەقلٚ ناتەواو بێژنگی هەلگرت و چو بۆ ئاو
بێژنگ ئاوی رانە دەگرت لەداخانا شەقی ئەبرد
دێوە بەرەو مالٚ هات چوو بزانێ منالٚ چی لێهات
سەیری کرد وێرانەی بەتالٚ نەمالٚی ماوە نە منالٚ
سەری خۆی بەبەردێکادا هەریەکجار دەمی پێکادا
منالیش بۆ شار چونەوە بەدایکو باوك شادبوونەوە ژ/ ١٢٧٤

## ٣٩. چەند پەندێك ١٢٧٥/ژ

هەبوو ، نەبوو ، لەدەورەی دێرین دا پادشایەك بوو زۆر زاناو دادخواه بوو بەپێ ئاین و دەستور لەگەڵ ژێردەستانیدا ئەبزوتەوە هەمیشە لەگەڵ پیاوچاکان و زانایان رای ئەبوارد پرس و رای پێئەکردن و لێیان جوێ نەنەبووەوە.

ئەم پادشایە کوڕێکی ژیرو تێگەیشتوی هەبو بە ناوی (شازادە نەورەس) ئەم کوڕە رۆژێك لەدیوانی باوکیدا لە زانایەکی پرسی : گەیشتن بە پایەی بلند و کامەرانی بەچی پێکدێ ؟

زاناکە لەوەراما وتی : بەسێ شت (١) تەواوکردنی خوێندن لە قوتابخانەی بەرزدا. (٢) هاوڕێی زانایان و دانیش مەندان. (٣) جیهان گەردی- گەشت و گوزاری- شاران وەکو ئەڵێن : (سەفەر . رابەری ئەقڵەو مامۆستای هونەرە .) کە شازادە ئەمەی بیست وەك سکە لە دڵیا نەخشی بەست.

ئەوەندەی پێنەچوو پادشا ویستی ژنی بۆبهێنێ کە کوڕە بەمەی زانی وتی : ئەی باوکی گەورەم من ئێستا لەئەقڵ و زانست دا ناتەواوم پێویستم بەتەواوکردنی خوێندن هەیە دوای ئەوە هاوڕێی زانایان و گەشتوگوزاری شاران لە ئێستاوە پێی خۆم بخەمە داوی خێزانەوە کارێکی ناهەموارە وەکو ئەڵێن :

(هەرکەس لە جوانیدا خواستی ژن بکا
خۆی لەناوەندی جوانان ون ئەکا .)

باوکی ئەم قسەیەی جوان چوو بە دڵا
وەك خونچە گەشایەوە بەروی بلبلا

وتی : راست ئەکەی کوڕم وە قسەکەی پەسندکرد. دوای چەند ساڵێك کوڕە خوێندنی تەواوکرد داوای لەباوکی کرد وتی : ئەبێ دەستورم بدەیتێ گەشتو گوزاری شاران بکەم چونکە خوا هۆی گوزەرانی لەیەك جێگادا کۆنەکردۆتەوە.

ئەم شار بۆ ئەو شار ، ئەم دیار بۆ ئەو دیار ، هەموو پەیوەندیان پێکەوە هەیە. هەروەها ئینسان لەسەفەردا قالْ ئەبێ ، بەرگی تەمەڵی سستی فڕێ ئەدا ، لەتەندروستی کەڵك وەرئەگرێ ، شتی ئاوارە ئەبینێ تێدەگا دەستی توانایی کردگار چی دروست کردوە ؟

ئێستا منیش زانام وەکو ئەڵێن :

لە کێو و دەشت و بیابانا غەریب نیە

لەخۆشگوزەرانی نسیب نیە

پادشا ئەمجارەش قسەکەی پەسەند کرد وتی : ئەوا دەستورم دایێ گەشت و گوزار بکەی بەڵام سێ ئامۆژگاریت ئەکەم (١) هەتا ئینسان تاقی نەکەیتەوە هاوڕێی مەکە. (٢) درۆمەکە . (٣) بڕوات بە خواو چارەنوس بێ. ئیتر خوات لەگەڵ بۆ کوێ ئەچی بچۆ ؟

ئەو ڕۆژە شازادە لەگەڵ کوڕی وەزیر دا جلکیان لێگۆڕی و هەندێ پارەیان خستە کەمەر بەندەوەو ملی ڕێیان گرت چەند شارو دەشت و بیابانێکیان تەی کرد و هەرچی پارەیەکیان پێبوو خەرجیان کرد . لەناکاو لەرێگوزاردا بەرەنگاری دوو کوڕی گەنج بوون ،شازادە لێی پرسین : بۆ کوێ ئەچن ؟ وتیان ئێوە بۆکوێ ئەچن ؟ ئێمەش بۆ ئەوێ ئەچین! ئەوا بوین بە هاوڕێ، لەدوایدا شازادە لێی پرسین چ کارو پیشەیەك بۆ خۆشگوزەرانی باشە ؟

یەکەم وتی : کشتوکاڵ و جوتیاری، دووەم وتی : بازرگانی ،

شازادە وتی : بەڵێ تێ گەیشتم :

هەرکس نەخشی خۆی دێتە بەرچاو

فەلاح بـاران و جـل شۆریش هەتاو

وتی : تۆ کوڕی جوتیاری ئەویش کوڕی بازرگانە.

ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتن نزیك بە دەروازەی شارێك بونەوە کە لەوێدا قۆختەیەکی
باخەوان و کانی و مێرگێکی لێوو بڕیاریان دا چەند ڕۆژێك لەو قۆختەیەدا بحەسێ
و چونە قۆختەکەوە . شازادە وتی : ئێمە هیچمان پارەمان پێنەماوە پێویستە هەر ڕۆ
یەکێکمان بە هونەری خۆی خۆراك بۆخۆی وە ئەوانی ترمان پەیدا بکا هەموو لە
ئەمە بڕیاریان دا ، یەکەم کوڕی جوتیار کەوتە ڕێ لە قەراغ شار کۆڵێك بەلەکی
و بردی فرۆشتی و دای بەنان و پێخۆر و هێنایەوە بۆ هاوڕێکانی ، سبەینێ نۆرە
سەر کوڕ بازرگان ئەویش هەڵسا چوو بۆ شار وتی : خوایە خۆ من هیچ کارو پیشە
نازانم ، کرێکاریم پێناکرێ خوایە شەرمەساری هاوڕێکانم نەکەی، لەناکاو پیاوێك بەر
رووی هات وتی : تۆ لەکوێ و ئێرە لەکوێ ؟ بردیە ماڵەوەو خزمەتێکی زۆری کر
وتی : منالێ بوی ساڵێك هاتمە ولاتی ئێوە لەبازرگانیدا زیانم کردبوو باوکی تۆ هەز
درهەمی پێبەخشیم ئێستا ئەبێ ئەو چاکەیەی باوکت بدەمەوە هەزار درهەمی هێنا لەب
دەمی کوڕەی دانا ئەمجا وتی : بەخوات ئەسپێرم.کوڕی بازرگان نان و پێخۆرێکی نایاب
کڕی و هێنایەوە بۆ هاوڕێکانی.
ئەمجا نۆرە هاتە سەر کوڕی وەزیر ئەویش ملی ڕێگای گرت و چوو بۆ ناوشا
بەڵام سەرسام ماو نەیزانی چی بکا ! لوت و بزوت توشی پیاوێك بوو لێی پرسی
کوڕی وەزیر بۆچی وا زویری ؟ دەستی لەمل کردو بردیە ماڵەوە وتی: من ئەم سامانە
کە هەمە لەسایەی باوکتەوە دەستم کەوتووە تۆ منالێ بوی ساڵێك هاتمە ولاتی ئێو
لەبازرگانیدا نابوت ببوم باوکت هەزار زێڕی پێبەخشیم ئەبێ پاداشی چاکەی بدەمەو
، هەزار زێڕی لەبەر دەمی کوڕەدا دانا و وتی : خوات لەگەڵ . کوڕە خۆراکێکی
چاکی کڕی و هێنایەوە بۆ هاوڕێکانی.
ئەمجا نۆرە هاتە سەر شازادە ئەویش رووی کردە شار وتی : خوایە تۆ بەخشندە و
کار سازی ڕووڕەشی بارانم نەکەی لەبەر دەروازەی شاردا سەری خستە سەر ئەژنۆی
بیری کردەوە . زۆری پێنەچوو قەرەباڵغییەکی بێشومار پەیدابوو تەرمێکیان پێبو

ئەیانبرد بۆ گۆڕستان تومەز ئەمە پادشای شار بوو کە هیچ منالی لەپاش بەجێ نەمابوو (وەسیەت=راسپاردە)ی کردبوو کە هەرکاتێ من مردم کە تەرمەکەتان لەشار بردمە دەرەوە هەرکەسێکتان لەبەر دەروازەی شاردا بە زویری دی ئەوسە لەشوێنم دابنێن . پیاو ماقوڵ و وەزیران کە ئەم کوڕەیان دی وە گفتوگۆیان لەگەڵ کرد لەزانست و هونەریدا یەکتا بوو وتیان : ئەمە پادشاهی لێنەوەشێتەوە لەسەر تەخت دایان نا ئەویش هاوڕێکانی لەبیر نەچوو بەدەستی خۆی خۆراکی بۆ بردن .

کوڕی جوتیاری کرد بە جێنشین و کوڕی بازرگان بەخەزنەدار و سەرۆکی بازرگان ،کوڕی وەزیری کرد بە وەزیر .

ئەمە پەندێکە کەسێك چاکە بکا خۆیشی بەری لێنەخوا بەکەڵکی نەوەی دێت.

ژ/١٢٧٥

.........................

ژ/١٢٧٦

## ٤٠. بلبلێکی ون بو

جووتێ بلبل لە باخێکی پڕ گوڵودرەختەدار بەخۆشی و کامەرانی پێکەوە ئەژیان دەمی بەربەیان لە هێلانەکەیان ئەهاتنە دەرەوە بە ئاوازی شیرین لەم چڵ بۆ ئەو چڵ لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ ئەفڕین و گەشتو گوزاریان ئەکرد. لەنزیك ئەم باخەوە کۆشکێکی جوان و ڕەنگین هەبوو لەو کۆشکەدا دوو کوڕەپادشا بەناوی(سۆران) و (بۆتان) دادەنیشتن کە باوکیان بۆی دروست کردبوون وە مامۆستای تایبەتی بۆ گرتبون کە دەرسیان پێ بڵێ . چارەنووس وا ڕێکەوت (بۆتان) نەخۆش کەوت لەتاو ئازاری لەشی نەئەسرەوت. ڕۆژ بەڕۆژ هەتا ئەهات دەردەکەی گران ئەبوو ئاگری ئاوتی ئەیسوتاند هەرچی پزیشکی زاناو بەسەلیقە هەبوو لێ ی کۆبوونەوە چاری دەردیان پێ نەکرا ، لەناکاو بلبلێك لەسەر چڵی درەختێکی کۆشکەکە بە ئاوازی دڵگیر ئەیخوێند کە بۆتان گوێی لەدەنگی بلبلەکە بوو چاوەکانی بە فرمێسکەوە کردەوەو تەماشایەکی ئاسمانی

کرد و چاوی لێك نایەوە لەو دەمەدا پزیشکێکی هونەرمەند لەژوور سەری ...
راوەستابو تێگەیشت کە بۆتان دڵخوازی بلبلە ، دەرمانی چاکبونەوەی خوێندنی بلبل...
باوکی کوڕەکەی ئاگادار کرد کە بلبلێکی بۆ پەیدا بکا وە بیخاتە قەفەزەوە (سۆزان...
کە شەو و رۆژ لەپەژارەی براکەی ئارامی نەبوو فرمێسك بە چاویا ئەهات.

چاوەنوارِی کرد هەتا شەو بەسەردا هات . رۆی کردە باخەکە بەدرەختێکا هەڵ گەرا
کە هێلانەکەی ئەو جوتە بلبلەی پێوە بوو دەستی برد یەکێکیانی گرت وە ئەوی تر
فڕی لەچاو ون بوو. بەشادمانی هاتەماڵەوە بلبلەکەی خستە قەفەزێکی زێرەوە ل...
ژوور سەری براکەی دانا. کە بلبل بەیانی لەخەوی بێ هۆشی بێدار بوو هاورِێ کەی
لەتەنیش خۆیەوە نەدی وەگوڵە رەنگاو رەنگەکان وە درەختە جوانەکان نەئەهاتە بەر
چاوی تێگەیشت کە بەدیل گیراوە و بەندی قەفەزە بیری کردەوە کە بفڕێ هەرچەند
باڵە نەخشینەکانی دا بەیەکدا رێگای رزگاری نەدۆزی یەوە بەناڵەی زار دەستی کرد بە
خوێندن لاوانەوەیەك بە ئاوازی خۆش دڵ سۆزان بۆی ئەهاتە جۆش بۆتان بە ئاوازی دڵ
نەوازی بلبلەکە کە وردە وردە باری لەشی سوك بوو بلبلەکەی تر کاتێ گەرایەوە
هێلانەکەی هاورِێکەی نەدی هەموو باخ و شاخ و چۆڵ و هەردو مێرگ و
مێرغوزارێکی لە شوێن گەڕا بەڵام نەی دۆزی یەوە بە زویری و دڵ شکاوی گەرایەوە
هێلانەکەی.

کەکۆمەڵێ باڵداران بەمەیان زانی هاتن بۆ پرسەی و دڵ نەوایی بلبلەکە
پەپوسلێمانکە هەڵی دایە وتی: ئەم هاورِێ یەی تۆ نەمردوە و هیچی لێ نەهاتورە
ئادەمیزاد بەدیلی گرتووە. ئادەمیزاد ستەم کارە ، چاوبرسی یە، بۆ پارویەك گۆشت وە
بۆ دەقیقەیەك کامەرانی خۆی هەزاران گیاندار بێ گیان ئەکا، باوك لە کوڕ ئەکا ، برا
بێ برا ئەکا ، دانیشتولە نیشتمانی خۆی ئاوارە ئەکا. تەمەنی لە سەد ساڵ تێ پەڕ ئەکا
سەری لە گوێ گۆڕ ئەلەرزێ. کەچی لەترسی خوا نالەرزێ، پارەو ئازوخەی هەزار
ساڵی هەیە هی هەزاری تر پاشەکەوت ئەکا . وتی من چەند ساڵ لە دەرباری حەزرەتی

سولەیماندا تەتەر بووم سولەیمان کە پێغەمبەری خوا بوو زۆر چاو برسی بوو داوای لە خوا کرد وتی: خوایە دەبدەبەو دارایی یەکم بدەرێ کەلەدوای خۆیشم بەکەسی تری نەدەی.

خوایش بەقسەی کرد دایە وە کوڕێکیشی نەدایە کە لەدوای خۆی جێ ی بگرێتەوە وە ئەو سامانەی دەست کەوێ.

پەپوسلێمانکە ئەم قسانەی بەگوێ ی بلبلداداو لەگەڵ هاوڕێکانی ماڵئاوایی یان خواست و ڕۆیشتن.

بلبلی دڵ پڕ لەداخ.

بێ هاوڕێی ناوباخ

تاکو تەنیا مابووە وە

فرمێسکی ئەڕشت لە دووری یاری

وەك لێزمەی باران تاوی بەهاری

ئەوەندەی پێ نەچوو ئاوازی خوێندنی بلبلی ون بوو لە کۆشکی کوڕە پادشاوە بڵندبوو بە گورجی خۆی گەیاندە کۆشکەکە. کەتەماشای کرد هاورێ کەی بەندی قەفەزە. ئەم لە قەفەزەدا و ئەو لەسەر چڵی درەخت بەرامبەری یەك چەند شەو و چەند ڕۆژێك بە ئاوازی شیرین دەستیان کرد بە خوێندن ئەمجا بۆتان بەتەواوی لەنەخۆشیەکەی چاك بوەوە.

ڕۆژێك سەیری کرد بلبلەکە لەقەفەزدا زۆر نەخۆشە ویستی دەرمانی بداتێ بەڵام لێکی دایەوە وتی: دەرمانی ئەم باڵندەیە ئازادی یە وەکو ئەڵێن:

ئازادی خۆشە لەگۆشەی چەمەن

نەك بەندی قەفەز دورکەوتەی وەتەن

بلبلەکەی لە بەندی قەفەز رزگارکرد لەگەڵ هاوڕێکەیدا بەیەك شادبونەوە بەرۆژ
ئەهاتنە باخچەی کۆشکەکە بۆتان دانی بۆ ئەرشتن ئەیانخوارد وە بەجۆرێکی وا کەوی
بوبون بەرۆژ لەباخ و بێستانا ئەگەڕان وە بەشەویش ئەهاتنە ئەو ژوورەی کە بۆتانی تێدا
ئەنوست وە بەدەنگی خۆش بۆیان ئەخوێند.

جارێك بۆتان میوانێکی هات کەتەماشای کرد جووتێ بلبل بێ ترس بە دڵنیایی لە
ژورەکەدا ئەگەڕێن ، پرسی : تۆ چۆن ئەم بلبلەت کەوی کردوە؟

بۆتان لەوەراما وتی: هەرکەسێ دەستو زبانی بێوەی بێ ئەتوانێ باڵندەو گیاندارانی
کێوی کەوی و رام بکا. ژ/١٢٧٦

........................................

(دەو = مسابقە )یەکی جوان . بۆ جگەرگۆشەکا نمان

٤١. ئەنجامی ستەمکارێك ١٢٧٧

هەبوو، نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، کەس لەبەندەی ستەمکار رووڕەشتر
نەبوو، لەدەورەی دێرین دا هۆی گواستنەوە ئوتومبیل و فڕۆکە هێشتا دانەهاتبوو
خەڵك بەپێ بەسواری وڵاخ هاتوچۆی شارانیان ئەکرد پیاوێکی بازرگان پارەیەکی
زۆری ئامادەکرد ویستی بچێ بۆ وڵاتی ئێران کەلوپەلی بازرگانی بکڕێ پێیان وت:
پێویستە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکا بکەویتە رێ زانایان ئەڵێن :

( بێ یار و هاوڕێ تۆ مەچۆرە گەشت
دزو درندەی زۆرە شاخ و دەشت)

کابرا گوێی نەدایە بەتەنیا ملی رێگای گرت . ماوەیەکی دوور و درێژ رۆیشت هەتا
گەیشتە ناو دارستانێکی چڕ کەکانی و ئاوێکی لێ بوو دانیشت ئەختێ بحەسێتەوە
لەناکاو کابرایەکی دز=تەریدەی بەچەکەوە لێپەیدابوو وتی : چیت پێ هەیە بۆم دابنێ
ئەتکوژم ؟

کابرا وتی : باشە هەرچیەکم پێ هەیە بۆتۆ بەڵام لەسەر چی ئەمکوژی ؟

تەریدە وتی : ئەچی راستیم لێئەڵێی پیاوی میری دێن ئەمگرن .
بازرگان لێی پاڕایەوە وتی : مەمکوژە سوێندت بۆئەخۆم ناونیشانت لای کەس نادرکێنم و ئێستەش من بکوژی زبان و دەست و پێت لەم دنیاو لەوە دنیاش لێت ئەبن بە (گەواه=شاهد) وە گەواهیت لێ ئەدەن.
ئەم قسانە کاری نەکردە سەردڵی رەقی تەریدە وتی : هەر ئەتکوژم.
لەوکاتەدا دوو کەو لەسەر بەردێك نیشتنەوە دەستیان کرد بە خوێندن :
(قاقەبە قاقەبە،قاقەبە، قاق
شاخی بەرز و بەردی رەق)
بازرگان روی کردە کەوەکان وتی : ئەی جوتە کەو ئێوە گەواهیم بۆ بدەن کە ئەم تەریدەیە بەنارەوا من ئەکوژێ و هەروەها حاکم ئاگادار بکەن تۆڵەم بسێنێ.
تەریدە وتی : چۆن کەوی بێ زبان قسە ئەکا. شیرێکی دا لە ملی کابرا و سەری پەڕاند و هەر پارەیەکی پێبوو لەباخەڵی دەرهێنا.
ئەمجا رویکردە شار بۆ کەلوپەل کڕین کەسەیری کرد لەقەراغ شار خێوەت و خەرگا هەڵدراوە و خەڵکێکی زۆر کۆبونەتەوە پرسیاری کرد ئەمە چییە ؟
وتیان : پادشا ژنی بۆ کوڕەکەی هێناوە مەولودی کردوە هەرکەس بچێ نان ئەخوا .
تەریدە لەدڵی خۆیدا وتی : خۆ من زۆرم برسییە وا چاکە بچم بۆ نان خواردن چووە بەردەم پادشا وتی : رۆژباش پادشاهم بەبەختیاری بژیت.
ئەویش دایناو چاکو خۆشی لێکرد. سینییان هێنایە بەردەم دەورییەك پلاو لەگەڵ دووکەوی سورەوەکراو .
تەریدە بێئەوەی هیچ بخوا دەستی کرد بە قاقای پێکەنین .
پێیان وت: تۆ شورەیی ناکەی ؟ لەڕوی پادشادا پێئەکەنی و گاڵتە بە قوناخ و نان وخوانی پادشا ئەکەی؟

یەکێك لەکاربەدەستەکانی پادشا پیاوێکی زۆر وردبین بوو وتی : پێکەنینی ئەم
کابرایە هۆی ڕوودانی کارەساتێکی گرنگە. دەستیان کرد بە لێدانی کابرای تەر
وتیان : ڕاستی بڵێ ئەم پێکەنینەت لەرووی چیەوەبوو ؟
وتی : لێم مەدەن پێتان ئەڵێم وە سەرگوزەشتەی بۆ گێڕانەوە .
وتی : لەوکاتەدا کابرام بەگیرهێنابوو دوو کەو نیشتنەوە ئەویش وتی : ئەی جوێنی ک
گەواهیم بۆ بدەن وە حاکم ئاگادار بکەن کە تۆڵەم بۆبسێنی کەچی ئێستە جوێنی کر
لەسەر سینیەکە دی کرابوو بە کەباب بەوە پێکەنیم .
ئەمجا پادشا وتی : چاوت لێیە زبانی خۆت و کەوەکان چۆن گەواهیان لیدایت ؟ بەڵ
ئەبێ دەست و پێشت گەواهیت لێدەن ئەوکاتە تۆڵەت لێئەسێنم .
پادشا لەتەك پیاوەکانی تەریدەیان پەتکرد بە پێی و شوێنیا ڕۆشتن تا گەیشتە س
لاشەی کابرا .
پادشا وتی : خۆ تەواوە ئەم شوێن پێیانە شەقڵی ناڵچەی پێڵاوی تۆیە ؟
تەریدە وتی : بەڵێ هی منە.
پادشا وتی : ئەم شوێن پەنجە خوێناویانە شوێن پەنجەی تۆ نییە ، هی کێیە بە جلوبەرگ
کابراوە ؟
تەریدە وتی : هی منە.
ئەمجا پادشا فەرمانی کرد لاشەی کابرا لەگەڵ پارەکانی ببەنەوە بۆ کەسوکاری و تەرید
لە مەیدانی گەورەی شارا بکەن بە دارا .
زانایان ئەڵێن :

ئەم پەندە لەگوێ گرە ڕۆڵە
خوا ئەسێنێ لەزۆرداران تۆڵە
هەرچی ئیشێ بکەی بزرنابێ
وامەزانە کەسەر زەمین چۆڵە.

## ٤٢. هەرنەوەیە کە دیوتە ١٢٧٨

وا باس ئەکەن هەزار ساڵ لەمەو پێش لەوڵاتی(ئەفغانستان) لەشاری(غەزنە) ژن و مێردێکی پیر هەبوون تەنیا کوڕێکیان هەبوو کە ناوی(خوداد) بوو لە قوتابخانەدا ئەیخوێند ، ئەم کوڕە ڕەوشتو خووی زۆر بەرزبوو ژیرو هێمن و لەسەرخۆ بوو هیچ کارو فرمانێکی بێ پرسی مامۆستاکانی نەدەکرد ، کاتێ خوێندنی قوتابخانەی بەرایی= أبتدائی تەواوکرد کە تەماشای کرد باوکی بەتەواوی لەکارکەوتووە ناتوانێ گوزەران پەیدابکا ، لێکی دایەوە وتی: ئێستا لەخوێندەواریدا بەشی خۆم ئەزانم وا چاکە لەقوتابخانە بێمە دەرەوە کارو پیشەیەك بکەم کە خۆم ودایکموباوکمی پێبەخێوبکەم .

دەستوری لە مامۆستای خواست کە بێتە دەرەوە وەلێی پرسی : ئایا چ کارو پیشەیەك بکەم کە گوزەرانی لێپەیدا بکەم ؟

مامۆستا لە وەراما وتی: هەرچی کارو پیشەیەك بەراوەژووی ئایین و دەستوربێ مەیکە، هەرچی بەرەنجی شان و ئارەقی ناوچەوان پەیدابکرێ ئەوە بەکەڵك دێ، دەستدرێژی ماڵی خەڵك مەکە، چاو مەبڕە نانی کەس، هەرچی خوادای بیخۆو بەس.

کوڕەکە ئەم پەندانەی مامۆستای لەگوێ گرت بە دڕودەوە هاتە دەرەوە ، چوو بوو بە شاگردی پیاوێکی ئاسنگەر ئەو ڕۆژانەیەی کە وەری ئەگرت ئێوارە ئەیهێنایەوە ئەیدا بەباوکی ، لەبەر ئەوەی ئەم کوڕە لەکاردا زۆر تێبین بوو دانا، ئەوەندەی پێنەچوو بوو بە وەستای سەربەخۆ دوکانێکی دانا، بەڕۆژ لەبەیانییەوە تا ئێوارە لە دوکان کاری ئەکرد لەگەڵ ئەو هەموو ڕەنج و تەقەلایەدا کە ئەیدا گوزەرانی زۆر کوڕبوو هیچی بەهیچ نەبوو.

شەوێك لە خەویا چاوی بە پارچە شاخێکی زەردی ماهی کەوت کە هەمو کون کون بوو ئاوی لێنەهاتە دەرەوە ، وە ئەم ئاوە هەریەکەی بەشوێنی خۆیدا ئەڕۆیی وە تێکەڵ بەکتر نەدەبوون، کونەکان هەمو لەئەندازەی یەکدا نەبوون هەندێکی ئاشگێڕێ ئاوی

لێەهاتە دەرەوە ، هەندێکی بەقەد کلکە بێلێك ، هەندێکی بەقەد ئەموستێك وە
هەندێکیشی بەقەد داوە دەزویەك . خوداد لەم دیمەنە زۆر سەری سوڕما ، لەوێ
پیاوێك پەیدابوو کە تۆمارێکی لەبن دەستابوو، لێی پرسی: ئەم کونانە چیە ئەم ناو
لێدێتە دەرەوە ؟

لەوەراما وتی: ئەوە ڕۆزی ئادەمیزادە لە ڕۆزی خۆی خوا بۆی داناوە هەرکەسە بە
زۆرو کەمی ئاوەکە ڕۆزی ئەدرێتێ .

وتی: ئەو کونەی ڕۆزی منی لێدێتە دەرەوە کامەیە ؟

پیاوەکە وتی: ناو و نیشانی خۆتم پێ بلێ لەم تۆمارەدا بۆت ئەدۆزمەوە.

ئەویش ناو و نیشانی خۆی پێوت، کابرا چاوێکی بەتۆمارەکەدا خشاند، کونێکی
نیشاندا کە وەك دڵی کۆستکەوتو تەنگ وەك چاوی بیغەمان وشکوبرنگ فرمێسکی
لێنەهاتە خوارەوە .

وتی: ڕۆزی تۆ لەم کونەوەیە لەناو مانگێکا جارێك دوسێ دڵۆپی لێدێتەدەرەوە.

ئەمجا خوداد بەشەو زرمو هوڕ پیکی ئەوەشاند وە ئەمەی بەدەمەوە گرتبو ئەیوت:
(بیکوتە، بیکوتە، هەرئەوەیە کە دیوتە.) دەورانی پێشو وەك ئێستا بەزم و ڕەزم لەدەر
نەبوو سەردارانی شاران بەشەو جلیان لێئەگۆڕی و ئەگەڕان بۆ سەرپانکردنەوەی
زۆرداران، بۆ دەستگیرۆیی داماوان. وە بۆ یاریدەی هەژاران.

شەوێك لە شەوان بەهەشتی(سلطان محمودی غزنوی) لەگەڵ (ئەیاز)ی وەزیری دا
بەشاری (غەزنە)دا ئەگەڕان لە درزی دەرگایەکەوە تەماشایان کرد کوڕێکە نەوجەوان
بەشانو باهو و ئاسنگەری ئەکا لەگەڵ پیکەکەی دا کە ئەیوەشێنێ ئەمە ئەڵێ : (بیکوتە،
بیکوتە، هەرئەوەیە کە دیوتە.) سلطان تا سێ شەو گوێی گرت کوڕە هەر ئەمەی
ئەوتەوە. شەوی دوایی دەستوری خواست وتی: ئەی نەوجەوان میوان ڕائەگری؟کوڕە
لەوەلامدا وتی: فەرموو سەرچاوی من بێن. میوان ڕۆزی خۆی لەگەڵ خۆی دێنێ.

زۆر رێزی گرتن وە شەوچەرەی هێنانە بەردەم. سلطان رووی کردە کوڕە وتی: تۆ لاوێکی تێگەیشتوو خوێندەواری ئەم قسەیە چییە هەموو کاتێك دووبارەی ئەکەیتەوە: (بیکوتە ، بیکوتە) ؟ کوڕە چی دیبوو لەخەویا بۆی گێڕایەوە دوایی سلطان لەتەك ئەبازدا ماڵئاواییان کردو رۆشتن لەدڵی خۆیا وتی : ئەبێ ئەم کوڕە دەوڵەمەند بکەم. سبەینێ فەرمانی کرد سێ مریشکی سور بکەنەوەو بۆی بێنن لەجیاتی برنج و کشمیش ناوسکی هەرسێ مریشکەکە پڕ لە ئەشرەف زێڕو جەواهرات بکەن وە درویەوە ناردی بۆ خوداد، وتیان: ئەم سینیە سلتان بۆی ناردوی .

کوڕەکە سینیەکەی بردە بەردەم دایکو باوکەکەی خەریك بوون دەست بکەن بە خواردنی دوایی بیری کردەوە وتی: وا ئەمشەو ئەم خۆراکە خۆشەمان خوارد ئەی سبەینێ چی بکەین؟ با فێری خۆراکی خۆش نەبین .

پیاوێکی هەژاری دراوسێیان هەبوو وتی: واچاکە بیبەم بۆ ئەو، پێشینان ئەڵێن: مەرد ئەوەیە کەخۆی ماندووبکا لە جیهان،بۆ کامەرانی و حەسانەوەی برادەران، سینی یەکەی برد بۆکابرای هەژار ژ/١٢٧٨

.........................................

## ٤٢. دزێکی جەوان مەرد ١٢٧٩

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، ئەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆندا لەشارێکی (فارس) پادشایەك بوو زۆر بەدادو خاوەن دەسەڵات بوو. ئەم پادشایە تەنیا ژنێکی هەبوو داوێن پاك و لەئەندازە بەدەر جوان بوو، زولفی شەوڕەنگی ئەبرۆوان پەژارەو دلتەنگی ئ روخساری گیان بەخشی گرەوی لە مانگی چواردە ئەبردەوە و دڵی دڵخوازانی ئەکردەوە. ئەم ژنە سەرمایەی کامەرانی پادشابوو. ئەی ئەویست هیچ کەسێك روی ژنەکەی ببینێ پاسەوان و ئێشکچی ئەدەبوو بەهیچ جۆرێك بە حەرەم سەرادا رابورێ .

پادشا مەیمونێکی رامکردبوو بەشەو خەنجەرێکی ئەدایە دەست و لەژوور سەریەوە ئێشکی ئەگرت. وارێکەوت شەوێك لە شەوان کابرایەکی(فارس) بۆ دزی لەشار لەکەلێنێك ئەگەڕا تا گورزی خۆی بوەشێنێ لوت و بزوت لەکۆلانێکی تاریك دا توشی پیاوێکی ڕێواربو، لەدوای چاك و خۆشی لێی پرسی : لەکوێوە دێیت ؟ ناوت چیە ؟ لەچی خەریکی ؟

لەوەراما وتی : لەکوردستانەوە دێم ،ناوم(فریا)یە چی بێ لەتۆ نهێنی بێ ؟ کارو پیشەم دزییە. لەدزیدا زۆر چاپوکدەستم بەلام شارەزای کون و قوژبنی ئەم شارە نیم. بەم قسانە لێك ئاشکرا بوون .

کابرای فارس وتی: مالی پیاوێکی جوتیارم دەست نیشان کردوە ئێستریك لەحەوشەکەیانا بەستراوەتەوە و دوو تا جەوالی گەنم لەلایەوە دانراوە. وەرە یاریدەم بدە ئێسترەکەبار ئەکەین ئەیبەین لەدەرەوەی شار ئەیفرۆشین لەم قسەیەدا بوون دوو پاسەوان بەچەکەوە پەیدابوون (فریا) خۆی کوتایە پەنایەکی تاریکەوە پاسەوانەکان کابرای فارسیان گرت لێیان پرسی تۆ چیت ؟ وتی : ئەوی راستی بێ من دزم ! لەگەل هاورێیەکما خەریك بووین بچین بۆ مالی ئەو جوتیارە بۆ دزی .

وتیان : ئەی هاورێکەت چی لێهات ؟

وتی : هەلات .

ئەوانیش پەلیان بەست پێیان وت : هەی بەدبەخت لەمالی جوتیاری هەژار چی دەست ئەکەوێ ؟ وەکو ئەلێن :

هیچ نابێ پەیدا لەمالی گەدا
بۆ گوژمەی چەور بچۆ مالی شا

کە(فریا) گوێی لەم قسەیە بوو شەوی ئاینده دیوار بڕی هەلگرت چو بۆ سەرمالی پادشا ئەو ژورەی کە پادشای تێدا ئەنوست کونی کرد و چوە ژورەوە . تەماشای کرد لەهەرچوارلاوە مۆمی کافوری ئەسوتێ شا لەگەل شاژن لەپرخەی خەوان ...

دەست بەخەنجەر لەژور سەریانەوە راوەستاوە و خشڵ و دراو و کەلوپەلی نرخدار لەدەوریان دانراوە.

لەو کاتەدا سیسرکێك لەبنمیچی ژورەکەوە کەوتە خوارەوە بۆسەرسنگی پادشا مەیمونەکە رقی هەستا ویستی سیسکەکە بکوژێ خەریك بوو خەنجەر بۆ سەرسنگی پادشا دابرەشێنێ (فریا) گورج فریای کەوت توند دەستی گرت وتی : نەکەی نامەرد! پادشا لەم دەنگە راپەڕی لەکارەسات تێگەیشت وتی : خوا تۆی لەکوێوە رەخساند بۆمن، رزگارت کردم لەمەرگ و مردن ؟ و ئەمەی وت :

دزی دانا کە دوژمنی گیانە

چاکترە لە دۆستی کە نادانە

پادشا (فریا)ی کرد بە هاونشین و کاربەدەستی خۆی پێی درا خەڵات و کاڵا. مەیمونیش درکی نەگبەتی بەداوینەوە ئالا .

شەوێك پادشا لەگەڵ (فریا)دا کەوتە گفتوگۆ وتی: تۆ جەوان مەردێکی تێگەیشتو زانای بەهۆی چیەوە فێری دزی بووی ؟

لەوەراما وتی : بەهۆی هاورِێ یەوە هاونیشینی بەدکارانەوە. بەڵام من هەر چەند ئەم پیشە بەدەم گرتبو وە دەست بەشی خوام تیا ئەهێشتەوە نامەردی و بەدگەکیم نەئەکرد. جارێك خەزێنەی پادشایەکم بڕ کۆڵێك زێڕ و دراوم داگرت بردمە دەرەوە دوایی گەرامەوەبۆ کۆڵێکی تر چاوم بە شتێك کەوت ئەبریسکایەوە وتم: رەنگە گەوهەر بێ بەدەست لێدان بۆم دەرنەکەوت چیە زبانم لێدا سوێربوو زانیم خوێیە وتم ئای هەر رەنجێکم دا بەبا رۆیی من نمەکی ئەم پادشایەم کرد بۆمن ناشێ هیچ لێرە ببەمە دەرەوە هەر چیەکم داگرتبو لەجێی خۆی دامنایەوە.

سبەینێ بو بە هەرا وتیان گەنجینەی پادشا براوە و هیچیشی نەبراوە پادشا لەمە زۆر سەری سوڕما فەرمانی کرد جاڕبدەن ئەو دزەی ئەمەی کردووە بێت بۆلام خەڵاتی

ئەکەم منیش هەستام چووم پادشا وتی : تۆ چۆن ئەم گەنجینەیەت بڕیوە و هیچ[illegible]
نەبردوە؟
وتم : پادشا من ئەکی تۆم کردوەو سەرگوزەشتەم بۆ گێڕایەوە پادشایش خەڵ[illegible]
قورسی کردم.
ئەمجا ئەمە پەندێکە ئینسان ئەبێ لە کاتی تەنگانەدا بەفریای هاو خوێنی خۆی بگا[illegible]
ئەو کانییەی ئاوی لێخواردەوە بەردی تێ فڕێ نەدا). ژ/١٢٧٩

.......................................

## ٤٤. بارام و ئارام ١٢٨٠

ئەگێڕنەوە پادشای فارس (ئەوشیروانی کیسرا) وەزیرێکی زانای جیهان دیدەی ئەبێ[illegible]
وەزیرە دوو کوڕی ئەبێ بەناوی (بارام) وە (ئارام)ەوە کە زۆر زانا و تێگەیشتو ئەب[illegible]
رۆژێك وەزیر روئەکاتە ئەوشیروان ئەڵێ: ئەی پادشا من ئێستا تەمەنم گەیشتوە بە هە[illegible]
ساڵ پیر بوم و لەکار کەوتوم وەکو ئەڵێن : (پیری و هەزار عەیب.) مەبادا [illegible]
کاروباری دیواندا هەڵەیەك بکەم وە رەنجی ئەم چەند ساڵەم بەباد بڕوا ئەبێ بمبەخش[illegible]
چەند رۆژێکم لە جیهاندا ماوە بە خوا پەرستییەوە خەریك ئەبم ، لەجیاتی خۆم د[illegible]
کوڕم پێشکەش ئەکەم، ئەرکی دیوانیان پێ ببینە. پادشا قسەکەی پەسەندکرد و ناردی[illegible]
بەشوێن کوڕەکانا ئەوانیش هاتن سوپاسی پادشایان بەجێ هێنا.
شەوێك وەزیر روویکردە کوڕەکانی وتی: ئەی کوڕانی خۆم ئەم چەند پەندەم لەگوێ[illegible]
گرن لەیادی نەکەن پێشینیان ئەڵێن : پەندێکی پیران بۆ دەورەی ژیان
چاکترە لە زێڕ و دارایی و سامان
لەگەڵ خواو خەڵك سەر راست بن ، سەر راستی و دەست پاکی بکەن بە پیشە،هاوڕێ[illegible]
بەدکاران مەکەن، پارێزگاری زبانی خۆتان بکەن چونکە (زبان) خاڵێکی لێزیادکەی
ئەبێ بە (زیان) . زبان پاسەوانی سەرە. زبان کلیلێکە بەلای راستا بایدەی دەرگای
خۆشی و شادمانی ئەکاتەوە . وەبەلای چەپا بایدەی دەرگای ئەگبەتی ئەکاتەوە .دووەم

لەکارو بارتانا بە ئارام و هێدی بن. چونکە کاری بێوردبونەوە و هەڵەشەیی پەشیمانی لە دوایە پەشیمانیش سودێك نابەخشێ .رازی نهێنی پادشا لای کەس ئاشکرامەکەن. لەکاتی رگرتنی پادشادا بەربەرەکانی مەکەن. بەڵێن و پەیمان بەجێ بێنن. چونکە بەجێهێنانی پەیمان کیمیایە خاکی رەش ئەکا بەزێڕ وە کلێکە چاوی تاریك رۆشن ئەکاتەوە . کوڕەکان ئەم پەندانەیان لەگوێ گرت.

شەوێك لە شەوان بارام لەکۆشکی پادشا ئێشکی ئەگرت تەماشای کرد رەشمارێك لەباخی کۆشکەکەوە کشا بۆسەر نوێنی پادشا کە پێوەی بدا بارام بەچالاکی شمشێری لەکالان دەرهێنا مارەکەی داجنی لەوکاتەدا پادشا راپەڕی بینی بارام دەست بە شمشێر لەژور سەریەوە راوەستاوە و وای گومانبرد کەبۆ کوشتنی هاتورە پادشا ئەوشەوە ئەنوست دڵی لە بارام پیسکرد وە سبەینێ ئەم باسەی لای کەس نەدرکاند. بارام تێگەیشت کە پادشا دڵی لێپیسکردوە چووە ماڵەوە . شەوی ئاینده (ئارام) هات بۆ ئێشکگرتن پادشا بە رقەوە پێی وت : براکەت خراپەی لێدەرکەوتووە ئەبێ ئەمشەو بچی سەری ببڕی و بۆمی بهێنی ! وە ئەگەر نەیهێنی فەرمان ئەکەم لەسەرت بدەن. ئارام پەندەکانی باوکی هاتەوە یاد کە ئەڵێ:

نابێ ئینسان لەگەڵ پادشاهان بەربەرەکانی بکا و ئەبێ هێدی و لەسەر خۆبێ، وتی : پادشا بە چاوان ئێستا ئەچم سەری ئەبڕم وە بۆتی ئەهێنم کەچو تەماشای کرد بارامی برای لەپرخەی خەودایە هاتەوە وتی : ئەی پادشا بارامی برام دی بە دڵنیایی نوستبو تێگەیشتم کە نیازی خراپی نەبووە چونکە کەسێك خراپەکار و بەدکاربێ ناتوانێ بە دڵنیایی بنوێ شەوبێدار ئەبێ ئینسان ئەبێ بۆ ئەم جۆرە کارانە بە ئارام و لەسەرخۆبێ. خوا بەم گەورەیی یە ئەم چەرخی زەمین و ئاسمانەی بەشەش رۆژ دروستکردوە کە ئەمەیش پەندێکە بۆ ئێمە ئەبێ لەسەر ئیش بەکاوخۆبین. ئەگینە بەکاف و بە نوون * سد چەرخ دروست ئەکا لە نەبوون بۆ بوون.

ئێستە ئەترسم من ئەم کارە بەهەڵەشەیی بکەم لە ئەنجامدا هەردووکمان وەل

کابرای سەرکۆمار بەدەردی پەشیمانی بتلێینەوە و بمرین.

پادشا وتی : سەرکۆمار چی لێ بەسەر هاتووە ؟ بۆم بگێڕەوە ؟

ئارام وتی : سەرکۆماری ئێلێك زۆر مەراقی راو و شکاری هەبوو بازێکی سپی
کە هیچ باڵندەوجانەوەرێکی لەژێر چنگ دەرنەئەچوو لەراودا لەبەر ئەمە زۆری خ
ئەویست رۆژێك سەرکۆمار پیاوەکانی کۆکردەوەو چوو بۆ راو ئاسکێکی بەدی
بازەکەی تێبەردا و خۆی بەغار نیشتەسەری ماوەیەکی زۆر دوور کەوتەوە ئاسکە
راوکرد لە گەڕانەوەدا ڕێگای لێهەڵەبوو تینوێتی زۆری بۆ هێنا گەلێك چاوی
بەڵکو کانی ئاوێك بدۆزێتەوە بەڵام هیچی نەدی دوایی سەیری کرد لەقەدپاڵی شاخ
بە ئاستەم دڵپەئاوێك ئەهاتە خوارەوە لە دەقیقەیەکدا تکەیەکی ئەکرد وەك دەستی
خشینی پیاوی رژد وە لەسەرووی تکەئاوەکەشەوە درەختێك رووابوو سەرکۆ
کەپۆلەیەکی لەپاشکۆی ئەسپەکەی دەرهێنا خستیە بەرتکەئاوەکە بەسەعاتێك ئەمجا پڕب
خەریك بوو بیخواتەوە بازەکە باڵێکی لێداو رشتی دوبارە کەپۆلەکەی خستەوە بەر ت
ئاوەکە هەتا پڕبوو خەریکبوو بیبا بۆ دەمی هەمیسان بازەکە رشتی سەرکۆمار بەسوو
ملی بازەکەی هەڵکێشا وە بەلەقە پانی کردەوە.

دوایی کەسەرنجی دا ئەژدەهایەك لەقەد درەختەکە ئاڵابوو وە مردبوو هەل و د
چاویان هەڵکۆلیبوو ئەو تکەئاوە ژاری ئەژدەهاکەبوو ئەهاتەخوارەوە ئەمجا سەرکۆم
بەمەی زانی وتی : ئای .. چیمکرد بەخۆم ئەم بازە منی لەپەنجەی مەرگ سەندەو
کەچی پاداشتم بە کوشتن دایەوە ، لەپەشیمانیدا ئەوەندەی کێشا بەسەری خۆیدا هە
سوتی بووەوە و مرد.

ئەمجا ئارام وتی : ئەی پادشا کاری هەڵەشەیی کارەساتی وای لەدووە و براکەی منیش
نیازی کوشتنی تۆی ئەکردبو تۆی لە ئەژدەهای مەرگ سەندەوە ئەمەش مارە
کوژراوەکەیە لەژێر تەختەکەدا.

کە نەوشیروان ئەمەی دی هەردووکی کردن بە وەزیر و دەمڕاستی خۆی و هەتا پرسی بەوان نەکردایە هیچ ئیشێکی نەدەکرد. ١٢٨٠

.........................

٤٥. **چارەنوس چار ناکرێ** ١٢٨١

ئەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆندا کە کاروان بە وڵاخ ئەکرا پیاوێك کە ناوی (دارا) بوو زۆر دەست ڕۆیو و دارا بوو پێنج شەش ئێستری لە کەلوپەلی بازرگانی و پارچەی نرخدار بارکرد لەگەڵ چەند هاوڕێ یەکیا ڕویان کردە شارانی ئێران بۆ فرۆشتنی. ماوەیەکی دوورو درێژ ڕۆیشتن تا گەیشتە سەر جۆگە ئاوێکی ڕون و ڕەوان کە دەورەکەی چیمەن و نێرگس جاڕ بو بەراستی خەم و پەژارەی ئەڕەوان. دارا پیاوێکی زۆر دڵتەڕبوو رووی کردە هاوڕێکانی وتی : (ئەوەی خەفەت لە دڵ لائەبا سیانە* ئاو و سەوزەگیا و ڕوخساری جوانە) ئێستا لەم سیانە یەکێکیان کەمە بەڵام هەر خۆشە وەرن لێرە بار بخەین چایەك لێبنێین و کەمێ بحەسێینەوە . ئەوانیش بەقسەیان کرد باریان خست خەریکی چایی لێنان بوون لەوکاتەدا دارا سەرنجی دا ئێسقانی کەللەسەری ئینسانێك لە جۆگەکەدا ئاو ڕای ئەفڕاند ئەویش بۆی چوو گرتیەوە بینی ئەم چەند وشەیە لەناوچەوانی نوسرابوە :—

(من پیاوێکی بە دەسەڵات و خاوەن سامان بووم لەلایەن حەوت نەفەری تەریدەوە کوژراوم ئێستەیش نەوەیەکم لێ ئەکەوێتەوە لە دلاوەریدا بیۆێنە ئەبێ لەدوارۆژدا تۆڵەم ئەسێنێ )

دارا ئەمەی بۆ هاوڕێکانی خوێندەوە هەموو بەجارێ دەستیان کرد بە قاقای پێکەنین وتیان : تازە ئەم کەللەسەرە چی لێپەیدا ئەبێ ؟

دارا کەللەسەرەکەی خستە جەوالێکەوە . دوای بەینێك کەلوپەلەکانی فرۆشت و بەرەومال گەڕایەوە . ڕۆژێك کەللەسەرەکەی لە دەسکەوانێکا کوتا هەتا بوو بە ئارد

دایبا ئەمجا کردیە شوشەیەکەوەسەری قایمکرد و بردی لەتاقیکی ژوری گەنجینەدا
وتی : ئەبێ بزانم تۆ چیت لێپەیدا ئەبێ؟
لەدوای مانگێك دارا هەمیسان باری بەست بۆ ولاتێکی دوورەدەست کەوتە رێ.
ماوەیەدا تەنیا کچێکی هەبوو دەستی چارەنوس گرفتاری نەخۆشی کرد. رۆژبەرۆژ
ئەهات دەردی گران ئەبوو هەرچی پزیشکێك هەبوو لێی کۆبوەوە چاری نەخۆشیە
پێنەکرا. دوایی کچەکە بەئاستەم نوزەی تیامابوو بە دایکی وت لەو دەرمانەم بدەری
باوکم کوتای کردییە شوشەکەوە . ئەویش نەختێکی بۆ کردە ناو ئاوەوە دەرخوارد
دا ئەوکاتە کچەکە هاتەوە هۆش خۆی بەرەبەرە باری لەشی سووك بوو بەچەند رۆژ
چووەوە دۆخی جاران.
کاتێك دارا هاتەوە سەرگوزەشتەیان بۆ گێڕایەوە ئەموستی خۆی گەست لەد
خۆیدا وتی: کارەساتێك رووئەدا، بەلام نوسراوی کەللەسەرەکەی لای خێزانەک
نەدرکاند.
ئەوەندەی پێنەچوو کچەکە نیشانەی زگپربوونە لێدیاری دا هەموو لەمە سەرسام بوو
کە بەهۆی چییەوە ئەم کچە زگی پربووە؟ دوای نۆمانگ و نۆ رۆژ خوا کوڕێکی دا
ئاهەنگێکی گەورەیان بۆ گێڕا ناویان نا (خواداد) دارا چونکە منالی نێرینەی نەبوو ئ
کچەزایەی زۆر خۆشئەویست . خوداد کاتێ کەوتە گروگاڵ و زبانی پژا بە دارا
ئەوت بابە، کەتەمەنی گەیشتە حەوت سالی بەپێی دەستوری ئەو دەورە کە قوتابخانە
دیوانی نەبوو باوکی دوو مامۆستای تایبەتی بۆ گرت یەکەم بۆ فێرکردنی خوێندەوار
دووەم بۆ مەشقی نیشان ئەنگاوتن و سواری.
دوای چەند سالێك کوڕێکی شۆخ و شەنگی سوارچاکی پالەوانی لێدەرچوو. ئەمج
هاتە سەر ئەوەی ژنی بۆ بێنن کچی سەرکۆماری ئێلێکیان لێمارەکرد.
شەوێك لەشەوان لەدەمی نیوەشەودا خواداد بینی ژنەکەی لەخەو هەستاو چوو
تەویلە ئەسپێکی زین کرد سواری بوو بەغار بۆی دەرچوو ئەمیش سوار بوو دوا بە

دوا لە پێی و شوێنی ڕۆیشتە تاگەیشتە شاخێك تەماشای کرد لە ئەشکەوتێکدا ئاگرێك ئەسوتێ ئەسپەکەی لە دەرگای ئەشکەوتەکە بەستەوە و خۆی چووە ژوورەوە بینی ژنەکەی لەگەڵ حەوت ئەفەردا (دانس=چۆپی) ئەکا خواداد کە ئەم دیمەنەی دی چاوی پەڕییە پشتی سەری بە رقەوە تیغی بێ دریغی لە کالان دەرهێنا ملی هەر حەوتی پەڕاندن ژنەکەیشی کرد بە دوو کەرتەوە .

ئەمجا هاتەوە لای باوکی وەك هەورەبروسە ناڵاندی وتی : ژنە بەدکارەکەم لەگەڵ حەوت ئەفەردا کوشت ئیتر دوای ئەمە نابێ بژیم ، خەنجەرێکی کێشا بەسەرسنگی خۆیدا خۆی کوشت .

ئەمجا دارا تێگەیشت دەستی چارەنووس هیچی لەگەڵ ناکرێ . خواش تۆڵە لەبەدکاران ئەستێنێ ﴿ ذلك تقدير العزيز الحكيم ﴾ راستی فەرمووە خوای گەورە . ١٢٨١

.........

## ٤٦. لەدوای خوێندن پیشەسازی ١٢٨٢

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، ئەگێڕنەوە لە دەورەی دێرین لەم وڵاتەی ئێمەدا کەجاران پێیان ئەوت : (وڵاتی گوڵ عەنبەر)و ئێستەیش ئەو ناوەی هەر ماوە لە دەفتەر.

سەرداری ئێلێك هەبوو زۆر بەدەستەڵات و خاوەن سامان بوو وە یاریدەدەری هەژار و داماوان بوو. دو کوڕی هەبوو بەناوی (باران) و (بۆران) ئەم دو کوڕە کاتی خوێندنی قوتابخانەیان گەیاندە پایان ڕۆژێك ڕویانکردە باوکیان وتیان :

ئەی بابە ئێمە ئەمانەوێ فێری پیشەسازی ببین .

باوکیشیان لە وەراما وتی: ئێوە لەکوێ و پیشەسازی لەکوێ ؟ ئەوەندەم سامان بۆ پێکەوەناون کەبەهەزاران ساڵ نابڕێتەوە بەشی خۆتان و ئەوەتان ئەکا.ئیتر بۆچی خۆتان ماندوئەکەن بە پیشەسازیەوە ؟

بارانی کوڕەگەورەی وتی : سامان و دراو ئەمەکی نیە بۆ کەس. چلکێکە لەبەری دەس. من گەلێ کوڕە پادشام دیوە خوا سامانەکەی لێسەندۆتەوە چونکە هیچ پیشەیەکی نەزانیوە بیکا وە خۆی پێبەڕێوەبەرێ لەئەنجامدا لەکۆلان لەبرسانا مردوو وەکو زانایان ئەڵێن :

پیشەسازی درەختێکی سەوزەو بڕبەرە *

وە گەنجینەیەکی دز نەبەرە *

یار و هاوڕێی سەفەرە *

تاجێکی گەوهەردارە لەبانی سەرە *

کاری بەرز و پیرۆزی پێغەمبەرانە (د.خ) (حەزەتی ئیدریس) بەرگدروبووە. (داود) لەئاسن (زرێ) دروستکردوە کە لە رۆژی جەنگدا لەبەریانکردوە شیرو تیر کاری لێەکردوە. هەروەها بەیاریدەی خوا (سلێمان)فڕۆکەوە وە (نوح) کەشتی دروستکردوە.

کە سەردارئەم قسانەی بیست لە زرنگی کوڕەکەی زۆر شادمان بوو. بۆ ئەوەی بزانێ کوڕەکانی چ پیشەیەك حەزلێەکەن (معرض – نواندنگە) یەکی کردەوە و فرمانی کرد جارِ بدرێ بە وڵاتا هەر پیشەسازێك(محصول- بەرەچەی) پیشەی خۆی بێنێ بۆ ئەم نواندنگەیە پاداشتێکی زۆر دەرئەگرێ . کە ئەم دەنگە بڵاو بوەوە لە هەموو لایەکەوە پیشەسازان هاتن. یەکێ جوتێ پێڵاوی رێك و پێك . قەڵەم برێکی نایاب . یەکێ کاسەیەکی زیو . یەکێك پارچەیەکی چنراوی هێنا و هەرکەسە پاداشی خۆی وەرگرت. لەدوای هەموویان پیاوێکی پیری کۆنەساڵ حەسیرێکی دیوار کە بەنەخش و نیگارەوە گوڵی جوان چنی بوو پێشکەشی کرد. کوڕەکان حەزیان لەم حەسیرەکرد وتیان : ئارەزوو ئەکەین فێری پیشەی حەسیر چنین بین وە بوون : بەشاگردی مامەپیرە لەبەر ئەوەی زیرەك بوون بە چەند هەفتەیەك فێربوون.

دوای بەینێك بارا ن وبۆران دەستوریان لە باوکیان وەرگرت کە بچن بۆ گەڕانی شاری بەغدا ئەویش ڕێی دان و هەندێ کەلوپەلی بەکێشان سوك و بەنرخ گرانی دانێ وتی : بەدیاری بیبەت بۆ (خەلیفە)ی بەغدا.کورەکان بەدڵخۆشی کەوتنە ڕێ تا گەیشتنە بەغدا . بەرلەوەی بچنە لای خەلیفە کەلوپەلەکانیان لە میوانخانەیەك دانا وتیان: با نەختێ بەشارا بگەڕێین ئەمجا ئەچینە لای خەلیفە.

لەکۆلانێکا دوکانی چێشتکەرێکیان دی کە زۆر پاکوخاوێن بوو چونە ژوورەوە بۆ نانخواردن کابرای چێشتکەر بەزبانێکی شیرین هات بەپیریانەوە قۆڵی گرتن لەدەرگایەکەوە بردنیە ژوورێکەوە کە زیندانێکی گەورەبوو. لەپڕ دوو زەبەلاحی قولەڕەشی زەنجی سواری سەریان بوو هەردوکی زنجیر کردن . تومەز ئەم چێشتکەرە لەگەڵ قوولەکان جولەکە بوون بەفێڵ مسڵمانیان ئەبردە ئەو شوێنە سەریان ئەبڕ و گۆشتەکەیان تێکەڵ گۆشتی مەڕ ئەکرد مسڵمانی تیابە کە زنجیرکرابون جووە هەر ڕۆژە دوانی لیسەرئەبڕین.

سبەینێ نۆرە هاتە سەر باران و بۆران جووە کێردی دەرهێنا سەریان ببڕێ پێیانی وت لەسەر بڕینی ئێمە سودێك وەرناگری ئێمە ڕۆژی حەسیرێکی دیوارت بۆ ئەچنین بە نرخێکی گران بیفرۆشە.

جووە دڵی نەرم بوو کەرەستەی بۆ هێنان . ئەو ڕۆژە هەردوو برا حەسیرێکی جوانیان چنی جووە بردیە بازاڕ بەنرخێکی گران فرۆشتی. ڕۆژی ئاینده حەسیرێکی زۆر نایابیان چنی وە ژێرنیگاری داری گوڵێکی بە خەتێکی ورد ئەم دو فەردەیان نووسی :

باران و بۆران گیرۆدەی زیندان
چاوەنواڕی تۆن خەلیفەی زەمان
گەر چارمان نەکەی ئەم جوولەکەیە
بۆ سەربڕینمان وا ئامادەیە

حەسیرەیان لوول داو دایانە دەس جووە وتیان : لەرێگا مەیکەرەوە نەبادا خەڵک
بەفیڕۆ لە دەستت دەربێنن راستەوخۆ بیبە بۆ خەلیفە خەڵاتێکی قورست ئەکا.
جووە دەست و برد حەسیرەکەی بۆ خەلیفە برد. کە خەلیفە سەرنجی دایە نوسراو
فەرمانی کرد بە پیاوەکانی جووەیان وەك سەگ مەندۆك کرد و بەچەکەوە چونە
زیندانەکە جووە و قولەڕەشەکانیان داجنی و گیانی ناپاکیان رەوانەی دۆزەخ کرد
باران و بۆران و دیلەکانی تریان لەکوشتن رزگارکرد.
ئەوانیش دیارییەکەیان پێشکەشی خەلیفە کرد ئەویش رێزی گرتن و میواندار
کردن. و دراو و کەلەپوری جوولەکەکانیشی دا بەم دوو کوڕە. دوای چە
هەفتەیەك هاتنەوە سەرگوزەشتەیان بۆ باوکیان گێڕایەوە.
ئەی منالینە ئەمە پەندێکە بۆ ئێوە ئەبێ بزانن فەڕو بەرەکەتی خوێندەواری و پیشەساز
(جووتەزا)ن بە زگێ لەدایك بوون. زۆر خوێندەوار هەیە پیشە نازانێ وەك مـن
بەلات لە تووخانەیەکدا کەوتووی نەك (لات) ی دێرین لە (کعبە)دا. بۆ بەرزی گە
تێکۆشن ،هەرکەسێ بمرێ لەپێناوی بلندی قەومی خۆی ، تۆ بەمردوی قەت مەزانە
قیامەت زیندوە.

١٢٨٢

.................

ژ/ ١٢٨٣ و ١٢٨٤ لە هیچ کتێبخانەیەك نەم دیوە ئیتر نازانم بۆچی بلاونەکراوەتەوە

**٤٧. هەموو شتێك ئەچێتەوە سەر بنەچەی خۆی !** ١٢٨٥

هەبور، نەبور، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، لە دەورەی دێرین دا پیرەمێردێك هەبو
لەئەشکەوتێك کەلەداوێنی شاخێك دابوو بەخواپەرەستی خەریکبوولەبەردەمی
ئەشکەوتەکەدا جۆگەناوێك و دەرياچە زەویەك هەبوو. پیرە زەوییەکەی بە دەستی خۆی
ئەکێلاو ئەیکرد بە گەنم و شینایی بەرەچەی کۆئەکردەوە و هەڵی ئەگرت بۆ ئازوقەی
ساڵی بەمەندە چاو تێر بور دەست درێژی ماڵی کەسی نەدەکرد. رۆژێك وا رێکەوت
قەلەڕەشەیەك بە ئاسمانەوە ئەفڕی مشکێکی بە دەندووکەوە بوو گەیشتە ئاستی سەری

مامەپیرە مشکەکەی لە دەندووك بەربوەوە. مامەپیر مشکەکەی هەڵگرت دەستی بە پشتی دا هێناو وتی : تۆ لە چنگی دوژمنەکەت رزگار بووی هانات بۆ من هێناوە لەسەر من پێویستە پارێزگاریت بکەم .

لەوکاتەدا رێبوارێك بەبەر ئەشکەوتەکەدا ئەڕۆی پیرە روی تێکردو وتی : ئەی ریبوار ئەم مشکە لەچنگی دوژمنی کەقەلەڕەشکەیە رزگار بووە و هانای بۆ من هێناوە کە پارێزگاری بکەم ئێستا زۆر ئەترسم لێی بێ ئاگابم وە پشیلە بیخوا چارەیەکم بۆ بدۆزەرەوە ؟

کابرای رێبوار بەزەردەخەنەوە وتی : تۆ پیاوێکی بەتەمەن و خواپەرستی و هیچ منالێکت نیە ئەگەر خوا بپاڕێتەوە خوا مشکەکەت بۆ ئەکا بە منالێك کە لەدوارۆژدا خزمەتت بکاو سودی لێببینیت.

مامەپیرە مشکەکەی لەبەرمالێکەوە پێچاو دەستی کرد بە نوێژو لە خوا پاڕانەوە ئەوەندەی پێنەچوو دەستی ئارایشی یەزدان مشکەکەی کرد بە کچێکی شیرن و جوان، پیرە ئەم کچەی ناو نا ( پەری ) و دایەنێکی بۆ گرت دوای چەند سالێك پەری گەورە بوو . بووە کچێکی شۆخ و شەنگی پەری بەرێکەوت . نازگوڵ نازدارو قەد عەرعەر.

رۆژێك مامە پیرە روتێکرد وتی : ئەی کچی خۆشەویستم ئەبێ بزانی کە هەموو ئادەمیزاد و باڵدارو ناڵدارو گیاندار لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆیدا ئەبێ جوت بگرین وە بێ بەهاوجوت، ئێستایش تۆ کاتی شوکردنتە دڵی خۆت بکە بە سەرپشك دڵت کێ ئەخوازێ تا بدەم بەو کەسە.

لەوەراما وتی : ئەی باوکی گەورەم من شوو بەیەکێك ئەکەم لەو جوانتر ، دەوڵەمەندتر ، لەو زاڵتر ، لە جیهاندا نەبێ .

مامە پیرە لێکی دایەوە وتی : ئەم سروشتانە لە (رۆژ) دا نەبێ لە هیچی تردا نیە.

سبەینێ رۆژ کە تازە سەری لەگەل دەرهێنابوو مامەپیرە روبەڕوی وەستا وتی:
رۆژ پەری کچم دلخوازی کەسێکە کەلە جوانی و بەرزی و زالیدا بێ وێنە بێ
ئێستایش ئەم سروشتانە لە تۆدا نەبێ لەکەسی تردا نیە. ئەبێ کچەکەم بخوازی.
رۆژ لەوەراما وتی:
کە چلکە هەورێك بێتە بەردەمم *
شەرمەندەو رورەش بەوە خەجلم *
ئەمجا مامەپیرە رویکردە (هەور) وتی: کەس لەتۆ زالتر نیە ئەبێ کچەکەم بخوازی.
هەور لە وەراما وتی :
کە (با) لێم هەلکا و بێتە سەروگوێم *
من تەفروتونام نازانرێ لەکوێم *
کەوابوو (با) لەمن زالترە.
مامەپیرە رویکردە با وتی : ئەبێ ئارەزووی کچەکەم بەجێ بێنی .
(با) لەوەراما وتی : کەئەگەمە (کێو) ئەسلەمێمەوە * بە لەشی شکاو ئەگەڕێمەوە ،
کەوابوو (کێو) لەمن زالیرە.
پیرە رویکردە (کێو) وتی : ئەی کێو ئەبێ خواستی پەری کچم بەجێ بێنی .
(کێو) لەوەراما وتی : مشك لەمن زالترە .
کە بدەن بەسەرما لەشکری مشکان * جەرگم کون کونە و لەشم گلێنجان *.
ئەمجا پیری خواپەرست تێگەیشت کە هەمرو شتێك ئەچێتەوە سەر بنەچەی خۆی،
دوعای کرد پەری کچی بووەوە بە مشك .
قسەی زانایان زۆر جوانەو بەجێ
لەقلەق و تاوس نابن بە هاورێ

**٤٨. داد : دەستوری بەرزی یەزدانە ١٢٨٦**

ئەگێڕنەوە (سلطان محمودی غزنوی) رۆژێك لەگەڵ تیپێك لە سەربازەکانی ئەچێ بۆ راو ماوەیەکی زۆر لەشار دور ئەکەونەوە لە بیابانێکا ئاسکێك بەدی ئەکەن سوڵتان بەسەربازەکانی ئەڵێ : ئەمە راوی خۆمە ئێوە لێرە راوەستن من بەتەنها شوێنی ئەکەوم و بەغار ئەنیشێتە سەر ئاسکەکە گەلێك تیری تێئەگرێ هیچی بەرناکەوێ هەتا ئاسکەکە لەچاو ون ئەبێ .

سوڵتان لەو بیابانەدا سەرگەردان ئەمێنێتەوە و رێگای لێبزر ئەبێ لەبەر ئەوەی هەوا زۆر گەرم ئەبێ لە تینوانا زبانی وشك و چاوی تاریك ئەبێ. دوای چەند سەعاتێك لە دوور رەشماڵێك ئەبینێ کەوا لەناو مێرگێکا هەڵدراوە بەغار وڵاخەکەی ئاژۆت[١٦٤] هەتا گەیشتە بەر رەشماڵەکە بینی پیرێژنێك لەبەر رەشماڵەکەدا وەستاوە .وتی : داپیرە میوان رائەگری ؟

داپیرە لە وەراما وتی : رەواقی دیدەم ئاشیانەی تۆیە * دابەزە فەرموو ماڵ . ماڵی تۆیە *

دەستوبرد جڵەوی وڵاخەکەی گرت بەدەستیەوەو خۆیشی بردە رەشماڵەکەوە دۆشەکی بۆ راخست و کەمرڵەیەك دۆی ساردی بۆ هێنا خواردییەوە و مەسینەی هێنا دەست و دەم و چاوی شۆشت و وتی : ئەی میوان رەنگە برسیت بێ ؟ تەشپییەك شیر برنجی خستە سەر سینیەك و نانی بەدەورا دانا و هێنایە بەردەمی سوڵتان چونکە زۆری برسی بو زۆری لاخۆشبو تێری لێخوارد .

---

[١٦٤] ئاژۆ = لێخوڕی

دوای کەمێ کە ئاوڕی دایەوە هەمان ئەو ئاسکەی ناسییەوە کەلە راوا رەتاندبووی
لەبەردەرگای دەوارەکە چۆکی دادابوو رویکردە داپیرە و وتی : تۆ چۆن ئەم ئاسک
(وەحشی= رەوێل) تە مالّی کردووە ؟

داپیرە وتی : کەسێك بیوەی بێ ئەتوانێ هەموو گیاندارێکی رەوێل مالّی بکا. ئەو شی
برنجەی ئێستە خواردت لە شیری ئەم ئاسکە دروستکرابوو ئەم ئاسکە خانەزایە بەرۆ
بێشوان ئەڕوا بۆ دەشت بۆ لەوەڕ ئێوارە ئەگەڕێتەوە بەلاّم ئەمڕۆ زوو هاتەوە و ئەخێل
ماندوو ئەخۆشە وا گومان ئەبەم زۆردارێکی بێبەزەیی رەتاندوویەتی لەوە زویر
دلّگرانم.

سولّتان لەبەر ئەوەی ماندوو بوو لێنوست دەمی ئێوارە خەبەری بووەوە تەماشای کر
کچێکی جوان و نازەنین بە خرنگ و هوڕی بازن خەریکە مانگا ئەدۆشێ کە سەرنجی دا
شیری مانگاکە مەنجەلێکی گەورەی پڕکرد لە دلّی خۆیدا وتی : مانگایەك ئەوەندە شیر
بدا وا دیارە ئەم دەشتەکییانە زۆر دەولّەمەندن و خەرج و باجێکی ئەوتۆ نادەن بە میری
وا چاکە لە ئێستە بەدواوە خەرجیان لەسەر زیاد بکەم.

ئەو شەوە سولّتان لەوێ نوست بەیانی کە هەستا داپیرە بە کچەکەی وت : مانگاکە
بدۆشە شیر برنجێك بۆ میوان دروست بکە .

کچە مەنجەلّی بردە بەر گوانی مانگاکە هەرچەندی کرد تەڕایی لێ پەیدا نەبوو . بانگی
کردە دایکی وتی : پادشا دلّی لە ژێر دەستانی خۆی پیسکردووە، ئەیەوێ خەرج و
باجیان لەسەر زیاد بکا .

سولّتان وتی: ئەی داپیرە تۆ بەچی ئەزانی کە پادشا دلّی لەژێر دەستانی پیس کردووە ؟

داپیرە وتی : تاقیم کردۆتەوە هەر کاتێ ئەم مانگایە شیری وشك بێ نیشانەی ئەوەیە کە
بێدادی لەگەلّ ژێردەستانیدا ئەکا ئەمڕۆ ئاسکەکەم ئەخۆشەو شیری مانگاکەش وشك
بووە ئەمەش لەروی بێدادی پادشاوەیە.

ئەوەندەی پێنەچوو جوتێك کوندەپەپو بەسەر ئەستونی دەوارەکەوە نیشتەوە دەستیان کرد
بە (هو هو) سولتان وتی : خۆزگە زبانی باڵدارانم بزانیایە ئاخۆ ئەم کوندە پەپوانە ئەڵێن چی ؟
داپیرە وتی : یەکەم خوازێنی کچی دووەم ئەکا بۆ کورەکەی ئەویش پەلپ ئەگرێ ئەڵێ
ئەبێ مارەیی لەسەر دووسەد کەلاوە ببڕدرێ.
سولتان پێکەنی وتی : دووسەد کەلاوە لەم وڵاتەدا کوا هەیە ؟
داپیرە وتی : هەتو (سولتان مەحمود) سەرداری وڵاتی هەزار کەلاوە بە فلسێك چونکە خاوەن
کۆشکەکان کزو ئابوت ئەکا و لە ئەنجامدا ئەبن بە کەلاوە .
سولتان وتی : داپیرە تۆ زۆر زانای پێم بڵێ لەبەرچی کوندەپەپو دانەوێڵە ناخوا؟
داپیرە وتی : لەبەر ئەوەی ئادەم لەسەر گەنم خواردن لە بەهەشت دەرکرا.
سولتان وتی: پێم بڵێ لەبەرچی کوندەپەپور لە کەلاوە ئەکاو بە رۆژ نایتە ناو ئاوەدانی ؟
داپیرە وتی : لەبەر ئەوەی چاوی بەکردەوەی ستەم و زۆرداری ئادەمیزاد نەکەوێ،گوێی لە
قسەی ناشیرینیان نەبێ .
سولتان وتی : پێم بڵێ کە بەسەر خانووە ئەنیشێتەوە (هوهو)ئەکا ئەڵێ چی ؟
داپیرە وتی : ئەڵێ ئەی ئادەمیزاد ئەوانەی پێش خۆتان بۆ کوێ چون ؟ بیهێننە پێش چاو. بۆ
کامەرانی و ئاسایشی خۆتان هەژار مەخەنە داو. دەستی یاریدە و چاکەتان درێژ بکەن بۆ
پیاوی لێقەوماو عەدل و راستی بهێننە ناو.
ئەوەندەی نەخایاند سەربازەکانی سولتان گەیشتن ئەمجا داپیرە تێگەیشت کە ئەمە (سولتان
مەحمود)ە. زۆر ترسا بەلام سولتان ترسی رەواندەوە فەرموی پەندێکی چاکم لەتۆ وەرگرت ،
داپیرەی خەلاتکرد.
ئیتر لەوەدوا بیرای ببڕ زۆرداری لەکەس نەدەکرد عەدل و راستی کرد بە پیشە. ژ/١٢٨٦

## ٤٩. کوڕە بازرگانێك ١٢٨٧

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو،کەس لەبەندە خوای
رووڕەشتر نەبوو، ئەگێڕنەوە لەدەوری پێشوودا بازرگانێك هەبو ناوی(باوەیس)
کوڕێکیشی هەبوو لەتەمەنی پانزە ساڵیدا ناوی(شاوەیس) بوو ، رۆژێك باوەیس
کەلوپەلی بازرگانی بەست کەباری بکا وە بڕوا بۆ شاران بە شاوەیسی کوڕی وت
ئەوەی دەرودەشت ببینی وە چاوت بکرێتەوە وە شارەزای بازرگانی بی ئەبێ بۆ ئە
سەفەرە هاوڕێی وە سەرپەرشتی کاروبارم بکەیت .

شاوەیس ئەمەی زۆر پێخۆش بوو لەتەك باوکیدا کەوتەرێ. دوای چەند رۆژێك
گەیشتنە شارێك لەوێ دەستیان کرد بە کڕین و فرۆشتن.

باوەیس رەوشتی وابوو بەیانیان زوو لەخەو هەڵئەستا بۆ نوێژ کوڕەکەیشی لەگەڵ
هەڵئەستا پێکەوە نوێژیان ئەکرد. بەیانێك شاوەیس زوو لە خەو بێداربوو سەیرکرد
باوکی ئەمرۆ هەڵنەساوە چوو بەلایەوە بانگی کرد : بابەگیان هەڵسە نوێژەکەت بکە
باوکی لەوەڵاما وتی: رۆڵە لێمگەڕێ سەعاتێکم ماوە لەلات وا ئەمرم بەڵام ئە
پەندانەم لەگوێ گرە:

١- بۆ هەموو کاروبارێك یاریدە لە خوا بخوازە.

٢- دەستپاکو داوێن پاکبە.

٣- رێزی زانایان بگرە، وە خۆت لە پیاوخراپان دوور بخەرەوە.ئیتر خوات لەگەڵ بێ.

دوای کەمێ گیانی پاکی چووەوە بۆلای خوای خۆی، خەڵك چون بۆ یاریدەی
تەرمەکەیان برد بۆ گۆڕستان و ناشتیان.

شاوەیس تا چل رۆژ لەم شارەدا بە خەم و پەژارەوە مایەوە دوایی وتی: هیچ کەڵك
ناگرێ خەم و روگرژی" لەم جیهانەدا کێ تاسەر ئەژی؟

رۆژێك لەگەڵ چەند بازرگانێکا کەلوپەلی رێکخست و کەوتەرێ دوای بڕینی
ماوەیەکی درێژ (تەریدە) رێی بە کاروانەکە گرت هەرچیەکیان پێبوو لێیان سەنەن بە

هێیەوە شاوەیس بە زویری و نابوتی گەڕایەوە ئەو شارەی کە باوکی لێی مردبوو.
چووە سەر گۆڕی باوکی دەستی کرد گریان و شیوەن . دوای ئەختێ خەوی لێکەوت
لەخەویا باوکی پێی وت: ئەی شاوەیس خەم مەخۆ هەموو کارێکی گران خوا ئاسانی
ئەکا. ئەوەندەی پێنەچوو خەبەری بووەوە تەماشای کرد پیاوێکی پیری نورانی لەژور
سەریەوە راوەستاوە چاك و خۆشی لە شاوەیس کرد وتی: ئەمە گۆڕی کێیە وا
لەسەری ئەگریت؟

وتی : ئەمە باوکمە چەند رۆژێکە مردووە .

مامەپیرە دڵخۆشی دایەوە و دەستی بەسەریا هێناو پەلیگرت بردیە کۆشکێك کە
بەفەرشی رەنگاورەنگ و کەلوپەلی نایاب رازابووەوە وتی : من باوکتم وە سامانێکی
بێشومارم هەیە هیچ کوڕم نیە ئەوا تۆم کرد بە کوڕی خۆم وە خۆیشم پیرێکی لێکەوتەم
چەند رۆژێکم ماوە لەم کۆنە جیهانەدا دوای مردنم سامانەکەم هی تۆیە.

دوای چەند مانگێك رۆژێ کە مامە لەماڵەوە نەبوو ژنەکەی رووی کردە شاوەیس و
وتی: لەوساوە تۆ لێرەی من شێت و شەیداو دڵخوازی تۆ بووم.

کوڕە لەوەراما وتی: تا ئێستە تۆم بە دایکی خۆم ئەزانی بەڵام هیچ. تفێکی کردە رووی
و چووە دەرەوە.

کاتێ مامەپیرە هاتەوە ژنەکەی بەتورەبوون و نەڕەنەڕ چوو بەپیریەوە وتی: لۆزەندەرە
چیە تۆ راتگرتوە ؟ دەستی لەگەڵ کچەکەت تێکەڵاو کردووە من سەرزەنشتم کرد
تفێکی کردە رووم.

کە مامەپیرە ئەمەی بیست زۆر دڵگران بوو لەقەراغ شار کورە خشتێکی هەبوو چەند
کرێکارێکی لەسەر بوو رایسپاردن ئەمرۆ یەکێك ئەنێرم بۆلاتان ژ/١٢٨٧

## ٥٠. فریشتەی بەفری١٢٨٨

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، لە دەورەی دێریندا ژن و مێردێك هەبوو، بەناوی (پەریزاد) و (مام باپیر) لە دێ یەك لە دێ یەکانی کوردستانی ئێراندا ئەژیان، خانو بەرەیەکی ڕێکو پێك و ڕەزو باخێکی جوانیان بۆ خۆیان پێکهێنابوو. لەم لەم ڕووەو زۆر دلگران و غەمگین بون ئاواتیان هەر ئەوەبوو خوا منالێکیان بداتێ. شەوێك لە شەوانی زستان کەبەهارە بۆمەستان بەفرێکی ئەستور باری هەموو شاخ و کەندەك و کەندو کۆسپێکی پڕ کرد. لەدەمی بەیانا کردی بە سامالّ تیشکی زێرینی خۆر بەسەر ئەو بەفرە سپی یەدا دیمەنێکی شیرین و ڕەنگینی پەیدا کرد.

مام باپیر لە پەنجەرەی ژورەکەیەوە تەماشای کۆلانی ئەکرد ئەی بینی منالّی دێ یەکە بون بە دوو دەستە. دەستەیەکیان سەر گەرمی یاری کردنن وە دەستەیەکیان خەریکی شێرە بەفرینە دروست ئەکەن. مام باپیر ڕووی کردە پەریزادی ژنی وتی: ئەی هاوسەری خۆشەویستم خۆ ئێمە لەم ڕۆژە بەفرەدا هیچ ئیش و کارێکمان نیە با بچینە ئەو باخچەیەوە پەیکەری منالێك لەبەفر دروست بکەین وە ئەختێك خەم بدەین بە با. ژنەکەیشی بەقسەی کرد چونە باخچەکەوە دەستیان کرد بە دروست کردنی پەیکەرەکە.

لەپێشا لەشەکەی ئەمجا دەست و قاچ و سەرێکی بچکۆلەیان بۆ دروست کرد. ئەمجا مام باپیر بە پەریزادی وت: با لەخوا بپاڕێینەوە بۆ خوا کارێکی گران نیە گیان بکا بەبەر ئەم پەیکەرەدا؟ دەستیان کرد بە لەخوا پاڕانەوە،

ئەوەندەی ئەخایان دەستی توانای یەزدان * کردی بە کچێکی ئەشمیلەی جوان

هاتە گفتوگۆ لێ یان پرسی: تۆ کێ ی وە لەکوێوە هاتوی؟

لەوەراما وتی: من فریشتەی بەفرم ئەمەوێ ببم بە کچی ئێوە. ئەوانیش بەخۆشی و شادی یەوە هێنایانەوە بۆ مالّەوە. خەلکی دێ یەکە لەخۆشی ئەوەی خوا ئەم کچە جوانەی داوە بەم ژن و مێردە ئاهەنگێکی گەورەیان بۆ گێڕا وە ناویان نا فریشتەی بەفر.

کچەکە رۆژ بەرۆژ دەستی کرد بە گەورە بوون. هەتا کچێکی لەئەندازە بەدەر جوانی لێ دەرچو دوو کولمی سپی وەك بەفری یەك شەوە دوچاوی شینی عاسمانی قژێکی زەردی زێڕین وەك تیشکی خۆر - وەك ئێستا زستان حەفتەیەکی مابوو- . تازە لەبناری شاخەکان گوڵاڵەسوورکەو وەنەوشە سەری دەرهێنابوو، پەریزاد تەماشای کرد فریشە کەزۆر کزو غەمگینە وەلەشی بێ تینە پێ ی وت: ئەی کچی شیرینم بۆچی وا زویری؟

فریشتە هیچ وەرامی پێ نەدرایەوە تا دوایی رۆژی زستان بە زویری مایەوە . دایکی لەدڵی خۆیدا وتی: ئەم کچەی من ئەگەر بچێ بۆ سەیرانی سەر شاخەکان ئەختێ دڵی ئەکرێتەوە. کچۆلەکانی دێ یەکەی دەنگ داو وتی: ئەوانیش نان وپێ خۆراکیان لەگەڵ خۆیان هەلگرت و لەگەڵ فریشتە کەوتنە رێ بەگوڵ چنین و یاری و پێکەنین بەشاخا هەلگەڕان لەسەر شاخەکە بەلقی درەخت و تەختێکیان بۆ فریشتە دروست کرد وە تاجێکیان لە گوڵ بۆ چنی کردیانە سەری. چونکە لەو دەورەدا هۆی هەواڵ زانین وەك تەلەفۆن و تەلەغراف لەکایەدا نەبوو. لەسەرشاخ ئاگریان ئەکردەوە بۆ ئەوەی دێهاتەکانی دەوری بزانن کەوا جەژنە کچۆلەکان ئاگرێکی خۆشیان کردەوە دەستیان کرد بە هە لپەرکێ کاتێك ئاوڕیان دایەوە فریشتە نەمابوو هەرچەندبانگیان کرد دەنگ نەبوو.بەشیوەن وگریان هاتنەوە بۆ دێ وتیان: فریشتەمان لێبزر بوو:کەمام باپیرو پەریزاد ئەمەیان بیست چون بۆشوێن ئاگرەکە سەریان کرد فریشتە بەتینی ئاگرەکە تواوەتەوە و بووە بەئاو وەگیانی پاکیشی چۆتەوە بۆلای یەزدان .تاساڵی ئایندە بێتەوە بە پچە کلۆی بەفری سپی و جوان .

کەبوو کی گوڵ لە جوانا هەتاوی ڕوی دەرکەوت
بەفر بەفرکە لەشەرما تووانەوەی بەرکەوت ١٢٨٨/ژ

## ٥١. ئەنجامی پەیمان شکێنی١٢٨٩

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، وەکەس لەبەندە
رورەش تر نەبو، لەدەوری پێشین دا لەشاری(خۆراسان) دزێك هەبوو هێجگار
دەست و بێ بەزەیی بوو، بەهەزاران کاروانی رووت کردبووە وە خوێنی گەلێ
و بێ تاوانی بەناڕەوا رشتبو. هەتا رۆژێك لەلایەن پیاوی میری یەوە گیرا. پادشا فەرمانی
کرد بیکەن بە دارا وە هەتا سێ شەو و سێ رۆژ نابێ لەدار بکرێتەوە بۆ ئەوەی
پیاوخراپان پەندی لێ وەرگرن وە چاوترسێن بن. وەهەروەها یاساولێ بەدیارەوە دانا
وتی: لەم ماوەیەدا ئەگەر لەدار بکرێتەوە یاساولەکان لە جێگای دزەکە
هەڵئواسرێن . شەوی یەکەم یاساولەکان وتیان ئەم دزە تازە مردوە خەڵك لاشەی
مردوی بۆچیە؟ با بەئاسوودەیی لێ ی بنووین هەموولال و پاڵ لێ نوستن . لەنیوەی
شەودا کەسو کاری دزەکە هاتن لاشەکەیان لەدارەکە کردەوەو فڕاندیان . ئەوەندەی
پێ نەچوو یەکێك لەیاساولەکان خەبەری بووەوە کەتەماشای کرد لاشەی دزەکە
بەدارەکەوە نەماوە هاورێکانی ئاگادارکرد بۆئەوەی لە پێو شوێنی بگەرێن هەیەکەیان
بەلایەکا رای کرد.

یەکێك لەیاساولەکان کە ناوی (دڵشاد)بوو رێ ی کەوتە قەراغ شار تەماشار کرد
تروسکەی ئاگرێك لە گۆرستانێکا دیارە کەلێ ی نزیك بووەوە وەبینی ژنێکی جوانی
شۆخو شەنگ جلی رەشی پۆشیوە دانیشتووە لەسەر گۆرێك ئەگری.

دڵشاد شەوباشی لێ کرد وتی: ئەی دولبەری نازەنین، ئەی فریشتەی سەر زەمین . بەم
شەوە تاریکە لەم گۆرستانەدا چی ئەکەی و بۆچی ئەگری ؟

ژنەکە لەوەراما وتی: ئەم گۆرە گۆری مێردەکەمە لەبەر ئەوەی لەژیانیا بێ دڵی
نەئەکردم وە هەمیشە بەئارەزوی دڵی من ئەبزووتەوە پەیمانم لەگەڵ خۆم کرد ئەگەر ئەو
لەپێش من دا مرد هەتا بمێنم لەسەر گۆرەکەی بگریم وە شوو بەکەسی تر نەکەم.

دلشاد وتی: مردن لەری ی هەموو کەسێکدایە هەموومان ئەبێ بمرین ئەم ئیشەی تۆ ئەیکەی کارێکی ناپەسەندو بێ جێ یە لەلای خوا و خەڵك ناشرینە . وەرە شوو بکە بەمن بە ئارەزووی دڵی تۆ ئەبزوومەوە من لە مێردەکەت زیاتر ئەبم کەمتر نیم. لەم گفتو گۆیەدا دلشاد کارەساتی دزەکەی بیر کەوتەوە لەدڵی خۆیدا وتی: سبەینێ پادشا ئەمکا بە دارا تازە ژنی چی بێنم ؟ وەبێ دەنگ بوو .

ژنەکە وتی: بالاّ گەردانی سەرت بم بۆچی وا بێ دەنگ بوی ؟ ئەلّبەت لە قسەکەی خۆت پەشیمان بوویتەوە.

دلشاد سەربوردی بۆ گێرایەوە وتی: سبەینێ پادشا ئەمکا بە دارا .

ژنەکە وتی: چارەی ئەم کارە ئاسانە مێردەکەی من دوو رۆژە مردووە لاشەکەی هێچ تێك ئەچووە بەهەردوکمان لەگۆڕ دەردێنین بیبە لەجێ ی دزەکە بیکە بە دارا هەتا سێ رۆژەکە تەواو ئەبێ .

بەو شەوە چوون پاچ و پێ مەرەیان هێنا و مێردەکەیان لەگۆڕ دەرهێنا کە دلشاد سەیری کرد وتی: دزەکە بێ ریش بوو ئەم ریشی هەیە ژنەکە مەقەستێکی لە گیرفانی دەرهێنا ریشی مێردەکەی بڕی و دای بەدەم باوە.

ئەمجا زەلامێکیان بەکرێ گرت مردووەکەیان هەلگرت لە شوێنی دزەکە کردیان بەدارا. کەسێ رۆژەکە تەواو بوو دلشاد مێردی ژنەکەی برد لەشوێنەکەی خۆی ناشتی وەچەند قورئان خوێنێکی بۆگرت قورئانی لەسەر بخوێنن.

ئەمجا ژنەکەی داوای لە دلشاد کرد کەمارەی بکا ئەویش وتی: تۆ ئەمڕۆ ریشی مێردە خۆشەویستەکەی خۆت بۆ من بڕی وا دات بەدەم باوە.

وە ئەو کەتەنەت پێ کرد سبەینێ ریشی منیش بۆ یەکێکی تر ئەبڕیو کەتێنێکم پێ ئەکەی. هەر چەند ژنەکە دەستی کرد بە گریان و پاڕانەوە وتی : سوێندت بۆ ئەخۆم بەئارەزووی دڵی تۆ ئەبزومەوە وە هیچ بێ ئەمەکیت لەگەڵ ناکەم . کەلکی نەگرت.

دڵشاد ژنەکەی برد لە دارستانێکی چڕدا بە درەختێکەوە بەگوریس توند بەست
یەوە و شەتەکی دا هەتا ببێ بە خۆراکی گورگو جڕو جانەوەر.
ئەمە پەندێکە بۆ ئەو کەسانەی بەبێ تاقی کردنەوە خۆیان ئەخەنە داوی هاوس
ناکەس بەچەوە.

لەگەڵ ناکەس قەت مەبە بەهاوجووت

أوهن البیوت بیت العنکبوت ژ/١٢٨٩

---

**٥٢. ئەسپ و ئاوێنە و سێو ١٢٩٠**

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، کەس لەبەندەی خو
ڕوورەشتر نەبو، لەسەردەمی دێرین دا سێ کوڕی گەنج هەبوو بوناوی (شێرکۆ) و
(شاپور) و (شاهۆ) کە لە منالیەوە لە قوتابخانەدا هۆگری یەکتر بوبون شەو و ڕۆ
لەیەك جیانەئەبوونەوە بەلەش سێ و بە گیان یەك بوون . ئەم سێ کوڕە لە لاوچاکی
جەوان مەردی و زیرەکیدا لەتای تەرازویەکدا بوون . لەیەك جوێ نەئەکرانەوە.

دوای تەواوکردنی خوێندنیان کە چاویان کرایەوە و کەوتنە نان پەیداکرد
هەرسێکیان دڵخوازی کچێك بوون کەلەجوانی و داوێنپاکیدا بێوێنە بوو کچەکەی
دڵخوازی هەرسێکیان بووبوو بەڵام نەیئەزانی دڵبدا بەکامیان جاروبار ئەمەی ئەوت :

را لەناو ئەو سێ خۆشەویستەدام کەچی دوو دڵم
کە دڵ لەمانە بەکامیان بدەم بەوە خەجڵم

ەدوایدا کچە لەسەر ئەمە بڕیاری دا کە هەرسێکیان بچن بۆ گەڕان بۆ شاران
هەریەکە دیاریەکی نایابی بۆ بێنن دیاری هەرکامیکیان پەسند تر بوو شوو بەوەیان بکا
هەرسێ برادەر بەخۆشی و شادمانی کەوتنە ڕێ ، وادی بەوادی تەختی مرادی.
شاران ئەگەڕان بەخۆشی و شادی.

دوای بەینێك گەیشتنە شاری (رەی) (شێرکۆ) هەرچی سامانێکی هەبوو دای بە ئەسپێك کە ئەم ئەسپە ماوەیەکی دورو درێژی بەچەند دەقیقەیەك ئەبڕی.[١٦٥]

(شاپۆر) هەرچی سامانێکی هەبوو دای بە ئاوێنەیەك کە ئەم ئاوێنەیە پێیانی ئەوت: (جهان نما = دنیا پیشاندەر) یەعنی لە هەر گۆشەیەکی دنیادا شتێك بکرایە لەو ئاوێنەیەدا دەرئەکەوت.[١٦٦]

(شاهۆ) هەرچی سامانێکی هەبر دای بە سێوێك کە خواردنی ئەم سێوە هۆی چاکبوونەوە بوو بۆ هەموو نەخۆشی و دەردی سەختێك لە جیهاندا.

برادەرەکان کە لەم کەین و بەینە نوونەوە کەوتنە گفتوگۆ وتیان: با تەماشای ئاوێنەکە بکەین بزانین کچەی دەستگیرانی خۆشەویستمان خەریکی چیە؟ گوزەرانی چۆنە؟

کە تەماشای ئاوێنەکەیان کرد بینیان کچەکە نەخۆشە دەردێکی گرانی گرتووە لەکاتی گیانەلاّ دایە. ها ئێستە بمرێ، ها سەعاتێکی تر.

هەرسێکیان سواری ئەسپەکە بوون بەچەند دەقیقەیەك خۆیان گەیاندە کچەکە (شاهۆ) سێوەکەی دایە خواردی کچە چاوی هەڵهێنا وردە وردە باری لەشی سووك بوو بەچەند رۆژێك هاتەوە دۆخی جاران.

ئەمجا هەریەك لە برادەرەکان دیاری خۆی پێشکەشی خۆشەویستەکەی کرد و هەریەکە ئەیوت: دیاری من لەوی تر نایاب و بەنرخترە. کچەکە بیری کردەوە لەدڵی خۆیدا وتی: ئەگەر ئاوێنەکە نەبوایە نەخۆشیەکەی من نەئەزانرا. ئەگەر ئەسپەکە نەبوایە وا کوتوپڕ فریام نەدەکەوتن. ئەگەر سێوەکە نەبوایە من لە نەخۆشیەکە چاك نەئەبومەوە. کەوابوو ئەم سێ دیاریە هەرسێکی هۆی رزگارکردنی من بوو لە مردن و هەرسێکی لە

---

[١٦٥] وەك فرۆکەو ئۆتۆمبیل ی ئێستە بووە.

[١٦٦] ئەتوانم بڵێم وەك کۆمپیوتەرو هێڵی ئەنتەرنێت وابووە، خەیاڵ و بۆچونی زۆ ئاوابو ئەوا ئێستا هاتۆتە دی.

نرخدا وەك یەکە.ئەم سێ نەوجەوانە هەرسێکیان سامانی خۆیان لە پێناوی
بەختکردوە. بەم پێیە کچە نەیتوانی بەڵێن بۆ هیچ کامێکیان بدا.

بۆ ئەمە گەلێ لە زانایانی شار کۆبونەوە ئەوانیش نەیان توانی بڕیار بۆ هیچ
بدەن لەئەنجامدا پەنایان بۆ (حکیم أبن سینا) برد (أبن سینا)ش ناردی بە شوێن
وتی : ئەسپ و ئاوێنەکە بدەرەوە بە خاوەنیان چونکە نرخەکەیان لە کیس نەچوو
ئەو پارەیە ئەکاتەوەکە پێی دراوە . بەڵام خاوەندی سێوەکە هەرچی سامانێکی
داویە بەو سێوە بۆ تۆ و لە کیسی چووە و تۆش ئەو پارەیەت لێهەڵناسێ کە
و کەوابوو ئەبێ شوی بکەی بە خاوەنی سێوەکە .لەسەر ئەمە بڕیاری دا
(شاهۆ) مارە بڕی و ئاهەنگێکی خۆش بۆیان گێڕا. ژ / ١٢٩٠

..............

### ٥٣. زەڕەنگەر و دارتاش١٢٩١

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، ئەگێڕنەوە لەسەردەمی رابردوودا دوو هاوڕێ
بەناوی (جەوهەر) و (جوامێر) زۆر یەکتریان خۆشئەویست، جەوهەر زەڕەنگەر
جوامێر دارتاش بوو ئەم دوو برادەرە زۆر دەوڵەمەند بوون خۆشگوزەران
یاریدەیان درێژ ئەکرد بۆ لێقەوماو و هەژاران چارەنوسی یەزدانی خستیە
پەریشانی. رۆژ بەرۆژ هەتا ئەهات ئەستێرەی بەختیان ئەهاتە نەهات وە هەر
قۆرتێکیان بەسەر ئەهات.

فەلەك کردەوەی بەدی دێرینە * لەگەڵ پیاوچاکان دایم بەقینە*

جەوهەر پیاوێکی خوێنەوارو تێگەیشتوو بوو رۆژێك رووی کردە جوامێر و وتی:
برای گیانی ئێمە گوزەران و رۆژمان لەم شارەدا نەماوە وەهەریەکەمان پیشەسازێکی
هونەرمەندین با روو بکەینە شارێکی تر وەکو ئەڵێن: (بەرەکەت لە حەرەکەتەوەیە)
جوامێر قسەکەی پەسەند کرد وە هەردووکیان کەوتنە رێ دوای بەینێك گەیشتنە
شارێك لەوڵاتی(رۆم) لەقەراغ شار کۆشکێکی جوان و رازاوەیان دی کە ئەم کۆشکە

بتخانە بوو دووبتی تیابوو کە لەزێڕ دروستکرابوون وە بە جەواهرات رازاندرابوونەوە بەیانی و ئێوارە خەڵکی شارەکە ئەهاتن کڕنوشیان بۆ بتەکان ئەکرد .

هەردوو برا کەوتنە گفتوگۆ وتیان: قەومێك ئەوەندە بێئەقڵ و بێمێشك بێ شتێك خۆی دروستی بکا و کوڕنوشی بۆ بەرێ ئێمە ئەتوانین بەسەریاندا زاڵ ببین وە ئەم بتانەیان لەدەست دەربێنین وە سامانێکی بێشومارمان دەستگیر ئەبێ بەم هۆیەوە ئەتوانین لەوڵاتی خۆماندا مزگەوت و قوتابخانەی پێدروست بکەین و خۆیشمان بە شادمانی پێ ئەژین.

هەردووکیان پەیمانیان بەست وە سوێندیان بۆ یەکتری خوارد کە یاردەی یەك بدەن بەبێ سەرچەوتی . بەرگی بتپەرستانیان پۆشی و چونەلای پیری بتخانەکە وتیان: ئێمە لەسەر ئاینی ئێوەین هۆزی خواپەرستان ماڵیان بەتاڵان بردوین وە لەنیشتمانی خۆمان رەهەندەیان کردوین و ئێستایش پەنامان بۆ ئێوە هێناوە .

پیر بەدڵنەوایی کردن وە رێزی گرتن زۆرێکی لەبتخانەکەدا بۆ تەرخانکردن و مووچەی بۆ بڕینەوە . چەند مانگێك ئەم دووبرایە زۆر بەگەرمی بتپەرستی و خزمەتی بتخانەکەیان ئەکرد ئەوەندەی نەخایان پیری بتخانەکە مرد .

فەرماندار وە پیاوەماقوڵانی شار کۆبوونەوە وتیان: ئەم دوو برایە لێرەدا خزمەتیان زۆرە پێویستە بکرێن بەسەرپەرشتی ئەم بتخانەیە و بریاریان لەسەردا. ئەمجا ئەوانیش زیاتر بەگەرمی خزمەتیان ئەکرد.

هەتا رۆژێکی جەژن خەڵکێکی زۆرهاتن بۆ بتخانەکە جەوهەرو جوامێر دەستیان کرد بە گریان و هاوار وتیان: ئەمشەو بتی گەورەو بتی پچوك بە ئێمەیان وتووە ئەم کۆنە جیهان جێی مانەوە و حەسانەوە نیە وە جێگەمان پێتەنگە بەمزووانە ئەچین بۆ عاسمان ئێمەش لەخزمەتیانا ئەبێ بچین خەڵکەکەش بەراستیان زانی.

شەوی بەسەرداهات هەردوو برا بتەکانیان کەرت و پەرتکردو کردیانە

بردیان لەدووری شار لەشوێنێکی ئەدیو شاردیانەوە و چون ولاغیان بۆ

هێنایانەوە ولاتی خۆیان.

جوامێر رووی کردە جەوهەر وتی: ئەم زێڕو جەوهەراتە ببەرە مالّی خۆت

زەڕەنگەری خەلّك گومانت لێ ناکا وا ئەزانن هی خەلّکە بۆیان ئەکەی

لای من بێ(میری) بزانێ لەدەستم دەردێنێ تۆ هەرچیەکت لێفرۆشت نیوەیم

جەوهەریش هەمووی کردە سندوقێکەوە وە لەژێر زەمین دا شاردییەوە . سبەینێ

جو بزانێ چی فرۆشتووە؟ چی ئەفرۆشتوە؟

جەوهەر سەرێکی لێنادا وتی: کوڕە شێت بوی ، زێڕی چی و جەواهیراتی

قسانە بکەی ئەتبەم بۆ شێتخانە .

جوامێر وتی: ئەی براگیانی لێم زویر مەبە گالّتەم لەگەلّ کردی.

هاتە مالّەوە (پەیکەر=هەیکەل)ێکی لە وێنەی جەوهەر دروستکرد وە بەرگی

بەبەردا کرد ژێرزەمینێکی هەبوو بردی لەوێدا داینا. ئەمجا بەپەلە پەل

دنی(موسەك)ی لای شیوەکەلّ دوو بەچکە ورچی گرت و هێنایەوە و بردنیە

پەیکەرەکە بەچکە ورچەکان برسییان ببوایە خۆراکی بۆ ئەکردنە گیرفان و

پەیکەرەکە ئەوانیش دەریان ئەهێنا و ئەیانخوارد هەتا چەند رۆژێك بەچکەکان

پەیکەرەکە بون.

جەوهەر دوو کوڕی هەبو لەتەمەنی شەش حەوت سالّیدا رۆژێك جوامێر

لێبینین هەردووکی هێنانە مالّەوە لە ژوورێکا شاردنیەوە. ئێوارە جەوهەر ئەگەڕا

کوڕەکانیا جوامێر پێی وت: ستەم و زۆری باوکان * ئەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەولادان*

کوڕەکانت بون بە بەچکە ورچ . جەوهەر دەستی کرد بە هاوارو فغان وتی:

لێنسان ئەبێ بەبەچکە ورچ ؟

خەلکی گەرەك لێیان کۆبونەوە جوامێر بەچکە ورچەکانی لە ژێر زەمین دەرهێنا چونکە زۆریان برسی بوو شالاَویان برد بۆ جەوهەر دەست و پێیان ئەلستەوە وە دەستیان کرد بە گیرفان و باخەلیا.

خەلکەکە وتیان ئەمە شتێکی راستە بۆچی ئەم بەچکە ورچانە بەلای کەسمانانایەن ؟

رووبانکردە جەوهەرو وتیان : تۆ ئەبێ گوناحێکت کردبێ تۆبە بك لە گوناحەکەت .

ئەمجا جەوهەر لە نیوەشەودا زێرو جەوهەراتەکەی کرد بە دوو بەشەوە بەشێکی دا بە کۆلیا هێنای بۆ جوامێر وتی: ئافەرین پالەوانی فێلّ و سیاسەت پەلی کورەکانی گرت و هێنایەوە. ژ/١٢٩١

.....................

## ٥٤. پیاوچاك دوای مردنیشی سودی لیّ ئەگیری!؟ ژ/١٢٩٢

یەکیّ بوو، یەکیّ نەبوو، لەدەورەی پێشین لە ولاَتی بەغدا زەمین لەکاتێکا (خەلیفە هارون) روی میهرەبانی و دلّ سۆزی لەهۆزی (بەرمەکی) وەرگیرا و هەموویانی کرونابوت کرد و کۆشکەکانیانی لەگەلّ زەمین جوت کرد. بریاری دا هەرکەسیّ ناوی هۆزی بەرمەکی بێنیّ زبانی لە پشتی سەریەوە دەربینیّ. دوای ئەمە پیاوێك هەموو شەوێك ئەچوە قاوەخانەیەك زبانی بە ستایش و چاکەی هۆزی بەرمەکی ئەکردەوە و خەلکێکی زۆر لەدەوری گرد ئەبوەوە (دیدەوان=جاسوس) ئەم باسەی بۆ خەلیفە گێرایەوە کەوا پیاوێك هەموو شەو ئەچێتە قاوەخانەیەك ستایشی هۆزی بەرمەکی ئەکا.

خەلیفە چەند پیاوێکی راسپارد ، وتی: ئەم شەو بچنە کەمینی کە دەمی بە ستایش کردەوە بیگرن پەلی ببەستن وە بۆمی بێنن.

پیاوەکان شەو لیّ ی چونە کەمین لەکاتێکا زبانی کردەوە بەستایش دیدەوانەکان تێکیانەوە پێچا وە پەل بەستیان کرد هەر چەند وتی: ماوەی ئەوەم بدەن هەتا ئەچمە

ماڵەوە (راسپارد=وەصیت) بۆ خێزانەکەم ئەکەم بێ . بێ سود بوو وچانیان

وتیان: راسپاردەت چی یە لیرە بیلێ.

وە راپێچیان کرد بۆلای خەلیفە ئەویش بەدەنگێکی تورەیی یەوە روی کردە کابرا

تۆ بۆچی ستایشی پیاوەتی دوژمنی من ئەکەی؟

کابرا وتی: ئەگەر بوارم ئەدەی سەر گوزەشتەی خۆمت بۆ ئەگێرمەوە وە هەر

پێچەوانەی ئایین و دەستور بزوتبوومەوە ئەوە ملی من ئەوە تیغی تۆ دەست

نیە(دادرەسی=محاکەمە)م بکە.

خەلیفە قسەکەی پێ خۆشبوو وتی: فەرموو بڵێ؟

پیاوەکە وتی: من دەوڵەمەندێکی بەدەسەڵات بوو لە وڵاتی شام بەخت روی

وەرگێرام هەر رۆژەو توشی چورتمێك ئەبووم رۆژ بەرۆژ کەوتمە کەساسی و نە

ناچار پەلی ژن و منالەکانم گرت چەند چۆڵ و بیابانێکمان بڕی هەتا رۆژێك لە

ئێوارەدا گەیشتینە ئەم شاری بەغدایە منالەکانم لەبەر دەمی مزگەوتێکا دانا وە خۆ

دەستم کرد بە گەڕان بەشارا وتم: بەلکو کەسێك برینی هەژاریم دەرمان بکا، گەیشت

بەر دەرگای کۆشکێکی بلند کەتەماشام کرد دەستە دەستە پیاوە ماقولان و

بەدەستان ئەچوون بۆ کۆشکەکە لەدڵی خۆمدا وتم: ئەبێ ئەمە کۆشکی شازادەیەك

وە ئەم خەلکە بۆ سەر زیافەت ئەچن . منیش خۆم کرد بە ناو خەلکەکەدا چو

ژوورەوە بینیم ئەم کۆشکە بە فەرشی رەنگین وە کەلوپەلی گران بەها رازاوەتەوە

لەیەکێ لە میوانەکانم پرسی وتم: ئەمە کۆشکی کێ یە؟

لەوەرامدا وتی: ئەمە کۆشکی (یەحیای بەرمەکی)یە ژنی بۆ کوری هێناوە وە زیافەتی

خەلکی شار کردوە.

دوای ئەوەی نان خورا (یەحیا) هەستا بۆ هەریەك لە میوانەکان کیسەیەکی پڕ لە زێ

وە(قەبالە = سندی تاپۆ)ی پارچە زەویەکی لەبەردەم دانان وە لەبەردەمی منیشی دا

زۆر دڵم خۆش بوو وتم: وا خوا لەتەنگانە رزگاری کردم.

دوایی ماڵ ئاوایمان کرد وە بەجارێ هاتینە دەرەوە.

چەند هەنگاوێك لە دەرگا تێ پەڕیم نۆکەرێك بانگی کردم بگەڕێرەوە وام زانی قەباڵەو کیسە زێڕەکەم لێ ئەسێنێتەوە.

یەحیا لێ ی پرسیم : تۆ کێ ی ؟ وە لەکوێوە دێی؟ من تۆ ناناسم ؟

منیش سەرگوزەشتەی خۆم بۆ گێڕایەوە.

پرسی: ئەی منالەکانت لەکوێن ؟

وتم : لەبەر دەرگای مزگەوتێکا دام ناوون.

یەحیا وتی: کەسێ پەنا بۆ دەرگای خوا بیات پەکی ناکەوێ ، وە بەقسەوە دوو سەعاتێك گرتمی. ئەمجا بەنۆکەرێکی وت: ئەم پیاوە بەرە بۆلای ژن و منالەکانی.

نۆکەرەکە لەگەڵم هات بردمیە بەردەرگای کۆشکێکی جوان کە بەندەیەکی قولەرەشی لێ ڕاوەستابوو کرڕنوشێکی بۆ کردم وتی: ئەم کۆشکە یەحیا بەتۆی بەخشیوە کە چوومە ژوورەوە سەیرم کرد ئەم کۆشکە هەموو کەلوپەلێکی گوزەران و حەسانەوەی تێدایە ژن و منالەکانیشم جلوبەرگی گران بەهایان لەبەرکراوە و خۆراکی خۆشیان لەبەردەم دانراوە وە کارەکەریش بەپێوە وەستاوە خزمەتیان ئەکا. ئەمجا کەسێك لە هەژاری و کەساسی منی رزگار کردبێ وە هۆی خۆش گوزەرانی و بەختیاریم بێ چۆن ستایشی ناکەم ئەگەر تامردن ستایشی نەکەم ڕووڕەشی لای خواو خەڵك ئەبم ئەمە ئەمە گوناهەکەمە ئەی خەلیفە.

خەلیفەیش کە ئەم چیرۆکەی بیست دەستی کرد بە گریان وە لەکردەوەی خۆی پەشیمان بوەوە و فەرمانی کرد هەزار دیناری زێڕ بۆ پیاوەکە بێنن.

پیاوەکەیش زۆرسوپاسی خەلیفەی کرد وتی: ئەم پاداشەیش لە فەڕو و بەرەکەتی هۆزی بەرمەکەوەیە بەخوا پیاوچاك دوای مردنیشی سودی لێ وەرئەگیرێ. ١٢٩٢/ ژ

## ٥٥. (فەرەیدون) و کۆشکی جادو ١٢٩٣

یەکێ بوو یەکێ نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، چەند سالێك لەسەر پێ
ولاتی خۆمان لەشارێکدا ژن و پیاوێکی پیری دەست کورت هەبوو هیچ
سامانێکیان نەبوو، تەنیا کوڕێکیان هەبوو لەتەمەنی هەژدە سالیدا کە
(فەرەیدون)بوو ، ئەم کوڕە لاوچاك و زیرەك بوو، لە هونەری و تیر ئەندازی
مەلەوانی و(وەرزش=ریاضە)دا بێوێنە بوو، لەگەڵ هاوڕێکانی دا رووخۆش و هێمن
لەبەر ئەوە لەلای هەموو کەس خۆشەویست بوو، سەعاتە رێیەك دورر بەدەر
شارەکەدا دارستانێکی چڕ هەبو لەناوەڕاستی دارستانەکەدا (دەریاچە=بحیرە)یە
گەورە هەبوو وە لەناوەڕاستی دەریاچەکەدا کۆشکێکی بلند هەبوو، فەرەیدون هە
رۆژێك دوای گەڕانەوەی لە قوتابخانە تیرو کەوانی هەڵ ئەگرت و ئەچوو بۆ دارستا
مەڕەسورێکی راوئەکرد ئەیهێنایەوە خۆیان هەندێکیان لێئەخوارد ئەوی کەیان ئەفرۆش
هۆی گوزەرانیان هەر ئەوەبوو، هەندێ جار فەرەیدون دوای خۆر ئاوابوون کە تاری
دائەهات ئەگەڕا سەیری ئەکرد چرایەکی کز لە کۆشکەکەدا ئەسوتێ لەمە زۆر سەر
سوڕئەما خەلکی شارەکەش لەلایان وابوو کە ئەم کۆشکە هی(پەری)یانە کەس نەیئەوێ
بۆ کۆشکەکە بچێ.

دوای بەینێك چەند دزێك گەنجینەی پادشایان بری وەهەرچی یەکی تیدا بوو بردیا
بوختانیان بە فەرەیدون کرد وتیان: تۆش دەستت لەم کارەدا تێکەڵە بەلام سێ رۆژ
بواریان دا ئەگەر لەم ماوەیەدا گەنجینە وە دزەکانی هاوڕێ ی ئەدۆزییەوە لەسەری
بدەن.

دوو رۆژ تێپەڕی کرد سەری سێیەم لەدەمی ئێوارەدا فەرەیدون شمشێرێکی هەڵگرت
و چووە کەناری دەریاچەکە لەدڵی خۆیدا وتی: هەر ئەمڕۆم ماوە لەم دونیایەدا با
بەمەلەکردن برۆم بۆ ئەم کۆشکە بەلکو لەوێدا لەناوبچم ئەمە چاترە لەوەی بەجۆرێکی
ناشیرین پادشا بمکوژێ.

جلەکانی داکەن و لەکۆڵی بەست بەباسکە مەلە ڕۆیشت هەتا هەردوو باسکی ماندوبو لەهێز کەوت هەر نەگەیشتە کۆشکەکە ئەمجا بەپێ مەلە ماوەیەکی تر ڕۆیشت هەتا گەیشتە بەردەرگای کۆشکەکە ، چووە ژوورەوە خۆی پۆشتە کردەوە کەتەماشای کرد ژوورەکان چۆڵ و هۆڵە سینیەك خواردەمەنی خۆش دانراوە و دوو مۆمی کافوری لەسەر ئەسوتێ، فەرەیدون زۆری برسی بووبە ئارەزووەوە تێری لێ خوارد چونکە زۆر ماندوو ببو دەستی کرد بە وەنەوزدان خەوگرتی لەوەدا بوو چاوی بچێتە خەو دەنگێکی بەسام و گرمە و ناڵەیەك هات وتی: بیرێژم، فەرەیدون وەرامی نەدایەوە دووبارە وتی : بیرێژم.

فەرەیدون وتی: ملت بشکێ چی ئەرژی بیرێژە ؟ لەپڕێکا وەك تاوی تەرزە زێڕو جەوهەرات لە بنمیچی کۆشکەکەوە رژایە خوارەوە ،

فەرەیدون دەستی بەچاویا ئەهێنا وای ئەزانی خەوئەبینێ ئەوەندەی پێنەچوو قولەڕەشێکی لەزەندەری چوارشانە پەیدا بوو وتی: ئەی ئادەمیزادی خوا تۆی لەکوێ بۆ رەخساندم ؟ فەرەیدون تاوی شمشێری لێدا قولە رەش پاڕایەوە وتی: بەناڕەوا خەڵك کوشتن کارێکی مەردانە نییە من بەندەی (حەزرەتی سولەیمان) بووم بوختانێکیان پێکردم لەسەر ئەوە ئەمە چەند ساڵە لەم کۆشکەدا قەڵابەند کراوم ئێستاش ئەگەر رزگارم بکەی ئەبم بەهۆی بەختیاریت و لەسەر چی داماوی بۆت ئەکەم.

فەرەیدون سەربوردی خۆی بۆگێڕایەوە، زێڕو جەوهەراتەکەیان کردە گونیەکەوە قەلە دای بەکۆڵیا فەرەیدون پەلی گرت و بەمەلەکردن لە دەریاچەکە رزگاربون وە هاتەوە بۆ شار قولەڕەشەکە دزەکانی دۆزیەوە وە گەنجینەکەیان لێ سەندنەوە پادشاش لەپاداشتی ئەوەدا فەرەیدونی کرد بە وەزیری خۆی.

بەم پێیە فەرەیدون خۆی و دایك و باوکەکەی لە هەژاری و دەستکورتی رزگار کرد.

ئەمجا متالە خۆشەویستەکان : دەریاچەکە دونیایە، مەلەکردن پەلکوتانە کو...
رەنج و تەقەلایە ،کۆشکەکەیش بەرەکەی. هەتا رەنج نەدەیت ناگەیت...
ژ/١٢٩٣

.........................

## ٥٦.کەیوان و کرمانج ١٢٩٤

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، لەم دنیای دۆڵە لەژێر ئەم گەردوونە لەسەردەمی رابردودا پیاوێك هەبوو ناوی(مام بایز)بوو پیرە... کورت بوو بەسەپانی خەڵکی بەڕێوە ئەچو تەنیا کوڕێکی هەبوو لەتەمەنی پازدە... ناوی(کەیوان) بوو ، ئەم کوڕ زۆر ژیرو زرنگ گوستاخ و گوێ رادێربوو لە ... نمرەی تەواوی وەرئەگرت وە هەموو ساڵێك بەیەکەم دەرئەچوولەبەر ئەمە مامۆست... خۆشیان ئەویست.

کوڕێکی دراوسێشیان هەبوو ناوی(کرمانج)بوو ئەم کوڕە تا بڵێ ی تەمەڵو ... بوو بێجگە لەوەیش شەڕانی و چەپخون و رق لە سك بو بەم هۆیەوە کەس ... لەچارەی نەئەکرد. کرمانج ئەی بینی (کەیوان) لەپۆلەکەیدا یەکەمو رێزی ئەگ... چاوی پێ ی هەڵ نەدەهات بەخیلی پێ ئەبرد هەر لەبەی جوری ئەگەڕا سەرەنگ... بکا.

رۆژێك چووە بن دەستی کەیوانەوە وتی:ئەی هاوڕێی شیرینم ئەمەوێ لەگەڵ تۆدا ... بە دەستەبرا .

هەرچەندە (کەیوان) وتی: من هاوڕێی کەس ناکەم چونکە ئاسایش لەتەنیایی و کە... گیری بەوەیە.

کەڵکی نەگرت هەرچۆنێ بوو هەڵی خەڵەتاند وە بەڵێنی دایە کە بێ بەهاوڕێی. دوا... بەهێنێك کرمانج لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا کە رۆژێکی (هەینی=جمعە) (کەیوان) بیا و ... گەڕانی چیا و دارستان وە لە رێ لەناوی بیا وە بێتەوە بڵێ : (کەیوان) دوڕێن...

خواردوبەتی. چەند رۆژێکی بێ چوو رۆژێکی هەینی کرمانج چەقۆیەکی لەباخەڵیا قایم کرد رووی کردە (کەیوان) و وتی: ئەمرۆ ئەمەوێ پێکەوە گەشتێکی چیاو دارستان بکەین. ئەویش بەقسەی کرد نان و پێخۆریان ئامادەکرد بێ ئەوەی پرس بە دایك وباوکیان بکەن کەوتنەرێ(کەیوان)سەگێکی درِی هەبو ئەویش شوێنیان کەوت.

ماوەیەك بە پێ دەشتا رۆیشتن هەتا گەیشتنە بناری شاخ و بەشاخا هەڵ گەرِان لەسەر شاخەکە کانی و ئاوێکی لێ بوو دەستیان کرد بە نان خواردن دوایی بە دیوی ئەو دیوا شۆرِ بونەوە خوارەوە تاگەیشتنە دارستانێك دەستیان کرد بە چنینی بەری دارەکان وەکو گوێژو بەرِو ئەم شتانە.

لەوکاتەدا (کەیوان) هەستی کرد کەوا کرمانج نیازی خراپەی هەیە هەشت نۆ هەنگاوێ لیێ ی دورە پەرێز وەستا . کرمانج وتی: ئەی دۆستی خۆشەویستم ئەوە بۆچی لێم دورە پەرێز وەستاوی؟

(کەیوان) وتی: پێشینان ئەڵێن: (دوری و دۆستی) ئەوەندەی نەخایاند بەفەرمانی یەزدان هەڵی کردە گێژەڵوکەو تەپوتۆزێك کە بەتەواوی دنیا تاریك بوو. (کەیوان) جڵەوی ژیانی خۆی دایە دەست چارەنوسی خوایی رێ دەستی کرد بە رۆین سەگەکەیش لەدوایەوە تا شەو بەسەرداهات لەبن دارێکا هەندێ پووش و کەرِەگەڵای کۆکردەوەو کردی بە دۆشەك و پاڵتۆکەی دا بەخۆیاو لیێ نوست سەگەکەیش بوو بە پاسەوان گورگ و درِندەی لێ ئەرِەوان وەکو ئەڵێن: سەگی ئەمەکدار تۆ بێنەرەگۆرِ * بەدخوری بێ ئەمەك ئەتهاوێتە گۆرِ.

دەمی بەربەیان کە خۆری تازە سەری لەگەل هێنابووە دەرەوە وە تارایەکی ئاڵی بەسەر دارستانەکەدا کێشابوو لە ئاوازی خوێندەنی پەرِندەکان (کەیوان) لەخەو بێدار بوو سەیرێکی دەورو پشتی خۆی کرد کرمانجی هاورِێ ی نەدی ، ویستی بەرەو ماڵ بگەرِێتەوە بەڵام رێی لیێ هەڵە بوو .ئەو رۆژە تا دەمی ئێوارە دەشت و شاخی تەی کرد

هەتا گەیشتە بەردەرگای قەلایەکی بلند کە پیاوێکی پیری لێ وەستابوو. (کەیوان)
داستانی خۆی بۆ گێڕایەوە ئەویش بردی یە قەلاکەوە نان و پێخۆری لەبەردەم دانا
ی وت: دیارە تۆ کوڕێکی زیرەکو دلپاکی وە منیش مامۆستای پزیشکانم تۆ ئەکەم
شاگردی خۆم وە هەرچی بزانم فێرت ئەکەم.

(کەیوان) چەند سالێك لەلای مایەوە هەتا بوو بە پزیشکێکی هونەرمەند دوای
پیرە هەندێ پارەو ئەسپێکی دایەو وتی: بڕۆرەوە ولاتی خۆت.

(کەیوان) سوار بوو
چەند چۆڵ و بیابانێکی
بڕی هەتا گەیشتە
قەراغ شارێك پارچە
تەختەیەکی دی ئەمەی
لێ نوسرابوو
(یاسەمین) کچی پادشا
دەردێکی گرانی
گرتووە هەرچی
پزیشکی ئەم شارە هەیە
چارەیان پێ نەکرا
هەرکەس بتوانێ لەم
دەردە رزگاری بکات
پادشا نیوەی
سامانەکەی



کۆشکێك و کچەکەیشی لێ مارە ئەکا. (کەیوان) چووە پێشەوە بەچەند رۆژێك چاکی کردەوە و پاداشەکەی وەرگرت. ئەمجا رای سپارد دایك و باوکەکەی هێنایە لای خۆی.

بەم پێ بە (کەیوان) بەقەد ئەستێرەی کەیوان بلند بو وە لە جیهانا ناوی دەرکرد.

منالەکان ئەمە پەندێکە بۆ ئێوە ئەبێ بزانن

کامەرانی بە تێکۆشین و زانست و دینە.

چاو پێ هەڵنەهاتن و بەخیلی کاری شەیتانی لەعینە.

کەسێ چاك بێ کرداری * بەخت ئەبێ بەیاری

ئەوەی بەد کردارە * بەشی دەردو ئازارە

ژ/١٢٩٤

.................

## ٥٧.شیرین و شەیدا ١٢٩٥

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، لە رۆژگاری گوزەشتەدا لە وڵاتی فارس پیاوێکی بازرگان هەبوو کەناوی (ئەمیرخان) بوو لە دارایی و ساماندا کەس نەبوو هاوتای بکا. ئەم پیاوە کوڕی بۆ نەئەما تەنیا کچێکی هەبوو لەتەمەنی بیستساڵیدا کە ناوی(شیرین) بوو. ئەم کچە لە جوانی و زیرەکی و رەوشتو خووی بەرزدا یەکتا بوو. باوکی هۆگری بوو بوو دڵی نەئەهات لەخۆی جیابکاتەوە.

کەسانێك کە ئەهاتنە خوازبێنی ئەم کچە باوکەکەی پەڵپی لێ ئەگرتن ئەیوت: من کچی خۆم بەفیرۆ نادەم ئەیدەم بەکەسێك هونەرێکی لێ ببینم وە هەرکاتێ کەوتمە رۆژی رەش و داماوی فریام بکەوێ وە رزگارم بکا.

ئەوانیش ئەیانوت: هەرکاتێ کەوتیتە کزی و نابوتی ئێمە بەسەروماڵ ئامادەین رزگارت بکەین.

بەکورتی ئەیوت : پێشەکی کچی خۆم نادەم هەتا هونەرەکە لەو کەسە نەبینم بەو
جۆرە خەڵك لە خوازبێنی تەکێنەوە.

ڕۆژێك ئەمیرخان ویستی سەفەری دەریا بکا کەشتییەکی تایبەتی پڕکرد لە کە
کەلوپەلی بازرگانی گەیشتە(دورگە=جزیرە)یەك بۆ ئەوەی بحەسێتەوە لەنگەریان
کەشتییەکە گرت وە دابەزین سەیریان کرد چواردەوری دورگەکە ناوو تاڵگەیە
بەدرەختی میوەدار وە گوڵوگوڵزار رازاوەتەوە.

ئەمیرخان لەگەڵ شیرینی کچی دەستیان کرد بەگەڕان و میوەخواردن. دوای کەم
چاویان بە کوڕێکی نەوجەوانی بەهەیکەل کەوت کەلەبن درەختێکدا نوستبو
شمشێرێکی روتی لەلاوە دانرابوو. ئەمیرخان بۆئەوەی لە چۆنیەتی دورگەکە بگا
بەهێواشی دەستی کوڕەکەی گوشی کە بێداری بکاتەوە کوڕە وەك پڵنگی گوستاخ
راپەڕی و تاوی شمشێری لێدا.

ئەمیرخان وتی: (مەرد ئەوەیە بێزیان بێ.) کوڕە دەستی گێڕایەوە.

ئەمجا لەکوڕەی پرسی : تۆ کێیت وە چ کارەیت ؟

کوڕەکە کەناوی (شەیدا)بوو وتی: گوێ بگرە بەسەرهاتی خۆمت بۆ بگێڕمەوە:
من کوڕی بازرگانێکی دەوڵەمەند بووم کە خاوەنی سامانێکی بێشومار بوو باوکم
مامۆستایەکی تایبەتی بۆ گرتم، کە زانست و هونەر و ئامۆژگاری لێوەربگرم، بەلام
ئەوەندە سەهەندە و لاساربووم هیچم لەگوێ نەگرت، کاتێ باوکم گەیشتە ئاکامی
مردن پێی وتم:

ئەی جگەر گۆشەم ئەوا چرای ژیانم روو لە کوژانەوەیە بەلام ئەم پەندانم لەیاد مەکە:
لەگەڵ خۆتا سەر راست بە ، خۆت لە کارو کردەوەی ناهەموار بپارێزە، هاوڕێی
پیاوخراپ مەکە، چاکە لەگەڵ کەسانی داماو و هەژارا بکە، وەلەسەر ڕێگای من بڕۆ
کەرێگای راستە . ئەمانەی وتو شەربەتی مەرگی نۆشی وە چاوی لەم دنیای بێنرخ
پۆشی.

دوای سێ ڕۆژ پرسەو شین .من دەستم کرد بە شایی و پێکەنین. پەندەکانی باوکم یادکرد ، لەگەڵ دەستەی پیاوخراپ و خوێڕی و بەدخودا بەبەزم و ڕەزم و ئاهەنگ و ساقی ڕامبوارد . وە هەرچی سامانێك باوکم بۆی بەجێهێشتبوم هەموویم لەناو برد ، کاتێ لەخەوی مەستی و بێهۆشی بێدار بووم خۆم بە ڕوت وقوتی و برسیەتی دی، بۆ چەند ئاسیاوێك برد کە یاریدەم بدەن لەبەر ئەوەی سامانەکەم لەرێی خراپەدا لەناوبرد و هەموو ڕویان لێوەرگێڕام وە کەس بەزەیی پێما نەئەهاتەوە. ماوەیەك دەردی برسیەتی و ئاتەواویم چێشت دوایی گوریسێکم بەستە پشتم وە خۆم خستە ژێر بارەوە دەستم کرد بە کۆڵ کێشان لەبەر ئەوەی بەهێز بووم وە کۆڵی گرانم ئەگواستەوە چەند بازرگانێك بەکرێیان گرتم لەکەشتیەکدا باریان بۆ بگوێزمەوە تا گەیشتینە ئەم دورگەیە کە پێی ئەڵێن(دورگەی دزان)کۆمەڵێ دز پەلاماریان داین کەلوپەلی ناوکەشتیەکەیان تاڵان کرد وە کەشتیەکەیان بەبازرگانەکانەوەنوقمی دەریا کرد.

من بەزەبری ئەم شمشێرە خۆم پاراست وە ئێستە لەم دورگەیەدا فرمێسکی پەژارەو پەشیمانی ئەرژێنم و کاڵك بە ئەژنۆی خۆم ئەشکێنم. لەم گفتوگۆیەدابوون کۆمەڵی دزەکان هەڵمەتیان بۆ کەشتیەکە هێنا ، شەیدا بە ئەمیرخان و شیرینی وت: ئێوە لەشوێنێکدا خۆتان بشارنەوە . وە خۆیشی تیغی بێ دریغی لە دزەکان خستەکار هەمووی بە مردویی هاویشتە دەریاوە.

کە ئەمیرخان ئەم هونەرەی لە شەیدا دی لەگەڵ خۆیانا سواری کەشتیەکەی کرد دوای ئەوەی کەلوپەلەکانیان فرۆشت بەرەو ماڵ بونەوە ڕوی کردە شەیدا وتی: پاکانەم بۆ بکە جارێکی تر نەگەڕێیتەوە سەر کاروکردەوەی خراپ(شیرین)ت لێمارە ئەکەم و سەرمایەیەکی چاکیشت ئەدەمێ بازرگانی پێوە بکە .

ئەویش پاکانەی بۆ کرد وە خەلاتی درایە. ئیتر بیرای بیر نەگەڕایەوە سەرکارو کردەوەی خراپ هەتا بەپیاو چاك و بەختیاری لەوڵاتا ناوی دەرنەکرد .ئەمیرخان

خەڵکی تێگەیاند کە ئەم کوڕە بەهونەرو بەتوانای خۆی لەداهاتوودا ڕزگاری کە

ماڵە خوێندەوارەکان پێی بڵێن وتی بڵێن زانی تەنهایی کردووەی ئەم

ڕەش و پەرێشانییە هونەرو مەردایەتی و تێکۆشین کەمترانە.

زادە

---

٨٥. مام یارۆ ١٢٩٦

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، لەڕۆژگاری پێشین پیاوێکی قەڵەوی جوان

قەوی هەموو ناوی (مام یارۆ) بوو ئەم پیاوە لە خوێندەواری وپیشەسازی و هونەر

بەهرەبوو وە بەهۆی قورسی لەشیەوە هیچ کارو فەرمانێکی پێنەدەکرا.

ژنەکەی پێی ئەوت: بۆچی ناچی بۆ بە ڕابەری دیھات؟ ئیمە بە برسێتی هەڵاکم

هەرچۆنێ بوو ژنەکەی هەڵیفریواند.

ڕۆژێك مام یارۆ لەگەڵ ژنەکەیدا ڕێی دەشت و هەردیان گرتەبەر، دوای چ

ڕۆژێك لەدەمی ئێوارەدا گەیشتنە دێیەکی قەڵەباڵغ و ئاوەدان کۆمەڵێك پیاوی

سپی و کوێخایان لەکەناری دێیەکە ڕاوەستابوون گفتوگۆیان ئەکرد.

مام یارۆ چووە پێشەوە ئێوارە باشی لێکردن ئەوانیش چاکو خۆشی و ماندوو نەبوونی

کرد. (یارۆ)ڕووی کردە کۆمەڵە کە وتی:ئەم دێ یە بەم ئاو و هەوای خۆشی

سازگاری و ڕەزو باخەوە کە خوا بەئێوەی ڕەوابینیوە ئەڵێی بەهەشتە ئاخ شتێك

هەناوی لێنەکەوێ ئەگەر ئەم چیایە لابچوایە کشتوکاڵ و درەختی باشتر لێیەهەڵئەکەوت

خەڵکەکەیش وتیان: دەسەڵاتمان چییە؟خۆچیا نا گوێزرێتەوە.

یارۆ وتی:من بەمەرج و گرەو ئەم چیایەتان بۆئەگوێزمەوە بەڵام چونکە چەند ڕۆژێکە

بەرێوەم وە ماندووم ئەبێ بوارم بدەن هەتا ئەحەسێمەوە.

خەڵکەکە لەناو خۆیاندا دەستیان کرد بە چرپە چرپ وتیان ئەم پیاوە پیرێکی خاوەن

هەرو هونەرە واچاکە بیکەین بەڕابەرو دەمڕاستی خۆمان هەموو لەسەر ئەمە بڕیاریان دا.

بۆسەیینێ بەهەرەوەز دەستیان کردبە دروستکردنی خانوویەك بۆی وە بەچەند رۆژێك تەواویان کرد،یارو دەستیکرد بەنووسینی نووشتەی چەورو شیرینی و زگ پڕبوون لەژن وکتێب گرتنەوە لەهەموو لایەکەوە گیسك و مریشك و هێلکە و پارەی بۆنەهات هەتا پارەیەکی مۆلی کۆکردەوە وە پەنجا کەسێکی کرد بە شاگردی خۆی.

ئەمجا داوایان لێکرد چیاکەیان بۆ بگوێزێتەوە،ئەویش وتی: هەرچی گوریسێکتان هەیە هەمووی لێك بدەن و بەقەد چیاکەدا بیهێننەوە . ئەوانیش فەرمانەکەیان بەجێهێنا، سەیریان کرد بەقەد چیاکەدا ناگاتەوە چوونە شار دووسەد گوریسی سەدمەتری تریشیان کڕی لەگەڵ ئەوی تردا یایان لەیەك ئەمجا بەقەد چیاکەدا هاتە خوارەوە.

یارو چووە بەر چیاکە هەردوو سەری گوریسەکەی بەسەر شانیا هێنایەوە وە بەخەلکەکەی وت: بیدەن بەکۆڵما.

ئەوانیش پاڵیان نا بە چیاکەوە بەڵام بێسود بوو.

یارو وتی: ئێوە بەسێسەد کەس ناتوانن بیدەن بەکۆڵما من چی بکەم ، خۆ ئەبێ بیدەن بەکۆڵما، ئێستا ئێوە هێزەکەتان کەمە ئەبێ راوەستن هەتا نەتەوەتان زۆر ئەبێ ئەوسا ئەتوانن بیدەن بەکۆڵما.

رۆژێك یارو سواری ئەسپ بوو ئەچوو بۆ دێیەك شاگردەکانیشی بەپێ لەدوایەوە ئەرۆیشتن لەرێگا چاوی بە رەزو باخێکی پڕ میوە کەوت کابرایەکیش سەبەتەیەکی بەسەرسەرەوە بوو لەبەر پەرژینی باخەکەدا راوەستابو.

لەدڵی خۆیدا وتی: خەلکی ئەم ناوچەیە بەزۆری ناویان(پیرۆت یا بایز)ە بەم (پێشبینی = کەهانەت) یێك بنوێنم تا لای شاگردەکان شیرین بم.

بانگیکرد: پیرۆت ، بایز، ئەو سەبەتە میوەیە بێنە ئەوە بەشی ئێمەیە.

کابراش وتی: قوربان من ناوم پیرۆت وە بایز نیە ناوم(مام چەژن)ە و ئەم سەبەتەیەیش میوە نیە.

یارو وتی: چۆن من بەدرۆ ئەخەیتەوە ؟ من لەپەردەی نهێنیەوە پێیان

کەسەبەتەکەت میوەیە، هەرچەند کابرا پاکانەی بۆکرد کەسەبەتەکەی میوە نیە

ئەگرت. بەزۆر وتی: ئەبێ بیهێنی .

ئەویش هێنای لەبەردەمیا داینا هەموی قشپل وتەرسەقول بو تومەز ئاژەڵ و

چوبونە ناو باخەکەیەوە پیسیان کردبوو کابرا چنیبوییەوە ئەیبرد بیرێژێ.

کە یارو ئەمەی دی زۆر شەرمەزار بوو بەڵام وتی: هەکەسێ دڵی پاکە وە چرای

چاوی رووناکە ئەبێ دەنکێکی لێبخوا. شاگردەکان دەستیان کرد بە خواردن،

وتی: بەح بەح ئەگەر عەنبەر ئەوەندە بۆن خۆشبوایە مسقاڵی سەد زێڕی ئەکرد.

وتی: ئەگەر نوقڵ و نەبات ئەوەندە بەتام بوایە کیلۆی ئەچووە دە دینار .

هەموویان خوارد.

(یارو)یش وتی: منیش لەبەر دڵی ئێوە دەنکێکی لێئەخۆم. ئەویش خواردی.

بۆ سبەینێ پیاوێك مەڕێکی قەڵەوی هێنا بۆ(مام یارو) وتی: قوربان ژنەکەم سکی

کتێبێکی بۆ بگرەرەوە و نوشتەیەکی بۆ بنوسە بەڵکو لەفەڕی ئێوەوە کوڕی بێ.

ئەویش دوو سێ خەتی پێچوپلوچی بۆ نوسی وتی: لەناوی هەڵکێشێ بیخواتەوە

بەخوا کوڕێکی ئەبێ لەجوانی و لاوچاکیدا گرەو لە (یوسفی کەنعان) ئەباتەوە.

بەینێك ژنەکە کچێکی بوو لە ناشرینیدا لە بەچکە مەیمون ئەچوو کابرا مەلۆتکەکە

بەباوەشەوە گرت وتی: قوربان تۆ چیت فەرموو؟ وە ئەمە چیە؟

یارو وتی: کچ بەجوانی جوان نیە، بەڵکو بە ئابڕو و هونەرمەندی و زیرەکی

جوانە، ئەم کچە لەدوارۆژانەبێ بە ئەندامێك هەزاران کەس لەسایەیا ئەحەسێتەوە.

ئەوەندەی پێنەچوو کچەکە مرد ، کابرا چو وتی: قوربان تۆ چیت فەرموو خۆ کچەکە

مرد.

وتی: خوا بەچاکی زانیوە ئەگەر بمایە لەژیانا شتێکی ئەکرد ئەبو بەهۆی ئابڕو چونت .

ئەمجا خەڵك هۆشیان هاتەوە بەر خۆیان کە تا ئێستە ئەم کابرایە هەڵی خەڵەتانون، لەدێیەکە دەریان کرد .

ئەی مناڵە خۆشەویستەکان ، خوشکو برا بەرێزەکانم خۆتان لەم جۆرە کەسانە بپارێزن کە بەدرۆو تەڵەکەبازی خەڵك تەفرەئەدەن هەتا ئەتوانن(بەرەلسی= مکافحەی)بکەن، فێڵباز و دەسبڕ دوشمنی خوایە و هەر ڕێگەی راستە بەهرەی لەدوایە. ژ/١٢٩٦

......................................................................

٥٩. مام رابەر [١٦٧] ١٢٩٧

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، وا ئەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆندا (سطان محمودی غزنوی) لەشاری (غەزنە)بوو دادرەسی وکاروباری وڵات کاربەدەستێکی دانابوو بەناوی (رابەر)وەکردبووی بەسەرەکی ئایین و دەستوور کەدادی داماوان و زۆر لێکراوان بپرسێ.

بازرگانێکیش هەبوو ناوی (داراغا) بووکەنیزەکێکی هەبوو کە ناوی (زیبا)بوو کە لە جوانی دا لە جیهانا هەرخۆی بوو یەکتا هێچگار دڵ بەستەی جوانی داوێن پاکی ئەم کەنیزەکەبوو ڕۆژێك داراغا نیازی کرد بچێ بۆ سەفەری بازرگانی لێکی دایەوە وتی: ماڵەکەم چۆڵە هەتا لەسەفەرەکەم ئەگەڕێمەوە وا چاکە (زیبا) ببەم بۆ ماڵی (رابەر) زیبای لەگەڵ خۆی هەلگرت و چونە ماڵی رابەر. داراغا وتی: جەنابی رابەر خوا بۆ ئێمەت بهێڵێ ئەوا من لەسەر سەفەرم ئەبێ ئەم کەنیزەکەم لەپەنای دین داری و دڵ سۆزی ئێوەدا بێت خزمەتی خێزانەکەتانی پێ بکەن هەتا لەسەفەرەکەم ئەگەڕێمەوە وە ئەمەش سەد ئەشرەفی زیو بۆی بدە بە جلو بەرگ و ئازوقە ئەمەی وتو زیبای بەجێ هێشت هاتەوە باری بەست و ملی ڕێگەی گرت .

---

[١٦٧] بەکورتی لەکتێبی(گربەوموش)ی فارسی(فرج الله زکی مەریوانی) وەرگیراوە.

مام رابەر کە چاوی بە زیبا کەوت بۆی شێت بوو وەك گورگی برسی کەلەسەر
ئەمرێتێ مرخی لێ خۆش کرد . بردیە پەنایەکەوە وتی: ئەبێ ئیشی خەڵوەتیم لەگ
بکەی ئەویش وتی: من لە ژیانما ئیشی خراپەم نەکردوە و نایشی کەم.
بەڵام حەیف و مەخابن بۆتۆ کەلەپەنای ئایین دا داوێن پیسی نەکەی!!
هەرچەند رابەر لەگەڵی خەریك بوو بۆی لاس نەدرا. دوایی لە حەوشەی کۆشکەکەی
خۆیدا ژێر زەمینێك هەبوو زیبای برد لەوێدا حەپسی کرد . جارێك بەلێدان جارێ
بەقسەی خۆش هەرچەندی کرد بۆی نەهاتە سەر رێ.
دوایی بەینێك داراغا هەتەوە چەند پارچە کاڵایەکی ئاوریشمی بەنرخی بە دیاری برد ب
رابەر وتی: قوربان خوا ماڵت ئاواکا هاتوم بە شوێن زیبادا بی بەمەوە. رابەر لە رق
سوور بۆوەو نەڕاندی وتی : ئەم کەنیزەکەی تۆ رۆژێك لەماڵ چو بووە دەرەوە شوێ
ئیشی خراپ کەوتبو خەڵکی گەڕەکەکە کوشتبویان. تومەز لەوبەینەدا ژنێك لەسەر
ئیشی خراپە کوژرابوو. رابەر کوێخا و چەند پیاوێکی گەڕەکی بانگ کردبوو قسەی
لەدەم وەرگرتبوون نوسیبوی وە پێ ی مۆر کردبون وە بە زیبای کەنیزەکی داراغای
دابوە قەڵەم.
داراغا کەئەمەی بست لە ئاستی خۆی وشك بوو بەڵام لەدڵی گەرداکە ئەم ئیشە
وانییە.هەرچۆن بوو خۆی گەیاندە دەرباری (سلطان محمود)وسڕ بوردی تێگەیاند.
سلطان دەست بەجێ ناردی بەشوێن ڕابەردا وتی ڕاستی بڵێ ئەم کەنیسەکە چۆن
کوژراوە ؟
ئەویش نوسراوی کوێخاو خەڵــــکی گەڕەی بەمۆر کراوی پێشکەشی سلطان کرد
ئەنجامی (دادرەسی=محاکمە)کەی بۆ دەرخست . سلطان ڕوی کردە داراغا وتی ئەم
کەنیزەکەی تۆ کەلەسەر ئیشی خراپە کوژرابێ هیچ حەقێکت نییە بڕۆ دەرەوە داراغا
بەهەناسەیەکی سارد هاتەدەرەوە هیوای لێ برا.

ئەوێکلەشەوان سلطان محمود خۆی گۆڕی بوو بەشاردا ئەگەڕا سەیرێکی کرد چەند کوڕێکی هەرزەکار لەبەر دەروازەی ماڵێك دانیشتوون یاری(میرو گزیر)ئەکەن سلطان لێیان چوو پێشەوە.

دوای کەمێ یەکێك لەکوڕەکان یاریەکەی بردەوەو بووبە(میر)وە دەستی کرد بەحاکم داری .کوڕێکی شۆخی لاو چاکیش کەنیشانەی زیرەکی و مەردی لەناو چەوانیا دیاربوو لەلایەنەوە ڕاوەستابوو دەستی کرد بەقاقای پێکەنین میر وتی ئەوە بۆچی پێم پێ ئەکەنی؟گوایە حاکم داریم لێناوەشێتەوە ؟ کوڕەکە بە قەشمەریەوە وتی: ئەم سەرو سەکوتو گەدەو گیپاڵ و ئەقڵە ناتەواوەی تۆ حاکمداری لێ ئەوەشێتەوە بەلام وەك (سلطان محمود)فەرمان ڕەوایی و دادڕەسی خەڵك ئەکەی لەبابەت رابەر و داراغا و کەنیزەکەکەی. سلطان ئەمەی بیست سەری سوڕما سبەینێ زوو ناردی بەشوێن کوڕەدا وتی: راست بلێ لەبابەت دادڕەسی رابەرەوە چی ئەزانی بیلێ ؟ ئەویش وتی: ئەمڕۆ تا ئێوارێ حکمداری و دەستورم بدەرە دەست ئەم گرێ کوێرەیەت بۆ ئەکەمەوە. سلطان دەست بەجێ کوڕەکەی لەسەر تەختەکەی خۆی دانا و پێ وت : بەئارەزووی خۆت فەرمان ڕەوایی بکە.

کوڕە ناردی بەشوێن رابەردا وتی: بەدەست بەستراوی بی هێنن وە شایەتەکانیش بانگ کەن هەموو کۆبونەوە. کوڕە روی کردە رابەر وتی: راست بلێ لەبابەت ئەم کارەساتەوە؟ ئەویش قسەی شایەتەکان کەتۆماری کردبوو لەبەردەمی دانا. ئەمجا بەکەیەکە لەشایەتەکانی پرسی وتی : لەچۆنیەتی کوشتنی ئەم کەنیزەکە چی ئەزانن بیلێن ؟

ئەوانیش هەر یەکە وتیان: ئێمە ئەوەندە ئەزانین ژنێك کوژراوە . ڕەناوی نازانین و لێمان ئاشکرا نیەکە کێ یە.

کوڕە دەستەیەك سەربازی لەگەڵ خۆی هەڵگرت چووە ماڵی رابەر(زیبا)ی ل
حەپسی ژێر زەمین دەرهێنا وە هێنای بۆ دیوانی سلطان و دایەوە بە داراغا.
ئەمجا بۆ ئەوەی خەڵك پەندی لێ وەرگرێ و چاوترسێن بێ فەرمانی کرد هەر
گوێی رابەریان بە بزمار بە کۆڵەکەیەکا داکوتا هەتا مرد.
سلطان محمود لە زیرەکی و هونەری کوڕەکە زۆر شادمان بوو وە کردی بە وەزی
خۆی و بێ پرسی ئەو هیچ کارێکی نەئەکرد. ئەو کوڕە (حسن میمنی) خەڵک
شاری(میمە)ی (ئەفغانستان) بوو کە ئێستە ناوی بەرزی لە مێژوودا هەیە. ژ/ ٢٩٧،

................................................................................

## ٦٠. ژنێکی چەنەباز ١٢٩٨

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، لەسەردەمی پێشین د
پیاوێکی جوتیار هەبوو لەدێ یەکی ناو شاخ و دارستاندا بەجوتیاری و سەپانی خەڵک
بەرێوە ئەچوو ، ئەم پیاوە ژنێکی دەم شڕو چەنەبازی هەبووقسەی لەدەمدا نەئەوەست
هەرچی رازێکی نهێنی بەینی خۆی و مێردەکەی ببوایە دەست بەجێ وەك(ئیستگەی
رادیو)ی ئێستا بەناو ئاوایی دا بڵاوی ئەکردەوە. وە خەڵکەکەی تێدەگەیاند بەم هۆیەوە
مامەی جوتیار لەژیانی خۆی وەڕس و بێ زار بوبو ئاواتی هەر ئەوە بو لەدەست ئەم ژن
رزگاری بێ وە بۆخۆی بەئاسودەیی چەند رۆژێ بژی.
بەیانی یەکی بەهار کەدەوری ئاوایی بوبو بە چیمەن و گوڵزار رۆژ تازە سەری لەک
دەرهێنابوو تیشکی زێرینی خۆی دابووە بەدەن و نزار. مامەی جوتیار تفاقی راو
هەڵگرت و بە چیادا هەڵ گەڕا هەتا گەیشتە جێ راوگە. لەوێ تەڵەیەکی نایەوە
چەشەی پێوەکرد وە خۆیشی هاتە ئەم لاوە دەستی کرد بە هەڵکەندنی چاڵێك کە ب
بە حەشار وە خۆی تیا بشارێتەوە وە نێچیر بێ ترس بێتە سەر تەڵەکە. لەوکات
کوپەیەك دەرکەوت کە پڕ بوو لە زێڕ. جوتیار سوپاسی خوای بەجێ هێنا وتی: ئەوا

زۆر باری گرانی رەنجو هەژاری رزگاربووم خوا گەنجی بۆ رەخساندم بەلام ئەترسم ژنە هەڵەوەرەکەم جارم لێ بدا ئەوکاتە پیاوی میری پێ بزانن هەموویم لێ ئەستێنن.

دانیشت دەستی کرد بە بیرکردنەوە لەم کارە لەدڵی خۆیدا وتی : زانایان ئەڵێن: کەزانیت قورنت لە رێدایە لەپێشەوە بەربەستێ بکە ئەگینا کە کارەسات رووی دا تازە چار ناکرێ. هەڵسا چو بۆ سەر روبار ماسی یەکی گەورەی گرت وە هێنای بۆ سەر چیاکە کردی بەتەڵەکەیەوە. وە رێویەکیشی گرت خستیە تۆڕی ماسی یەوە ئەمجا هاتەوە بە ژنەکەی وت: ئەم شەو خەوم دیوە تەشتێك ناوساجیم بۆ بکە ئەیبەمە مزگەوت ئەی بەشمەوە. ئەویش بۆی دروست کرد وە هەمووی لە هەمانەیەك ئاخنی هێنایە مزگەوت هەندێکی لێدا بە فەقێ کان. وە ئەوەی مایەوە بردی بۆ چیاکە لەجێ راوگەکە هەمووی بە لقی دارو دەوەنەکاندا هەڵواسی. وەبەگورجی هاتەوەبەژنەکەی وت: وەرە لەگەڵم بۆ چیا ئەمرۆ گەنجینە یەکم دۆزیوەتەوە پێکەوە بی هێ نینەوە. هەریەکە جەواڵێکیان هەڵگرت و رۆیشتنتا گەیشتنە جێ راوگەکە لەوێ بە ژنەکەی وت: تەماشاکە ئەم دارو دەوەنانە ناوساجیان گرتووە وە ئەم تەڵەیەشم بۆ رێوی نایەوەو ئەم ماسی یە گەورەیەی پێوە بووە. وە بردیشیە سەر روبار تۆڕەکەی خستە گۆمێکەوە کە هێنایە دەرەوە رێوی یەکی تیابوو.

ئەمجا وتی: ئەم گەنجینە و نێچیرو بەهرەیە هەمووی هۆی بەشینەوەی ناوساجیەکە بو چونکە کەسێك چاکە لەگەڵ خەڵکا بکا خوا یەك بە دە بۆی ئەنوسێ.

بەهەردووکیان نێچیرو گەنجینەکەیان دا بە کۆڵیاناو هاتنەوە بۆ ماڵ.

مامەی جوتیار دوای ئەوەی زێرەکانی لەشوێنێکی ئەدیو شاردەوە بە ژنەکەی وت: تکات لێ ئەکەم ئەم باسە لای کەس مەدرکێنە چونکە(میری) پێ بزانێ هەموویم لێ ئەستێنێ وە ئەشم خاتە بەندیخانەوە ، بەلام بێ سوود بوو.

بەیانی زوو ژنە چووە کانی ژنان بەدەنگی بەرز جاڕی لە مێردەکەیدا وتی:
مێردەکەم لە چیا گەنجینەیەکی دۆزیوەتەوە. لەماوەی دەقیقەیەك دا ئەم باسە بە ئاوا
بلاّو بۆوە، دەست بەجیّ کوێخا پیاوی میری لیّ ئاگادار کرد حاکم ناردی جوتیا
ژنەکەیان تێکەوە پێچا و هێنایان بۆ دیوان . حاکم رووی کردە کابرای جوتیار و
کە تۆ ئەم گەنجینەیەت دۆزی یەوە بۆچی کاربەدەستانی میریت ئاگادار نەکرد؟

جوتیار: درۆیە دوژمن ئەمەیان بۆ رێك خستوم تا ملم بکەن بە داوەوە.

حاکم: ژنەکەی خۆت راستی لیّ وتووی.

جوتیار: ئەگەر چاك بچیتە بنجو بناوان بۆت دەردەکەویّ کە ئەم ژنەی من شێتە. ئە

حاکم رووی کردە ژنەکە وتی: لە چۆنیەتی دۆزینەوەی ئەم گەنجینەیە چی ئەزا
راست بلێ ؟

ژنەکە وتی: قوربان ئەو ئێوارەیە بوو کەلەگەلّ مێردەکەم چووبووین بۆ چیا درەختەک
ناوساجیان گرتبو، وە تەڵەی رێوی یەکەیش ماسی یەکی پێوە بوبو، وە تۆڕەکەیشما
خستە رووبارەکەوە رێوی یەکی چوبووە ناو.ئەو شەوە گۆشتی رێوی و ماسیما
نەبرژان.

جوتیار وتی: جەنابی حاکم خۆ بۆت دەرکەوت کە ئەم ژنەی من شێتە، چۆن درەخت
ناوساجی ئەگریّ ؟ چۆن ماسی ئەبیّ بە تەڵەی رێوی یەوە ؟ چۆن رێوی لە روبار
ئەچێتە تۆڕی ماس یەوە؟

ئەمجا حاکم ژنەکەی نارد بۆ شێت خانە و جوتیاریشی کردە دەرەوە. مامەی جوتیار خوا
دەروی لیّ کردەوە لەم ژنە چەنەبازە رزگاری بوو ژنێکی زیرەکی رەوشت جوانی
مارەکرد هەتا دوایی ژیانی بەخۆشی رای بوارد.

ژ/ ١٢٩٨

٦١. سێ پەیکەری زێرین ١٢٩٩

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، لەسەردەمی دێرین لە ولاتی (چین) پادشایەك بوو ئەم پادشایە هەمیشە لەپەی جوری زانیاری پادشاهی ولاتانی دراوسێ ی ئەگەڕا وە ئەیویست تاقی یان بکاتەوە .

ڕۆژێك سێ(پەیکەر=هەیکەل) زێڕینی خستە سندوقێکەوە لەسەرێکەوە هەرسێکیان لە کێشانو وێنەو نرخدا وەك یەك بوون وە هیچ جیاوازی یەکیان نەبوو.بەلاّم لەسەرێکی ترەوە جیاوازیەکی زۆریان هەبوو بەپیاوێکی خۆیدا ناردی بۆ پادشای (هیند) بەدیاری وە نامەیەکی لەگەلّ نارد وتی: جیاوازی لەنێوان ئەم پەیکەانەدا چیە ؟ چاوەنواڕی وەرامم، پادشا کەسەیری کرد ئەم سێ پەیکەرە لە کێشان و وێنەو نرخدا وەیەکە وەلێك جیا ناکرێتەوە لەمە زۆر سەرسام بوو ناچار بەولاّتا بلاّوی کردوە وتی: هەرکسێ لەبابەت کێشان و وێنەو نرخەوە ئەم پەیکەرانە لێك جیابکاتەوە پاداشێکی قورس وەرئەگرێ. لەهەمو لایەکەوە زانایانێن و پیاوی پیرو جوان هاتن وە هیچ کەس نەیتوانی لێکیان جیا بکاتەوە.

لەئەنجامدا کوڕێکی زیرەك کەلە بەندینخانەدا بوو ناوی(تێ بین) بو بەراستی بەسرنجو تێ بین بوو وتی: من ئەتوانم ئارەزوەکەی پادشا بەجێ بێنم. هات دوای ئەختێ ورد بونەوە سەیری کرد هەریەکە لەپەیکەرەکان کونێکی هێجگار پچوك لە گوێچکەیانا هەیە. کەچاو بەگران دەرکی ئەکا. تێ بین پوشە گەسکێکی باریکی هەلّگرت کردی بە کونی گوێی پەیکەری یەکەمدا لەدەمی هاتە دەرەوە. ئەمجا کردی بە کونە گوێی دووەم دا لە گوێ یەکەی ترەوە هاتە دەرەوە. کردی بە کونە گوێی ی سێ یەمدا پووشەکە چووە ناوسکیەوە.

ڕوی کردە پادشاو وتی: یەکەم لە پیاوێك ئەچێ کەدەم شڕو هەرزەچەنەیە هەر قسەیەك بێ لای خەلّك ئەیگێڕێتەوە. ئەم جۆرە کەسانە سوکوبێ نرخن.

دووەم لە ئینسانێك ئەچێ کە قسە وەرناگرێ هەر قسەیەکی بۆ بکەی لەم گوێ
دێت و لەو گوێ ی ئەچێتە دەرەوە ئەم جۆرە کەسانە بێ مەغزو بێ مێشکن
سێ یەم لە ئینسانێك ئەچێ کە هەرگیز قسە لای کەس نادرکێنێ ئەم جۆرە
بەنرخو پایە بەرزن.

وە هەر یەك لەپەیکەرەکان نرخی خۆیان لەسەر نوسراو رەوانە کرانەوە بۆ پادشا
کە پادشا ئەمەی دی لەزیرەکی ئەم کوڕە هێجگار کەیف خۆش بوو لەبەر
دەرهێنا وە کردی بەدەم راستی خۆی وە بۆ هەموو کارو بارێك پرس و رای پێ ئەکرد
هەروەها رۆژێك کەشتی یەك گەیشتە کەناری دەریا کە ژنێك و دوو پیاوی تیا
کەلە وڵاتی خۆیانا لەسەر خراپەکردن هەڵاتبون پاسەوان هەرسێکی گرتن و هێنایانە
دیوان . پادشا لێ پرسین کەلەسەر چی هەڵاتون ؟

یەکەم وتی: لەسەر جادو گەری. دووەم وتی : لەسەر دزی کردن . سێ یەم وتی
بەزبان بەدیو چل وجوی خەڵکم بەشەڕ ئەدا ، پاشا روی کردە تێ بین و وتی
ناتوانم لەم بابەتەوە هیچ بڕیارێك بدەم ئەبێ تۆ داد رەسی یان بکەی.

ئەویش بڕیاریدا بەهەر یەك لە ژنە جادوگەرەکە و پیاوە دزەکە هەزار زێڕ بدرێ چونکە
لەبەر هەژاری و دەست کورتی ئەمەیان کردوە و خۆیان خۆیان پێ ژیاندوە. بەڵام
کابرای زمان بەدی خەڵکت ئەکرد بەگژ یەکدا لەم کردەوە ناشرینە چیت دەست
نەکەوت ؟ فەرمانی کرد سەری لەلەشی جیا بکەنەوە وە لەناوەڕاستی شارا بیکەن
دارا . فەرمانەکەی بەجێ هێنرا .

بۆ سبەینی سەربازێك تەماشای کرد کەللەی کابرای بەد لێوی ئەجوڵێتەوەو قسە ئەکا
هەڵسا چوو پادشای تێ گەیاند کەوا کەللەسەرەکە قسە ئەکا . پادشا بەسەر
سوڕمانەوە وتی: باوەڕناکەم کەللەیەك لە لەش جیابوبێتەوە قسە بکا، سەرباز پاکانەی
بۆکرد درۆ و راستی ئەم قسەیە. پیاوەکە کەچو هاتەوە وتی: بڕیار بەبڕ لێوی
ناجوڵێتەوە.هەر ئەوکاتە لەسەری کابراسەربازە داماوەکەیان دا.

دوای کوشتنی سەربازەکە کەللەی زبان بەد هەمیسان هاتەوە قسە بەگاڵتەوە ئەیوت:
هەرچەند من مردووم بەڵام ئێستەیش ئەتوانم زیان بەخەڵك بگەیەنم.
ئەمجا خەڵك کارەساتیان لەپادشا گەیاند، ئەویش فەرمانی کرد کەللەسەرەکە بنێژن بۆ ئەوەی خەڵك لێوەی توشی زیان نەبێ. دوایی لەشوێنی کەللە سەرەکە درەختێك ڕووا کە بەرەکەی لەسەری کابرای زبان بەد ئەچو ناویان نا (درەختی زبان بەد) وە یان گوێزی هیندی کەلە گوێتی نزیك بخەیتەوە دەنگێکی لێوە دێ.
مناڵەکان لەم چیرۆکە دوو پەند وەرئەگرن:
یەکەم: هەمرو کارێکی گران بە خوێندەواری و زیرەکی ئاسان ئەبێ مەردی زانا توشی هیچ دەردوو ئازارێك نابێ توشیش بێ زوو ڕزگاری ئەبێ.
دووەم: هیچ شتێکیش زبان بەدی و قسە چنینەوە خراپ تر نیە قسەچن دارکێشی ئاگری(جهەنەم)ە. ژ/١٢٩٩

.........

## ٦٢. پیری بە پشوو ١٣٠٠

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو،وەکەس لەبەندەی خراپ ڕووڕەشتر نەبوو، ئەگێڕنەوە لە دەورەی پێشین لەوڵاتی (هندستان) لەبناری شاخێك کەپێی ئەڵێن (رهون)دێیەکی خۆش و ئاوەدان هەبوو لەدوری دێیەکەیش پیاوێکی پیر لەناوەڕاستی چەند پارچە زەوی و بەراوێك دا خانوویەکی بچووك =کوربتەیەکی کردبوو خۆی و خێزانەکەی تیا ئەژیان کەناره گیربوو لەکەشمەکەشی جیهان. ئەم پیرە زاناو جیهان دیدەبوو بێجگە لەوەش زۆر بە ئارام و پشوو بوو هەرتەنگانەو گیروگرفتێکی بهاتایە ڕێ سکاڵای خۆی لای کەس نەدەکرد هەتا خوا کاری بۆ ئاسان ئەکرد. خەڵك بۆ کاروباریان لە هەمرو لایەکەوە ئەویش ڕێگایەکی بۆدانەنا سودی زۆریا لێوەر ئەگرت.

رۆژێك خەڵكی دێیەكە سكاڵای خۆیان لای مامە پیرە كرد وتیان:
شێرێك لەدەوری دێیەكە پەیدا بووە توشی هەرچی مەڕو بزن و چوارپێیەك ئەبێ پ
ئەشكێنێ و بەم هۆیەوە زیانێكی گەورەمان لێكەوتووەئەمانەوێ چارەیەكمان
بدۆزیتەوە.
ئەویش وتی : ئایا ئێوە چەكتان بەدەستەوە هەیە كەلەگەڵ ئەم دڕندەیەدا بجەنگن؟
خەڵكەكە وتیان : نەخێر هیچ چەكێكمان بەدەستەوە نیە بەن برمان ددانە.
پیر وتی: بێچەك چوونە مەیدانی شێر شێتی و نادانیە چار هەر ئەوەیە پشو بدەن و نا
بگرن وەكو ئەڵێن :
جەنگ لەگەڵ زۆردار هێزی پێئەوێ
لەسەرخۆش گەڕێ ئەو خۆی ئەكەوێ.
دوای بەینێك سەركۆماری ئێلێك بەخۆی و دەست و پێوەندەكەیەوە دێن بۆ را
شێرەكە لە بێشەیەكا بەدی ئەكەن چواردەوری بێشەكە ئەگرن دەسرێژێكی لێئەكەن
ئەیكوژن. كەدەنگی كوشتنی شێرەكە بڵاو بوەوە خەڵكی ئاوایی چون سوپاسی ما
پیرەیان بەجێهێنا.
ئەوەندەی ئەخایاند هەرچی سەگی ئاوایەكە هەبوو هەمووی دەردی تێكەوت قربوو
هەرچی كەڵەشێرێكیشی لەدێیەكەدا هەبوو ئەویش بەجارێ دەردی تێكەوت و گشتی
قڕی كرد، ئاگری دێیەكەش بەجارێ كوژایەوە هەرژەند (ئەستێ و بەرد)یان لێئەد
ئاگری لێنەئەبوەوە ، ئەمجارەیش خەڵك هێرشیان بردە سەر مامەپیرە و سكاڵای خۆیان
لەلاكرد وتیان: چارەمان ؟ سەگەكانمان بەجارێ قڕی هات بەم پێیە مەڕ و ماڵاتمان
گورگ و دڕندە لەناویان ئەبا، كەڵەشێرەكانیشمان بەجارێ قڕبوو درەنگ و زووی
شەومان بۆ نازانرێ، وە ئاگری دێیەكەیشمان بە كەرەتێ كوژایەوە نان و چێشتمان بۆ
دروست ناكرێ رێیەكمان بۆ دابنێ چی بكەین ؟

پیر لەوەراما وتی : دان بە خۆدا بگرن بە پشو بن شتێك کە ئێوە بە خراپی بزانن خوا بەچاکی ئەگێڕێ.

ئەوەندەی پێنەچوو شەوێکی تاریك ئەموستەچاو دەستەیەك (دز = تەریدە) بەچەکەوە خۆیان ئامادەکرد کە بچنەسەر ئەم دێیە تالآنی بکەن ، کاتێ گەیشتنە قەراغ ئاوایی گوێیان هەڵخست نەوەڕەی سەگ نە خوێندنی کەڵەشێریان نەئەبیست وە نەتروسکەی ئاگریش دیاربوو، لەناو خۆیایا کەوتنە مەقۆمەقۆ وتیان: ئەمە دێیەکە نییە چونکە ئەگەر دێ بوایە وەڕەی سەگ و خوێندنی کەڵەشێرمان ببیستایە و تروسکەی ئاگرێکیش دیار بوایە کەوابوو رێمان لێهەڵە بووە.

لەگەڕانەوەدا بەرەنگاری دەستەیەك سەربازی میری ئەبن بەجارێ دزەکان تارومار ئەکرێن.

خەڵکەکە ئەمجارەیش سوپاسی مامەپیرەیان بەجێ هێنا.

هەروەها رۆژێك پیاوێکی میری هاتە ئەم دێیە کە خەرج و باج بسێنێ ، خەڵکەکە لەگەڵی کەوتنە دەمەقاڵەوە و پیاوەکەیان کوشت.

ئەمجارەیش چونەوە بۆلای پیرە وتیان: حاکم پێبزانێ هەمومان ئەخاتە ژێر گیرو دارەوە چارمان چیە ؟

پیرە وتی : ئارام بگرن پشووتان بێ. بۆسبەینێ دیدەوان چۆنیەتی کوشتنی پیاوەکەی لە حاکم گەیاند ئەویش کوێخاو پیاوە مەقولآنی دێیەکەی بانگ کردە دیوان وتی: ئێوە کە ئەم پیاوەتان کوشت بۆچی ئاگادارتان نەکردم ؟

ئەوانیش وتیان: ئێمە پیرێکی دەم راستمان هەیە پرس و رامان بەو کرد ئەویش هیچ رێگایەکی بۆ دانەناین.

حاکم خەڵکەکەی بەردا وە پیرەی خستە زیندانەوە.

ماوەیەکی زۆر پیرە لەزیندانا مایەوە ڕۆژێك حەزی لەگۆشت کرد هەندێ پار
پێبوو دای بە پاسەوانێك وتی : نیوەی بۆ خۆت و نیوەیشی بدە بە بەگۆشت و
سوربکەرەوە.

ئەویش تونکەسەگێکی بۆ سەربڕی و سوری کردەوەو بۆی هێنا . کەپیرە بەمەی ز
لەدڵی خۆیدا وتی: ئەمە دوایی تەنگانەو کەساسییە، وە لەدوای تەنگانەیش خۆشیە
دەستبەجێ ڕایسپارد بۆلای خێزانەکەی وتی: ئەم ئێوارەیە بەرنەدرێم خۆراکم بۆ ئا
بکا.

وارێکەوت ئەو ئێوارەیە حاکم چوو تەماشای زیندان بکا کە گوێی گرت مابێ
پێئەکەنێ و جارجارە گۆرانی ئەڵێ و هۆرەی بۆ ئەکا وە هیچ مێش میوانی نیە.
لێی پرسی : لەم زیندانە تاریکەدا تۆ چۆن پێئەکەنی و باکت نیە؟
پیرە وتی: من دەرمانێکم پێیە لەکاتی دڵتەنگیدا ئەیخۆم بەوە کەیف خۆش ئەبم!!
حاکم وتی : تکا ئەکەم هەندێ لەو دەرمانە بەشی من بدە .
پیرە وتی : ئەو دەرمانە ئارام گرتنە لەژێر باری گرانا، چونکە ئارام گرتن هەرچەند تاڵ
بەڵام بەری شیرینە. ئارام گرتن کلیلێکە هەموو دەرگایەکی خۆشی و بەختیاری بێ
ئەکرێتەوە.
کە حاکم ئەمەی بیست پیرەی ئازادکرد و پاداشتی قورسیشی پێبەخشی.
﴿...ان الله مع الصابرين...﴾ وە ﴿...انما يوف الصابرون أجرهم بغير حساب...﴾
ڕاستی فەرمووە خوای مەزن. ژ/١٣٠٠ لا ٤

........................................

........................................

## ٦٣. بەسەرهاتی دوو برا ١٣٠١

بەکێ بوو، بەکێ نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، لەسەردەمی پێشین دا لەدێیەکی
قەراغ شار دوو برا هەبوو بەناوی (کلۆڵ) و (بەختیار) ، کلۆڵ دەستکورت د

هەژاربوو بەڕۆژ کەرەکەی ئەدایە پێش خۆی باری پوشی لێئەنا وە ئەیبرد بۆ شار ئەیفرۆشت وەخۆیی و خێزانەکەی بە کولەمەرگی بەڕێوەئەبرد.

بەڵام بەختیار زۆر دەوڵەمەند بوو وەکو ئەڵێن: ماسی گەورە لە روبارا ناحەوێتەوە ئەبێ روبکاتە دەریا ، رۆژێك ماڵ و سامانەکەی پێچایەوەو هاتە شار کۆشکێکی جوانی دروستکرد و دەستی کرد بە بازرگانی رۆژبە رۆژ پارەی لێزیادکرد تا لە شارا ناوی دەرکرد.

کلۆلی هەژاریش رۆژ بە رۆژ لە کزی و نابوتیدا بو، رۆژێك ژنەکەی پێی وت: بۆچی ناچی بۆلای بەختیاری برات شتێکی لێبسێنی بیکەی بەسەرمایەی بازرگانی تا لەدەردی هەژاری رزگاربین ؟

ئەویش هەڵسا چوو سکاڵای هەژاری خۆی لەلاکرد.

بەختیار لەوەراما وتی : ماڵی من وەك پیازی عەوالآن وایە خواردنی هەیە و بردنی نیە، حەز ئەکەی لێرە بمێنەرەوە خزمەتی دیوەخان بکەو بۆخۆت نان بخۆ.

کلۆڵ وتی : کاکە من چەند سەر خێزانم بەسەردا کەوتووە خۆم لێرە نان بخۆم ئەی خێزانەکەم چی لێبکەم ؟

ئەمەی وت و بۆدواوە گەڕایەوە .

بەختیار بەزەیی پیاهاتەوە وتی: بام رێگات وشك نەبێ ئەو سەبەتە وردەنانە بەرەوە بۆ ماڵەکانت وە سبەینێیش خۆت و خێزانەکەت وەرن بۆ ئێرە چونکە جەژنی لەدایکبوونمە زەماوەندێکی خۆش بەرپا ئەکرێ .

کلۆڵ لەدڵی خۆیدا وتی : مویەك لەبەراز بێتەوە هەر چاکە . دەستی دایە سەبەتە وردەنانەکە وە هاتەوە بۆماڵەوە ، پیسکەیی و رژدی براکەی لە ژنەکەی گەیاند. وەبۆ سبەینێ لەگەڵ ژنەکەی هەستان چوون بۆ ماڵی کاك بەختیار سەیریانکرد دەرو ژوری ماڵەکەی بە فەرشی رەنگین و سفرەو خوانی چەورو شیرین رازاوەتەوە.

تیپ تیپ پیاوە مەقولان وە کاربەدەستان دێن ئەخۆن و ئەخۆنەوە ئەوانیش
کونجێکەوە بەکری دانیشتن کەس لێی نەپرسین کەرتان بەچەند، خۆراکیان لەبەر
دانەنرا، دەمی نیوەڕۆ هەردووکیان بەزگی برسی هەستان بێنەوە بۆ دێی لەرێگا
بە ژنەکەی وت : با هەریەکەمان لەم پێدەشتەدا گۆرانی ، بەستەیەکی خۆش بڵێین
ژنەکەی وتی: کەسێك زگی برسی بێ نیازی بە ئاوازی گۆرانی نیە، من ناتوانم
بڵێم بەڵام تۆ لەخۆشی و پیاوەتی بەخشندەیی کاکەت بەستەیەك بڵێ.
ئەویش دەنگی زۆر خۆشبوو دەستی نایە پەناگوێی چەند شعرێکی بە قەتارەوە
بەکێکیش لەدوایەوە بۆی سەندەوە کە ئاوڕی دایەوە کابرایەکی زەبەلاحی ناشرین
تومەز ناوی(ئەگبەت)بوو خۆی کرد بە هاوڕێی کلۆڵ و پێی وت: کاکە تۆ دەنگ
ئاوازت زۆر خۆشە ژنەکەت رەوانە بکەرەوە بۆ دێ با پێکەوە بچینە مەیخانەیەك
(کاسە=بلبلە)شەراب هەڵدەین .
ئەویش وتی: من فلسێکی سور گومان نابەم بەچی شەراب بخۆمەوە ؟
ئەگبەت وتی: ئەوا بەرەو هاوین ئەچین ئەو پالتۆیەی بەرت بفرۆشە.
ئەویش بەقسەی کرد پالتۆکەی بەری کە سۆپەری بەفر و باران ، وە عەبای شان
پێخەف شەوی بوو کردی بە قوربانی شەراب و ئەختێ سەری خۆی گەرمکرد. بەم
ئەگبەت بەرۆکی بەرنەدا جارێك کەوای ژنەکەی،وە جارێك کورتە خاو
بچرکەکەی پێفرۆشت و هەمووی پێدا بە شەراب هەتا دەستی لە هۆڕو هەمان
هاتەدەرەوە .
ئەمجا رویکردە پیاوێکی دەوڵەمەندی دێیەکە وتی: عەرەبانەکەی خۆتم بدەرێ بەنیوا
کاری لەدارستان دارت بۆ ئەهێنم . ئەویش عەرەبانەکەی دایە و لەگەڵ (ئەگبەت
بەرێ کەوتن لە رۆیشتنا بەردێکی گەورەیان هاتە سەر رێ کە عەرەبانەکەی
لێدەرنەئەچوو ، کلۆڵ دابەزی بەڵکو بەردەکەی لادا کەتەماشای کرد بیرێکی تاریك
قوڵ دەرکەوت کە سەری شۆڕکردەوە ناو بیرەکە شتێك وەك چرا روناکی ئەدا تومەز

گەنجینەی زەمانی قارون بوو ئەڵماس و جەواهیراتێکی زۆری تێدابوو بەپێلیکە چووە خوارەوە هەرچییەکی تێدابوو هەمووی دەرهێنا و کردییە عەرەبانەکەوە.

ئەمجا بە نەگبەتی وت: تۆیش بچۆرە بیرەکەوە بەشی خۆت دەربێنە لەگەڵ چووە خوارەوە کلۆڵ بەسوکی بەردەکەی نایەوە سەر دەمی بیرەکە وتی: نەگبەت گۆڕ بە گۆڕ بە.

بەختیی و عەرەبانە پڕ جەواهیراتەوە هاتەوە بۆ ماڵ کۆشکێکی نایابی دروستکرد وە دەستی کرد بە خۆشرابواردن و یاریدەی هەژاران و نەگبەتی لە خۆی تەران، ناوی خۆی نا ئاغا شابان.

ئەوەندەی پێنەچوو ناردی بەشوێن بەختیاری برایا وتی : سبەینێ بێت بۆ ئێرە بۆ جەژنی لەدایکبوونم.

بەختیار لێکی دایەوە وتی: کلۆڵی برام شێوی شەوی نیە ئەبێ هۆی چیبێ و جەژنی لەدایکبونی چی بێ ؟

سبەینێ هەرچۆنێك بوو هەڵسا چوو کەسەیری کرد ئەم کۆشکە رازاوە و کەلوپەلە گران بەهایانەی دی لەخەفەتانا چاوی تاریك بوو لێی پرسی : تۆ ئەم سامانەت لەکوێ بوو؟

ئەویش لە نوکەوە سەرگوزەشتەی بۆ گێڕایەوە و چۆنیش(نەگبەت)ی هاوڕێی لە بیرەکەدا زیندە بەچاڵکردوە.

بەختیار بە گورجی چووە سەر بیرەکە و بەردەکەی لادا وتی: نەگبەت وەرە دەرەوە بچۆرەوە ویژەی کلۆڵی برام هەتا نابوتی نەکەی وازی لێنەهێنی .

ئەویش هاتە دەرەوە وتی: من چۆن جارێکی تر ئەچمەوە لای هاوڕێیەك کە زیندە بەچاڵی کردم، وە من هەتا دنیا دنیابێ نۆکەرو بەندەی تۆم کە لەمردن رزگارت کردم وە من بەندەیەکی بەئەمەکم.

بەم جۆرە (نەگبەت) بوو بەیاری(بەختیار) وەك ڕەشمار ئالآیە سەرو ملیەوە نە نەبووی کرد.

ئەمجا منالەکان، بەهۆی تێکۆشین و ڕێگای ڕاستگرتن نەگبەت لەخۆ دوور خس کارێکی ئاسانە، بەخیلی و چاوپێهەڵنەهاتنیش دەردێکی گرانە.

ژ/ ١٣٠١

.........................................

## ٦٤. بلبلیکی بریندار ١٣٠٢

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، ئەگێڕنەوە پیاوێکی باخەو پیری خوێندەوار هەبوو تەنیا کوڕێکی هەبوو کە ناوی (شێرزاد)بوو، ئەم کوڕەی ز خۆشئەویست لە ماڵەوە ژوورێکی تایبەتی بۆ تەرخان کردبوو، هەموو جۆرە کتێب کەرەستیەکی زانستی تیا ئامادە کردبوو کە شێرزاد لە قوتابخانە ئەگەڕایەوە لەو ژوور تێئەکۆشا وە بەدەرسەکانیا ئەچووەوە، وە بەهیچ ڕەنگێ ماوەی خۆی نەئەدا تو هاورێی خراپ و خوێڕی بکەوێ.

وە بەشەو ڕێی نەئەدا بچێتە دەرەوە ، وە ئەگەر حەزی لەشوێنێکی خۆش بکرد لەگەڵ خۆیدا ئەیبرد، شەوان بەرامبەر خۆی دائەنا چیرۆکی جوانی بۆ ئەگێڕایەوە سوودی زۆری لێوەرئەگرت، هەمیشە پێی ئەوت : دەست و زبانت دەربارەی ئادەمیز باشبێ، وە دەربارەی گیانلەبەرانی بەستەزمان و بێزیان دڵسۆز و بێزیان بێ.

شێرزاد ئەم ئامۆژگاریانەی باوکی وەك دورڕ لەگوێ ئەگرت وە لەیادی نەئەکرد.

ڕۆژێکی (هەینی=جوموعە) شێرزاد چوو بۆ ناو باخ کە یاریدەی باوکی بدا لەکاتێک بێڵێکی بەدەستەوە بوو ئاودێری باخەکەی ئەکرد سەیری کرد بلبلێکی نێسك سوکی نەخشین لەبن درەختێکا کەوتووە دڵۆپ دڵۆپ خوێن لەلەشی ئەتکێ وا خەریکە گیان ئەدا . شێرزاد لەم دیمەنە پەژارەدارو دڵتەنگ بو بەهەنسکی گریانەوە وتی: خۆزگە بمزانیایە کێ ئەم بلبلەی بریندارکردووە ؟

خوای میهرەبان بلبلەکەی هێنایە زبان وتی : گوایە نایزانی !! ئەوە ئادەمیزادی دلڕەقی بێبەزەیی یە ژیانی گیانلەبەرانی لەلا بێنرخە، من کە پەڕندەیەکی بێزیانم ، نەغمە خوانی بەری بەیانم ، لەدەمی بەهاردا بەدەنگ و ئاوازی شیرین لەسەر لقی درەختان و گوڵی ڕەنگین لەخەوی بێهۆشی بێدارتان ئەکەم کە هەستن لە خەو تێ کۆشن ، دەرفەت لەدەست مەدەن، بێجگە لەوەیش لەگەڵ هاوڕێکانم (پەپوسلێمانکە، کەندەسمە، ڕیشۆڵە) لەناو کشتوکاڵدا کرم و مڵە و گەلێ جانەوەرانی بەزیان و بەرەڵست وە بەرباد ئەکەین بەوە کشتوکاڵەکەتان بەرەچەی باشی لێپەیدا ئەبێ کەچی سەرەڕای چاکە ئادەمیزاد پاداشتمان بە کوشتن ئەداتەوە.

وەچاویان پەردەیەکی بەسەراکشاوە ئاینی خوای وڕێی ڕاست نابینێ میری دەستورێکی داناوە بۆ ڕاو شکار کەچی سەیری ئەکەی ئاسکێك لەپەنا بنچکێکا لانەی کردووە بەکەو بەچکەی ساوای هەیە بۆ ئەوەی شیربێتە گوانییەوە لەهەردێکا ئەلەوەڕێ ئادەمیزاد پەلێکی پیانەدا ئەیکوژێت وەبەچکەکانیشی لەبرسانا ڕەقەبنەوە،هەروەها کەوێك لەبن دەوەنێکا دەپازدە هێلکەی کردووە لەسەری کڕکەوتووە تینووی ئەبێ ئەچێتە سەر کانیەك ئاو بخواتە بۆ پاروویەك گۆشت تفنگێکی تێئەگرن و ئەیکوژن وهێلکەکانیش هیچیان لێپەیدانابێ وەئەم پەڕندەیە تۆوی ئەبڕێتەوە.

ئەوا ئێمە بەهەر حاڵ پەرەندەو دەعبای دەشتین لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە کەئادەمیزاد کەتۆزێ لەخۆی بایبوو سەری گەرمبوو برا هاوخوێنە خۆشەویستەکەی ئەداتە بەردەمانچە و خەنجەر ئەیکوژێ ئەڵێ : پیاوێکم کووشتووە. خۆ ئەوەندە مەستوو بەهەندە نالێ خێزانێکی زۆرم قڕدکردووە وە چەند منالێ بێ تاوانم ئاوارەو پەرتەوازەو بێ خاوەن کردووە ،کە لە کۆلانانا سواڵ ئەکەن ، وە چەند کەسوکاری کوژراوەکە ئەشم بە خەفەت تووشی سیل کردووە، ئای چ تاوانێکی گەورەیە، ئەی کوشتن چ شتێکی بە سام، وای چ دەردێکی گرانە!!

که بلبلەکە ئەم قسانەی تەواوکرد شێرزاد هەڵیگرت هێنایەماڵەوە لە دەرمانان
هەندێ مەڵحەمی بۆ کڕی دەستی کرد بەتیمارکردنی بەچەند ڕۆژێك چاکی کردەوە
هاتەوە دۆخی جاران.

ئەمجا شێرزاد ڕوی تێکرد وتی: ئەی بلبلی دانای شیرین زبان، وەی دڵبەرە
لێوی غونچەی بەری بەیان، لەپاداشتی ئەمەدا کە تۆم لەدەمی گورگی مەرگ ساڵاند
چیم ئەدەیتێ؟

بلبل وتی : سەرپشك بە چیت ئەوێ بڵێ.

شێرزاد وتی: هەردوو باڵەکانم بدەرێ.

بلبل وتی : هەی های بەخشینی باڵەکانم کارێکی گرانە، ئەتوانم گیانم بەتۆ بەخشم
بەلام باڵەکانم نە، چونکە کەبێ باڵ مامەوە گردەنشینی خاك ئەبم ئەوکاتە لەگەشتی
گوزاری باخ و چەمەن وە دیمەنی گوڵەجوانەکان بێبەش ئەبم، کامەرانی منیش دیدەنی
ڕووی گوڵە، وە خوێندنی سەر لق و چڵەئەمە شتێکی ئاشکراو عەیانە چەپێویست
بەبەیانە.

منالە خۆشەویستەکان لەم چیرۆکەوە ئەم پەندانە وەرگرن:
دەستی زۆرداری درێژ مەکەن بۆ براو هاوخوێنەکانتان، پشتیان لەزەوی مەدەن چونکە
پشتی خۆتان ئەشکێ، وە دەربارەی گیانلەبەرانی بێزیان دڵسۆزبن، ئەمەش بزانن گیانی
ژیان بەبێ هۆی کامەرانی و خۆشڕابواردن هیچ نرخێکی نیە.
ئینسان ئەگەر هاتوو چاوی ، یا دەستی ، وە یان هەر ئەندامێکی لەناوچوو، وبالی
سامانەکەی دۆڕاند مردنی گەلێ چاترە لە ژیان.

ژ/ ١٣٠٢ ل٤٧

## ٦٥.دەرمانی ژیانی نیجگاری ١٣٠٢

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، ئەگێڕنەوە لەدەورەی پێشین کەپێیان ئەوت: سەردەمی زێڕین کە هێشتا قاقەز لەجیاتی دراو نەهاتبوە ناو، خەڵك بە زێڕ و زیو کڕین و فرۆشتنیان ئەکرد ، پیاوێك هەبوو ناوی(ئاغا قوباد) بوو ئەم پیاوە زۆر دەستدار و دەوڵەمەند بوو گەنجینەی پڕ لەزێڕی وە کۆشك و تەلار و باخ و باخاتی بووبوو بە ناوازە لە جیهاندا، بێجگە لەوەی کە خۆی و خێزان و دەست و پێوەندەکەی بەخۆشی و شادومانی رایان ئەبوارد یاریدەی هەژارو بێدەستەڵاتانیشی ئەدا وە مووچەی بۆ قوتابیانی هەژار و بێباوکان بڕیبووە. وەهەموو ساڵێك بەتەواوی زەکاتی بەسەر داماوو پێکەساندا دابەش ئەکرد.وەکو ئەڵێن سەرمایەت بۆ خۆتو زەکات بۆ خوا*یوە هەتا بیبڕی زیاتر بەرئەدا.بەم هۆیەوە خوا رۆژ بە رۆژ سامانەکەی زیاد ئەکرد.بەڵام کوڕێکی هەبوو لەتەمەنی چل ساڵیدا ناوی(بەشیر)بوو هیچ کار رۆژو چاوبرسی بوو کەچاوی بەکەسێك بکەوتایە لەماڵی باوکیاو پارویەك نان ئەخوا چاوی تاریك ئەبوو ئەورۆژە لوخەفەتدا نەخۆش ئەکەوت هەرچەند باوکی ئامۆژگاری ئەکرد وەجارو بار سەرزەنشتی ئەکرد وە پێی ئەوت:دڵو دەروونت باشبێ، چاوتێرو بەخشندەبە بێسوود بوو لەگوێی نەدەگرت،زۆری نەخایاند(ئاغا قوبات) کاسەی گوژالکی لەدەست ساقی ئەجەل وەرگرت، لەم جیهانە بێنرخە کۆچی کرد.

دوای سێ رۆژ خەڵك و خوا بە بەشیر یان وت: پێویستە ژن بهێنی و لەشوێنی باوکت دانیشی وەك ئەو بەکامەرانی رابوێری وە خەڵکیش لەسایەتا بحەسێتەوە.

بەلام ئەم قسانە کاری ئەکردە سەر رژدی و دڵڕەقی بەشیر، هەرچی گەنجینەی باوکی هەبوو هەمووی کلیل دا و دڵی نەهات پولێکی سووری لێخەرج بکا، رۆژی دوو نانی رەقی بۆ دایکە پیرەی بڕیبەوە خۆشی لەم لاو لەولا بەسەر ماڵی خەڵکەوە ئەلەوەڕاند، تا شەوێك لەخەویا پێیان وت: ئەی بەشیر ئەگەر حەز لەژیانی ئیجگاری ئەکەی سبەینێ

هیچ مەوەستە زوو برۆ هندستان لەدامێنی چیای (هیمالا) گیایەك هەیە ئەگەر
بیخۆی هەرگیز نامری وە ئەم سامانە زۆرەت بەخەڵك نابڕێ و بۆخۆت ئەبێ.
سبەینێ بەشیر کە لەخەو هەستا خەوەکەی بۆ دایکی گێڕایەوە ئەویش وتی: کوڕی
ئەکەی ئەم باسە لای کەس بدرکێنی دواجار ئەبی بە قەشمەجاڕی خەڵك وە پێت ئەڵێن
شێت بووە وە پیاوی میری پێ بزانن ڕەوانەت ئەکەن بۆ شێتخانە ، دەرمانی
ئێجگاری نەبووەو نابێ، هەموو ئینسان و گیاندارێك ئەنجامی هەر مردنە.
بەشیر گوێی نەدایە قسەی دایکی ڕێی هندستانی گرتەبەر دوای چەند مانگێك گەیشتە
ئەو شوێنەی کە لەخەویا پێیان وتبوو.
کە سەرنجی دا لەهەزاران جۆر گیا و گوڵ لەکەناری جۆباران بەشنەی
ئەشنێتەوە، بەشیر دەستی کرد بە بیرکردنەوە لەدڵی خۆیدا وتی: ئەو گیایەی
ژیانی هێجگاری بەکارە لێم نادیارە ، خوایە چۆنی بدۆزمەوە ؟ ئەیوت ئای چیبکەم
بەخۆم شوێن خەوبینین و درۆو دەلەسە کەوتم.
ئەوەندەی پێنەچوو پیاوێك پەیدابوو وتی : ها...بەشیر ئەوە لەچی ئەگەڕێی ؟
بەشیر وتی : خولامی سەرتبم وەك ئەزانی ناوم بەشیرە ئەیشزانی بۆچی هاتووم بۆ ئێرە
کابرا وتی : فەرموو باجارێ بڕۆینەماڵەوە پاروویەك نان بخۆین چونکە دەمێکە
ڕێخۆڵەت وشك لەبرسانا دڵت ئەهاتووە لە سامانەکەت شتێکی لێبخۆی ئەوسا
گیاکەت بۆ ئەدۆزمەوە.
بردیە ژور پێخۆرێکی نایابی لە بەردەم دانا هەتا تێری لێخوارد، ئەمجا کابرا رووی کردە
بەشیر وتی : ئەو گیایەی کە دەرمانە بۆ ژیانی ئێجگاری ئەمەیە : ڕەوشت و خوی جوان
و پەسندە، دەست و زبانی بێزیانە، یاریدەی هەژار و داماوانە و دەروونی پاك خزمەتی
گەل و نیشتمانە، ئەمجا ئەوکەسانەی بەم ڕەنگە ئەمرن مردویان پێنابێژرێ نزیکی بارەگای
خوان وە ناوی بەرزیشیان لەمێژودا ئەنوسرێ.

کابەشیر ئەم قسانەی لە کابرا بیست زۆر سوپاسی کرد وە بەرەو ماڵ گەڕایەوە تا مردن لەسەر ئەم بەرنامەیە رۆیشت. ژ/١٣٠٣

.......................................

٦٦. **دەستپاکی هۆی کامەرانی یە١٣٠٤**

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، ئەگێڕنەوە لەسەردەمی رابردوودا ژن و پیاوێکی پیری لەکار کەوتوو هەبوو کە ئێجگار دەستکورت و هەژار بوون تەنیا کوڕێکیان هەبوو لەتەمەنی هەژدەساڵیدا کە ناوی(دڵشاد) بوو ، هۆی گوزەرانیان ئەم کوڕەبوو ، کە بەرۆژ ئەچوو کرێکاری بۆ ئەکردن ئێواران ئەو رۆژانەیەی وەرئەگرت ئەیدا بە نان و پێخۆر و بۆی ئەهێنانەوە.

رۆژێك وا رێکەوت هەرچەند هەڵیدا لەپارەی دوو کولێرە زیاتری چنگ نەکەوت، دوو کولێرەکەی هێنایەوە بۆ باوك و دایکەکەی و خۆیشی بەبرسیەتی مایەوە رویکردە قەراغ شار وتی : بەڵکو شتێکم بێ بەلوتەوە ، لەدورەوە جۆگە ئاوێکی رون و رەوانی لێدەرکەوت ، چووە سەر جۆگەکە دەست و دەموچاوی ششت وە وتی : پێشینان ئەڵێن : لەکاتی برسیەتیدا دوبار بەنانێکە یەك دوو مست ئاوی خواردەوە هەر وا بیری ئەکردەوە لە چەرخی زۆردار لە رۆژگاری ناهەموار لەوکاتەدا سێوێکی گەورەی لاسورە بەدەم ئاوەکەوە هاتە بەردەمی دڵشاد سوپاسی خوای کرد چەقۆی لە باخەڵی دەرهێنا سێوەکەی کوز کرد دەستی کرد بەخواردنی وە پێی تێربوو .

لەدوایدا لێکی دایەوە وتی : ئەم سێوە دیارە لەعاسمان نەباریوە ئەمە خاوەنێکی هەیە کە بەرەنجی شان و ئارەقی ناوچەوان هێناویەتیە بەرهەم ، من تاوانێکی گەورەم کرد کە ئەم سێوەم خوارد وا چاکە خاوەنەکەی بدۆزمەوە وە گەردنی خۆمی پێئازاد بکەم ، بەکەناری جۆگە ئاوەکەدا ماوەیەکی دوور هەوراز بووەوە بینی سەرچاوەی ئاوەکە لەناوەراستی باخێکی گەورەدایە کە ئەڵێی باخی بەهەشتە.

لایێ زەردالو لایێ گیلاس بوو

لایێ ڕێحانەو لالە عەباس بوو

سێو و هەناری سەریان دابووە یەك

سەروی ڕەوانیش بۆ تاقی فەلەك

دوای کەمێ باخەوانەکەی پەیدا بوو، دڵشاد وتی: من تاوانێکی گەورەم کرد
لەکاتێکا لەسەر جۆگەئاوەکە دانیشتبووم سێوێکم بەدەم ئاوەکەوە گرتەوەو خوارد
واگومان ئەبەم سێوی باخەکەی ئێوەبێ.

باخەوان وتی: بەڵێ ئەو بڕە سێوە ئەبینی لەسەر سەرچاوەی ئاوەکە ڕواوە بەرەکەی
ئەیوەرێنێ و ئەکەوێتە ئاوەکەوە.

ئەمجا دڵشاد وتی : ئەبێ بمبەخشی و گەردنم ئازاد بکەی.

باخەوان وتی : ئەم باخە تەنیا هی من نیە، ئێمە سێ براین لەم باخەدا(هاوکار
ین من لەبەشەکەی خۆم ئەوا تۆم بەخشی بەڵام بۆ بەشی دوو براکەم ئەتوانی بچیتە
خۆیان کەئەمانیش ماڵیان لێرەوە بیست قۆناغ دوورە هەردووکیان لە کۆشکێ
گەورەدان لەشاری(خۆراسان).

دڵشاد ڕێی چۆڵ و بیابانی گرتەبەر هەتا گەیشتە کۆشکی ئەم دوو برایە، دەس
خواست چووە لایان وە سەرگوزەشتەی خۆی بۆگێڕانەوە، ئەوانیش لەسەرڕاس
دەستپاکی ئەم کوڕە شادمان بوون.

برای گەورە کەناوی (میرزاتەقی)بوو ڕوویکردە دڵشاد و وتی : تۆ کە بیست قۆ
ڕێگە، خۆت ماندوو کردووە بۆ لێبوردنی کووزە سێوێك دیارە ڕەوشت و خ
ئێجگار بەرزە من هیچ کوڕم نیە و سامانێکی زۆرم هەیە ئەبێ دیارییەکم لێوەربگری
ئەویش کچە تاقانەکەمە کە کوێر و لاڵ و کەڕ و بێدەست و پێ یە.

دڵشاد لەدڵی خۆیدا وتی : ئەبێ ئەم کچە کۆتەرەدارێك بێ ئەمەبەکاری چی من دێ

ئەوەندەی پێنەچوو کچێکی جوان وەك تاوسی مەست بەبەردەمیا تێپەڕی، کە بەناز و عیشوە هۆشی لەکەللەی بڕی.

ئەمجا(میرزا تەقی) وتی : کە ئەڵێم کچەکەم کوێر و لاڵ و کەڕ و بێدەست و پێیە، مەرامم ئەوەیە تەماشای پیاوی بێگانەی نەکردووە، گوێی لەقسەی بێگانە نەگرتووە، دەستی بۆ ماڵی خەڵك درێژ نەکردووە ، بۆ جێگای خراپ هەنگاوی هەڵنەهێناوە.

ئەمجا دڵشاد دەستی میرزا تەقی گوشی و کچەکەیان لێمارەکرد بەئاهەنگێکی گەورە بۆیان گواستەوە.

دڵشاد دایك و باوکەپیرەکەیشی لەیاد نەچوو ناردی بەشوێنیانا ،بە هۆی ئەم کوڕە دەستپاکەیانەوە کەوتنە خۆشی و کامەرانی. ژ/١٣٠٤

.........................

## ٦٧. دۆست لەتەنگانەدا تاقی بکەرەوە! ١٣٠٥

خوالێخۆشبوو(محمد فضل ی بەگی موغاغی) زۆر حەزی بەرابواردن ئەکرد لەتەك پیاوی شاعیرو قەلەندەر و قسەخۆشدا بەم هۆیەوە لە هەموو لایەکەوە خوێندەواران و شاعران رویان تێئەکرد وە خۆیشی پیاوێکی شاعرو رەندو قسەخۆشبوو لەهەر ئەنجومەنێکدا دابنیشتایە ئەو ئەنجومەنەی ئەهێنایە فەڕ وە هەموو گوێیان لە شعرەکانی ئەگرت، هیچ کاتێ رێی نەئەدا بە خراپە باسی خەڵك بکرێ لەجیاتی ئەوە سەرگوزەشتەیەکی خۆشی بۆ خەڵکەکە ئەگێڕایەوە ، ئەم چیرۆکەی خوارەوە یەکێکە لە سەرگوزەشتەکانی ئەو:

دۆست لەتەنگانەدا تاقی بکەرەوە!

یەکێ بوو یەکێ نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو وەکەس لەبەندەی خراپ رووڕەش تر نەبوو، واباس ئەکەن لەدەورەی پێشین دا دوو قوتابی بەناوی(پیرۆت) و(پرتاو) لەقوتابخانەیەکدا هۆگری یەك بوون، وە ناسرابوون بە دووبرای گیانی گیانی، نەك ئانی

نانی، لەدوای تەواوکردنی قوتابخانەیان (پرتاو) بۆ کاربەدەستی میری وە سالی بە
بۆ بەرزی ئەچوو هەتا کردیان بە وەزیر وەناردیان بۆ (ئەستەمبول)، بەلام (پیرۆت)
یاریدەی ئەدا بوو بەمەلای کوێرەی دێیەک لە شارەزوور لەبەر ئەوەی خەڵکی
هەژار بوون بەتەواوی مووچەی گوزەرانی مەلایان پێ نەئەدرا بەم هۆیەوە مەلا زۆر
ناتەواو بوو.

ڕۆژێك لە دڵی خۆیدا لێکی دایەوە وتی: وا چاکە سەرێك لە (پرتاو پاشا) ی
بدەم بەڵکو موچەیەکم بۆ ببڕێتەوە لەم هەژارییە ڕزگار بم، توێشووی هەڵگرت
ڕێگای ئەستەمبوڵی گرتەبەر دوای چەند مانگێك گەیشتە ئەستەمبوڵ سێ ڕۆژ لە
یەك چوو بۆ دیوانی وەزیر هەرچەند هەوڵی دا یاساوڵ و پاسەوانەکان ڕێیان نەدا
بە وەزیر بکەوێ، ئەمجا وتی: واچاکە لە کەناری ئەو شەقامە ڕابوەستم کە وەزیر
ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، نیوسەعاتی مابوو دیوان چۆڵ بێ چوو لە کەناری شەقام
ڕاوەستا، ئەوەندەی پێنەچوو تەماشای کرد وەزیر سواری ئێسترێکی عەنابی بووە
بەرەخت و شەقەبەندی زێڕ ڕازاوەتەوە وەك (رفرف) ئەفڕێ و تیپێك سوار
ئێسترسواریش چواردەوریان گرتووە هیچ ئاوڕی لە مەلا نەدایەوە و تێپەڕی، مەلا
ڕۆژ لەسەر یەك بەم پێیە لەکەناری شەقامەکە وەستا دەستی نەگەیشتە وەزیر لەدوا
بینی چنارێکی زۆر گەورە و بەرز لە کەناری شەقامەکە ڕوواوە وتی: واچاکە بچ
سەر ئەم چنارە بەڵکو وەزیر چاوی پێم بکەوێ و بڵێ ئەم کابرایە لەسەر ئەم چنارە چ
ئەکا، ڕۆژی دوایی چووە سەر چنارەکە بەوجۆرەیش وەزیر ئاوڕی لێنەدایەوە.

ئەمجا مەلا وتی: واچاکە سبەینێ زۆڕنایەك پەیدا بکەم و بچمەسەر پۆپەی چنار
دەستبکەم بە زۆڕنا لێیان بەڵکو وەرزیر لە ئاوازی زۆڕناکە ئاگاداربێ و بانگم
زۆڕنایەکی پەیداکرد و چووە سەر پۆپی چنارەکە بەئاوازێکی بلند دەستی کرد بە
لێیان هەرچی خەڵکی گەڕەك هەبوو هەموو لێی کۆبوونەوە ئەمجارەیش وەزیر
تێپەڕی و هیچ ئاوڕی لێنەدایەوە، چاری ناچار مەلا لە دیدەنی وەزیر

زوبری گەڕایەوە کوێرە دێیەکە بۆ ماڵی خۆی ، سەربوردی خۆی بۆ خێزانەکەی گێڕایەوە.

دوای چەند ساڵێك وەزیر دەستی لە ئیش کێشایەوە گەڕایەوە بۆ نیشتمانی خۆی ، رۆژێك لە رۆژان وەزیری دەرکراو وتی : واچاکە ئینسان نەمەکی لەبەرچاو بێ با سەرێك لە (پیرۆت) ی هاورێم بدەم بزانم گوزەرانی چۆنە؟ هەڵسا چوو بۆلای مەلا پیرۆت ، دوای چاك و خۆشی و گفتوگۆ وەزیر لێی پرسی : ئەی دۆستی دێرینم گوزەرانت چۆنە ؟

مەلا وتی : گوزەرانم هیچ چاك نیە.

ئەویش وتی : ئەی ئەوکاتەی کە وەزیر بووم بۆچی نەهاتیتە لام هەتا موچەیەکت بۆ ببڕمەوە.

مەلا سەرگوزەشتەی خۆی بەتەواوی بۆگێڕایەوە لەگەڵ زورنا لێدانی سەر پۆپەی چنارەکە.

وەزیر وتی : ئەی برا زۆر خۆشەویست بەخوا لەوکاتەدا کەتۆ لەسەر چنارەکە زورنات لێدا وە من من بەقەد ئەستێرەی کەیوان بەرز بووم ئەو چنارە گەورەیەم بەقەد برە تۆکێك نەئەدی ئیتر چۆن گوێم لە دەنگی زورنای تۆ ئەبوو؟ . ژ/ ١٣٠٥

........................................................................

٦٨. **پێشبینی بۆ دوارۆژ ! ١٣٠٦**

یەکێ بوو یەکێ نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، لەدەورەی دێرین دا پیاوێك هەبوو بە(مرادخان) بەناوبانگ بوو، ئەم پیاوە زۆر دەستدار و دەوڵەمەند بوو ، رۆژبەرۆژ سامانەکەی هەرچەندێکی قازانج بکردایە گوزەرانی خۆی و خێزانەکەی

لێجیا ئەکردەوە ئەوەی زیاد بووایە بەسەر هەژارو داماواندا ئەیبەخشیەوە، پاشەکەوتی
ئەنەکرد خەڵك لێیان ئەپرسی : تۆ ئەم بەخشندەییە لەکێوە فێربووی ؟
لەوەراما ئەیوت: لەو وەستایانەی کە خانو دروست ئەکەن چونکە خشت
خشتەی کە بۆی هەڵئەدا هەتا دایئەمەزرێنێ و ڕێکی ئەخا خشتێکی تری بۆ هەڵ
منیش ئەو ڕۆژانەی کە خوا بۆم ئەنێرێ هەتا ئەیبەخشم خوا ئەوەندەی ترم بۆ ئەنێرێ
ڕۆژێك لە ڕۆژان (مرادخان) کەشتییەکی گەورەی پڕکرد لە کوتاڵ و کەل
بازرگانی کە بیبا بیفرۆشێ لەگەڵ چەند پیاوێکی خۆیدا ڕێی دەریایان گرتە بە
ڕۆیشتن.

ئەوەندەی نەمابوو بگەنە کەناری دەریا کەشتیەکە بەر پارچە شاخێك کەوتو وەرگ
لەبەر ئەوەی (مرادخان) مەلەی ئەزانێ بەهەر جۆرێ بوو خۆی گەیاندە کەنا
دەریاکەو ڕزگاری بوو بەڵام کەلوپەلو پیاوەکانی بەکەشتیەکەوە نوقمی بنی د
بوون، مرادخان سوپاسی خوای بەجێ هێنا کە لەمردن ڕزگاری بوو، وتی : تاسەر
ماڵ ئەبێ چونکە ئینسان ماڵ پەیدا ئەکا، ماڵ ئینسان پەیدا ناکا.

چاری ناچار ئەو ڕۆژەی دەشت و چۆڵی بڕی لەدەمی ئێوارەدا گەیشتە کەناری شار
کە تەماشای کرد دەستە دەستە پیاوەماقوڵان وە کاربەدەستانی میری تیپێك سە
بە(دورِ دوك و بالآبان = مۆسیقا) وە بەریز وەستاون ئەسپێکیش بەرەختەوە زەلاب
جڵەوی گرتووە و ڕاوەستاوە، هەر لەگەڵ مراد خان گەیشتە بەردەمیان قۆڵیان گرت
سواری ئەسپەکەیان کرد وە دایان لە دورِدوك و بالآبان وە چەپڵە وتیان : تۆ پادشا
ئێمەی و بردیان لەسەر تەخت دایان نا وە ماکینەی دەوڵەتیان دایە دەست.

دوای هەفتەیەك (مرادخان) لە وەزیری دەستە ڕاستی پرسی کە پیاوێکی بەتەمە
جیهاندیدە بوو وتی: من پیاوێکی بێگانەو ئاوارەم هۆی ئەمە چی بوو خەڵکی ئەم شار
منیان کرد بە پادشای خۆیان؟

وەزیر لەوەڕاما وتی : چییێ لەتۆ نهێنی بێ خەلکی ئەم شارە دەستوریان وایە سالی رۆژێکیان هەیە لەو رۆژەدا هێرش ئەبەنە سەر پادشاکەیان لەسەر تەخت ئەیهێننە خوارێ چواریەلی ئەبەستن و ئەیهاونە ئەم دەریایەوە کە لەنزیك شارە، ئەمجا ئەچنە قەراغ شار کە پیاوێکی بێگانە ببینن و لەم کارە نهێنیە بێئاگابێ ئەیهێنن ئەیکەن بە پادشای خۆیان ، کەسال تەواو بوو ئەویش ئەهاونە دەریاوە ئەمە رەوشتوو دەستووریانە.

مرادخان وتی : چارەیەکم بۆ بدۆزەرەوە چۆن رزگاربم.

وەزیر وتی : ئەمە کارێکی ئاسانە هەموو کارەساتێك لەپێش رودانیا بەربەست ئەکرێ بەلام کە روویدا چارناکرێ. تۆ ئەمڕۆ ماکینەی دەولەتت بەدەستەوەیە (دورگە=جزیرە)یەك لەناوەراستی ئەم دەریایەدا هەیە فەرمان بکە کەرەستە و وەستا و کرێکارێکی زۆر بنێرن لەوێدا شارێك دروست بکەن و لەشکرێکی پڕچەکیش لەوێدا ئامادەبکەن و منیش رۆژێك بەر لەوەی بتهاونە دەریاوە کەشتی و مەلەوانێکی زۆر ئەخەمە دەریاکەوە و پێیان ئەلێم دەربازت بکەن و بتبەن بۆ ئەوشارەی کە لە دورگەکەدایە.

ئەمجا مرادخان فەرمانی کرد بۆ دروستکردنی شارەکە چەند رۆژێکی مابوو سال تەواوبێ شارەکە دروستکرا وە سەربازی پڕچەکی تیادانرا ، وەزیریش کەشتی و مەلەوانی خستە دەریاوە لەرۆژی کارەساتدا مرادخانیان رزگارکرد و بردیان بۆ دورگەکە وە بەهێزی سەربازەکانیەوە بەسەر خەلکی شارەکەدا زال بوو.

ئەمجا منالەکان تێبگەن وە پێبگەن، تێبکۆشن، بخوێنن، چونکە ژیانی ئادەمیزاد گەلێ قورت و کۆسپی لەرێدایە ، ئەبێ لەپێشەوە بەربەست بکرێ.

ژ/ ١٣٠٦

## ٦٩. فیلی دەریوزە = سوالکەر ١٣٠٧

واباس ئەکەن لەدەورەی دێرین دا رۆژێ کۆمەڵێك لە بازرگان و سەوداگ
لەدەروازەی شاری (ئەسفەهان) دانیشتبون چاوەنوارِی کەلوپەلی بازرگانیان ئەکر
ئەوکاتە بە وڵاخ ئەهات، لەناکاو کچێك هاتە بەر دەمیان پەری پەیکەر ، قەد عەرعە
، دڵ فرێنەر ، کراسێکی شرِی داوەشاوی لەبەردابوو کە زۆرجێگای ئەندامی بەدە
بوو وەك مانگی چواردە لەژێر هەورێکی تەنگدا ئەبینرا، دەستی پانکردەوە وتی:
کۆمەڵی سەوداگەران ، ئەی دڵسۆزانی مسوڵمان شتێکم بدەنێ کراسێکی پێک
لەشی خۆمی پێبشارمەوە .

ئەوانیش دڵیان پێی سوتا پارەیەکی باشیان بۆ کۆکردەوە و دایانێ .
یەکێك لە کۆمەڵەکە ناوی(فەرامورز) بوو رویکردە کچەکەو وتی: تۆ بەم جو
شۆخو شەنگییە بۆچی دەریوزە ئەکەی ؟ من پیاوێکی دەوڵەمەندم ئەگەر شوروم پێک
لە زێرت ئەگرم و وەك ژنی شا رائەبوێری.
کچە لەوەراما وتی: من دەسەڵاتێکم نیە بەدەست باوکمە ئەگەر ئەتوانی وەرە لەگە
دڵی باوکم نەرم بکە.
هەردوکیان ماوەیەکی دوور بە شارا رۆشتن هەتا گەیشتنە بەردەرگای کۆشکێك،
کچەکە وتی: تۆ لێرە راوەستە هەتا ئەچم دەستور لە باوکم ئەخوازم بێیتە ژورەوە.
دوای نیو سەعات کچەکە دەستێ جلی ئاڵو واڵای پۆشی و خشڵی گرانبەهای لەخۆ
دا وەك تاوسی مەست هات بەپیر (فەرامورز)ەوە پێشکەشی باوکی کرد.
کابرا سەیری کرد کۆشکێکی رازاوەی پرگوڵ و گوڵزار و هەموو هۆیەکی
خۆشگوزەرانی و شادمانی تێدایە لەمە واقی ورِما کە ئەم پیاوە بەم هەموو دارایی ل
سامانەوە ئەم کچە نازدارەی خۆی ئەنێرێ بۆ دەریوزە.

باوكی كچەكە وتی : واقت وڕ نەمێنێ ئەم سامانەی كە ئەیبینی هەمووی بە دەریوزە پەیدا كردووە خۆم و ژنەكەم و كچەكەم هەر یەكەمان بەجۆرێك دەریوزە دەكەین ، كچەكەمت دی چۆن دەریوزە كرد ؟ حەز ئەكەم خۆم و ژنەكەیشم ببینی.

من ناوم(عەباس دوس)ە لە فێڵی دەریوزەدا بێوێنەم .

ئەو شەوە فەراموزز لەوێ مایەوە بەبەزم و خواردن و خواردنەوەی چاك رابوارد بەیانی عەباس دوس (٥٠٠)ئەشرەفی زێڕی لە بریاسكەیەك گرێداو لەتەك فەراموززدا چوون بۆ مزگەوت بۆ نوێژكردن كە لە نوێژ بونەوە عەباس رووی كردە كۆمەڵی نوێژكاران وتی: لەڕێی مزگەوت ئەم پریاسكەیەم دۆزییەوە كە(٥٠٠)ئەشرەفی تێدایە ئەم كارە بۆ خوا بكەن لەلای پێشەوا داینێن هەركەس ناونیشانی هەڵدا بیدەنەوە.

خەڵكەكە لە دەستپاكی و دینداری ئەم پیاوە سەریان سوڕما، پریاسكەكەیان لەلای پێشەوا داناو پارەیەكی زۆریان بۆ عەباس كۆكردەوە لە پاداشی ئەم دەستپاكییەدا ئەمجا لەتەك فراموززدا هاتنەوە بۆ ماڵ ڕوویكردە فراموز وتی : ئەم شەویش لێرە بە بۆنەوەی بزانی ژنەكەیشم چۆن دەریوزە ئەكا، شەوی ئایندەیش بەبەزم و ڕەزم رایانبوارد سبەینێ هەمیسان لەتەك فەراموزدا چوونەوە بۆ مزگەوت ئەوەندەی پێنەچوو ژنێكی جل شڕو ڕووتوقوت سەری كرد بە مزگەوتا وتی: ئەی كۆمەڵی خەڵكی خوا شوناسان من ژنێكی هەژارم چەند منالێكی بێباوكم بەسەردا كەوتووە جلشۆری ئەو ماڵەم دوێنێ بەیانی(٥٠٠)ئەشرەفی یان دامێ كە بیبەم بۆ ماڵە خزمێكیان لەڕێگا لێم بزر بووە ئەگەر كەسێك دۆزیویوتییەوە لەڕێی خوادا بمداتەوە.

پێشەوا بەتەواوی (٥٠٠)ئەشرەفیەكانی دایەوە . ئەمجا وتی : لەڕێی خواداشێكم بدەنێ ئەمرۆ بۆ هەتیوەكانمی بدەم بەنان .

خەڵكەكە بەزەییان پیاهاتەوەو پارەیەكی زۆریان بۆ ئەویش كۆكردەوەو دایانێ.

ئەمجا هاتنەوە بۆ ماڵەوە عباس بە فەرامورزی وت: ئەمە پیشەی ئێمەیە ، ئەگەر تۆیش ئەتوانی هەموو رۆژێ بە دەریوزە(٢٠٠)تمەنم بۆ پەیدا بکەی ئەوا کچەکە پێشکەش ئەکەم ئەگینا ئاسنی سارد ئەکوتی .

فەرامورز برستی بڕابوو بە تیری برژانگی کچە دڵی پێکابوو چاری ناچار هەموو لەسامان و سەرمایەکەی خۆی (٢٠٠)تمەنی بۆ عەباس ئەهێنا هەتا بەتەواوی نابوت وە فلسێکی نەما بەراستی کەوتە دەریوزەو دەست لە خەڵك پانکردنەوە و خۆی و رسوای لای دۆست و یارانی کرد، هەتا رۆژێك فەرامورز چوو بۆ (گەرماو=حمام) گۆشەیەکی تاریکی دارۆخانەدا کابرایەکی رووتی دی لەسەر دەستوری خۆی فێربروبوو دەستی لەویش پانکردەوە ، کابرا دەستی کرد بە قاقای پێکەنین و گوایە ناماسی ؟ من عباسی دۆست و ئاشناتم بەراستی تۆ کوڕی منی وە هە کچەکەی لێمارەکرد.

منالە خۆشەویستەکان لەم پەندە تێگەن بە ئارەزوو ئامانج گەیشتنێك کە سوکی ریسوایی لەشوێن بێ با هەر نەبێ (ئاوی ئاموون چێ) سەربەرزی و لوت شۆڕ نەکردن هەموو مولکی جیهان دێنێ . ژ/١٣٠٧

.....................

## ٧٠. سێ پیاوی کوێرو پیاوێکی تەمەڵ ١٣٠٨

هەبوو نەبوو ،کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، وەکەس لە بەندەی خراپ ڕووڕەشتر نەبوو، لە سەردەمی دێریندا ژنێك هەبوو ئەم ژنە مێردێکی تەمەڵ و تەوەزلی هەبوو بە هیچ جۆرێك لە ماڵ نە ئەچووە دەرەوە کە کارو فرمانێك بکا بۆ خۆی و خێزانەکەی بێ بەڕێوەبەری، شەوێك ژنەکەی ناوی گاڵتۆکێکی ئەستوری لە مێردەکەیدا وە لە ماڵ کردیە دەرەوەو سوێندی لێخوارد وتی:

هەتا کارو فرمانێك بۆ خۆت نەدۆزیتەوە کە خۆمانی پێ بەڕێوەبەرین نابێ بەم ماڵەدا بێیتەوە، کابرا بە سەرگەردانی لە ماڵ هاتە دەرەوە تارێی کەوتە بەر دەرگای

مزگەوتێک، خۆی کرد بە مزگەوتەکەدا لە کوچەیەکی مزگەوتەکەدا خۆی مات کرد
کەوەندەی پێ نەچوو سێ پیاوی کوێری لێ پەیدا بوو، یەکێکیان چارۆکەیەکی سپی
بەدەستەوە بوو کە پڕ بوون لە نانو هێلکەو قاورمەو کەباب دەستیان کرد بە خواردن،
کابرای تەمەڵیش بێ چرپە لە تەنیشتیانەوە دەستی کرد بە خواردن دوای لێ بونەوە
کوێری یەکەم وتی: من تێرم نەخوارد، دووەم وتی: ئەمرۆ زۆرمان برسی بووە، سێیەم
وتی: خۆراکەکەمان کەم بووە،

دوای کەمێ کوێرەکان کەوتنە گفتوگۆ وتیان: بابزانین ئەمرۆ کاکەمان چەندی پارە
داوێتێ، یەکەم وتی: بیست ئەشرەفی، دووەم وتی: پانزە ئەشرەفی و سێیەم دە
ئەشرەفی، پارەکانیان کۆکردەوەو دایانە دەست برای گەورەیان وتیان: بیخەرە
سندوقەکەوە، ئەویش لە بیری چوو بیخاتە سندوقەکەوە لە تاقێکا داینا.

کابرای تەمەڵ دەرفەتی هانی بەهێواشی بێ خشپە پارەکانی هەڵگرت و هاتەوە بۆ لای
ژنەکەی و سەر گوزەشتەی بۆ گێڕایەوە. تەمەڵ شەوی دووەم هەمیسان بۆ مزگەوتەکە
لە کونجێکەوە خۆی شاردەوەو زۆری پێ نەچوو کوێرەکان بە نان و پێخورەکەیانەوە
پەیدا بوون تەمەڵ ئەمجارەشیان نانی لەگەڵ خواردن و دەرفەتی لە پارەکانیان هێناو
هاتەوە بۆ ماڵەوە.

شەوی سێیەم تەمەڵ درەنگ چوو بۆ مزگەوتەکە بینی دەرگا داخراوە هەرچۆنێ بوو
کلیلێکی دۆزیەوەو چووە ژورەوە کە سەیری کرد کوێرەکان دووانیان لەسەر
سندوقێکی گەورە نووستوون وە یەکێکیان بە گۆچانێکەوە بە پێوە ڕاوەستاوە ئێشک
ئەگرێ، لەو کاتەدا تەمەڵ کۆکە گرتی و لە دەنگی کۆکە کوێرەکان ڕاست بوونەوەو
دەستیان کرد بە هاوار، تەمەڵ چاری نەماو چووە سەر کەمەرەی منارەی مزگەوتەکە
بانگی کرده کوێرەکان وتی:

ئەگەر سوێندم بۆ بخۆن کە زیانتان بۆم نییە وە بشم کەن بە هاوکاری خۆتان
پەیداکردنی ئەم پارە زۆرەی کە شەو ئەیهێننەوەو پێشم بلێن بە چی پەیدای ئەکەن
دزەکەتان بۆ ئەدۆزمەوە، وە ئەوانیش پاکانەیان بۆ کرد کە زیانیان بۆی نەبی وە
بە هاوکاری خۆیان.

ئەمجا کوێرەکان وتیان: ئێمە چوار براین برای گەورەمان چاوساغو خوێندەوارە
سیانەشمان کوێری مادەرزاوین یانی بە کوێری لە دایك بووین، دنیای ڕۆشنمان
زۆر هەژارو دەست کورت بووین لە وڵاتی خۆمانەوە کۆچمان کرد بۆ ئەم
هاتینە ئەم مزگەوتە. ڕۆژێك پاشای شار هاتە ئەم مزگەوتە بۆ نوێژ کە ئێمەی بە
کەساسی دی بەزەیی پیامانا هاتەوە، برا چاو ساغەکەمانی کرد بە خەزنەداری
ئێمەش هەموو ڕۆژێ ئەچینە لای ئەم برایەمان لە خەزنەو پاشا هەریەکێ
ئەشرەفییەکی زێڕمان ئەداتێ. ئەمجا تەمەڵ خۆی ئاشکرا کرد کە ئەم دوو شەوە ئەو
لەگەڵ خواردوون و پارەکەیانی بردووە، کوێرەکان ناچار بوون کابرای تەمەڵیان
بە هاوکارو هاوڕێی خۆیان بۆ سبەینێ هەر سێکیان لەگەڵ تەمەڵ چوون بۆ وەرگر
پارەی خەزنەدار بە هەریەکەیان پەنجا ئەشرەفی دا تەمەڵ بەشەکەی ئەوانیشی وەرگر
وتی: بۆتان پارێزگاری ئەکەم، وە سرکێ بۆی دەرچوو، کوێرەکان دەستیان کرد
هاوارو بانگ لەم دەنگە دەنگە کاربەدەستانی پادشا ئاگاداربوون کە خەزنەی پا
زۆری لەناوچووە. دەستو برد کابرای تەمەڵو چوار براکەیان گرتو خست
بەندیخانەوە. ژ/١٣٠٨

**٧١. بازرگان و توتی ١٣٠٩**

یەکێ بوو یەکێ نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، ئەگێڕنەوە لەسەردەمی رابوردودا بازرگانێك هەبوو پێویست بو بڕوا بۆ ولاتێکی دووره دەست بۆ کاروباری بازرگانی خۆی.

رۆژێك پێش رۆیشتنی منالەکانی لەدەوری خۆی کۆکردەوە و پێی وتن ئەوا من سبەینێ ئەڕۆم بۆ شارێکی دوور بۆ بازرگانی هەریەکەتان دلتان چی ئەخوازێ کە بەدیاری بۆتان بێنم ؟ ئەوانیش هەریەکە داوای شتێکیان کرد.

ئەم بازرگانە توتییەکی هەبوو لەناو قەفەسا توتیەکەی زۆر خۆش ئەویست روبکردە توتیەکە وتی : ئەی توتی خۆشەویستم تۆیش دلخوازی خۆت بلێ ئارەزووە چی ئەکەی بە دیاری بۆت بێنم ؟

توتی لەوەراما وتی : ئەو شارەی کە تۆی بۆ ئەچی لەقەراغ شارەکە مێرگێکی خۆش هەیە لە ناوەراستی مێرگەکەدا درەختێکی گەورە هەیە کە بەهەزاران توتی بەسەرەوە نیشتۆتەوە و ئەبێ بچیتە بن ئەو درەختە لە زبان منەوە رۆژباش و چاك و خۆشی لە توتیەکان بکەیت و بلێیت توتییەکم هەیە لەناو قەفەس ، لە دووری ئێوە بووە بەقەفەس ئەمە بلێ و بەس .

بازرگان وتی : بەسەرچاو ئەی توتی خۆشەویستم دلنیابە ئەم فرمانەت بۆ بەجێ دێنم .

بەهۆی ئەو دەورە کە ئوتومبیل و شەمەندوفەر لەئارادا نەبوو بازرگانەکە بۆ سبەینێ سواری ولاخێك بوو مال ئاوایی لە مال و منالەکەی کردو کەوتە رێ چەند چۆل و بیابانێکی بری لە دوای مانگێك هەتا گەیشتە ئەو شارەی کە ئامانجی بوو. پاش ئەوەی کەل وپەل و پارچەی گرانبەهای بازرگانی کڕی بیری کردەوە کە دیاری بۆ منالەکانی بکڕێ و بشچێت بۆ ئەو مێرگەی درەختەکەی لێیە کە توتیەکەی ناونیشانی بۆ هەلداوە و رانسپێری کردوە. ئەمجا دیاری بۆ منالەکانی کڕی و هەستا چوو بۆ بن درەختەکە کە

تەماشای کرد بە هەزاران توتی بەسەرەوە نیشتۆتەوە سەری هەڵبڕی روبکردە

توتیەکان وتی : ئەی کۆمەڵی توتیان من توتیەکم هەیە لەناو قەفەس لە دووری

نێرە جەرگی سوتاوە بو بە قەقنەس هەر لەگەڵ ئەمەی وت یەکێك لە توتیەکان

تەوقەسەری درەختەکە کەوتە خوارەوە دەستی کرد بە باڵەفرێ دەمی پێکا داو مرد

بازرگان کە لەم کارەی کە کردی زۆر پەشیمان بوو لە دڵی خۆیدا وتی : هەی

نەبێ ئەم توتیە خزمی توتیەکەی منە لە داخی ئەو کە گیرۆدەی قەفەسە گیانی دەرچو

مرد دەبلێ من بۆچ ئەم قسەیەم کرد؟

ئەو رۆژە بازرگان کەلوپەلی بارکردو بەرەو ماڵ بووەوە کاتێ گەیشتە ماڵ منالەکان

بەپیریەوە هاتن هەریەکە دیاری خۆیان دانێ .

ئەمجا توتیەکەی رویکردە بازرگان وتی : گەورەم ئایا راسپێریەکەی منت بەجێهێنا

چاك و خۆشی رۆژباشی منت بە توتیەکان گەیاند ؟

بازرگان دەبێدەنگ بوو ویستی باسی مردنی توتیەکەی خزمی بۆ نەکا نەوەکو دلگران

بێ و خەفەت بخوا. توتیەکە زۆری لێکرد کە راستی پێبڵێ ئەویش سەرگوزەشتەکەی

بۆگێرایەوە . توتیەکە کە لەسەر میلی قەفەسەکە هەڵنشتبو دەست بەجێ کەوتە ناو

قەفەسەکەوە لەدوای دوو دەقیقە باڵەفرێ گیانی دەرچو ماڵ و منال دەستیان کرد بە

گریان بۆی لە دواییدا لاقێکیان گرتوو لەسەرە نوێلکێك کە بەرامبەری کۆشکەکەیان

بوو فرێیاندا ، لە دوای کەمێ توتی دای لەشەقەی باڵ و فری تومەز توتی سەر دارەکە

نەمردبوو ئامۆژگاری و راسپێری بۆ ئەم کردبوو کە خۆی بمرێنێ و لە بەندی قەفەس

رزگاری بێ.

ئەمجا منالە خۆشەویستەکان لەم باڵندە بێهێزەوە پەند وەرگرن و دەستی یاریدەتان بۆ هاوخوێن و هاورەگەزی خۆتان درێژ بکەن لەکاتی داماوی و تەنگانەدا بەزەیتان پێیانا بێتەوە و گیانی خۆتان لە پێناویانا بەخت بکەن.[168] ژ؟ ٩ ١٣٠٩

.............

## ٧٢. سزای دز و تەڵەکەبازی ١٣١٠

یەکێ بوو یەکێ نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، وا باس ئەکەن لە دەورەی پێشین لە وڵاتی (مازندەران) پیاوێك هەبوو سەرکۆماری ئێلێك بوو ، ئەم پیاوە دەوڵەمەند و دەستدارو بەخشندەو خاوەن دیوەخان بوو، ژنێکی هەبوو بەناوی (گوڵ چهرە) ئەم ژنە لە جوانی و داوێن پاکی و خواشوناسی و خوێندەواری و ئەقڵ و ژیریدا بێوێنە بوو. هەروەها نۆکەرێکیشی هەبوو کردبووی بە (بازەوان) ی خۆی و بازی بۆ بەخێو ئەکرد کە بچوایە بۆ راوشکار بازەکەی بەسەردەستەوە ئەگرت لە نێچیری ئەهێنا، ئەم نۆکەرە لە ئەندازە بەدەر ناپاك و داوێن پیس و تەڵەکەبازبوو.

رۆژێك لە رۆژان کە (گوڵ چهرە) لەسەر کانی دەستنوێژی ئەشت کابرای نۆکەر چاوی بە ئەندامی کەوت ئاگری تێبەربوو چووە بن دەستیەوە وتی: من دەمێکە بەتیری دڵبەرازی تۆ جگەرم کونکون و دڵمپێکاوە، هۆشم لەسەرما نەماوە.

گوڵ چهرەیش لێیتوڕە بوو وتی: هەی ناپاك تۆ لەماڵی منداڵ نان و نمەکی من ئەکەی ئەمە ئەکەیت لەبەرچاوبێ ؟ جارێکی تر ئەم قسەیە دووبارەبکەیتەوە گاڵ ئەدەم سەرت لەلاشە جیابکەنەوە.

ئەمجا کابرای نۆکەر ویستی بەتەڵەکە بازی داوێك بۆ ئەم ژنە داوێن پاکە بنێتەوە کە لەلایەن مێردەکەیەوە بەکوشتی بدا، هەستا چووە بازاڕ جوتێك توتی کڕی هەیەکەی

---

[168] لە دەستنوسێکی مامۆستا نەجمەدین مەلا دا هاتوە کە ئەم چیرۆکە لە (مەسنەوی مەولانا جەلالەدینی رۆمی وەرگیراوە عەلی کەمال )لەوەئەچێ کردبێتی بە کوردی.

خستە قەفەسێکەوە وە لەژورێك داینان. یەکەمی فێرکرد کە بڵێ: من دیم خانم
لەگەڵ میوان نوستبوو!
دووەمی فێرکرد کە بڵێ: من بەچاوی خۆم دیم.
چەند رۆژێك لەگەڵ توتیەکان خەریك بوو ئەم چەند وشەیەی پێڕەوان کردن.
ئەوەندەی پێنەچوو سەرکۆمار چەند میوانێکی خۆشەویستی لە وڵاتێکی دوورەوەوە
بۆلای ئەویش چوو بەپیریانەوەو بە گەرم چاکو خۆشی لێکردن و لە دیواخان جێی
چاککردن ئێوارێ دوای شێوکردن و خواردن و خواردنەوە میوانەکان نوستن
سبەینێ سەرکۆمار لە حەرەم سەراوە چووە دیواخان لەگەڵ میوانەکان ناشتای کرد
شەربەت و قلیان هاتە پێشەوە و دەستیان کرد بە گفتوگۆ ، باسی توتی هاتە ناوەوە
سەرکۆمار وتی: ئەم نۆکەرەی من جوتێك توتی نایابی لەقەفەسدا هەیە.
میوانەکان ویستیان ببینن نۆکەر چوو توتیەکانی هێنایە بەردەمیان ، توتی یەکەم ئاواز
کرد وتی: من دیم خانم لەگەڵ میوان نوستبوو!
دووەم هەڵیدایە وتی: من بە چاوی خۆم دیم.
کە سەرکۆمارو میوانەکان ئەم قسانەیان لە توتییەکان بیست ڕەنگیان سوور بوەوە و
ئارەقی خەجاڵەتی بەڕویاندا هاتە خوارەوە.
سەرکۆمار سەری داخست و چووە حەرەم سەرا بەژنەکەی وت: راستم پێبڵێ چ
رویداوە؟
هەرچەند گوڵ چهرە سەربوردی نۆکەرەکەی بۆ گێرایەوە و فێرکردنی ئەم چەند
وشەیەی توتیەکان، بەلام کەلکی نەگرت، ئاوی شمشێری لێداو وتی: راستم پێبڵێ
پارچەپارچەت ئەکەم؟
ژنەکە وتی: کوشتنی من بە دەستی تۆ ئاسانە بەلام لەپاشا پەشیمان ئەبیتەوە، پەشیمانیش
هیچ سودێك نابەخشێ پێویستە بە وردی بچیتە بنج و بناوانی وە من پاکو بێگوناهم.

سەرکۆمار بە شمشێری رووتەوە گوڵ چهرەی دایە پێشخۆی بۆ دیواخان وتی: ئێستا تۆیش و میوانەکانیش پێکەوە دائەجنم.

کابرای نۆکەریش دەستکێشێکی چەرمی کردبووە دەستی راستی بازەکەی لەسەر راگرتبوو بە کەیف و دەماغ رویکردە سەرکۆمار وتی: بێجگە لەم توتیانەیش کەوا شایەتی ئەدەن منیش بە چاوی خۆم کارەساتم دی .

گوڵ چهرە رویکردە ئاسمان وتی : ئەی فریادرەسی داماوان خوایە خۆت ئاگاداری بەکاری رازو نیهان چاوی دەسەڵاتت مێرووولەی ورد لەدەردی رەشدا بەشەوی تاریك ئەبینێ وە ئاگاداری کە پاك و بێتاوانم.

لەمکاتەدا بازەکە هەڵمەتی دایە تەوقی سەری نۆکەرەکە بە چنگە تیژەکانی پێستی ناوچەوانی داماڵی وە بەدەنووك هەردوو گلێنەی چاوی هێنایە دەرەوە و فڕێی دایە بەرێی .

کە سەرکۆمار و میوانەکان ئەمەیان دی سوپاسی خوایان بەجێهێنا وە ناپاکی نۆکەرەکەیان بۆ دەرکەوت.

ئەمجا منالە خۆشەویستەکان لەم چیرۆکەوە چەند پەند وەربگرن کەسێك بەناپاکی بیەوێ کەسێکی پاك لکەدار بکا وە بیەوێ بوختان بەکوشتنی بدا و کەسێك بەچاوی خۆی شتێکی نەدیبێ شایەتی نارەوا بدا خوا هەردوو چاوی کوێر ئەکا و لەوە دنیایش تۆڵەی لێئەسێنێ. ژ/١٣١٠

.................................................................................

## ٧٢.کورێکی گوێ ڕادێر ١٣١١

یەکێ بوو یەکێ نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، ئەگێڕنەوە لە دەوری پێشیناندا پیاوێك هەبوو ناوی (میرزا هۆمەر) بووە خاوەنی دوو باڵ بوو یەکەم: سامانو گەنجینەو زەوی‌و زارو ماڵ، دووەم: لە هونەرو زانست دا. ئەم پیاوە بێ ئەوەی سورد

وەربگرێت پارەی ئەدا بە (وام قەرز) بە کەسانی داماوو بێ دەرەتان. لەبەرئەوە
بەناوبانگ بوو لە پیاوەتی دا، ڕۆژێك پیاوێکی بێ ئەوا هاتەلای وتی: من خەڵکی
(بەصرە)م وە بازرگانێکی دەوڵەمەندم گەلێ کەلوپەلی گرانبەهای بازرگانیم بارکرد
بۆ ئەم شارەی بهێنم بۆ فرۆشتن لە ڕێگا جەردە ڕووتیان کردمەوە وا هیچیان
نەهێشتم، ئێستا لەم شارەدا کەسێك ناناسم کە ڕووی تێ بکەم یاریدەی لێ داوا
ئاوا بە لاتی هاتم بۆلات کە دەستگیرۆدەیم بکەی، وە هەزار لیرەم بەوام بدەیتێ
چوومەوە جێگای خۆم بێ درەنگ بۆت ئەهێنمەوە. ئەویش بێ ئەوەی بیناسێ وە
(بدە=کەفیل) یێکی لێ وەربگرێ هەزار لیرەی ئەداتێ، کابرای بازرگان ئەچێتەوە وڵات
خۆی بەو پارەیە دەست ئەکات بەکڕین و فرۆشتن و سودێکی زۆری لێ وەرئەگرێ
لەدڵی خۆیدا ئەڵێ: تازەمیرزا هۆمەر لەکوێ من ئەدۆزێتەوە، بڕیار ئەدات کەپارەکە
نەداتەوە.

دوای دوو سێ ساڵ، ڕۆژێك میرزا هۆمەر ڕووئەکاتە (بلە)ی کوڕی کە لە تەمەنی
ساڵیدا ئەبێ. پێی ئەڵێ: بچێ بۆ بەسرەو ئەم پارەیەم بۆبسێنێتەوە. بەڵام ئەبێ ئە
پەندانەم لەگوێ بگری

یەکەم: لە تەك پیری زاناو کۆنە ساڵدا هەڵسەو دانیشە.

دووەم: لە ژێر درەختی بەرداردا بە تەنیا مەنوو.

سێیەم: شەو لە ماڵی بازرگانەکە بۆ نووستن مەمێنەرەوە.

چوارەم: بە قسەی ژنی جوانی خاوەن دراو تەفرە مەخۆو بەپێی خۆت مەخەرەداو.

کوڕەکە پەندەکانی باوکی وەك دوڕ لە گوێ گرت. وە کەوتە ڕێ بۆ بەسرە لە ڕێگا
تووشی پیاوێکی پیری کۆنە ساڵ بوو لێی پرسی: مامە پیرە ئەوە بۆ کوێ ئەچیت! بە
وتی: تۆ بۆ کوێ ئەچیت منیش بۆ ئەوێ ئەچم، خوا منی بۆ تۆ ڕەخساندووە، کە
ڕابەری و ئاگاداریت بکەم لە خراپەی بەدکاران. بلە ئەمەی زۆر پێ خۆش بوو لە تەك

مامە پیرەدا بوون بە هاورێ ماوەیەك پێکەوە ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە ژێر درەختێکی بەردار

پیرە وتی: با لەسایەی ئەم درەختەدا ئەختێ بحەسێینەوەو پشوویەك بدەین، پێکەوە دانیشتن، هەندێ میوەیان لە درەختەکە کردەوەو دەستیان کرد بە خواردنی وبلە وتی: زۆرم حەودێو باوکیشم پێی وتوم: لە ژێر درەختی بەرداردا بە تەنیا بنوو، پیرە وتی: ترست نەبێ تۆبنوو، من ئێشکت ئەگرم.

بلە نووست دوای کەمێ ڕەشمارێك لە کلۆری درەختەکە هاتە دەرەوەو ویستی بچێ بۆ سەر بلەو پێوەی بدات، پیرە لێی ڕاپەڕیو بەپلارێ مارەکەی کوشت، وە بلەیش لە دەنگە دەنگ خەبەری بووەوە پیرە سەری مارەکەی بڕیو دای بەبلە وتی: هەڵیگرە بیخەرە هەگبەکەتەوە. زانایان ئەڵێن : شت بپارێزە ڕۆژێ دێ بەکاری بهێنی.) دوای ماوەیەك گەیشتنە بەسرە، ماڵی بازرگانەکەیان دۆزیەوە کە لە کەناری دەریابوو. بازرگان هات بە پیریانەوە میواندارییەکی باش کران وە ئێوارە خۆراکی خۆشی دەرخوارد دان.

بەلام بازرگان نیازی خراپ بوو لەگەڵ بلەو مامە پیرەدا ئەیزانی لەو شەوەدا شەپۆلی دەریا ئەکەوێتە دەمی نووستن لە کەنار دەریاکەدا جێگای بۆ داخستن کەبنوون، پیرە بە دزیەوە بەبلەی وت: وا دیارە ئەم کابرایە نیازی لەگەڵمان خراپە وا چاکە لێرە نەنووین. بلە بە بازرگانی وت: ئێمە ئەچین بۆ گەڕان، سەعاتێکی تر دێینەوە تۆلە جێگاکەمان دانیشە.. ئەوان ڕۆیشتنو کابرای بازرگان دانیشت، زۆری پێ نەچوو دەریا گەڕایەوەو کابرای بازرگان ئاوبردی وەکو ئەڵێن (ئەوی چاڵ بۆ خەڵکی هەڵکەنێ خۆی تێی دەکەوێ)،بۆ سبەینێ دەنگ بڵاو بۆوە کەوا بازرگانەکە لە ئاوا خنکاوە. بلە بەهۆی پیاوی میرییەوە هەزار لیرەکەی لە کەسو کاری کابرای بازرگان سەندەوە.

ژنێکی جوانی دەوڵەمەندیش کە بیستی بلە هەزار لیرەی پێیە داوای کرد کە
مارەی بکات بەڵام بلە پرسی بە مامە پیرە کرد وتی: تۆ بۆ ئەم کارە ئەڵێی چی؟
پیرە وتی: ئەم ژنە میکرۆبێکی لە سکدایە لەمار ئەچێ تا ئێستا شووی بەسێ چل ک
کردووە، هەر کەسێ یەکەم شەو لەگەڵی نووستبێ نەگەیشتۆتە بەیانی مردووە. بەم
ئەم ژنە کەلەپووری زۆر کەسی مست کەوتووە. ڕام لەسەرە مارەی بکەیت بەڵام ب
ئەوەی لە گەڵی بنویت سەری ئەو مارەی کە پێتە بیسوتێنە. بلە ژنەکەی مارە
شەوی یەکەم سەری مارەکەی سووتان زۆری پێ نەچوو میکرۆبێك بە وێنەی مار
سکی ژنەکە لە ڕێگای پێشەوە هاتە دەرەوە. بەم پێیە مامە پیرە سێ جار بلەی لە چ
مەرگ سەندەوە. بلەیش ژنەکەی بە هەموو کەلوپەلو سامانێکییەوە لەگەڵ خ
هەلگرتو بە هاوڕێی مامە پیرە هاتەوە بۆ باوکی گێڕایەوە.

منالەکان: پەندی پیرانو زانایان لە گوێ بگرن ئامۆژگاری مامۆستاکانتان فەرامۆ
مەکەن. تا لەدوا ڕۆژدا بە بەختیاری بژین. ژ/١٣١١

..........

## ٧٤. هیچ سوپەرێك تیری سەرنوێشت ناگێڕێتەوە ١٣١٢

وەکو ئەڵێن : (حەزرەتی سلێمان،د.خ) زبانی هەموو باڵندەو جرو جانەوەرێک
زانیوە ڕۆژێك بۆ گەشتوگوزار بە کەناری شاردا ڕائەبورێ تەماشا ئەکا لەس
درەختێك باڵندەیەك نیشتۆتەوە خۆی گڤ کردۆتەوە و پێئەکەنێ وە لەپاین
درەختەکەیش کۆمەڵێك منالّ خەریکن داوئەنێنەوە .
سولەیمان ڕوبکردە پەرندەکە وتی: ئەی پەرندەی ئێسك سوکی نەخشین ، ئەوە چیت
بیستووە هاتوتە پێکەنین

باڵندەکە لەوەراما وتی : ئەی سولەیمان بە بێئەقڵی ئەو منالانە پێئەکەنم خەریکن لە پاینی ئەم درەختەدا داوم بۆ ئەنێنەوە بەبێئەوەی لە پێو شوێنم ئەگەڕێن وا ئەزانن من ئەوەندە بێئەقلم بکەومە داوی منالانەوە.

سولەیمان وتی : بەئەقڵ و زیرەکی خۆت بایی مەبە و بەرز مەفڕە ئەگەر خوا لەچارەی نوسیی ئەقڵت لەسەرا نامێنێ و سەرت لێئەشێوێ ئەبی بە داوەوە. ئەمەی وت و رۆیشت.

لەو سەر کە گەڕایەوە سەیری کرد منالەکان باڵندەکەیان گرتووە و خستویانەتە قەفەزێکەوە .

سولەیمان وتی : ئەی پەڕندەی ئاقڵ و زانا تۆ چۆن کەوتیتە داوی ئەم منالە بێئەقلانەوە؟

پەڕندەکە وتی : ئەو کاتەی کە تۆ لەمن ترازای و رۆیشتی ئەو گفتوگۆیەی کە پێکەوە کردمان هەموویانم فەرامۆشکرد گەنمێکە زۆر لەژێر درەختەکەدا رێژرابوو وە منالەکانیش لەوناوە نەمابوون هاتمە خوارەوەو دەستم بە گەنم خواردن کرد لەپڕ داوەکە ملی گرتم .

سولەیمان وتی : بێئەقڵترین باڵداران تۆی کە بە زانایی خۆت بایی بوی وە کەوتیتە داوەوە لەخۆبایی بوون و خود پەسەندی ئەم کارەساتەی بەسەر هێنای.

دیسان لەبابەت چارەنووسەوە ئەگێڕنەوە : خەسرەوی پەرویز(مونەجیم=ئەستێرەناس) یکی هەبوو رۆژێك ئەم ئەستێرەناسە تەماشای بەختی خۆیکرد کە لە ماوەی هەفتەیەکدا لەلایەن ناحەزێکی خۆیەوە ئەکوژرێ و هەستا چوو بۆلای خەسرەو سەربوردی بۆ گێڕایەوە وتی : لەکۆشکەکەی خۆتا ژورێکم بدەرێ تا هەفتەیەك تیا دانیشم چونکە شوێنی تۆ پارێزراوە و پاسەوانی تایبەتی بەدیارەوەیە .

ئەویش ژووری نوستنی خۆی بۆ بەجێهێشت کە تیای بنوێ ، کابرای ئەستێرەناس

تا دوو شەو بە دڵنیایی تیایا نوست شەوی سێیەم دزێك بەنیازی کوشتنی خەسرەوە

ئەچێتە سەر ژوورەکە تیرێك ئەگرێتە ئەستێرەناس و ئەیکوژێ وا ئەزانێ خەسرەوە

دیسان ئەگێڕنەوە پادشایەك هەموو باوەڕێکی بەهێزی بەئەستێرەناس هەبوو ،

پادشایە کوڕێکی هەبوو زۆری خۆشئەویست ڕۆژێك چەند ئەستێرەناسێکی یەکێ

بەدزییەوە بانگکرد کەلەئیشی یەکتر نەگەن ،

بەیەکەمی وت : تەماشای بەختی ئەم کوڕەم بۆ بکە .

ئەویش وتی : لەتەمەنی پانزە ساڵیدا مار پێوەی ئەدا و ئەمرێ .

دووەم وتی : لەتەمەنی پانزە ساڵیدا لەشوێنێکی بەرز ئەکەوێتە خوارەوە و ئەمرێ

سێیەم وتی : لەئاودا ئەخنکێ .

کوڕە پانزە ساڵی تەواوکرد ڕۆژێك لە باخی کۆشکەکەیانا لەسەر درەختێك

لەقەراغ حەوزێ بوو هێلانەی بلبلێکی دی کە چەند بەچکە بلبلێکی تێدابوو

بەدارەکەدا هەڵگەڕا دەستی کرد بەهێلانەکەدا مارێك دای بە پەنجەیەوە، لەتاو ئازار

خۆی کەوتە خوارەوە بۆ ناو حەوزەکە و مرد و قسەی هەرسێکیان یەکی گرت.

لەزانایەکیان پرسی بیروباوەڕت چۆنە لەبابەت زانیاری ئەستێرەناشوناسانەوە لە وەڵام

وتی: هەر زانستێك سوودێکی لێوەرئەگیرێ بەڵام هیچ سەنگەرێك تیری سەرنووشت

ناگێڕێتەوە و هیچ توانایەك بەرهەڵستی پێناکرێ. ژ/١٣١٢

---

٧٥.(باپیراجی) ژ/١٣١٣

یەکێ بوو یەکێ نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، لە دەوری پێشیندا پیاوێکی

خوێنەوارو خواشوناس هەبوو بەناوی (باپیرە حاجی) کەئێستا مەزارەکەی لەسەر

چیایەکە خەڵك بە نیاز ئەچنە سەری دانوولەکە ئەبەشنەوە. ئەم پیاوە لە گوندێکی

ناوچەی شارباژێڕ کە پێی ئەڵێن (سیرین). بە باخەوانیو دارو درەخت ناشتنو کشتوکاڵ

گوزەرانی ئەکرد لە قەد پاڵی شاخێك لە نزیك ئاوایییەوە تەکیەو دیوەخانێکی رێکوپێکی پێکەوە نابوو، هەرچی ئایندوو رەندویەك بهاتایە ئەم گوندە لە دیوەخانی باپیراجی نانی ئەخواردو ئەحەوایەوە بەم هۆیەوە باپیراجی لە وڵاتانا ناوی دەرکردبوو.

رۆژێك لە رۆژان لە وڵاتێکی دوورەوە بە میوانی پیاوێك هاتە لای باپیراجی دوای نێوکردنی ئێوارێ کەوتنە گفتوگۆ، میوان رووی کردە باپیراجیو وتی: هاتووم تاقیت بکەمەوە ئایا بێجگە لەوە کەنان بە خەڵك ئەدەی هیچی ترت لەبارا هەیە کە نیشتمانو کۆمەڵایەتی سوودی لێ وەرگرێت؟ یان نا، ئەگەر سودی تۆ تەنیا بەخشینی نان بێت ئەوە شتێکی ئەوتۆ نییەو چونکە لەسەر هەموو کەسێك پێویستە کەمیوانێك رووی کردە ماڵی بارووە نانێکی لەبەردەم دانێ گەربیبێ.

باپیراجی لەوەڵاما وتی: سبەینێ دوا بەدوام وەرە تەماشا بکە کە چ ئەرکو بارێکی گرانم لەسەر شانە، بەڵام هەرچییەکم کرد قسە مەکەو دوورە پەرێز راوەستە.

بۆ سبەینێ دەمی هەتاو کەوتن باپیراجی بەمیوانەکەی وت:

فەرموو پێکەوە برۆین بۆ شار وە هەردوکیان بەپێ کەوتنە رێ، تەنگی بانگی شێوان گەیشتنە سەرکانی (ئەزمەڕ) ئەو شەوە لەوێ نوستن کە ئەستێرەکەی بەیان سەری لەکەل دەرهێنا ئەمانیش لەخەو چاویان هەڵێنا وە لەگەڵ کاروانی بارە سپی داری ئەگەران هاتن بەرێوە دەمی چێشتەنگاو گەیشتنە شارو چوون بۆ ناو بازاڕ لەبەردەمی دوکانێکی گەورە هەنگوینی پاڵاوتە دانرابوو خەریك بوون سەری چەسپ بکەن بی نێرن بۆ بەغدا، باپیراجی شەقێکی لەبەرمیلەکە هەڵدا سەرەو نخونی کرد بەجارێ هەنگوین شێلاوگەی بەست لەگەڵ قوڕو پیسی تێکەڵ بوو لەوناوەدا شاگرد بە قاڵ کۆبونەوە (لف کرێت دێشێ) بەدار کەوتنە سەرو گوێی باپیراجی وەشانو ملیان نەرم کرد.

لەوە ترازان چون بۆ خان گەیشتنە بەر حوجرەی (حاجی ئەلیاس ئاغا) لەو کاتە
نۆکەرێك بەسینی یەکەوە کە ناوساجیو شفتەی لەسەربوو وە بەمەندیلی
داپۆشرابوو پەیدابوو، کە بۆ نیوەڕۆ هێنابووی بۆ حاجی ئاغا.

باپیراجی پەلاماری دایە سینییەکەو خستی یە ژێر پێی لەگەڵ خۆڵو پیسای
هەڵشێلا لەوێش هەندێکیتر بە گۆچان شانو ملیان کووتییەوە. وتیان تۆبۆچ
خۆراکە نایابەت بەم دەردە برد.

لەوەیش ڕەت بوون تووشی منالێکی پاکو جوانی قژزەردی چاو کاڵ بوون لە
دووسالاٌندا بە باوەشی پیاوێکەوە توومەز کوڕی سەرەکی شارەوانی بوو ئەیبرد بۆلای
باوکی، باپیراجی پڕی دایە منالەکە لە دەست پیاوەکەی سەند توند بەخۆیەوە گرت
تا نیوە تاساوی کرد لەوناوەدا چاودێرەکانی شارەوانی ئامادەبوون بە
سەربەرچنەو میوە سەرگوێی باپیرایان شکاندو بێ هۆشیان کرد، دوای سەعاتێك
هاتەوە بەر،

بە لۆژە لۆژ لە شار چووە دەرەوە لەسەر کارێزێك دانیشت دەم وچاوی شت
ڕووی کردە ئاسمان هەناسەیەکی هەڵکێشا ، میوانەکە لێی پرسی توخوا پێم بڵێ:
ئەم سێ کارەساتە چیبوو؟ بۆچ سێ جار خۆت بەلێدان گەیاند؟

باپیراجی وتی: یەکەم بەرمیلە هەنگوینەکە چەند جارێك مار تێی تفی بووەو
کردبوو لە ژەهر، بیتو ئەمرشتایە هەزاران کەسی پێ ئەمرد.
دووەم حاجی ئاغا ژنێکی تازەی هێناوە، ژنە کۆنەکەی لە ڕقانا زەهری بۆ کردبوو
نانو بێ خۆرەکەوە ئەگەر نەمرشتایە حاجی ئاغا پەتۆی نەئەبرد.
سێیەم کوڕەکەی سەرەك چاوی پیسی بەدکاران پێی هەڵهاتبوو ئەو ژەهرەم لەلەش
دەرهێناو لە مردن ڕزگارم کرد. میوانەکە سوپاسی کرد وە بەدرودەوە لێی جودا
بووەوە.

* * *

مجا منالەکانمان: ئەم چیرۆکە هەندێ کەس بە (خرافات= نورەهات)ی بزانن بەلام
هەندی لیٚ وەرئەگرن بۆ ئەو کەسانەی ئەیانەوێ خزمەتی گەل بکەن، چونکە کەسێك
یەوێ خزمەتی گەل بکا نابێ چاوی لەوەبێ کەخۆی سوود لەو خزمەتە وەرگرێت
بەلکو ئەبێت خۆی ماندوو مردوو بکات بۆ بەختیاریان نەك وەك کەسانێ کە بەناوی
خزمەتەوە گەل کزو نابووت ئەکەن، بۆ ئەوەی ببن بە خاوەنی کۆشكو تەلارو سەفتە
دینار ئەوانە پێیان ئەلێن خۆپەرستو نانی نی.ژ/١٣١٣

.............

### ٧٦. مام رەمەدانە ١٣١٤

یەکیٚ بوو یەکیٚ نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، لە دەورەی پێشین دا وەکو
ئێستا چایخانەو گازینۆ زۆر نەبوو، وە ئەم شەربەت و (سۆدە)و(سیفۆن)ە ساردەی ئێستا
لەناوایە ئەوسا لە ئارادا نەبوو، لەهاوین دا تەنیا ماستاو و شەربەتی مێوژی (خیسە)وە
(حاجیلە) هەبوو، کە ئەویش بەشی نەئەکرد. چەند کەسانێکی پیری دەستەوسانی پەك
کەوتەیەکی لوولەبەیەك و کەپولەیەکیان بەدەستەوە ئەگرت و بەناو بازاڕ و کۆلانەدا
بانگیان ئەکرد: (ئاو لەرێی خوادا.) هەرکەسیٚ ئاوی بخوادایەتەوە دەولەمەند پوولێکی
رۆم و هەژاریش پوولێکی عەجەمی ئەدانیٚ. بەمجۆرە کەسانی کەفتەکار بەئاو فرۆشی
گوزەرانی خۆیان پەیدا ئەکرد.
لەناو ئەم ئاوفرۆشانەدا پیاوێکی خواپەرستی بێوەی هەبوو ناوی (مام رەمەدانە)بوو
لەسالا: دوو مانگی بەهار، سیٚ مانگی هاوین، مانگێکی پایز، کە ئەکاتە شەش مانگ
گوزەیەکی سووری میشەروی(بەردەزەرد)ی ئەخستە بن هەنگلی و کوپەلەیەکی
نەخشینی بەدەستەوە ئەگرت بەناو بازاڕدا بانگی ئەکرد: (ئاو لەرێی خوادا.) چونکە
پیاوێکی باش و خواپەرست بوو پارەی باشیان ئەدایە و یاریدەیان ئەدا ئەویش ئازوقەی
سالانەی پێیکەوە ئەناو خانوبەرەیەکی جوانیشی دروستکردبوو.

پیاوێکی ئەگریسی بەرچاوتەنگی ئەگبەت ویستی مام رەمەدانە لەرێی راست لا
و لەخشتەی بەرێ رۆژێك بەدزییەوە چووە بن دەستی وتی: تۆ ئەمە پەنجا سالە لە
خوادا خۆت ماندوو کردووە، خزمەتی خوا ئەکەی ئەبووی بە هیچ ، دارایی
سامانێکت نیە تکات لێئەکەم رۆژێکیش بۆ شەیتان خۆت ماندوو بکەو بلێ: (
لەرێی شەیتانا.) بزانە چیت بۆ ئەکا؟ بڕوابکە هەزار ئەوەندەی ئێستات دەست ئەکە
مام رەمەدانە پیاوێکی ساویلکە بوو بەقسەی کابرا تەفرەی خوارد، بۆ سب
گۆزەئاوەکەی نایە بن دەستی و بەدەنگی بەرز لەبازاڕدا بانگی کرد: (ئاو لە
شەیتانا.) کە خەڵك ئەمەیان بیست سەریان سوڕما وتیان: تۆ پەنجا سالە خوا پەرس
ئەکەی وە لە رێی خوادا ئاو بە خەڵك ئەدەی ئێستا بۆچی بووی بە پیاوی شەیتان؟
ئەو رۆژە لە هەموو لایەوە منالْ و مەزن دایانە بەر شەق و توێکلە شووتی
سەروگوێیان کوتایەوە.

شەوی بەسەرداهات مام رەمەدانە بەماندوویی و زویری لێی نووست. ئەوەندە
پێنەچوو شەیتان هاتە خەوی وتی : مام رەمەدانە زۆر سوپاست ئەکەم و من چاکەی
پێنادرێتەوە کە لەرێگەی مندا خۆت ماندووکردووە، داوا بکە پاداشت بدەمێ.

مام رەمەدانە وتی: گەورەم ئارەزووی خۆتە هەرچی لەلایەن تۆوە بێ خۆشە
کەمەربەستەی فەرمانی تۆم.

شەیتان مام رەمەدانەی بردە سەر بیرێکی قووڵ وتی : ئەم بیرە گەنجینەی منە و پڕە
زێڕو جەواهیرات بچۆرە خوارەوە گیرفان و باخەڵی لێپڕبکە بەوە مولکی سلێمانی
پێبکڕی.

وتی : چۆن بچمە خوارەوە ؟

شەیتان وتی : گوریسێك ئەبەستمە ناوقەدت دارڕۆچکەی خوارەوەت ئەکەم. بەم
گوریسێکی بەستە ناوقەدی و دارڕۆچکەی ناوبیرەکەی کرد .دوو سێ مەتر ما
رۆچووە خوارەوە توند یەکێ هەردوو قاچی گرت.

بانگی کرد : یەکێك لە بیرەکەدا قاچم ئەگری رێی چوونە خوارەوەم نادا .
شەیتان وتی: پیسایی پیا بکە .
ئەویش فەرمانەکەی بەجێ هێنا .
کەبەیانی خەبەری بووە و سەیری کرد جلو بەرگو نوێنەکانی پاکی پیس بووە و لەنوێژ چووە. سوك و ریسوای ناو یارانیش بووە.
ئەمجا منالەکان کەسێك لەرێی راست و خواپەرستی لابدا ئەنجامی سوکی و ریسوا بوونە پێویستە خۆمان لە پیاوخراپان بپارێزن چونکە پیاوخراپ هەمیشە لەپەی جوری چاکان ئەگەرێ کە لەخشتەیان بەرێ. ژ/١٣١٤

.......................................................................

### ٧٧. سەمین و سارا ١٣١٥

یەکێ بوو یەکێ نەبوو ، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، لە سەردەمی پێشین دا پیاوێك هەبوو ناوی(سەمین) بوو هەمیشە دەورو خولی ئافرەتی ئەدا بۆ ئەوەی ژنێکی باش بێنێ کەوتبووە کەلکەلە و سەودا.
رۆژێك لەرۆژان پارەیەکی مۆلی خستە بەر کەمەر و رێی شارو یارانی گرتەبەر ، دوای چەند مانگێك لەشارێك لە ولاتی (یەمەن) گیرسایەوە ئاو و هەواو دیمەنی شارەکەی زۆر لەلا خۆش بوو ویستی ماوەیەك لەم شارەدا بحەسێتەوە.
رۆژێك لە کۆلانێکی تەنگەبەردا لووت بزووت توشی کچێکی نازەنین بوو کە ناوی (سارا) بوو. کچ، چکچ : روی وەك رۆژی تابان ، قەد سەروی رەوان ، لێو یاقوتی تەڕ ، چاو ،چاوی ئاسکی بەڕ، بەجادوو ئەیخستە داوەوە هەزار شێری نەڕ، کە سەمین ئەمەی دی بێ بەروا لەکچەکە چووە پێشەوە وتی: ئەی یاری نازەنینی گیانی ، گیانی خۆم بۆ تۆ بەدیاری هانی پێویستە قەدرم بزانی .
کچەکەیش بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: قەدرت لەسەر چاو یاری ئاوارە

دڵ بۆ ئارەزووت زۆر بێقەرارە

بەڵام (سەر روشتە= أختیار) لەدەست خۆمدا نیە  تەنیا دایکم هەیە

پیرێژنێکی دراوسێمان هەیە ئەتوانی بەهۆی ئەوەوە دڵی دایکم نەرم بکەی. سارا

برد بۆ ماڵی پیرێژنەکە ، سەمینیش پارەیەکی زۆری نیشاندا و بە چەند رۆژێك

پێکهات. سەمین خانویەکی خۆشی بەکرێ گرت و سارای گواستەوەو بە

خۆی گەیشت.

رۆژێك سەمین لە بازاڕاوە ئەهاتەوە بۆ ماڵ کە سەیری کرد سارای ژنی لەبەر

بە ئاوازێکی خۆش گۆرانی ئەڵێ و بەستە لێئەدا و خەڵك تەماشای ئەکا تومەز

ئەم کچە لەتاف جوانی خۆیا گۆرانی بێژ و سەرچۆپی کێش بووە.

سەمین لەم کردەوە ناشرینەی ژنەکەی تەواو پەستو توڕە بوو، دەستی کرد

سەرزەنشتو ئامۆژگاری کردنی بۆ ئەوەی جارێکی تر کاری وا ناشرین نەکا.

ژنەکەش تۆبەی کردو پەشیمان بووەوە ، بەڵام دیارە سروشتی خۆی وناکا.

رۆژێکی تر دووبارە سەمین لەدەردا ئەهاتەوە بۆ ماڵەوە تەماشای کرد ژنەکە

لەسەربان راوەستاوەو سوورِ ئەدا و گۆرانی ئەڵێ خەڵکیش لەملاو لەولاوە سەیرئەکەن

هەمیسان دەستی کرد بەسەرزەنشت و ئامۆژگاری کردنی بەڵام بێسوود بوو

ئەڵێن: ئامۆژگاری بۆ ناکەس بەچە وەك گوێزی سەر گومەز وایە، قولەڕەش بە

سپی نابێتەوە، مار پێستی لەشی خۆی جیائەکاتەوە بەڵام رەوشتی بەدی لەخۆی

جیاناکاتەوە، تۆوی گژاڵك لەباخی بەهەشت بڕوێنی وە لەجۆگەی کەوسەر ئاوی

بدەی نابێ بە لیمۆ و تامی شیرین نادا، لەگەڵ ئەم پەندانەیش کە سەمین ئەیزانی دڵی

بڕوایی نەئەدا کە لە یاری نازداری جودا ببێتەوە، بڕیاری دا کەلەوشارە کۆچبکا

کەژاوەیەکی لە حوشترێك بەست و ژنەکەی سوارکرد خۆیشی سواری حوشترێك بوو

لەتەك کاروانێك دا کەوتنە رێ تا گەیشتنە سەر پردێك کە حوشترێك پێشەنگی

کاروانەکە بوو مانی ئەگرت هەرچەند لێیان ئەدا بەسەر پردەکەدا نە ئەرۆیی کە

خوشترەکانی تر لە دوایەوە بڕۆن ، سارا لەپەردەی کەژاوەکەوە سەری هێنایە دەرەوە وتی: ئەو حوشترە سپییەی کە لەناوەراستی کاروانەکەدایە بیکەن بە پێشەنگ بەسەر پردەکەدا ئەڕوا و ئەوانی تر لە دوایەوە دێن.

کابرای جڵەودار بەقسەی سارای کرد حوشترە سپی یەکەی پێشخست و کردی بە پێشەنگ بەسەر پردەکەدا پەڕییەوەو هەموو حوشترەکان لەدوایەوە هاتن ، خەڵکەکە لەم ئیشەی سارا سەریان سوڕما کە گەیشتنە قۆناغ سەمین لە سارای پرسی : چۆنت زانی ئەو حوشترە لە پردەکە ئەپەڕێتەوە ؟

لەوەراما وتی : هەموو ئینسان و چوارپێ و گیاندارێك سروشتو نەژادو رەسەنی خۆی وناکا دایکی ئەو حوشترە سپییە هەمیشە پێشەنگی قافڵە بووە ئەمیش پەیڕەوی دایکی خۆی ئەکا.

کە سەمین ئەمەی بیست دەستبەجێ سارای بەرەڵاکرد و لێی جوێ بووەوە. ژ/ ١٣١٥

---

## ٧٨. باوەجەم و هەنار ١٣١٦

یەکێ بوو یەکێ نەبوو ، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، ئەگێڕنەوە لە سەردەمی پێشین دا پیاوێك هەبوو ناوی (باوەجەم) بوو ئەم پیاوە خۆی و ژنێکی لە شارەدێیەکدا بەخۆشی و کامەرانی ئەژیان ، خاوەنی خانوبەرەیەکی جوان و دارایی و سامان و مەڕو مێگەل و باخ و باخات و کشتوکاڵ بوون و لە هیچیان کەم نەبوو تەنیا ئاواتیان هەر ئەوەبوو خوا منالێکیان بداتێ .

ساڵ وەرگەڕایەوە بەئاوات گەیشتن خوا کوڕێکی دانێ، باوەجەم ئاهەنگێکی خۆشی بۆ گێڕا هەرچەند خەڵکی ناوخۆیی و دەوروپشت وسەرکۆماری ئێلەکان هەبوو هەموو بەدەست و دیاری و پۆیلانەوە بۆ ئەم ئاهەنگە هاتن ، یەکێ گاجووت و یەکێ مەڕ، یەکێ گیسکو مریشك و هەیەکە شتێکی هێنا.

پیاوێکی هەژاری دەستکورتیش کەناوی(هەژار)بوو وە دراوسێی ماڵی باوەجەم بوو
ویستی دیارییەك لەگەڵ خۆیدا بباو بچێ بۆ ئەم ئاهەنگە بەڵام هەرچەند بەماڵەکی
گەڕا و سەری هێناو سەری برد لە دوو سێ مست مێوژە خۆڵاو کەلەبنی کرپیەکە
بوو شتێکی تری بەدی نەدۆزییەوە، ناچار مێوژەکەی کردە تورەکەیەکەوەو هەستا چ
بۆ ئاهەنگ و مێوژەکەی لەبەردەم باوەجەم دا دانا وتی: هەر ئەمە گومان ئەبەم ئەمی
وەرگری .

باوەجەم بەچاوێکی سوکییەوە تەماشایەکی هەژاری کردوتی: کوڕە من چی بکەم لە
مێوژی توێکەوتووە ئەم دیارییە بە بۆ جەهەنەم بۆ (فیرعەون) و(جنگیزخان) و(نیرۆ)
(....)ئەوان خاوەن دەسەڵات و سامانن پاداشێکی زۆرت ئەدەنێ پێی دەوڵەمەند ئەبی

هەژار وتی : رێ و شوێنی جەهەنەمم پیشان بدە بەکوێ دا بڕۆم ؟

باوەجەم بە قەشمەرییەوە وتی: بەیانی زوو بەرێکەوە دەمی خۆراوا لەهەرشوێنێ
گیرسایتەوە ئەو شوێنە جەهەنەمە.

مامەی هەژار پیاوێکی دڵپاکو ساویلکە بوو بەیانی زوو تورەکەمێوژەکەی نایە بن
دەستی و کەوتە رێ دەمی چێشتەنگاو گەیشتە دارستانێك سەیریکرد لەبن دەرەختێکا
پیاوێکی روتەڵەی لەخۆی هەژارتر هاوارئەکا ئەڵێ: ئەی رێبوار شتێکم بدەنێ برسیمە
هەژار بەسووکی مێوژەکەی بۆ کردەچمکێکی کراسەکە شڕەکەیەوە.

هەژار دوو سێ هەنگاو رۆیی و گەڕایەوە وتی : تۆ بڵێی بەدەستی خاڵی بچم بۆ
جەهەنەم بۆلای ئەو پیاوماقوڵانە زیانێکی بێ ؟

کابرای روتەڵە وتی : بۆچی ئەچی بۆ جەهەنەم ؟

ئەویش سەربوردی باوەجەمی بۆ گێڕایەوە کە ئەم مێوژەی داوەتێ بیبا بۆ (جەنگیزخان)
و(فیرعەون)

مامەی روتەڵە وتی : کوڕەئەوە تیتاڵیان پێکردووی ئەگینا تا ئێستا کێ چووەتە
جەهەنەم و بێتەوە بەقسەی من بکە بگەڕێرەوە و ئەم سێ وردە بەردەشت بدەمێ لەم

ئەو هەریەکەیان بخەرە کوپەیەکەوە سبەینێ سەری کوپەکان لابدە ئاخۆ چی گەنج و جەواهیراتێکی تێدایە ؟

هەژار بەردەکانی لێوەرگرت بەگورجی هاتەوە ماڵەوە هەریەکەی خستە کوپەیەکەوە کەبەیانی سەری کوپەکانی لادا یەکەم لێوار لێو پڕبووە لە(ئەشرەفی) زێڕ، دووەم لە(مەنات)زیو سێیەم دازەڵ بوو لە برنجی پلاو .

هەژار کە ئەمەی دی سوپاسی خوای بەجێهێنا وە بە(شاناز)ی کچی وت: بچۆرە ماڵی باوەجەم تەرازووە چەرمینەکەیان بێنە ئەم زێڕو زیوەی پێبکێشین ئاخۆ چەند باتمانە ؟

ئەویش هەستا چوو وتی : تەرازووەکەتانم بدەنێ باوکم زێڕو زیوی پێکێشانە ئەکا.

باوەجەم هەڵیدایە وتی : باوکت تا دوێنێ بوو لەبرسانا ئەمرد ، ئەمڕۆ زێڕ و زیوی لەکوێ بوو ؟

کچەکە بێدەنگ بوو تەرازووەکەی هێنا دوای کێشانە تەرازووەکەی بردەوە.

باوەجەم وتی : ئەبێ ئەم تەرازووە بتەکێنم و ئەخۆ چییان پێکێشانە کردووە، کەتەکانی زێڕێك لە درزێکی تەرازوەکەدا مابوو زڕ کەوتە خوارەوە . کە باوەجەم ئەمەی دیلەپیسکەی خۆی چاوی تاریك بوو چوو بۆ ماڵی هەژار وتی : کورە تۆ ئەم گەنجینەیەت لەکوێ دۆزیوەیەوە ؟

هەژار وتی : گەنجینەم نەدۆزیوەتەوە تۆ خۆت ڕێو شوێنت پیشاندام کە تورەکە مێوژەکە بدەم بۆ جەهەنەم بۆ پیاوە ماقوڵەکان ئێستا ئەم پاداشە ئەوان داویانمێ.

باوەجەم لە دڵی خۆیدا وتی : ئەم کابرایە دوو مست مێوژی برد بۆ جەهەنەم ئەم سامانەی دەستکەوت ئەگەر تەشتێك کەلانەو شلکێنە ببەم ڕەنگە سەد هێندەی ئەوم بدەنێ ئەو ڕۆژە تەشتێك کەلانەو شلکێنەی بە ژنەکەی دروستکرد و نایە بن دەستی و هەر بەورێیەدا کە هەژار پیایا ڕۆیشتبوو ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت تا گەیشتە ئاقاری کابرا رووی کردە کابرا دەستی درێژکرد وتی : شتێکم پێببەخشە .

باوەجەم وتی : پارەم پێنییە .

وتی : دەسا لەو خۆراکەی پێتە تۆزێکم بدەرێ.

وتی : ئەوە بەکەس نادرێ دیارییە ئەیبەم بۆ پیاوە گەورەکانی جەهەنەم.

ئیتر کەلەو تێپەڕی تووشی هەر ڕێبوارێك ئەبوو لێی ئەپرسی : ڕێگای جەهەن
پیشاندە.

ڕێبوارەکانیش هەریەکەیان بە پێکەنین و قەشمەرییەوە ئەیان وت: بڕۆ وا لەپێشتەو
بەچەند ڕۆژێك ئەیگەیتێ .

ئیتر باوەجەم بێئەوەی جارێکی تر چاوی بەماڵ و منداڵەکەی بکەوێتەوە ئەوەندە دوو
کەوتەوە هەتا بێسەرو شوێن لەناوچوو تەنیا بەندو باوێکی لەدوای خۆی بەجێهێشتوو
کە ئەمە شیعرەکەیەتی :

﴿ئەگەر تا بزانی کوێ چووە باوەجەم ؟

ڕژدوو پیسکە بوو چوو بۆ جەهەنەم .﴾ ژ/١٣١٦

---

## ٧٩. بەسەرهاتی خوشك و برایەك ١٣١٧

یەکێ بوو یەکێ نەبوو ، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، لە سەردەمی دێرین د
خوشك و برایەك بوون بەناوی (گوڵاڵە) و (نەورۆز)، هێشتا لە خەم نەڕەخسی بوون
دایکیان مرد. کاتێ ڕاست و چەپی خۆیان ناسی سەیریان کرد باوەژنێکی دڵڕەق
بێبەزەیی بەگورزی گران وەستاوە لەسەر سەریان.

ئەم باوەژنە هەمیشە لە کەلێن ئەگەڕا کە ئەم خوشك وبرایە بە فێڵێك لەناو ببا ڕۆژێك
دەرفەتی بۆ هەڵکەوت بەبیانوی سەیرانەوە گوڵاڵەی بردە دەشتێکی کاکی بە کاکی د
هاویشتیە بیرێکەوە. ماوەیەك لە بیرەکە دوورکەوتەوە چاڵێکی گەورەی بینی لەناو
چاڵەکەدا بە گوریس تۆڕێکی دروستکرد و داوێکی باشی نایەوە و سەری چاڵەکەی ب
هەژگ و دڕك و داڵ داپۆشی وە هاتەوە ماڵەوە.

دەمی نێوارە نەورۆز لە دەردا هاتەوە هەرچەند بانگی گوڵاڵەی خوشکی کرد هیچ وەرامێکی نەبیست و لەباوەژنی پرسی : گوڵاڵە چی لێهاتووە ؟

لەوەراما وتی : نازانم.

بۆ سبەینێ نەورۆز رێی دەشت و بیابانی گرتەبەر کە بزانێ خوشکەکەی چی بەسەرهاتووە ؟

باوەژنی سەرئاسنین شوێنی کەوت وتی: با پێکەوە لە بێ و شوێنی بگەڕێین . هەردوکیان پێکەوە رۆیشتن و هەتا نزیك ئەو چاڵە بوونەوە کە داوەکەی تیا نابووەوە لەپڕ باوەژن پاڵێکی نا بە نەورۆزەوە ئەویشی خستە داوەوە خۆی گەڕایەوە.

بێینەوە سەروکاری گوڵاڵە لە کاتێکا کوڕی پاشایەك کە ناوی(شاباڵ) بوولەگەڵ ئەسپێك سواردا بۆ راوشکار لەنزیك ئەو بیرە کە گوڵاڵەی تێدا بوو رائەبوردن گوێیان لە نوزەی ئینسانێك بوو لە بیرەکەدا شاباڵ گوریسێکی دارۆچکەی بیرەکەی کرد گوڵاڵە خستیە ناوقەدی و ئەویش رایکێشایە سەرەوە تەماشای کرد کچێکی نازەنین و نازدارە ترێی رەش بخوا لە سای گەردنیا دیارە دەست بەجێ (شاباڵ) سواری وڵاخێکی کردو بردیەوە کۆشکی باوکی، کچەکە لەبیرەکەدا لە چەند جێگایەکەوە بریندار بووبوو پەزیشکیان بۆ هێنا چەند رۆژێك تیماری کرد هەتا چاك بووە دوایی بەخواستی خۆی شوی کرد بە شاباڵ و ئاهەنگێکی گەورەیان بۆ گێڕا.

نەورۆزیش چەند رۆژێك لە داوەکەدا مابووەوە لەبرسانا هێزی تیا نەمابوو لەناکاو رەشمارێك بەرەو رووی خشا لەدڵی خۆیدا وتی : ئەی خوایە گیرۆدەی داوتکردم سەرەڕای ئەمە رەشماریشت بۆ ناردووم پێوەبدا.

بەڵام مارەکە هاتە زوبان وتی : من فریشتەی خوام منی بۆتۆ رەخساندووە کەلەم داوەی تێکەوتووی رزگارت بکەم.

خێرا چووە خوارەوە بەدانە تیژەکانی پەتی داوەکەی قرتان و سەرکەووتەوە سەرپوو

کلکی شۆڕ کردەوە وتی : هەردوو دەستت بە کلکم بگرە.

ئەویش هەردوو دەستی توند بە کلکی گرت وە مارەکە تەکانێکی دایە

ئەورۆزی سەرخست وە رزگاری کردوە ئەموستیلەیەکیشی دایە وتی : بیکەرە پەنجەت

هەر نیازێکت بوو چاو بقوچێنە و ئەموستیلەکە هەڵگلۆفە سوودی لێئەبینی.

ئەورۆز روویکردە مارەکە وتی: هۆی ئەم چاکەیەی لەگەڵ منا کردت چیە پێم بڵێ

مار وتی رۆژێك من چوبوومە وێنە کۆترێکەوە لەسەر لقی درەختێك نیشتبووم

باوکت تیری خستە کەوانەوە نیشانی لێگرتم کە بمکوژێ تۆ دەستیت گرت و نەتهێشت

کە بمکوژێ وتت: ئەو پەڕندە بەسزمانە هیچ زیانێکی بە ئێمە نەگەیاندووە و بۆ

ئەیکوژی ؟ باوکت دەستی گێڕایەوە ئەوە پاداشتی ئەو چاکەیەیە.

ئەورۆز بە سوپاسەوە لە مارەکە جیابووەوە. ئەویش بزانن هەر ئەو رۆژە مارەکە خۆی

گەیاندبووە گیانی باوەژنی دڵڕەق و پێوەی دابوو ژیانی لەبەر بڕیبوو، تۆڵەی

خوشك و برا بێگوناهەی لێسەندبوو.

ئەورۆزیش کەلە مارەکە تێپەڕی چاوی قوچان و ئەموستیلەکەی هەڵگلۆفی وتی

خوایە بمگەیەنە بە گوڵاڵەی خوشکم . کەچاوی کردەوە خۆی لەباخی کۆشکێکا دی

و گوڵاڵەی خوشکی لە هەیوانی کۆشکەکە راوەستابوو وە بەیەك شادبوونەوە

سەربوردی خۆیان بۆیەکتر گێڕایەوە.

ئەمجا منالەکان بزانن چاکەو خراپە لای خوا و خەڵك ون نابێ هەر تۆوێ بچێنی

ئەوە ئەدرویتەوە. ژ/١٣١٧

**تێبینی/ لە ژمارەی١٣١٨ چیرۆکی بڵاونەکردۆتەوە.**

## ٨٠. نیهال و نیگار ١٣١٩

یەکێ بوو یەکێ نەبوو ، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، ئەگێڕنەوە لە دەورەی پێشوو لە کوێرە دێیەکدا کوڕێك هەبوو ناوی(نیهال)بوو ئەم کوڕە دایك و باوکێکی پیری هەبوو بە باخەوانی و کشتوکاڵ بەڕێوە ئەچوون ، نیهال سەرلەبەیانیان لای مەلای دێیەکە دەرسی دەخوێند دوای ئەوە ئەچوو بۆ کێڵگە یاریدەی باوکی ئەدا و بە قۆچەقانێ پاسی چۆلەکەو قەل و قەشقری ئەکرد لە کێڵگەکەدا. رۆژێك لە رۆژان نیهال بەتاقی تەنیا لە کێڵگەکەدا تیتولێکی هەڵدا بوو دانیشتبوو کزە بایەکی ساردی هەلکردبوو تەپوتم بارانیش ئەباری لەپڕ خشپەی پێی زەلامێکی هاتە بەر گوێ کە ئاوڕی دایەوە پیاوێکی چوارشانەی دی کە بەفری پیری لەسەرو روویا باری بوو هاتە پێشەوەو رۆژباشی لە نیهال کرد وتی: ئەگەر لەلات دەست ئەکەوێ خۆراکێك پارچەنانێکم بدەرێ .

ئەویش لێی پرسی : تۆ کێیت و لەکوێوە دێیت ؟

پیرە لەوەراما وتی : من ناوم(حاجی باپیر)ە و سەرۆکی کۆمەڵێ سەودا گەرانم لەگەڵ کاروانێك کەوتبوومە رێ بۆ بازرگانی بەیانی کەلەخەو هەستام سەیرمکرد کاروانەکە بەجێیان هێشتووم و ئەمە دوو رۆژە بەکەژو هەردەوە وێڵم لە پێ و شوێنی کاروانەکە ئەگەڕێم هێشتا رێم پێ نەبردوون و نانم نەخواردووە.

نیهال مامە پیرەی لەبن تیتولەکەدا داناو خۆی رۆیشت بۆ ئاوایی نان و پەنیرو ماستی بۆ هێنا و دەرخواردی دا و لەگەڵیا کەوتە رێ بەپرسیار کاروانەکەی بۆ دۆزیەوە و خستیە سەر رێ و پیرە بەسوپاسەوە لێی جوێ بووەوە.

دوای بەینێك نیهال باوك و دایکی مرد بێکەس و سەرگەردان مایەوە، هەستا رویکردە شار بەڵکو ئیشێك بۆخۆی بدۆزێتەوە ، لەلای وەستایەکی بەرگدروو بوو بە شاگرد لەبەر ئەوەی زیرەك و گوێڕادێرە بوو وەستاکەی رۆژانەیەکی باشی بۆ بڕیەوە.

ڕۆژێ وەستا دەستێ جلی نایابی تەواوکرد خستیە بوخچەیەکەوە وە بەنیهالی وت
ئەم دەستە جلە ببە بۆ کۆشکی گوڵان کەوا لەوپەڕی شارەوە بیدەرەوە دەست
(نیگارخانم) .

ئەویش بوخچەکەی هەڵگرت و بە پرسیار ماڵەکەی دۆزییەوە لە دەرگای دا دەست
خواست و چووە ژوورەوە دەستە بەرگەکەی پێشکەشی نیگارخانم کرد ئەم
پاکەتێك شیرینی و هەندێك پارەی شاگردانەی دایە.

بەڵام نیهال بەتیری برژانگی نیگار دڵی پێکا وە ئەژنۆی شکا ، هاتەوە لەوەستای پ
: ئایا شتێك لەسەربوردی نیگارخانم نازانی ؟

وەستا لەوەراما وتی : نیگار کچی پیاوێکی ناودار و دەوڵەمەندی ئەم شارەیە لە
باوك و دایکی مردوە ، سامانێکی زۆری بۆ بەجێماوە ئەم کچە شوو بەکەس
هەرکەس بچێ بۆ خوازبێنی پەڵپێکی وای لێئەگرێ کەلەتوانای ئەو کەسەدا نەبێ وە
هەفتی دەستێ جلی بۆ ئەدروم.

ئەمجا نیهال سەعات و ڕۆژی ئەژمارد ئاخۆ کەی هەفتە تەواو ئەبێ دەستە جل بباتە
بۆ نیگاری خۆشەویستی.

تا سێ هەفتە خۆی ڕاگیرکرد سەری چوارەی ڕازی دەرونی خۆی لەلای نیگ
هەڵڕشت ئەویش بەزەردەخەنەیەکی قەشمەرییەوە وتی : هەرکاتێ تۆ توانیت کۆشکێکی
لە کۆشکەکەی خۆم خۆشترم بۆ دروستبکەی و ملوانکەیەکی ئەڵماسم بۆ بکڕی
ئەوکاتە بە ئاواتی خۆت ئەگەی.

نیهال ئینجگاری ئەوەندەی تر ئەژنۆی شکا هاتەوە ئەم گفتوگۆیەی بۆ وەستای گێڕایەوە
ئەویش پێوتی : ( چۆلەکە تۆ خۆت چیت و گۆشتاوت چیە ؟) وە تاوی دارێکی لە
نیهال داو دەریکرد وتی: بڕۆ کۆشکێك و ملوانکەیەکی ئەڵماس پەیدابکە
بەداخوازت بگەی .

یهال چەند رۆژێك پەرێشان سوڕایەوە هەتا رێی کەوتە بەر حوجرە بازرگانێك تومەز
ەم بازرگانە (حاجی پیر)ە بوو کە ئەو رۆژە نیهال نان و پێخۆری بۆ هێنابوو خستبوویە
ەر رێ.
ە چاوی بە نیهال کەوت دەستی کردە لە مل کرد و لەماڵی خۆی میوانداری کرد و
ەرمایەیەکی قورسی پێبەخشی و دەستگاو دوکانێکی باشی بۆ دانا کە بازرگانی بکا وە
حواش یاریدەی دا لەماوەیەکی کەمدا کۆشك و ملوانکەی ئەڵماسی پێك هێنا وە
ەدڵخوازی خۆی گەیشت نیگاری مارەکرد.
منالەکان لەم چیرۆکەوە ئەم پەندە وەرگرن:
ۆ چاکە بکە وە بیهاوە رووبار
لە داماویدا پێی ئەبی رزگار ژ/١٣١٩

........

٨١. گاڵتەوگەپ ١٣٢٠

یەکێ بوو یەکێ نەبوو ، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، کەس لەبەندەی خراپ
رورەشتر نەبوو، لەسەردەمی هەرەپێشودا پیاوێك هەبوو ناوی (أبن سینا)بوو ئەم پیاوە
لەئەندازە بەدەر زیرەك و دانابوو بڕیاری دا کتێبێك بنووسێتەوە بەناوی (علمی قیافە=
شێوە شوناسی) بە پێیە ماوەی چەند ساڵێك ژیانی خۆی بۆ ئەم ئامانجە تەرخانکرد
(دەفتەر = تۆمار) ێکی گەورەی لەپاشکۆی ئەسپەکەی دابەست شار بەشار و دێ بە
دێ ئەگەڕا چاوی بەشێوەی هەرکەسێك بکەوتایە رەوشت و خو سوودو زیانی ئەو
کەسەی تێدەگەیشت و لە تۆمارەکەیدا ئەینوسیەوە.
رۆژێك لە رۆژان لەتەنگی بانگی شێواندا رێی ئەکەوێتە قەراغ کوێرە دێیەك لەناکاو
لە کابرایەکی تەنگە قەوی شەش قەبرغەی گەدە گۆین بەرەنگاری ئەبێ (أبن سینا)
لەدڵی خۆیدا ئەڵێ : ئەم کابرایە لە خراپە زیاتر خێر و چاکە بەناوچەوانیەوە نیە وە

خەریك ئەبێ بەسەر سوارییەوە رەوشت و خوی لەتۆمارەکەدا بنوسێتەوە کو...

کابرا جلەوی ئەسپەکەی ئەگرێ و ئەڵێ : خۆش هاتی فەرِ و بەرەکەتت هێ...

زانای مەزن فەرموو بچینەماڵەوە پارویەك نان بخۆین تا بەهۆی پێی پیرۆزتانەوە بەر...

رومان تێبکا .

(أبن سینا) ئەڵێ : باوکم لێم لادە ئەچم لە هەیوانی ئەو مزگەوتە لێی ئەکەوم نا...

ماڵی کەس.

کابرا بەزۆر و خواهش ئەڵێ : ئەبێ هەر بێیت ئەگەر قسەم بشکێنی خۆم ئەکوژم

ئەویش چاری ناچار ئەچێ و لەماڵەکەی دائەبەزێ.

ماڵو منالّ هەریەکە لەلایەکەوە دەست ئەکا بە خزمەتکردنی. یەکێك دۆشەکێ...

رائەخا، یەکێك برنج ئەبژێرێ ، یەکێك مریشك سەر ئەبڕێ ، یەکێك شەربەتی ئە...

بەردەم وە یەکێك دەستەو نەزەر لەبەردەمیا بۆ خزمەت ئەوەستێ (أبن سینا) لە...

پەژارە دارودڵ تەنگ ئەبێ لەدڵی خۆیدا ئەڵێ : من وتم : ئەم کابرایە خێرو...

بەناوچەوانیەوە نیە کەچی بۆمن بوو بە بارانی رەحمەتی نیسانی کەگژو گیا و گ...

ژاکاو و تینوی پێ ئەبوژێتەوە بەم جۆرە منی لە ماندویەتی و برسیەتی حەساندەوە.

کەوابوو هەرچیەکم لە (علمی قیافە = شێوە شوناسی) نووسیوەتەوە هەمووی هە...

وە ئەبێ کتێبەکەم بسوتێنم ئەو شەوە تا رۆژ لەخەفەتانا خەوی لێناکەوێ وەك مارانگ...

هەر گینگلئەدا.

کابرایش ئەڵێ : قوربان رەنگە قاچت لە ئاوەزەنگی دا ماندوو بووبێ بۆیە خەو...

لێناکەوێ، دەست ئەکا بەقاچ شێلانی.

لەبەرەبەیاندا (أبن سینا) روونەکاتە کابرا ئەڵێ : ئەسپەکەم بۆ زین بکە با برۆم خ...

ماڵتان ئاواکا.

کابرا ئەڵێ: ئەسپی چی ؟ ئەمشەو دە دینارم بۆ خەرجکردوی.

(ابن سینا) دەستەکا بە پێکەنین ئەڵێ : ئەوە دە دینار، ئەسپەکەیش بۆخۆت . سوپاس زۆرم بۆ خوا بەس نەبوو بیروباوەڕ و کتێبەکەم بەهەڵە دەرنەچوو . هەڵئەستێ و ئەڕوا.

منالە خۆشەویستەکان : لەم چیرۆکەوە تێئەگەن پیاوی زانا بەهەڵە ناچێ ئەگەر پیاوی خراپ نەبێ بەرپێشیەوە ڕێی لێهەڵەبکا.کەوابوو پێویستە لەسەرتان هاوڕێی ئینسانی خراپ نەکەن. ژ/ ١٣٢٠

.........................

**٨٢. پادشاو ئاشەوان ١٣٢١**

ئەگێڕنەوە پاشای پروسیاو ئەڵمان نەرەدێکی گەورە لە کەناری شاری بەرلین کۆشکێکی دروست کردبوو ناوی نابوو "خانەی بێ...خەم" ڕۆژێ لەڕۆژانی هاوینی (١٧٦٤)م کەتازە شەڕی حەوت ساڵەی تەواو کردبوو، لەخانەی بێخەم لەژووری کتێبخانەکەیدا دانیشتبوو بیری ئەکردەوە، لە دڵی خۆیدا ئەیوت: خوایە سوپاسی زۆرم بۆتۆبە کە ئاگری ئەم شەڕە شوومە خانمان سۆزەت کوژاندەوەو پایانی هات. ئیتر ئەتوانم چەند ڕۆژێ بۆ خۆم بە ئاسوودەیی و دڵشادی لەم کۆشکەدا بحەسێمەوە. ئێواران پیاڵەیك شەرابی دێناری بخۆمەوەو بەدیدەنی نیگارم چاوو دڵ ڕوون بکەمەوە وە بەئاوازی دڵنەوازی سازو کەمانچە دەماخم پەرداخ بدەم، کەچی نەیزانیبو چەرخی چەواشە پیشەی جەنایەوە میملێ ئەربابی سەفایە. کت وپڕ لە دەماخی وەلەناکاو لەدەرگا درا. سەرپەردەدارەکەی ئەوەندەی کەرێك گوێ بدات بەیەکا جەوالێکی پڕ لە سکاڵا، نامەو نووسراوی خەڵکی بەکۆڵەوە بوو لەبەردەمی پاشادا هەڵی ڕشت. نار ناخی نووسراوەکان ئەمانەبوون:

یەکێ خانووی ڕووخاوە، یەکێ خەرمانی سووتاوە، یەکێ کوڕی کوژراوە، یەکێ برای بەدیل گیراوە، یەکێ ماڵی بەتاڵان براوە، یەکێ لە ئاوا خنکێنراوە... وە ئەم خەڵکە بە

جارێ داوای یاریدەیان لە پادشا ئەكرد. پاشا ئەمەی دی ڕۆژی ڕووناكی لێ بووە شەوی تارو هەنگوین لە دەمیا بوو بە ژەهری مار.

بەم پێیە (خانەی بێ خەم)ی لێ بوو بە خانەی ماتەمو خەم، چاری ناچار پاشا لەگەڵ وەزیرەكەی ژوورێكی لە كۆشكەكەی تەرخان كرد كە دووربێ لە قرەو ژاوە ژاو شەوو ڕۆژ بۆ دەردی ئەم داماوانە تێ بكۆشێ خانوویان بۆ دروست بكات مووچەیان بۆ ببڕێتەوەو زیانیان بۆبژێرێ. ڕۆژێك پاشا كە بیری لەم كارە ئەكردەوە گرمە گرمێكی ناخۆشی هاتە بەرگوێی لە نۆكەرەكەی پرسی: ئەو گرمە گرمە چییە

ئەویش لە وەڵاما وتی: ئەوە ئاشێكە لەم نزیكەوە كارئەكات.

پادشا وتی: برۆ هەرئێستە ئاشەوانەكەم بۆ بانگ بكەرە ئێرە.

كاتێ ئاشەوان هات پادشا نەڕاندی وتی: كوڕە ئەو گرمە گرمە چییە. تۆ نازانی مێشك لەسەرما نەما، ئاشەوان بە دەنگێكی نزمو بە نەرمی وتی: پادشا ئەوە دەنگی ساز سەمتوری منە چونكە لە منالیا كە لە بێشكەدا بووم لای لایەم دەنگی ئەم ئاشە بوو وەبەم دەنگە مێشكم ڕاهاتووە ئەم دەنگەم لە ئاوازی بولبول وەنەغمەی (داود) گەلێ خۆشترە چونكە هۆی گوزەرانو بەختیاریمە.

پادشا: ئێستا گاڵ ئەدەم ئاشەكەت وێران بكەن.

ئاشەوان: ئاشی من بەتۆ وێران ناكرێ چونكە بێ دادی پیشەی تۆنییە پیشەی جەنگیزخانە ئەگەر ئێمە كزو هەژاربووین تۆیش بەپاشا هی نامێنیتەوە.

پادشا: كەوابوو پارەت ئەدەمێ لە شوێنێكی تر ئاشێكی تازەو لەمە چاكتر بنێرەوە.

ئاشەوان: ئەم ئاشە یادگاری بنەماڵەو باپیرە گەورەمانە بە هیچ جۆرێك بە پارە نایفرۆشم. باوكم پێش مردنی ڕاسپاردی بۆ كردووین كە هەرچەند هەژارو دەست كورتیش بین نەی فرۆشین پادشا قسەی ئاشەوانەكەی زۆر پێ خۆش بوو وتی: ئافەرین بۆ تۆ كە لەسەر حەق ئەڕۆی وە نیشتمانی باوك و با پیرت بە پارە نافرۆشی دا خەڵاتێكی قورسی ئاشەوانەكەی كرد.

***

منالە خۆشەویستەکان: ئەم چیرۆکە پەندێکە بۆ ئێوە کە ئەبێ لەسەر حەق برۆن هەرچەندە دەردی هەژاری‌و تاڵی بنۆشن نابێ یادگاری باووباپیرو نیشتمان بە پارە بفرۆشن. ژ/ ١٣٢١

........................

## ٨٢. بازرگان‌و سوڵتان مەحمود ١٣٢٢

یەکێ بوو یەکێ نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، ئەگێڕنەوە لە سەردەمی هەرە پێشیندا لە وڵاتی ئەفغانستان سوڵتان مەحمودی غەزنەوی لە قەڵەمڕەوی خۆیدا بۆ هەر شارێك کار بە دەستێکی ئەنارد کە گوزەرانی شارەکە بەڕێوەبەرێ ئەم کار بەدەستەی ناونابوو سەرکار. ڕۆژێك لە ڕۆژان پیاوێکی بازرگان چوار ئێستری بارکرد لە چینی‌و فەغفوری‌و ئەیبرد بۆ وڵاتی ئەفغانستان کە بیفرۆشێ، گەیشتە دەروازەی شاری قندهار کابرایەکی باجگر هاتە سەر ڕێی کوتەکێکی دا لەتایەکی بارێکیان وتی: کوڕە بارەکەت چییە؟ بە جارێ چینی‌و فەغفوری هەمووی شکاو ووردو هاڕبوو.

بازرگان وتی: کوتەکێکی تر بدە لە تایەکەی تری ئەبێ بە هیچ بەم پێیە کابرای باجگر هەرچوار بار چینی‌و فەغفورییەکەی شکان، بازرگانی چینی‌و فەغفوری شکاو بە دڵی شکاوو زویری ڕووی کردە شارو چووە بەر کۆشکی سەرکار هەرچەند سکاڵای خۆی کردو پاڕایەوە جگە لە دەنگی سازو نەی وەزڕەی پیاڵەی مەی وەرامێکی نەبیست. چونکە سەرکار سەرگەرمی کەی و ڕابواردن بوو. کابرای بازرگان چاری ناچار ملی ڕێی گرت بۆ شاری غەزنە بۆلای سوڵتان مەحمود چەند ڕۆژێك دەشت‌و هەردی بڕی لە دەمی ئێوارەیەکدا گەیشتە قەراغ شاری غەزنە کە تەماشای کرد قەرەباڵغییەکی زۆر کۆبۆتەوە، سوڵتان مەحمود چۆتە سەر کورسییەك‌و وتار ئەخوێنێتەوە و ئامۆژگاری خەڵك ئەکات وە لە وتارەکەیدا ستایشی خۆی دەکاو خۆی هەڵ ئەکێشێ ئەڵێ: ئەی

ژێر دەستانی من بە چاوی وردبینی تەماشا کەن بە چرای داد پەروەریم، وڵات ڕووناکە لە زۆردارو پیاو خراپان خەڵك دڵنیاو بێ باکە، کوشندەو زۆردار کە گورگی بۆزە بۆ بەرخی کۆرپە دایکی دڵسۆزە، زۆردار توایەوە وەك بەفرەکەی پار وڵات بەهۆی من چیمەنەو گوڵزار.

کە بازرگان ئەم قسەو شعرانەی بیست یەك دوو موورەی بۆ لێ دا دوای ئەوەی سوڵتان لە وتارەکەی بووەوە فەرمانی کرد کابرای بازرگانیان بۆ هێناو وتی: ئایا نازان کە من خەلیفەم وەسایەی خوام لەم سەرزەمینە؟ تۆ مورە بۆ من لێ ئەدەی؟ وە کاڵی دارکارییەکی باشیان کردو بەرەڵڵایان کرد.

کابرا بە لەشی شکاوو کیسەی بێ دراوچوو لە گۆشەی مزگەوتێکا لێی کەوت شەو بەسەرهات، سوڵتان مەحمود لە خەویا گوێی لە ناڵەو هاوارێك بوو کە ئەیوت: خوا مەحمودی زەوڵی ئێستە نووستووەو دەرگای داخراوە، بەڵام تۆ مەحمودی بێ زەواڵی خەبەرو ئاگاداری وە دەرگات دانەخراوە تۆڵەم بسێنە.

سوڵتان بەسەر سامی لە خەو ڕاپەری‌و دەستی کرد بە گریان وە بە پاسەوانەکانی وت بچنە دەرەوە تەماشا بکەن ئاخۆ کێیە لە دەست ستەمکار ئەناڵێنێ بۆمی بهێن پاسەوانەکان چوونە کۆڵان هەرچەندە گەڕان وەکونو قوژبینیان پشکنی کەسێکیا نەدی. هاتنەوە وتیان: هیچ کەسێکمان نەدی.

سوڵتان لێی نوستەوە هەمدیسان هەر ئەم خەوەی دییەوە ئەمجا ڕاپەڕی شمشێرەکەی بەست وە بە شارا دەستی کرد بە گەڕان هەتا گەیشتە بەر ئەو مزگەوتەی کە بازرگانەکەی لێ بوو ئەمجا بە ڕاستی ئەك بە خەو گوێی لە ناڵەو هاوارەکە بوو چوو ژوورەوە لە کابرای پرسی: کێ دەست درێژی لێ کردوی؟ بۆچی هاوار ئەکەی؟

بازرگان وتی: من ئەو کەسەم کە ئەمڕۆ دارکاریت کردم سەربوردی خۆی‌و باجگرا سەرکاری بۆ گێڕایەوە.

سولتان ناردی بە شوێن باجگرو سەر کاردا هەردو کیانی بە دارا هەڵواسیماڵەکەیشی بۆ کابرای بازرگان بژارد.
منالە خۆشەویستەکان:- ئەم چیرۆکە پەندێکە بۆ ئێوە کە ئەبێ بزانن تەنیا قسەی زل ناچێتە جەوالەوە، هەتا کردەوەی بەرزی لەگەڵ نەبێ. ژ/١٣٢٢

.........

**٨٤. لێبوردن زەکاتی زاڵبوونە! ١٣٢٣**

منالە خۆشەویستەکان هەفتەی رابردوو چیرۆکی(سلطان محمودی غزنوی)م پێشکەشکردن . وا ئەمجارە چیرۆکێکی روداوتان بۆ باس ئەکەم کە چیرۆکی قارەمانی مەزن (سلطانی داریکەلی شێخ محمودی نەمر)ەوە نەختێکیش لەرەوشتی بەرزی بگەن.

.........

خاوەنی چیرۆك هەمیشە لەسەر بەرنامەیەکی دینی وە پەزیشکی ژیاوە کە بۆ لەشساغی بەکارە وەکو : نوێژی پێنج کاتە، رۆژوگرتن، داوێن پاکی ، توخن نەکەوتنی ئەو شتانەی کە سەرخۆشی و بێهۆشی ئەبەخشێ و زیان ئەگەیەنێ بە ئینسان، ئەوشتانەی هێز ئەداتە بەر لەش وەکو: (وەرزش = ریازە) ی ئەسپ سواری، بەپێ بەچیادا سەرکەوتن ، گەرانی دەرودەشت.
شێخی نەمر لەکلتێکا لەتەمەنی هەژدەساڵیدا ئەبێ مامۆستایەکی زۆر زەبر دەست و زانای ئەبێ.
رۆژێك لەرۆژانی هاوین بە مامۆستاکەی ئەڵێ : ئەبێ سبەینێ بەیانی لەتەکمابێ یت بۆ دێی (تودێ)بۆ ئەوەی چەند رۆژێك لەناو ئەو رەزو باخا رابوێرین وە پشوویەکی پاك وەرگرین و بەدیمەنی ئەو چیا رەنگینانە چاو روونبکەینەوە.
مامۆستایش ئەڵێ : باشە فەرمانبکە وڵاخان بۆ ئامادە بکەن.
شێخ ئەڵێ : من ئارەزوو ئەکەم بەپێ برۆم ئەگەر تۆ بەسواری دێیت کەیفی خۆتە.

ئەورۆژە بۆ سبەینێ لەدەمی هەڵهاتنی ئەستێرەکەی بەیاندا هەردووکیان بەێ
ئەکەونە ڕێ ئەگەنە سەر(ئەستێر)ەکەی کارێزی (حسینی عزیزە جۆلا) دنیا
ئەبێتەوە و دۆست و دوژمن لێك ئاشکرا ئەبێ لەوێ نوێژی بەیانی ئەکەن لەگە
پاڕانەوە لەخوا = موناجاتی سەحەری.

ئەمجا وردە وردە بەرەو ژوور ئەبنەوە بۆ دەربەندەکە و بە چیای گۆیژەدا سەرئەکەو
جارانی زوو لەسەری گۆیژە بە وشکە کەڵەك ژوار دیوارێك دروستکرابوو ڕوەک
پەیەکی سوری گەورەی لە ناودا دانرابوو کە موڵەیەکی لەسەربوو کە هەمیشە
لە ئاو لەکارێزەکەی قەراغ شارەوە لەسەر ئەرکی (حاجی کاك ئەحمەدی شێخ ق.س
ئاوی بۆ ئەهات ، کە ئەگەنەلای کوپەکە شێخ بە مامۆستا ئەڵێ : بالێرە ئەختێ دابنیش
پشویەك بدەین وە سەیری دوو دیمەنی شیرین و ڕەنگین بکەین کە دوو دیارمان لێدیار
بەم دیوا سولەیمانی و زنجیرەشاخی گڵەزەردە و بەرانان بودیوا چیاو نزاری سرۆچك
شارباژێر.

هەدووکیان دائەنیشن چەند دانە(فنجانێ)ێکیان پێئەبێ دەست ئەکەن بە خواردن
وەختێك ئەحەسێنەوە ئەمجا هەڵئەستن بەودیوا شۆڕئەبنەوە ئەگەنە دووڕیانەکەی کە لانە
بۆ (نۆدێ) لەناکاو لەناو چڕو بێشەیەکا دوو زەلامی تەریدە دەست بەکوتەك لێیان
ڕائەپەڕن ئەنەڕێنن ئەڵێن : چیتان پێهەیە بۆمان دابنێن .

مامۆستا لەترسا ڕائەکا ئەچێتە بن دەوەنێکەوە .

شێخ بەتەنیا ئەمێنێتەوە هەرچەند ئەڵێ هیچ گومان نابەم وە هیچم پێنیە کەڵك ناگری ل
بەرۆکی بەرنادەن ئەیانەوێ ئازاری بدەن ئەویش بەیاریدەی خوا شێر هەڵمەت ئەیانە
سەریەکێکیان بینەقاقای ئەگرێ و نیوەتاساو پەلبەستی ئەکا ئەوی تریان ڕا ئەکا
لەبەردێك هەڵئەنگوێ و ئەکوێ بەخوا سواری سەری ئەمیشیان ئەبێ و پەلبەستی ئەکا
کە لەمانە ئەبێتەوە داربەلالوکێکی تەڕی ئەستور ئەبڕێ کوێت دێشێ هەتا ماندوو ئەبێ
دارکاریەکی باشیان ئەکا دوایی کە سەیر ئەکا سەروگوێلاکیان شکاوە و خوێنی پیادێ

خوارەوە بەزەیی پێیانا دێتەوە قۆڵیان ئەکاتەوەو سەر و رویان ئەسرێ ئەڵێ: لێم ببورن، ببەخشن، مامۆستاکە چاوی بەمە ئەکەوێ رووئەکاتە تەریدەکان ئەڵێ: نامەردینە ئەوە بۆچی نایکوژن ؟

شێخ ئەڵێ: مامۆستا بۆچی بمکوژن ئەوان رێیان بەتۆ گرت کە بتکوژن ئێستا تۆ بەسەر ئەوانا زاڵ بووی بۆچی تکای لێبوردنیان لێئەکەی ؟

شێخ: ئایا نازانی ؟ ماڵات ، زێڕ و زیو ، دانەوێڵە ، ئەم شتانە خوا زەکاتی لەسەر پێویست کردووە. لێبوردنیش زەکاتی زاڵبوونە. بەم پێیە تەریدەکان تۆبە ئەکەن و لە خراپەئەگەڕێنەوە .

منالەکان ئەگەر کەسێك دەست درێژی لێکردن دوای ئەوەی کە بەسەریا زاڵ بوون پێویستە لێی ببورن وە ببیەخشن بۆ ئەوەی ئەوکەسە شەرم بیگرێ جارێکی تر دەست درێژی لەکەس نەکا. ژ/ ١٣٢٣

.........................................

## ٨٥. پادشاو ماسی گر ١٣٢٤

کەسێ بوو کەسێ نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، ئەگێڕنەوە لە فەرمان ڕەوای پادشا (خەسرەوی پەروێز) دا پیاوێك هەبوو ئێجگار زیرەكو دلێربوو لەگەڵ ئەوەشدا زۆر هەژارو ڕووت بوو خێزانێکی زۆری کەوتبوو بەسەردا وە هیچ هۆی ژیانی نەبوو لەمە زیاتر بەیانیان تۆڕەکەی هەڵئەگرت ئەچووە سەر ڕووبار خۆیو بەختی چەند ماسییەکی (خرتەکەی) ووردی ئەگرت ئەیهێنایەوە ئەیفرۆشت ئەیدا بە نان بۆ خێزانەکەی.

ڕۆژێك لە ڕۆژان مامەی ماسی گر چووە سەر ڕووبار لەگەڵ تۆڕەکەی خستە ئاوەوە بەخت یاریدەی دا ماسییەکی گەورەی هوملی پێوەبوو لە دڵی خۆیدا وتی: بیستومە

پادشا خەسرەوی پەرویز زۆر حەز لە گۆشت ماسی ئەکا وە ئەم ماسیەش زۆ

نایابە وا چاکە بە دیاری بیبەم بۆ پادشا بەڵکی پاداشێکی زۆرم بداتێ.

ماسییەکەی دابە کۆڵیاو ڕووی کردە دەرباری شاهی وە پێشکەش پادشای کرد،

ماسییەکەی چوو بە دڵداو پەسەندی کرد. فەرمانی کرد بە خەزنەدار چوار هەزار

زیوی بدەنێ ماسی گر بە سوپاسەوە وەری گرت وە بۆی دەرچوو (شیرین

سەرتەختێکی جەواهیر بەند پاڵی دابووەوە بەزەردەخەنەوە ڕووی کردە خەسرەو

دابوەشێ بۆ ئەقڵو سەلیقەت، بۆ ماسیەك کە نرخی دە تمەنی نیە چوار هەزار تمە

بەردا. ئایا ئەزانی ئەم پارەیە ماڵی گەلە بە سپاردە لەلای تۆ دانراوە؟ ئەبێ بۆ

خەرج بکرێ نەك بۆ گەنجەفەو ئارەزوی خۆت. خەسرەو لە وەرامدا وتی: تازە

برو گوزەشت شوورەییە بۆ پادشاهان کە شتێکیان بەخشی وەری بگرنەوە.

شیرین وتی: من ئەتوانم فێڵێك بخەمە کار کە بەبێ شورەیی‌و ئابڕوو چوون پارەکە

بسێنیتەوە. بنێرە بە شوێن کابرای ماسی گردا لێی بپرسە بڵێ ماسییەکەت (مێ) بە

(نێرە) ئەگەر وتی مێیە بڵێ ماسی نێرم ئەوێ وە ئەگەر وتی نێرە بڵێ ماسی مێم ئەوێ

بەم جۆرە ئەتوانی پارەکەی لێ بسێنیتەوە هیچ ئەنگی تیا نییە.

ناردیان بە شوێن ماسی گردا هات، پادشا لێی پرسی کوڕە ماسییەکەت مێیە یان نێ

ماسی گر تۆزێ بیری کردەوەو وتی: پادشام ماسییەکەم نەمێیەو نەنێرە (نێرەموکە).

پادشا دەستی کرد بەپێکەنین فەرمانی کرد: چوار هەزار تمەنی تری بدەنێ.

کابرا ئەمجارەیش سوپاسی بەجێ هێناو پارەکەی وەرگرت، گەیشتە بەردەرگا تمەنێکی

کەوتە خوارەوە دانەوییەوە هەڵیگرت،

پادشا چاوی لێبوو بانگی کرد لێی توورە بوو وتی: پیاوێکی ئەوەندە ڕژدو پیسکە

ئەم هەموو پارەیەت وەرگرت کەچی بۆ تمەنێك دانەویتەوە. گۆڕ وایە هەرچییەک

وەرگرتووە بیدەیتەوە.

ماسی گر لەوەڵامدا وتی: دانەوینەوەم بۆ ئەمەنەکە لەبەر پیسکەیی‌و رژدی نەبوو چونکە ویەو ناوی تۆی لەسەر نەخش کرابوو لە دڵم گرانهات لەسەر زەوی بکەوێ‌و یەکێك بە ئەشارەزایی پێی پیابنێ پادشا ئەم وەڵامەی پێخۆش بوو فەرمانی کرد چوار هەزار ئەمنی تریشی بدەنێ.

کابرا ئەم جارەیش سوپاسی بەجێهێناو بۆی دەرچوو ئەمجا خەسرەو ڕووی کردە شیرین‌و وتی: منت نارد بۆڕیش کەچی سمێڵیشم نایە بانی.) وە فەرمانی کرد جار بدرێ بە وڵاتا کە هیچ پیاوێك بە ڕاوێژی قسەی ژن نەجووڵێتەوە. ژ/١٣٢٤

---

## ٨٦. (کەڕەنای ئیسرافیل) ١٣٢٥

یەکێ بوو یەکێ نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، ئەگێڕنەوە لە سەردەمی پێشودا پیاوێك هەبوو ناوی (مام گۆپاڵ) بوو ئەم پیاوە کارو پیشەی کەڕەنا لیدان بوو. ئەگەر لە شاردا شایی‌و زەماوەندێك بکرایە بانگیان ئەکرد بۆ کەڕەنا لێدان ئەویش بە وەرگرتنی شاباش پارەیەکی زۆری مست ئەکەوت.

را ڕێکەوت سەرداری شار مرد بەم هۆیەوە خەڵك کەوتنە شین‌و ماتەم وە تا ساڵێك هیچ کەسێك شایی‌و زەماوەندی نەئەگێڕا تامام گۆپاڵ بانگ بکا بۆ کەڕەنا لێدان وەشتێکی دەست بکەوێ. بەم پێیە مام گۆپاڵ کە خاوەنی خێزانێکی زۆربوو کزو بێ گوزەران مایەوە، ڕۆژێك لە ڕۆژان بڕیاری دا کە لەم شارە کۆچ بکاو بڕوات بۆ شارێکی دوورەدەست. وە سوێندی خوارد هەتا نەبێ بە خاوەنی سامانێکی زۆر سەرنەکاتەوە بەوڵاتا. ئەو ڕۆژە بۆ سبەینێ کە ڕەناکەی نایە بن دەستی‌و ڕاستەوخۆ لە دیاری کوردستانەوە ڕێی دەشت‌و هەردی گرتە بەر دوای بە ینێك ڕۆژێك لە تاریکو لیلەی بانگی شێواندا گەیشتە بەردەروازەی شاری ئەرزەڕوم کە تەماشای کرد لەوبەری شارەوە کۆشکێکی بڵند دیارەو چرای لێ ئەسوتێ. ڕووبەڕووی کۆشکەکە بوو بینی دەرگاکەی کراوەتەوە سەری کێشایە ژوورەوە چی ببینێ؟ حەوشی

کۆشکەکە پڕگوڵو گوڵزار وە درەختی بەردار حەوزو فوارەیەکی مەرمەڕ...

ناوەڕاستیو بە چواردەوریدا تەختی ئەبەنووس دانرابوو. وە لە هەموو جۆرە خوا...

خواردنەوەی نایابو بریانیو پەردە پلاو لەسەر مێزو ڕێك خرابوو بەلام ...

هەستی کەسی لێ نەهات مام گۆپاڵ لە بن دەرختێکا خۆی حەشاردا وتی: ...

ئەبینم؟

دوای کەمێ سەیری کرد پیاوێکی بە شانو شکۆ بەسواری ئەسپێکی عۆزیانی سەک...

سەری کرد بەباخی کۆشکەکەدا ئەسپەکەی بەدرەختەکەوە بەستەوەو خۆی چوو لە...

تەختێك پاڵی دایەوە تومەز ئەم پیاوە پادشابوو وە کۆشکەکەیش خەڵوەتخانەی ...

ئەوەندەی پێ نەچوو کچێکی جوانی قەد عەرعەری پەری پەیکەر پەیدا بوو، پادشا ...

بەپیریەوە وتی: وەرە پێکەوە خەم بدەین بەباد، بەمرازی یەك دڵمان بکەین ...

هەردوکیان دەستەملانی یەکتر بوون وە بەجووت لەسەرتەخت دانیشتن دەستیان ...

بە شەربەت نۆشین دوای کەمێ هەردوکیان خۆیان ڕووت کردەوە چوونە پەر...

کولەوە کەمام گۆپاڵ چاوی لەم کەینو بەینە بوو بەهەموم هێزی خۆی فووی کرد...

کەرەناکەیا، پادشا هاواری کرد وتی: ئەمە دەنگی کەرەنای ئیسرافیلە دونیا دوایە...

بە لەشی ڕووتەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەی ڕایان کردە دەرەوە.

مام گۆپاڵیش هەتا توانی لە خۆراکە خۆشەکانی خوارد وە خشڵو جەواهیر...

کچەکەو کەلوپەلی پادشای پێچایەوە لە پاشکۆی ئەسپەکەی قایم کرد وەسواربوو ...

لەخانێك لێی نوست.

بەیانی ئەسپەکەی بردە بازاڕ بیفرۆشێ خەڵك ئەسپەکەیان ناسییەوە مام گۆپاڵیان ...

ئەسپەکەوە ڕاپێچ کرد بۆ دیوان.

پادشا:

بە



سعید فوزی

خەڵکی سلیمانییە کوڕی صوفی قادری آغا قاسمە
لە سالی [١٣٠٠] هجری لە سلیمانی هاتوتە دنیاوە
لە مکتب رشدیە عسکریە سلیمانی و اعدادی عسکری بغداد تحصیلی کردووە لە پاشا تەواو بونی تحصیل
بوە باشقاتبی گومرگەکە لە شاری سلیمانی هەتا ابتدای شری گەورە ١٩١٤
لە سلیمانی وظیفەی باشقاتبی گومرکی دیوە لە پاشا تحویل کراوە بە عینی وظیفە
بو قضای [کویە] هەتا هاتنی انگلیس بو عراق لە کویە ماوە، پاشی ئەوە
بە عینی وظیفە بو گەلی لوا و قضای عراق نارداوە ... لە عینی وظیفە دایە
سعید فوزی پیاوێکی قلندەر روشنفکرە وشاعرێکی بێ وێنەیە اشعاری
فارسی و تورکی و کوردی هەیە لەم کتیبەدا اشعاری کوردی و فارسی درج کراوە
و اشعارەکانی کە بە تورکی خوێیەتی داخل کرانم ... تا درجی لایەق ...
افتخاری بکەم
سلیمانی — نجم الدین ملا —

— وتنی سعید فوزی —

سالان لە دوای زستان سیر و صفای بهار بو — ام سال هەناسەی سردی لە ارزە بەرد و دار بو
سرصر ترانە سازە مرغی کولانە بازە — قومری لە سلیمی درازە بیگانە تار و مار بو
گوڵ بێ همو وشک بون سوسن کران بە خاشاک — دەی عالمی بە قتر دا ... حمل شقار بو
لوییە شقا گل و گل بلبل قری لە سر چیل — نشئە نمانە ... ... هونارە هزار بو
اطرافی آو و سوزی ام سال محالە [فوزی]
خوشە و خوم قوزی وجه حسن خراب بو

لە جریدەی ژیانەوە ژمارە -٢- ... صفر ١٣٤٤ هـ ١ ایلول ١٩٢٤ م دا چاپ کراوە
کە لە موردی عرب هاتە سلیمانی
و جریدەی (ژیانەوە)
دامەزرا

توڕەییەوە: کوڕە ئەم ئەسپەت چۆن دزی؟

مام گۆپاڵ: ئەمدزیوە لە جامبازم کڕیوە.

پادشا: لە چ تەئریخێکدا کڕیوتە،

مام گۆپاڵ: من تەئریخ نازانم بەڵام ئەوەندە ئەزانم لەو شەوەدا بور کە ئیسرائیلی
کرد بە کەڕەناکەدا. ئەمجا پادشا سەری نایە پەناگوێی وتی: ناوم مەزرێنە پێنج
لیرەیشی دایێو کردییە دەرەوە وتی: ئەمە ئەسپی من نییە.

منالە خۆشەویستەکان: ئەبێ بزانن ئەو کەسانەی کە شوێن شتی پڕو پووچ ئەکە
بێجگە لەوەی کە ماڵو سامانەکەیان لە ناو ئەچێ لەلای خواو خەڵکیش ڕیسوا
زوڕناو کەڕەنای بەدناوییان بۆ لێ ئەدرێ.

ژ/١٣٢٥

.........................................

## ٨٧. ڕاستی و ناڕاستی ١٣٢٦

ئەگێڕنەوە لەسەردەمی پێشین دا دوو برا هەبوون بەناوی (باوێل) و وە (بایز)، باوێ
پیاوێکی دەوڵەمەندی بەرچاو تەنگی دڵ و دەرون پیس و ناڕاست. وە بایز هەژا
دەست کورتو و دڵ پاکو بەرچاو تێر بو. ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم دوو برایە لەسە
(ڕاستی و ناڕاستی) کەوتنە گفتوگۆ باوێل ئەیوت: ناڕاستی پیشەیەکی بەرزە سو
بەهرەی لێ وەرئەگری. بایزیش ئەیوت: پیاوی ناڕاست دوژمنی خوایە لەلای خەڵکیش
سوکو ڕیسوایە. لەسەر ئەمە هەردوکیان گرەویان کرد کە بەرێگایەکا بڕۆن لە دوکەس
پرسیار بکەن هەرکامیان گرەوەکەیان دۆڕاند پارەی کەلو پەلی ناوماڵی بدا بەوی تر
هەردوکیان ملی شەقامێکیان گرت دەستیان کرد بە گەڕان. یەکەم جار توشی پیاوێکی
خاوەن زەوی و زاربوون لێ یان پرسی: جەنابی ئاغا ڕاستی باشە یا ناڕاستی ؟ ئاغا
لەوەراما وتی: من ئەم هەمو سامان و زەوی و زارەم بە درۆو ناڕاستی پێکەوە ناوە دیارە
هەر ناڕاستی باشە. لەو تێ پەڕین توشی پیاوێکی بازرگان بون لێ یان پرسی: جەنابی
میرزا..ڕاستی باشە یا ناڕاستی ؟

میرزا لەوەراما وتی: من ئەم هەمو سامانەم بە ناراستی و سوێندی درۆ کۆکردۆتەوە دیارە هەر ناراستی هۆی سەرکەوتنە.

ئەمجا باوێل روی کردە بایز و وتی: لەقسەی خۆت پەشیمان بەرەوە خۆ گرەوەکەت دۆڕاند. بەم پیێ یە پڕ و پیت و کەلوپەلی ناومال و چەند درهەمێکیشی هەبوو گشتی لیێ سەند.

چەند رۆژێك بایز خۆی و خێزانەکەی بەبرسی یەتی مانەوە دوایی پیێ ی نا بەجەرگی خۆیا چوو بۆلای باوێلی برای وتی: منالەکانم چەند رۆژە نانیان نەخواردووە ئەبێ جەوالێك ئاردم بدەیتێ. باوێل بەمەرجێك ئەتدەمێ ئەبێ چاوێکت هەلکۆلم. هەرچەند پاڕایەوە کەلکی نەگرت. چاوێکی هەلکۆلی و جەوالێك ئاردی دایە.

دوای بەینێك ئاردەکە بڕایەوە هەمیسانەوە بایز چووەوە بۆلای باوێل وتی: جەوالێکی ترم ئارد بدەرێ. باوێل وتی: ئەگەر قایل ئەبی چاوەکەی تریشت ئەکۆلم وە بەم مەرجە ئاردەکەت ئەدەمێ.

بایز قایل بو وتی: ئینسان ئەبێ لە پێناوی مالو منالدا هەمو تالی یەك بنۆشێ. باوێل چاوەکەی تریشی کۆلی و ئاردەکەی دایە. دوای بەینێك ئەویشیان خواردو لیێ بڕانەوە. ئەمجا بایز بە ژنەکەی وت پەلم بگرە لەکەناری ئەو شەقامەکە درەختێکی لیێ یە لەبن درەختەکەدا دام بنیێ.

ژنەکەی پەلی راکێشا لەبن درەختەکەدا داینا.ئەو رۆژە هەر رێبوارێك بەلایا رابووردایە شتێکی ئەدایە دەمی ئێوارێ بەپەلە کوتێ هەستا بەرەو مال بێتەوە گوێ ی لە هاژەهاژی لقی درەخت بو کە (با)لیی ئەدا. زانی کە رێی هەلە کردووە ئەمە ئاوەدانی نی یە دارستانە لەترسی درندە و جرو جانەوەر چوە سەر داربەڕوێك ئەوەندەی پیێ نەچو سێ زەبەللاحی چوارشانە دەست بە شمشێر هاتنە ژێر درەختەکە دانیشتن تومەز ئەمانە پالەوانی بارەگای(حەزرەتی سولەیمان) بون دەستیان کرد بە گفتوگۆ،

یەکەمیان وتی: کچی پادشا هەردو چاوی کوێربوە هەر چەندە پزیشکی زانا هەیە لێی کۆبونەتەوە چاریان بۆ ناکرێ.

دوەمیان وتی: لەم نزیکەوە دێ یوکیش هەیە زەوی وزارێکی زۆری هەیە ئاوی پ... بیکەن بە کشتوکاڵ تەنانەت کوێرە کانی یەکیشی تیا نیە کە خەڵك ئاوی لێ بخوات... سێ فرسەخ رێگا ئەچن بەوڵاخ ئاو دێنن بۆ خواردنەوە.

سێ یەم وتی: ئەمە کارێکی ئاسانە ئەگەر ئادەمیزاد ئەقڵی بێ بشکێ لەبەری بەیانی ... دلۆپ شەونمی ژێر ئەم درەختەبکاتە چاوی هەر کوێرێك چاك ئەبێتەوە، ئاو... بەردێکی گەورەیش لەپشت دێ یە بێ ئاوەکەوە هەیە ئەگەر لابرێ سێ ئاشگێر ئاوی لێ دەرئەچێ.

بۆبەیانی پاڵەوانەکان رۆیشتن بایز لەدرەختەکە هاتە خوارەوە چەند دلۆپە شەونمێکی کردە چاوەکانی یەوە دەست بەجێ چاوی وەك دۆخی جاران بینابووەوە.

وە قلکە جەوت= کڵاوی بەڕویشی هێنا پڕی کرد لەشەونم بردی بۆ کچی پاشا چاوی ئەویشی چاك کردەوە وە لەپاداشی ئەو چاکەیەدا دوو باری ئێسترِی ئەشرەفی زێری وەرگرت.

دوای ئەوە هەڵسا چووە دێ یەکە تاوێرە بەردکەی هەڵکەند سەرچاوەیەکی گەورەی لێ پەیدا بوو کوێخای دێ یەکە بەمەی زانی لەپاداشی ئەم چاکەیەدا نیوەی دێ یەکەی لەسەر تاپۆکرد.

بایز بە دووچاوی بیناو سامانێکی زۆرەوە بەرەوماڵ بۆوە. باوێلی ناراستی برای لێ ...رسی: ئەم سامانەت لەکوێ دەست کەوت ؟ وە چاوت چۆن چاك بووەوە ؟ ئەویش ...سەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە. باوێل بۆئەوەی کە فەڕو بەهرەیەکی دەستگیر بێ رووی ...ردە دارستانەکە چووە سەردار بەڕوەکە ئەوەندەی ئەخایان پاڵەوانەکان پەیدا بوون ...یان: جاری پێشو ئادەمی زادێك لەسەر ئەم درەختەبو کەڵکی لە قسەکانمان وەرگرت ...یستە ئەم ئاوە بپشکنین ئاخۆ کەس دیار نیە؟

ئەمجا کەوتنە گفتوگۆ کەسەریان هەڵبڕی باوێلیان بەسەر درەختەکەوە دی دەست بەجێ بەشمشێر کەرتوپەرتیان کرد وە سزای ناراستی خۆی وەرگرت.

منالەخۆشەویستەکان : ئەبێ بزانن هەرماڵ و سامانێك لەرێی ناراستی و درۆزنی یەوە کۆبکرێتەوە وەك بەفری دەمی نەورۆزە زو بەزو بە(بای زریان) ئەتوێتەوە. ژ/ ۱۳۲۶

### ۸۸. سیاموك و پەریزاد ۱۳۲۷

یەکێ بو، یەکێ نەبو، کەس لەخوا گەورەتر نەبو، ئەگێڕنەوە لەسەردەمی دێرین دا کوڕێکی شۆخ و شەنگی لاوچاك هەبو کە هەردو چاوی کوێرو نابینابو. ئەم کوڕە لەکاتی منالّیدا باوکو ددایکی لەدەست چووبوو. لەدووری ئاوایی لەقەدپاڵی چیایەك کە دەوری دارستان بوو خۆی و خوشکێکی لە کوخێکدا ئەژیان چوار سەر (پاتاڵ=مەڕو بزن) یان هەبوو، رۆژانە بە رابەری خوشکەکەی کە دەستی ئەگرت تولەیەکی بازوی هەبوو لەگەڵ خۆی ئەیبرد بۆ دارستانەکە بۆ راو، تولەکە هەر نێچیرێکی بگرتایە ئەیهێنایە بەر دەمی ئەویش لێی وەرئەگرت وە لەگەڵ خوشکەکەی ئەهاتنەوە بۆ کوخەکەی.

رۆژێ لە رۆژان سیاموك لەگەڵ خوشکی تولەکەیان برد و چوون بۆ راو ماوەی سەعاتێك تولە کە ونبوو دوایی کە هاتەوە خۆی لە سیاموك هەڵسو ئەویش وایزانی نێچیری پێیە دەستی برد نێچیرەکەی لەدەم وەرگرێ هەستی کرد نێچیر نیە ملوانکەیە. خوشکەکەی پرسی ئەم ملوانکەیە چیە؟

ئەویش وتی : نازانم من شتی وام نەدیوە. تومەز لە دارستانەکەدا کانی و مێرگێکی خۆش هەبوو ئەو رۆژە(پەریزاد خانم) ی کچی شای پەریان لەگەڵ دەستەیەك لە کەنیزەکەکانی هاتبون بۆ راو دەمی نیوەڕۆ هاتبونە سەر کانی و ئەستێرەکە بۆ

حەسانەوەو (نیوەڕۆژ=قاوەڵتی) کردن ، ئەو ملوانکەیە گەردنبەندێکی ئەلماسی
زۆر نایابی کچی شای پەریان بوو کە لێی بەجێمابوو ، سیامۆك لەگەڵ خورێکە
هاتەوە بۆ کوخەکە گەردن بەرندەکەیان خستە گۆزەڵەیەکەوە.

کاتێ پەریزاد خانم ئەگەڕێتەوە ماڵەوە شەوێ پێئەزانێ کەوا گەردنبەندەکەی لە
کانی و ئەستێرەکە لێبەجێماوە ئەو شەوە لە خەفەتانا خەوی لێناکەوێ چونکە
گەردنبەندە خۆشەویستە وە بەنرخترین شتی ئەبێ.

لەدەمی بەیاندا پەریزادخانم خۆی و کەنیزەکەکانی سوارئەبن دێن بۆ سەرکانی
ئەستێرەکە هەرچەند ئەگەڕێن گەردنبەندەکە نادۆزنەوە.

دوایی لە دارستانەکە سەرەوخوار ئەبنەوە سەیر ئەکەن کوخێکی پچکۆلە دیارە
ئاگری تیا ئەسوتێ ،

کچەکە ئەڵێ : ئەم کوخە ئاوەدانییە وە خەڵکی تیدایە وە خەڵکی تێدایە وا چاکە بچ
پرسیاریان لێبکەین بەڵکو ئەوان گەردنبەندەکەیان دۆزیبێتەوە.

ئەگەنە دەرگای کوخەکە تولەکە پێیان ئەوەڕێ . سیامۆك هەست ئەکا ئەوا زەلا
بێگانە لەدەوری کوخەکەیە دێتەدەرەوە .

پەریزاد خانم ئەڵێ :دوێنێ نیوەڕۆ هاتمە سەر ئەو کانی و ئەستێرە کەلە ئێوەوە نزیکە
گەردنبەندێکم لێ بەجێماوە ئایا ئێوە ئەتان دیوە؟

سیامۆك لەوەراما ئەڵێ : من کوێرو نابینام نازانم گەردنبەند چییە، دوێنێ تولەکە
ماوەیەك ونبوو دوایی کەهاتەوە ئەم ملوانکەیەی بۆ هێنام، دەست ئەبا گەردنبەندەکە
ئەداتەوە بە پەریزادخانم کچەکە لەخۆشیانا گەشکەدار ئەبێ .

ئەڵێ: چی دڵت ئەیگرێ داوابکە پاداشت بدەمێ؟

سیامۆك ئەڵێ: ئەمە بەندو باوی کوردی یە: کوێرە چیت ئەوێ ؟ دووچاوی بینا
بۆئەوەی دنیای روناك وە دیمەنی جوان وە روخساری نیگاران ببینم وە بە پێشە دەستی
توانایی پەروەردگار دڵم رونببێتەوە وە (باوەڕ=عقیدە)م بەهێزبێ.

کچە ئەلێ : ئەمە کارێکی ئاسانە.

سەر هەڵئەبڕێ لەخوا ئەپاڕێتەوە بە پەنجەی بلورینی دەمانێك ئەکاتە چاوەکانی دەر و دەم چاوی بە جۆرێك بینا ئەبێتەوەکە ئەتوانێ لە(رەی)حەساری (قسطنطین) ببینێ . کە سیامەك چاوی بە گوڵی روی پەریزاد ئەکەوێ شێتو شەیدای ئەبێ ، ئەڵێ : پاداشتێکی ترێشم ماوە ئەویش ئەمەیە ئەبێ شووم پێبکەی.

پەریزاد بە زەردەخەنەیەکەوە ئەڵێ: ئەوە بەدەستی من نیە، ئەبێ بۆ ئەم پاداشە داوا لە باوکم بکەی.

سیامەك سواری وڵاغێك ئەکا و ئەیبا بۆلای باوکی (دەست پاکی=أمین داری) سیامەکی تێدەگەیەنێ، باوکیشی پەریزادی لێمارە ئەکا و بەزەماوەندێکی گەورە بۆی ئەگوێزێتەوە بۆ کۆشکێکی خۆش.

سیامەکیش خوشکەکەی و تولەکەی لەیاد ناکا بانگیان ئەکاتە لای خۆی و تا دێرزەمان بەشادمانی ئەژین.

منالە خۆشەویستەکان ، تێبگەن ئینسان بەهۆی دەست پاکی و سەر راستی یەوە بەهەمو ئامانجێك ئەگا دەستپاکی هۆی سەربڵندی و بەختیاری یە.ژ/١٣٢٧

.........

**٨٩. پەندێکی مێژوو ١٣٢٨**

لکێکی لە رۆژنامەی(أمید أستقلال) وەرگیراوە.

یەکێ بوو ، یەکێ نەبوو، لەدەورەی دێریندا لە وڵاتی رۆژئاوادا گاورەکانی(صلیب = چەلیپا) ئیل جارییان کردوە هێرشیان هێنایە سەر رۆژهەڵات ویستیان داگیری بکەن قارەمانی کورد(صلاح الدین ئەیوبی) کە بەمەی زانی لەشکرێکی ئێجگار زۆربەی لە کوردو عەرەب رێکخست شێرانە پێشی پێگرتن . هۆزی جولەکەیش کەلەمە ئاگادار بوون ئەوانیش لەشکێکی پرچەکیان ئامادەکرد وە هاتن بۆ یاریدەی(صلاح الدین )

ئەوەیش بزانن کە جولەکەکان لەبەر خۆشەویستی مسولمانان وە (صلاح الدین)
نەهاتن بۆ یاریدە بەڵکو لەدێر زەمانەوە دوژمنی گاورەکان بوون بەم بۆنەیەوە
باشیان بۆ هەڵکەوتبوو. ئەوەبوو لە ئەنجامدا (صلاح الدین) بەسەر گاورەکاندا زاڵبوو
وە تارو ماری کردن ، ئەمجا دەستی کرد بە دامەزراندنی دەوڵەت.

تاکو تەرایەك عەرەب و کوردی لە ئێشدا دامەزراند بوو، بەشی زۆری کاربەدەستەکانی
جولەکەبوون چونکە ئەقڵی وای بڕئەکرد کە جولەکەکان لەگەڵیا سەر راستن و
نەیدەزانی دەربارەی مسولمان دوژمنێکی پیسو گڵاون.

(صلاح الدین) یەکێك لەم جولەکە پیسانەی کرد بوو بە سەرکردەی پاسەوان
سەرکاری دار کەناوی(فەرعان ئاغا)بو، ئەم فەرمان ئاغایە ئێجگار ناڕاست و
ترۆو کەلەشەق بو. زۆردار و زۆرلێکراو هەرچی بچوایە بەردەمی تەڕو وشکی
بەسەر یەکدا دادەجنی و فەلاقەی ئەکردن.تەنانەت لەگەڵ ژێردەستەکانی خۆیشی
بەدو خراپ بو هەر رۆژە بەبێ تاوان یەکێکی لێدەرئەکردن وە نانی ئەبڕین.

پیرێژنێکیش هەبو لەتافی خۆیدا (٢٤) شویکردبوو لەم دواییەدا جیڕبوبوو و
بوبوبەدالکە فیچان کەس مارەی نەدەکرد وە هیچ پیشەیەکی نەئەزانی خۆی پیرێژنی
رۆژێك بیری لە فێڵ و تەڵەکەیەك کردەوە کە تاسەر بەکامەرانی خۆی پێبەخێو بکا.

دەمی ئێوارە چو لەسەر رێگای (کاظم چەلەبی) کە دەوڵەمەندو ملیونەری شار
لەکەناری شەقامەکە دانیشت وە چاوەڕوانی کرد کاتێ چەلەبی لە حوجرەی
بەرەو ماڵ ئەبوەوە گەیشتە بەردەمی پیرێژن توند داوێنی گرت وتی: رۆڵە روت
من بە شیری سپی بەخێوم کردوی وتۆ کوڕی منی بۆچی بەخێوم ناکەی ئەرکم
ناکێشی؟

چەلەبی وتی: پیرێژن من تۆ ناناسم، من دایکم (٢٠) ساڵە مردووە هەمو خەڵك ئەیزانی
تۆ شێت بوی خەوت دیوە، چ شەڕێك بەمن ئەفرۆشی ؟

پیرێژن تا ئەهات زبانی درێژ ئەکرد و هەهەلەی ئەکێشا ئەیوت: خەلکینە بۆ خوا ئاگاداربن ئەمە کوڕی منە بەخێوم ناکاو ئەمە سالێکە دەری کردوم ئێستا ئەگەڕێم لەمالان سوال ئەکەم.

لەم کاتەدا فەرعان ئاغا بەخۆی و دەستەیەك لە پاسەوانەکانی پەیدا ئەبێ ئەلێ: پیرێژن ئەم هەراو زەنایە چییە ؟

پیرێژن ئەلێ: ئاغا دادم بپرسە ئەمە توخوا کوڕی منە بەشیری سپی بەخێوم کردوە و چەند سال شەونخونیم لەگەل کێشاوە تا گەیاندومەتە ئەم پایەیە کە ئەمڕۆ گەورەترین بازرگان و ملیۆنەری شارە کەچی ئێستا دەری کردوم و بەخێوم ناکا.

ئاغا وتی: من تا ئەمڕۆ زۆردارو زۆرلێکراوم وەك یەك سزا داوە بەلام ئەمجارە بەڕاستی ئەمە مەیدان وە داد ئەپرسم. رویکردە چەلەبی وتی: هەی دلڕەقی بێبەزەیی تۆ چۆن ئەم دایکە پیرەت دەرکردوە و بەخێوی ناکەی، گالێ دا پاسەوانەکان فەلاقەیەکی باشیانکرد ئەمجا وتی: ئەبێ ئەم دایکەت لەکۆل کەی و ببەی لە ژورێکی کۆشکەکەتا دابنێی بەجلو بەرگی نایاب و خۆراکی خۆش بەخێوی بکەی وکارەکەری تایبەتی بۆ بگری.

هەرچەند چەلەبی هاواری کرد وتی: (٢٠)سالە دایکم مردوە هەمو خەلکی گەڕەك ئەیزانن کەلکی نەگرت بەزۆر پیرێژنیان دا بە کۆلیا وە پاسەوانێك شوێنی کەوت، وتی: بیسمەوە بێدلی ئەم دایکەت بکەی لەژێر داردا هەلاهەلات ئەکەم.

لەرێگا برا بچوکەکەی توشبوو لێی پرسی: کاکە ئەم پیرێژنە چییە بەکۆلتەوە ؟

چەلەبی وتی: ئەوە دایکمانە.

وتی: هەی خوابتگرێ ئێمە (٢٠)سالە دایکمان مردوە تۆ ئەم دایکەت لەکوێ بۆ ئێمە پەیداکرد ؟

چەلەبی وتی: روح فەهیم لیئاغا = بچۆ ئاغا تێبگەیەنە. ژ/١٣٢٨

## ٩٠. پادشا و شوان ١٣٢٩

یەکێ بو یەکێ نەبو، کەس لە خوا گەورەتر نەبو، ئەگێڕنەوە لەسەردەمی (میری سۆران) خوالێخۆشبوو (محمد پاشا) ی ڕەواندز لەدەوری فەرمانڕەوایی دەربارەی ژێردەستانی زۆر دڵسۆز و دادپەروەربو لەقەڵەم ڕەوی ئەودا گورگ و پێکەوە ئاوی ئەخواردەوە. ئەم پادشایە هەمیشە زانایانی بەتەمەنی دنیا دیدەی کۆئەکردەوە و ڕاوێژی پێئەکردن پەندو ئامۆژگاری بەسودی لێوەرئەگرتن.

ڕۆژێك لە ڕۆژان یەکێك لە دڵسۆزانی نیشتمان دای بەگوێی پادشا لەدەرەوەی شار دەستەیەك(جەردە = تەریدە) پەیدابون، دەستیان کردوە بە لادێ یە هەژارەکانیان ڕووتاندۆتەوە هیچیان بەدەستەوە نەهێشتون.

پادشا لەمە زویر و دڵتەنگ برو فەرمانی کرد بەسەرکردەی سوپا کە بەهێزێکی چەکەوە لەپێو شوێنی تەریدەکان بگەڕێ تا بیانگرێ و تۆڵەیان لێبستێنێ.

سەرکردەی سوپا ماوەیەکی دورو درێژ بەخۆی و سوپاکەیەوە لەپێو شوێنی تەریدە گەڕا هیچی بۆ نەکرا و نەیتوانی بیانگرێ تومەز هەندێ لە پاسەوانەکانی پادشا لەگەڵ تەریدەکانا (شریك = هاوکار) بون پادشا تێگەیشت ئەگەر خۆی پێش سوپاکە نەکەوێ و لەگەڵیان نەچێ ئەم تەریدانە بەئاسانی ناگیرێن.

ڕۆژێك لەدەمی هەتاوکەوتندا پێنج سەد سوارێکی پڕچەکی لەسوپاکەی سازکرد خۆی پێشیان کەوت دەمی نیوەڕۆ کە گەرمای هاوین بو لە چیا شۆڕبونەوە گەیشتنە پێدەشت پادشا بەدووربین چەند سوارێکی لە تەریدەکان بەدیکرد ئیتر بێئەوەی سوپاکەی ئاگادار نەکاتەوە بەگەرمەی غار نیشتەسەریان ماوەیەکی زۆر شوێنیان کەوت بەڵام تەریدەکان لە وڵاخەکانیان دابەزین و خۆیان لەناو چڕو لێرەواردا بزرکرد.

لەم کاتەدا پادشا تینوێتی زۆری بۆهێنا کە ئاوڕی دایەوە لە کوێرە شیوێك دا ڕەشماڵێکی بەدی کرد ڕوبەڕوی ڕەشماڵەکە چو بینی پیرەمێردێکی ڕیش سپی پاڵی داوە بە ئەستونی دەوارەکەوە.

پادشا وتی : مامەپیرە میوان ڕائەگری ؟

پیرە لەبەری هەستاو جلەوی وڵاخەکەی گرتو وتی : میوان دیاری خوایە، فەرمو خۆشیت هاورد، کەپەنکێکی بۆ ڕاخست و داینا. پادشا کەسەری هەڵبڕی گەماڵێکی تەنگەئەستورو گورگێکی بۆزی زەلامی بە چڵەی دەوارەکەوە دی هەڵواسرابون بەڵام قسەی نەکرد.

لەدوایدا مامەپیرە هەستا هەندێ ماست و کەرەو پەنیرو چەند خەپلەیەکی گاڵی خستە سەر سەبەتەیەك لەگەڵ کەمولیەك دۆ لەبەر دەمی پادشادا داینا.

پادشا ڕویکردە مامەپیرە وتی: پرسیارێکت لێئەکەم گەر بەراستی وەرامم نەدەیتەوە نانەکەت ناخۆم .

پیرە وتی : فەرمو بڵێ ؟

پادشا وتی: ئەزانم ئەم گورگە بۆزەت بۆیە بەم چڵەی دەوارەدا هەڵواسیوە چونکە دزەو زیان ئەگەیەنێ بە مەڕو ماڵات ئەی ئەم گەماڵەت بۆچی لەتەنیشتیەوە هەڵواسیوە؟ خۆ سەگ بەشەو پاسەوانی ئەکاو مەڕو ماڵات لە دزو گورگ ئەپارێزێ و بەئەمەکە ئەمەم تێبگەیەنە چیە؟

پیرە لەوەراما وتی : من شوانم خاوەن مەڕو ماڵاتم لەم چەندانەدا ئێوارەیەك مەڕەکانم ژماردو بەسەرم کردنەوە بینیم دو سەرم نەماوە، بۆسبەینێ دیسان تەماشام کرد سێ سەرم نەمابو لەمە سەرم سوڕما چونکە لەبەر ئەم گەماڵە دڕە دزو درۆزن و گورگ ناوێرێ توخنی مەڕەکانم بکەوێ، تا ڕۆژێك دەمی نیوەڕۆ مەڕەکانم لەسای داربەڕویەکدا مۆڵ داب، خۆیشم پاڵم دابوەوە بەقەدی دارەکەوە خەریك بو چاوم بچێتە خەو لەوەنادەم زانی دێڵە گورگێگ پەیدابو گەماڵەکەیش بێئەوەی لێی بوەڕێ چو لەگەڵیا جوت بو دوای ئەوە بەکلك هەڵ سوڕاندن یەکێکی لەمەڕەکانی بۆ بردە پێشەوە کە

بیخوا کەئەمەم دی راپەڕیم بە پلارێك گورگەکەم کوشت ئەمجا لەگەڵ

ئەوەتە هەردوکیانم هەڵواسیوە چونکە پاسەوانی خراپ لە گورگی دز خراپترە

پادشا کە ئەم قسانەی لە مامەپیرە بیست ئەموستی خۆی گەست لە دڵی

من بەم سوپا پڕچەکو بەهێزەوە هەرچەند ئەکەم سێ چوار دزی رەش و رووت

، هەبێ و نەبێ پاسەوانەکانی خۆم دەستیان لەگەڵ دزەکاندا تێکەڵە.

هاتەوە بۆ شار ئەو پیاوانەی کە پشتیوانی دزەکان بون گشتی گرتن و خستیە

و ئەمجا دزەکان کەبێ پشتیوان مانەوە بە ئاسانی گیران.

پەند : دزو پاسەوان کردەیان یەك خەن

بەکونەبانا گاجوت سەر ئەخەن ژ/١٣٢٩

................................

**٩١. ژنێکی زانا ١٣٣٠**

یەکێ بو یەکێ نەبو، کەس لەخوا گەورەتر نەبو، واباس ئەکەن لەسەردەمی پێشین

پیاوێك هەبو، ئەم پیاوە هێجگار دەوڵەمەند بو لە گەنج و جەواهیرات و زێڕ و زیو

باخ و باخات و زەوی و زارو کۆشك و تەلار لە هەریەکەی بوبوە خاوەنی دە

لەساماندا گاڵتەی بە قارون ئەکرد.

ژنێکیشی هەبو لە ئەندازە بەدەر داوێنپاك و جوان و دلاراوە بوبو وە ئاوازە لە

کابرا دڵی لەژنەکەی پیس بوو دەرگای لەسەر داخستبوو رێی نەئەدا بچێتە دەر

هەمیشە بەدیار ئەم ژنە بەسەزمانەوە دانیشتبوو رێی نەئەدا لەکون بچێتە دەرەوە

سەرەڕای ئەمەش ئەم کابرایە رژدو پیسکەو بەرچاوتەنگ بوو نەخۆی ئەوەندە

نەخوارد وە نە ئەیدا بە ژنەکەی کە ئاه لە دڵیان بگەڕێ هەرچەند ژنەکەی ئامۆژگاری

ئەکرد وە ئەیوت : ئەگەر ژن نیازی خراپەی بێ لەدرزی دەرگاوە خراپە ئەکا وە ئەگەر

داوێن پاکیش بێ هەزاران پیاو بەهیچ نازانێ ، وە ئەم سامانەیش کە تۆ هەتە ئەگەر

هەزار سالیش بژین بە پادشاهە پێی رائەبوێرین بەلام بێسود بوو ئەم قسانە کاری نەئەکردە سەر رژدی و دڵپیسی کابرا.

دوای ژنەکە وەڕس بوو گەیشتە تینی لەودیو کۆشکەکەیانەوە ماڵی پیرێژنێکی جهان دیدە هەبوو رۆژێك هەستا کونێکی کردە دیوارەکەوە لەوێوە پیرێژنەکەی بانگکرد وتی : من شێتو شەیدای فلانە کوڕی نەوجەوان بوم ئەگەر بۆمی بهێنی سەد زێڕت دەدەمێ.

پیرێژن لەوەراما وتی : خۆ تۆ مێردەکەت بەبست لێت جوێ نابێتەوە من چۆنی بێنم بۆت ؟

ژنە وتی: بیخەرە سندوقێکەوەو بیدە بە کۆڵی زەلامێکا بیهێنە بۆ ماڵی ئێمە بڵێ ئەمە هەندێ کەلوپەلی گران بەهایە چونکە ماڵی ئێمە شەق و شڕە لەبەر دزو درۆزن ناوێرم لای خۆمی دانێم با بە سپاردە لەماڵی ئێوە بێ.

پیرێژن دەسوبرد کوڕەکەی بانگ کرد و خستیە سندوقێکەوە و دای بە کۆڵی زەلامێکدا و بردی بۆ ژنە وتی : ئەم سندوقە هەندێ کەلوپەلی بەنرخی تێدایە حەزئەکەم بە سپاردە لای ئێوە داینێم.

ژنەیش وتی : برۆ لەژێرخان دای بنێ .

سندوقەکەیان لەژێرخان داناو گەڕانەوە. دوای کەمێ ژنە بە مێردەکەی وت : بابچین بزانین ئەم سندوقە چی تێدایە ؟

هەردووکیان چوون لەگەڵ سەری سندوقەکەیان لادا دیان کوڕێکی تیا راکشابوو ئەتوت مانگی چواردەیە کابرا کە ئەمەی دی چاوی لێسوور بوو دەستی دایە خەنجەر کە کوڕەکە بکوژێ .

ژنە تووند دەستی گرت وتی : ئەکەی ئەمە دەرسێك بوو بە تۆم وت کە ئەبێ بزانی ئەگەر ژن نیازی خراپەی بێ فێڵی وا بەکار ئەبا کە هیچ کەس رێی پێنەبا.

ئەمجا کابرا خاو بووەوەو لە عاستی ژنەکەی دڵی پاك بووەوە وە سەربەستی کرد وتی : بۆ هەر کوێ ئارەزوو ئەکەی بەهەوەسی خۆت بگەڕێ.

دوای ئەوە ژنەکە لە فێڵێکی تر گەڕا کە مێردەکەی لە ڕێی ڕژدی و پیسکەیی لابدا ڕۆژێك بە مێردەکەی وت : بێزوو بە سی و جگەر ئەکەم بچۆ سی و جگەرێکم بۆ بکڕە بەڵام وریابە نەتخەڵەتێنن لەهەرجێیەك بەهەرزان دەست کەوت لەوێ بیکڕە.

کابرا بە کەش و فشێکەوە هەستا چووە بازاڕ وتی : سی و جگەرێك بەچەندە ؟

وتیان : بەسێ درهەمە .

کابرا وتی : چۆن سێ درهەم زۆرە.

سی و جگەر فرۆش بە قەشمەرییەوە وتی : بچۆ بۆ کەرکوك لەوێ هەرزانە بە دوو درهەمە.

کابرا بێئەوەی بگەڕێتەوە ماڵ ڕاستەوخۆ بەپێ چوو بۆ کەرکوك پرسیاری کرد سی و جگەرێك بە چەندە ؟

وتیان : بە دوو درهەمە.

کابرا : چۆن دوو درهەم زۆرە. لەوێش دیسان گاڵتەیان پێکرد وتیان : لە بەغدا بە درهەمێکە .

کابرا بێئەوەی بحەسێتەوە بە پێ ڕێی بەغدای گرتەبەر دوای ئەوەی دە قۆناغ ڕێی بڕی لەدەمی ئێوارەدا گەیشتە بەغدا.

چونکە لەو دەورەدا (ئوتێل = میوانخانە) نەبوو کابرا نەیزانی لە کوێ بنوێ گەیشتە بەر کۆشکێك تەماشای کرد دەرگاکەی کراوەتەوە ژنێکی شۆخ و شەنگیش شانەیکی زێڕی داوە لەسەری خەریکە ماڵ ڕێك ئەخا بە ژنەکەی وت : من کەسێکی ئاوارەم لەڕێی خوادا بۆ ئەم شەو جێم بکەنەوە.

ژنەکە بەپیریەوە هات بردی بۆ دیوەخان پێشکەشی مێردەکەی کرد ، ئەویش ڕێزی گرت و سینی خۆراکی نایابی هێنایە بەردەم.

دەمی خەوتنان ژنەکە بە مێردەکەی وت : جارێ بخۆین و رابوێرین یان لێیدەین ؟
مێردەکەی وتی : با جارێ لێیدەین هەر یەکەیان دەستیان دایە لیسێك کابرا هاواری کرد ، وایزانی لێی ئەدەن.
ژنە وتی : مەترسە ئەم لێدانە بۆتۆ نیو ئەم کۆشکو سامانەی کە ئەیبینی هینی کۆنە مێردەکەمە ، ئەوەندە رژدو پیسکەبوو بێزووم بە سی و جگەرێك ئەکرد دڵی نەهات بۆم بکڕێ لەم چەندانەدا گۆڕ بە گۆڕ بوو لە ژێخان ناشتوومە و خۆیشم شووم کردوە بەم پیاوە باشە وە هەموو شەوێك کردومانە بە خوو بەلیس دەمەڵ بینی ئەکوتینەوە وە کەیف بەسەر سامانەکەیەوە ئەکەین نەت بیستووە ؟ ماڵی خۆ نەخۆر بۆ چەکمە بۆر.
کابرا کەئەمەی دی هەر ئەو شەوە لووس و باریك گەڕایەوە بۆ ماڵ دەستی کرد بە خۆش رابواردن و باریدەی هەژاران وە لە هەموو لایەك ناوبانگی پیاوەتی دەرچو.
١٣٣٠/

.....................................

**٩٠. خانویەکی کاولی بە سام ١٣٣١**

یەکێ بوو یەکێ نەبوو ، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو ، ئەگێڕنەوە لەسەردەمی پێشین زن و مێردێکی پیر هەبوون تەنیا کوڕێکیان هەبوو کە ناوی(دارا) بوو ئەم کوڕە وشت و خووی جوان و زیرەك و وریا بوو.
کاتێ تەمەنی گەیشتە هەژدە ساڵان شتێك لە زانستی فێربوو وە راست و چەپی خۆی ناسی دایك و باوکەکەی تەواو پیر بوبون چەمابونەوە دەست بەگۆچان ئەرۆیشتن .
دارا ناچار بوو کە بەکرێکاری و رەنجبەری خەڵك خۆی و دایك و باوکەکەی بەخێو بکا.
رۆژێك لە رۆژانی بەهار دارا پرسی بە دایك و باوکی کرد کە بچێ بۆ چیا بەڵکو رەسوورێك راو بکا، تفاقی راوی سازکرد و چێشتەنگاو بە چیادا هەڵگەڕا هەتا

گەیشتە سەرەوە تەماشای کرد دارستانێکی چڕ و زەنوێر لە هەموو لایەکەوە
لوورەی جڕو جانەوەر ، چریکەی باز ، قاسپەی کەو ، ئاوازی خۆش خاونی بلبلان
ئەتوت(بالەبان= موسیقی) بە دارا دیتی دیمەنی جوانی دارستانەکە وە ئاوازی ئەم
دڕندەو پەڕندانە هەتا ئەهات دڵی پێیان ئەکرایەوە، چاوی روون ئەبووەو بێزاری
ستەمی ئەم گەردوونی دۆڵەی لە دڵ دەرئەچوو لەدەمی نیوەڕۆدا گەیشتە سەرکانی
ئاوێك کە دەورەکەی مێرگ و نێرگەز بوو، دانیشت و نانەبەرەکەی پشتی کردەوە کە
یەك دوو نانی تیابوو لەگەڵ چەند قارچکێکیشی لە(کەما..دار)ەکان هەڵکەندبوو بە
چیلکەو دار ئاگرێکی کردەوە قارچکەکانی برژاند ، بەنانەکەیەوە خواردی.
ئەوەندە ماندووبوو لەناو مێرگەکەدا راکشاو خەوی لێکەوت. ئەوەندەی پێنەچوو
لەدەنگی گرمە و نالەیەك راپەڕی. هەرچەند بە چواردەوری خۆیدا نوواڕی هیچ هەستی
ئادەمیزاد وە گیانلەبەرێکی نەکرد ئەمجا هەستا بەدارستانەکەدا دەستی کرد بە گەڕان ل
شوێنێکی ئەدیوی دا خانویەکی کاولی بەسامی بەرچاوکەوت کە دەرودیوار
بنمیچەکەی روخابوو لەبەرخۆیەوە وتی : ئەبێ ئەم خانووە کاولە یادگاری دێرینەی
پێشینان بێ ئایا ئەبێ لەم دارستانەدا ئادەمیزاد زیندەگانی کردبێ ؟
لەناکاو سوارێکی (نقابدار = رووپۆشراو) پەیدا بوو وتی : بەڵێ ئەم خانووە کاولە را
ئەم دارستانە ئادەمیزادی تیا ژیاوە ئێستا بێجگە لەم خانووە کاولە هیچ شوێنێکی تری
نەماوە . ئەمەی وتو لەوڵاخەکەی دابەزی و رووپۆشەکەی لەرووی لادا کوڕێکی
ئەوجەوانی بەشانوو باهوو بوو.
دارا لێی پرسی ئەی کاکەی سوار تۆ لەم دارستانەدا چی ئەکەی ؟
سوار وتی : من لەلایەن(فریشتەی بەختیاری)یەوە کاربەدەست و پاسەوانی ئەم
دارستانەم بۆ ئەوەی بەدکاران نەیەنە ناوی دەست درێژی بکەن وە لق و پۆپی دارەکان
بشکێننەوە و مەل و پەڕندە جوانەکان راوبکەن.
دارا پرسی : ئەم خانووە کاولە بەسامە چیە لەم دارستانەدا ؟

سوار وتی : ئەم خانووە لەتاف خۆیدا کۆشکێکی حوکمدارێك بوو ،ئەم حوکمدارە زۆر دڵڕەق و ستەمکاربوو بێجگە لەوەی ئەیخواردو ئەنوست وە لە پێناوی ئارەزو بەزم و ئاهەنگی خۆیدا خولکی ئەڕوتاندەوە هیچ کەڵکێکی نەبوو بۆ گەل و نیشتمان.

هەمیشە دەستەیەك دزو درۆزن و سەگ و گورگی ڕاگرتبوو ماڵی هەزارانیان کاول ئەکرد. هەتا ڕۆژێك گەیشتە تینم سکاڵام بردە لای ئاغام (فریشتەی بەختیاری) خراپەی ئەم حوکمدارەم تێگەیاند ئەویش هۆزە زۆرلێکراوەکەی لێ دوور خستەوە و فەرمانی کرد بەلافاو کۆشکەکەی کاول کردو خۆی و دەست و پێوەندەکەی بەناخی زەویدا بردە خوارەوە.

دارا کە ئەمەی بیست هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا وتی : خۆزگە ئەم خانووە کاولە بەسامە کە شوێنەواری زۆرداری و ستەمە لەناوەندی ئەم دارستانە جوانە لابچوایە و لە شوێنەکەی کۆشکێکی بڵندی لێکرایە وە حوکمدارێکی داد پەروەر و نیشتمان پەرست فەرمانڕەوایی تیا بکردایە.

کابرای سوار تێگەیشت کە ئەم کوڕە حەز بە ئاوەدانی وڵات و دادپەروەری ئەکا .

دارای بردە حەوشەی خانووە کاولەکە و کە گۆمێکی قوڵ ئاوی تیابوو شین ئەچووەوە.

وتی : سندوقێك لەبن ئەم گۆمەدایە پڕە لە ئەڵماس و جەواهیرات کەلەپوری حوکمداری ستەمکارە بۆخۆت دەری بێنە.

دارا لە ڕەگ و ریشەی دار و درەخت گوریسێکی هۆنییەوە کابرای سوار بەردێکی بە قاچی داراوە بەست و گوریسەکەی خستە ناو قەدیەوە و دارۆژکەی گۆمەکەی کرد ،

دارا سندوقەکەی خستە سەرشانی و کابرای سوار هەڵیکێشایە سەرەوە.

وتی: دارا ئەم سندوقە پڕ گەنجە خەڵاتی منە بۆ تۆ ئەوا مژدەم دایتێ لەلایەن فریشتەی بەختیاری یەوە ئەکرێی بە حوکمداری ئەم ناوچەیە بەڵام ئەبێ بەڵێنم بدەیتێ ناوی چاکەی مردووان لەیاد نەکەی و دەربارەی ئایندەو داهاتوو باش بیێ وە بۆ گەل و

نیشتمان دڵسۆزبی ئەگینا بەناخی زەویدا ئەتبەمە خوارەوە ئەمەی وتو بەغار بۆی دەرچوو.

دارا بەهۆی یاریدەی فریشتەی بەختیاری یەوە بەماوەیەکی کەم کۆشکێکی بلندی لە مەرمەڕی سپی لە شوێن خانووەکاولەکە دروست کرد وە بەکەلوپەلی نایاب رازاندییەوە ، لەهەموو لایەکەوە فریشتەی بەخت بانگی حوکمداری بۆدا وە خەڵک لەدەوری کۆبووەوە دارا بە دادپەروەری و بەخشین و جەوان مەردی ناو بانگی لە جیهاندا دەرچوو وە باوك و دایکەپیرەکەیشی لەسایەیا حەسانەوە.

منالە خۆشەویستەکان ئەم بابەتە بۆ ئێوەیە کە ئەبێ بیخوێنن تا لە دوا رۆژدا بە چرای راستی و هێزو بازوتان نیشتمان روناك و بێتەوەو وێرانە ئاوەدان بکەنەوە. ١٣٣١

............

## ٩٣. بەسەرهاتی مام زۆراب ١٣٣٢

یەکێ بو، یەکێ نەبو، کەس لەخوا گەورەتر نەبو.ئەگێڕنەوە لە دەورەی فەرمانڕەوایی میری جزیەو بۆتان خواڵێخۆشبو (بەدرخان پاشا) دا پیاوێك هەبو ناوی مام زۆراب بو، ئەم پیاوە لە گوندێك دا بە جوتیاری و باخەوانی خێزانێکی زۆری بەخێوئەکرد، سالێك لە سالان مام زۆراب یەخەی گرت پارچەیەك گەنمی ئاوەبای کردبو کاتێ هاتە ئەوەی دانی تێپەڕێ و فەریك بێ سن و کوللە تێی ئالان گەنمەکەیان بەربادکرد.

چەند بەرزە درەختێکیشی هەبو وەکو: سێوو هەرمێ و هەڵوژە ئەوانیش لەبەهاری بەرزە کوتای، گوڵەکانی وەراند هیچ بەرێکیان نەگرت، چەند سەر مەڕو بزنێکیشی هەبو ئەویش مافتەی لێدا پاکی بەفڕ چو، مام زۆراب لەم ساڵە شومەدا تەنیا کەرێکی زنەمەرەزێکی بۆ دەرچو، ساڵیش دەمەو زستان ئەچو خۆی و ماڵ و منالی دەم وشك و بێرۆزی مانەوە. چاری ناچار پێنا بە جەرگی خۆیدا وتی : واچاکە کەرەکەو بڕەو

ببەم بۆ شار بیفرۆشم و بیدەم بە دو سێ ربە خەلە بۆ منالەکانم بەلکو لەم تەنگانەیە بێی رزگار ببین.

رۆژێك لەبەربەیاندا هەستا سواری کەرەکە ب، بزنە مەرەزی زەنگولە لەملیشی بەتکرد سەری پەتەکەی بەست بە کۆپانی کەرەکەوە رێی شاری گرتەبەر، دەمی نیوەڕۆ گەیشتە شار، چو بۆ مەیدان لەدوایەوە سێ جامبازی ملهوڕی تەنگە ئەستور ئەڕۆیشتن هەر سێکیشیان زیارەتی مالّی خوایان کردبو دەستیان بە قولّفی کابە گرتبو،

یەکەمیان وتی : من ئەتوانم ئەو بزنە لەم کابرایە بدزم و بە خۆی نەزانێ.

دووەمیان هەلّیدایە وتی : ئەمجا ئەوە چییە ؟ من ئەتوانم ئەوکەرەی کە سواری بوە لەژێری دەربێنم و بەخۆی نەزانێ .

سێیەم وتی : هەزار فیکتان بە فیکێکم بەخوا من ئەتوانم پەستەکو رانکوچۆغەکەیشی لەبەردامالّم و بەخۆی نەزانێ.

ئەوەندەی پێنەچو جامبازی یەکەم زەنگولەکەی لە ملی بزنەکە کردەوە و بەستی بە کلکی کەرەکەوە و بزنەی دایە پێش خۆی و بردی . مام زۆراب کە ئاوڕی دایەوە بزنە نەمابو هاواری کرد.

جامبازی دووەم وتی : ها ئێستا کابرایەك بزنەکەتی بردو لەوکۆلّانەوە رۆیی خێرا فریای کەوە .

مام زۆراب دابەزی لەکەرەکەی ، بەشوێن بزنەکەیا رایکردو بە جامبازی وت: چاوت لە کەرەکەم بێ تا دێمەوە. کابرا هەرچەند گەڕا بێسود بو ، بزنی بۆ نەدۆزرایەوە. ئەمجا هاتەوە بۆلای کەرەکەی تەماشای کرد کەر نەماوە، دەستی بە گریان و قورپێوانکرد،

جامبازی سێیەم وتی : ئەم هاوارو گریانەت لەچییە ؟ من پارەیەکی زۆرم کەوتۆتە

بیرێکەوە، وەرە بۆم دەربێنەوە نیوەی بۆ تۆ بەقەد سەد ئەوەندەی نرخی کەرو بزنەکەت ئەبیّ.

مام زۆرابیش جلەکانی داکەندو چووە خوارەوە هەرچەند گەڕا هیچ پارەیەکی تیانەو، ئەمجا هاتە سەرەوە بینی جلەکانیشی نەماوە، ئیتر بەهەڵە داوان وەکو شێت رایەکرد، خۆی گەیاندە دیوانی (بەدرخان پاشا)،

پاشا پرسی: کوڕە کابرا چیت لیقەوماوە ؟

مام زۆراب وتی: دز و درۆزنی شارەکەت کەرێك و بزنێکم پێبو لێیان دزیم بەوەیشەوە نەوەستان جلوبەرگەکەیشیان لێدزیم ئەمجا بۆ ئەمە خۆم کوتایە ئێرە نەوەکو خۆیشم بدزن.

پاشا کە بەمەی زانی فەرمانی کرد بە سەرگزیر(هەسەن هەویر) هەرسیّ دزەکەیانگرت هێنایان بۆ دیوان بەفرمانی پادشا هەریەکەی پێنج سەد (مەنات) یان لێسەندن دایان بە مام زۆراب وە هەرسێکیشیان گوێچکەیان بە بزمار داکوترا.

ئاخ خۆزگە ئێستاش دادو دەسگایەك بۆ ئەو پیاوخۆرانە دابنرایە کە لادێی هەزارەکان ئەڕوتێننەوە و چاو و راویان لێئەکەن.    ز/ ١٣٣٢

ز............

**٩٤. کوڕێکی هەژارو دەوڵەمەندیکی پیسکە ١٣٣٢**

ئەگێڕنەوە چەند ساڵێك لەمەوپێش لەدێی گرێزە پیاوێکی بەتەمەنی جیهان دیدە هەبو ناوی(لالەشاسوار) بوو ،ئەم پیاوە زۆر تێکۆشەرو بە خۆ وە ژێو بو، ماڵ ومناڵەکەی جوان ئەبرد بەڕێوە و بێدڵی نەئەکردن.

چەند رۆژێکی مابوو بۆ جەژن رۆژێك لالەشاسوار بە(قەیتول)ی کوڕی وت: رۆڵە ئەوا جەژن نزیك بۆتەوە پێویستە پارە بەری و بچی بۆ شار هەندیّ جلوبەرگ و پێلاو و کەلوپەل بکڕی بۆ خۆت و برا و خوشکەکانت.

ئەویش پارەی هەلگرت و خۆی تەتەر پێچکرد کەوتە ریّ بۆ شار.

کاتێك گەیشتە شار شەو درەنگ بوو ماڵ و دوکان و بازاڕ چرای کوژابووەوە وە دەرگای مزگەوتەکانیش داخرابوون . ماوەیەك بە شارا سوڕایەوە هەرچەندی کرد و کۆشا نەیزانی روبکاتە کوێ وە لەکوێ بنوێ و بحەوێتەوە وە ئەوەندەی پێنەچوو گەیشتە بەر دەرگای(ئوتێل=میوانخانە)یەك کە چرای لێنەسوتاو دەرگاکەی لەسەر پشت بوو.

قەیتول بەپێپلیکانەکاندا هەڵگەڕاو چووە سەرەوە کە سەیریکرد کابرایەکی تەنگە ئەستوری پۆشتەو پەرداخ بەفیزەوە لەسەر تەختێك پاڵی داوەتەوە تومەز ئەم پیاوە دەوڵەمەندێکی پیسکە وە خاوەنی میوانخانەکەبوو.

قەیتول شەباشی لێکرد و وتی: کاکە میرزا درەنگ گەیشتوومە جێ هیچ شوێنێکی تر شك نابەم ئەم شەو تەختێك و دەستێ نوێنم بدەرێ لێرە پێی بنوم کرێی تەواوی خۆم ئەدەم.

کابرا بەتوڕەییەوە وتی : ئایا چاوت نابینێ تەختەکان هەموویان گیراون وە شوێنی چۆڵم نییەلێی بنوی؟

قەیتول چاوێکی بەملاو ئەولادا گێڕا وتی: لەو قوژبنە هەڵئەتروشکێم تا بەیانی.

کابرا هەمیسان بەتوڕەییەوە : گوایە نابینی سەبەتەی لێهەڵچنراوە ؟

قەیتول وتی : سەبەتەکان ئەگوێزمەوە بۆ شوێنێکی تر .

کابرا وتی : کورە من بەکوردی پێت ئەلێم جێگام نیە لێی بنوی خۆ بە عارابی قسە ناکەم؟

قەیتول: سەبەتەکان چی تیدایە ؟

کابرا : هێلکەی تیدایە ئەینێرم بۆ بەغدا.

قەیتول: دەباشە من هێلکەکانت لێئەکڕم یەکی بە پەنجا فلس ، بۆچی ئەینێری بۆ بەغدا خۆ لەوێ یەکی دە فلس ئەکا.

کابرا : باشە، سەبەتەکان بێنە بیانژمێرە بەلاّم لەسەر چی ئەیانژمێری؟ ۷۱۸

قەیتول چاوی گێڕا مێزێکی درێژۆلکەی هێلکەیی دیەوە کە رووەکەی وەك قاقەزی

مەرجانی لووس بوو وتی : لەسەر ئەم مێزە ئەیژمێرم .

کابرا : چۆن هێلکە لەسەر ئەو مێزە لووسە ئەوەستێ ؟

قەیتول: تۆ هەردوو باڵت بەدەوریا بێنەرەوە منیش دەست ئەکەم بە ژماردنی.

کابرا باڵی بەدەوری مێزەکەدا هێنایەوە و قەیتول دەستی کرد بە ژماردن یەك، دوو،

سێ ، هەتا ۷۰۰ حەوت سەد هێلکەی ژمارد . ئەمجا بە کابرای وتی: تۆزێ راوەستە

هەتا ئەچم پارەکەت بۆدێنم .

کابرا دڵی خۆشبوو وتی : بەخوا هێلکەکانم بە قازانجێکی باش فرۆشت.

سەعاتێ ، دووان سیانی پێچوو قەیتول هەر نەهاتەوە ، درێژەی نەدەینێ هەتا رۆژ بووەوە

کابرا بەپێوە بێخەو و حەسانەوە باڵی بەمێزەکەوە رەپ بوو هەتا خەڵك هاتن یاریدەیان

دا وە هێلکەکانیان لەسەر مێزەکە داگرت.

ئەنجا منالّ خۆشەویستەکان ئەگەر کابرای خاوەن میوانخانە تۆزێ بەزەیی بە کورەکەدا

بهاتایەوە قوژبنێکی بایەتێ بنوستایە ئەو کەتنەی پێ نەدەکرا. ژ/۱۳۳۳

(٢٥٢)

بێوابەم لوعدە ئەوێشمان رابوردە — هێوندە مالە وە یار شیوێشمان خواردە
هیچ تر نەما جالورای خەوە — بەسەر خواردنا دەورە یالێ کەوە
لە نیوە روو بو عالەم هەڵنساوە — دووەم دەسکی بوگۆن جیاو یان ئاوساوە
طبیعت گەڕە بەهەروەک ئاگرە — دایم بوشتر و هەرا حازرە
لەجێ مرحبا و قسەی پیاوانە — هەرشەرە جوێن و لە پێک هەڵدانە

ئەمەش تعریفی مام رەمەزانە
لەبەری بکە و چاکی بزانە

## گورانی: بێ کەس ، لە کتێبی گورانی دالعجاب دراوە

تانجەرۆ: وەزنی بارشی تایبەتی

ای تانجەرۆ کە [illegible] هەموو خاکی کوردستانی — خوانی
بەر ئاوی تو [illegible] بە رزق و خیر [illegible] دەغڵ و دانی — زور جوانی
توصیف تو قەت نایەتە تحریر و نوسینی ،،
هێندە بێ فایدەی جوانی باعثی فخری کوردانی
خورەتاو ئاوەکەی تو هەموو خەمێ لە دڵ ئەبا
سەوزایی دەوری تو حالەتی [illegible] ئەکا
منظرەی طبیعی هەتاوی بەهەشتی فردوس ئەکا

وەزنی گورانی فارسی

دل لە دەردی وطن ، پێیتو گیراوە — وەکو کەوی ناو قفس ، [illegible] زیاوە
اگر ایرانی من ، [illegible] پریشانم — ئەو دوسوزای وطن ، هەر لە گریانم
دل بە فدای خاکتە بێ ، گشتی [illegible] — بە فدای ئاوەکت بێ ، [illegible]
منظرەی کوردستان ، [illegible] — پارسی و [illegible] ، بێ بە قوربانی ،

## ٩٥. مام زانیار ١٣٢٤

یەکێ بوو ، یەکێ نەبوو، وا باسئەکەن لەسەردەمی رابردوودا پیاوێك هەبوو ناوی(مام زانیار)بوو. ئەم پیاوە زۆر بە هەژاری وە بە رەنجی شان و ئارەقی ناوچەوانی سێ کوڕی پێگەیاند و گەیاندنیە پایەی بەرزو کردنی بەخاوەنی کۆشك و سامان.

کاتێ مام زانیار پیر بوو لە پەلوپۆ کەوت و هێزی لێبڕا و ئیتر نەیتوانی هیچ کارو فرمانێك بکا کوڕەکانی بەدالّدەی دەرنەهاتن وە ئاوڕیان لێنەئەدایەوە، کە بەلایانەوە رابوردنایە بێزیان لێئەکردەوە و رویان لێوەرئەگێڕا.

چاری ناچار مام زانیار چوو لە قوژبنێکی ژێرخانی خانووەکەیاندا بەبێ لێفەو راخەر لێی خەوت.

ژنێکی دراوسێیان کە ناوی(پورە وەنەوش) بوو ئەم ژنە زۆر دڵسۆزو لەخوا ترس بوو هەر رۆژە نا رۆژێك لەرێی خوادا ئەژوو خۆراکێك و کاسە ئاوێکی ئەبرد بۆ مام زانیار. رۆژێك لە رۆژان مام زانیار رووی کردە پورە وەنەوش و وتی: کوپەیەکی تەرەساز وە چەند گەزێك خام جاوم بۆ پەیدا بکە .

ئەویش هەستا کوپەیەك وە چەند گەزێك خام جاوی بۆ هێنا ، ئەمجا بە پورە وەنەوشی وت: کە چاڵێك هەڵکەنێ و کوپەکەی تیا دابنێ .

بەم پێیە هەرکاتێ مام زانیار ئیشی سەرئاوی ببوایە ئەچووە سەر کوپەکە ، دوای سەری کوپەکەی بە خام جاوەکە ئەبەست تا بۆنی بەژوورەکەدا بلاّونەبێتەوە وەکو ئەڵێن: لەپیران تەوێك لە زستان شەوێك.

مام زانیار نەخۆشییەکی گرانی گرت رۆژێك کوڕە گەورەکەی بانگ کرد ، بەدزیەوە پێی وت: رۆڵە ئەوا من لەسەر مردنم ئەوکوپەیەی کەلە زەویدا قایمم کردووە پڕە لە لیرەی زێڕ هەمووی بەتەنیا بۆ تۆ بەلاّم ئەبێ تا ئەمرم باش چاودێری و خزمەتم بکەی.

دوو کوڕەکەی تریشی یەکە یەکە بانگ کرد وە بەهەر یەکێکیان ئەم قسەیەی وت.

ئەمجا کورەکان بەتەماعی کوپەزێرەکە دەستیان کرد بە کەڵك گرتن وە خزمەتی باوکیان بەڵام زۆری پێنەچوو ئەمری خوای بەجێ هێنا وە تەمەنی درێژی بۆ ئێوە بەجێهێشت .

کورەکان زۆر بەرێزەوە شتیان (بەرگ مەرگ=کفن)یان کردو بردیانە گۆرستان ناشتیان و گەرمە گوریان بۆ بەشییەوە.

هاتەوە هەریەکە لە کورەکان کلیل و کلۆمێکی قایمی بۆ ژووری کوپە زێرو دروستکرد.

دوای سێ رۆژ دانیشتن لە پرسەدا . کورەکان لەسەر تەماعی کوپەزێر کەوتنە شەرە دەنوك هەریەکەیان داوای بەشی زۆری ئەکرد.

دواجار خەڵك پێیان وتن : کەبچن شەرع بەرنە لای گەورەی گەرەك (ئاغا سیمیار) کە ئەو بەپێی شەرع یەکسان لێیان دابەشبکا.

ئەوانیش هەڵسان چوون سەربوردیان تێگەیاند.

ئاغایش بیریکردەوە کە فێڵێك بەکاربێنێ خۆیشی گورزێکی باش بوەشێنێ وە شتێکی مستکەوێ روویکردە کورەکان وتی: بچن کوپەزێرەکە بێنن بۆلام منیش قنج وقیت دائەنیشم کوپەکە برژێنن بەسەرما، هەرچی کەوتە بەردەمم ئەوە بەشی برای گەورەیە، هەرچی لەپشتمەوە کەوت ئەوە بەشی برای ناوەنجی بێ، هەرچی کەوتە هەردو تەنیشتم ئەویش بەشی برای بچوك بێ، ئەوەیش کەلەسەر سەرم مایەوە بەشی خۆم بێ.

کورەکان بەم بریارە قایل بوون وە چوون کوپەکە بێنن ، هەتا ئەوان چوون بۆ کوپە ئاغاسیمیار بەچەفیە و جامانە سەری بەقەد هێلانەی حاجی لەقلەقێك گەورەکرد بۆئەوەی زێری زۆری لەسەر بەند بێ.

کوڕەکان کوپەیان هێناو ڕشتیان بەسەر ئاغا سیمیاردا بەشی دوژمنت بێ میسکو
عەنبەر، بەسەر و ریش و ئەندامی ئاغایا هاتە خوارەوە ، ئاغایش بەجنێودان رایکرد بۆ
مزگەوت بشوا.

ئەمجا منالە خۆشەویستەکان ئەمە پاداشی ئەو کەسانەیە کە یاریدەی باوك و دایکیان
نادەن وە ئەرکیان ناکێشن.ژ/١٣٣٤

..................

٩٦. مەردان وجوتێ کۆتری سپی ١٣٣٥

ئەگێڕنەوە لە سەردەمی پێشوودا لەدێیەکی قەراغ شار ژن و مێردێکی پیری
لێکەوتوی هەژار هەبوو تاقە کوڕێکیان هەبوو کە ناوی (مەردان) بوو، ئەم کوڕە
بەیانیان سواری کەرەکەی ئەبوو ئەچوو بۆ دەشت بارێك پووش و پەڵەکی ئەدروو لە
کەرەکەی بار ئەکرد و ئەیهێنایە شار ئەیفرۆشت بەوە خۆی و دایکو باوکەکەی ی
بەڕێوە ئەبرد و بێجگە لەمە هیچ دەستکەوتێکی تریان نەبو.

ڕۆژێك لە ڕۆژانی ساردی زستان کە ئەژنۆیەك بەفر باری بوو، مەردان گۆزەیەکی
هەڵگرت کە بچێ بۆ سەرکانی ئاو بۆ دایکی بێنێ ، دوای ئەوەی گۆزەکەی پڕکرد
خەریك بوو بەرەو ماڵ بگەڕێتەوە چاوی بە جوتێ کۆتری سپی جوان کەوت کەلەسەر
چڵی درەختێك بەکزی نیشتبوونەوە، لەسەرما کەسیرە بووبوون سەریان خستبوە
ژێربالیان.

مەردان زۆر بەزەیی بە کۆترەکانا هاتەوە خێرا بە درەختەکەدا هەڵگەڕا دەستی کرد بە
گیرفانیا لاگونلیك بریشکەی گەنم و کونجی بۆ کۆترەکان راگرت کە بیخۆن بەکەم
جار کۆترەکان سڵەمینەوە بەڵام کە زانیان مەردان دەستی یارمەتی و دڵسۆزیان بۆ
درێژ ئەکا بە دڵنیایی دەنوکیان درێژکرد بۆ خواردنی بریشکەکە.

بەم پێیە مەردان هەرچی برێشکەیەکی لەگیرفانا بوو هەمووی دەرخواد دان هەتا تێربوون ئەمجا کۆترەکان پەڕوباڵیان لەسەر و رووی مەردان هەڵسو دیاربوو داوای یارمەتییان لێ ئەکرد کە بیان باتە ماڵەوەشەو لە شوێنێکی گەرمدا بیان حەوێنێتەوە.

مەردانیش شەبرەکەی لەسەری کردەوەو لە کۆترەکانیەوە پێچا و لەگەڵ گۆزە ئاوەکەدا هێنانیەوە بۆ ماڵەوە.

دایکی کە چاوی بە جووتە کۆترەکە کەوت وتی: مەردان ئەمە نێچیرێکی باشە سەریان بیڕەو ئەمشەو ئەیانکەین بە خۆراك.

مەردان لەوەرامدا وتی : ئەم باڵندە ئێسك سووکانە بەستەزمان و بێزمانن وەك ئێمە حەز لە ژیان ئەکەن وە لەسەرێکی تریشەوە لە ناو کشتوکاڵدا بەرەڵسی کرد ملەو جرۆجانەوەر بەزیان ئەکەن. وە لەوکاتەیشدا کە پێغەمبەر(د.خ) لەگەڵ یارەکەی لە دەست بێباوەڕان هەڵاتن چووە ئەشکەوتێکەوە ئەوە بوو لەگەڵ جاڵجاڵۆکە دەرگای ئەشکەوتەکەیان تەنی وە کۆتر هێلانەی بەسەرەوە کرد. بەمە بێباوەڕەکان زانیان کە کەس نەچۆتە ئەشکەوتەکەوە ئەوەبوو نەچوونە ئەشکەوتەکەوە و گەڕانەوە . ئیتر من بۆچی ئەم باڵندە جوان و بەکەڵکانە بۆ پارووپەك گۆشت سەریان بیڕم و لە گیانیان بکەم ؟

هەتا بەفر چووەوە مەردان کۆترەکانی بەخێوکردو لە سەرما پاراستنی .

رۆژێك هێنانیە دەرەوەو دەستی بەسەریانا هێناو بەرەڵای کردن ، کۆترەکانیش چوونە سەر گوێسەبانەیەك دوو سێ جار سەریان لەقان و ماڵئاواییان کرد و بەشەقەی باڵ هەڵفڕین .

رۆژێك لەدەمی هاویندا جاڕ درا بە وڵاتا کەوا (خەندان)کچی سەرکۆماری ئێل لەسەیران ئەموستیلەیەکی ئەڵماسی لێبزر بووە لەفەتی ئەموستیلەکەی ئەخۆشە، بێتو هەرکەس ئەموستیلەکەی بۆ بدۆزێتەوە پاداشتی ئەدرێتێ و خەندانی لێمارە ئەکرێ .

لەهەموو لایەکەوە خەڵك کەوتنە خۆیان بۆ گەڕان بە شوێن ئەموستیلەکەدا

مەردانیش بەپێو شوێنی ئەموستیلەکەدا چوو ، لەکاتێکدا کە بە چیاکەدا سەرکەوت

بەردێك لەژێر پێدا ترازا و بەبێ هۆشی کەوتە خوارەوە ، کاتێ هۆشی هاتەوە بەرخۆی

بینی لە گوڵزارێکدایە و دوو کچی جوانی پەری بەرێکەر بە چەپکە گوڵەوە باوەشێنی

ئەکەن .

مەردان وتی : ئایا من مردبووم و ئەمە بەهەشتە ؟

وتیان : مەردان تۆ نەمردبووی و ئەمەیش بەهەشت نیە، ئێمە(سۆسەن) و (یاسمین)

کچی شای پەریانین. لەبیرتە لە رۆژە سەرماو بەفرەکەدا هەیەکەمان چوبوینە وێنەی

کۆترێکەوە بە گەشت و گوزار ئەگەڕاین ؟ تۆ داڵدەت داین و ئێمەت حەوانەوە. ئێمە

ئەو چاکەیە لەیاد ناکەین چیت ئەوێ داوابکە ؟

مەردان وتی : هیچم لە ئێوە ناوێ تەنیا ئەموستیلەی خەندانی کچی سەرکۆمارم بۆ

بدۆزنەوە.

ئەوانیش فەرمانیان کرد بە(سیموخ)، بەماوەیەکی کەم (سیموخ) ئەموستیلەکەی

هێنایەوە دای بەمەردان ، مەردانیش ئەموستیلەکەی هێنایەوە بۆ خەندان و

بەزەماوەندێکی خۆش خەندانی لێمارەکرا و پاداشتی وەرگرت، باوك و دایکی

هەژارەکەیش لەسایەیا حەسانەوە .

ئەمجا منالە خۆشەویستەکان تێبگەن هەر کەس دەربارەی بێزمان دڵسۆزبێ و ئازاری

بەبێ زمانی بێزیان نەگەیەنێ خوا پاداشی ئەداتەوە.      ژ/ ١٣٣٥

## ٩٧.گومەزێکی نەخشین ١٣٣٦

ئەگێڕنەوە سەدو پەنجا ساڵێك لەمەو پێش پێشەوا و شاعیری مەزن (مەولانا خالد)(قدس الله سره) دەنگێکی پەنهانی ئەدرێ بە گوێیا پێی ئەڵێن : کە بچێتە شاری (دەلهی) لە هندستان ، لەوێ سود و بەهرە وەربگرێ . ئەویش ڕێی دەشت و بیابان ئەگرێتە بەر بەسەر خاکی ئێران و ئەفغان دا تێپەڕ ئەبێ بۆ هندستان.

ڕۆژێك لە دەمی ئێوارەدا ئەگاتە قەراغ شاری (غەزنە) وەکو خۆی ئەفەرموێ : پێم بڵێ خالد ئەگەر تۆ وارە هەندە و شێت نەبی *؟ تۆ لەکوێ غەزنەین و کابوڵ ! خاکی هندو قەندەهار *

لەقەراغ ئەم شارە چاوی بە گومەزێکی نەخشین ئەکەوێ کە چوار دەورەکەی دەرخت و گوڵزارە لە دڵی خۆیا ئەڵێ : ڕەنگە ئەمە مەزاری پیاوێکی گەورە بێ . لەوکاتەدا پیاوێکی بەتەمەنی ریشسپی پەیدا ئەبێ (مەولانا) ئەپرسێ ئەڵێ : ئەی مامە پیرە ئەم گومەزە مەزاری چە پیاوێکی گەورەیە؟

مامەپیرە لە وەڵامدا ئەڵێ : ئەمە مەزاری پیاوی گەورە نییە گوێڕاگرە بۆت بگێڕمەوە: پادشای ئەم شارە لە ژیانیا تاقە کوڕێکی ئەبێ لەتەمەنی سێ چوار ساڵ دا ئەبێ ڕۆژێك پادشا ئارەزووی گەشتوگوزاری دەریا دڵی نایە لە کوڕەکەی جوێ ببێتەوە کوڕەکەی ئەدا بە دایەنەکەی وە لەگەڵ خۆیدا سواری کەشتیان ئەکاو ڕێی دەریا ئەگرێتە بەر، ماوەیەك ئەڕۆن دایەنەکە کوڕەکەی بەباوەشەوە ئەبێ لەپەنجەرەی کەشتیەکەوە تەماشای شەپۆلی ئاوی دەریاکە ئەکا کوتوپڕ کوڕەکەی لەدەست ئەکەوێتەخوارەوە بۆ ناو دەریاکە، دایەن هاوار ئەکا ئەوریکێتی کەشتیوانەکە کە چاوی لەمە ئەبێ لەنگەر بە کەشتیەکە ئەگرێ و سەگێکە لەلاوە ئەبێ سەگەکەی دەنگ ئەدا بۆناو دەریاکە سەگ بە مەلەکردن ئەڕوا چمکێکی داوێنی کوڕەکە ئەگرێ و بەناو ئاوەکەدا کێشی ئەکا و بێئازارو زیان ئەیهێنێتە ناو کەشتییەکە، کە پادشا ئەم چاکەیە لەم سەگەبێ زیانە ئەبینێ

سەگەکە لە کابرای کەشتیوان ئەکڕێ بە هەزار ئەشرەفی زێڕ و لەتەك خۆیدا ئەیهێنێتەوە بۆ شاری (غەزنە) .

هەروەها ڕۆژێك پادشا کەروێشکێکی سەربڕاوی بۆ دێ بە چێشتکەرەکەی ئەڵێ: کە پاکی بکا سوری بکاتەوەو بۆی بکابە (سەنگەسیر) چێشتکەرەکەیش کەروێشکەکەی بۆ ئەکا بە سەنگەسیرێکی باش لەبیری نابێ سەری داپۆشێ بۆ هەندێ کاروباری خۆی ئەچێتە دەرەوە. تا دێتەوە ڕەشمارێك پەیدا ئەبێ ئەتفێتە خۆراکەکەوە پڕی ئەکا لە ژار.

سەگەکەیش چاوی لەم کارەساتە ئەبێ کاتێ چێشتکەر خۆراك ئەباتە بەردەمی پادشا و پارویەکی لێدائەگرێ خەریك ئەبێ بیبا بۆ دەمی سەگ دەستئەکا بە وەڕین پەلاماری دەستی پادشا ئەدا .

پادشا ئەڵێ: ئەم سەگە هار بووە . خەریك ئەبێ بیکوژێ ، هەرچۆنێك ئەبێ سەگەکە پاڕووەکە لە دەست پادشا ئەفڕێنێ و قوتی ئەدا و دەستبەجێ ئەتۆپێ و گیانی خۆی لەپیناوی خاوەندەکەیا بەخت ئەکا. پادشایش لەپاداشتی ئەوەدا کە ئەم سەگە گیانی خۆی و کورەکانی کڕیەوە و لەدەم ئەژدەهای مەرگ سەندییەوە سەگەکەی لێرەدا ناشتووە وە ئەم گومەزەی لەسەر کردووە.

ئەمجا منالەخۆشەویستەکان تێبگەن گیانلەبەرێکی بێزبان کە ئێمە بە سووك تەماشای ئەکەین چونکە چاکەی لەگەڵ ئەم پادشایەدا کرد پادشا پاداشی دایەوە.

ئادەمیزادێك کە بەڕێزترین وە (أشرف = ئابرومەندترین) ی گیاندارانە کە هاتوو چاکەی کرد نابێ چاکەی لەیاد بکری ئەبێ پاداشی چاکەی بدرێتەوە.ژ/ ١٣٣٦

## ۹۸ چیرۆکێکی ڕووداو ، مامۆستاو بازرگان و پێشەوا ۱۳۲۷

لەسەردەمی پێشوا لەشارەکەمانا چایخانەیەك هەبوو، بە تایبەتی خوێندەوارو زانا و شاعرەکانمان تیا کۆئەبوونەوە.

کەمتر لایورە و هەرزەکار لەوێدا جێیان ئەبووەوە. ئەم چایخانەیە لە شەوو ڕۆژێکدا سێ جار ئەکرایەوە لە بەیانیەوە تا چێشتەنگاو،پاش نیوەڕۆیان ، شەویش سێ سەعات.

ئەم زانا و شاعرانە پیاوێکی بازرگانیان کردبو بە (صدری مجلس= بلاژوورو) کە لە تەمەنی حەفتا سالێدا بوو خوێندەوارێکی بەرزبوو بێجگە لە زبانی خۆی کە کوردی بوو سێ چوار زبانی بێگانەی ئەزانی بە بازرگانی گەلێ لەشارانی تاران ، وارشو ، مۆسکۆ و ئەستەمووڵ و حیجاز گەڕابوو زۆر وردبین و جهان دیدە بوو ئەگەر شاعر و زاناکان شعرێکیان بخوێندایەوە یان قسەیەکیان بکردایە هەڵە بوایە هەڵەکەی بۆ ڕاست ئەکردنەوە مامۆستایەکیش هەبوو دەرسی باشی ئەوتەوە و قوتابیەکی زۆر هۆگری بوو بوون دەرسیان لەلا ئەخوێند. مامۆستایش لە شەو و ڕۆژێکا ئەبوایە سێ جار بچوایە ئەم چایخانەیە بۆ گوێ گرتنی شعرو باسی زانستی.

ڕۆژێك لە ڕۆژان مامۆستا لە قوتابخانەکەیدا دەرسی ئەوتەوە نا فرمانی لە چەند قوتابیەك دی تاوی دارێکی لێدان تاواندارو بێتاوانی بە جارێ کردە دەرەوە.

هەرچەند قوتابیەکان پاڕانەوە وتیان : جارێکی تر کارێکی وا ناکەین کە دلگران بی بەلام مامۆستا نەیبیست قوتابیەکانی دەرکرد.

دوای کەمێ مامۆستا پەشێمان بۆوە بە زویری و دلتەنگی چوو بۆ چایخانەکە دانیشت. بازرگانی بالا چاك و خۆشی لەگەڵ مامۆستا کردو وتی : ئەمڕۆ بۆچی وا زویری ؟ شعرو قسە خۆشەکانت کوا ؟ مامۆستایش سەربوردی خۆی و قوتابیەکانی بۆ گێڕایەوە.

بازرگان بەزەردەخەنەیەکەوە وتی : مامۆستا چۆن وەکو تۆ ئەبێ ؟ من لە هەرەتی گەنجیما لەگەڵ ۲۰ ، ۳۰ قوتابیەك لەلای پێشەوایەکی گەورە دەرسی ئایین و ڕەوشتی

بێجگە لەوەی سەرۆکێکی ئایین بو زۆریش جوانمان ئەخوێند ئەم پێشەوایە
دەستدارو بەدەسەڵات بوو شەوێك لە شەوانی ساردی زستان کە پێی ئەڵێن : بەهاری
مەستان خۆم و قوتابیەکی زۆر لە پێشەوا کۆبوینەوە ئەویش بە وانەی شیرین ئامۆژگاری
ئەکردین. ئەوەندەمان زانی کابرایەك بە هەڵەداوان پەیدابوو بە پێشەوای وت کەوا
دەستەیەك هەرزەکارو خوێڕی گەڕەك لە نزیك تۆوە لەلا دوکانێکدا کۆبونەوە بە ئارەق
و شەراب و شەکەروکەو تەپڵ و دومەڵەکەوە بەزمیان گەرم کردوە. ئەمیش شتێکی
زۆر نەنگە کە لە گەڕەکی تۆدا ئەم کارە رووبدا.

پێشەوا کە ئەمەی بیست بەجارێ ئێمەی دەنگ دا هەریەکە دەستمان دایە کوتەکێکی
ئەستور پێشەوا پێشمان کەوت و هەڵمان کوتایە سەر خراپەکارەکان.

کاتێك لێیان نزیك بوینەوە هەرزەکارەکان کەل و پەلی بەزمیان هەریەکە لە شوێنێکا
شاردەوە و هەموو بەریز ملکەچ دەستەو نەزەری پێشەوا وەستان وتیان : ئەی پێشەوای
مەزن بەم شەوە ساردە چۆنە هاتوونە دەرەوە ؟

پێشەوا بەڕوویەکی خۆشەوە وتی : قسەیەکی خراپم لەبارەی ئێوەوە بیست ، وتیان ئێوە
لێرە خەریکی کارو کردەوەی بەدن ئەوا بۆم دەرکەوت کە ئەم قسەیە درۆ بووە چونکە
کاروکردەوەی بەد لە ئێوە ناوەشێتەوە کە هەرزەکارەکان ئەم روخۆشی و قسە
شیرینانەیان لە پێشەوا بیست هەموو لەبەر پێیا کەوتن و تۆبەیان کرد لە خراپە
گەڕانەوە.

کە مامۆستا ئەم قسانەی لە بازرگان بیست دەست بەجێ چوو دەستی کردە ملی
قوتابییەکان و ئاشتی کردنەوەو هێنانیەوە بۆ قوتابخانە.

منالە خۆشەویستەکان لەم چیرۆکە پەند وەرگرن هەموو کاروبارێك بە نەرمی و
قسەی خۆش ئەچێتەسەر ئەگەر پێشەوا لە خراپەکەرەکانی بدایە و ئازاری پێبگەیاندنایە
لەسەر خراپە زیاتر چاوبرسی ئەبوون و لەخراپە نەئەگەڕانەوە. ژ/١٣٣٧

..............

## ٩٩. میرنۆڕك و پیر هۆمەر ١٣٣٨

ئەگێڕنەوە لەسەردەمی پێشودا پادشایەك هەبوو ئەم پادشایە زۆر هۆگری پیاوی زانابوو هەمیشە زانایانی لەخۆی كۆئەكردەوە وە لە زانستی یان بەهرەی وەرئەگرت چونكە ئەیزانی بەبێ زانستی كاروباری وڵات دانامەزرێ.

لەبەر ئەمە هیچ كاتێ زانا لە دیوانی نەئەبڕدرا وە پۆل پۆل زانایان هاتوچۆی دیوانیان ئەكرد. ئەمجا پادشا لەناو ئەم زانایانەدا یەكێكی لەهەمووان زیاتر پەسەند كردبوو كە ناوی (میر نۆڕك) بوو، هەموو ئیشو كارێكی میری راوپرسی پرسی ئەكرد لە زانست و زیرەكی سودمەند ئەبوو پادشا وەزیرێكیشی هەبوو ئەم وەزیرە هۆگری پیاوێكی سۆفی خەڵوەكێش بوو بوو كە ناوی(میر هۆمەر)بوو، هەموو رۆژێ ئەچووە زنجەكەی دیدەنی ئەكرد. هەرچەندە پادشا سەرزەنشتی وەزیری ئەكرد ئەیوت : هاتوچۆی ئەو كابرا نەخوێندەوارە مەكە ئەمە هیچ سودێكی لێوەرناگیرێ .

وەزیر بەگوێی نەئەكرد هەتا شەوێك لە شەوان پادشا و وەزیر لەناو خۆیاندا كەوتنە مشتومڕو پادشا ئەیوت: (میرنۆڕك) زاناو پەسەندە .

وەزیریش ئەیوت : پیر هۆمەر پیاوێكی پەسەندو پیرۆزە، لەمەڕ ئەمە پادشاو وەزیر بڕیاریاندا كەلەسەر مەرج و گرەو بچن هەردووكیان تاقیكەنەوە، هەریەكەیان خۆیان گۆڕی و چونە بەرگی پیاوێكی هەژاری بێنەواوە . پادشا كەولێكی سەموو كە پشتەكەی شاڵی تورمە بوو لەگەڵ تاجەگەوهەردارەكەی خستە بوخچەیەكەوە ودەستی دایە شمشێرە بڕ...ندە كالان زێڕەكەی لەگەڵ وەزیردا بەوشەوە رویانكردە ماڵی میرنۆڕكی زانا دوای دەستور خواستن چوونە ژوورەوە (شەگە = سەلام)یانكرد و وتیان ئەیزانای بەڕێز ئێمە دوو فریشتەین لەلایەن خواوە نێردراوین كە پێت رابگەیەنین خوا تو...

زیدەو پەسەند دبوە کردوویەتی بە پێغەمبەر بۆ ئەم هۆزە نەزانە کە بیانخەنیە سەر ڕێی ۲۳۰
ڕاست وە ئەم کەوڵ و تاجە گەوهەردارەش خەلاتی تۆیە وە ئەم شمشێرە بڕندە کالان زۆرە
پێشکەش ئەکەین هەرکەسێ سەرکەشی کرد و فەرمانی بەجێ نەهێنای بەم شمشێرە لەسەری
بدە.

میرنۆرك کە ئەم قسەیەی بیست تاوی گالۆکێکی لێدان وتی : هەی بیاوەڕی زۆر زەقە
ئێوە شەیتان و جادو گەرن .

گوایە من نایزانم لەدوای (محمد) سەلامی خوای لێبێ ،پێغەمبەری تر نایە وە نابێ بێ زوە
گالۆکەکەی کردنیە دەرەوە ئینجا چوونە ماڵ ی پیر هۆمەری خەلوە کێش ئەو قسانەی
کەلەگەڵ میرنۆرك دا کردیان لەگەڵ ئەویشا کردیان .

پیر هۆمەر بە توڕەییەوە نەڕاندی وتی : من چوارساڵ لەمەوپێش بە(خوریان= وەحی) زانیوە
کراوم بە پێغەمبەر ئێوە بە ملی شکاوتان تازە دێن دیاری و مژدەم بۆ دێنن ؟
کەوڵ و تاج و شمشێرەکەی لەدەست وەرگرتن و پادشا و وەزیر گەڕانەوە ماڵەوە ، بۆسبەی
جلی دیوانی پۆشی هەستان چوون بۆلای پیرهۆمەر، وەزیر چووە ژوورەوە پادشایش کە لە
درزی دەرگاکەوە تەماشای کرد وا پیر هۆمەر کەوڵەکەی لەبەر کردووە وە تاجەکەی لەسەر
ناوەو شمشێرەکەی لەتەنیشت خۆیەوە داناوە بەفیزێکەوە دانیشتووە هیچ ئاوڕ لە وەزیر
ناداتەوە نالێ : فەرموو دانیشە، پادشا کە ئەمەی دی پیر هۆمەری سزادا و خەلاتی میرنۆرکی
کرد وە وەزیریش گرەوەکەی دۆڕاند.

ئەمجا مناڵە خۆشەویستەکان تێبگەن نەزان نەك بۆ زەرەر بەدەنکە جۆیەك نەزەرێ و لە خوای
ئەبێ بەلام زانا بە ڕچەی کرداری گەنمی قەندەهار بە هەموو شتێکی نایابی لێیەیدا ئەبێ
کەوابوو تێبکۆشن بخوێنن ڕێی زانستی بەرمەدەن تا لەئەنجامدا بۆخۆتان و بۆ وڵات سوودتان
بێ. ۱۳۳۸

## ١٠٠. خۆشگوزەرانی بە سامانی زۆر نییە ١٣٣٩

ئەگێرنەوە لەسەردەمە هەرە پێشوودا پیاوێك هەبوو لەبەر رژدی و پیسکەیی ناوەکەی کوێربوو بووەوە بە (مام وشکەڵ) ناوی دەرکردبوو، ئەم پیاوە زێڕو زیو و سامانی بەخەروار هەبوو، خانوو بەرەو باخ و باخات و مەڕ و ئاژەڵ و زەوی و زاری هەبوو، لەگەڵ ئەمەیشدا پیسکەو چاوبرسی بوو، مشکی کوێر لەماڵیا دەکە جۆیەکی ئەئەقرتان، بێجگە لەوەی کەکەس چاکەی لەدەست نەئەدی خۆی و خێزانیشی لەو سامانە زۆرە خۆراکێکی خۆشیان لێنەئەخوارد و شەربەتێکی بەتامیان لێنەئەنۆشی و بەرگێکی جوانیان و خاوێنیان لێنەئەپۆشی ، ئەگەر منالەکانی داوای گۆشتیان بکردایە مام وشکەڵ ئەیوت: گۆشت هێشتا پێنەگەیشتووە . وای ئەبردە مێشیانەوە کە گۆشت وەکو میوە وەرزی تایبەتی هەیە.

مام وشکەڵ دەمی بەر بەیان لەخەو رائەپەڕی بەبێ حەسانەوەو وچان ئەکەوتە بازاڕو مەیدان بەهەر چوار پەل ئەکەوتە هەڵسوڕان کڕینی خانوو بەرەچەی زەوی و زارەکەی کۆئەکردەوە . دوو بەش لە شەوگار تێئەپەڕی ئەمجا ئەهاتەوە بۆ ماڵ نانە رەقێکی بە ئاوەوە ئەخوارد و لەسەر جلە گایەك لە پشتێر لێی ئەکەوت دڵی نەئەهات لەسەر دەستە نوێنێکی نایاب لە کۆشکەکەیدا بنوێ ئەیوت: نوێنەکان چلکن و کۆشکەکەم گەرد ئەگرێ .

بەم پێیە لە پیسکەیی خۆی چاوی بە قوڵا چوبوو پێستی لەشی بەسەر ئێسکەکانیا وشك بوبوەوە بەم هۆیەوە ناویان نابوو (مام وشکەڵ).

رۆژێك لە رۆژان واتەماشایانکرد وا مام وشکەڵ مردووەو لە حەوت ساڵان راست بۆتەوە کە پزیشك هات سەیریکرد بۆی دەرکەوت کەمام وشکەڵ مردووەو لە حەوت ساڵان راست بۆتەوە کە پزیشك هات سەیری کرد بۆی دەرکەوت بە درێژایی کات برسیەتی کاری تێکردووە و خوێنی لەلەشی کەم بۆتەوە و لەبرسانا مردووە.

شتیان و بردیان بۆ مزگەوت لەبەر ئەوەی ئەم کابرایە لەژیانیا بارەدارێکی نەکردبوو
بۆ مزگەوت و هەفتەی نانە رەقێکی نەدابوو بە مجەور مزگەوت تەرمەکەی وەرنەگرت
یەکسەر بردیان ناشتیان.

ئەمجا بزانین کێ ئەم (کەلەپور=میرات)ە زۆرە وەرئەگرێ ؟

مام وشکەڵ دوو کوڕی بەناوی (کەچەڵ) و (گێچەڵ) هەبوو کە لەتەمەنی(۲۵)و (۲۰)
سالیدا بوون، و کوڕێکی تریش هەبوو بەناوی(سەرەفراز) کەبەرمەکان بوو، کەچەڵ و
گێچەڵ کە باوکیان نێژرا بێنەوەی لەپرسەدا بۆی دابنیشن وەك کەری برسی کە بکەوێتە
قەرسیلەوە لەگەڵ دەستەیەك خوێڕی و هەرزەدا دەستیان دایە بەزم رەزم و قومار و
بەچەند ساڵێك هەرچی سامانی باوکیان هەبوو پاکیان لەناودا نابووت بوون و تویان
ناگردا.

کاتێ سەرەفرازی بەرمەکانە گەورەبوو راست و چەپی خۆی ناسی رۆژێك لە دایکی
پرسی وتی:ئایا باوکم سەرمایەیەکی بۆ بەجێنەهێشتووم کە کڕین و فرۆشتنی پێوە بکەم؟
دایکی وتی: زۆری بۆ بەجێهێشتی خوا نەنگاوتە لە براکانت دا هەموویان بە کردەوەی
هیچ و پوچ بەفیرۆدا.

شەوێك لە شەوان سەرەفراز نوستبوو لەخەویا پێیان وت: سەد دینار زێڕ لە ژێر فلانە
درەخت دایە برۆ دەریبێنە بۆخۆت.

سەرەفراز وتی : ئایا (پیت = بەرەکەت)ی هەیە ؟

وتیان : نەخێر پیتی نیە.

وتی : کەواتە نامەوێ .

دووبارە پێیان وت : یەك دینار لە بن فلانە بەردایە برۆ هەڵیگرە بۆخۆت.

وتی: ئایا پیتی هەیە؟

وتیان : هێجگار بەپیتە.

سەرەفراز بەیانی کەلەخەو هەلسا چوو دینارەکەی هەلگرت لەدلی خۆیدا وتی: واچاکە ئەم دینارە بکەم بە توێشوی رێگا و بچم بۆ بەغدا لەوێ بە پیشەیەکەوە خەریك بم ، دیناری خستە باخەلی و دەستوری لە دایکی خواست بەپێ لە رێی (سەگرمە)وە کەوتە رێ، گەیشتە سەر روباری تانجەرۆ تەماشای کرد کابرایەك لەگوێ روبارەکە خەریکی راوەماسی یە.

وتی: مامەی راوکەر تۆڕەکەت بهاوەرە ئاوەکەوە خۆم و بەختم هەرچییەکی پێوەبوو ئەم دینارەت ئەدەمێ.

راوکەر تۆڕی خستە ئاوەوە دوای کەمێ دوو ماسی نایابی پێوە بوو ، سەرەفراز ماسیەکانی وەرگرت و دینارەکەی دایە چووە ئەولاوە بە پوش و پەلاش ئاگرێکی کردەوە زگی ماسییەکانی هەلدڕی و کەبیان برژێنێ سەیری کرد هەیەکەیان گەوهەرێکی چەوچراغی لەزگدایە تومەز قەرالی ئەم ولاتە لە رۆژێکی ئەرخەوان سووری بەهاردا چووبوو بۆ راو لەتانجەرۆی دابو تاجەکەی لەسەر کەوتبووە ناو روبارەکەوە هەرچەند تانجەڕۆ تانجەڕۆی بۆکردبوو بێسود بوبوو، ئەو دوو گەوهەرە نرخدارە بە تاجەکەیەوە بربوو ئەو ماسیانە قوتیان دابوو .

سەرەفراز دوای ئەوەی تێر گۆشتی ماسی خوارد گەڕایەوە گەوهەرەکانی بردەوە بۆ قەرال وە سەربوردی خۆی بۆ گێڕایەوە .

قەرالیش لەپاداشی ئەم دەستپاکی و جەوان مەردی یەی دا سەرمایەیەکی زۆر و کۆشکێکی دایە و کچی خۆشی لێمارەکرد.

منالە خۆشەویستەکان ، ئەم پەندانە بۆ ئێوەیە ، رەوشت و خوتان بەرزبێ چاوتێرن بە قنیات فێربن تا لە دوارۆژدا بەکامەرانی بژین. ژ/١٣٣٩

## ۱۰۱. وەزیر وە هەنگ ۱۳٤۰

ئەگێڕنەوە لەسەردەمی هەرە پێشودا پادشایەك وەزیرێكی هەبوو هێجگار زیرەكو زانابوو، وە بێجگە لەوەیش دەربارەی گیانلەبەرانی بێزیان زۆر دڵسۆز بوو، وە زۆریش حەزی لە دیمەنی جوانی دارو درەخت و باخ و باخات ئەكرد،چاودێری تایبەتی خستبووە شار و وڵاتەوە هەركەسێ زۆرداری و دەست درێژی لە گیانلەبەرانی بێزیان بكرایە وە یان دارو درەختی ببڕیایەوە دەستی ئەو كەسەی لە بن دا ئەبڕی یەوە.هەروەها رۆژێكی هەتاو و هەساوی بەهار كە دەرودەشت بو بووە چیمەن و گوڵزار وەزیر بۆ سەیران چووە قەراغ شار لەكەناری جۆگە ئاوێكی روون و رەوان چوارمشقی لێ دانیشت . ئەوەندەی پێ نەچوو هەنگێكی جوان و نەخشین بە ویزە ویز دوو سێ جار بەدەوری سەری دا چەرخەی كرد و هاتە زبان وتی : ئەی وەزیری دەوران، ئاصفی ملكی سولەیمان. هەی پارێزی گیانلەبەرانی بێزیان، هانام بۆ هێناوی ، سكاڵام هەیە، دادم بپرسە.

وەزیر وتی: سكاڵات چیە فەرموو بیڵێ ؟

هەنگەكە وتی: ئێمە بەم بچوكی و بێهێزییەوە بۆ ئەوەی ئادەمیزاد دەرسمان لێوەرگرێ لە قورئانی پیرۆزدا سورەتێكی تایبەتی مان هەیە. شیرەی گوڵ و میوە ئەمژین ئەیكەین بەشانە بۆ نیشانە پیشانی ئێوەی ئەدەین كە بەری رەنج و تەقەلای چەند شیرینە وا خۆراكی شیرینی ئەیخەینە سەر سینی بۆ ئێوە كە خوا فەرمویەتی:﴿خۆشی=شفا﴾ی دەردو ئازارە . كەچی ئادەمیزاد ئەوەندە بێئەمەكە لەگەڵ بگەینە دوكانی شیرینی هەنگوین فرۆشان بێئەوەی هیچ زیانێكمان بێ بۆیان بەدار ئەمانكوژن و سەرمان پان ئەكەنەوە.

هەنگەكە ئەگەیشت وتارەكەی تەواو بكا دەمی وشك بوو چووە سەر جۆگەكە ئاو بخواتەوە شەپۆلێك لێیداو ئاوبردی . هەنگێكی تر كەلەسەردا ئەفڕی هات هاورێكەی لەخنكان رزگار بكا ئەویش ئاو بردی . وەزیر كە چاوی لەمەبوو دەست وبرد فریایان

کەوت نووکە گۆچانەکەی بۆ درێژکردن وە هەردووکیانی لەمردن رزگار کرد وە بردنی لەبەر هەتاو داینان هەتا بوژانەوە. دوای کەمێ فرین بەسەر وەزیردا چەرخەیەکیان کرد وەك نیشانەی سوپاسیان پیشان دا.

بەهێنکی پێچوو خەڵك بە نهێنی چوونە لای پادشا درۆ و بوختانیان بۆ وەزیر هەڵبەست کە گوایا کارێکی خراپی کردوە.

لەسەر ئەمە پادشا بە سەختی رقی لە وەزیر گرت وە بڕیاری کوشتنی دا.

وەزیریش پاکانەی کردو پاڕایەوە کە کارێکی نافەرمانی نەکردووە . وە داوای بەخشینی لە پادشا کرد. پادشا کەمێ بیری کردەوە وتی: لەسەر مەرجێك ئەتبەخشم هەستا دوو دەسك گوڵەباخی نایابی هێنا یەکەم خواکرد ،دووەم دەستکرد وە هەردووکیشیان لەجوانی رێکو پێکی دا وەك یەك بوون لە دوورەوە هیچ کەسێکی زاناو وردبین نەی ئەتوانی لێکیان جیا بکاتەوە.وە هەردەسکەی خستە گوڵدانێکەوە ئەمجا بە وەزیری وت: ئەختێ دوور راوەستە ئەم دوو دەسکە گوڵە لێك جیابکەرەوە کامیان خواکردە و کامیان دەستکردە ؟ ئەگەر لێکت جیا کردنەوە ئەتبەخشم وە ئەگەر لێکت جیا نەکردنەوە ئەبێ سزای خۆت ببینی.

وەزیر نزیکەی سەعاتێك بەسەر سوورمانەوە تەماشای دەسکەگوڵەکانی هەرچەندی کردوکۆشا بۆی لێك جیانەکرانەوە .

بەڵام ئەو دوو هەنگەکە وەزیر چاکەی لەگەڵ کردبوون فریا کەوتن وەزیریان لەو جۆرتە رزگار کرد پادشا لەوەزیر خۆشبوو ، ئەمجا منالە خۆشەویستەکان هەتا ئەتوانن دەربارەی بەسزمان و بێزبان دڵسۆزبن هەتا خوا لەرۆژی تەنگانەدا فریاتان کەوێ.

.............

وەرامیش بدەنەوە ئایا ئەو دوو هەنگە چۆن توانیان وەزیر لەو (سەمەرە-بیهەڵ) گەورەیە رزگاری بکەن؟ هەر کەسێ زانی ئەم کۆبونەی خوارەوە پڕ بکاتەوە لەگەل بایی دە فلس پولی پۆستەی کارنەکراو بنێری بۆ قورعە پاداش بۆ چوار کەس دەرئەچێ یەکەم: شەش مانگی (ژین) ،دووەم و سێیەم : هەریەکە دیوانێکی(حاجی قادری کۆیی)،چوارەم :پەرداخێکی بلوری مەڕ مەڕی سەر مۆر کە ئەو نیگارەی تیایە هەنگەکان چۆن وەزیریان رزگارکردوە وە پڕە لە هەنگوین بۆ بەربانگ زۆرنایابە.

پرسیارەکە: هەنگەکان چۆن وەزیریان رزگارکرد؟[169] ژ/ ١٣٤٠

..............................................................

## ١٠٢. ئەنجامی منالێکی بەناز بەخێوکراو ١٣٤١

ئەگێرنەوە لە سەردەمی پێشوودا پیاوێکی بازرگان هەبوو لە ژیانیا تاقە کوڕێکی هەبوو بەناوی(بێ باك) لەئەندازە بەدەر ئەم کوڕە تاقانەیەی بەناز بەخێو ئەکرد دڵی نەئەهات هیچ کارو فرمانێکی پێ بکا.

تەنانەت نە ئەبوو خۆی هەستێ بچێ ئاو بخواتەوە ئەبوایە نۆکەرێك ئاوی بهێنایە بەر دەم بەم هۆیەوە کوڕەکە دەماری لەشی سست وە توشی نەخۆشی تەمەڵی بووبوو.کاتێ (بێ باك)تەمەنی گەیشتە هەژدە ساڵی باوکی مرد، ئەمجا ئەم کوڕە چی بکا ؟ بێ ئەوەی کار و پیشەیەك بکا وە یان لەسەر دووکانەکەی باوکی دانیشێ بازرگانی بکا لەماڵەوە لەسەر دۆشەك پاڵی دایەوە هەرچی سامانێکی باوکی هەبوو هەمووی خواردو لەناویبرد دوا جار خانوو بەرەکەشی فرۆشت ئەویشی خواردو لێ بووەوە. هەرچەند خەڵك ئامۆژگاری یان کرد وتیان: هۆی بەخووە ژیوبو بەختیاری کارو پیشەیە قسەی کەسی لەگوێ نەگرت. ئەم کوڕە لە ڕۆژانی ساردی زستانا ئەچووە سەر تەنوری نانەواخانەیەك وە لە ڕۆژانی گەرمی هاویندا لەسای درەختێك لێ ئەکەوت وە ک

[169] تێبینی : ئەم دەوە هەر بۆ منالانە.

پرسیشی بیوایە لەکاتی ناشتاو نیوەڕۆژە و شێودا ئەچووەماڵی ناسیاوێك سکی خۆی تێر ئەکرد وە بەم پێ یە رای ئەبوارد.

رۆژێك لە رۆژانی گەرمی هاویندا لەسەر رەوشتی خۆی لەسای درەختێکا لەسەر گازی پشت لێ ی کەوتبوو تەماشای کرد قەلێك لەسەر درەختەکە نیشتوتەوە. ئەوەندەی پێنەچوو هەلۆیەك پەیدا بوو پارچە گۆشتێکی بەدەنووکەوە بوو کردی بەدەم قەلەکەوە. (بێ باك) لەمە سەری سووڕما لەدڵی خۆیدا ووتی: ئەگەر خوا حەزبکا(نافەریدە= مخلوق)ی خۆی بژیەنێ بەدەنووکی باڵندەدا رۆزی بۆ ئەڕەخسێنێ. دوا جار کەسەرنجی دا قەلەکە هەردوو چاوی کوێر بوو تێ گەیشت کە ئەمە هۆی ئەوەیە قەلەکە کوێرە بۆیە خوا ئەو هەلۆیەی بۆ رەخساندووە کە بەخێوی بکا.

لەپاشا وتی : خۆ من چاوو لەشم ساغە هەتا تێ نەکۆشم خوا رۆزیم بۆ نانێرێ وە ئەمەی وت: ﴿لیس للانسان الا ما سعی...﴾فەرمانی خوایە هەوڵ و تێکۆشین خۆشی لەدوایە. (بێ باك) لە ژێر درەختەکە هەستا هاتە شارەوە سەیری کرد وا (حاجی قەرەنی ئاغا) وەستاو کرێکارێکی زۆری کۆکردۆتەوە بناغەی کۆشکێك ئەداتەوە لەوێ دا بوو بە کرێکار. دوای چەند سەعاتێك وەشاندن سەری کوپەیەك دەرکەوت کە پڕ بوو لە سکەی زێڕ تومەز هی زەمانی ( ئەسکەندەر و دارا ) بوو کەلە تەق و رەودا شارابووەوە (بێ باك) هەندێ خۆڵی بەسەردا کرد و شاردی یەوە. کە شەو بەسەردا هات چوو کوپەکەی هێنا لە رێگا توشی مام نادری دراوسیان بوو پرسی: ئەو کوپەیە چی تێدایە؟ ئەویش سەربوردی بۆ گێڕایەوە . مام نادر وتی: ئەك پیاوی میری پێ بزانن (بێ باك) ماڵەکەت پشکنن ئەم کوپە زێڕە لەماڵی ئێمە دابنێ ئەویش بەقسەی کرد کوپەکەی دایە وتی: با لەماڵی ئێوە بێ.

دوای هەفتەیەك (بیّ باك) داوای كوپە زێڕەكەی كردەوە مام نادر لە وەڕاما ڕتی: كوپە زێڕی چی؟ تۆ شێت بووی ، خەوت دیوە ئەم قسانە بكەی ئەت بەن بۆ شێت خانە (بیّ باك) لووس و باریك گەڕایەوە هیچ چەندو چوونی بیّ نەكرا.

بەڵام مام نادر ژنێكی ژیرو خاوەن بیری هەبوو سەرەڕای ئەوەریش زۆر دڵسۆزو لە خوا ترس بوو. هەستا فێڵێكی بەكار برد كە كوپە زێڕەكەی دەست (بیّ باك) بكەوێتەوە بۆ ئەمە مارگرێكی راسپارد چەند رەشمارێكی بۆ گرت زێڕەكانی دەرهێنا و مارەكانی لەجیّ ی خستە كوپەكەوە بە مێردەكەی وت: تەماشاكە (بیّ باك)ی ئاشنات ئەم كوپەیەی پڕكردووە لە مار وە بە زێڕ داویەتی بە تۆ دیارە ئەم كابرایە جادوو گەرە كە مام نادر ئەمەی دی لەترسا زراوی چوو رای كرد.

وتی: هەر ئێستە ئەم كوپەیە بە مارەكانەوە ببەرەوە بۆ (بیّ باك) ژنەكەیش مارەكانی كوشت و زێڕەكانی كردەوە كوپەكە و بردی یەوە بۆ(بیّ باك) بەم جۆرە (بیّ باك) لە نەخۆشی تەمەڵی چاك بووەوە.

وە نەگبەتی بەری دا كەوتە خۆشی و كامەرانی یەوە. ئەمجا منالە خۆشەویستەكان بخوێنن، تێبكۆشن بەرگی تەمەڵی و سستی فڕیّ بدەن تا لە ئەنجامدا بە بەختیاری بژین.

ژ/١٣٤١

.......

١٠٣. چیرۆكێكی رودراو لە گۆڤاری(أطلاعاتي مفطي) لەژێر ناوو نیشانی (نوروز بچەها) وەرگیراوە.

## منالێكی كورد١٣٤٢

رەشیدی پچكۆلە بوو بو بەسەركی كۆمەڵی بەرهەڵستی(جاسوان=قسەچنان) دا ئەڵێ: نزیكەی چل ساڵ لەمەو پێش كە شۆڕش و ئاژاوەی جەنگی یەكەمین دەستی پێكرد سوپای روس و ئینگلیزو عوسمانی رژانە خاكی نیشتمانە خۆشەویستەكەمانەوە لەو كاتەدا دەوڵەتی ئێران بێهێز و كەم دەسەلات بۆنەیئەتوانی لە گەڵ دوژمن دا بجەنگێ

بەڵام سەرکۆمارەکانی ئێلانی کوردستان بەخۆیان و دەستو پێوەندیانەوە روبەروی دوژمن بەسەرو بەماڵ ئامادە بوون بۆ مردن وە کەوتبونە جەنگەوە.

یەکێك لەم سەرکۆمارانەی کورد کە ناوی(قادرخان) وە سەرکۆمار ئێلی(فیض الله بەکی) بوو کوڕێکی هەبوو لەتەمەنی پازدە ساڵیدا ناوی(رەشید) بوو ئەم کوڕە لە ئەندازە بەدەر ئازاو دلێر و بەهەڵمەت وەکو بەچکەشێر سەرەڕای ئەویش لەخوێندن تێەکۆشا زرنگ و وردبین بوو بێئەوەی چاوی بترسێ بە رۆژ نان و پێخۆر و فیشەکی ئەبردە گەرمەی جەنگەوە ئەیدا بە باوکی.

کابرایەکی بێگانەش هەبوو ناوی(ئەرشاك) بوو پێش ئەوەی جەنگ دەست پێبکرێ دوکاندار بوو کە جەنگ دەستی پێکرد بەوناوەوە کە گوایە دوژمنی روسەکانە وە ئەکو توشی ئازارو چەرمەسەرێ بێ پەنای بۆ( قادرخان) هێنابو ئەویش لەماڵی خۆیدا داڵدەی دابوو.

رەشیدی پچۆلە ئەیبینی هەمو رۆژێك کابرایەکی روتەڵە ئەهات بۆلای(ئەرشاك) نامەو نوسراو و پارەی بۆ ئەهێنا وە بە چرپە چرپ قسەی لەگەڵ ئەکرد.

رەشید لێکی دایەوە لەدڵی خۆیدا وتی: هەبێ و نەبێ ئەرشاك قسەچنە.

رۆژێك دوورو نزیك شوێن کابرای روتەڵە کەوت تا بزانێ بۆکوێ ئەچێ ؟ هەتا کردی بە چایخانەیەکدا کە چایچیەکە ناوی(صالح) بوو کابرای روتەڵە سەرنایە پەنا گوێی صالحەوە هەندێ قسەی بەگوێیا چرپان . رەشید تێگەیشت کە صالح رابەرەو باریدەدەری ئەرشاکە ، لوس باریك هاتەوە دوو منالی لەگەڕەکەکە بانگ کرد کە هاورێ و هاوتەمەنی خۆی بوون، چونە قەراغ شار بەچەند رۆژێك چاڵێکیان هەڵکەند کە قوڵایی چوارمەتر ئەبوو سەرەکەیان بە قامیش و پوش گرت وە خۆڵیان دا بەسەریا، ئەمجا رەشید بە منالەکانی هاورێی وت: ئێوە لەم ناوەدا بن من ئەچم بەشوێن ئەرشاك دا

رەشید دەستیٚ جلی سوالکەرانەی لەبەرکردو خۆی گۆڕی لەدەرگاوە بانگی
کردە ئەرشاك وتی: وەرە لەگەڵم بۆ قەراغ شار . صالح لەفلانە شوێن چاوەڕێت لەکا
ئەرشاك وتی: فەرمو تۆ پێشکەوە وا من هاتم .
رەشید پێشکەوت و ئەرشاك لەدوایەوە هەتا گەیاندیە ئەو تەڵەیەی کە بۆی ئامادەکرد
ئەرشاك کتوپڕ کەوتە چاڵەکەوە .
ئەمجا رەشید وتی:چۆنیەتی کارو پیشەی خۆتم پێبڵیٚ وە پارەکانیشت لەکویٚ داناوە!
ئەرشاك کەزانی چاری دەرچونی ئەماوە سەربوردی خۆی بۆگێڕایەوە و وە شوێنی
پارەکانیشی پێوت کەلەفلان شوێن قایمی کردووە کە نزیکەی٤هەزار تمەنە .
رەشید هاتەوە پارەکانی دەرهێنا دای بەدایکی وە چوو ئەم کارەساتەشی بۆ باوکی
گێڕایەوە بەم پێیە ئەرشاك تووشی سزای خۆی بوو وە رەشیدیش لەلایەن دەوڵەتەوە
خەلاتکرا وە نیشانی(شێر و خۆرشید)ی پێدرا.
ئەمجا منالەکان زیرەك و تیژبین بن بخوێنین تا بتوانن نیشتمان لە میکرۆبی بەلا پارێزن
ژ/١٣٤٢

............................................

## ١٠٤. گۆزەیەکی زێڕین ١٣٤٣

یەکیٚ بوو ، یەکیٚ نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو ، ئەگێڕنەوە لە زەمانی پێشین
دا پادشایەك هەبوو ئەم پادشایە لە پیاوی پیرو بەتەمەن زۆر ئەترسا وە کە پیاوێکی
بەتەمەنی ئەدی بەجۆرێك رقی هەڵئەستا چاوی بەرپێی خۆی نەئەدی ، بەم هۆیەوە پادشا
بە هەموو قەڵەمڕەوی خۆیدا بڵاوی کردەوە : هەرپیاوێك تەمەنی گەیشتیٚ بە شەست
ساڵ وە یان لە شەست ساڵ تێپەڕی کردبیٚ ئەبیٚ بکوژریٚ و لەناو بیریٚ وە بڕیاری
لەسەرداو کردی بە (دەستوور=قانون) یێکی تایبەتی .
کە ئەم دەنگە بە وڵاتا بڵاوبووەوە سەد کەس لە منال و نەوجەوانان لە هەموو
گۆشەیەکی وڵاتەوە کۆبونەوەو کەوتنە شین و گریان بۆ باوك و مام و خالی پیریان وە

هەر یەك لەم منداڵانە دیارییەکی گرانبەهای هەڵگرت و رویانکردە دیوانی پادشا ، هەرچەند سکاڵای خۆیانکرد و پاڕانەوە ، پادشا گوێی نەدایە دیاری گرانبەهاو پاڕانەوەیان.

دوای کەمێ رویتێکردن و وتی : ئەی منداڵینە ، ئەی نەوجەوانینە ، ئەگەر پەیمان و مەرجێکم لەگەڵ بکەن لە باوك و کەس و کارتان خۆش ئەبم هەرچەند پیریش بن .

منداڵەکان وتیان : ئەو پەیمان و مەرجە چییە؟

پادشا وتی : لە قەراغ شار دەریاچەیێك هەیە گۆزەیەکی لە زێڕ دروستکراوی منی تێکەوتووە هەرچی دەست و پێوەندو پیاوانی خۆم هەیە ناردوومە کەسیان نەیانتوانیوە گۆزەکە لە دەریاچەکە دەربێنن ، ئەمجا ئەگەر ئێوە بە هەمووتان توانیتان گۆزەکە دەربێنن ئەوا لە پیاوانی بەتەمەنتان خۆش ئەبم و قانوونەکەم پووچ ئەکەمەوە ، ئەگەر نەتانتوانی بە خۆتان و باوکە پیرەکەتانەوە سەرتان لە لەش جیائەکەمەوە وە هەرچی پیریش هەیە لە وڵاتا پاکی لەناو ئەبەم.

منداڵەکان بەم پەیمان و مەرجە قایل بوون ، هەستان چوونە سەر دەریاچەکە تەماشایان کرد گۆزە زێڕینەکە لەبن ئاوی روونی دەریاچەکەدا ئەبریسکێتەوە و جوان دیارە، بەڵام کە ئەچوونە ناو دەریاچەکەوە ئاوەکە لیخن ئەبوو هەرچەند ئەگەڕان گۆزەکەیان بۆ نەئەدۆزرایەوە، بەم پێیە لە یەکەوە تا (٩٩) کەس لە منداڵەکان لەم کارەدا سەرنەکەوتن هەموو زیزو غەمگین لە کەناری دەریاچەکە راوەستان چاوەڕوانی کوشتنی خۆیان باوکیان ئەکرد.

لەم سەد منداڵە گەنجالە یەکێکیان ناوی (دڵسۆز) بوو لە دڵی خۆیدا وتی: من بۆچی بچمە دەریاچەکەوە بۆ دەرهێنانی ئەم گۆزەیە ؟ ئەمە شتێکی ئاشکرایە (٩٩) کەس نەیتوانی بێ ئەم کارە بەجێ بێنێ بەتەنیا من چیم پێئەکرێ ؟

دڵسۆز باوکێکی پیری هەبوو کە لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا بوو وە زۆری
خۆشەویست بەباوکی وت : تۆ برۆ لەجێگایەکی نەدیوی خۆت بشارەوە با من لێرە
بکوژرێم .

باوکی بە زەردەخەنەوە وتی : ئەمە شتێکی ئاسانە لەکەناری دەریاچەکە درەختێك هەیە
گۆزەزێڕینەکە لەسەر درەختەکە قایم کراوە ئەمجا (وێنە = عکسە) کەی داوەتە ناو
ئاوەکە لەوە زیاتر هیچ تر نییە.

دڵسۆز چوو بۆلای پادشا وتی : فەرموو لە خزمەتتدا بم بۆ دەرهێنانی گۆزە ئەگەر هاتو
بۆم دەرنەهێنای لەپێش هەموانا من بکوژە.

پادشا لەگەڵی هاتو خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە .

دڵسۆز لەجیاتی ئەوەی خۆی روتکاتەوە و بچێتە دەریاچەکەوە سەرکەوتە سەر درەختەکە
گۆزە زێڕنەکەی درەختەکە هێنایە خوارەوە و پێشکەشی پادشای کرد.

کە خەڵك چاویان بە هونەری ئەم کوڕە کەوت سەرسام بوون.

پادشا لە دڵسۆزی پرسی : کێ ئەم هونەرەی فێرکردی ؟

وتی: باوکە پیرەکەم کە لە تەمەنی هەشتا ساڵیدایە وە تۆ رقت لێیەتی.

ئەمجا پادشا تێگەیشت کە سەد منداڵ و گەنج سەلیقەی پیرێکی جهاندیدەیان نیە، لەوە
بەدواوە ئەنجومەنێکی لە پیرانی و تێگەیشتو خوێندەوار کۆکردەوە و مووچەی بۆ بڕینەوە
بەبێ راوێژی ئەوان ئەموستی نەئەکرد بە ئاوا.

منالە خۆشەویستەکان تێگەیشتن کە چۆن پیرێکی ساڵ خۆی و سەد گەنج و نەوجەوانی لە
مردن رزگارکرد. کەوابوو ئەبێ رێزی پیران بگرن هەتا ئەتوانن یاریدەیان بدەین ، بۆئەوەی
ئێوەش کاتێ کە پیر بوون نەوەکانتان رێزتان بگرن و یاریدەتان بدەن. ژ/ ١٣٤٣

### ١٠٥. مەلا و بازرگان ١٣٤٤

ئەگێڕنەوە لە دەورەی پێشین دا مەلایەك ئەبێ ئەم مەلایە هێجگار زانا و خاوەن هۆش و بیر ئەبێ لە زانستی دا هیچ گرێ کوێرەیەك نابێ کە بە هونەری ئەو نەکرێتەوە. هیچ گەنجینەیەکی بەنرخی زانستی نابێ کە بەهونەر و پێنوسی ئەو دەرگای نەخرێتە سەر گازی پشت بەم هۆیەوە ناوبانگی زانیاری بە وڵاتا بڵاوئەبێتەوە.

کاك مەلا چل قوتابی زۆر زیرەکی ئەبێ کە پلەی ژوورو ئەخوێنن هەموو ۆرژێ ئەم قوتابیانە لەکاتێکی زانراودا دێنە لای مەلا بۆ دەرس خوێندن کابرایەکی پیری کۆنەساڵیش هەموو رۆژێك لەم کاتەدا دێتە لای مەلا بۆ گوێگرتنی دەرس وتنەوە رۆژێك لەرۆژان مەلا مەسەلەیەکی زۆر رەق دێنێتە پێشەوە کە هیچ زانایەك ناتوانێ بەئاسانی ئەو مەسەلەیە بتوێنێتەوە. وە بەشێوەیەکی جوان لە قوتابیەکانی ئەگەیەنێ و ئەیاتە مێشکیانەوە.

قوتابیەکان وەك نەخشی بەرد لە دڵیان چەسپ ئەبێ کە ئەم مەسەلەیە راست و دروستە و هیچ هەڵەی تیا نییە. ئەو رۆژە دەرس تەواو ئەبێ قوتابەکان بڵاوە ئەکەن.

بۆسبەینێ مەلا لە جەرگەی دەرس دا بەهێزی زانیاری بەڵگەی بڕندە دێنێتەوە و مەسەلەکەی دوێنێ (بطال- پوچ) ئەکاتەوە. ئەیباتە مێشکیانەوە کە هەموو هەڵە بوون . قوتابیەکانیش هەموو بڕوا ئەکەن کە قسەی مامۆستایان راستە و گومانی تیا نیە. ئەمجا کابرای پیر روو ئەکاتە مەلا و ئەڵێ : کە تۆ ئەمەندە زانای دوێنێ مەسەلەیەکت بەراست و دروست لە پوتابیەکان گەیاند و ئەمرۆ بۆت ساغکردنەوە کە هەڵەیە دیارە زاناو بلیمەتێکی وەك تۆ بەدەگمەن لە وڵاتا هەڵئەکەوێ ئەی بۆچی زانستەکەت بۆ کەڵك و سوودی خۆت لەکار ناهێنی ؟ تا لە دەردی هەژاری و دەست کورتی رزگاربی ، ئەی مەلا ئەم زانیاری و هونەرەی تۆ لەخەرمانێکی سوورکراوی گەنم

ئەچێ کە شەقڵ کرابێ و بە(أمانت= سپاردە) درابێ بەتۆ وە نەتوانی دەستبکەی لێهاڕی و بیکەی بەنان، ئەی مەلا وادیارە تۆ عەر زبانت هەیە و کردەوەت نیە.

مەلا لەوەراما ئەڵێ: من زانیاریم بۆ کەڵك و سوودی خۆم ناوێ بەڵکو بۆ سوودی گەل بەکاری ئەهێنم.

لەسەر ئەم گفتوگۆ مشتو مڕە نیوەی قوتابیان لایەنگیری کابرای پیرەیان کرد و نیوەکەی تریشیان لایەنگیری مەلا بوون.

بازرگانێکی دەوڵەمەندیش هەبوو رژدی و پیسکەیی بەناوازە ئەگێڕدرایەوە ماڵی خۆی بەقوڕگا نەئەچوو تەنانەت دۆستێکی چەند درهەمێکی لەدەست دەرهێنابوو کردبووی بە خورماو رۆنێکی چەوری پڕ لە هێلکە و چووبوو بە شوێن بازرگاندا میوانداری بکا بازرگان پارووێکی لێخستبوە دەمیەوە کوتوپڕ لەبینی گیرابوو. هەتا کوڵمەیان دابوو لەپشت ملی و ئاویان کردبوو بە گاڵوکیا ئینجا رزگاری بوبو هەستابوو رایکردبوو، وتبوی ئێوە لەسەر ماڵی خۆم میوانداریم ئەکەم، بەم رەنگە کابرای پیرەو لایەنگیرەکانی بە مەلایان وت: ئەگەر تۆ بە هونەرو زانیاری خۆت نەتوانی شتێك پارە لەدەست ئەم بازرگانە پیسکەیە دەربێنی ئەوا زانیاریەکەت سوودی بۆ خۆت و خەڵکیش هەیە، ئەگەر نەتوانی ئەوا هەر قسەت هەیە هیچت لەدەست نایە.

مەلا هەستا چوو بۆخان تەماشای کرد وا بازرگان لە حوجرەکەی دانیشتووە و کۆمەڵێك لیرەی زێڕی لەبەردەمایە خەریکە لیرە ئەژمێرێ.

مەلا قاقەزێك لە گیرفانی دەردێنێ ئەیدا بە بازرگان ئەڵێ: ئەوە دۆستێکت بۆی ناردووی.

ئەویش ئەڵێ: خۆ من نەخوێندەوارم بۆم بخوێنەوە و بزانم چی بۆنوسیوم؟

مەلا ئەڵێ: ئەمەی بۆ نوسیویت:- ئەم سامانە زۆرەی کە تۆ هەتە و بەشی خۆی لێنادەی و خۆیشت سوودی لێنابینی سبەینێ دەست مێردی تازەی ژنەکەت ئەکەوێ بەزم و رەزم ئەبێ هەرشەوێ وە لاشەکەیشت ئەبێ بە خۆراکی مارو مێرووی گۆڕ

مەلا بەجۆرێکی وا قسەی بۆ ئەهۆنێتەوە بازرگان دەست ئەکا بە گریان وە شامستێك لیرە ئەکاتە گیرفانی مەلاوە . مەلا ئەڕوا و ماوەیەك دور ئەکەوێتەوە بازرگان ئاگری تێبەرئەبێ لەناو لیرەکانی لەدڵی خۆیدا ئەڵێ : ئای مەلا بەهونەری زبانزانی چکەتێکی پێکردم رائەکا بەشوێن مەلادا لەبەر ئەوەی پێڵاوەکانی قورس ئەبێ پێی پەتی ئەکاو خۆی ئەگەیەنێتە مەلا ئەڵێ : خەڵکینە ئەم مەلایە بەزبانی لوس تاڵانی کردم . خەڵك کۆئەبنەوە ئەڵێن : تا ئێستا ئەم مەلایە دەست درێژی ماڵی کەسی نەکردووە پیاوێکی باش و لەخواترسە . بەپاڵەپەستۆ بازرگانەکە ئەگێڕنە دواوە .

مەلاش دێتەوە لیرەکان بەسەر قوتابیەکانیا بەش ئەکا.

ئەمجا منالە خۆشەویستەکان تێبگەن هونەرو زانستی بەکەڵکە سودی گشتی لێوەردەگرن. ژ/١٣٤٤

.....................

## ١٠٦. پادشا و تەتەڵەمیران ١٣٤٥

یەکێ بوو ، یەکێ نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو ، ئەگێڕنەوە لە سەردەمی پێشین دا پادشایەك هەبوو ، ئەم پادشایە پیاوێکی (تەتەڵەمیران = قسەخۆش)[١٧٠] ی راگرتبوو بەشەوان کە دیوەخان چۆڵ ئەبوو پادشا تەتەڵەمیرانی بەرامبەری خۆی دائەناو ئەویش قسەی خۆشی بۆ ئەکرد.

شەوێك لە شەوان پادشا رووی کردە تەتەڵەمیران وتی : ئەم شەو وەك شەوانی تر قسە خۆشەکانت دیار نیە؟ ئایا لەبەر چی زویری ؟

تەتەڵەمیران لەوەراما وتی : ئەمڕۆ شتێکم بیستووە هەرچەندە گاڵتەو گەپەو پیاو دێنێتە پێکەنین بەڵام دڵی منی تەنگ کردوە. داخی گرانم بۆ تۆ کە پیاوی نەزان و ناشی

[١٧٠] لە کوردستانی خۆمان و لەناو جوتیاران و دێهاتەکاندا گیانەوەرێکی نەرمۆڵەی لەشێوەی کرمی تیسکن هەیە کە لەسەر خواردنی گەڵاو سەوزەوات ئەژی زۆر بە زیانە پێی ئەڵێن : تەتەڵەمیران.

ئەخەیتە سەر ئیش و بەم هۆیەوە ئابڕومان چووە. لەم چەند ڕۆژاندا (سەرۆکی دارایی و کشتوکاڵ )بە دەستەیێك سوارەوە بۆ ڕاوشکار بەدەشتی شارەزووردا ڕابوردووە تەماشای کردووە هەتا چاوبڕ ئەکا پیاز چەنراوە گشتی سەوز ئەبینێ، کوێخا و جوتیارەکانی ئەو ناوەی هەموو کۆکردۆتەوە و خستونیە ژێر گیر و دارەوە وتویەتی :کە ئێوە هەموو ساڵێك ئەم هەموو پیازە ئەچێنن ئەی بۆچی دە بەکیان نەهاوردە بە میری ، هەتا تێیان گەیاندووە کە ئەمە پیاز نییە چەندویانە بەڵکو نێرگزە بەهارە گوڵەکەی وەریوەو لاسك و گەڵاکەی ماوەتەوە ، قیر سپی بووە تەنانەت چوون پیاز دوو چەپکیان ڕنیوەو لەبەردەمیا دایان ناوە.

پادشا کە ئەمەی بیست دایە قاقای پێکەنین و بۆ سبەینێ سەرۆکی دەست لە ئیشکێشایەوەو خانەنشینی کرد.

ئەمجا بۆ ئەوەی سەرەکێکی تێگەیشتوو کارگوزار هەڵبژێرێ ناردی بەشوێن زاناکانی شاردا کە تاقیان بکاتەوە ئاخۆ کامیان لە هەموویان زاناترە. تا ئەوبکا بەسەرۆك. زاناکانیش هاتن ، پادشا لە زانای یەکەمی پرسی : (هۆی بەختیاری چیە؟

زانا هۆی بەختیاری ئەوەیە کە پیاو ڕۆژی چەند جارێك لەبەر پێتا بکەوێ و کڕنوشت بۆ بکا ،

پادشا وتی : دیارە تۆ پیاوێکی ماستاو سارد کەرەوەو ڕواڵەت بازی فەرمانی کرد لەسەری بدەن.

دووەم بە ترس و لەرزەوە هاتە پێشەوە ، پادشا لێی پرسی : هۆی بەختیاری چیە؟ لەودراما وتی : پارەو سامانە .

پادشا وتی : دیارە تۆ پیاوێکی پولپەرستی ، فەرمانی کرد بە جەواڵ درهەمیان هێنا و ڕشتیان بەسەریا هەتا لەژێر پارەدا خنکاو گیانی دەرچوو.

سێیەم گیانی گەیبووە سەر کونە لوتی هاتە بەرەوە و پادشا لێی پرسی : هۆی

لەوەراما وتی : پادشاهم هۆی بەختیاری دەست لە ملانی دلداران و رابواردن لەگەل پەری رووبانە.

پادشا وتی : دیارە تۆ پیاوێکی داوێن پیسی ، فەرمانی کرد بە دەستەیەك پەری رویان کەلەکە ترپیان لەسەر کرد هەتا تاساندیان و گیانی دەرچوو.

چوارەم تف لە دەمیا وشك بوو بوو هاتە پێشەوە پادشا لێی پرسی : هۆی بەختیاری چیە ؟

لەوەراما وتی : پیاو سکی تێر بیّ هەمیشە خۆراکی خۆشی ببیّ.

پادشا وتی : بۆم دەرکەوت کە تۆ پیاوێکی نەوسن و گەدە پەلی . فەرمانی کرد پلاو شلە و قاورمەو بریانیان بۆ هێنا هەتا توانی خواردی و ئەویشی کە لێی مایەوە یاساول بەدیارەوە دانا بەزۆر دەرخواردیان دا هەتا شەقی برد و پچڕا و مرد.

پێنجەم بە سەربەستی و سەربەرزی هاتە پێشەوە پادشا لێی پرسی : هۆی بەختیاری چیە؟

لەوەراما وتی : هۆی بەختیاری بۆ تاك و بۆ گەل هونەر و زانستیە چونکە هونەر و زانستی سامانێکە نابڕێتەوەو لەناوناچیّ، هەر هۆزێك زانستی لەناویا بروز بسێنیّ ئەو هۆزە ژێرناکەویّ و دوا ناکەویّ هەمیشە سەربەرزە ئیتر تەمەن درێژیتان لە خوا ئەخوازم ئەی پادشا .

کە پادشا ئەم قسانەی بیست دەست بەجیّ خەلاتی کرد و کردی بە (سەرۆکی دارایی).

ئەمجا منالە خۆشەویستەکان تێبگەن و پێبگەن ، رێی زانستی بەرمەدەن تا لە پاشەرۆژدا بە پایە بگەن ولاتیش لەسایەتانا بحەسێتەوە. نەك وەك کابرای سەرۆك لاسکی نێرگستان لیّ بیّ بە تەرەپیاز. ژ/١٣٤٥




## ١٠٧. زلیخا بانوو نیلاخ خان ١٣٤٦

وا باس ئەکەن لەسەردەمی پێشین دا پیاوێك هەبوو ئەم پیاوە زۆر دەوڵەمەند و خۆشگوزەران بوو لەژیانیا تاقە کوڕێکی هەبوو کە ناوی (ئیلاخ خان) بوو، ئەم کوڕە

نێچگار بەناز پەروەردەی کردبوو کاتێ (ئیلاخ خان) تەمەنی گەیشتە بیست ساڵان و خوێندنی تەواوکرد بێنەوەی یاریدەی باوك و دایکی بدا وە یان بەکارو فەرمانێکی بەکەڵکەوە خەریك بێ بوو بەهاورێی وەرگری کۆمەڵێك لە هەرزەکارو خوێڕیانی گەڕەك ، هیچ نەئەترسا لەدەستی کووتەکی فەلەك کە بدا بە بنا گوێیا و پاشەڕۆژی لەیاد کردبوو، هەمیشە لەتەك ئەم کۆمەڵەخوێڕیانەدا بەکارو کردەوەی ناپەسەند ڕۆژی ئاوا ئەکرد، هەرچەند خەڵك سەرزەنشت و ئامۆژگارییان ئەکرد کاری تێنەئەکرد.

ڕۆژێك باوکەکەی تاوی لیسێکی لێدا وتی : (ئیلاخ خان) وا دیارە تۆ ئابڕوی بنەماڵەکەمانت بردووە چونکە زانایان ئەڵێن : باوکێك نەتوانێ کوڕەکەی بکا بە پیاو ڕۆژی ڕەش و شەقی ڕۆژگار و ڕەهەندەیی لەشار و دیار ئاقڵی ئەکاو ئەیکا بەپیاو.

چەند درهەمێکی دایە بۆ توێشی ڕۆژگار و لەشار کردیە دەرەوە وتی: ئەبێ بیست قۆناغ دووربکەویتەوە .

چاری ناچار(ئیلاخ خان) ڕێی دەشت و هەردی گرتەبەر و ماوەیەکی زۆری بڕی هەتا لەشاری (ڕەی) گیرسایەوە، وە لەم ماوەیەشدا چەند درهەمەکەیشی لەڕێگا دابوو بەنان و پێخۆر و هیچی پێنەمابوو کەشەو بیدا بە کرێی میوانخانەیەکدا، ناچار شەو لەپەنا پاسارێك لەسەر زەوی لێی کەوت.

چەند شەو و چەند ڕۆژێك بەم جۆرە بێنان و پێخەف مایەوە هەتا ڕۆژێك لە ڕۆژان لە ڕێ گوزاردا توشی ژنێکی پۆشتەو پەرداخی شۆخ و شەنگ بو پرسی: ئەمە ژنی کێیە ؟ لەودراما وتیان : ئەوە ( زلێخابانو ) ی ژنی (ئاغا فەیروز)ە ئاغا فەیروز دەوڵەمەندێکی زۆر ڕژدو پیسکەیە وە هەرچی سامانێکیشی هەیە خوا بەهۆی ناوچەوانی پیرۆز وە داوێنپاکی و دڵسۆزی ئەم ژنەیەوە پێی داوە.

زلێخا بانوو هەمیشە یاریدەی هەژاران ئەداو دڵی بە داماوان ئەسوتێ . کە (ئیلاخ خان) ئەمەی بیست دوورو نزیك شوێنی زلێخا کەوت هەتا کردی بە کۆشکێکی بلندا.

(ئیلاخ خان) لەدەرگای دا ئەوەندەی پێنەچوو زلێخا هات دەرگاکەی کردەوە[١٧٠]

وتی : فەرموو ئەڵێی چی ؟

(ئیلاخ خان) وتی : من کەسێکی ئاوارەم سێ شەو و سێ ڕۆژە نانێکم دەست نەکەوتووە، ئەگەر هەیە شتێکم بدەرێ .

زلێخا : وەرە ژوورەوە نان بخۆ.

(ئیلاخ خان) : ئەوا ئەم ژەمەیش لێرە نانم خوارد ئەی بۆ ژەمێکی تر چی بکەم ؟

زلێخا : ژەمێکی تریش لێرە نان بخۆ.

(ئیلاخ خان) : ئەی بانووی بەڕێز پەنجا ژەمی تریش لێرە نانم خوارد سوودێك نابەخشێ وە بە دەسندە تێر نابم، ئەگەر ئەتوانی شتێکم پارە بدەرێ کڕین و فرۆشتنی پێوەبکەم.

زلێخا قسەکەی پێخۆشبوو دەستی برد چوار ئەشرەفی زێڕی[١٧١] دایە (ئیلاخ خان) بەسوپاسەوە وەریگرت و بۆی دەرچوو.

لەمکاتەدا(ئاغافەیروز) بەسەراهات بە زلێخای وت : تۆ بەمجۆرە بەخشندەیی بەسەر ماڵی منەوە بکەی بە چوار ڕۆژ ئەمخەیتە سواڵ و نابووتم ئەکەی دەستبەجێ لەویدا سێ بەسێ زلێخای تەلاق دا ، دوای ڕۆژ بە ڕۆژ کەوتە کزی و نابوتی، تەنانەت ناومال و خانوبەرەکەیشی فرۆشت و بەراستی کەوتە سواڵ.

(ئیلاخ خان) یش بەوچوار ئەشرەفییەوە دەستی کردە وردەفرۆشی لەماوەی چەند ساڵێکدا سامانێکی زۆر وە خانوبەرەیەکی جوانی پێکەوە نا وە لە ئەنجامدا زلێخا بانووشی مارەکرد وە بوو بەپیاوێك لەشارا ناوی دەرکرد.

ئەمجا منالەکان بزانن ڕژدی ڕسوایی لە دووە ، ڕەوشتی جوان و کارو پیشەی بەسوود و باش ئەنجامی بەختیاری یە. ژ/١٣٤٦

---

[١٧١] ئەم جۆرە دراوە لە ئێران بەکارهێنراوە و بەهای باشی بووە ،سکە زێڕێکی بچوکە بۆ خەلات بەکاردێ، بەڵام ئێستا بە تمن و ریاڵ و قران و پەنابا و سپاچەك کاردەکەن.

## ١٠٨. ڕەنگ و بەرگ ڕەوشت و خوو ناگۆڕێ ١٣٤٧

یەکێ بوو ، یەکێ نەبوو ، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، لەسەردەمی پێشین دا شارێك هەبوو ، ئەم شارە زۆر ئاو و بای سازگاری هەبوو، هەتا چاو بڕکا چواردەوری ڕەزی ترێ و میوە بوو، دانیشتوانی شارەکە دەربارەی گیانلەبەرانی بەستەزمان زۆر دلسۆزبوون وە هەرچی پاشماوەی خۆراکیان ببوایە ئەیاندا بە سەگ و پشیلە چونکە ئەیانزانی ئەگەر ئەم گیانلەبەرانە تێرو پڕبن هیچ زیانێك بە کەس ناگەیەنن .

تەنانەت چالەکە و ڕێویش کە مێملی ترێ یە و ڕەز وێران ئەکا بۆ ئەوەی زیان بە ڕەزەکانیان نەگەیەنن ئەوانیشیان لە هەرد و چیاوە هێنابوە شارەوە رام و دەستەمۆیان کردبوون. بەم پێیە چالەکەو ڕێوی لە کۆلان و بازاڕ و ماڵ دا بەسەربەستی و دلنیایی ئەگەڕان و لە هەموولایەکەوە خواردنیان بۆ دائەنان و ئەیانخوارد.

ڕۆژێك لە ڕۆژانی ڕەشەبا ڕێوییەك بە کۆلانێکا رابوورد گوێی لە گرمەو نالەیەك بوو وای گومانبرد کە ئەمە دەنگی شێرە لەترسانا پەشۆکاو هاتە لەرزین و خراپ تێکچوو، تومەز ئەو گرمەو نالەیە مەسینە کۆنێك بوو لە کۆلان فڕێ درابوو (با) ئەچووە ناوییەوە دەنگی لێ پەیدا ئەکرد ، لەم کاتەدا ڕێوییەکی لاپورە لە ژێر راوە ئەهاتە بەرەوە. تا ئەو گەیشتە بەرەوە بایەکە هێواش بووەوە و دەنگی نەما.

ڕێوی لاپورە بە ڕێوی شاری وت : ئەی دۆستی خۆشەویستم ئەوە بۆچی وا پەشۆکاوی و تێکچووی ؟

ڕێوی شاری لەوەراما وتی : چی بێ لەتۆ نهێنی بێ ئێستا ویستم فالێ بگرمەوە تەماشای (حەوت خانەی رمل) م کرد ئەلێ : بەم زووانە شێرێك پەیدا ئەبێ قەلاچۆی کۆمەلی ڕێویان ئەکا و ڕەچەلەکیان ئەبڕێتەوە .

ڕێوی لاپورە وتی : چارمان چییە چۆن خۆمان لەم دەردە رزگاربکەین.

ڕێوی شاری : فەرموو با پێکەوە سەری خۆمان هەلگرین و لە شار بچینە دەرەوە خۆمان بکوتینە کونە شاخێکەوە . هەردووکیان بە جووتە دەستیان کرد بە راکردن. هەلا لە شار چوونەدەرەوە ، ڕێوی شاری ڕێوی لاپورەی لە کونەشاخێك خزان و خۆی گەڕایەوە بۆ شار وتی : ئەبێ بزانم ئەو گرمەو نالەیە چی بوو لە کۆلانەکەدا بیستم؟ کەهاتەوە بە وردی سەرنجی داو لەلاو لەولای خۆی نواڕی بینی مەسینە کۆنێکەو کەوتووە (با) ئەچێتە ناوییەوە و لورەی لێ پەیدا ئەکا.

مام ڕێوی وتی: ئەی مەسینە کۆن تۆ بووی بە شتێکی وا قارەمانێکی وەك من بترسێنی بەخوا ئەبێ تۆلەی خۆمت لێبستێنم وە بتهاومە روبارەوە. هێنای قولفی مەسینەکەی بەست بە کلکییەوەو رۆیشت بۆ سەر روبار کلکی دارۆچکەی روبارەکە کرد کە مەسینەکەی تێبهاوێ مەسینە بە بلقەبلق ئاوی تێئەچوو ئەمیش ئەیوت : هەزار هاوار بکەی کەلك ناگرێ هەر ئەتهاومە ئەم روبارەوە و ئەبێ بخنکێی.

کاتێ مەسینە پڕبوو قوورسبوو ڕێوی بە پشتا کەوتە ئاوەکەوە لەوەدا بوو بخنکێ ناچار کلکی خۆی بڕی بە مەسینەکەوە نوقمی روبارەکە بوو. بەهەزار دەردە سەری خۆی لەمردن رزگارکرد . ئەمجا ڕێوی بۆ ئەوەی خزم و کەس و کاری بە کلك بڕاوی نەیبینن لە شوێنێکی نەدیوی بێ ڕێوە هاتەوە بۆ شار لەرێگوزاریا بازاڕێکی بچوك هەبوو دوکانێکی دییەوە کە خاوەنەکەی لەوێ نەبوو بەدزییەوە خۆی کوتایە گۆشەیێکی دوکانەکەوە خۆی حەشاردا . ئەوەندەی پێنەچوو خاوەن دوکان هاتەوە ڕێوی راپەڕی رابکا کەوتە مەرکانەیەك خومەوە سەرتاپای رەنگێکی شینی تۆخی وەرگرت تومەز دوکانەکە خومخانە بوو کراس و چارۆکەی ژنەلادێی لێ شین ئەکرا.

کە خەلَك مام ڕێویان بەم جۆرە دی لێیان پرسی : ئەوە بۆچی بەرگت شین کردووە و کلکت بڕاوە ؟

لەوەراما وتی : دیدەنی ماڵی خوام کردووەو دەستم بە قوڵفی کابە گرتووە. چونکە دیدەنی ماڵی خوا هەموو لکەیەکی ناشیرین لەپیاو ئەکاتەوە. وە ئەم جبە شینەیش بەرگی یەکرەنگی و خواپەرستی یە .

ئەمجا ئەوانەی زیەك و دانا بوون گاڵتەو قەشمەرییان پێ‌ئەکرد.

وە ئەوانەیش کە بێ‌ئەقڵ و کەرو گابوون وە ئایەتی پیرۆزی﴿أولئك کالانعام﴾یان دەرباره فەرموو رابون و دەستیان ماچ ئەکرد و رێزیان ئەگرت. ژ/١٣٤٧

...........

## ١٠٩ـ مام گوڵەسەنە ١٣٤٨

ئەگێرنەوە لەسەردەمی هەرە پێشیندا پیاوێك هەبوو ناوی (مام گوڵەسەنە)بوو. ئەم پیاوە زۆر دەستدارو دەوڵەمەندبوو لەگەڵ ئەوەیشدا ساویلکەو دڵ و دەروون پاك و دڵسۆزبوو هەمیشە ئەیویست چاکە بکا و یاریدەی هەژارو داماوان بدا بەڵام لەئەنجامی کاروبارو وردنەبوونەوە لەکن خۆی چاکەی ئەکرد کەچی ئەو چاکەیەی ئەبوو بە درکی نەگبەتی و داوێنی خۆی ئەگرت.

هەرچەند زانایان ئامۆژگاریان ئەکرد لەگوێی نەئەگرت،

رۆژێك لە رۆژان (مام گوڵەسەنە) ویستی بە کاروانی بڕێ بۆ شاری (خۆراسان) بۆ بازرگانی کە هەندی قاڵی و پارچەی نایاب بکڕێ بۆ ئەمە پێنج سەد لیرەی لەکەمەربەندی قایم کرد و لەگەڵ کاروانێك کەوتەرێ.

کاروانەکە مارەیەکی دوور و درێژ رێگای بڕی گەیشتە قەراغ ئاوایێك کە دەورەکەی هەمووی کشت و کاڵ و شینایی بوو(مام گوڵەسەنە) تەماشای کرد(نوما)[١٧٢]یێك کەتۆتە پەڵە دەغڵێکەوە بە راست و چەپدا ئەلەوەڕێ لەدڵی خۆیدا وتی: رەنگە خاونی

---

[١٧٢] جوانونەسپی دووساڵەیە.

ئەم دەغڵە نەیزانیێ کە ئەم ئۆما یە کەوتۆتە دەغڵەکەیەوە واچاکە بچم ئۆماکە دەربکەم ، ئاوی گالۆکێکی دا و چووە وێزەی ئۆماکە هەرچەند بە گالۆک لە ئۆماکەی دا ئۆما نەئەڕۆیی تومەز ئۆماکە پاش بەند کرابوو خاوەنەکەی ئەو پەڵە دەغڵەی کە قەرسیلی بوو بەتایبەتی بۆ ئەو ئۆمایە داچاندبوو ، خاوەنی ئۆما لە ئاوایی بەوە کە چاوی بە کردەوەی ئەم کابرایە کەوت ئاگری تێبەربوو بەهەڵەداوان هات بۆلای ئۆماکەی ... ئەو گەیشتێ ئەم لیرە ئۆماکەی تۆپان کوێخاو پیاوماقوڵانی ئاوایی کۆبوونەوە بڕیاریاندا کە(مام گوڵەسەنە) ئۆماکە بۆ خاوەنەکەی بژێرێ کە(١٠٠)لیرەیە ناچار (مام گوڵەسەنە) سەد لیرەی داو لەم چوورتـمە رزگاری بوو.

ئەمجا لەوە ترازان ماوەی چەند قۆناغێکی تر رۆین گەیشتنە سەرچاوەی ئاوێکی وەک سەرچاوەی (بێستان سوور) کە لەمبەرو و ئەوبەر دوو جۆگەی لێ هەڵگیرابوو یەکەم ئاش گێڕێك بوو ئەچوو بۆ سەر ئاش، دووەم بەقەد کلکە بێڵێك بوو ئەچوو بۆ سەری بەرە توتنێك.

(مام گوڵە) کە ئەمەی دی ئەختێ بیری کردەوە وتی : دیارە خاوەنی ئەم دوو جۆگەیە کەر و بێئەقڵە نەیزانیوە ئەم ئاوە دابەشبکا کە هەردوو جۆگەکە بەئەندازەی یەکبن.

بەم پێیە بە خۆڵ و دڕکو داڵ کنەی لە ئاوەکەدا کرد تا هەردوو جۆگەکە بەرامبەربەیەك وەستان، ئەوەندەی پێنەچوو ئاشەوان و باخەوان هەریەکەی بە لێبکرە بەیدا بوون .

ئاشەوان ئەیوت : ئاشەکەم لەگەڕ کەوتووە.

باخەوان ئەیوت: دێراوە توتنەکانم ئاوبردی .

هەردووکیان بەلیس سەروگوێی (مام گوڵە)یان کوتایەوە و سەد لیرەشیان لەتۆڵەی تێرانکردنی دێبەرە توتنەکەدا لێسەند.

دوای چەند رۆژێ کاروانەکە گەیشتنە شاری خۆراسان شەو لە کاروانسەرایەك لێی نوستن بۆ بەیانی چوونە بازاڕەوە بۆ کەلوپەل کڕین ، لەکاتێکا (مام گوڵە) لە دوکانێك سەودای پارچەو قالێ ئەکرد لەناکاو ژنێکی پۆشتەو پەرداخ کە مەلۆتکەیەکی بەباوەشەوە بوو توند قۆڵی گرت و وتی: وەرە مەردی خوابە ئیشێکم هەیە بۆمی بکە.

(مام گوڵ) وتی: ئیشەکەت چیە بڵێ ؟

ژنەکە لە وەراما وتی : بەچەند مانگێك لەمەوپێش مێردەکەم تەڵاقی داوم وە(کاربڕ= قاضی ) تەڵاقنامەی بۆ نوسیم و دایمێ ئێستا ئەمەوێ شووبکەمەوە تەڵاقنامەکەم لێبزر بووە و ئەم کاربڕەیش کە تەڵاقنامەکەی دامێ گۆڕدراوە بۆ شارێکی تر کاربڕێکی تر هاتۆتە جێی ئەبێ لەگەڵم بێی بۆلای و بڵێی : ئەمە ژنی منەو تەڵاقی ئەدەم بەڵکو تەڵاقنامەیەکی لێوەربگرم و ئەوکاتە بتوانم شووبکەم.

(مام گوڵ ) وتی: بەسەرچاو، بێدەنگ لەتەك ژنەکەدا چوو بۆ لای کاربڕ و تەڵاقنامەی بۆ وەرگرت.

ئەمجا ژنە روویکردە کاربڕ وتی: مارەییەکەشم دووسەد لیرەیە ئایا بۆمی ناسێنی ؟ مەلۆتکەکەیشی لەبەر دەمیا دانا وتی : ئەم کوڕە هەفتەیێکە بوومە نایدەی بەسەریا بەخێوی بکا ؟

کاربڕ دەستبەجێ دووسەد لیرەی لە (مام گوڵ) سەند دای بە ژنەکەو منالەکەشی دا بەسەریا کە بەخێوی بکا .

بەمجۆرە (مام گوڵ) لە هەموو سەرێکەوە قوڕی بۆ گیرایەوە.

منالە خۆشەویستەکان ئەمە پەندێکە بۆ ئەو کەسانەی رێ و شوێنی چاکە و یاریدە نازانن و بێ وردبوونەوە تێی هەڵئەچن ژ/١٣٤٨ لە١٩٥٧/٦/١٣

## ١١٠. ئاشوور ئاغا و مام گورگ

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو. ئەگێڕنەوە لە دەورەی پێشیندا پیاوێك هەبوو ناوی «ئاشوور ئاغا» بوو. ئەم پیاوە هێجگار دەست دار و خاوەن سامان بوو. وەبەشی زۆری ئەم سامانەیشی لەڕێی چاکەو دەستگیرۆیی هەژارو داماواندا بەکار ئەهێنا وە هەرچی هەژارو دەست کورتی شارەکەی هەبوو لەسای چاکەو بەخشندەیی ئەودا هەمووی حەسابووەنەوە. بەم هۆیەوە ناوبانگی چاکەو جەوان مەردی بە دیاراندا بڵاوبووەوە. وە لەناو کۆمەڵایەتیدا ڕێزی ئەگیراو شوێنی بلندی هەبوو.

«ئاشوور ئاغا» دراوسێ یەکیشی هەبوو کە ناوی(مام گورگی) بوو ئەم مام گورگی بە لەئەندازە بەدەر بەرچاو تەنگو پیسکەبوو چاوی بە ئاشوور ئاغا هەڵ نەدەهات کە ئەی بینی ئاشوور ئاغا لەناکۆمەڵدا ڕێزی ئەگیرێ و شوێنی بلندی هەیە چاوی تاریك ئەبوو ماوەی چەند ساڵێك لەپەی جوری گەڕا کە سەرنەگرێ بکا وە یان کارێکی وا بکا کە ئابڕوی بەرێ و سووك و ریسوای بکا بەم پێ یە بەهەموو جۆرێك داوی بۆ ئەنایەوە بەڵام نەیتوانی زاڵ بێ بەسەریا.

ڕۆژێك مام گورگی پارەیەکی زۆریی لە کەمەربەندی قایم کردو رووی کردە وڵاتی(ئەفەریقا) لەوێ منالێکی قوولە ڕەش کەلەتەمەنی دە دوازە ساڵاندابوو بەسەد لیرە سەودا کردو کڕی و لەگەڵ خۆی هێنایەوە ماوەیکی دوور و درێژ ئەم قوولەی بەجل و بەرگی جوان و خاوێن وەبە خۆراکی خۆش بەخێو کرد تا قوولە زەبەللاحێکی بەهێزی لێ پەیدا بوو.

ڕۆژێك لە ڕۆژان مام گوورگی رووی کردە قوولە وتی: چاکەم زۆر بەسەرتەوەیە ئەمە چەند ساڵە بەنازداری بەخێوت ئەکەم ئێستایش ئیشێکم هەیە ئەبێ بۆم بەجێ بێنی وە لە قسەم دەرنەچی.

قوولە وتی: ئیشەکەت چی یە بڵێ؟

مام گوورگە وتی : ئەم ئاشوور ئاغایەی دراوسیٚ یەم دەمیٚك ساڵە ناحەزو دوژمن مە ئەمەویٚ تووشی داویٚکی بکەم کەسەری تیا بچیٚ. ئەمەی وتو شمشیٚریٚکی دایە دەست قوولە وتی: ئەم شەو پیٚکەوە ئەچینە سەربانی خانووەکەی ئاشوور ئاغا شمشیٚریٚك لە ملم بدەو لاشەکەم فڕیٚ بدەرە حەوشەکەیانەوە، تا بەم هۆیەوە میری ئاشوور ئاغا بگریٚ و ملی بکا بەپەتەوە، هەرچەند قوولە هاواری کردو پاڕایەوە وتی: دووای مردنی خۆت ئەو هەرچی ییکی لیٚ بکریٚ سوودیٚك بە تۆ ناگا.

کەلکی نەگرت ، تەنانەت سەد لیرەی دابە قوولە تا فەرمانەکەی بەجیٚ هیٚنا سەری مام گوورگی پەڕاند و لاشەکەی تووڕ دایە حەوشەی ماڵی ئاشوور ئاغاوە. وە خۆشی هەڵات بۆ وڵاتی(ئەسفەهان) بۆ سبەینیٚ پیاوی میری بیٚ ی زانی ئاشوور ئاغا یان بەلەچەك کردو بردیان بۆ بەندینخانە، بەڵام دووای ماوەییکی کەم لەئەنجامی لیٚ کۆڵینەوەدا میری کارەساتی بۆ دەرکەوت کە ئەم پیاوە بیٚ گوناه و پاکە بەریان دا.

ئەمجا منالە خۆشەویستەکان ئەمە پەندیٚکە بۆ ئەو کەسانەی داو بۆ بیٚ گوناهو پیاوچاکان ئەنیٚنەوە ئەو جۆرە کەسانە جگە لەوەی کە زنجیری نەگبەتی ئەچیٚتە ئەستۆیان هیچی تریان پیٚ نابڕیٚ.

پیٚشینان ئەڵیٚن: هەرکەسی چاڵ بوو خەڵك هەڵکەنیٚ خۆی تیٚ ی ئەکەویٚ. ژ/١٣٤٩

١١١. **ئەمەکداری سەگیٚك :** ١٣٥٠

منالانی خۆشەویست . ڕەنگە هەمووتان بی زانن ئەگەر سەگ باش بەخیٚوبکریٚ و دەرزی بدریٚ گیان لەبەریٚکی بەکەڵك و سوودە بۆ ئەو کەسانەی خاوەن ڕەوەو ڕانن چونکە مەڕەکانیان لە زیانی گورگ و دڕندە ئەپاریٚزیٚ. بەتایبەت ئەو کەسانەی کە

خاوەن ناحەزو دوژمن بەشەوان ناهێڵێ دزو درۆزن بەماڵیانا رابورێ وە

ئەوەیش ئەم گیان لەبەرە بێ زمانە زۆر بەئەمەك و چاو تێرە وە پارچە وە قبیات نەكات. وە ئەو شوێنەی كەنانەكەی لێ خواردووە بەجێی ناهێڵێ.

ئەمجا گیان لەبەرێك كە ئەوەندە چاكەی پێ پێویستە لەسەرتان دەربارەیان

وە ئازاریان نەدەن وە ئەم چیرۆكەیش بخوێننەوە:

ئەگێڕنەوە لە زەمانی پێشین لە وڵاتی بەغدا زەمین پیاوێك هەبوو ناوی(یار وەلی) پیاوە چەند سەگێكی راگرتبوو، بۆ پاسەوانی رۆژێك لە رۆژان یار وەلی بۆ و كاری خۆی چووە دەرەوە یەكێك لە سەگەكان شوێنی كەوت هەرچەند سەگەكەی گێڕایە دوواوە بەڵام كەڵكی نەگرت وە هەر شوێنی كەوت نەچوو یار وەلی تووشی سێ هاوڕێ یانە بەسەر زاری دۆست وە لەژێرەوە بوون بەبیانوی ئەمەوە كە گوایە میوانداری یان بۆ كردووە یار وەلی یان خنكاندیان و خستیانە چاڵێكەوە و سەریان داپۆشی . وە لەسەگەكەیشیان دا و دەرەوە.

سەگەكە گەڕایەوە ماڵی خاوەنی ، بێ وچان دەستی كرد بە وەڕین بەڵام كەسێك نەگەیشت كە ئەم سەگە بۆچی ئەوەڕێ .

ماوەی هەفتەییك یار وەلی بێ سەرو شوێن بوو هەرچەند لە پێ و شوێنی سۆراخیان نەكرد تێگەیشتن كەلەناوچووە. لەبەر ئەمە دەستیان لێ شت وە بۆی دانیشتن. دوای ئەوە ماڵ و منالێ سەگەكانیان دەركرد بەڵام ئەو سەگەی ئاگاداری كارەسات بوو . هەرچەند لێ یان دا نەڕۆیی .

رۆژێ یەكێ لەم سێ هاوڕێ كوشتەیە بەبەر ماڵی یار وەلی دا تێ ئەپەڕێ هەڵمەت نەداتە قوڵ و قاچی وەك (درکی مەم و زین)تێ دەئاڵێ وە هەموو ێتە خوێن بەم پێ یە ژنەكەی (یار وەلی) تێ ئەگا ئەموستی خۆی ئەگەزێ و و نەبێ ئەم كابرایە (یار وەلی) كوشتووە هەڵ دەستێ پیاوی میری لێ

کابرای کوشندە ئەگرن وە ئەیخەنە بەندینخانەوە وە سەگەکەیش لەتەك کابرای کوشندەدا ئەچێ لەبەر دەرگای بەندینخانەکە ئەکەوێ دەست ئەکا بە لوورە لوور. کاربەدەستان تێ ئەگەن وە بۆیان ساغ ئەبێتەوە کە ئەم کابرایە یار وەلی کوشتووە. کابرا لە بەندینخانە دێ نە دەرەوە ، دوو پاسەوانی لەتەکا ئەنێرن بۆ ماڵەکەی سەگەکەیش شوێن یان ئەکەوێ لەگەڵ ئەگاتە سەر ئەو چاڵەی کە خاوەنەکەی تێدایە دەست ئەکا بە چنگە کرِی کە سەری چاڵەکە هەڵ ئەدەنەوە لاشەی(یار وەلی) ئەدۆزنەوە.

ئەمجا کابرای کوشندە لەگەڵ هاورێکانی سزای سەخت ئەدرێن وە هەرچی ماڵ و پارەیەکیشیان ئەبێ ئەیدەن بە ماڵ و منالی یار وەلی. ژ/١٣٥٠

..........

**١١٢. چیرۆکی باڵداران و جانەوەران ١٣٥١**

ئەگەر بەچاوێکی وردبینی سەرنجێك لەدەرو دەشت و چیاو منالانی خۆشەویست هەرد و دیهات و شار و کەناری شارەکەتان بدەن بەهەزاران باڵداران و جانەوەران و دەعبا ئەبینن ئەوانەیش وەك ئێمە گیانلەبەرن و خوادروستی کردوون وە هەنەکەیش لەمانە لەلایەن پەروەردگاری خۆیانەوە کارێکیان پێ سپێردراوەو کۆترەباریکەو کۆترەگاپەلە[١٧٣] و پەپوسلێمانکەو رەشۆلەو کەندەسمە کلکەهەڵسەنگێنە لەناو کشتوکاڵ و شینایدا بەرهەڵستی کرم و ملەو دەعبای بەزیان ئەکەن و لەناویان ئەبەن ، لەهەموویان بەکەلکتر (غەزالی= عەینەمەل) کەباڵندەیەکی بچوکە بەرهەڵستی دەعبایەکی بەزیانی وەك(کوللە) ئەکات کە رەگ و ریشەی کشتوکاڵ لەبن دەردێنێ خۆ چاکەی حاجی لەقلەق باسناکرێ کەدوژمنی ژەهرداری وەکو مار لەناوئەبا ئەی

---

[١٧٣] کۆترە شینکەیە و ماڵی نابێ بەشێوەی پۆل لە گومەزی مزگەوت و پەناپاسارەکان و شوێنە دوور لە مرۆڤەکان ئەژین.

پەڕەسێلکەو تەیرەنعەبابیلە بۆچی خراپە ؟ کەلەئاسماندا میکرۆبێکی پیسی وەکو ١٦٠
مێشوولە ئەقۆزێتەوە و لەناوی ئەبا بێنە سەر جانەوەرانی ماڵی سەگ و پشیلە لە
هەموویان بەکەلکترن ، سەگ دزو درۆزنمان لێدوور ئەخاتەوە و مەڕو ئاژەڵمان لە
زیانی گورگ ئەپارێزێ . پشیلەش مشك .

خۆ داخی مشك خۆش نابێتەوە کە بەهەزاران کتێبی دەستنوسی نرخداری لەم سەرەوە
بۆ ئەوسەر هەڵتلێشاندووە، بەهەزاران جەواڵ و خورج ولاکێشی نایابی لەت و پەت
کردووە ، ئای چەند هیزرەو کەندووی پڕ لە گەنم و ئارد و برنجی لەکەلکی خواردن
خستووەو پڕی کردووە لە گو، ئەمجا ئەگەر نێرە کتك لە ماڵدا بێ ئەم جۆرە زیانانە
روونادا.

ئەی منالانی بەبیرو هۆش ئەبێ دەربارەی ئەم گیانلەبەرانە کە کەڵك و سوودیان بۆ
ئێمە هەیە دڵسۆزبن و توشی ئازارو کوشتنیان نەکەن تا لە ئەنجامدا ئێوەیش بەتەمەنی
درێژ و بەختیاری بژین و ئەم چیرۆکە کورتەیش بخوێننەوە:—

ئەگێڕنەوە لە دەورەی پێشین دا جوتێ کۆتری نێرو مێ لەناو شاردا لەدەست
ئینسانی دڵرەق و بێبەزەیی تەنگیان پێهەڵچنرا رویانکردە دارستانێکی چڕ لەوێ لە
چلەپۆپەی مازوو دارێکی بەرز هێلانەییکیان بۆخۆیان دروستکرد بەڵام لەوێش
دوژمنێکیان لێپەیدابوو هەرچەند هێلکەیان ئەکردو جووجەڵەیان هەڵئەهێنا ئەگەیشتە
ئەمەی جوجەڵەکان باڵەفڕە بن رەشمارێك بە دارمازووەکەدا هەڵئەگەڕا جوجوڵەکانی
ئەخواردن . بەم هۆیەوە کۆترەکان زۆر زویرو دڵتەنگ ئەبوون.

رۆژێك لە رۆژان قەلەڕەشکەیێك بەسەر دارمازوەکەوە نیشتەوە، کۆترەکان سکاڵای
خۆیان لەلای قەلەکە کردو باسی خراپەو زیانی مارەکەیان بۆ گێڕایەوە کە بەزۆرداری
جوجەڵەکانیان ئەخوا .

قەلەکە رووی تێکردن وتی: ئایا ئێوە بەرامبەر بەم دوژمنە زۆردارە شتێکتان لەدەست
دێ ؟

کۆترەکان وتیان : ئێمە شوێنی مارەکە شارەزاین لەگەرمای لەسێبەری تاوێرەبەردێکا ئەنوێ هەروەها کاتێك لە گەرمەی خەودابێ ئەدەین بەسەریا بەدەنوك هەردوو چاوی هەڵئەکۆڵین هەتا کوێر ئەبێ ئەمجا ئەوکاتە رێی لای ئێمە دەرناکاو بۆخۆمان لەخراپەی رزگار ئەبین.

قەلەکە وتی : ئەوەکو مارەکە لێتان راپەڕێ و خراپەیەکتان پێبگەیەنێ ، من رێگەیەکی لەمە ئاسانترتان نیشان ئەدەم : یەکێکتان بچێ لە ماڵە دەوڵەمەندێك شتێکی بە کێش سووك و بە نرخ گران بە دەنووك بفرێنێ بیباتە بەر دەرگای کونی مارەکە لەوێ دایبنێ ئەوکاتە خاوەنەکەی پێوشوێنتان هەڵئەگرێ دیارە مارەکەی دی ئەیکوژێ.

کۆترەکان ئەم راوێژەیان پەسەند کرد . ئەو رۆژە هیچ بۆسبەینێ کۆترەمێیەکە دایکی جوجەڵەکان بوو زۆر داخ لەدڵ بوو بەشەقەی باڵ هەڵفڕی هاتەوە شارەوە یەك دوو چەرخەی دا تەماشای کرد(پەریزاد خانم) ی کچی پاشا لەسەر حەوزو فووارەیێکی مەرمەڕ خەریکە گەردنبەندە مرواریيەکەی ئەشواو لەولا خۆیەوە دانا، بێئەوەی دەنگی باڵی بێت بەسووکی تێی رۆهات بەدەنوك گەردنبەندەکەی هەڵگرت و فڕاندی.

کە پەریزاد خانم ئەمەی دی لە هەموو لایەکەوە سوارچاکەکانی دەنگ دا (حەمەی مەنابەخوا)و(حەمەی قالە هەمموەند) و (عەزەکچانی) و (ئاشقەرووتە)و- ئەرەباشرکی - ئەڵەکەوڵەکە - بەسواری ئەمان بە زەویداو کۆتر بە ئاسماندا نیشتنە سەری، تا کۆترەکەیان دی لەبەرکونێکدا نیشتەوە و ملوانکەکەی دانا ، کە دابەزین چوونە پشەوە دیيان مارێکی فیلەتەن لەکونەکەدایە بەسوکی دەسرێژێکی تفەنگیان لێکردو مارەکەیان کوشت و ملوانکەکەیان هێنایەوە بۆ پەریزادخانم .

ئەمجا ئەمە پەندێکە ئینسان نابێ بەبێ وردبوونەوە خۆی بهاوێتە زاری ئەژدەهاوە.

١٣٥١/ لە ١٩٥٧/٧/٤ رۆژی ٥شەمۆ.

........

## ١١٣. ئەنجامی گەڕ و گێچەڵ ١٣٥٢

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، ئەگێڕنەوە هەشتا ساڵێك لەمەو پێش لەئێلی جاف کوڕێکی قۆز هەبوو ناوی(باوەجان)بو، ئەم کوڕە حەزی لە کچێکی ئامۆزای خۆی کردبوو کە ناوی (سۆسەن) بوو، مامەکەیشی کچەکەی دابووێ بەڵام لەسەر پارە پەکی کەوتبوو کە بۆی بدات بە جل و بەرگ و خشڵ و زیوین ڕۆژێك دۆست و هاومالان پێ یان وت: باوەجان خۆ تۆ خاوەنی پێنج سەد سەر مەڕی بۆچی پەنجا سەر لە مەڕەکانت نافرۆشی تا سۆسەنی پێ بگوێزیتەوە وە ئێمەیش لە زەماوەندا هەڵ پەڕین و ترشی و گۆشتێك بخۆین ؟

ئەویش بەقسەی کردن و پەنجا سەر لە مەڕەکانی بڕداو بە شمشاڵ لێدان دایە پێش خۆی وە بردی بۆ شاری بانە لەوێ جوتی فرۆشت بە لیرەیێکی زێڕ، بیست و پێنج لیرەی چاوکەلەشێری لە پیریاسکەیەك گرێ داو نایە تەنکەی باخەڵی بەرەو ماڵ گەڕایەوە.

بەڵام لەترسی تەریدە و دزو درۆزن بەپێ ڕێدا ئەهات وەلەسەر هەر کانی و ئاو ڕسای دەوەنێکیش دابنیشتایە بۆ حەسانەوە لیرەکانی بەسەر ئەکردەوە و ئەیژماردن و ئەیوت: بزانم ئاخۆ تەواوە ؟

هەتا ڕۆژێك لەدەمی نیوەڕۆدا گەیشتە سەر (تەم تەمە شاخ)ێك کە لەخوار شاخەکەوە ئاوایی یێکی گەورە هەبوو کە ئەو ئاوایی یە ناوی(چروستانە)بوو.

وەلەکاتەیش دا شاعیری مەزن خوا لێی خۆش بوو (مەولەوی) یش لە چورستانە بەدەرس وتنەوە خەریك بوو، باوەجان لەسەر تەم تەمە شاخەکە دائەنیشێ پشوێك بدا، دەست ئەکا بە ژماردنی لیرەکانی : یەك ، دوو، سێ ، هەتا بیست و چوار ئەژمێرێ و لیرەیێکی لەدەست ئەترازێ ئەکەوێتە درزە بەردێکەوە هەرچەندخەریك ئەبێ لیرەکەی بۆ ئادۆزرێتەوە درزە بەردەکە زۆر قوڵ ئەبێ ئەمجا لە شاخەکە سەرەو خوار ئەبێتەوە بۆ ناو دێ لەپیاوێك ئەپرسێ: ئەرێ برا گەورەی ئەم ئاوایی یە کێ یە؟

ئەویش ئەڵێ: گەورەی ئەم ئاوایی یە لە مەولەوی زیاتر کەسێکی کە نیە.

(باوەجان) راستەو خۆ ئەچێ بۆلای مەولەوی ئەڵێ: لالۆ مەولەوی لەسەر ئەو تەم تەمە شاخە لیرەیێکم لێ بزر بوو هەرچەند لێ ی گەڕام ئەم دۆزی یەوە، ئێستەیش ئەم لیرەیە منالْ مەزنی ئێوە کە بچن بۆ دارو چیلکە ئەیدۆزنەوە . وەمنیش لەسەر رۆینم ناتوانم بەدن بیم برا وە قورحان لیرەکەم لە تۆ توێتەوە .

مەولەویش ئەڵێ: تۆخۆت ئەتوانی بیدۆزیتەوە منالو مەزنە ئێمە لەکوێ ئەتوانن بیدۆزنەوە ؟

هەرچەند داد و فەریاد ئەکا کەڵك ناگرێ بەڵام باوەجان یەخەی بەرنادا بەزۆر لیرەکەی لێ ئەسێنێ. ئەمجا مەولەوی لێ ی ئەپرسێ: ئێستا هەوارتان لەکوێ هەڵداوە؟ وە(مەحمودپاشا) لەکوێ یە؟

باوەجان ئەڵێ : خێڵەکەمان لە نزیك(شلێر)ە وە بەزیزن وە (مەحمودپاشا)یش لە هاوینە هەواری (گردی گەلگە)یە.

مەحمودپاشا دەستوری وا ئەبێ : هەر پیاوخراپ و تاوان کەرێکی بەرگیر بوایە گالی ئەدا هەرچوار پەلی ببەستن بیخەنە جەوالێکەوە و لەسەر گردێك گلۆری بکەنە خوارەوە.ئەمجا ئەوتاوان کەرە خۆو بەختی بوو، یان دەستێکی ئەشکا، یان قاچێکی ، هیواش هەبوو هیچی لێ نەئەهات.

مەولەوی قاقەزێکی بۆمەحمود پاشا ئەنوسی کەوا ئەم کەڕە کوردە گێچەڵی پێکردووم وەبەزۆر لیرەیێکی لێ سەندووم قاقەزەکە ئەداتە دەست باوەجان وەئەڵێ:بیدە بە محمود پاشا باوەجانیش لەخۆشیانا باڵ ئەگرێ وائەزانێ پاشا خەڵاتی ئەکا بەهەڵە داوان قاقەزەکە ئەگەیەنێتە دەست پاشا وەئەڵێ ئەمە قاقەزی مەولەییە کەپاشا قاقەزەکە ئەخوێنێتەوە رووئەکاتە باوەجان ئەڵێ: هەی گەماڵ باوك کەس نەمابوو گێچەڵی پێ بکەی مەولەوی نەبێ ؟

گاڵ ئەدا هەرچوار پەلی بەستن وە بیخەنە جەوالێکەوە و لەشوێنێکی بلند گرلۆری بکەنەوە بەم پێ یە باوەجان دەست و رانێکی ئەشکێ وە بیست و چوار لیرەکەیشی کە پێ ی ئەمینێ ئەیدا بەکرێ ی پزیشکدا هەتا چاك ئەبێتەوە .

منالە خۆشەویستەکان لەم چیرۆکە وە پەند وەرگرن کە ئەنجامی گەرو گێچەل کردن بەخەلك شتێکی خراپە نەخوازەلا گێچەل کردن بە پیاوی گەورە

ژ/١٣٥٢

## ١١٤. چیرۆکی برایمۆك١٣٥٣

یەکێ بوو ، یەکێ نەبوو ، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، ئەگێڕنەوە لەسەردەمی پێشوودا پیاوێکی بازرگان هەبوو، ئەم پیاوە رەوشت و خوێکی هێجگار بەرزی هەبوو دەست و دڵ پاکی و رێزگرتنی خەلکی بۆ خۆی کرد بوە بە (برِیە - فرض) سەعاتێك شەوی ئەما لە خەو هەلئەستا و ئەچووە بازار بێەوەی تەلەکەوفێلبازی بکا وە خەلك لە دەستی بێنە ئازار بە کرد و کۆشی بازرگانییوە خەریك ئەبوو تا دەمی خۆرئاوا.

لەم رێگەیەدا هەرچێکی قازانج بکردایە بێ ئەوەی خۆی و خێزانی تێریان لێوارداپە بەشی زۆری بەسەر هەژارو داماواندا ئەبەشییەوە. تەنانەت ئەو جلوبەرگەی لەبەریابوو لە چلکا دارِزابوو بە جۆرێکی وا بیگوشییایە (زێی بادینان) ەوە تا ئەچووە (قوورِنە) ی (فاو) ماسی و چلەو جرِوجانەوەری ئاوی ئەکوشت.

ئەم پیاوە باشە کورِێکیشی هەبوو لەتەمەنی بیست ساڵێدا کەناوی (برایمۆك) بوو. ئەم کورِە بە پێچەوانەی خۆی هێجگار مرقن و بەفیزبوو کەسی لە ژوور خۆیەوە بە پیاو

نەیئەزانی سەرەڕای ئەوەیش تەمەڵ و سڵەوە چەپوو بەم هۆیەوە کەس حەزی لە چارەی نەئەکرد وە لەناو کۆمەڵدا پەست و نەوی بوو.

دنیا تا سەر بۆکەس نییە، مامەی بازرگان نەخۆشییێکی گرانی گرت گەیشتە دەمی مردن برایمۆك لێی پرسی : ئایا بابە هیچ سەرمایەییێکت بۆ پێکەوە نەناوم کە کڕیار و فرۆشیارێکی پێوە بکەم ؟

باوکیشی لە وەراما وتی : پارەی نوستوم بۆ بەجێ نەهێشتوی بەڵام ئەوەندەم چاکە لەگەڵ خەڵکدا کردووە ئەگەر لە١٪ سەدا یەکی بدە ئەوە بەتۆ سامانێکی گەورەی لێیەیدا ئەبێ. ئەمەی وت و گیانی فڕی بۆلای خوای خۆی.

دوای ئەوەی شتیان و بردیان بۆ گۆڕستان ناشتیان خەڵکەکە رویان کردە برامۆك وتیان: هەرچەندە تۆ چاکەت بۆ کەس نەبوە و سەرە رای ئەوەیش مرقن و بەفیزی خەڵك بەسوك تەماشا ئەکەن بەڵام ئێمە چاکەو پیاوەتی باوکتمان لەبەرچاوە پێنج سەد لیرەی زێڕیان کۆکردەوە و دایان بە برایمۆك کە بازرگانی پێوە بکا. ئەویش دوای سێ رۆژ پارەکەی لەکەمەربەندی قایمکرد و رێی (دیمەشق،شام) ی گرتەبەر بۆ بازرگانی دوای مانگێك گەیشتە شام لەوێ ئوتێلێکی سێ نهۆمی گەورەی کەوتە بەرچاو لە دڵی خۆیدا وتی : وا چاکە بچمە ئەم ئوتێلە ، هەستا چوو ژوورێکی تایبەتی لە نهۆمی سێیەمین لە خاوەن ئوتێلەکە بەکرێ گرت وە پێی وت : مێزی خواردن و خواردنەوەم بۆ برازێنەرەوە لەگەڵ کەمانچەژەن و چەند کچێکی (سەماکەر= راقیصە) ئەویش پارەی لێوەرگرت لەماوەی چارەکە سەعاتێکدا تروتفاقی بۆ ئامادەکرد.

ئەوەندەی پێنەچوو ئاوازی کەمانچەژەن و باڵەبان لەتەك زرەی فنجان و گۆرانی سەماکەران ئەچوو بۆ ئاسمان. لەکاتی سەرگەرمیدا برایمۆك لە پەنجەرەی ژوورەکەوە تەماشای کرد لە خوارەوە لە کەناری شەقامەکە پیاوێکی پینەدۆز دانیشتووە پێڵاو پینەئەکا ، وتی : واچاکە هەندێ قەشمەری و گاڵتە بەم پینە دۆزە بکەم . تویکڵە

شووتیێکی لە پەنجەرەوە حەوادایە خوارەوە کەوتە ناو تەغاراوی پینە دۆزەکەوە شلپەی هات و ئەو هەموو ئاوە پیسە بە چرووچاوی کابرادا پرژا ، کابرا هیچ خۆی تێک نەکرد ئەمجا دەستی کردە توێکلەبستەو دەنکە هەڵوژەو پاش ئاجورِ هاویشتن بۆ سەرو گوێی ، بەم پێیەش کابرا خۆی لێڵ نەکردو قسەی نەکرد.

دوای ئەوەی بەزم ئاهەنگ تەواو بوو برایمۆك هاتە خوارەوە بچێ بۆ بازار گەیشتە بەر دەرگا پینەدۆز لێی چووە پێشەوە چاك و خۆشییەکی بەگەرمی لێکرد وە پێی وت: لەکوێوە هاتوی و لەچی ئەگەرێی .

ئەویش لە وەراما وتی: هاتووم بۆ بازرگانی بەڵام نازانم چی بکرِم کە قازانجی زۆری لێکەم ؟

پینەدۆز وتی : هەرچی پارەیێکت هێناوە هەمووی بدە بە حەیزەرانی (دار ، رِم) سەی دوو سبەیێك ئێلی عارەب دێن بۆ کرِینی بەڵام بە نرخی گران نەبێ پێیان مەفرۆشە.

برایمۆك پینەدۆزی لەتەك خۆیدا برد و کردی بە بەلکە هەرچی پارەیێکی پێبو هەمووی دا بە حەیزەرانی (دار ، رِم) پینەدۆزیش یاریدەی دا لەمەیدانێکدا بۆیکرد بە لێژنە.

برایمۆك گەرِایەوە بۆ ئوتێل، پینەدۆز بە شاگردەکەی وت : تەنەکەیێك نەوت بکا بە دار، رمەکانەوەو ئاگرێکی تێ بەردا.

کاتێ برێمۆك پێی زانی دار، رمەکان بوبو بە خۆڵەمێش و دامردبووەوە.

ئەمجا منالەکان ئەمە پەندێکە بۆ ئێوە کە نەبێ هیچ کەسێك بەچاوی سوك تەماشا نەکەن وە رێزی هەموو کەسێك بگرن هەرچەند لەپایەیشدا نەوی بێ چونکە هەرکەسە لەکراسی خۆیدا جەوهەرێکی هەیە. ژ/١٣٥٣

.......................................

١١٥. **هەژارو موفتە خۆر١٣٥٤**

یەکێ بوو ، یەکێ نەبوو ، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، ئەگێرنەوە لەکوێرە دێیێکی ناودارستاندا پیاوێکی هەژارو دەستکورت هەبوو، ئەم پیاوە لەماڵ و ساماندا بێجگە لە

خانۆچکەیێکی شەق و شڕ وە کەرێك شتێکی تلای گومان نەئەبرد، مامەی هەژار شەوی ئەما تەورداسەکەی ئەکرد بە پشتێنەکەیدا وە کەرەکەی ئەدایە پێش خۆی ئەچوو بۆ دارستان ئەوەندەی کەرەکەی ئەیتوانی داری وشکی لێبار ئەکردنەیهێنا بۆ شار ئەیفرۆشت بەوە خۆی و خێزانەکەی بێ بەڕێوە ئەبرد، دراوسێیێکی هەبووگەلۆر و تەمڵ بوو بەسەر ورگی خەلکەوە ئەلەوەڕا و نەیئەتوانی کارو فرمانێك پێك بێنێ لەبەر ئەوە ناویان نابوو(موفتەخۆر) .

رۆژێك لە رۆژان مامەی هەژار کەرەکەی دایە پێش خۆی و چوو بۆ دارستان لەدەمی چێشتەنگاودا هەستی بە ماندویەتی و سەرئێشانێکی سەختکرد پاڵی دا بە قەدی بەڕو دارێکەوە کە ئەختێ بحەسێتەوە ئەوەندەی پێنەچوو خەوی لێکەوت لەخەوا فریشتەیێك پێی وت: لە ژوور داربەڕووەکەوە کەلەکە بەردێك هەیە کە لە دێر زەمانەوە رەشمارێکی فیلەتەن لانەی تیاکردووە ئەگەر بچیتە سەر کەلەکە بەردەکە وە سێ جار بانگی(نوح) بکەی مارەکە دێتە زمان و سامانێکی زۆرت دەست ئەکەوێ.

مامەی هەژار بە پەشۆکاوی لەخەو راپەڕی لەدڵی خۆیدا وتی : بچم ئەچم هەر لێکی ئەدایەوە لە دوایی پێی بەجەرگی خۆیانا هەڵچوو تەماشای کرد رەشمارێکی زەلام لە کەلەکە بەردەکەدایە ، لەسەر راسپاردەی فریشتەکە سێ جار بانگی (نوح)ی کرد، رەشمار هاتە زمان وتی : ئەی (حەمەدۆك)ی هەژار ئەمە چەند ساڵ و زەمانە خوا ئەم گەنجینەیەی لێرەدا بۆتۆ داناوە و منیش پاسەوانی ئەکەم لەبەر دزو درۆزن .ئەمەی وتو بە تیژی خزاو بۆی دەرچوو.

کە حەمەدۆکی هەژار کەلەکە بەردی لادا ئەشرەفی زێڕ وەك چرا روناکی دا ، حەمەدۆك بەسوکی رانکەکەی داکەن و هەردوو دەلنگی بەست ئەشرەفیەکانی تێکرد کە نزیکەی دوو هەزار ئەبوو لەسەر بارە دارەکەی دابەست و بەرەو ماڵ بووەوە لە

دووره‌وه به پێکه‌نین و شادمانییه‌وه به گوڵنازی ژنی وت : چاینکی پڕ ره‌نگ دەم بکه و هه‌ندێ ناوساجیش دروستبکه با به‌چاییه‌وه بیخۆین و نه‌ختێ خه‌م و په‌ژاره به‌با بده‌ین .

گوڵناز پرسی : ئه‌رێ پیاوه‌که ئه‌مڕۆ چیت دیوه و چیت بیستووه وا ڕووخۆش و دەم به پێکه‌نینی ؟

حه‌مه‌دۆك سه‌ربوردی بۆ گێڕایه‌وه و رانکه‌که‌ی که پڕبوو له ئه‌شره‌فی له‌به‌رده‌میا هه‌ڵڕشت ئه‌وه‌نده‌ی نه‌خایان (موفته خۆر) په‌یدابوو، وتی : ڕاستم پێبڵێ ئه‌م سامانه‌ت له‌کوێ په‌یداکرد تا منیش په‌یدای بکه‌م ؟

ئه‌ویش ڕاست و ره‌وان چی دیبوو بۆی گێڕایه‌وه.

موفتخۆر : جارێ چه‌ند ئه‌شره‌فییه‌کم بده‌رێ تا منیش ئه‌چم بۆ دارستان گه‌نجینه‌یه‌ك په‌یدا ئه‌که‌م.

حه‌مه‌دۆك : به‌و خوایه‌ی هه‌موومانی ئافریده‌کردووه ده‌ست له سکه‌ی ئاخه‌ی چونکه تۆ پیاوێکی ته‌مه‌ڵ و گه‌لۆزی و له‌سه‌ر ورگی خه‌ڵك ئه‌له‌وه‌ڕێی.

موفته‌خۆر : ده‌سا ئه‌و یه‌ك دوو سه‌ره بزوته که له حه‌وشه که‌وتووه بمده‌نێ با به نائومێدی ئه‌چمه ده‌ره‌وه.

حه‌مه‌دۆك : هه‌زارجار ئه‌و سه‌ره بزوتانه بۆ تۆ.

موفته‌خۆر سه‌ره بزوتی هه‌ڵگرت بردییه ماڵه‌وه و به‌په‌له‌په‌ل ڕێی دارستانی گرته‌به‌ر به‌ناونیشانی که حه‌مه‌دۆك بۆی هه‌ڵدابوو که‌ڵه‌که به‌رده‌که‌ی دۆزییه‌وه و سێ جار بانگی (نوح)ی کرد .

ره‌شمار سه‌ری ده‌رهێناو هاته زمان وتی : ئه‌گه‌ر به‌ڵێنم پێ‌ئه‌ده‌ی وه په‌یمانم له‌گه‌ڵ ئه‌که‌ی واز له ته‌مه‌ڵی و موفته خۆری بێنی ئه‌وا باشه ئه‌گینا له‌هه‌ر شوێنێك بێت وه زیانت پێ‌ئه‌گه‌یه‌نم .

ئەویش پەیمانی دابێ کە واز لە تەمەڵی و موفتەخۆری بێنێ و دەستی کرد بە کارو
فەرمان لەماوەیێکی کەمدا سامانێکی چاکی پێکەوە نا.

زانایێک ئەڵێ: هیچ کەس گەنج نایا بەبێ رەنجکێشان
ناحەسێتەوە بەبێ تێکۆشان.

ژ/١٣٥٤

..........................................................

١١٦ سەرگوزەشتەی دوو برا ١٣٥٥

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، ئەگێڕنەوە چەند سەد ساڵێك لەمەو پێش دووبرا هەبوون
یەکێکیان کلۆڵ و هەژارو بێبەخت بوو، شەو و ڕۆژ تێئەکۆشا و ڕەنج و تەقەلای ئەدا
لەگەڵ ئەوەیشدا هیچی بەهیچ نەئەبوو، دەستی بۆ زێڕ ببردایە ئەبو بەبەرد، بەم هۆیەوە
خۆی وە خێزانی هەمیشە برسی و ڕەش و ڕووت بوون.

برای دووەمیشیان لە (دورگە=جزیرە)یێکدا بەکڕین و فرۆشتنی خوێ ڕای ئەبوارد
دەوڵەمەندو خۆشگوزەران بوو بەڵام پیسکەو بەرچاوتەنگ بوو، بەجۆرێکی وا
بەرچاوتەنگ بوو ئەگەر بچوایە سەر کانی و ئاوێك بۆ حەسانەوە و ئاوخواردنەوە دوای
ئەوەی کە ئەحەسایەوە و ئاوی ئەخواردەوە و بە دیمەنە جوانەکەی دڵشاد ئەبوو
کانیەکەی پڕئەکرد لە پیسایی بۆئەوەی کەسێکی تر ئاوی لێنەخواتەوە و سوودی
لێوەرنەگرێ.

ڕۆژێك لە ڕۆژان خێزانی برای هەژار برسیەتی تەنگی پێهەڵچنین وە تەواو شپرزەی
کردن دایکی منالەکان ڕوویکردە مێردەکەی وتی: تۆ برایەکی وا دەوڵەمەند و
دەسەڵاتدارت هەیە بۆچی ناچی داوای یاریدەیێکی لێبکەی تالەم تەنگوچەڵەمەی هەژاری و
برسیەتیە ڕزگارمان بێ؟

ئەویش لەوەڵاما وتی: هەرچەند ئەم برایەی من ڕژدو پیسکەیە وە چاکەی لێناوەشێتەوە
بەڵام لەبەر دڵی تۆ ئەچم.

ماوەیێك ڕێی دەشتی گرتە بەر هەتا گەیشتە کەناری دەریا لەوێ سواری کەشتی بوو دوای چەند سەعاتێك گەیشتە ماڵی براکەی ،هەرچەند لەدڵا پێناخۆش بوو بەڵام وەکو پێشینان وتویانە : ئینسان کەکەوتە تەنگانە و ڕۆژی ڕەشەوە بەچۆلەکە ئەڵێ : بەڕێشی مەردانەت قسەم . لەلای برای دەوڵەمەندی کوڕوزایەوە و باسی هەژاری و دەستکورتی بۆ کرد کەوا ماڵ و منالەکەی کەوتوونە برسییەتی و کەساسی.

برای دەوڵەمەند بەساردیەکەوە وتی: دەرمانی برسییەتی لەنان زیاتر شتێکی تر نیە بەنۆکەرەکەی وت: توورەکەیێکی بۆ پڕبکەن لە نوردووە نان ئەویش لەدڵی خۆیا وتی: مویەك لە بەراز بێتەوە هەرچاکە. تورەکەنانی هەڵگرت و سواری کەشتی بوو بەرەو ماڵ گەڕایەوە.

کاتێ گەیشتە وشکایی پیاوێکی پیری رووتەڵەی دی کەلەسای درەختێکدا دانیشتوو ،مامەپیرە بانگی کرد: کاکەی ڕێبوار ئەمە دوو ڕۆژە نانم نەخواردووە ئەگەر پێت هەیە شتێکم بدەرێ بیخۆم .

ئەویش تورەکە نانەکەی لەبەردەمیا ڕۆکرد و چەند هەنگاوێك تێپەڕی .

مامەپیرە بانگی کرد : ئەی کاکەی ڕێبوار ویستم تاقیتبکەمەوە بزانم دەربارەی هەژاری و برسی دڵ ئاموزیت یان نا؟ ئەگینا پێویستم بە نان نیە من(خدری زیندە)م خوا منی ناردۆتە سەر ڕێگای تۆ کە چاکەیەکت دەستگیر بکەم .

خدری زیندە پێی دا بەزەویداو کونێکی گەورەی لێپەیدا بوو بە پێپلیکە چونە خوارەوە چەرخێکیان دی کە لەوێنەی خەڕەك دروستکرابوو، خدری زیندە وتی: ئەم چەرخە هی(حەزرەتی سولەیمان)بووە لە کاتی خۆیدا (ئەهرەیمەنی دێو) دزیویەتی و لێرە دایناوە بەڵام نەیزانیوە ئیشی پێبکا چونکە ئەم چەرخە ئەگەر دەس پیاوی خۆی بکەوێ و بزانێ ئیشی پێبکا قەت هەژارو دەستکورت نابێ بەنیازی هەرشتێك بەلای ڕاستا بایدرێ ئەو شتە فڕێ ئەداتە دەرەوە، ئەمەی وتو لەچاو ونبو.

کاکەی هەژار خەرەکەکەی هەڵگرت و هاتەوە بۆماڵەوە ، لەگەڵ خەرەکی بە نیازی
براو بەلای راستا بادا ئەشرەفی زێڕ وەك خۆڵ هاتە خوارەوە ،ئەمجا برای هەژار کەوتە
خۆشی و کامەرانییەوە.

کە برای دەوڵەمەند بەمەی زانی وتی : واچاکە دیدەنییەکی ئەم برایەم بکەم بزانم ئەم
سامانەی بەچی پەیدا کردووە ؟

ئەمجا هات بۆ دیدەنی وە پێی وت: ئەمسامانەت بەچی پەیداکرد ؟

ئەویش سەرگوزەشتەی بۆ گێڕایەوە و خەرەکەکەی نیشاندا.

برای دەوڵەمەندی پیسکە کەئەمەی دی نەیهێشت رۆژ ببێتەوە شەو لەناوەختا
خەرەکەکەی دزی خۆی گەیاندە کەناری دەریاو سواری کەشتی بوو، لەناو
کەشتیەکەدا بیریکردەوە لەدڵی خۆیدا وتی : ئەم خەرەکە لەنیازی چی بابدەم کە
سوودی باشی لێوەربگرم، چونکە بە کڕین و فرۆشتنی خوێ دەوڵەمەند بوبو لەسەر خۆ
بڕیاری دا ، لەسەر خۆ خەرەکەکەی بادا لەنیازی خوێ لەماوەی چارەکە سەعاتێکدا
کەشتی پڕبوو لە خوێ وە لەبەر قورسی کەشتی نقوم بنی دەریا بوو ، وەکو ئەڵێن:
ئەوخەرەکە ئێستاش لەکار نەکەوتووە هەر خوێ دەرئەدا بۆیە ئاوی دەریا سوێرە.

ئەمجا منالە خۆشەویستەکان هەرچەند ئەم چیرۆکە پڕ و پوچ و تورەهاتە بەلام ئەوە
ئەگەیێنێ کە پیاوی رژد و پیسکەو بەرچاوتەنگ بچێتە سەر ئاوی دەریایش پیسی ئەکا و
لەکەلکی خواردنەوەی ئەخا. ژ/١٣٥٥

## ١١٧. کەرێك لە پێستی شێرا ١٣٥٦

وا باس ئەکەن لەسەردەمی پێشین دا مام بایزی جووتیار کەرێکی هەبوو. ئە
کەرەی زۆر ماندوو ئەکردو باری گرانی لێ ئەنا وەهیچ بەزەیی بەم کەرە بەستەزماند
نەئەهاتەوە کەرەکە چەند ساڵێك لەژێر باری گرانا مایەوە هەتا کەنەفت و ناوکەرێزبو.
رۆژێك لەرۆژان کەرەکە بیری لەژیان و گوزەرانی خۆی کردەوە کە چارەیێك
بدۆزێتەوە لەدەردو ئازاری بارکێشان رزگاری بێ. شەوناوێك لەتەویلەدا پەتی پچڕی
و روی کردە دەشت و هەرد لە کاتێکا لە مێرگێکی سەوزو زەنوێردا ئەلەوەڕا چاوی
بە پێستی شێرێك کەوت لەدڵی خۆیدا وتی: واچاکە ئەم پێستی شێرە لەبەر بکەم وە
بچمەوە بۆ دێ ئیتر کەس ناوێرێ بێت بەلاماو بارم بکا ئەوکاتە بۆخۆم بە ئاسودەیی
ئەژیم .

هێنای پێستی شێرەکەی لەبەرکردو ئەوشەوە هیچ و بۆ سبەینێ لەدەمی چێشتەنگاردا
خۆی کرد بەدێ دا خەڵکی دێ یەکە کە چاویان بە شێرکەوت بەژن و پیاو و منالەوە
لە ترسانا هەمو رایان کرد . کەر کەچاوی بەڕاکردنی خەڵکە کەوت وتی: ئۆخەی ئەمە
منم خەڵك لێم ئەترسن و سامم لێ ئەکەن و ناوێرن تووخنم بکەونوو باری گرام لێ
بنێن.. بەخوا چاك بۆخۆم حەساممەوە، ئینجا لەدڵی خۆیدا وتی: وا چاکە وەك شێر
بنەڕێنم تا چاکتر لێم بترسن .

بەدەنگە ناسازەکەی دەستی کرد بە زەڕین، خەڵك کە زەڕەی کەریان بیست دایانە
تریقەی پێکەنین کە چوون پێستی شێرەکەیان لەبەرداماڵی سەیریان کرد کەرەدێزی مام
بایزە وە دەست و برد شەڵتەی بارکێشانیان خستەوە سەر پشت.

ئەمجا منالە خۆشەویستەکان، لەم چیرۆکەوە تێ بگەن کە ئینسانێك جەوهەرو
هونەری نەبێ تەنیا بەلاسایی و رووکەشی بێتە کایەوە لەو کەرە ئەچێ کەپێستی شێری
پۆشیێ بوو کەکوابوو بخوێنن تێکۆشن تا ببن بە خاوەنی جەوهەرو هونەر و دوژمن
بەراستی سامتان لێ بکا.

ژ/١٣٥٦

## ١١٨ باوکێك و سێ کوڕ ١٢٥٧

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، واباس ئەکەن لەدەورەی پێشین دا پیاوێك سێ کوڕی
هەبوو، بەناوی (ماوه) و (دلێر) و (نەریمان)،

ڕۆژێك لە ڕۆژان هەرسێکیانی بانگ کردە لای خۆی و پێی وتن: ئەی کوڕانی خۆم
ئەوا من بەفری زستانی پیری لەسەرو رووم باریوە ئەوەندەم نەماوە لەم کۆنە جیهانەدا
بەزووانە کۆچ ئەکەم بۆ گەرمیانی دێم ئێستاش ئەبینم ئێوە هیچ کامتان دەست
لەملانی یاری خۆتان نەبوون ، وە بە هەریەکەیان هەندێ دراوی دانێ بۆ توێشوی ڕێگا
وە وتی : ئەبێ لەم شارە بڕۆن هەتا بەیارو دڵخوازتان نەگەن نەیەنەوە بەرچاوم،

کوڕەکان بۆ ئەم کارە ماوەیێکی دوورو درێژ سەریان دایە یەك لەقسەو ئامانجی
باوکیان نەگەیشتن ، دواجار لێیان پرسی : دەست لەملانی یار چیە ؟

باوەراما وتی: خۆتان هەڵی بێنن، وە من پێتان ئەڵێم هەتا دەست لە ملانی یاری خۆتان
نەبن نەیەنەوە بەمماڵەدا.

کوڕەکان هەرسێکیان چوونە لای زانایێك لێیان پرسی: دەست لەملانی یار چیە؟

زانا وتی: دەست لەملانی یار لەپیشەو زانستی و هونەر بەولاوە شتێکی تر نیە.

کوڕەکان کە ئەم وەرامەیان لە زاناکە بیست هەرسێکیان بڕیاریان دا کە لەماوەی
ساڵێکدا هەیەکەیان خۆیان فێری پیشەو هونەرێك بکا وە لەڕۆژێکی زانراودا بێنەوە
لای باوکیان. کوڕی گەورەیان (کاوە) رویکردە شارێك بە زیرەکی و توانایی خۆی
لەماوەی ساڵێکدا لەلای وەستایێك خۆی فێری ئاسنگەری کرد ، کوڕی ناوەنجی یان
(دلێر) ئەویش رویکردە شارێك لەماوەی ساڵێکدا لەلای مامۆستایێکی هونەرمەند
خۆی فێری ڕنەگری و خۆشنووسی کرد، کوڕی بچوك ( نەریمان) ئەویش روویکردە
شارێك لەلای پیرێکی زانا خۆی دامەزران لەماوەی ساڵێکدا خۆی فێری پزیشکی چار
کرد.

دوای ئەوە پیری زانا تەمەنی درێژی بۆ ئێوە بەجێهێشت و کۆچی دوایی کرد

،نەریمان لە شوێنەکەی دانیشت دەستی بە پزیشکی و دەرمانکردنی چاوی نابینایان ، ئەوەندەی پێنەچوو لەشارا دەنگ بڵاوبۆوە کەوا (پەریخان) ی کچی پادشا چاوی نابینا بووە هەر پزیشکێ بتوانێ چاوی چاك بکاتەوە دووجار بە قورسایی خۆی زێڕی پێەبەخشرێ، وە ئەگەر نەیتوانی چاکی بکاتەوە لەسەری ئەدرێ، نەریمان بۆ ئەم کارە پێی بە جەرگی خۆیدا نا لەدڵی خۆیدا وتی: هەی هات هەی چوو ، یان دووجار بە قورسایی خۆم زێڕ وەرئەگرم یا ئەکوژرێم .

هەڵسا چوو لەگەڵ پادشا دا پەیمانی کرد کە بەماوەی حەوت رۆژ چاوی پەریخان چاك بکاتەوە . دەستی کرد بە دەرمان کردنی تا پێنج رۆژ نەیتوانی تروسکەیێکی رووناکی بدا بە چاوی کچەکە وە لەم کارەدا سەرنەکەوت. لێکی دایەوە وتی : من دوو رۆژم لە ژیان ماوە ، قەراغ شارەکە رەزو باخ و چڕو دارستان بو هەستا چووە قەراغ شار لەسای درەختێکی گەورەدا پاڵی دایەوە کە هەناسەیێکی پاك وەرگرێ پشوێك بدا، ئەوەندەی پێنەچوومەیمونێك لە کولۆری دارەکە هاتە دەرەوە، نەریمان وتی : وا چاکە شوێن ئەم مەیمونە بکەوم بزانم بۆکوێ ؟

دوا بەدوای مەیمون رۆیی سەیری کرد مەیمونەکە چەپکێك گیای رنی وهێنایەوە بۆ ناو کلۆرەدارەکە ،چەپکە گیاکەی گوشی و ئاوەکەی کردە چاوی بەچکەیێکییەوە، تومەز بەچکە مەیمونەکە چاوی کوێر بووبوو، بەوە بەچکە مەیمونەکە کەوتەهەڵپەڕکێ و سەما، نەریمان تێگەیشت کە ئەم گیایە چاوی کوێری پێچاك ئەبێتەوە.

چەپکێکی لەو گیایە رنی و هێنایەوە چاوی پەریخانی پێچاك کردەوە . وە دووجار بە قورسایی خۆی زێڕی وەرگرت.

ئەمجا کوڕەکان هەرسێکیان لە رۆژی زانراودا لەلای باوکیان یەکگیر بوون .

یەکەم وتی : من بەم چەکوشە ئەتوانم بێڵ و گاسن و داس و سەر شەماڵە دروست بکەم وە کاری جوتیار و سەپان ئاسان بکەم .

دووەم وتی: من ئەتوانم بەم پێنووسە وێنەی رەنگین بکێشم وە چاو و دڵی خەڵکی پڕۆشن بکەمەوە.

سێیەم وتی: من ئەتوانم بەم دەرمانە چاوی نابینا رووناك بکەمەوە.

وەهەریەکەیان دەست لەملانی یاری خۆیان بوون.

یاری خۆشەویست پیشەو هونەرە

ئەوەی پێفەرِ بێ داری بێبەرە. ژ/١٣٥٧

١١٩. **گوڵەسوورەو دارو درەخت ١٣٥٨**

گوڵەسوورە کە ئێمە پێی ئەڵێین (گوڵەباخ) وە بۆتە گوڵی ناوباخ لەدەمی بەهاردا لە مانگی (گوڵان)دا رووپۆش لە رووی خۆی لائەبا نەك تەنیا مرۆ لە رەنگ و بۆی بەهرە وەرئەگرێ چاو و دڵی روون ئەبێتەوە و بەگوڵاوەکەی کۆڕی یارانی پێ بۆنخۆش ئەکا بەڵکو بلبلی نەخشینی ئێسك سوکیش شێت و شەیدایەتی شەو و رۆژ بەئاوازی خۆش لەم چڵ بۆ ئەوچڵ ئاواتە خوازی گەشانەوەیەتی بەڵام لەبەرەبەیاندا خەوی لێئەکەوێ کاتێ بێدار ئەبێ بۆنی خۆشی خۆشەویستەکەی (با) بردوویەتی.

وەکو ئەڵێن : ئەم گوڵە یەکەمجار لەکوردستان وە وڵاتانی فارس وە قەفقاز هاتۆتە کایەوە وە گەلێ بەندو باو و تورەهاتی بەدەمیەوە هەڵبەستووە وەکوئەمە:

موسڵمانەکان بیرو باوەڕیان وایە کە تنۆکێك ئارەقی رووی پێغەمبەرﷺمحمد (د.خ)کەوتۆتە سەر زەوی وە ئەم گوڵە لەوشوێنەدا رواوە .

گاورەکان ئەڵێن : کاتێ (حەزرەتی عیسا د.خ) بەبزمار لە چلیپا دراچەند دڵۆپە خوێنێك کەوتە زەوی ئەم گوڵە لەو پەیدا بووە . لەسەرێکی ترەوە ئەڵێن : (خاتوزین)ی دلدار ( مەم)جارێك پێی زامار بووە چەند دڵۆپە خوێنێك کەوتە سەر زەوی ئەم گوڵە بۆنخۆشە لە شوێنەکەی رواوە .

هەروەها پادشای ئەڵمان(لوسی دیونی) جارێك لەتەك دەست و پێوەندەکەیا سوار ئەبێ ئەچێ بۆ راو مورە جەوهەردارەکەی لەگەڵ چەند شتێکی گرانبەهادا کەلە کیفێکدا ئەبێ لەگیرفانیا لەرێگا لێی ئەکەوێ پیاوەکانی لەپێو شوێنی ئەگەڕێن سەیر ئەکەن کیفەکە بەسەر لقی گوڵەباخێکەوە گیرساوەتەوە پاشا ئەمە ئەبینێ گوڵەکە ناو ئەنێ _گوڵی بەختیاری_ وە فەرمان ئەکا لەهەموو کلێساکاندا بیڕوێنن.

وە ئەیشڵێن : گوڵەباخ لەپێشا دڕکی نەبووە لەدەست زۆرداری منداڵی هاروهاج ئەو دڕکەی بۆخۆی پەیداکردووە بۆ ئەوەی کە دەستی بۆ بەرن بیچڕن دڕکەکەی دەستیان زامداربکا. ئەمە گوڵەباخ و چیرۆکی تورەهاتی.

بێنە سەر باسی دارو درەخت کە خوا بەهەشتی بەدارو درەخت ستایش فەرمووە، دارو درەخت دوو جۆرن: هەندێکیان بێبەرن وەکو: چنار و نارەوەن و شۆڕەبی و سەرو ئەرخەوان ، ئەمانە دیمەنەکانیان جوانەو مرۆ هاوینان لەسێبەرەکانیاندا ئەحەسێنەوە. هەندێکی تریان سێبەر و بەر و دیمەنیان رەنگین و شیرینە وەکو هەنار و بەهێ و قەیسی و قۆخ و هەڵوژەو گێلاس و هەرمێ و ترێ کە ئەمانە هەریەکەیان بۆ دەردێك دەرمانن خۆ هەنجیرو زەیتون پاشای هەموویانن کە خوا سوێندی پێخواردوون تەنیا(هەنجیر ٢٠) جۆر نەخۆشی چاکئەکاتەوە ئەگەر بەئەندازەو لەکاتی بیخۆی .

ئەم چیرۆکە بچکۆلەیەش لەبابەت هەنجیرەوە بخوێننەوە:

لەدەورەی فەرمانڕەوایی (ئەورەحمان پاشای بابان) دا پیرێژنێکی بێکەس وبێدەر لە گوندی(کانی بەردینە) باخە هەنجیرێکی ئەبێ لەدەمی پێگەیشتنیدا بەشەو دزێك پێی ئەیفرۆشێ ، پیرێژن هەرچەند بەشەو ئەچێ ئێشکی باخەکەی ئەگرێ دزەکەی بۆ دەردەست ناکرێ . ناچار سکاڵای خۆی دێنێتە لای ئەورەحمان پاشا کەوا دزێك بە باخەکەی فێر بووە هیچی نەهێشتووە .

پاشا زۆر زانا ئەبێ بەپیرێژن ئەڵێ : ئەم شەو بچۆرە باخەکەتەوە دەست بەرە هەر هەنجیرێکی تەواو گەیشتبوودەنکە جۆێکی تێهەڵچەقێنە بەجۆرێك کە بچێتە ناوەوە وەدەرەوە دیارنەبێ ئەمجا بەیانی وەرە بۆلام.

پیرێژن ئامۆژگارێکەی پاشا بەجێدێنێ و سبەینێ ئەچێتەوە بۆلای پاشا ،تاپیرێژن ئەچێ ، پاشا فەرمان ئەکا میوەفرۆشەکان بەخۆیان و بەرچنە هەنجیرەکەیانەوە بێنن بۆلام.

پاشا یەکەیەکە دەستئەکا بە پشکنینی ئەوبەرچنەهەنجیرەی کە دەنکە جۆی تێهەڵچەقیوە، ئەیدۆزێتەوە، وە لەکابرای میوەفرۆش ئەپرسێ: ئەم هەنجیرەت لەکێ کڕیوە ؟

فرۆش پێی ئەڵێ و دزەکە ئەدۆزنەوە وە سزاێکی قورسی ئەدەن، هەنجیری پیرێژنی ئەبژێرن.

ئەمە چیرۆکی گوڵەسوورە و دارو درەخت.

ئەمجا منالە خۆشەویستەکان دەربارەی گوڵ و دارودرەخت دەستتان بێزیان و باش بێ، گوڵەکانی باخچە گشتی و مزگەوتەکان مەڕنن و لق و پۆپی دارو درەختەکانی کەناری شەقامەکان و ئەرخەوانەکانی گردی سەیوان کە لەسەر گۆڕی ئازیزانن مەشکێننەوە وە ئەگەر هەتا ئەتوانن پەرەی پێبدەن و لێی زۆر بکەن تا دیمەنی شارەکەمان جوان و ڕەنگین بێ ئێوە بەبەختیاری و تەمەنی درێژ بژین. ژ/ ١٣٥٨

.....................................................................

١. پیاوێکی ساویلکە١٣٥٩

ئەگێڕنەوە لەدەورەی هەرە پێشوودا پیاوێکی پیری ساویلکەی بێ فڕوفێڵ و دڵ و دەروون پاك هەبوو کە ناوی (مام گوروون) بوو ئەم پیاوە لەقەراغ شار باخێکی پڕ لە درەختی میوەداری پێکەوە نابوو. وە خانووشکەیێکی خنجیلەیشی لەناوەڕاستی

باخەکەیدا دروست کردبو بە مەرو ئاژاڵ بەخێوکردن و باخەوانی رای ئەبوارد ، زۆر حەزی لە ئەرکی ژیانی شارستانیەتی نەئەکرد.

رۆژێك لە رۆژانی پایز کە میوە زۆری بەسەر چووبوو مام گوروون بە باخەکەیدا ئەگەڕا بە پۆپەی لقێکی بەرزەوە هەنجیرێکی گەورەی گەیوی بەیاماڵی بەرچاو کەوت چەلاکێکی درێژی هێنا هەنجیرەکەی کردەوە لە دڵی خۆیدا وتی: واچاکە ئەم هەنجیرە بە دیاری بەمە بۆ پاشا بەڵکو پاداشتێکم بداتێ.هەنجیرەی خستە بنی سەوی یێکی گەورەوە و پڕی کرد لە گەڵا لەپاشکۆی ئێسترە عەنتابی دابەست و سوار بوو بۆلای پاشا گەیشتە بەر دیوان نۆکەرێك جلەوی ئێسترەکەی گرت و دای بەزان مام گورروون سەوی یە هەنجیری بردە بەردەمی پاشا وتی: پاشام تکام وایە ئەم دیاری یەم لێ وەربگری، کەئەمەش هەنجیرێکی نایابە بەم درەنگ وەختە کە هەنجیر لەئارادا نەماوە.

پاشا بە زەردە خەنەیێکەوە وتی: تەمای چەند ئەم دیاری یەت بۆ هێناوم .

مام گورروون لە وەراما وتی: بفەرموو سەوی یەکەم بۆ پڕ بکەن لە قڕانی زیو.

پاشایش بەڵێنی دایە کە سەوی یەکەی بۆ پڕ بکا لە قڕانی زیو . ئەمجا پاشا فەرمانی کرد: سینی یێك بێنن هەنجیرەکەی لەسەر رۆکەن دانیشتوانی دیوان دەست بکەن بە خواردنی .

کە سەری سەوی یان هەڵ پچڕی هەرلایان داو هەر گەڵابوو تەنیا لە بنی سەوی یەکەدا هەنجیرێکی گەورەی تیابوو هەنجیرەکەیان خستە سەر سینی یەکەو بردیانە بەردەمی پاشا ئەویش ئەختێ راماو ، رووی کردە مام گورروون وتی: ئەم هەنجیرە چۆن بخۆم؟

مام گورروونیش هەنجیرەکەی پاك کردو نایە دەمیەوە دوو جار دانی پیانا و قوتی دا وتی: پاشام وەك منی بیخۆ، خوا ئەم هەموو ئەقڵ و زانستی یەی پێ بەخشیوی کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا نازانی هەنجیر بخۆی.

ئەمجا پاشا تێگەیشت کە مام گورروون لەرووی دڵ پاکی و بێ کینەیی یەوە ئەمەی کرد، لێ ی بوورد و فەرمانی کرد سەوی یەکەی بۆ پڕ بکەن لە قڕانی زیو.

ساڵەکان تێ بگەن هەر کەس دڵ و دەروونی پاك بێ لەتەك هاوڵاتو هاوڕێ ی دا
هەموو نامانجێك نەگا.ژ/١٣٥٩لە ١٩٥٧/٩/٥ پێنج شەممە

.............

## ١٢٠. باوەژنێکی دڵ رەق: ١٣٦٠

ئەگێڕنەوە لە زەمانی هەرە پێشوودا ژنێك هەبوو ئەم ژنە دوو کچی هەبوو یەکێك لەم دو کچە کە ناوی (خانە)بوو هێجگار ناشیرین و بێ فەرو هیچ نەزان و بێ وێڵ بوو لەگەڵ ئەوەیشدا دایکی زۆری خۆش ئەویست وە هەمیشە لەسەر دۆشەك دای ئەناو تۆراکی خۆشی ئەدایێ و ئەیلاوان بۆ ئەوەی ماندوو نەبێ نەی ئەهێشت ئەرك و کاروباری ناو ماڵ ببینێ چونکە کچی راستەقینەی خۆی بوو.

کچی دووەم کە ناوی(شیرین )بوو بەپێچەوانەی ئەو هێجگار نازەنین و جوان و شیرین دەست رەنگین بوو لەنەخش و تەون و چنین و رستن دا بێ وێنەبوو لەگەڵ ئەمەیشدا باوکەکەی خۆشی نەئەویست چونکە کچی خۆی نەبوو لەژنی پێشووی مێردەکەی بوو.

ئەم باوەژنە دڵ رەقە شەو و رۆژ بوارەی شیرینی نەئەدا کەتۆزێ بۆ خۆی بحەسێتەوە. بێ گسکو ناورشێنی ناوماڵی پێئەکرد وە چێشتی بێ لێ ئەنا، دەمێ ئاژەڵی بێ تیر ئەکرد. سەرەڕای ئەوەیش تەشی و خەرەکی بێ ئەڕست وە نەخش و تەون و ئەی بێ ئەچنی ، شیرین بە قولایی چنین و تەشی ڕستن هەموو سەر پەنجەکانی سروابوو خوێنی تێ زابوو.

رۆژێك لە رۆژان شیرین بەتەنگ هات نیازی کرد لەدەست ئەم باوەژنە دڵ رەقەی ڕابکا هێنای دەستێ جلی پیاوانە لەبەرکردو یەك دوو نانی بۆ توێشوو خستە نانە تووێکەوەو رێی دەشت و چیای گرتە بەر لەدوای سێ رۆژ گەیشتە دارستانێکی چڕو لەناکاو تووشی پیرەمێردێکی کوێر بوو پیرەمێرد کە خشپەی پێی شیرینی بیست وتی:

ئەی ڕێبوار هەرکەسێك هەی بەفریام بگە لەم دارستانەدا ڕێم لێ هەڵەبووە
بمگەیەنەرەوەماڵی خۆم خوا پاداشت ئەداتەوە.
شیرین وتی :ماڵتان لە کوێ یە؟
پیرەمێرد وتی: ماڵەکەمان نیو سەعات لێرەوە دوورە خانویەکی یەك نهۆمە باخێکی
میوەداری بەدەورەدایە.
شیرینیش مەردانە دەستی مامەپیرەی گرتوو بەناونیشانەکەی کە بۆی هەڵدابوو
گەیاندیەوە ماڵەوە.
ژنی مامە پیرە کە لەکاتی خۆیدا کارەکەری(شاژنەبەلکیس)بوو چەند ڕۆژێك شیرینی
لەلای خۆی گلدایەوە لە زیرەکی و دەست ڕەنگینی و جوانی و ویتلی ئەم کچە زۆر
دڵ شاد بوو هێنای دەستێ جلی زێڕو جەواهیر بەندی کردە بەر شیرین وە ڕەوانەی
ماڵی باوکی کردەوە.
کە باوەژن چاوی بە شیرین کەوت بەم جلە زێڕو جەواهیر بەندەوە چاوی پەڕی یە
تەوقی سەری وتی: هەی واو وا لێکراو تا ئێستا لەکوێ بووی؟ وە بۆ کوێ
هەلگیرابووی؟ وە ئەمەت لەکوێ بوو؟ ئەویش سەربووردی خۆی بەتەواوی بۆ
گێڕایەوە. باوەژن لێکی دایەوە وتی: واچاکە و سبەینێ خانەی کچم بنێرم بۆ ماڵی مامە
پیرە بەلکو ئەویش لە زێڕ و جەواهیرات بگرن.
دەستێ جلی پیاوانەی کردە بەر(خانە)و خستی یە سەر ڕێ کاتێ گەیشتە دارستانەکە
مامەپیرە هاواری کرد : کوێرم و ڕێم لێ هەڵەبووە لەرێ ی خوادا بم گەیەنەرەوە ماڵی
خۆم. خانە لەوەڵامدا وتی: من توانای ئەوەم نی یە وە فێر نەبووم دەستی کوێر
ڕاکێشم. وە مامەپیرەی بەجێ هێشت.
کاتێك خانە گەیشتە ماڵی مامە پیرێژنەکەی لێی پرسی: لەو دارستانەدا کە پای
ڕابووردی پیاوێکی کوێرت نەدی؟

...انە روتی:دیم رەداوای یاریدەیشی لیّ کردم کەچاوساغی بکەم و بیبەمەوە بەلاّم گوێم

...دالیّ:

...مە بڕە بۆی دەرکەوت کەئەم کچە هیچی لەبارانی یە زۆر دڵ رەق و بەد و بیّ فەڕە

...ە هۆی ئەوە یەك دوو خەپلەی گاڵی دەرخوارد دا و ملوانکەیەکی مورووەکەرانەی

...دە ملی و رەوانەی کردەوە.

...انیش بە ملوانکەی مورووەکەرانەوە چووە بەردەمی دایکی چەند تنۆکێك نارەقی

...ەرمەزاری رشت.

...جا ژنە تێگەیشت کە ئەمە هەمووی تاوانی خۆی بووە ئەگەر وێڵۆ هونەرێکی فێری

...چەکەی بکردایە ملوانکەی کەری لەمل نەئەکرا.

...مە پەندێکە بۆ ئەو دایکانەی کە کچەکانیان ناخەنە قوتابخانەوە فێری پیشە و هونەریان

...کان.ژ/١٣٦٠



دەرگای چاپخانەی (ژین)

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، ئەگێڕنەوە لەسەردەمی پێشین لە دارستانێکی چڕ و پڕدا نەڕەشێرێك لانەیێکی بۆخۆی دروست کردبوو ناوی خۆی ناو پادشای دارستان بە ڕۆژ بە دارستانەکەدا ئەگەڕا هەر گیانلەبەرێکی بەسەزمانی تووش ببوایە بە چەپۆکێك سەری پان ئەکردەوە ئەیهێنایەوە لانەکەی دەستی ئەکرد بە خواردنی هەتا تێر ئەبوو ، هەتا ڕۆژێك لە ڕۆژان لە ڕێگوزایا تووشی ڕێوییەك بوو . بە رقەوە نەڕاندی وتی : ئەی ڕێوی فێلباز ئەوە بۆچی دیار نی ئایا نازانی ئەمە دوو ڕۆژە نێچیرم بەرچنگ نەکەوتووە و برسیم ؟

ڕێوی لە دڵی خۆیدا لێکی دایەوە وتی : فێڵ و تەڵەکەبازی بۆ ڕۆژێکی والەی بۆچی چاکە ! بەخوا ئەبێ خۆم لەدەس ئەم دڕندەخوێنڕێژە ڕزگار بکەم.

ئەختێ بیری کردەوە و ڕویکردە شێرەکە وتی : من شانازی ئەکەم کە گیانی خۆم لە پێناوی خۆشگوزەرانی تۆدا بەخت بکەم وە هەمیشە سەرم لە ڕێدایە بۆ کامەرانیتان بەڵام ئەنجامی بەباش نازانم کە من لەناوبەری و بەخۆی چونکە تووشی ئەگبەتی و سەرگەردانی ئەبێ.

کە شێرەکە ئەم قسەیەی لە ڕێوییەکە بیست بە تووڕەییەوە دانی جیڕ کردەوەو نەڕاندی خەریك بوو چەپۆك بۆ ڕێوی داوەشێنێتەوە و سەری پانکاتەوە.

ڕێوی بە زبانێکی شیرین و هێمنی وتی : ئەی پادشای گەورە پێشینان وتویانە : پیاوی گەورە ئەبێ نەرم و نیان و لەسەرخۆ بێ هەتا کاروبار بەراورد ئەکا لە خۆبەوە هەڵەشەیی تێهەڵنەچێ، ئەمڕۆ من پادشاو سەرداری گیانلەبەرانی دەشت و دار ارستانم.

ێر وتی : بەڵگەت چییە کەتۆ سەرداری گیانلەبەرانی ؟

وی وتی : ئەگەر پێی خۆت بیشێنی و لەگەڵما بێی بۆ ناوەڕاستی دارستانەکە ئەبینی ڕچی گیانلەبەران هەیلەبەرما هەڵدێ و ڕائەکا.

...کانی لەگەڵ ڕێوی دا چووە دارستانەکە تەماشای کرد هەرچی جرۆجانەوەری وەکو :
...ەقەڵ و گورگ و بەرازو دەلەك و ڕێوی کەلەدارستانەکەدا هەبو هەمو لەترسانا
...ەڵاتن و رایانکرد، کەشێر ئەمەی دی ئەویش لە ترسانا دەستی کرد بە راکردن چونکە
...قلی وای بڕی کە گیاندارەکان لەترسی ڕێوی هەڵدێن و نەیزانی کە لە ترسی خۆیەتی
...بچا منالە خۆشەویستەکان لەم چیرۆکە پچوکەوە تێبگەن کە زانستی و سیاسەت لە
...ەر چەکێك بەکارترە لە رووی دوشمنی خوێن ڕێژدا . زانایەکی کورد وتویەتی :

بەبێ عیلم و سیاسەت ئەی بەقوربان
...ل ئەندە محالە ژینی کوردان ١٣٦١

.........

## ... ماسیگرو ژنەکەی ١٣٦٢

...ێژنەوە لە زەمانی پێشیندا ژن و پیاوێك لە نزیك دەریایێك زنجێکیان دروستکردبوو
...نەزیا. پیاوەکە لەگەڵ ڕۆژێ لێئەبووەوە تۆڕێکی هەڵئەگرت ئەچووە کەناری
...یاکە بۆ راوەماسی ئەو ڕۆژە هەرچی ماسییکی بگرتایە ئێوارە ئەیهێنایەوە هەندێکی بۆ
...ردنی خۆی و ژنەکەی لێدائەنا و ئەوی تری ئەفرۆشت بۆ وردە خەرجی.
...ژێك لە ڕۆژان تۆڕەکەی خستە دەریاوە ماسییەکی گەورەی پێوە بوو خەریك بوو
...یتە سەبەتەکەیەوە ماسی هاتە زمان وتی : من فریشتەی دەریام بێتو لەم داوە
...زم بکەی و بمهاویتەوە دەریا داوای هەرشتێکم لێبکەی بۆتیێك ئەهێنم .
...گر دڵی نەرم بوو ماسییەکەی هاویشتەوە دەریا ئێواری ماسیگر هاتەوە ئەم
...وردەی بۆ ژنەکەی گێڕایەوە ، ژنەکەیشی وتی : سبەینێ کەچویتە سەر دەریا بە
...تە بڵێ: خانویەکی یەك نهۆمی گەچکاریمان بۆ دروستبکە و بەفەرش و سەرەنازو
...ەل جوان بیرازێنێتەوە بەلکو لەم کونە هۆڵە پیسە رزگارمان بێ.

ئەویش بەیانی زوو پێش ئەوەی تیشکی زێڕینی بەسەر دەریادا بڵاو بکاتەوە هەستا چووە سەر دەریا خواستی ژنەکەی لە فریشتە گەیاند.

فریشتەش وتی : بەرلەوەی تۆ بگەیتە ئێرە خواستی ژنەکەتم بەجێ هێناوە.

کاتێ ماسیگر هاتەوە لە شوێن زنجەکەی خانویەکی یەك نهۆمی گەچکاری پڕ لە ئازوقە و کەلوپەلی نایابی دی رویکردە ژنەکەی وتی: خۆ ئاواتت هاتە دی ؟ ئەمجا چی ترت ئەوێ قسەبکە ؟

ژن لە وەراما وتی : بەزیای خێرم نەکرد ئەم خانوە پیسە چییە ؟ من خانویەکی دوو نهۆمیم ئەوێ کە چوار دەوری باخچەو گوڵ و گوڵزار بێ، سبەینێ بچۆ بە فریشتە بڵێ خانوێکی بەم جۆرەم ئەوێ.

ماسیگر بۆ سبەینێ هەمیسان چوو خواستی ژنەکەی لە فریشتە گەیاند.

فریشتە وتی : پێش ئەوەی تۆ بگەیتە ئێرە خواستی ژنەکەتم بەجێ هێناوە.

کاتێ ماسیگر هاتەوە سەیری کرد لە شوێنی خانوەکەی خانوێکی دوو نهۆم بە گوڵ و گوڵزار و کەل وپەلی نایاب رێکخراوە و لە هەر گۆشەیێکیەوە کارەکەر و خولام بە چەدەستەو ئەزەر وەستاوە.

ئەمجا بە ژنەکەی وت : خۆ ئیتر هەموو شتێك تەواوە ؟ هیچ ئارەزوێکی ترت نەماوە ؟

ژنەی چاوبرسی وتی : ئەمە چۆن گوزەرانیکە کە ئێمە کۆشکی شاهیمان نەبێ و جلەوی حکمداریمان بەدەستەوە نەبێ ؟ ئەبێ سبەینێ بچی بە فریشتە بلێی کۆشکی شاهیمان بۆ دروستبکا و جلەوی حکمداریمان بۆ دروستبکا و جلەوی حکمداریمان بداتە دەست.

هەرچەند ماسیگر ئەم خواستەی ژنەکەی بێگران بوو، وتی : من ناتوانم لەمە زیاتر ڕوو لە فریشتە بنێم بەڵام ژنە تەنگی پێهەڵچنی هەرچۆنێ بوو سبەینێ هەستا چووە کەنار دەریا بە شەرمێکەوە خواستی ژنەکەی لەفریشتە گەیاند.

ژنەکە وتی : پێش ئەوەی تۆ بگەیتە ئێرە خواستی ژنەکەتم بەجێ هێناوە. هەرێستە ئێوارە ژنەکەت لە تەلاری کۆشکەکە چاوەڕوانیت ئەکا.

کاتێ ماسیگر هاتەوە تەماشای کرد شاژن لە تەلاری کۆشکەکە لەسەر تەختێکی جەواهیر بەند پاڵی داوەتەوە قوشەنێك سەربازیش بەچەك و کەرەناو باڵەبانەوە ئامادەی سەلامی شاهانەن وەزیر و پیاو ماقولانیش ملکەچی کارو فرمانن.

ماوەیێ بەسەراهات ماسیگر لە ژنەکەی پرسی وتی : هەموو ئاواتێکت هاتە دی هیچ ئاواتێکی تر نەماوە لەمە زیاتر کە بیگەیتێ : شاژن لە وەراما وتی : ئەمە چۆن ژیانێکە کە ئێمە نەتوانین ئینسان دروست بکەین و جلەوی مانگ و رۆژ و باو باران و هەورەبروسکە بگرینە دەست و بەلای ئاسمانی بگێڕینە دواوە.

هەرچەند ماسیگر پاڕایەوە و هاواری کرد وتی : بێجگە لە خوا کەسی تر پەسندی ئەم کارو فرمانانە نیە ژنە نەیبیست وتی : ئەبێ هەر بچی ئەم خواستەم لە فریشتە بگەیەنی.

بێچاری ناچار ماسیگر پێی بەجەرگی خۆیدا تا هەستا چووە کەناری دەریا ژنەکەی چی وتبو بەفریشتەی راگەیاند،

فریشتە لە وەراما وتی : ئەوەی شاژن ئەیەوێ بەر لەوەی تۆ بگەیتە ئێرە پێکم هێناوە.

کاتێ ماسیگر هاتەوە لە پڕ دوو فریشتە پەیدا بوون هەریەکە گوێیەکی شاژنیان گرت ئەوەندە بەرزیانکردەوە هەتا لەچاو گومبوو لەوێ بەریاندایەوە خوارەوە هەپرون بە هەپروون بوو ،تەرس و گوی تێکەڵاو بوو، ماسیگریش لوتی هاتەوە بەر پێی سەیریکرد لە ژنەکەی خۆیدایەتی.

ئەمما هەرکەس بەرز بفڕێ
بالشکانی بێ ئەبڕێ

## ١٢٤. چیرۆکی زمانی جانەوەران ١٣٦٣

ئەگێڕنەوە لە سەردەمی زۆر دێرین لە دەورەی پێغەمبەریەتی (حەزرەتی موسا. د.خ) دا پیاوێك هەبوو ئەم پیاوە ئاغای دێیێك بوو لە دێهاتەكانی قەراغ شار خاوەنی سامانێكی زۆر بوو، هەروەها حەزی لە بەخێوكردنی ئەسپ و ئێستر و مەڕ و مالات و چوارپێیان ئەكرد.

ڕۆژێك لە ڕۆژان ئاغا هەستا چووە لای حەزرەتی موسا وتی : ئەی موسا . خوا ئەمڕۆ تۆی كردووە بە سەردار و پێشەوای ئێمە كە ڕێی ڕاستمان پیشان بدەیت و كاروباری گرانمان بۆ ئاسان بكەیت . ئەمڕۆ منیش هاتوم داوای شتێكت لێ ئەكەم نابێ دەست بە ڕوومەوە بنێی .

موسا وتی : چیت ئەوێ بلێ ؟

ئاغا وتی : بۆ ئەوەی پەندێكی لێوەربگرم و ئایین و بڕوام بە خوای خۆم بەهێزبێ ئەمەوێ فێری زمانی جانەوەرانم بكەی زمانی ئادەمیزاد هەمووی بەدگۆیی و باسی ئەم و ئەو و پارە خڕكردنەوەو نانی خەڵك بڕینە.

موسا لەوەراما وتی : واز لەم هەوەس و ئارەزووەت بێنە، پەند و باوەڕ داوابكە لە یەزدان نەك لە گەفینی سەگ و ئاوازی پەڕندان . فێربوونی زمانی جانەوەران بۆ تۆ ئەبێتە مایەی ئەگبەتی و زیان.

لەم وەرامەی موسا ئاغا هەوەس و ئارەزووی بۆ فێربوونی زمانی جانەوەران گەرمتر بوو، ڕویكردە موسا و تی : پەسند نیە بۆ مەردی گەورە كە پچوك بۆ شتێك ڕووی لێنا دەست بە ڕوویەوە بنێ .

حەزرەتی موسا تێگەیشت كە كابرا لە قسەی خۆی نایەتە خوارەوە هەستا چووە سەر (چیای سینا) لە دوای پاڕانەوە لە خوای خۆی وتی : ئەی پەروەردگار تۆ بۆخۆت ئاگاداری بە هەموو كاروبارێكی نهێنی و ئاشكرا ئێستایش ئەم كابرایە شەیتان

ئاخشتەی بردووە و هاتووە داوای فێربوونی زمانی جانەوەرانم لێەكا و منیش بەبێ فەرمانی تۆ ناتوانم ئەموست بكەم بە ئاوا لەم رووەوە فەرمانتان بەچییە ؟

خوایش فەرمووی : برۆ موسا بەندەی من بە ئاواتی خۆی بگەیێنە و فێری زمانی جانەورانی بكە.

موسایش هاتەوە مژدەی دا بە ئاغا كەوا بە فەرمانی خوا فێری زمانی هەموو جانەوەرێك بوری.

بەر رۆژە هیچ بۆ سبەینێ لەدەمی هەتاوكەوتن دا ئاغا لەخەوهەستا دەم و چاوی شت وكەرێك دەستی دایە سینی كە كولێرە چەورە و ماستی لەسەر بوو كولێرەیەك لەسەر سینیكە كەوتە خوارەوە لەوكاتەدا كەڵەشێرێك بە قوقە قوق پڕی دایە كولێرەكە. سەگی دەرماڵ كە چاوی لەوە بوو بەكلكە لەقێ هاتە پێشەوە دەستی كرد بە وەڕین بە كەڵەشێرەكەی وت : وەرە مەردی چاكبە ئەو كولێرەیە بدە بە من چونكە من وەكو تۆ ناتوانم نیە دانەوێڵە لەزەوی بچنمەوە . تۆ بەهۆی دەنوكتەوە ئەتوانی هەموو دانەوێڵەیەك لەزەوی بچنیتەوە.

كەڵەشێر لەوەراما وتی : تۆ بۆچی ئەوەندە چاوبرسیت ؟ دان بەخۆتا بگرە سبەینێ ئەم كەڵە ئەسپە كەحێلەی ئاغا ئەتۆپێ ئەوەندە گۆشت بخۆ هەتا ئەدڕێی .

ئاغا كە گوێی لەم گفتوگۆیە بوو خێرا سواری ئەسپەكەی بوو بردی بۆ شار بە (٥٠٠) زێڕ فرۆشتی . رۆژی دووەم سەگ بەكەڵەشێری وت: خۆتۆ درۆتكرد ئەسپەكەی ئاغا نەتۆپی ؟

كەڵەشێر وتی : ئاغا ئەسپەكەی فرۆشت لە شوێنێكی تر تۆپیوە من بڵێم چی ؟ بەڵام ئارام بگرە سبەینێ لەم دەمەدا ئێسترە عەنابی ئەتۆپێ ئەوەندە گۆشت بخۆ هەتا ئەپچڕێی

ئاغا كە گوێی لەمە بوو بە پڕتاو ئێسترەكەی گەیاندە شار بە (٢٠٠) زێڕ فرۆشتی .

رۆژی سێیەم سەگ بە کەڵەشێری وت : ئەی کەڵەشێری فێڵباز بەخوا چاك تەفرەم
ئەدەی خۆ تۆ وتت ئێسترەکەی ئەتۆپێ کەچی قسەکەت بەدرۆ دەرچوو ؟
کەڵەشێر وتی : دەسەڵاتی من چیە ؟ ئاغا ئێسترەکەی فرۆشت لە شوێنێکی تر توپیوە
بەڵام خۆت راگرە سبەینێ گاجووتەکەی مردارئەبێتەوە ئەوەندە گۆشت بخۆ هەتا شەق
ئەبەی .
ئاغا کە گوێی لەمە بوو گاجوتەکەیشی گەیاندە شار بە (١٠٠) زێڕ فرۆشتی لە دڵی
خۆیدا وتی : بەخوا بەهۆی فێربوونی زمانی جانەوەرانەوە کەڵکی چاکم وەرگرت و
ئەم هەموو زیانەم بۆ گەڕایەوە.
رۆژی چوارەم سەگ بە کەڵەشێری وت : تۆ شورەیی ناکەی ئەم هەمو درۆیەت
لەگەڵ من کرد کوا خۆ گاجوتەکە مردار نەبووەوە ؟
کەڵەشێر وتی : من بڵێم چی ؟ ئاغا گاجوتەکانی فرۆشت لە جێگایێکی تر
مرداربۆتەوە. بەڵام دان بەخۆتا بگرە سبەینێ ئەم کاتە ئاغا ئەمرێ بیست مەنجەڵی
زنجیردار پلاو و گۆشت و ترشی و کەشکەك لێئەنرێ بۆ گەرمەگوڕ ئەوەندە چێشتی
رژاوی سەر سینی و ئێسقان بکرێنەرەوە هەتا مرِ ئەبی .
کە ئاغا گوێی لەمە بوو لەترسانا زارەترەك بوو بەهەڵەداوان رایکرد بۆلای موسا
وتی : چیم لێئەکەی ؟خۆ سبەینێ ئەمرم .
موسا لەوەراما وتی : ئەو ئەسپ و ئێستر و گاجوتە کە تۆ شەند ساڵ کەڵکت
لێوەرگرتن بوبون بە بەڵاگەردانی سەری تۆ ئەگەر نەتفرۆشتنایە بەم زووانە نەئەمردی
بەڵام تۆ پیاوێکی رژدو پیسکەی پارەو ماڵی دنیات لە گیانی خۆت خۆشتر ویست برۆ
چاوەڕوانی فەرمانی خوا بکە. ژ/ ١٣٦٣

## ١٢٥. پەیك

## ١٣٦٤

دیوانی نامەبەری = دائیرەی پۆستە

ئەمڕۆ ئەوەی مژدەی تەندروستی باوك و برا و خزم و کەس و کار و یارانمان لە ولاتانی دوورەوە پێئەگەیێنێ وە بەشایی و شین و مان و نەمان یان ئاگادارمان ئەکا و دەنگ و باسی جیهانمان تێئەگەیێنێ دیوانی نامەبەرییە.

ئنجا لەسەرەتای جیهانەوە تا ئەمڕۆ نامە بردن لەم شارەوە بۆ ئەو شار و هەواڵپرسینی یەکتر هەر بووە و هەر هەیە. بەڵام ئەبێ بزانین لەسەرەتادا چۆن بووە ؟ چۆن بروزی سەندووە تا گەیشتۆتە ئەمڕۆ؟

زۆر دوور ناچین (١٤٠٠)ساڵ لەمەوپێش کە فڕۆکەو ئۆتۆمبیل نەبووە شای فارس (خسرەوی پەروێز) کە نامەی ناردبێ لەم شارەوە بۆ شارێکی تر ئەگەر ماوەی نێوانی ئەو دوو شارە (١٠٠)کیلۆ مەترە بووبێ لە ماوەی هەر کیلۆ مەترێکدا ئەسپ سوارێکی ڕاگرتووە کە دەستاو دەست بە پرتاو نامەکەیان داوە بەیەکتر تا بەگورجی نامەکەیان بەجێی خۆی گەیاندووە ئەمەیش کولفەتێکی زۆری تێچووە.

لەسەردەمی فەرمانڕەوایی حوکمدارانی (بابان) و (سۆران) دا پادشاکانیان تاك و تەرا کۆتری نامەبەریان بووە بە کۆتردا نامەیان بۆ یەکتر ناردووە. بەڵام ئەبێ بزانین چۆن کۆتر نامە لە جێگایێکەوە بۆ جێگایێکی تر ئەبا ؟

نامە بردن بە کۆتردا لە نێوان دوو کەس دا ئەبێ جۆرە کۆترێك هەیە هێجگار زیرەکە پێی ئەڵێ (کۆتری نامەبەر) :- ئەم کۆترە ئەو شوێنەی لەبیرناچێ کە تیایا بەخێو کراوە ئەگەر بیگری و بیبەی بۆ شوێنێکی تر کە بەردرا بێ ئەوەی ڕێی لێهەڵە بێ ڕاستەوخۆ بەرەو نیشتمانی پێشووی ئەگەڕێتەوە .

ئنجا وای دابنێین تۆ لە (سلێمانی) بوی ئاشناکەیشت لە (ڕەواندوز) بووە تۆ چەند کۆترێکی خۆتت ئەنارد بۆ ئەو، ئەویش چەند کۆترێکی خۆی ئەنارد بۆتۆ ، تۆیش

هەرکاتێ بتویستایە نامە بنێری بۆ ئاشناکەت لە کاغەزێکی تەنك ئەتنوسی و بە چێربالی کۆترەکەتەوە چەسپ ئەکرد و کۆترەکەت بەرئەدا بە ماوەیێکی زۆر کەم ئەو کۆترە نامەکەی بە ئاشناکەت ئەگەیاند. ئەویش هەر بەو جۆرە بە کۆترەکەی خۆیا نامەی بۆ ئەناردی ، لەبابەت نامە ناردن بە کۆتردا شاعری بابان (سالم) ئەڵێ:

چ حاجەت مینەتی باڵی کەبۆتەر [١٧٤] هەڵ گری نامە *

کە پەڕبوتایی ڕێنگەی شوێنی تۆ دێ نیتە سەر کاغەز

بە بیرەوەری خۆم (دەوڵەتی عوسمانی) لەجێی فڕۆکەی ئێستا ئەوسا تڕوکەی هەمو زۆر جار دیومە خەڵك بۆ شوێنی وەکو : (قەڵادزە) ئەگەر ئیشێکی گرنگ و پەلە پەلیان ببوایە زەلامێکیان بە (١٠٠)قڕان بەکرێ ئەگرت پێیان ئەوت : (تەتەر) نامەیان پێدا ئەنارد چونکە میری هەفتەی جارێك بە وڵاخ نامەی ئەنارد بۆ شارە گەورەکان و بۆ شاری پچوك مانگی جارێك بوو.

لە سلێمانییەوە نامەبەر کە بچوایە بۆ کەرکوك سواری ئەسپێکی تیژڕەو ئەبوو ماوەی (٣) کیلۆمەترە بە غار ئەڕۆیی لەوێ ئەسپێکی حەساوەی بە زینەوە بۆ راگیرابوو لەم دائەبەزی و سواری ئەو ئەبوو، بەو پێیە لە سلێمانییەوە تا کەرکوك کە (١٠٥)کیلۆمەترە بەنزیکەی (٣٥) ئەسپ راگیرابوو لەگەڵ ئەویش دا نامەیێك ئەگەر بچوایە بۆ( ئەستەمول) ساڵێکی ئەخایان هەتا ئەگەیشت و وەرامی ئەهاتەوە.

شاعیرەکانیش کە تاسەی یار و نیشتمانیان بکردایە لە وڵاتانی دوورە دەستەوە بەخەیاڵ شەماڵ و بای بەربەیانیان ئەکرد بە (تەتەر):

وەکو (مەولەوی) ئەڵێ :

شەماڵ چەند جاران ڕێت تەی کردوە*

نامەت بۆ خزمەت ئازیز بردووە*

---

[١٧٤] کەبۆتەر = کۆتر

...ش لە شامەوە وتویەتی :

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور*

...وەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور*

...) یش لە وەرامیا ئەڵێ :

گیانم فیدای سروەکەت ئەی بایەکەی سەحەر *

...وەی پەیکی مستعد لە هەموو ڕاهی پڕ خەتەر *

...هیمەت کە تیژ ڕەوانە بە ئیجراری مەنزلەیم *

...لەم سەر بڕۆ وەکو بەرید لەوێ بێ وەکو تەتەر*

...هەروا لەبیرمە لە شەڕی گەورەی یەکەمدا زۆر جار بە درۆ دەنگ بڵاو ئەبووەوە کە ...یسانە کەس کوژراوە . ئەمجا کە نامە ئەهات هەموو لاێنکی خێزان و خزمانی ئەوکەسە ... نامەبەر خەڵات ئەکرا وە ئەبوو بە شایی لۆغان ، کەچی ئەمڕۆ نامەبەر بەهەزاران ...زدەی خۆشمان بۆ دێنێ هیچیش وەرناگرێ.

...ئەمڕۆیش ئەبینی (بێتەل) بەهۆی بروسکەوە لەم سەر بۆ ئەوسەری جیهان دەنگوباس ...رەگرێ ئۆتۆمبیل و فڕۆکەیش لەوێ بوەستێ هەر ساتە ناساتێ بە تەغار نامەو نوسراو ... گۆڤار و ڕۆژنامە و سپاردە لە دیوانی نامەبەری هەڵئەڕێژێ چەند کاربەدەستێکی ...ەمیش کە لەدیواندا کار ئەکەن شەو و ڕۆژ خەو و خۆراك و حەسانەوەیان نیە . بۆ ...ەوەی ئەم شتانەی باسمانکرد بە خاوەنیان بگەیەنین .

...اڵە خۆشەویستەکان ئێوەیش هەناسەتان پاکەو لە خوا بپاڕێنەوە بەڵکو میری دڵی نەرم ...ی کاربەدەست لە دیوانی نامەبەری شارەکەمان زیادبکا و موچەیان بۆ زۆر بکا.

منالە خۆشەویستەکان ئەمرۆ ئەو قەوم و هۆزانەی کە لە جیهاندا گەیشتوونە پایەی بەرزی وە بوون بە خاوەنی دیدەبەو دارایی وە بەئاماغی خۆیان گەیشتوون هەمووی هۆی ئەوەیە هیچ کاتێ مێژوو زمان و رەوشت و یاساو ئایین و یادگاری پێشینیان وە باوکو باپیران یان فەرامۆش نەکردووە، وابکەن، ئەمجا ئەگەر ئێمەیش مێژوو زمان و رەوشت و یاسا و ئایین و یادگاری پێشینان وە باوکو باپیرانمان فەرامۆش وە لەیاد بکەین وەك و بن زەمەن و رەوشت و رەفتاری بێگانان بکەوین ئەوکاتە ئەبین بە (توتی لاسایی کەرەوەی ئاواز) وە لەبەندی قەفەزدا پەست و ئەوی ئەبین.

جگە لەوەش ئەیشبین بە قەشمەجاڕی بێگانان ئەمجا وەکو وتمان پێش هەمو شتێك مێژو ناوی تیرە و هۆز ئەژبینی وا منیش ئەم ساڵ نامە کوردی یەم بە شعر پێشکەش کردن کە هەرسێ مانگی کژەیکە وە بەدرێژی ساڵ لەگەڵ سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا پاش و پێش ناکا.

لەتەك ژمارەی رۆژەکانی مانگ وە زنجیرەی . هیوا ئەکەم سوودی لێ وەربگرن. وە ئەمەیش بزانن ئەم مێژووە ، مێژووی زاڵ بوونی قەومی(ماد)ە بەسەر قەومی(ئاشوور) وەگرتنی پایتەختەکەیان کە شاری(نەی نەوا)بوە(٦١٢)ساڵ پێش میلاد هەرکاتێ ٦١٢ لەگەڵ مێژووی میلادیدا کۆبکەینەوە وکو ئەمە ٦١٢+١٩٥٧=٢٥٦٩دەرئەچێ ![١٧٥]

ئەمە مانگ و کەژەکانن،

بەهار —

٣١ یەکەمین مانگمان کە (خاکەلێو)ە    ئارایش دەری هەردیەو کێوە
جەژنی نەورۆزو شایی و هەڵپەڕکێ    لەیەکەم رۆژی ئەم مانگە دادێ

---

[١٧٥] لێ وەرگر(أعلامی منجد)لاپەڕە/٢٤ (گۆڤاری ماد)ژمارە(٢)

…م مانگی دووەمین کە (بانەمەڕ)ە     دەشت و کێو بەگوڵ جوان و بەفەڕە
…ۆستانی نازیز کوڕی دڵداران     ئەچنە سەرچنار بۆ بن چناران
…م لەدوای ئەو دادێ ئەمجا(جۆزەردان)     دەست ئەدەنە داس جوتیارو سەپان
ئەمە سێ مانگەی کژەی بەهرە     پاش وپێش ناکا هەر بەم بڕیارە

* * *

هاوین:ـ

…چوارەمین (پوش پەڕ) ئیتر هاوینە     گەرما ئەگرێ و هەتاو بەتینە
…بەرگی ئەکاتە بەر روتەڵەو هەژار     بۆ دەوڵەمەندیش هاوینە هەوار
…مانگی پێنجەمین کە (خەرمانان)ە     گەنم و نیسك بکرە هەرزانە
…بەرەچەی زەوی خۆی ئەخاتە گەڕ     زۆرداران ئەیخۆن هەژار برسی ولەڕ
…شەشەم(گەلاوێژ)تیشکی ئەگرێ     بەرگی هەتیوو هەژاران ئەدڕێ
…بەزللەی وەستا شاگرد قاڵ ئەبێ     سێو بە گەلاوێژ ڕەنگی ئاڵ ئەبێ

…:ـ

…ئەمجا حەوتەمین مانگی (ڕەزبەر)ە     سینی بۆ میوان میوەی لەسەرە
…ترێ وهەرمێ و قۆخ سێوی سەردەشتی     بەرەچەی ڕەزان باخی بەهەشت
…لەدوای ئەو هەشتەم مانگی (خەزەڵوەر)     درەخت رووت ئەبێ لەگەڵاو لەبەر
…بلبلی شەیداش بەجۆش و بەکووڵ     ئەگری و ئەناڵێ بۆ نەمانی گوڵ
…مانگی نۆیەمین کە(سەرماوەز)ە     سەرما ئەهێنێ و دووایی پایزە
…بێ لانەو بانیش کزن لە سەرما     بۆ بەرگ و خۆراك ئەکەونە سەما

* * *

…ن:ـ

…دەیەم(بەفران بار) سەرەتای زستان     ئەوە پێ ی ئەڵێن: بەهاری مەستان

سپی پۆش ئەبیٚ دەشتو هەردو شاخ — ئیتر ئامێتی سەوزە لەناو باخ

٣١ یازدەمین مانگیش کە(ریٚ بەندان)ە — بۆ ئامشۆی دۆست سەختو گرانە

بەفر ئەباریٚ تا پشتێنەی پیاو — هاوین دلٚ گەرمین ئەیکەین بەهەراو

٢٩و دوازدەمین مانگی (رەشەمە)دادیٚ — مژدەی ئەورۆژز گولاٚنی،ها،پیٚ

٢٨ بەم پیٚ بە سالٚ و مانگمان تەواوە — لەزۆرداری چەرخ کوردانە گۆراوە

تیٚ بینی:- تکا ئەکەم مامۆستایانی بەرێز و دلٚسۆز ئەم سالٚنامەیە ، جیٚ ی دەرسێکی کوردی بە قوتابیانی سەرەتا بیلٚیٚ نەوە.

.................................................................................

## ١٢٧. چیرۆکی ئاغاو رەنجبەر: ١٣٦٦

لە(کلیل و دمنەی لیوان ریلوف) وە وەرگێراوە ئەمە دەقەکەیەتی: (ئەگێرنەوە لەسەردەمی پێشین دا پیاوێك هەبووئاغای گوندێك بوو ، ئەم پیاوە خاوەن کشت وکالٚ و مەڕ و ئاژەلٚ بوو بەم هۆیەوە بەخۆشی وکامەرانی ئەژیا. بەلاٚم رەوشت و خوویکی بەدونا هەمواری هەبوو ئەویش ئەمە بوو: هەرکەسیٚ چاکەی لەگەلٚ بکردایە وە یاریدەی بدایە ئەو بە خراپە تێی ئەگەیشت و پاداشی ئەو کەسەی بە خراپە ئەدایەوە وە چونکە ئەقلی وای پڕ ئەکرد.

ئاغا رەنجبەرێکی باش و کارگوزاری هەبوو بەرۆژ ئەچوو بۆ سەرکشتوکالٚ بۆ: توتن و پەموو داشتن ئاغایش لەتەکیا ئەچوو سەرپەرشتی ئەکرد و رێو شوێنی پیشان ئەدا .

رۆژێك لە رۆژان ئاغا و رەنجبەر پێکەوە چوون بۆ سەر کشتوکالٚ ئەو رۆژە تا ئێواریٚ ئیشیان کرد دەمی ئێواریٚ بەرەو مالٚ بوونەوە . لە تاریك و لیٚلەی شێوان دا گەیشتنە دارستانیکی چڕ کە لەسەر رێگایاندا بوو لەناکاو ئێرە ورچێکی فیلەتەنی برسی کە چاوی سووربووبووە بۆڕاندی و باوەشی بە ئاغادا کرد، ئەوەندەی ئەمابوو گۆشت و ئێسقانی بەسەریەکدا بۆرشێنیٚ وەبیکا بە هەریسە.

ئاغا هەتا لە تینی دابوو قیژاندی و هاواری کردە ڕەنجبەرەکەی وتی : مەردی چاکبە ڕاپەڕیکەوە ، مەردایەتی بۆ ڕۆژێکی وانەبێ بۆچی چاکە ؟

ڕەنجبەرەکەیش مەردانە تەورداسەکەی لە قەدی هەڵکێشاوهەڵی کوتایە سەر نێرە ورچ ئەوەندەی تەورداس لێدا هەتا بێژار بێژاربوو بەلاداکەوت مرداربووەوە .

دوای کەمێ ئاغا هۆشی هاتەوە بەر خۆی کە تەماشای کرد نێرە ورچێکی فیلەتەن لەلایەوە کەوتوەو مردار بۆتەوە.

ڕووبکردە ڕەنجبەرەکەی و وتی: هەی نامەرد من ئەمە چەند ساڵە بە خاوخێزانەوە بەخێوت ئەکەم کەچی ئێستا تۆ هەر لەوە ئەگەڕێی زیانم لێبدەیت و ماڵم وێران بکەی.

ڕەنجبەر لەوەراما وتی:گەورەم من پیاوەتیم لەگەڵ کردوی، تۆم لەچنگ ئەم دڕندە خوێنمژە پیاو خۆرە سەندۆتەوە و لە مردن ڕزگارم کردوی، ئێستا بۆچی پیاوخراپم ئەکەی ؟ من زیانی چیم لێداوی ؟

ئاغا بە دەنگێکی ناشرین و توڕەییەوە وتی : کوڕە تۆ پێستی ورچەکەت بە تەورداس هەموی خراپ وکون کون کردووە وە لەکەڵکت خستووە، سبەینێ بیبەمە شار بفرۆشم کەس بە فلسێك لێم نایکڕێ.

ڕەنجبەر تێئەگا کە ئاغاکەی کابرایەکی گەوج و نەزانەچاکەو خراپە لێك جیاناکاتەوە هیچ قسە ناکا،

ئەو شەوە هەرکەسەو دێنەوە بۆ ماڵی خۆی ، بەلا م ڕەنجبەر ئەو شەوە لەخەفەتا خەوی لێناکەوێ، لەخوا ئەپاڕێتەوە کە هەلێکی تری بۆ هەلکەوێ و تۆڵەی خۆی لە ئاغا بکاتەوە.

سبەینێ ڕۆژیان لێئەبێتەوە ئاغا هەمیسان لەتەك ڕەنجبەردا چوونەوە بۆ سەر کشتوکاڵ و کوڵدێری،ئەوڕۆژە سەرانسەر ئیش ئەکەن، لەدەمی خۆرئاوابووندا هەڵئەستن بێنەوە بۆ شتێ، ئاغا لەگەڵ ڕەنجبەرەکەیدا بەرەوماڵ گەڕانەوە و گەیشتنە هەمان ئەو شوێنە کە

دوێنێ نێره ورچه‌که‌ی لێکوژرابوو، تومه‌ز مێیه‌ی ورچه‌نێره‌که‌ له‌وێدا خۆی له‌ بۆسه‌دا بوو که‌ تۆڵه‌ی نێره‌که‌ی بسێنێ، له‌پڕنه‌مبازی ئاغا بوو بینه‌قاقای گرت. هه‌رچه‌نده‌ کوێخا هاوارو دادو بێدادی کردوو له‌ ره‌نجبه‌ر پاڕایه‌وه‌ که‌ فریای بکه‌وێ.رزگاری بکا، به‌لام بێسود بوو.

ره‌نجبه‌ر دێته‌ زمان ئه‌ڵێ : من نان و نمه‌کم کردووی زیان له‌ ئاغای خۆم ناده‌م و چۆن پێستی ورچه‌که‌ کون کون بکه‌م و ئیتر وای لێبێ که‌س لێت نه‌کڕێ و رووزه‌رد بیم. به‌م پێیه‌ ورچه‌که‌ ئاغا که‌رت و په‌رت ئه‌کا و ئه‌یکا به‌ به‌ربانگ وه‌ هه‌ندێکیشی بۆ پارشێو لێهه‌ڵئه‌گرێ.

ئه‌مجا ئه‌مه‌ سزای ئه‌و که‌سانه‌یه‌ که‌ چاکه‌ی چاکه‌یان له‌به‌ر چاو نییه‌ سه‌ره‌ڕای ئه‌ویش به‌ خراپه‌ و جنێو پاداشیان ئه‌ده‌نه‌وه‌ .که‌وابوو پێویسته‌ له‌سه‌رمان ئه‌گه‌ر هاتوو که‌سێك له‌داماویدا چاکه‌ی له‌گه‌ڵ کردین و یاریده‌ی داین به‌دڵ سوپاسی بکه‌ین و پاداشی به‌ چاکه‌ بده‌ینه‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی جارێکی تر له‌ داماوی و ته‌نگانه‌دا به‌فریامان بگات. ژ/١٣٦٦

.............................................

## ١٢٨. شوان و جۆگه‌له‌ ئاوێك ١٣٦٧

ئه‌گێڕنه‌وه‌ له‌سه‌رده‌می پێشودا رۆژێك له‌ رۆژانی مانگی خاکولێو که‌ سه‌ره‌تای به‌هاره‌و تازه‌ گژگیاو گوڵ سه‌ر له‌خاك ده‌ردێنێ شوانێکی به‌رغه‌ل که‌ به‌رخ وکارژۆله‌ی ئه‌له‌وه‌ڕان له‌ده‌می نیوه‌ڕۆدا گه‌یشته‌ بناری شاخێك که‌ جۆگه‌له‌ ئاوێکی بچوکی روون و ره‌وانی پێدا ئه‌ڕۆیشت ده‌ورو به‌ری جۆگه‌له‌که‌ به‌گیای سه‌وزو وه‌نه‌وشه‌و گوڵه‌نه‌ورۆز به‌رگێکی ره‌نگینی پۆشی بوو.شوانه‌که‌ به‌رخ و کارژۆله‌کانی له‌کانی له‌ده‌ورو پشتی جۆگه‌له‌که‌ مۆڵ داو نانه‌به‌ره‌که‌ی له‌پشتی کرده‌وه‌ که‌ دووسێ خه‌پله‌ی گاڵ و سه‌لکێ په‌نیری تێدا بوو ده‌ستی کرد به‌ نان خواردنی نیوه‌رۆژه‌ هه‌تا تێر بوو.

دوای دوو مست ئاوی خواردەوەو کۆلکە سەبیلێکی تێ کرد و بە ئەسێ و بەردەکەی گازی پروشووی داگیرساندو نایە سەر سەبیلەکەی یەك دوو مژی لێداو لەبەر خۆیەوە وتی: ئای جۆگەلە ئاو هەرچەندە تۆ هۆی ژیانی کشتوکاڵ و دارو گیاو گیانداری بەڵام کە چاوت لێڵ و سوور بوو رقت هەستا دڵ رەق و بە ئازاری بەزەییت بە داماوو بێ دەرەتاندا نایێ تەوە، قۆختەو خانۆچکەی هەزاران بەستەزمان و پەڕندەو جرندە ژێران ئەکەی، دارو درەخت لە رەگ و ریشە دەردێنی، کۆرپەی تاقانەی باوان بەربێی و جگەریان ئەسوتێنی، ئازوقەو پەرەچەی زەوی رائەفڕێنی، ئەمەی وتت و بێ دەنگ بوو.

لەم کاتەدا جۆگەلە ئاو خوڕەو هۆنەییکی کرد وەکو بڵێ: تۆ چ خراپەییکت لەمن دیوە کەوا قسەی سووکم دەربارە ئەکەی؟ کاکەی شوان وتی: دوێنێ لەم کاتەدا بەرغەلەکەم دابووە پێش خۆم گەیشتمە گوێ رووباری سیوەیل لەناکاو شەپۆلێکی رووبارەکە یەکێ لە بەرخەکانی رافڕاند بەتایبەتی ئەو بەرخەم زۆر خۆش ئەویست لەبەر ئەوە زۆر بەژارەدارو خەمبارم.

جۆگەلەکە هەمیسان خوڕەو هۆنەییکی تری کرد وەکو بڵێ: ئەگەر من وەك رووباری سیوەیل گەورەو بەتین و تەوژم بوومایە بە هەزاران ئاش و(دەزگای بروسك=ماکینەی ئەلەتریك)م بۆ ئەخستنە گەڕ مزەو سوودتان لێ وەربگرتایە، زەوی یە دێمەکارەکانتام بە رەزو باخ بۆ ئەکردن بەبەهەشت، تووتن و پەموو ماش و برنج و بێستانم بۆ پێ ئەگەیاندن، وە ئەگەر ئەمانەیشم نەکردایە بەناخی زەویدا ئەچوومە خوارەوە زیانم بۆ کەس نەئەبوو خوێنم لەلووتی کەسێك نەئەهێنا مێروولەییکم لە گیان نەئەکرد چونکە تێ کۆشەرەو نموونەی تێ کۆشین پیشانی مرۆڤ ئەدا، وە چڵە گیاییکم نەئەژاکاند.

لەگەڵ جۆگەلەکە لە ووتاری خۆی بووەوە پەلە هەورێکی رەش لەسەر شاخەکەوە پەیدا بوو بروسکەیێکی داو گرماندی وتی: ئەی جۆگەلە ئەوا من هێزو دەسەڵات ئەدەمێ وتەوژم و تینت بۆ زۆر ئەکەم بزانم تۆ راست ئەکەی وەکو لاف لێ ئەدەی؟ ئەوەندەی پێ ئەچوو بارانی سەر بەکڵاوە دای رشت لەماوەیێکی کەم دا هەرچی دارو درەختی سەر شاخەکە هەبوو هەمووی بە رەگ و ریشەوە هەڵکەند و هێنایە خوارەوە جۆگەلە بەجۆرێك تین و تەوژمی پەیداکرد نەك رووباری سیوەیل بوو بە رووباری(کەڵەگا فڕێن) بەم پێ یە هەرچی بەرخ و کارژۆڵەی شوانەکە هەبوو ناو رای فڕان.

شوانە بەپەلەپرووزێ خۆی و گاڵۆکەکەی دەرچوو. کە هاتیشەوەماڵەوە قۆختەکەی کاول بوبوو.

ئەمجا ئەبێ بزانین زۆرداری سروشت کە پیشەی ماڵ وێران کردنی مرۆڤو ستەم و جەفایە لەکاتی کزی و بێ هێزی دا نابێ باوەڕی پێ بکرێ کەدەستی رۆیشت وهێزی پەیداکرد گوورزی خۆی ئەوەشێنێ. ژ١٣٦٧

.........................

## ١٢٩. لەئێستاوە دۆست بگرە بۆ رۆژی رەش١٣٦٨

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، ئەگێڕنەوە لەسەردەمی پێشین دا پیاوێك هەبوو ناوی (وەستا برایم)بوو، ئەم پیاوە ئاسنگەرێکی بەتواناو هونەر مەندبوو، هەموو رۆژێك پێش هەتاوکەوتن ئەچووە بازاڕ دوکانەکەی ئەکردەوەو کوورەکەی دائەخست لەتەك خەلفەو شاگردەکانیا بەپیکی شەشەمەنی ئەکەوتەکار.

پاچ و خاکەناز و گاسن و بێڵ و تەورو تەوراسی دروست ئەکرد. ئەو رۆژەی خوا هەرچیەکی دەست بخستایە ئەینایە باخەڵی و ئێوارە بەرەو ماڵ ئەبووەوە. ئەمەیش هەمو بۆ خۆشگوزەرانی و کامەرانی کوڕە تاقانەکەی بوو کەناوی(سمە) بوو.وە بۆ ئەم

زۆری بەهیچ جۆرێك درێغی نەئەکرد هەمیشە بەجل و بەرگی جوان و خاوێن و
زۆرگی خۆش بەخێوی ئەکردو ئەیلاوان.

وەستا برایم هەرچەند خۆی نەخوێندەوار بوو سوودی لە خوێندەواری وەرنەگرتبوو
بەڵام ئەوەندە تێگەیشت بوو کە هیچ شتێك لە خوێندەواری چاك تر نی یە بۆ مرۆڤ
بۆیە ئەحمەد(سمە)ی خستبووە قوتابخانەوە کە لە دوا رۆژدا ببێ بە ئەندامێکی بەکەڵك بۆ
نزی و گەل و نیشتمانی،سمەش هەتا بڵێ ی: چەپــخون و نەگریس و نالەبار بووجگە
زۆری کەلە دەرسەکانیا تێ نەئەکۆشاو ئامۆژگاری مامۆستاکانی نەئەگرتە گوێ هەمو
دراوسێ و خەلکی گەڕەك بەدەستی یەوە پەرێشان بوون.
ڕۆژ نەبوو سەری منالێکی گەڕەکەکەنەشکێنێ و ئاژاوەیەك نەنێتەوە.بەم هۆیەوە خەڵك
سکالایان لەدەست ئەکردو هەموو رۆژێ پیاوی میری ئەهاتن وەستا برایم و سمە یان
بانگ ئەکرد بۆ دیوان.
شەوێك لە شەوانی زستان دووای شێوکردن بەری ئاسمان لێڵ و تارێك و بەفر بەپارە
بارانی ئەکرد خێزانەکەلەگوێ ئاگردان دانیشتبوون وەستا برایم رووی کردە سمەی
کوڕی و، وتی: پێشینان ئەڵێن : چاو کوێر بێ و بولام نەبێ تە گل و ژان ئەکا
ئێستایش تۆ وەکو چاوم وایتەو لێم هاتوویتە ژان وە ئەبێ هەر ئێستە بڕۆی بەڕەچەی
ئەو تۆوە خراپانەی کە چەندووتە بدرووێتەوەو بۆمنی بێنی.
هەرچەندە سمە هاواری کردو وتی: بەم شەوە بۆکوێ بچم؟ بەڕەچەی تۆوی خراپە لە
کوێ بدرووم‌ەوە؟ کەڵکی نەگرت.
باوکەی تاوی دارێکی لێداو لە ماڵ کردی یە دەرەوە. سمە ماوەیەك ملی شەقامی
گرت و رۆیشت نەیزانی رووبکاتە کوێ وە لەکوێ بچەوێتەوە ؟ سەرمایش لە وزەدا نەبوو
لەناو هەڵدایە ئەی بەست هەتا لەناکاو توشی پیرەمێردێکی ریش سپی بوو لێ ی پرسی
... پیرە باوکم لەماڵ دەری کردووم ئێستا بەم شەوە ساردە داماوم نازانم روو بکەم

کوی؟ مامە پیرە وتی: کەسی مامی من خۆم جێگاو ڕێگاییکی وام نی یە بەکەڵکت ١٠٠

بێت و تیا بحەوێ یتەوە بەڵام ڕووبکرە ئەو کۆشکە کە ڕوناکی لەپەنجەرەکانی بەرە

دیارە ئەوە: کۆشکی(حاجی بارام)ە پیاوێکی باش و لەخوا ترسە ئەم شەو بۆخۆت

بحەوێرەوە.

سمە وتی: چۆن ئەتوانم بچمە ماڵی حاجی بارام دوێنێ سەری کوڕەکەیانم شکاندووە

بەخوا بەردەستی کەوم لەت و پەتم ئەکا.

مامەپیرە ئەختێ ڕاماو وتی: بچۆ ئەو ماڵەی بەرامبەرت ئەوە ماڵی(میرزا مەحمو)یە

پیاوێکی باش و دڵسۆزە ئەم شەو لەوێ بنو.

سمە وتی: چۆن ئەوێرم خۆم پیشانی میرزا مەحمو بدەم لەم چەند ڕۆژانەدا قاپی

تووڵەکەی دەر ماڵیانم شکاندووە بەر دەستی کەوم فەلاقەیەکی باشم ئەکا. مامە پیرە

ئەختێکی تر ڕاماو وتی: بچۆرە ئەو مزگەوتە لەبەر زۆپاکە لێی بنوو. سمە وتی: چۆن

ئەتوانم بچمە مزگەوت؟ ئەم هاوینە بەری هەموو درەختەکانم بەکاڵ و کرچی ڕنیوە و

لقەکانیم شکاندۆتەوە، بەردەستی مجەورەکە بکەوم بەدار شیم ئەکاتەوە، مامەپیرە سەری

باداو وتی: تۆییك کە ئەم هەموو خەڵکەت لەخۆت کردبێ بە دوژمن بەخوا لە هیچ

شوێنێك ناحەوی یتەوە.هەتا زووە ڕەوشت و خووت چاك بکەو دۆست بۆخۆت بگرە

تا لەڕۆژی ڕەش دا بەکەڵکت بێ . سمە کە ئەمەی دی لوس و باریك هاتەوە بۆ ماڵ

بەرەچەی ئەو تۆوە خراپانەی کە چەندبووی پێشکەش باوکی کرد. و تێگەیشت مرۆڤی

خراپ ڕوورەشی لای خواو خەڵکە وەکەس چارەی ناوێ.

ئیتر لەوە دوا ڕەوشت و خوی چاك کردو هەموو کەسێکی کرد بە دۆستی خۆی ڕەلە

قوتابخانەیش دا بەجۆرێك تێکۆشا کەلە ئەنجامدا بوو بە سمایل پاشا. ژ/١٣٦٨

## لالۆمراد ١٣٦٩

١٣٠ ئەگێڕنەوە لەسەردەمی پێشوودا پیاوێك هەبوو ناوی(لالۆ مراد) بوو ئەم پیاوە لەبەر دەمی خانوەكەی خۆیدا شوێنكی بڕدابوو كردبووی بە دوكان شتومەكی (دێرینە=ئەنتیكە)ی ئەكڕی و ئەفرۆشتەوە. جگە لەوە كە ساڵی یەك دوو جار ئەنتیكە كڕ لە وڵاتانی خۆرئاواوە ئەهاتن ئەنتیكەیان لێ ئەكڕی هیچ دەست كەوتێكی تری نەبوو. رۆژێك لەرۆژان مناڵ و مەزن كردیان بەهەرا وتیان : سبەینێ جەژنە لالۆ مرادیش حەوت كوڕ و چوار كچی هەبوو، كوڕێك و كچێكی ئەبێ كە(وەڕ و بڕكە)[١٧٦] بوون لەبەردەستی دایكیانا ئەوانی تر هەموو لەقوتابخانەدا ئەیان خوێند.

دەمی نیوەڕۆ مناڵەكان لە قوتابخانە هاتنەوە رویان كردە باوكیان وتیان: سبەینێ جەژنە هیچ داوای خەنەو شانەو مشكی و سركەیی و پانی بەرزو جلی ئاڵ و واڵاوا، كوڕ داوای رانكو چۆغەی ماوت و پشتێنی قەدیفەو چەفتەی سورمە و پۆتینی فەڕەنسەی ئەكرد.

لالۆمرادیش وتی: رۆڵەكانم بۆخۆتان ئەزانن ئەمە ساڵێكە ئەنتیكە كڕ بەم شارەدا نەهاتووە كە ئەنتیكەم لێ بكڕێ ئێستەیش لەژێر ئەم ئاسمانی شینەدا پولێكی سوور گومان نابەم.

مناڵەكان وتیان: بابە زویر مەبە بەخشندەیی خوامەنی بەلاوە، خوا ئەیگەیەنێ، لەم گفتوگۆیەدا بوون ئەفەندی یێكی پۆشتەو پەرداخی سوورو سپی مووزەردی چاوشین كەجانتایێكی لەبن هەنگڵ دا بوو سەری كرد بە ژووری دووكانا تومەز ئەمە(مسیوتر ناس) بوو لە وڵاتی خۆرئاواوە هاتبوو بۆ ئەنتیكە كڕین چاوێكی بەدوكانەكەدا خشان و لە(مجەسەم =پەیكەر) ێك ورد بووەوە . وادیار بوو حەزی لێ ئەكرد كەبیكڕێ رووی

[١٧٦] وەڕ و بڕكە: بەمناڵێك ئەڵێن لەتەمەنی ٥بۆ٦ساڵیدا كە كاروباری ئاسان بۆ دایكی پێكدێنێ.

## لالۆ مراد ١٣٦٩

١٢٠.
دەگێڕنەوە لەسەردەمی پێشوودا پیاوێك هەبوو ناوی(لالۆ مراد) بوو ئەم پیاوە لەبەر
خانوەکەی خۆیدا شوێنێکی بڕدابوو کردبووی بە دوکان شتومەکی
دەمی
(دێرینە=ئەنتیکە)ی ئەکڕی و ئەفرۆشتەوە. جگە لەوە کە ساڵی یەك دوو جار ئەنتیکە
کڕ لە وڵاتانی خۆرئاواوە ئەهاتن ئەنتیکەیان لێ ئەکڕی هیچ دەست کەوتێکی تری
نەبوو. ڕۆژێك لەڕۆژان منداڵ و مەزن کردیان بەهەرا وتیان : سبەینێ جەژنە لالۆ
مرادیش حەوت کوڕ و چوار کچی هەبوو، کوڕێك و کچێکی ئەبێ کە(وەڕ و
برکە)[176] بوون لەبەردەستی دایکیانا ئەوانی تر هەموو لەقوتابخانەدا ئەیان خوێند.
دەمی نیوەڕۆ منداڵەکان لە قوتابخانە هاتنەوە رویان کردە باوکیان وتیان: سبەینێ جەژنە
هیچ دارای خەنەو شانەو مشکی و سرکەیی و پانی بەرزو جلی ئاڵ و والاوا، کوڕ
داوای ڕانکو چۆغەی ماوت و پشتێنی قەدیفەو چەفتەی سورمە و پۆتینی فەرەنسەی
ئەکرد.

لالۆمرادیش وتی: ڕۆڵەکانم بۆخۆتان ئەزانن ئەمە ساڵێکە ئەنتیکە کڕ بەم شارەدا
نەهاتووە کە ئەنتیکەم لێ بکڕێ ئێستەیش لەژێر ئەم ئاسمانی شینەدا پولێکی سوور
گومان نابەم.

منداڵەکان وتیان: بابە زویر مەبە بەخشندەیی خوامەنی بەلاوە، خوا ئەیگەیێنێ، لەم
گفتوگۆیەدا بوون ئەفەندی یێکی پۆشتەو پەرداخی سوورو سپی مووزەردی چاوشین
کەجانتایێکی لەبن هەنگڵ دا بوو سەری کرد بە ژووری دووکانا تومەز ئەمە(مسیوتر
ناس) بوو لە وڵاتی خۆرئاواوە هاتبوو بۆ ئەنتیکە کڕین چاوێکی بەدوکانەکەدا خشان و
ڕووی
لە(مجسم=پەیکەر) یێك ورد بووەوە . وادیار بوو حەزی لێ ئەکرد کەبیکڕێ،

---

[176] وەڕ و برکە: بەمنداڵێك ئەڵێن لەتەمەنی ٥بۆ٦ساڵیدا کە کاروباری ئاسان بۆ دایکی پێکدێنێ.

کردە لالۆ مراد وتی: نرخی ئەم پەیکەرە چەندە؟ لالۆمراد وتی: ئەم پەیکەرە دێرینەی دووهەزار ساڵ لەمەوپێشی دەوڵەتی کوردی(ماد)ە لەم چەندانەدا بازرگانێک هاتبووە ئێرە پارەی لێ بڕابووە وە بە(٢٠٠)دیناری زێڕ لێم کڕیوە بەڵام من قازانج لەتۆ ناسێنم هەر بە نرخەکەی خۆی پێش کەشت ئەکەم.

(مسیو ترِناس) بێ ئەوەی سەوداو چەندو چوون بکا دەستی کرد بە جانتاکەیا زرنگ زرنگ (٢٠٠)دیناری زێڕی بۆ ژمارد. وە پێی وت: با ئەم پەیکەرە لێرە بێ ئێوارێ دێمەوە بەشوێنیا ئەیبەم بۆ میوان خانە .ئەمەی وت و لێی دا ڕۆی، ئیتر لالۆ مراد لەخۆشیانا پێی نەئەکەوتە زەوی لەسەرێکەوە لەکاتی خزیدا پەیکەرەکەی بەهیچ دەست کەوتبوو لەسەرێکی ترەوە لە ورۆژە تەنگو چەڵەمەو دەست کورتی یەدا خوا




ئەو گوژمەیەی بۆ ڕەخساند، ئەمجا لالۆ مراد جەژنی بو بە دوو جەژن دەستی کرد

بەخشان و بەخشان کردنی پارە هەرچی منالەکانی داوایان لیّ کرد هەمووی بە
زیادەوە بۆ پێك هێنان وە لەو پارەیە پوولێکی نەهێشتەوە.

دوای دوو سیّ سەعات کوڕە بچکۆلەکەی لە دوکانەکەدا دەستی کرد بە هەڵبەز و
دابەز ئەوئەو پەیکەرەی کە فرۆشتبوی لە تاقچەیێکدا دانرابوو خستیە خوارەوە پارچە
پارچەو وردو هاڕبوو.

لالۆ مرادهەر ئەوەندەی پیّ کرا کوڕەکەی بە زللە کردە دەرەوە. ئیتر ڕۆژی روناکی
لیّ بوو بە شەوەزەنگ ، حەپەساو هێزی ئەژنۆی شکا وتی: خوایە چۆن وەرامی
(سیبرتڕناس) بدەمەوە؟ ئەم پارەیەی لە کویّ بۆ پەیدا بکەم و بیدەمەوە؟

هەروا بیری ئەکردەوە لەم کاتەدا کەڵەشێرێکی کرماشانی پەیدا بوو دەستی کرد بە دانە
چنینەوە لالۆمراد پلارێکی تێگرت کردیە دەرەوە. هەمیسان کەڵەشێر هاتەوەو دەستی
کرد بە دانە چنینەوە جارو باریش تەماشایێکی لالۆ مرادی ئەکرد وەکوبلیّ: تەماشای
ژوری بکە.

لالۆمراد لە زەوی ورد بووەوە بینی شتێکی سپی ڕژاوە ئەبریسکێتەوە تومەز ئەمە
هەمووی مرواری بوو لەناو سکی پەیکەرەکەدا . دەستی کرد بە چنینەوەی خەرواریّك
. بردی بۆلای جەواهیر فرۆشێك بە(٢٠٠٠) دیناری زێڕی فرۆشت وە سوپاسی
خوای بەجیهێنا ، ئێواریّ (مسیو) هات(٢٠٠) دینارەکەی دایەوە و پەیکەرە
شکاوەکەی پیشاندا.

ئەبیّ بزانین کاری خوا هەمووی مەتەڵێکی ئەوتۆیە کە بۆ کەس هەڵنایە وە ئەقڵ تیا
ناگا ، وە ناشبیّ مرۆڤ بۆماڵی دنیا خەفەت بخوا چونکە خوا کە دەرگایێکی داخست
دەرگایێکی تر ئەکاتەوە.

ڕەنگینیش داوێنی لە دوای تەنگانە خۆشی یە. تێکۆشین و تەقەلایش بەردی بنچینەیە
بۆ ژیانی مرۆڤ. ژ/١٣٦٩

منالە خۆشەویستەکان:

ئەگەر سەرنج لە مێژوو بدەن ئەبینن بە هەزاران ساڵ لەمەوپێش مرۆڤ نەیزانیو
خانوو دروست بکاو جل و بەرگ و کشتوکاڵ پێك بێنێ و ئاگر بکاتەوە. لەن
ئەشکەوتانا بەبەری دارو درەخت و گژوگیای کێوی ژیاوە جگە لەوەی کە بە بەرد
پلار گیان لەبەرانی راوکردووەو گۆشتەکەی بەکاڵی خواردووەو پێستەکەی لەبەر
کردووە ئەقڵیشی لە جوڵانەوەو کرداری هەندێ جانەوەران و باڵداران وەرگرتووە
وە گەلێ شتی لێوە فێر بووە وەکو ئەمانە:—

خانوو دروست کردن لەپەڕەسێلکە. بی نیوەتی لەسەرەتای بەهاردا پەڕەسێلکە بە
دەنووك قوڕی هێناوە لەماوەیێکی کەم دا هێلانەیێکی بۆ خۆی دروست کردوە.
تەون و جۆلایی لە جاڵجاڵۆکە. دامەزراندنی دەوڵەت لە هەنگ: چونکە کۆمەڵی
هەنگ بە هەموویان (شا)یێکیان هەیە کەمل کەچی یاساو دەستوری ئەکەن.
ئاشتی و دۆستی لە کۆتر: چونکە مەلێکی هێمن و بێ زیانە. ئێشك گرتن لە قاز.
چونکە کۆمەڵێ قاز کە ئەنون یەکێك لەخۆیان ئەکەن بە یاساوڵ ترپەی پێ ی زەلامێك
بێت ئەقیڕێنێ و ئەوانی تر ئاگا ئەکاتەوە.
پاراستنی ئابڕو لە حاجی لەقلەق: چونکە ئەگەرلەقلەقێکی بێگانە بچێتە هێلانەکەیەوە
خۆی و لەقلەقەکانی تر گەلە کۆمەکی لێ ئەکەن ئەو لەقلەقە بێگانەیە بەدەنوك
ئەکوژن . خۆشخوێنی و گۆرانی بێژی لە بلبلی ئێسك سووك. کردو کۆشی ر
پاراستنی نیشتمان و یاریدەی یەکدان و پەزیشکی و مردو ناشتن لە مێروولە: چونکە
مێروولە لە هاوینا لەسەر خەرمان دانەوێڵە ئەچنێتەوەو ئەیباتە شارەکەیەوە بۆ زستان
شارەکەیشی گەزێکی شا لە قوڵایی چینی زەویدایە. ئەمجا بۆ ئەوەی دانەوێڵەکەی
بەهۆی تەڕایی ژێر زەوی یەوە نەڕوێتەوە دانە گەنمەکان ئەکا بە دوو کەرتەوە نیسك ر

پشیلۆکیش توێکڵەکەی لێ ئەکاتەوە. ڕۆژانی باران ئەگەر دانەوێڵەکەی تەڕ بێ ڕۆژی خۆشیان ئەی هێنێتە سەر زەوی وشکی ئەکاتەوە و ئەیباتەوە شارەکەی. وە ئەگەر لەشکرێ مێروولەی بێگانە هێرش بێ نێتە سەر شارەکەیان بەهەموویان بەگاز لەگەڵیان ئەکونە جەنگەوە هەتا ئەیان شکێنن وە دیلیش لەیەکتر ئەگرن. مێروولەی بەزیکیش ئەیە بە لیکی دەمی تیماری زامار ئەکا. وە ئەگەر لێشیان بکوژرێ ئەیکەن بە ژێر خۆڵەوە ئەی نێژن.

مێروولە ساڵێ دوو جار لە شوێنی تەڕایی دا تۆوێك ئەچێنێ سەوز ئەبێ بە ئەندازەی(ئینج=گرێ)یێك لە زەوی بڵند ئەبێ کە بەرەکەی لە شەکری وردە ئەچێ کۆی ئەکاتەوە وە ئەگەر مێرولەیێك لەرێ گوزاریا دانەوێڵەیێك ببینێ کە ڕژاوە ئەگەرێتەوە شارەکەی لەشکرێك مێرولە لەگەڵ خۆیدا دێنێ هەتا ئەو دانەوێڵەیە گشتی ئەکێنە ئەکەن. وە ئەگەر مێروولەیێك لە گواستنەوەی دانەیێك زویر بێ مێرولەیێکی تر دێت باریدەی ئەدا .

ئیسان مرۆڤ گەلێ کەڵکی پێش بینی لەئەسپ و سەگ و پشیلە وەرگرتووە. زۆرجار، ڕێ کەوتووە لەپێش ڕوودانی کارەساتی گەورەدا ئەسپ بە حیلە حیل، سەگ بە لوورە، پشیلە بە میاوە مرۆڤی ئاگادار کردووە. کەچی ئەیشی کەن بە پێش مەرگە وەکو سەگەکەی ناو مانگی دەستکرد.

ئەجا منداڵەکان کە وابوو دەربارەی گیانلەبەرانی بێ زمان دڵسۆز بن وە ئازاریان بێ مەگەیەنن تا خوا بە بەختیاری تەمەنتان درێژ بکا. ژ/١٣٧٠

## علی خان و پشیلەکە ١٣٧٠

جیرۆکێکی رووداو:

سالی ١٩١٥م کە ئاگری ئاژاوەی روس و عوسمانی لە کوردستانی خۆرهەلات بلێسەی سەند کوردی ئەو ناوە بەشی زۆری بە سەرو مالەوە تیاچوو. لەشاری(میاندوواو) کە کەوتۆتە ناوەندی دوو ئاو، رووباری(تاتاتو)و(زەرینە)کورێکی لاوی کورد(علی خان)لەتەك(شاپەسەند) ی خوشکی دووای ئەوەی لە ئاژاوەدا باوکو دایکیان لەدەست چوو بوو.

بەتەنیا لە مالەکەدا مابوونەوە شەوێك لەشەوانی مانگی(بانەمەڕ) کە ناوەڕاستی مانگی بەهارە لەدەمی نیوە شەودا پشیلەیێك سەر ئەکا بە ژووری ئەم براو خوشکەدا قەپ لە بەچکەکەی ئەگرێ و لە مالْ ئەیباتە دەرەوە.

(علی خان) بەخوشکی ئەلێ: وەرە با شوێن ئەم پشیلەیە بکەوین بزانین ئەم بەچکەیەی بۆچی بردە دەرەوە و بەم شەوە بۆکوێ ئەچێ؟ خوشکیشی ئەلێ: کاکە دانیشە شوێن پشیلە کەوتن هیچی تیا بەستە نی یە. علی خان بەگوێ ی ناکاشوێن پشیلە ئەکەوێ هەتا قەراغ شار لەوێ پشیلە بەدرەختێکی بلندا هەلْ ئەگەڕێ ئەچێتە سەر چلە بۆپەکەی علی خانیش بەرامبەر بەو ئەچێتە سەر درەختێك خۆی لەو بۆسە ئەدا.

ئەوەندەی پێ ناچێ گرمەی هەورە بروسکە پەیدا ئەبێ و باران دائەکا هەردوو رووبار ئەبن بەیەك ئەرخەوان سوور لافاو بەسەر گەڕەکێکی شارەکەدا دێتە خوارەوە حەفتا مالْ بە خاو و خێزانەوەرا ئەفڕێنێ لە بەرەبەیادا کەلافاو ئەنیشێتەوە علی خان لە درەختەکە دێتە خوارەوە ئەچێتەوە بۆ مالْ سەیر ئەکا نەخوشکی ماوەو نە مالْ.

ئەمجا ئەبێ باوەڕمان بە سەبر و نویشت خوایی پێ هەرچی رۆژی تەواو بوو بێ ئەروا.

## ١٠... بێدەنگی لەسەر نانخواردن لە

...بەفرخزە/١٣٧١

...ەگێڕنەوە سەد ساڵێك لەمەوپێش نوسەری بەناوبانگی رووسی ( ئەیوان ریلۆف) ...ەردەمی منالیدا لە قوتابخانە دوو هاوڕێی رەوشت و خوی جوان و زیرەکی ئەبێ ...ێنە لەگەڵیان هەڵئەستێ و دائەنیشێ.

...ر لەگەڵ ئەو دوو هاوڕێیەیدا ئەوەندە رێك ئەبێ موویان بەبەینا ناچێ . دوای ئەوەی ...ێندن تەواوئەکەن ساڵێکی پێئەچێ رۆژێك (ریلۆف) لەباخچەی گشتی دا توشی ئەم ...و هاوڕێ خۆشەویستەی ئەبێ. لەدوای چاکو خۆشی هەرسێکیان سەر ئەدەنە یەك کە ...ن بۆ گەشتوگوزاری شاران بۆ زۆربوونی زانیاری و بەراوردکردنی کاروباری ژیان ...لەسەر ئەمە بڕیاری بڕندە ئەدەن.

...ی ئەوەی پرس بە کەس و کاریان ئەکەن ئەکەونە رێ، دوای ماوەیەکی دووردرێژ ...ۆژێك لە شەوان درەنگ لەدەمی ماڵ نوستان ئەگەنە شارێك زۆریشیان برسی ...رسانا کەف لەلالەغاوەیان دێ. چاو بە بازاڕ و شەقام دا ئەخشێنن ئەبینن دوکان و ...شتخانە سەرپاکی داخراوە . هەر چۆنێك ئەبێ چێشتخانەیێك ئەدۆزنەوە کە خەلکی ...ێ و چرای تیا ئەسوتێ ئەچنە ژوورەوە بە چێشتکەرەکە ئەڵێن: خۆراکیان بۆ ...ئەویش ئەڵێ : بۆ خۆتان ئەزانن شەو درەنگەو خۆراکێکی ئەوتۆم نەماوە کە ...سێکان تێری پێبخۆن جگە لە نانێك و دوو شفتەو دەستکێ تەرەتیزەو تەماتەیێك ...ێش ئەڵێن: هەرچۆنێك بێ بۆمان بهێنە هیچ نەبێ ئاهێك لە سکمان ئەگەڕێ ئەویش ...ی ئەهێنێ.

...یلۆف) هێنجگار برسی ئەبێ بۆ ئەوەی فێڵێك بەکار بێنێ خۆراکەکەهەر خۆی ...وا روو ئەکاتە دوو هاوڕێکەی ئەڵێ: لەسەر ئەم خۆراکە کەم و کورە یەکێکتان ...گوزەشتەیێکی خۆش بگێڕێتەوە.

یەکێکیان هەڵئەداتێ و ئەڵێ : ئەگەر ڕۆژێ یەکێك ئەبڕێتەوە شتی ناوتوێی بۆ ڕێکئەخا بەبیری کەسدا نابێ.

هاوڕێکەی تری ڕوو ئەکاتە دەمی ئەڵێ چۆن؟

ئەڵێ : ئەگەر من دایکم خوێندەوار نەبوایە ئێستا لەژێر خاکا ئەبووم چونکە لەکاتی منداڵیما ڕۆژێك لە کۆڵان پاکەتێك دۆزییەوە بیست دانە شتی خڕی تیدابوو منیش وامزانی نوقوڵە دانەیەکم لێخوارد و چوومەماڵەوە.

دایکم کە پاکەتەکەی بەدەستمەودی لێ وەرگرتم پشتەکەی خوێندەوە لێی نوسرابوو: ئەم پاکەتە بیست دانە زەهری مەگەمووشی تێدایە.

ئیتر هەرئەوەندەی پێکرا منی فڕاند بۆلای پزیشك وە بەئاسانی چارەی کردم. ئەگەر دایکم خوێندەوار نەبوایە هەموو مەرگەموشەکەم ئەخوارد و لە حەوت ساڵان ڕاست ئەبوومەوە.

کابرای هاوڕێی کە ڕووی کردبووە دەمی وتی : بەخوا سەرگوزەشتەکەت خۆش بوو ئەگەر شتێکی تر لەم بابەتانەوە ئەزانی بۆمان بگێڕەوە ؟

کابرا دیسان هەڵیدایە وتی : سەردەمێك باوکم هەژار و دەستکورت کەوتبوو منیش هەڵسام لە کانگەیێکی خەڵوزدا بوبوم بە کرێکار بە ڕۆژانەی چوار(مەنات)، ڕۆژێك لە ڕۆژان لەکاتی حەسانەوەی کرێکارەکاندا لەگەڵ هاوڕێییێکم لەسێبەری کەندەڵانێك دا لەتەنیشت یەکەوە نوستبوین و لە شیرین خەودابوین هەرئەوەندەم زانی زرمە لە بڕبڕەی پشتم هەستا بەردێکیان پیادام کە ڕاپەڕیم و ئاوڕم دایەوە منداڵێك ڕایئەکرد منیش بەشوێن منالەکەدا ڕامکرد کە بیگرم و یەك دوو زللەی لێبدەم تۆڵەی خۆمی لێسێنم لەم کاتەدا کەندەڵانەکە هەرەسی هێنا و ڕوخاکابرای هاوڕێم بوو بەژێریەوەو مرد و من بەهۆی ئەو منالەوە کە فریشتەی خوابوو ڕزگار بووم.

تا ئەو لەسەر گوزەشتەو ئەم لە رووتیّ کردن و گویّ گرتنی بووەوە(ئەریوان ریلۆف) لە خواردنی نان و شفتە و تەرەتیزەو تەماتە بووەوە و دەستی بە ریشیا هێنا وتی: خوا سوپاسی زۆرم بۆتۆ ئاغان نەبڕی و رۆژیمان زۆر کەی.

کەوابوو منالەکان لەسەرنانخواردن قسە مەکەن ، بەکاو و خۆو هێواشیش نان بخۆن، پاروی پچوک بگرن و باش بیجون تا ئەو خۆراکەی خوێن و هێز بدا بە لەشتان ، ئەمجا ئەگەر سەرگوزەشتەیێکی بەسودتان زانی دوای نانخواردن بۆ برا و هاوڕێکانتانی بگێرنەوە. ژ/١٣٧١

.................

### ١٣٢. کارەساتی تەورداسێك ١٣٧٢

ئەگێڕنەوە لەسەردەمی پێشوودا ژن و مێردێك هەبوو تەنیا کچێکیان هەبووکە ناویان نابوو(مینا) ئەم کچە زۆر ئێسك سوکو نەشمیلە و خوێن شیرین بوو. زۆرکەس ئەهاتە خوازبێنی بەڵام دایك و باوکەکەی دڵیان بڕوای نەئەدا لەخۆیانی دوور بخەنەوە چونکە تاقانە بوو.

کوڕێکی دراوسێشیان هەبوو ناوی (میروەیس) بوو ئەم کوڕە زۆر زیرەك و رەوشتو خوو جوان و لاوچاك بوو.

میروەیس بە جۆرێکی ئەوتۆ دڵی بە مینادا چووبوو کە ئارامی لێبڕابوو خەو و خۆراکی لێنال بووبوو لەخەفەتانا دابوویە باریك و بنێسی ، دایك و باوکەکەی نەیان ئەزانی هۆی ئەم دڵتەنگی یەی کوڕەکەیان چییە ؟ هەتا خواو راستان یەکێك لەخەڵکی گەڕەك ئەم رازی نهێنییەی ئاشکراکرد.

دایکی میروەیس کەبەمەی زانی هەستا چوو بەزمانی شیرین و راو و رێوی خوازبێنی مینای کرد.

دایك و باوكی كچەیش وتیان : ئێمە شانازی ئەكەین كە میروەیس بكەین بە كوڕی خۆمان و بەڵێنیان دا كە كچەكەیان بێجگە لە میروەیس بەكەسی تری نەدەن.

دایكی میروەیسیش ئەموستیلەیێكی ئەڵماسی كردە پەنجەی مینا و دەستنیشان و رەنگی كرد.

ئەمجا هاتەوە مژدەی هێنا بۆ میروەیس كەوا مینای بۆسەندووە ، ئیتر میروەیس لەخۆشیانا پێی نەئەكەوتە زەوی خەفەت و پەژارە بەریدا.

هەوەها میروەیس بۆئەوەی لەگەڵ دەستگیرانیا لە رەوشت و خووی یەك تێگەن رۆژی دوو سێ جار هاتوچۆی ماڵی دەسگیرانی ئەكرد جاروباریش لەوێ (قاوەڵتی= نیوەرۆژە)ی ئەكرد.

رۆژێك لە رۆژان میروەیس چوبۆ ماڵی دەسگیرانی كەلەوێ نیوەرۆژە بكا دایكەكەش بە كچەكەی وت: رۆڵە بچۆرە چێشتخانە هێلكەو رۆنێك بۆ میروەیس دروسبكە.

كچەكەیش هەستا چووە چێشتخانە سەیریكرد تەورداسێك بە بنمیچی ژووری چێشتخانەكەوە هەڵواسراوە لەدڵی خۆیدا وتی : كاتێ من شوومكرد بە میروەیس كوڕێكمان بوو پێڕۆكەبوو هاتە ئەم چێشتخانەیەوە ئەم تەورداسە كەوت بەسەریاو مرد ئەمجا من بڵێم چی ؟

دانیشت دەستی كرد بە گریان و قژ رنینەوەی خۆی . سەعاتێكی پێچو مینا نەهاتەوە دایكی وتی: بابچم بزانم كچەكەم چی لێهات ؟

كە چوو سەیریكرد كچەكەی ئەگری و بەچەپۆك ئەدا بەسەری خۆیدا وتی : رۆڵە ئەوە بۆچی ئەگریت ؟

وتی : دایە كاتێ من شوومكرد بە میروەیس و كوڕێكمان بوو كوڕەكە گەورەبوو هاتە ئەم چێشتخانەیە و ئەم تەورداسە كەوت بە ملیا و مرد من قوڕی كوێ بكەم بەسەری خۆما ؟

ایکی کە ئەمەی بیست ئەویش لەتەکیا دانیشت و دەستی کرد بە گریان و رۆلەرۆ،
ماوەیەکی پێچوو دایکی میناش نەهاتەوە ، ئەمجا پیاوەکە وتی: با بچم بزانم کچ و ژنەکەم
چییان لێهات ؟

ئەچوو تەماشای کرد هەردووکیان شین و چەمەری ئەکەن.

پرسی لێیان : ئەوە چی قەوماوە ؟

ئەوانیش سەربوردیان بۆ باسکرد .

ئەویش لەتەکیانا دەستی کردە شین و باوکەڕۆ.

ماوەیەکی پێچوو ئەویش نەهاتەوە .

ئەمجا میروەیس وتی: با بچم بزانم ئەم دایك و باوك و کچە چییان بەسەرهات ؟

ئەچوو سەیریکرد هەرسێکیان لەشین و شەپۆڕ دان پرسی ئەوە چی قەوماوە ؟

ئەوانیش پێشبینی تەورداسیان بۆ باسکرد کەلە دوارۆژدا کوڕە ئەکوژێ .

میروەیس دوای ئەوە نەختێ بەبێئەقلی ئەوان پێکەنی تەورداسەکەی لەبنمیچی ژوورەکە
داگرت و لە گۆشەیێکدا فڕێی دا.

ڕووبکردە دایك و باوك و کچە وتی: ئێوە تازە ژیانتان بەنەزانین و بێئەقلی بردە سەر
ئەوەندەتان نەماوە لەم جیهانەدا بەڵام ئەم کچەی ئێوە هەتا نەچێتە قوتابخانە وە نەبێ بە
کچێکی ژیرو زانا من جارێکی تر سەرناکەمەوە بەمماڵەدا.

ئەمجا مینا کە هەستی بە نەزانینی خۆی کرد هەستا چووە قوتابخانە لەماوەی چەند
ساڵێکدا کچێکی زیرەك و بلیمەتی لێدەرچوو.

میروەیس بەشایی لۆغان و زەماوەندێکی خۆش گواستییەوە. تا دوایی ژیانیان بەخۆشی
و شادمانی رایان بوارد. منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ. ژ/١٣٧٢

## ١٢٤. بێوەی بە تا بەختیاری ١٣٧٢

دۆستێکم بۆیگێڕامەوە وتی: لەدێیێك لە ناوچەی سیوەیل کە ڕۆژو نیوەڕۆیەك بەبێ لێرەوە دووره چەن پارچە بەراو لەگەڵ چەند برێك هەرمێ و گوێزم هەبوو. منیش بۆ سەرپەرشتی و کۆکردنەوەی بەرەکەی لە ساڵێکدا دوو سێ جار ئەچووم بۆ سیوەیل ئەمی کە بچومایە بەیانی پێش هەتاوکەوتن ئەکەوتمە ڕێ دەمی خۆرئاوابوون ئەگەیشتمە دێیێ لەوێ ناسیاوێکم هەبوو کە لەخانۆچکەیێکدا کاولۆکدا ئەژیا ناوی(مامەساڵە)بوو شەو میوانی ئەو ئەبووم، وە هەرجارێك بچومایە هەندێ گەلاجگەرە وە دەستەیەك(شخارتە=شەمچە)م بە دیاری بۆ ئەبرد ئەویش دەمی شێوکردن یەکدوو خەپلەی هەرزن و کاسە دۆیێك یان کەپوولە دۆشاوێکی ئەهێنایە بەردەمم زۆر بەشەرمەزاریەوە بەدیارمەوە دائەنیشت باسی هەژاری و دەستکورتی خۆی ئەکردکاتی، نوستنیش پارچە جەواڵێکی بۆ ڕائەخستم و لەتە جاجمە شڕێکی ئەدامێ پێی ئەنوستم، بەیانیش بەو پێیە ناشتای بۆ دائەنام ئەمجا بۆئەوەی سەگەل پێم نەوەڕێ تا لە ئاوایی ئەچومە دەرەوە لەتەکما ئەهات و بەڕێی ئەکردم .

ساڵی ئاینده کەچوومەوە سەیرم کرد مامە ساڵە خانوبەرەیێکی جوان و بڵندی پێکەوە ناوەو دیوەخانێکی بە سیم گڵ سواغ دراو بە لاکێش و بەڕەو دۆشەکی ڕەنگاوڕەنگ ڕازاندۆتەوە. کوڕ و کاڵی ئاوایش بەرامبەری وەستاون بە کوێخا ، کوێخا بە دەوروپشتیا دێن . کە چاوی پێم کەوت لەبەرم هەستاو بەپیرمەوە هات چاکو خۆشێکی بە گەرمی لێکردم . ئێوارە سینییێك خۆراکی شایستانانە هاتە بەر دەمم دوای ئەوە سەماوەرێکی زەرد کە قۆرییەکی گردەنەرێ ئاڵی لەسەر بو لەگەڵ دەستەیێك پیاڵەی تەشوێ تاش هاتە پێشەوە دەستکرا بە چایی خواردنەوەو قسەی خۆش.

پاش ئەوەی دیوەخان چۆڵبوون دەمی خەوتنان هەرمن و مامەساڵە ماینەوە لێمپرسی: تۆخوا راستم پێبڵێ تۆ لەهەژاری و دەستکورتییەوە چۆن کەوتیتە ئەم خۆشی و کامەرانییەوە ؟

لەوەراما وتی: لەخوار ئاواییەوە پارچە رەزێکی پچوکم هەیە لەهاویندا کاتی ترێ گەیشتن(چاڵەکە*)یێك بەشەو پێی فێربووبوو ئەهات بۆ ترێ خواردن ، منیش تەڵەیێکم بۆ نایەوە ، کەسبەینێ چوومە ناو رەزەکەوە تەماشامکرد چاڵەکە بەتەڵەوە بووە هەر واله‌واقیەتی چەقۆم بۆ دەرهێنا سەری ببڕم چەقۆکە کولبوو هەسانێکم هێنا دەستمکرد بە سوونی چەقۆکە تاتیژ ببێ ، چاڵەکەیش هەردووچاوی تێبڕیم بەڵام فرمێسك بەچاویا وەك تەرزە ئەهاتە خوارەوە.

لەدڵی خۆما وتم: دنیا ئەوەندەی پێناوێ بۆ هێشوویێك ترێ گیاندارێك لەگیان بکەم بەخوا ئەبێ بەرت بدەم بەئەسپایی کەوانەی تەڵەکەم شلکرد ، چاڵەکە بزبەدەرچوو.ئەوەندەی نەخایاند لەودیوپەرژینی رەزەکەوە گوێم لە خرمەی پێی سوار بو کە ئاوڕم دایەوە فەرماندارى شاربازێڕ (رەزابەگ)ی کوڕی (ئیسماعیل بەگ)ی بابان بەچەند سوارێکەوە پەیدابوو بانگی کرد : کاکەی رەزەوان رێمان نادەی سەرو تیلماسك ترێ بخۆین ؟

منیش وتم : فەرموون.



ولاخەکانم لەدەس
وەرگرتن و
بەستمنەوەو
خۆیشیانم لە
سێبەری مازووداره
گەوره دانان
هەندێ ترێی شاخ
سپی نایاب کە
هەربۆلێکی بەقەد
هێلکە کەوێك
ئەبوو رنی و هێنامە
بەردەمیان دوای
ئەوەی لەترێ
خواردن بوونەوە (
رەزابەگ ) روی
تێکردم وتی:
خاکێك کەوا
میوەی چاکی
لێهەڵبکەوێ بۆچی
رەزەکەت لێی زیاد ناکەیت و پەرەی پێنەدەی؟

منیش وتم: هەژارو دەسکورتم تەنانەت ئەم رانکوچۆغەیەم بەبێکراس و دەربێ لەبەرا
هەموو لەشمی داروشاندووە کە ئەمەم وت: دەستی کرد بەباخەڵیا (٣٠) قاقەزی د
روپیەی دامێ کە ئەکاتە (٣٠٠) روپیە ئەمە موچەی مانگێکمە باربۆبێ بۆتو سبەینێ

رەرە بۆلام (٥٠٠) روپەت لە میری بۆ ئەستێنم بەناوی (قەرزوام)ی کشتوکاڵ ، سەبەینێ چوم ئەویشم وەرگرت ، ئەمجا لەوساوە کە ئەو چاڵەکە بێرمانەم لەکوشتن رزگار کرد بەختم یارە دەست بەرم بۆ خۆڵ ئەبێ زێڕ . کەوابوو بێوەیە تا بەختیار بی.

ژ/١٣٧٣

........................

## ١٢٥. هەموو کارێك بە زانست ئەچێتەسەر ١٣٧٤

لە نوسینی ئەیوان ریلۆف وەرگیراوە.

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، کەس لەبەندەی خراپ زۆرەتر نەبوو، ئەگێڕنەوە لەسەردەمی پێشودا (سلگان مەحمودی غەزنەبی) وەزیرێکی ئابووری (پارە پاشەکەوتکردنی) پێویست بوو، ئەمجا بۆ ئەوەی پیاوێکی زیرەکی کارگوزار خۆی گۆڕی جلی دەروێشێکی لەبەر کردوو بە پیادەیی بە وڵاتا دەستی کرد بە گەڕان، شەوێك لە شەوان کە مانگی چواردە لە ئاسمانی بێلکە و تەمدا تیشکی زیوینی بڵاوکردبوەوە گەیشتە قەراغ دێیەك تەماشای کرد کۆمەڵێك گەنج و پیرو منالٚ لەسەر ئەستێرەیەك راوەستاون هەریەکە تۆڕێکیان بەدەستەوەیە ئەویش وایزانی خەریکی ماسی گرتن، ئەختێك سەرنجی دانێ بۆی دەرکەوت کە ئەمانە وێنەی مانگیان لە ناوی ئەستێڵەکەدا دیوەو ئەیانەوێ بە تۆڕ دەری بێنن دوای ئەوەی کەمێ پێیان پێکەنی ئامۆژگاری کردن و لە رێی ئەزانین لای دان.

سبەینێ گەیشتە قەراغ دێیەکی تر تەماشای کرد کابرایەکی کەتەی زەبەلاح زەویەکی دوو گاسنە کردووەو خەریکە تۆو ئەچێنێ ، چووە پێشەوە لێی پرسی : کاکەی جوتیار ئەوە چی ئەچێنی ؟

جوتیار وەراما وتی : خۆم ئەچێنم ئەمە چەند ساڵە هەر تۆوێك ئەچێنم چڵی لێ سەوز نابێ هەموو بزنەکانمان لەبەر بێ خوێی توشی (بەلەباقە) بوون.

سلتان مەحمود وتی : هەی نەزان خۆ بە تۆو ناچێنری خوێ کانە لەزەوی شۆرەزار وەك ئاو هەڵ ئەقوڵێ حەوزی پچوك پچوکی بۆ ئەکەن تا حەوزەکان پڕ ئەبن ئەمجا بە هۆی تیشکی رۆژەوە ئاوەکەی ئەبێ بە هەڵم و ئەڕواو خوێکەی ئەمێنێتەوە . رابەری کابرای جوتیاری کرد کە بەو جۆرە خوێ پەیدا بکا.

ئەو رۆژە هیچ بۆ سبەینێ سلتان گەیشتە دێیەکی تر سەیری کرد کابرایەك چۆتە پێچاڵەوە جۆلایی ئەکا بەڵام زۆر سەیر . بێشکەیەك لەم لای و بێشکەیەك لەلایەوە دانراوە پەتێك بە قولی راستی و یەکێکی بە قولی چەپیەوە بەستووە و ئەوسەری پەتەکانیشی بە بێشکەکانەوە بەستووە ، وە بێشکەکانیش هەر یەکی دارێکی بارێکی پێوە بەند کراوە سەری دارەکانیش هەر یەکەی زەنگوڵەیەکی پێوە بەستراوە بۆ سەربان رەت بووە. وە لە پێچاڵەکەیشدا بە پێ خەریکە شتێك ئەشێلێ ئەمجا لەگەڵ جۆلا مەکۆی لێئەدا بێشکەکان رائەژانران وە دارەکانیش لەسەربان ئەلەرانەوە و زەنگۆلکان ئەزرِانەوە.

سولتان کردەوەی ئەم جۆلایەی زۆر بەلاوە سەیر بوو. لێی پرسی : ئەم دوو بێشکەیە چیە لەملاو لەولاتەوە ؟

وتی : ئەو دوو منالە دایکیان مردوە بەپارە بۆ خاوەنەکەی رائەژەنم.

وتی : ئەو دوو دارە چیە کە زەنگۆلیان پێوەیەو لە سەربان ئەزرِێنەوە ؟

وتی : ئەوە لەسەربان گەنم هەڵخراوە پارەم ئەدەنێ پاسە چۆلەکە ئەکەم.

وتی : ئەی ئەوە چی یە لەژێر پێتا ئەیشێلی ؟

وتی : ئەوە قورە پارەم ئەدەنێ بۆ گۆزەو دیزە خۆشی ئەکەم.

سولتان کە ئەمەی لە کاکەی جۆلا دی خۆی ئاشکرا کردوو وتی : سوپاس بۆ خوا کە لە ولاتەکەما پیاوی وا زیرەك بێ بە یەك جولانەوە دوو بێشکە رابژەنێ و پاسە چۆلەکە بکا و قوریش بشێلێ و شالیش بچنێ.

ئەمجا سولتان داوای لێکرد کە بێ بە وەزیری.

مولا وتی : پادشاهم سەری تۆ خۆش و لەشی خۆم ساغ بێ وەزیریم ناوێ . چونكە
ئەگەر بیم بە وەزیرت سبەینێ لێم زویر ئەبی.
ئەم منالە خۆشەویستەكان ئەمە پەندێكە بۆ ئێوە كە مرۆڤ بە زیرەكی و سەلیقە كار
و خۆی بكا لە هەموو پایەك بەرزترە.
١٣٧٤

.........................................

## ١٣٦ كچێكی ژیر ١٣٧٥

یەكێ بوو، یەكێ نەبوو، ئەگێڕنەوە لەسەردەمی پێشوودا پادشایێك هەبوو، ئەم پادشایە
سێ كچی هەبوو بەناوی (پڕشنگ)و(پەخشان)و(پەری) ڕۆژێك لە ڕۆژان پادشا بۆ
ئەوەی خۆشەویستی خۆی بەرامبەر بەوان تاقی بكاتەوە هەرسێكی بانگكردنە بەردەمی
خۆی لە پڕشنگی كچە گەورەی پرسی : ئایا تۆ بە ئەندازەی چەند منت خۆشئەوێ ؟
پڕشنگ وتی : بابەگیان تۆم بە ئەندازەی شەكر خۆشەوێ.
كە ئەمەی وت پادشا نافەرینی كرد و دەستی برد گەوهەرێكی بەخەڵات دایێ.
دوای ئەوە لە كچی ناوەنجی پەخشانی پرسی وتی : ئایا ڕۆڵە تۆ بەندازەی چەند منت
خۆشەوێ ؟
پەخشان لە وەڵاما وتی : تۆم بە ئەندازەی هەنگوین خۆشەوێ .
پادشا نافەرینی ئەویشی كرد و دەستی برد گەوهەرێكی دایێ.
ئینجا نۆرە هاتە سەر كچی پچوك پەری لێیپرسی ڕۆڵە گیان تۆ بە ئەندازەی چەند منت
خۆشەوێ ؟
پەری لە وەڵاما وتی : بابە تۆم بەقەد خوێی چێشت خۆش ئەوێ .
كە پادشا ئەم وەڵامەی لە پەری بیست هیچ بواری ئەوەی نەدا كە پەری تێی بگەیەنێ
مەبەستە لە شوێنی خۆیا بەكار ئەهێنرێ ، پەری دایە بەر شەبازلە و لە ماڵ كردیە
دەرەوە ، وتی : ئیتر نامەوێ چارەت ببینم .

پەری لەماڵ هاتە دەرەوە لەترسی مرۆڤی خراپ و بەدکردار نەیزانی رو بکاتە کوێ ؟ چاری ناچار رێی دەشت و چیای گرتە بەر دڵی بڕوایی نەدا روبکاتە هیچ ئاوەدانی بۆ ماوەیەك بە گژوگیا و بەری درەختی کێوی خۆی ئەژیاند ، هەتا وای لێهات لە دەشت و چۆڵەوانی بێزار بوو ئەمجا رێی ئاوەدانی گرتە بەر . دوای ماوەیێك گەیشتە شارێکی خۆش و لەبەر کۆشکێکی رازاوەدا خۆی دی پرسیاری کرد ئەمە کۆشکی کێیە ؟

وتیان : ئەوە کۆشکی پادشای ئەم شارەیە . پرسی ئایا رەوشت و خوی ئەم پادشایە چۆنە ؟

لەوەراما وتیان : پادشایێکی زۆر دادپەروەر و لەخوا ترسە و بۆ هەژار و داماوان داڵدە و پەنایە و ئێجگار دڵسۆزە .

پەری کە ئەمەی بیست راستەوخۆ رویکردە کۆشکەکە چوو بۆلای شاژن وتی : هەژارم و دایك و باوکم نییە هاتوم کارێکم پێ بسپێری و پێکی بێنم.

شاژنیش لە چێشتخانەدا داینا کە بەردەستی چێشتکەر بکا.

ئەریش بەشێوەیەکی وا هەڵئەسوڕا و کاروباری پێکئەهێنا و خۆی شیرین کردبوو لەلای شاژن هەتا کلیلی گەنجینە و رازی نهێنی خۆی خستبوە دەست خۆی و چێشتێکی تایبەتی کە بۆ پادشا لێئەنرایە ئەو سەرپەرشتی ئەکرد و پێکی ئەهێنا .

بەم پێیە پادشا و شاژن ئەوەندە لە زیرەکی ئەم کچە دڵشادبوون کە لە ئەنجامدا لە کوڕە تاقانەکەیان مارە بڕی . بۆ ئەمە شار رازێنرایەوە و زەماوەندێکی خۆش بەرپاکرا. پادشا هەرژی گەورە زادەکان و خەڵکی شار بو هەمووی بۆ نانخواردن بانگ کردن.

پەریش هەلی دایە وتی : ئەبێ باوکیشم بانگ بکرێ بۆ ئەم میواندارییە .

وتیان : باوکی تۆ کێیە ؟

ئەمجا پەری خۆی ئاشکرا کرد و سەرگوزەشتەی خۆی گێڕایەوە.

بۆ دەست بەجێ ناردیان بە شوێن پادشای باوکی پەری دا کاتێ پەری گەیشتە جێ لە ژوورێکی تایبەتی دا دایان نا و پەری قوبولێی و بامێ یەکی بۆ دروستکرد لەجیاتی خوێ شۆرباوی تەماتە پڕی کرد لە شەکر و هەنگوین.

بە سێی هاتە بەردەمی پادشا و یاوەرێکی لێخوارد لەبەر بێرخی هێلنجی هاتو وەیەوە.

وتی: ئەمە کێ ئەم چێشتەی دروستکردووە ؟

وتیان: کچە ژیرەکەی خۆت .

کۆتویر پەری لەودیو پەردەوە هاتە ژوورەوە . وتی : بابە ئەو رۆژە کە وتم : تۆم بەقەد خوێ چێشت خۆش ئەوێ بێجێ نەبوو چونکە هەر شتە لە شوێنی خۆیدا بەکار نەهێنرێ کەچی تۆ منت بەودەردە گەیاند.

.................................

تێبینی : هەرچەند قسەی ئەم منالە بێجێ نەبوو. بەلام بۆ ئەوەی منال مێشك و بیری گەشە بستێ پێویستە لەسەر دایك و باوك و مامۆستایان کە پرسیار لە منالێك ئەکەن ئەگەر بەیارێکی تر وەرامی دایەوە نابێ لەبەر چاوی خوشك و برا و هاورێکانی سووکێتی بکەن بەلکو ئەبێ بە زمانێکی شیرین هەلەکەی بۆ راست بکەنەوە و ناشێ دوارە بەوە بەدری هاورێکانی گالتەی پێبکەن. ١٣٧٥

١٣.. **مێژووی داهێنانی پوول ١٣٧٦**

منالانی خۆشەویست ، لە ژمارە(١٣٦٤)ی ژین دا لەژێر ناوی (پەیك = دیوانی نامە بەری) دا باسی ناردنی نامە و چۆنیەتی مێژززیم لەسەردەمی دێرینەوە تا ئەمرۆم بۆ باسکردن، بەلام لەبارەی کرێی نامە ناردن و پوولی پۆستەوە ئەبێ شتێك بزانین کە یەکەم جار پوولی پۆستە کێ دایهێنا ؟ لەکوێ دا بەکارهێنرا ؟ ئێوە دیارە هەمرو دیوتانە

پەری لەماڵ هاتە دەرەوە لەترسی مرۆڤی خراپ و بەدکردار نەیزانی رو بکاتە کوێ
؟ چاری ناچار ڕێی دەشت و چیای گرتە بەر دڵی بڕوایی نەدا روبکاتە هیچ ئاوەدانی بۆ
ماوەیەك بە گژوگیا و بەری درەختی کێوی خۆی ئەژیاند ، هەتا وای لێهات لە دەشت
و چۆڵەوانی بێزار بوو ئەمجا ڕێی ئاوەدانی گرتە بەر . دوای ماوەیێك گەیشتە شارێکی
خۆش و لەبەر کۆشکێکی رازاوەدا خۆی دی پرسیاری کرد ئەمە کۆشکی کێیە ؟
وتیان : ئەوە کۆشکی پادشای ئەم شارەیە . پرسی ئایا ڕەوشت و خوی ئەم پادشایە
چۆنە ؟

لەوەراما وتیان : پادشایێکی زۆر دادپەروەر و لەخوا ترسە و بۆ هەژار و داماوان
داڵدە و پەنایە و ئێجگار دڵسۆزە .

پەری کە ئەمەی بیست راستەوخۆ رویکردە کۆشکەکە چوو بۆلای شاژن وتی : هەژارم
و دایك و باوکم نییە هاتوم کارێکم پێ بسپێری و پێکی بێنم.

شاژنیش لە چێشتخانەدا داینا کە بەردەستی چێشتکەر بکا.

ئەریش بەشێوەیەکی وا هەڵئەسوڕا و کاروباری پێکئەهێنا و خۆی شیرین کردبور لەلای
شاژن هەتا کلیلی گەنجینە و رازی نهێنی خۆی خستبوە دەست خۆی و چێشتێکی
تایەبەتی کە بۆ پادشا لێئەنرایە ئەو سەرپەرشتی ئەکرد و پێکی ئەهێنا .

بەم پێیە پادشا و شاژن ئەوەندە لە زیرەکی ئەم کچە دڵشادبوون کە لە ئەنجامدا لە
کوڕە تاقانەکەیان مارە بڕی . بۆ ئەمە شار رازێنرایەوە و زەماوەندێکی خۆش بەرپاکرا.
پادشا هەرژی گەورە زادەکان و خەڵکی شار بو هەمووی بۆ نانخواردن بانگ کردن.
پەریش هەڵی دایە وتی : ئەبێ باوکیشم بانگ بکرێ بۆ ئەم میواندارییە .
وتیان : باوکی تۆ کێیە ؟
ئەمجا پەری خۆی ئاشکرا کرد و سەرگوزەشتەی خۆی گێڕایەوە.

بۆ دەست بەجیّ ناردیان بە شویّن پادشای باوکی پەری دا کاتیّ پەری گەیشتە جیّ لە ژووریکی تایبەتی دا دایان نا و پەری قوبولی و بامیّ یەکی بۆ دروستکرد لەجیاتی خویّ دۆشاوی ئەماتە پری کرد لە شەکر و هەنگوین.

کە سینی هاتە بەردەمی پادشا و یاوەریکی لیّخوارد لەبەر بیّزخی هیّلنجی هاتو ڕشایەوە.

وتی: ئەمە کیّ ئەم چیّشتەی دروستکردووە ؟

وتیان: کچە ژیرەکەی خوّت.

کتوپر پەری لەودیو پەردەوە هاتە ژوورەوە. وتی: بابە ئەو ڕۆژە کە وتم: توّم بەقەد خوێی چیّشت خوّش ئەویّ بیّجیّ نەبوو چونکە هەر شتە لە شویّنی خوّیدا بەکار نەهیّنریّ کەچی توّ منت بەودەردە گەیاند.

................................

...ی: هەرچەند قسەی ئەم منالە بیّجیّ نەبوو. بەلاّم بوّ ئەوەی منال میّشک و بیری ...بە بەست پیّویستە لەسەر دایك و باوك و ماموّستایان کە پرسیار لە منالیّك ئەکەن ...گەر بەباریکی تر وەرامی دایەوە نابیّ لەبەر چاوی خوشك و برا و هاوریّکانی ...نگیی بکەن بەلکو ئەبیّ بە زمانیکی شیرین هەڵەکەی بوّ ڕاست بکەنەوە و ناشیّ ...وە بەرە بەری هاوریّکانی گالتەی پیّبکەن. ١٣٧٥

...

## میّژووی داهیّنانی پوول ١٣٧٦

منالانی خوّشەویست، لە ژمارە(١٣٦٤)ی ژین دا لەژیر ناوی (پەیك = دیوانی ...بەری) دا باسی ناردنی نامە و چۆنیەتی میّززیم لەسەردەمی دیّرینەوە تا ئەمرۆم بوّ ...سکردن، بەلاّم لەبارەی کریّی نامە ناردن و پوولی پوّستەوە ئەبیّ شتیّك بزانین کە ...کەم جار پوولی پوّستە کیّ دایهیّنا ؟ لەکویّ دا بەکارهیّنرا ؟ ئیّوە دیارە هەموو دیوتانە

که نامەو سپاردە لە وڵاتانی دوور و نزیکەوە بۆ باوك و کەس و کارتان دیٚ هەریەکە لەم نامەو سپاردانە پارچە قاقەزێکی چوارگۆشە یان درێژۆلکەی نەخشین و رەنگین کە وێنەی (شا) یان وێنەی دیمەنێکی دێرینی نیشتمان بە گەلیٚ رەنگی جویٚ جویٚ وە نرخەکەیشی وە نرخەکەیشی لەسەر نوسراوە پێوەی چەسپ کراوە کە پیٚ ئەڵێن (پوول) وە ئەبیٚ بزانین چۆن داهێنرا ؟ کاتێك دەوڵەتەکان بردنی نامەی زۆر دەستەکانی خۆیانیان گرتە ئەستۆ بۆ ئەمە لەهەر شارێك دیوانێکی نامە بەریان کردەوە. خۆ دیارە ئەم دیوانەش ئەبیٚ سەرپەرشت و نوسەر و نامە بەرو دابەشکاری بیٚ وە ئەمانەیش ئەبیٚ مووچەیان بدرێتیٚ . ئەمجا موچەی ئەم کاربەدەستانە لەچی بدریٚ ؟ چۆنی پەیدا بکەن ؟ هاتن بریاریان دا نیرەری نامە پارەی لیٚوەرنەگیریٚ بەڵکو ئەوکەسەی کە نامەو سپاردەی بۆ ئەچیٚ ئەبیٚ پارەی لیٚوەربگیریٚ و بەو پارەیە موچەی کاربەدەستەکانی پێتەواو بکەن.

کرێی ئەم نامانەیش کە وەرئەگیرا هەمووی وەك یەك نەبوو بەپیٚ ی قورس و سوکی بوو. کاتی وا ئەبوو دابەشکەری نامە لەگەڵ ئەو کەسەی کە نامەکەی بۆ ئەچوو لەسەر زۆر و کەمی کرێی نامەکە ئەکەوتنە مشتومڕ.

ئەم ئەیوت : پارەکە کە ئەو ناوی ئەبرد زۆرە. وە یان ئەو کاتە ئەیوت ئەمڕۆ پارەم پیٚ نیە سبەینیٚ وەرەوە.

لەم رووەوە لە نێوانی کاربەدەستان وخەڵك دا گیروگرفتێکی زۆر روئەدا . بەشی زۆری ئەو پارەیەیش کە وەرئەگیرا ئەدزرا.

هەتا رۆژێك لە رۆژانی ساڵی ١٨٤٠م دا واتا(١١٨) ساڵ لەمەوپێش لە شاری (لەندەن) کورێکی گەنج لەتەمەنی(١٤) ساڵیدا کە ناوی (رولاندهبل) بوو لە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی ناوەندی ئەیخوێند نامەیەکی بۆهات دابەشکەری نامە داوای کرێی نامەکەی لیکرد ئەویش وتی : ئەمڕۆ پارەم پێنییە سبەینیٚ وەرەوە.

کارای دایەشکەر پێی داگرت وتی: نارۆم هەتا پارەکەم نەدەیتێ . چاری ناچار
رۆلاندهیل) پێنوسەکەی بەدەستەوە گرت لەسەر پارچە قاقەزێکی چوارگۆشە پوولێکی
وسەی بە وێنەیەکی (شاژن)ەوە نەخشاند و نرخەکەی لەسەر نووسی و بردی بۆ شاژن
ی : پێویستە ئەم پوولە چاپبکرێ و لە دیوانی نامەبەری بفرۆشرێ و هەرکەس نامەی
ردیکرێ و بیچەسپێنێ بە نامەکەیەوە .

شاژن ئەم هونەرە جوانەی لەم کوڕە منالکارە دی دەستبەجێ خەلاتی کرد و
شانەیەکی زێڕی بەبەرۆکیا دادروو.

ژ هەر ئەو رۆژە ئەو پوولەی(رولاندهیل) دروستی کردبوو چاپکراو نزیکەی نیو
لیۆنی لێفرۆشرا چونکە کاربەدەستان و خەڵك لە تەنگوچەڵەمەی کرێی نامە
ڕگاریان بوو، لەشاری لەندەن دا جەژن و زەماوەندێکی خۆش بەرپا کرا.

ێ منالە خۆشەویستەکان ئەبێ پەند لەم منالە هونەرمەندە وەربگرن لەکاتی
ێرگرتنا ئەبێ بیر بکەنەوە . هەمیشە لەشوێن هونەری جوان بگەڕێن کات بەفیڕۆ
ەدەن تا ئێوەیش وەك ئەو خەلات و نیشانی (شا) وەربگرن. ژ/ ١٣٧٦

## ١٣٨. داهێنانی تەلەفۆن[١٧٧] ١٢٧٧

ڕۆژێك لە ڕۆژان لەکاتێك دا دەرزم بە (ئاوات) ی پچکۆلە ئەووتەوە کەلەتەمەنی حەوت ساڵاندابوو پێم وت: کەمێك بووارەم بدە ئەچم لەتەك هاوڕێیەکما بەتەلەفۆن قسە ئەکەم . لەمە ئاوات ئەختێ بێدەنگ بوو، وتی : ئایا تەلەفۆن کێ دایهێناوە ؟ چۆن داهێنرا ؟

منیش پرسیاری ئەم منالەم زۆر لەلا جوان بو.وتم : ڕۆڵەگیان پرسیارەکەت زۆر جوان و بەجێیە، بەڵام وەرامەکەی دوورو درێژە لێم ڕاوەستە هەتا سبەی بەیانی ، ئەمجا سبەی بەیانی کاتێ ئاوات هات بۆ قوتابخانە بەم جۆرەی خوارەوە چۆنیەتی داهێنانی تەلەفۆنم بۆ باسکرد:-

تەلەفۆن کە ئێوە ئەمڕۆ ئەیبینن دەسگایێکە کە هەرکەس ئەو دەسگایەی پێ ئەتوانێ لە ماڵی خۆیەوە بەبانگکردنێك بۆ ڕابەری تەلەفۆن یان بەوەرچەرخاندنی چەند ژمارەیێك لەگەڵ شوێنی نزیك و دوورا قسەبکا ، داهێنەرەکەی ناوی (ئەلەکساندەر گراهام بل)ە، «گراهام بل» ساڵی ١٧٨٧م لەناوچەی(ئەسکتلندە) لەشاری «ئەدنبورگ» هاتۆتە جیهانەوە.

کاتێ خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی تەواوکرد بە دوای ئەمەوە کە باوك و دایکی مردن بێکەس و بێدەر مایەوە ، کەسیش نەبوو یاریدەی بدا ئیتر نەیتوانی بخوێنێ ناچار هەستا چوو بۆ (ئەمەریکا) لەشاری (بوستون) لەوێ بوو بە شاگردی زاناو پیشەسازی بەناوبانگ(تۆماس ئەدیسۆن)، ڕۆژێك لە ڕۆژان کە لەدەستگای (تلغراف) کاری

---

[١٧٧] مرۆڤەکان بەهۆیەی پێشکەوتنی زانستی ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەرەوە چەندەها داهێنانی تری بەئەنجام گەیاندووە کە هەریەکەیان بۆ ساڵ و ساتی خۆیان خزمت بە مرۆڤایەتی ئەکەن ئەگەر باش بەکار بهێنرێن .بژی داهێنان بژی کۆڵنەدان.

...کرد هەندێ تەل پچڕابوون خەریکی بەیەکەوە بەستنەوەیان بوو. لەوکاتەدا کە ...ەکان ئەکەوتنە سەر زەوی لەیەك ئەکەوتن و دەنگیان ئەدایەوە.

... دلی خۆیدا بیری کردەوە کە دەستگایەك دروستبکات مرۆڤ لەدەست زەن زەنەی ...ەراف وە (نیشارە= درکە)ی پێت رزگاری بێ و سەربەخۆ بەو دەستگایە بتوانێ ...ەگەڵ شوێنی نزیك و دوورا قسە بکا.

(گراهام بل) ماوەیەکی دوور و درێژ مێشکو بیری خۆی بەم کارەوە خەریك کرد ...ەتا نەی ئەتوانی سەری خۆی بخورێنێ.

...ەنانەت نان و چێشتیان بۆ دائەنا کە بیخوا کاتێ ئاوڕی ئەدایەوە دەفرەکان هیچیان تیا ...ەمابوو تومەز پشیلە خواردبووی . ئەویش وایئەزانی نانەکەی بەتەواوی خواردووە ، بەم پێیە (گراهام بل) شەو رۆژ خەریك بوو. خەڵکیش گاڵتەیان پێئەکرد ئەیان وت: چۆن مرۆڤ ئەتوانێ بەو دەستگایەی کە تۆ دروستی ئەکەی قسە بکا؟

بەڵام ئەو گوێی نەدایە گاڵتە پێکردنی خەڵك، هەتا لە ساڵی ١٨٧٦م دا بە ئاواتی خۆی گەیشت دەستگای تەلەفۆنی تەواوکرد ، هەر لەوساڵەدا کە(٨٢)ساڵ لەمەوپێشە لەشاری (فیلادافیا) ﴿معرض= پێشانگا﴾یێکی کردەوە دەستگای تەلەفۆنی پیشان بە خەڵك دا. لەوکاتەدا پادشای (بەرازیل) پەیدابوو دەستگاکەی لیکڕی بە (١٠)هەزار دینار کە بۆ کاروباری میری ئیشی پێبکرێ .

بەڵام لەدوای چەند ساڵێك بە ژێردەستانیش درا. وە پەرەی پێدرا و ئەمڕۆ ئەبینی لەهەموو جیهانا(٦٦)ملیۆن دەستگای تەلەفۆن هەیە.

ئەیا منالە خۆشەویستەکان ئەبێ بزانن ئەم شتانەی کە ئەمڕۆ لەکاردایە و هۆی حەسانەوەی مرۆڤە لەپێشدا نەبوون هەریەکەیان ئەنجامی تێکۆشینی زانایێك وە پیشەسازێکە کەوابوو ئێوەش لەزانستی و پیشەسازی تێکۆشن تا مرۆڤ لەسایەتانا بحەسێتەوە. ژ/ ١٣٧٧

## ١٢٩. کامەرانی بە هونەرە نەك بەتەنەکە ١٣٧٨

چیرۆکێکی راستەقینە

پیاوێکی بەتەمەنی ئاشنام کە ئەویش لەباپیری بیستبوو بۆیگێڕامەوە وتی بە لەسەردەمی پێشودا. دوایی فەرمانڕەوای بابان خوالێخۆشبو(ئەحمەد پاشا) بۆ هەندێ کاروباری دیوانی جارێك ئەچێ بۆ بەغدا (ئەحمەد پاشا) پیاوە ماقولێکی ئەبێ ناوی (هەسە ئاغا)[١٧٨] ئەبێ ئەم هەسەئاغایە پیاوێکی خوێندەوار و تێگەیشتو بو. لەمەیدانی سواری و جەنگ و رم وەشێنیشدا دلێر و پاڵەوان ئەبێ.

بەم هۆیەوە ئەحمەد پاشا زۆری خۆشئەوێ و کە ئەحمەد پاشا بڕۆیشتایە بۆ شوێنێك هەسەئاغای ئەکرد بە (وەکیل=نوێنەر) ی خۆی و جڵەوی فەرمانڕەوایی ئەدایە دەست.

وا رێئەکەوێ ئەحمەد پاشا لەم چونەی بەغدای زۆری پێ ئەچێ و دەنگی هاتنەوەی نابێ رۆژێك لەرۆژان هەسەئاغا لە دڵی خۆیدا بیر ئەکاتەوە و ئەڵێ: بەخوا رەنگە ئەحمەد پاشا پارەی لێبڕابێتەوە ئەمەیش شتێکی نەنگە پیاوێکی وا مەزن لە شارێکی وەکو بەغدا زەمینا پارەی لێببڕێتەوە و بۆ خەرجی دابمێنێ.

هەر ئەو رۆژە ئەسپیکی چەوەندەر بەدوی چوار پەل سپی ناوچەوان مارۆی ئەبێ زینی ئەکاو هەزار (چەتوەر)ی زیو لە پاشکوی قایم ئەکا لێرەوە راستەوخۆ لە سەگرمەوە روبە بەغدا تێئەتەقێنێ. کەئەوکاتە لێرەوە بۆ بەغدا خەڵك بە وڵاخ بە دە رۆژان ئەچون ئەم بەچوار رۆژ ئەگاتە بەغدا و ئەچێ بۆ لای ئەحمەد پاشا پارەکەی لەبەردەمدا دائەنێ ئەڵێ: ئەم پارە یەم بۆ تۆ هێناوە نەك پارەت لێبڕابێتەوە.

ئەویش ئەڵێ : هەسەن پارەکە هەڵگرە بۆخۆت و راست بڕۆرەوە بۆ سلێمانی بۆسەرپەرشتی کاروبار.

---

[١٧٨] ئەخۆلی شاعیر بە ٤ پشت ئەچێتەوە سەر ئەم هەسەئاغایە

هەسەن سوار ئەبێ و دێتەوە بۆ سلێمانی هەزار(چەتوەر)ەکە ئەبا بۆ (خاتون)ی خێزانی ئەحمەد پاشا) ئەڵێ: ئەوە پاشا بۆی ناردون ئەك پارەتان لێبڕابێتەوە.

دوای چەند ڕۆژێك ئەحمەد پاشا دێتەوە خاتون پێی ئەڵێ: ئەوە بۆچی لە بەغداوە بە هەسەن ئاغادا پارەت بۆ ئێمە ناردبووە؟ خۆ ئێمە پەکمان لە پارە نەکەوتبو؟

ئەحمەد پاشایش هەسەن بانگ ئەکا لە پاداشی ئەم چاکەیەیدا جۆگەی گەورە کە لە تانجەرۆ هەڵئەگرێ لەسەری تاپۆ ئەکا و قەباڵەی ئەداتێ.

ئەو ساڵەی هەسەن گۆخڵ و جوتیارێکی زۆر ئەگرێ هەر زەوی و زارێك کەلەبەر جۆگەی گەورەدا ئەبێ هەموی بە برنج و پەمو، ماش و کونجی و بێستان دائەچێنێ و بەرهەمێکی باشی مست ئەکەوێ.

گاوانێکیش لە تێلی چوچانی کە ناوی (تگل) ئەبێ ئاژەڵەکەی مافەی لێئەدا هیچی بۆ دەرناچێ ناچار دێتە دێی کانی سپیکەی چوم، لەوێ دەست ئەکا بە هایو هۆ ناوی خۆی ئەنێ (خەلیفە تگل) خەڵکی دێیەکەش خانوبەرەیێکی بۆ ڕێکئەخەن و هەر ماڵەی سەری مەڕ یان بزنی ئەداتێ.

لە سەر پایزێکی درەنگ خەلیفە تگل ئەچێتە شاری کفری لەوێ دوو خەیار ئەکڕێ و ئەیهێنێ بۆ: هەسەن ئاغا، هەسەن ئاغایش ئەڵێ: خەلیفە لەم کاتەدا خەیار بڕکیشی لە وەرزەدا نەماوە تۆ ئەم خەیارەت لەکوێ پەیدا کرد؟

خەلیفە ئەڵێ: قوربان لە بەهەشتەوە بۆم هاتووە. گوایە نازانی من کلیلی بەهەشتم بەدەستە؟ بەخوا ئەگەر بێتو جۆگەی گەورەم لەسەر تاپۆ بکەی خۆت و حەوت پشتت ئەبەمە بەهەشت.

هەسەن ئاغایش ئەڵێ: باشە جۆگەکەت لەسەر تاپۆ ئەکەم بەڵام ئەبێ قەباڵەیێکم بدەیتێ کەوا خۆم و حەوت پشتم ئەبەیتە بەهەشت.

خەلیفە ئەچێتە لای میرزایێك قەبالەیێك ئەنوسێ و پەنجەی پیا ئەنێ و ئەیدا بە هەسەناغا کەوا خۆی و حەوت پشتی ئەباتە بەهەشت.

هەسەناغا قەبالەکە بەدەستەوە ئەگرێ و دێت بۆلای ئەحمەد پاشا کە لەوکاتەدا دیوەخانەکەی لەسەد پیاوی مەزن کەمتری تیانابێ دەست ئەکا بە هایو هۆ تەراتێن.

ئەحمەد پاشا ئەڵێ: داخی گرانم هەسەن شێت بووە. کورە هەسەن بۆچی وا ئەکەی؟

هەسەن ئەڵێ: قوربان شێت نەبوم ئەفڕم ئەچم بۆ بەهەشت ئەوەتە خەلیفە تگل قەبالەی داومێ کە خۆم و حەوت پشتم ئەچین بۆ بەهەشت.


— ٥٦ —

چیرۆکێ گۆڕریی لە کلیلە و دمنەوە

پیرەمێرد دای ناوە؛

خەیاڵ پلاوە

عابدێ کونجی مزگەوتێکی گرت

بە شەو و بە ڕۆژ عیبادەتی کرد

بقالێکیش لە بەر دەرا وەستەی مزگەوت

جار بە جار چاوی بە عابدا ئەکەوت

ووتی ئەم پیاوە کاسبی ناکا

عبادەت ڕێگای خێرە بۆ منیش واچاکە

بە خێری بەردەوام هەموو ئێواران

هەنگوینێ بە منالەکەی دوو سێ نان

کە ئەحمەد پاشا بەمە ئەزانێ ئەڵێ: ئابچن ئەو گەماڵ باوکە بانگ بکەن.

تگل دێنن دارکارێکی باشی ئەکەن.

ئەمجا بزانن کە کامەرانی بە پیاوەتی و هونەرە نەك بە تەڵەکە.

## مێژوی داهێنانی دەستگای ئاگر کوژێنەوە و تلغراف١٣٧٩

ئا
ماله خۆشەویستەکان ، ئەم دەستگایانەی کە ئێوە ئەمرۆ ئەیان بینن لەکایەدایە و
حەسانەوەی مرۆڤە هەریەکەیان لە ئەنجامی رووداني کارەساتێکی گەورە یان
وی
چوکەوە لەلایەن زانایێکەوە هاتە دی.

گە لە باوك و باپیرتان بیستیێ کە سەردەمی پێشو ئەگەردووکان یان خانوویێك
گری بگرتایە هەتا خەلك بەگۆزە ئاوەوە فریای ئەکەوتن بەجارێ سەد دوکان وەیان
گەورە مالێك ئەسوتا و دائەمردەوە. کەچی ئێستا ئەگەر شوێنێك ئاگربگرێ دەستگای
ئاگر کوژێنەوە کتوپڕ فریای ئەکەوێ و بەماوەیەکی کەم ئەو ئاگرە سامدارە
ئەکوژێنەوە.

زۆرجاریش ئەبینین لە شارانی دوورەوە دەنگ و باسی بازرگانی، خانوو ئەمانی
دۆستان بەبێ ئەوەی درەنگی پێ بچێ بەچەند دەقیقەیەك بۆ باوك وکەس و کارتان
ئێت.

ئەیا ئەزانن داهێنەری ئەم دوو دەستگا بەنرخە کێ بوو؟ ئەوە : (مورس سموێل) بوو
(مورس) لە خێزانێکی ئەمریکایی بوو ، سالێ ١٧٩١م لەناوچەی (مساتشوستش)
لە شاری (بوستون) هاتە دنیاوە. لەتەمەنی حەوت سالێدا کە چووە قوتابخانەوە
بەجۆرێکی وا خوی دایە خوێندن کە شەو و رۆژ پێنوس و قاقەز و پەڕاوی لەدەست
دانەکردە خوارەوە مەگەر دەمی نوستن .
کاتێ گەیشتە پۆلی شەشەم وێنەگرێکی بێوێنەی لێدەرچوو بەپێنوس وێنەی دیمەنی دار و
درەخت و چیای ئەگرت و بەرەنگی جوان ئەی ئەخشان وە بەنرخێکی باش ئەیفرۆشت
بەوە خۆی و باوك و دایکی پێبەخێو ئەکرد.

رۆژێك مامۆستا لەپۆلدا ئامۆژگاری قوتابییەكانی ئەكرد ئەیوت: هەر قوتابیێك رەوشت و خو و جوان وە دلسۆز بێ دەربارەی مرۆڤ و كارو كردەوەیێكی پەسەندی لێبوەشێتەوە كە مرۆڤ سودی لێوەربگرێ و بەتایبەتی دەربارەی گیاندارانی بێزمان دلسۆزبێ خوا تەمەنی درێژ ئەكا بەبەختیاری ئەژی .

(مورس) ئەم ئامۆژگارییەی مامۆستای وەك دور لە گوێ گرت . كۆمەلێ لە منالانی هاوتەمەنی خۆی پێكەوەنا بەناوی (دلسۆزی دەربارەی گیانلەبەران)وە خۆی بوو بە سەرۆكیان رۆژانی بووارە بە گەڕەكدا ئەگەڕان هەر منالێك دەستدرێژی لەسەگ یا پشیلەییێك یان گیاندارێكی تر بكردایە مامۆستایان لێ ئاگادار ئەكرد وە ئەو منالەیان بە سزای خۆی ئەگەیاند.

(مورس) كاتێ تەمەنی گەیشتە (٢٠) سالێ واتا سالی (١٨١١) لە دانیشگاییێكدا ئەیخوێند رۆژێك لە مالەوە گوێی لە دەنگ و هاوارێك بوو. تومەز مالی دراوسێ یێكیان ئاگری گرتبوو. مورس چونكە لەسەر كردەوەی چاكە راهاتبو دەستی دایە گۆزە ئاو چوو بۆ ئاگر كوژانەوە .

بەلام هەتا خەلك فریا كەوتن مالەكە كولو كۆی دامرد. مورس بڕیاری دا كە دەستگاییێكی ئاگر كوژێنەوە دروستبكا و بخرێتە سەر (ئەرەبە = گالیسكە) وە بە ماوەیێكی كەم ئاگر بكوژێنێتەوە . مورس بە ماوەی سالێك بە ئامانجی خۆی گەیشت تورومپاییێكی چاكی دروستكرد كە بەتەوژم ئاو فڕێ بدا وە بە دیوانی شارەوانی فرۆشت بە (٥٠٠٠)دۆلار .

نیوەی پارەكەی دا بە باوك و دایكی وە نیوەكەی تریشی لەگەل خۆی هەلگرت سواری كەشتی بوو چوو بۆ پاریس بۆ خوێندن .

مورس ئەیبینی كاتێ كەشتییەكان ئەگەیشتنە كەناری دەریا مەلەوانەكان بەیاخی سپیان بە گەلێ جۆر هەلئەسوڕان بۆ ئەو كەشتیانەی كە لێیانەوە دوور بوون.

مۆرس تێگەیشت کە بەو بەیاخانە پیت بە یەکتر ئەدەن و قسە ئەکەن. دوای چەند
سالێك کە خوێندنی پاریسی تەواوکرد بەرەو نیشتمانی خۆی گەڕایەوە بڕیاری دا
بەهۆی هێزی موقناتیسەوە بە راکێشانی تەل (درگە = اشارت)ی پیت بە شوێنی نزیکو
دووربدا. تا لە سالی ١٨٣٦م دەستی دایە دروستکردنی دەستگای تلغراف وە لە
سالی ١٨٤٢دا .واتا بە(٦)سالْ توانی لەشاری (واشنتۆن) ەوە بۆ شار (بلتیمور) بەتەل
...ە بکا بەلام دەستگاکەی زۆرباش نەبوو هەندێ جار خراپ ئەبوو.
...ۆ ئەمەش پارەی پێویست بوو سکالاێکی نووسی بۆ: ئەنجومەنی نوێنەران کە میری
پارەی بداتێ. ئەوانیش بڕیاریان دا کە میری (٣٠) هەزار دۆلاری بداتێ، وە
پارەکەیان دایە هەتا سالی ١٨٤٣ بەتەواوی(تەلغراف)ی سازکرد و لە ناوەندی هەموو
...ارەکاندا دەستی کرد بە کارکردن.
مورس دوای ئەوەی ناوێکی نەمری بۆ خۆی بەجێهێشت سالی ١٨٧٢م لەتەمەنی
٨١ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و(٥)ملیۆن دۆلاریشی لەپاش بەجێما لەسەر راسپاردەی
خۆی دایان بە کۆمەلی دەستگیرۆیی داماوان.
...ەیا منالەکان ئێوەیش لە خوێندن و پیشەسازیدا تێکۆشن تا لە دوارۆژدا هەر یەکێکیان
...ن بە (مورس سمویل). ژ/١٣٧٩

.......

١٤١. **خۆبەختکردن لە پێناوی میوانداریدا ١٣٨٠**

منالانی خۆشەویست ئێمە لەسەردەمی پێشوودا شاعرێکمان هەبوو ناوی (مەلا
حەمدون) بوو کە خاوەنی هەلبەستە بەسۆزەکەی جەنگی گەورەی یەکەمە. (حەمدون)
کوێرێ زگماك بوو بەکوێری هاتبووە جیهانەوە. لەگەلْ ئەوەیش دا زیرەکی و بلیمەتی ئەو
بەناوازە ئەگێڕ رێتەوە. زۆر جار سەعاتیان رووت ئەکرد هەموو جەرپارچەکانیان

هەڵئەوەشان ، ئەگەر سەعاتساز بەماوەیەکی زۆر و بە زەرەبین بینایەتەوە سەر یەك ر
بیخستایەتەوە کار، ئەم بەماوەیەکی کەم سەعاتەکەی سازئەکردو ئەیخستەوە کار،
حەمدون هونەری ئەوتۆی لێئەگێڕنەوە کە ئەقڵ تیاکۆڵە.

دۆستێکم (کاکە رەشید)ی کوڕەزای (قادرەفەندی گەورە) بۆیگێڕامەوە وتی:
جارێك(حەمدون) خوا کوڕێکی تاقانەی ئەداتێ، ئەویش حەوت شەو ئاهەنگێکی خۆشی
بۆ ئەگێڕێ ، شەوێك لەشەوان لەناوەندی ئەم حەوت شەوەدا کۆمەڵێك مەلا کۆئەبنەوە
ئەگرن ئەڵێن: با بچین بۆ ماڵی حەمدون گوێزەبانەیێکی پێبکەین و بیخۆین.

هەڵئەستن ئەچن لەپاش چاکو خۆشی ، حەمدون پێیان ئەڵێ: حەز لەچی ئەکەن بلێم
بۆتان بێنن کە بیخۆن ؟

دەمی هاوین ئەبێ مەلاکان ئەڵێن : حەز لەشوتی ئەکەین.

حەمدونیش ئەڵێ : بەخوا شوتیمان نیە شەویش درەنگە دوکان هەڵگیراوە ئەگینا
ئەمنارد شوتیم بۆ ئەکڕین.

مەلاکان پێدائەگرن ئەڵێن لەشوتی زیاتر شتی تر ناخۆین .

حەمدون داوێنی ئەکا بەلادا بەو نیوەشەوە ئەچێتە نزیك کارێزی وەستا شەریف لەوێ
بێستانێکی شوتی لێئەبێ ئەچێتە بێستانەکەوە دەست ئەکوتێ شوتیێکی بەقەد باگردێنێك
ئەدۆزێتەوە، مەلا لەخۆشیانا کە میوانەکانی بەجێ دێنێ شوتیێکی بەبرو گوڵ و گەڵارە
هەڵئەکێشێ و ئەیخاتە .سەرشانی لەخشپەخشپی مەلا، سەگی بێستانەوانەکە دەست ئەکا
بە وەڕین. لەوەڕەی سەگ، بێستانەوان رائەپەڕێ دەمانچەیێکی شەش ئاگری پێئەبێ یەك
دوو تەقە لە مەلا ئەکا ، ئەمجا مەلا رائەکا و بێستانەوان بەشوێنیەوە ، لەم راکردنەدا
مەلا بەخۆی و شوتیێکەیەوە ئەکەوێتە بیرێکی کارێزەکەوە (١٠)گەز قوڵ ئەبێ بەڵام
ئازارێکی ئەوتۆی پێناگا ، بێستانەوانیش لەسەرە ڕاوە سێ چوار بەرد ئەهاوێتە بیرەکەوە
ئەڵێ : با سەری ئەم دزە پان ببێتەوە .

مەلا خۆی ئەئاخنێتە لەغمی کارێزەکەوە هیچی بۆ نابێ.

...رنەوە مەلا لەوبیرە قوڵەدا ئەمێنێتەوە هەرچەند ئەکا رێی رزگاری نیە و ناتوانێ بێتە ...دەوە ، ئەوشەوە هیچ بۆ سبەینێ رۆژئەبێتەوە مەلا دەست ئەکا بەبانگو هاوار ئەڵێ : ...ڵکینە ، رێبوار لەرێی خودا رزگارم بکەن .

...ەندە هاوار ئەکا دەنگی ئەنوسێ و بینی خڕ ئەبێ ئیتر دەنگو هاوارەکەی ئەبێ بە ...ڵەومرقە) لەهەموو لایێکیشەوە سۆراخی مەلا ئەکەن سەیر ئەکەن بێسەرو شوێنە . ...و رۆژیش هیچ شەوی ئایندەیش لەبیرەکەدا ئەبێ ، مەلا لەبرسانا شوتییکە بە گەڵاو ...ێکلەوە ئەخوا .

...سبەینێ چەند ژنێك ئەچن بۆ گردی سەیوان چەند منالێکیان لەگەڵ ئەبێ ، منالەکان ...چە سەر بیرەکە وردە بەردی تێئەهاون گوێیان لە بۆڵەو مرقەیێك ئەبێ چونکە ...ەکان دایکو باوکی نەزان وای بردبوە مێشکیانەوە ئەیان وت: مەچنە سەربیرو ...ەوز(خێو)و(دێو)ی هەیە. بەم پڕو پوچانە منالەکانیان ئەترساند، نەیان ئەزانی ...ەمانێکی خۆش ئامۆژگارییان بکەن کە نەچنە سەر بیر و حەوز مەبادا بکەونە ناوییەوە، ...م هۆیەوە منالەکان هاواریان برد بۆ دایکیان کە ئەو بیرە خێوێکی تیایە ئەبۆڵێنێ.

...ەکان هاتنە سەر بیرەکە ، گوێیان لە بۆڵەی مەلا بوو ئەوانیش بەخێویان زانی ...منالەکان خراپتر، رایانکرد. هاواریانکرد : ئەم بیرە خێوی تیایە لەوکاتەدا دەستەیێك ...ورە، کوڕە کە هەموو خەنجەرو دەمانچەیان بەقەدەوە ئەبێ پەیدا ئەبن ئەڵێن: ئەم قسە ...ڕوچانە چییە؟ تاکەی ناقڵ نابن ؟ خێو و دێو کوا هەیە لە جیهانا؟

...ە ئەچنە سەر بیرەکە دەنگی مەلا ئەناسن یەکێك لە کوڕەکان پشتێنێکی دەگەزی ...هێنا لەبێ ئەیهاوێتە بیرەکەوە مەلا لە قەدی خۆی گرێ ئەداو کوڕەکان مەلا ...ەلەکێشن و رزگاری ئەکەن.

...هەر لەوە مەلا خۆشەویستی گشت لایەك ئەبێ ئەسپێکی بۆ دێنن سواری ئەکەن و بە ...ەهۆڵ و زورنا ئەیهێننەوە بۆ شار وە زەماوەندی بۆ ئەگێڕن. ژ/١٣٨٠

## ١٤٢. ڕێزگرتنی مامۆستایان لەلایەن پادشاییکی کورد و یەکێکی عەرەب ١٢٨١
### چیرۆکێکی ڕودراو

منالآنی خۆشەویست ئەبینن ئێمە کە دێینە جیهانەوە پارچە گۆشتێکی بێهێز و لاوازین توانای ئەوەمان نییە مێشێك لە خۆمان دورخەینەوە ئەمجا دایك بەشەونخونی و باوك بەرەنجی شان و ئارەقی ناوچەوان دەست ئەکەن بەبەخێوکردنمان هەتا لە حەم ئەرەخسین .

دوای ئەویش یەکێکی تر هەیە ئەمانگرێتە ئەستۆ و ئەمانکا بە خوێندەوار هەتا بەپایە ئەگەین کە مامۆستای پێئەڵێن .

ئەمجا ئەبینن کە مرۆڤ گەیشت بە پایە هەر لەو پایەیەدا نامێنێ بەڵکو ئەو کەسە بەختیاری ساڵ بەساڵ لە پلەیەکەوە بۆ پلەیێکی تر بەرز ئەبێتەوە هەتا ئەگاتە پلەی (پاشا)یی . بەڵام مامۆستا تا مردن هەر لەپایەی خۆیدا ئەمێنێ چونکە هیچ پایێکی تر نییە لەو بلندتر کە بیدرێتێ . ئەبینین مامۆستا بە هەزاران سەرکردەو فەرماندار و پزیشك و پادشا و وەزیر پێئەگەیێنێ کە چی پایەکەی خۆی ناگۆڕێ هەر مامۆستایە.

کەوابوو لەبارەی ڕێزگرتنی مامۆستایانەوە ئەم دوو چیرۆکە کورتە بخوێننەوە:

١. لەسەردەمی پێشودا ڕۆژێك فەرمانڕەوای سلێمانی خوا لێخۆشبوو (برام پاشای بابان) بۆ دیدەنی ئەچێتەلای پێشەوا وە شاعیری مەزن (مەولانا خالد) برایم پاشا تاجێکی جەواهیر بەندی لەسەردا ئەبێ کەلە (مەولانا) نزیك ئەبێتەوە : بۆ نیشانەی ڕێزگرتن تاجەکەی لەسەر دائەگرێ (مەولانا) یش ئەم فەرمودەیەی بۆ ئەڵێ :

بە تەرکی دەبدەبەی دنیا هەموو کەس خالدە ئەما
بەتەرکی تاج وەك ئیبراهیم کەسی تر تاجی سەر نابێ

رانا : هەموو کەس دەست لە دەبدەبەو دارایی جیهان هەڵبگرێ ئەتوانێ بێ بە مامۆستا
ر پێشەوایێکی وەکو: (خالد) بەلام بەتاج فرویدان لەسەر هیچ پادشایێك ئەوەندەی
وێنەویست نابێ کەبێ بەتاجی سەری هەموو کەسێك .

ر هەروەها لەبارەی ڕێزگرتنی مامۆستایانەوە دۆستێکم (مەحمود ئاغای قاورمە) لەکاتی
خۆیدا بۆی گێڕامەوە وتی : لەدوای شۆڕشی وڵاتی(حیجاز) کە (شەریف حسەین) بوو
ە پادشا وە سەربازە ئەگریسەکانی عوسمانی لە وڵات دەرپەڕان من بەفرمانی
خەزنەداری ڕۆژێك لە بەندەری (جەدە = ئەنەحەوا) وە لەگەڵ (شەریف حسەین پاشا)
دا بە سواری کەشتی ئەچوین بۆ (عەدەن) بۆ ڕاوی جانەوەرانی دەریایی، لەکاتێدا
کە(شەریف حسەین پاشا) لەسەر تەختێك لە دالانی کەشتییەکەدا پاڵی دابووەوە،
پاسەوانی تایبەتی دەوریان گرتبوو مارشالێکی فرانسی بەبەرگی دیوانییەوە پەیدا بوو
ڕنەگە = سەلام) ی بۆ پادشا کرد ئەویش بە ساردییەکەوە وەرامی دایەوە.

لەو ڕەنبور کابرایێکی ڕووتو قووتی چلکن و پلکن پەیدابوو گورج پادشا لەبەری
هەستاو دەستی گوشی و چاکو خۆشییێکی بەگەرمی لێکرد و فەرمانی کرد چایی و
قاوەیان بۆ هێنا دووا جار هەستا بڕوا پادشا فەرمانی پێکردم کە (١٠٠) لیرەی زێڕی
بدەمێ.

توانی لەکاتێکی خەڵوەتی دا لەپادشام پرسی : بۆچی هیچ ڕێزی کابرای مارشاڵت
نەگرت و ئەوەندە ڕێزی ئەم کابرا ڕوتەڵەیەت گرتوو خەڵاتت کرد ؟

پادشا لەوەراما وتی : ئەو کابرا ڕوتەڵەیە (مامۆستا)ی منالەکانم بوو لەکاتی خۆیدا ئەوم
لە مارشاڵ لەلا گەورەترە.

ئەمجا منالە خۆشەویستەکان دەربارەی مامۆستاکانتان بەئەمەك بن و ڕێزیان بگرن

که گەیشتن بە پایە پاداشیان

بدەنەوە تا تەمەنتان درێژ بێ

و بە بەختیاری بژین.

ژ/ ١٣٨١






## ١٤٣. بوکی ناودارستان ١٣٨٢

دۆستێکم (کاکە ڕەشید)ی کورەزای قادرەفەندی گەورە) بۆی باسکردم وتی: نزیکەی هەژدە ساڵێك لەمەوپێش بە فرمانی (سەربازگە) میری ناردمیە ناوچەی شاربازێڕ ماوەییکی زۆر لە چوارتا مامەوە منیش زۆر مەراقی ڕاوشکارم هەبوو. ڕۆژانی هەینی لەبەیانییەوە تا ئێوارە لە چیاو جەنگەڵ دا بەڕاوەوە خەریك بووم. ڕۆژێك لە ڕۆژانی هەینی کەدەمی هاوین بوو تاریك و لێڵەی بەیان خۆم و نۆکەرەکەم خۆمان لێگورجکرد بۆ ئەوەی نێچیر لێمان سڵ نەکا هەریەکەمان دەستێ ڕانکوچۆغەی خاکیمان لەبەرکرد، وە بۆئەوەی خشپەی پێمان نەیەت سەروجووت کەڵاشی هەوراێی تەنکمان لێ لەپێ کرد وە هەریەکەمان دەستمان دایە تفەنگ. نزیك نیوەڕۆ گەیشتینە

ارستانێکی چڕ و نەختێ لە ژووردارستانەکەیشەوە ملەیێکی بلندی روتەن هەبوو کە
یرمکرد لەسەرملەکە بەقەدپاڵی زاخیرێکەوە مەڕەسورێکم بەدیکرد.

ۆکەرەکەم وت : تۆ برۆ پشتی لێگرە بەلکو بەلای مندا بێتە خوارەوە. ئەوکاتە
ەی لێنەکەم، نۆکەرەکەیش پێچی کردەوە کە پشتی لێبگرێ . لەمکاتەدا گوێم لە
ەنگ و ئاوازی گۆرانێکی بەسۆز بوو کە پیاوی ئەهێنایە گریان و دلّی دلسۆزانی
کردە بریان ، زانیم ئەمە دەنگی ئافرەتە. وا تێگەیشتم کە سەربازی هەڵاتوو خۆی لەم
رستانەدا حەشارداوە و ئەم ئافرەتەیش رەنگە خێزانی بێ چووبێ بۆلای .

یش بەردێکم هەلگرت هاویشتمە ئاقاری دەنگەکە ئەوەندەم زانی کچێك لە دوورەوە
ەرکەوت پالّی دا بە داربەڕوێکەوە بە قوڕگێکی پڕ لە گریان بانگی کرد: مامەی چەك
ەدەست ئەو بەردەی بۆت هاویشتم بەرمنەکەوت بەڵام ئەگەر بمکەی بە نیشانی تفەنگ
لەم ژیانە تاڵ و پڕ ئازارە رزگارم بکەی خوا پاداشتت ئەداتەوە.

ە لێ چوومە پێشەوە کچ ،چ کچ ؟ پرچ زێرین ، ئێسك سوك و خوێن شیرین ، دوو
چاوی وەك: نێرکسی شەهلا لەتەمەنی ١٧و١٨ساڵیدا بەتوێی کراسێکی
لوکولّۆنجەیێك لەمە زۆر سەرم سوڕما .لەسەردەمی گەنجیم دا بەتوڕەهات بیستبوم
ە گوایە (پەری) و (فریشتە) لەم سەر چیاو دارستاندا هەن، ئەوی راستی بێ بەبەچکە
پەریم زانی.

ئوا جار لێم پرسی : تۆ کێیت ؟ لە کوێوە هاتوی ؟
ئەوەداما وتی: من خەلکی دێکم لەم ناوچەیەدا چەند ساڵێکە دایکم مردووە
اوژنەکەم چووە کلّێشەی باوکمەوە وتی: بۆچی ئەم تەوقە رەشە لەکۆلّ خۆت ناخەی
لەم کچە بۆچ نادەی بە شو ؟
باوکیشم بە شەش دینار شیربایی فرۆشتمی و مەلایێکی نەزانیش بێئەوەی من دلّخوازی
ەکەم بچاو پێکەوێ و بیبینم بە دوو کەلەشەکر مارەی کردم. کاتێ بردیانم بە بوکی

زاوا هات بەپیرمەوە، چۆن زاوایێك لەتەمەنی هەشتا سالیدا توکی سەرو سمێلی و ٨٣٦
ریشی لەگەلْ توکی سەر سنگی پڕ لە رشك و ئەسپیّ وەك یالّی کەمتیار شۆڕبو
بووەوە، لە (سەگسار) زیاتر لە ئادەمیزاد نەئەچو، منیش بواری ئەوەم نەدا توخنم
بکەویّ بەبیانوی ئیشی ناوەوە خۆم دزییەوە هاتم بۆ ئەم دارستانە وتم: بەلکو درندەیێك
تێکم شکێنیّ و لەم ژیانە تالّە رزگاربم، لەم گفتوگۆیەدا نۆکەرەکەم پەیدابو، وتی:
مەڕەسوورەکەت راوکرد ؟
وتم : لەداخی ئەم مەڕە سپی یە ئاگام لە مەڕەسور نەبو.
نێچیری ئەو رۆژەم لەراوا ئەو کچە بو بەدیاری بردم بۆ حاکم وە سەرگوزەشتەم
تێگەیاند ئەویش مەردانە چەند سوارێکی نارد باوکی کچەکە و مێردەکەیان پەتکرد و
هێنایان ، حاکم دوای سەرزەنشتێکی باشی کابرای رەنگ سەگساری کرد کچەکەی
پیّ تەلاق دا ، وە سەنەدێکیشی لەباوکی کچەکە سەند کە هیچ زیانێك بۆ ئەلا کچە
نەبیّ هەروەها کچەکەیش سەربەستکرد کە حەز لەکیّ ئەکا شوبەوە بکا.
ئەمجا ئەم کارەساتە ناخۆشانەی ناو کۆمەلاّیەتی کە رویداوە و لەمەولا رونەدا هەموی
دەردی نەزانی و نەخوێندەواری یە.
کەوابو منالّە خۆشەویستەکان بخوێنن تا لەژیانتانا بە کامەرانی بژین. ژ/ ١٣٨٢

........................

## ١٤٤. پادشایەك و سیّ پاسەوان ١٣٨٣

یەکیّ بو یەکیّ نەبرو ، کەس لەخوا گەورەتر نەبو، وە کەس لە بەندەی خراپ
زورەشڕ نەبو. ئەگێڕنەوە لەسەردەمی پێشودا شازادەیێك دوای ئەوەی (چیقە = تاج)ی
پادشایی لەسەر نابوو بە پادشا میواندارییکی گەورەی کرد ، هەرچی ژێردەستان و
کاربەدەستان و پیاوەماقولان هەبوو هەمووی بانگ کردن بۆ نانخواردن و شەربەت
نۆشین.

دوای ئەوەی پادشا لەم میوانداریيەدا زۆر ماندوو بوو چووە ژووری تایبەتی خۆی
...ست و سێ پاسەوانی لەبەردەرگای ژوورەكەی دانا.

...كێ پادشا لە شیرین خەودابوو بەدەنگێكی بەرز لە مشتوو مڕو شەڕە قسەی
پاسەوانەكان رابەڕی، پادشا بێئەوەی پاسەوانەكان بێدەنگ بكا گوێی بۆ قسەكانیان
...لكرد وتی: بزانم ئەڵێن چی ؟

...م مشتومڕەیش لەسەر گرەوێك بوو تا بزانن بەهێزترینی چشت لە جیهانا چییە؟

...ەكەم ئەیوت : هیچ چشتێك بە ئەندازەی زێڕو زیو و سامان بەهێز نییە.

...دووەم ئەیوت : هێزی پادشا لە ژوور هەموو هێزێكەوەیە .

...سێیەم ئەیوت : هەق لە ژوور هەموو هێزێكەوەیە.

...م سێ پاسەوانە بڕیاریاندا هەریەكەو بیروباوەڕی خۆی لە پارچە قاقەزێك بنوسێ و ئەو
...رۆژە لە دەرفەتێكا بیخاتە ژێر دۆشەكی پادشاوە تا بزانن پادشا چییان وەرام ئەداتەوە؟
...ا بیروباوەڕی كامیان راستە ؟

...قاقەزەكانیان خستە ژێر دۆشەكی پادشاوە. سبەینێ پادشا كە چاوی بەم سێ نوسراوە
...كەوت وەزیرو زانایانی كۆكردەوە و هەرسێ پاسەوانەكانی بانگ كرد.

...ەكەمی پرسی : تۆ بیروباوەڕت بەرامبەر بە هێزترینی چشت لە جیهانا چیە ؟
...پاسەوان لە وەراما وتی : بەهێزترینی چشت لە جیهانا زێڕو زیو و سامانە، چونكە زێڕو
...زیو و سامان پیاوی كەر و كەودەن لەبەر چاوی خەڵك ئەكا بە فەیلەسوف و زانا
...بێجگە لەوەیش هەموو كارو بارێكی سەختو گرانی پێ ئاسانئەكرێ.

...لە دووەمی پرسی : ئەویش لە وەراما وتی : هیچ هێزێك ناگاتە هێزی پادشا چونكە
...رۆژی هێرشی دوژمنان بۆ سەر نیشتمان كە پادشا سواربوو پێش لەشكرەكەی
...كەوت هەرچی قەڵاو كونگەری دوژمن هەیە هەمووی بە نوكی رم ئەڕمێنێ و سوپای

دوژمن تارو مار و تەفرو تونا ئەکا و هەرچی دزو درۆزنی ناوخۆیش هەیە هەمووی ئەخاتە بەندینخانەوەو سەریان پان ئەکاتەوە.

سێیەم هەڵیدایە و وتی : زێرو زیو و سامان خاوەنەکەی توشی لەخۆبایی بوون و فیز ئەکا. لەخۆبایی بوون و فیزێك رەوشتێکی بەدو ناپەسەندە پیاوی لەخۆبایی بوو لای خواو خەڵك خوار و ریسوایە.

بەڵام هەق لە ژوور هەموو هێزێکەوەیە. پادشا کە بەندەی خوایە ئەگەر لایەنگری هەق نەبێ لەکاروباریا سەرناکەوێ و زاڵ نابێ چونکە هەق نامرێ و لەناوناچێ. هەرچی ئادەمیزادو گیانداران هەیە هەمووی ئەچنەوە نەبوون هەق هەر ئەمێنێ.

زێڕ و زیو و سامان چڵکی دەستە بەجۆرێك ئاو لەدەست ئەبێتەوە و بەلافاوێك ئەڕوا هەق هەر ئەمێنێ ﴿أذا جاء الحق زهق الباطل﴾ زاخاوی دڵی بێ ئەبێ حاصڵ.

کە پادشا ئەم وشانەی بیست پاسەوانی سێیەمی خەڵات و زەڕئەفشان کرد.

ئەمجا منالە خۆشەویستەکان لەسەر هەق برۆن تا هەق دەستگیرتان بێ. ز/١٣٨٣

.......

## ١٤٥. ئەنجامی بەڵێنی درۆ ١٣٨٤

چیرۆکێکی رووداو

لەسەرەتای جەنگی یەکەمینی گەورە کە رێکەوتی ٢١ تەموزی ساڵی ١٩١٤م تا ساڵی ١٩١٨م نەك وڵاتی کوردستان بەڵکو سەرانسەری جیهان سەریاکی بوو بە ئاگر. بەتایبەتی زستانی ساڵی١٩١٨ گرانی ئازقە و نەبونی خواردەمەنی کارێکی وایکرد کە پیاو و ژن و منال لە کۆڵان و دەشت و شیو و چیادا لەبرسانا مردبوون و سەگ لاشەکانی ئەخواردن. تەنانەت بارگیرو ئێستر و کەرو چوارپێیانیش لەبەرپێنالیکی گشتی بە قڕا چوو مرداربووەوە خەڵك لەبرسانا گۆشتەکانی ئەخواردن.

لەدێیێك لە دێهاتەکانی کوردستانی خۆرهەڵات پیاوێك کە ناوی(هەباس) ئەبێ خۆی و ژنەکەی و کورێکی ئازوقەیان لێئەبڕێتەوە سێ شەو و سێ رۆژ هیچیان مست

ڕانگۆی کە بیخۆن ، چاری ناچار هەباس ڕوو ئەکاتە ماڵی (هەسەن) ی برا گەورەی
کە دراوسێیان ئەبێ و سکاڵای برسیەتی خۆی و خێزانەکەی لەلا ئەکا.
هەسەنیش ئەڵێ : بەخوا هەرچی مشك بیقرتێنێ گومانی نابەم بەڵام ئەچم بۆ ئەم
دێهاتانەی دراوسێمان شتێکتان بۆ ئەکرم، ئەگەر هەر هیچم مست نەکەوت نێچیرێکتان
بۆ ڕاو ئەکەم گۆشتەکەی بخۆن.
بۆیە ئەخاتە باخەڵی و دەست ئەداتە تفەنگ و ئەکەوێتە ڕێ. ماوەی سێ سەعات ڕێگە
لە ئاوایی دوور ئەکەوێتەوە لە شیوێکی قوڵا سێ خێوەت بەدی ئەکا . هەسەن
ڕائەوەستێ ئەڵێ : بزانم ئاخۆ کەس دیار نییە لە دەورو پشتی ئەم خێوەتە ڕائەوەستێ
کەس نابینێ و دەنگی کەسی لێنایە.
دێتە خوارەوە بۆ ناو شیوەکە سەر ئەکا بە خێوەتی یەکەما ئەبینێ سێ تەختی تێدایە کە
بە نوێن و پێخەفی نایاب ڕازاوەتەوە و کەسیشی تێدا نییە، سەر ئەکا بە خێوەتی دووەما
ئەبینێ پڕە لە ئازوقەو خواردەمەنی بەنرخ وەکو: تەنەکە (قاورمە = گۆشتی
سوورەوکراو) ڕۆن و گونیە سەمون و(هیلەپەپە) و ئاردی گەنمە کوێستانی و
بەرمیلێکیش شەرابی لێئەبێ ، سەر ئەکا بە خێوەتی سێیەمدا ئەبینێ ئەسپێك
بەستراوەتەوە و تورەکەی بەسەرەوەیە.
دیارە ئەم سێ خێوەتە هی(سەرگەرد ئازوقە = ضابط أعاشە) ی سەرباز ئەبێ کە
لەترسی هێرشی دوژمن هەڵاتووە و فریاش نەکەوتووە ئەسپەکەی زین کاو بۆی
دەرچێ. ئەمجا هەسەن دێتە خێوەتی ئازوقە ئاگر ئەکاتەوە و تەنەکەیێك قاورمە گەرم
ئەکاتەوەو لە پێش هەموو شتێکا لە بەرمیلی شەرابەکە دۆلکەیێك ئەنێ بەسەریەوە و
پاشان قاورمەی بەسەردا ئەکا، هەربەوپێیە تائێوارە ڕائەبوایری.بە جۆرێکی وابەد مەست
ئەبێ ئاگای لەبرسییەتی براو خێزانەکەی نامێنێ شەوبە سەردادی ئەچێتە خێوەتی نووستن

لەسەر تەختێك لێی ئەكەوی. سبەینێ ڕۆژ ئەبێتەوە بارێك ئازوقە لەئەسپەكە بار ١٤٠
ئەكاو بەرەو ماڵ ئەبێتەوە. كەسەیر ئەكات براو ژن و كوڕەی هەرسێكیان لەبرسانا
مردوون.

ئەمجاهەسەن دەست ئەكات بە شیوەن و گرین بەڵام لەپاش چی؟

منالە خۆشەویستەكان ئەم پەندانە بۆ ئێوەیە كە بەڵێنێكتان دا بە ڕاستی و دروستی بەجێی بێنن ئەخوزەڵا بە مرۆڤی بێچارەو داماو. ئەگەر كابرا زوو ئازوقەكەی بۆ براكەی بهێنایەوە و بەڵێنەكەی بەجێ بهێنایە ئەو كارەساتە ڕووی نەئەدا .

..............................

## ١٤٦. پوش فرۆش ١٣٨٥

**لەدەم مامۆستا (مەنجەری) وەرگیراوە**

ئەگێڕنەوە لە سەردەمی هەرە پێشودا پاوێك هەبوو ناوی (براخاس)بوو. ئەم پیاوە ژنێكی هەبوو ناوی(فاتمە قەلاش) بوو لەگەڵ سێ چوار منالی وردی لە خانوێكی پچوكی لە گوڕ دروستكراودا ئەژیان.

براخاس هەموو ڕۆژێ لەگەڵ تاریك و لێڵەی بەیان دوو كەری هەبوو ئەیدایە پێشخۆی ئەچوو بۆ دەشت هەتا دەمی نیوەڕۆ دوو بار پوش و پەڵەكی ئەدروو لەكەرەكانی بار ئەكردو ئەیهێنایەوە بۆ شار ئەیفرۆشت بە چەند درهەمێك و پارەكەی ئەدا بەنان و پێخۆر و پێویستی ماڵ بەڵام كە ئێوارە داهات و فاتمە قەلاش نانی ئەهێنایە بەردەم براخاس نەی ئەهێشت نانەكە بە دڵیەوە بنوسێ بەیاخی لێهەڵئەكرد و دەستی ئەكرد بە گرمەگرم و نەڕە نەڕ و بەیتەشەیی.

ساڵێك وا ، دووان وا، براخاسی بەسزمان لەخەفەتانا دایە بارێك و بێنیسی ئەی ئەزانی چۆن خۆی لەدەست ئەم ژنە ئەگریسە ڕزگار بكا ؟

شەوێك لە شەوان براخاس ڕویكردە فاتمە وتی : بچۆ كەرەكان كۆپان بكە و هەریەكە جەواڵ و گوریسێكی لێبەستە .

فاتە وتی : بەم شەوە نیازی چیت هەیە؟ بۆ کوێ ئەچی ؟

براخاس وتی : ئەمڕۆ لە دەشت لە بیرێکی قوڵدا گەنجینەیێکم دۆزیوەتەوە پڕە لە زێڕو زیو، بۆ ئەوەی خەڵك نەزانێ پێویستە ئەم شەو بچم دەری بێنم.

فاتە وتی: منیش لەتەك خۆتا بەرە تا یاریدەت بدەم.

هەرچەند براخاس وتی تۆم پێ ناوێ با خەڵك پێمان نەزانێ ، بێسودبوو.

فاتە شوێنی کەوت تا لەقەراغ شار گەیشتە سەر بیرێکی قوڵ براخاس وتی : گەنجینەکە والەم بیرەدایە .

ئەوا فاتە وتی : گوریس بخەرە ناوقەدم دامهێڵە خوارەوە .

ئەویش گوریسی خستە ناوقەدی و دوگەزی دارۆچکەی بیرەکە کرد لەوێدا چەقۆیێکی دا لە گوریسەکە و زرم فاتە کەوتە بنی بیرەکەوە.

براخاس هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: ئۆخەی ئەوا ڕزگارم بوو.

بۆ سبەینی براخاس ویستی بچێ بۆدەشت و پوش سەیری کرد کەس نییە منالە وردەکانی بۆ بەخێو بکا چاری ناچار وتی:بابچم فاتە لەبیرەکە دەربهێنم هەستا چووە سەربیرەکە ووتی:فاتە ماوی؟

(ی بەڵێ ماوم گوریسم بۆ دابێڵە بمهێنەرەدەرەوە.ئەویش گوریسی بۆ داهێشت و دەستی کردبە هەڵکێشانی کەهێنایەدەرەوە تەماشای کرد هەژدیهایێکە خەریك بوو بیهارێتەوە بیرەکە.هەژدیهاهاتەزمان وتی:من هەژدیهانیم فاتە قەلاش هەژدیهایە کەوا لەم بیرەدایە مەردی چاك بە لەدەست ئەو رزگارمکە.چاکەم بۆت ئەبێ:ئەوامن ئەچم لەملی کچی پاشالدناڵێم بەهیچ جۆرێك لەملی نابمەوە ئەوکاتە پاشا ئەڵێ:بەشارا جاربدەن هەرکەسێواێ ئەمهەژدیهایە لەملی کچەکەم بکاتەوە کچەکەمی ئەدەمێ تۆش وەرە خۆتم پیشانبدە لەملی ئەبمەوە.دوای ئەوە ئەچم لەملی کچی پاشای خۆرئاوا ئەناڵێم ئالام ئەبێت بۆلام و خۆتم نیشان ئەدەی ئەگینا وەزنم بۆت ئەبێت.ئەژدەها هەستاچو

لەملی کچی پاشا ئالآو بەهیچ جۆرێك لەملی نەبووەوە جاڕدرا بە شارا ، براخاس
چوو خۆی نیشان داو هەژدیها لە ملی کچە بووەوە.

کچەی لێمارەکرا کەوتە خۆشییەوە ، دوای بەینێك دەنگ بلاو بووەوە کەوا
هەژدیهایێك لەملی کچی پاشا خۆراوا ئالآوە و لێی نابێتەوە .

داوایان لە براخاس کرد کە بچێ مارەکەی لە مل بکاتەوە ئەویش هەستا چوو کە
هەژدیها برخاسی دی چاوی لێسوور بوو خەریك بوو بە براخاسەوە بدا ، براخاسیش
فێلێکی بەکار برد وتی: بۆ ئەوە نەهاتوم لە ملی کچەکە ببێتەوە، بۆ ئەوە هاتووم
ئاگادارت بکەم کە فاتمە قەلاش لەبیرەکە هاتۆتە دەرەوە ئاگات لەخۆت بێ.

هەژدیهاکە ئەمەی بیست فاتمە قەلاش لە بیرەکە رزگار بووە لەترسانا رایکرد هەتا
لەسەر زەوی چووە دەرەوە.

خۆی خستە دەریای هیندەوە.

ئەمجا منالە خۆشەویستەکان لە هەژدیها و شێر و پلنگ کومەکە زەوی و مەترسن ،
چونکە هەر بە کەل بە کوتەکێك سەری پان ئەبێتەوە بەلآم ئادەمیزادی خراپ کە بوو
بە درندە بەهێزی زانست نەبێ لەمل ئەبێتەوە کەوا بوو بخوێنن تا لەژیانا گیرو گرفت
نەیێتە رێتان. ژ/١٣٨٥

...............

**تێبینی : ژ/١٣٨٦تایبەت کراوە بە جەژنی نەورۆز و ژمارەی لا پەڕەی ژین بۆ ١٢لاپەڕە زیادکراوە، چیرۆکی تێدا نیە.**

**١٤٧. کراسی جەژن**

و: دەستگای درومان

ماوەیێك لەمەوپێش منالێکی هەشت سالآن (گولآلەخان) نامەیێکی بۆ ناردم لە
نامەکەیدا ئەلێ : - هەفتەییێك پێش جەژنی نەورۆز داوام لە دایکم کرد وتم : دایەگیان
خۆم ناوم گولآلەیە کراسێکم بۆ بدروو لە رەنگی گولآلەی ئاڵ ، تا لە دەژندا وەك

لەتەك هاورێکانم خۆم دەرخەم، ئەویش لە وەراما وتی: کچی نازدارم تۆن ئەوڕۆژ ...مەکە هێشتا زووە بۆ جەژن ڕۆژێك پێش جەژن بەسەعاتێك کراسەکەت بۆ ...ئەواو ئەکەم.

...لە دڵی خۆما لێکم دایەوە وتم: چۆن بەسەعاتێك بە نوکی دەرزی کراسێك ...ئەواو ئەبێ؟ لەم قسەیەی دایکم زۆر سەرم سوڕما، تا ڕۆژی پێش جەژن باوکم لە ...بازاڕەوە دەستگایێکی دروومانی بە کۆڵکێشێك دا ناردەوە دایکیشم کراسەکەی بۆ ...بەیەم سەعاتێکی ئەخایان کراسەکەی بە ڕێکو پێکی بۆ تەواوکردم. چونکە تا ئەو کاتە دەستگای دروومانم نەدیبوو زۆرم بەلاوە سەیر بوو.

ئەجا مامۆستا ئەمەوێ مێژووی ئەم دەستگایە و داهێنەرەکەیم تێبگەیەنی کە کێبووە؟

گوڵاڵە خان ئەتەوێ مێژووی ئەم دەستگا نایابە بزانی؟ وە بزانی داهێنەرەکە کێیە؟

(١٢٠)ساڵ لەمەوپێش لەشاری (ئەسپەنسر) کە لە وڵاتی ئەمریکادایە کوڕێکی گەنج کەناوی (ئەلیاس هو) بوو خۆی و حەوت برای وە خوشکێکی لە کارخانەیێکی جۆلاییدا کاریان ئەکرد کاتێ (ئەلیاس هو) تەمەنی گەیشتە بیست ساڵان ویستی ژن بێنێ ناوی هەر کچێکیان بۆ هەڵئەدا ئەیپرسی ئایا پیشە ئازانی لەبەر ئەوە (ئەلیاس هو) دڵی نەیئەگرت، هەتا نۆرە هاتە سەر کچێك وتیان: ئەم کچە لە دروومان بەئەخش و نیگار و هونەری جوان دا بێوێنەیە (ئەلیاس هو) دڵی بەم کچەدا چوو مارەی کرد.

ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەلیاس ئەخۆشبوو لەماڵەوە کەوتبو ژنەکەیشی بەرامبەری بە دەرزی دروومانی ئەکرد لەپڕ دەرزی یێکەی لە پەنجەی هەڵچەقی و خوێنی پیا هاتە خوارەوە وتی: ئاخ لەدەست ئەم دەرزی و دەزووە لەعنەتیە ڕزگارم ئەبوو. ئەلیاسیش وتی: دان بە خۆتا بگرە بیستومە (توماس سینت) ی ئینگلیزی خەریکە دەستگایێکی دروومان دروست بکا کە چاکبوومەوە ئەچم بۆلای بیرێکی لێوەرئەگرم، دوای ئەوەی کە ئەلیاس چاکبووەوە هەستا چوو بۆ شاری (مانچستر) بیرێکی باشی لە (توماس

سینت) وەرگرت و هاتەوە دەستی دایە درومان تا بەماوەی سالێك دەستگایێکی دیکەی
هێنایە بەرهەم بەلاّم کە کاری پێکرد هەندێ جار دەزووەکە گرێی ئەخوارد و گیری
ئەبوو.

بۆ ئەمەش پارەی پێویست بوو کە دەستگاکەی پێ ساز بکا دۆست و برادەران پیاکیان
بۆ کرد و پارەیێکی زۆریان بۆ کۆکردەوە هەتا دەستگاکەی بەتەواوی سازکرد.
(ئەلیاس هو) بە دروستکردنی ئەو دەستگایە لەئەنجا بوو بە خاوەنی دروسەد هەزار
دۆلار . (ئەلیاس هو) لەتەمەنی (٤٨)سالێدا مرد راسپاردی کرد نیوەی ئەو سامانەی
بۆ ژنەکەی وە نیوەکەی تری بدرێ بە نەخۆشخانەو قوتابخانە.

ئەمجا منالە خۆشەویستەکان ئەگەر مرۆڤ تێبکۆشێ و کاتی خۆی بەفیرۆ نەدا ئەتوانێ
بەسەر هەموو کاروبارێکی گراندا زالّ بێ. ژ/ ١٣٨٧

.................................

## ١٤٨. سەرکۆمارو بازرگان١٢٨٨

ئەگێڕنەوە لەسەردەمی هەرە پێشودا سەرکۆماری ئێلی کورد لەناوچەی شارەزووردا
خاوەن زەوی و زار و مەڕو ئاژەڵ و دەستوپێوەند و جوتیارو سەپان و شوانی ئەبێ
لەگەڵ ئەمەیشدا ئەم سەرکۆمارە پیاوێکی خوێندەوارو جیهان دیدەو زیرەك
ئەبێ.لەوسەردەمەیش دا وەکو ئێستا فرۆکەو ئۆتۆمۆبێل و شەمەندوفەر لەکارا نابێ
خەڵك بەسواری چوارپێیان لەم شارەوە بۆ شارێکی تر وە لەم دێ بۆ دێیکی تر
کاروانیان ئەکرد.

وەکو ئێستاش ئوتێل و چێشتخانە لە گەڕانەبوو، ئەمجا ئەوکەسانەی کە ئەچوون بۆ
کاروان ئەگەر پیاوێکی ناسراو و ناودار ببوایە لەماڵی سەرکۆمارێك یان لەماڵی
کوێخای دێیێك شەو میوان ئەبوون وە ئەگەر پیاوێکی لابورەو ئەناسراویش بروایە شەو
لەخانێکی وڵاخ دا ئەمایەوە ئەو شەوە تا بەیانی لەبەر هاڵاوی تەرس و بۆن خەری
لەچاو نەئەکەوت.

...روەها لەو سەردەمەدا رۆژێك لە رۆژان پیاوێکی بازرگانی دەوڵەمەند(٥٠٠) لیرەی
...لەپاشکۆی ئەسپەکەی قایم ئەکاو سەرلەبەیانی ئەکەوێتە رێ کە بچێ بۆ ناو ئێلی
...ن بۆ خوری کڕین تەنگی بانگی شێوان ئەگاتە دیوەخانی سەرکۆماری باسکراو
...سو پێوەند ئەچن بەپیریەوە جلەوی ولاخەکەی ئەگرن وئەیبەستنەوەو ئالیکی ئەکەن
...را سەرکۆماریش پێشوازی ئەکاو لە ژووری خۆی لەسەر دۆشەك دای ئەنێ و
...ی دێتە پێشەوە بریانی بەرخ و شلە قاورمەی لەسەر ئەبێ دەست ئەکەن بە نانخواردن
...نەی خۆش . سەرکۆمار روئەکاتە بازرگان و ئەڵێ : چۆنە وا رێت کەوتۆتە ئێرە ؟
...ێگە بۆ خوری کڕین هاتیی؟
...ویش ئەڵێ: بەڵێ(٥٠٠) لیرەم هێناوە ئەمەوێ لەم ناوچەیە بیدەم بەخوری .
...ێك لە دەستو پێوەنەکانی گوێی لەم قسەیە ئەبێ شەو لێی ئەچێتە کەمین لەکلتێکا
... بازرگان لەخەوا ئەبێ (٥٠٠) لیرەکە لەژێر سەرینەکەی دەردێنێ و ئەیبا لە
...وێنێك قایمی ئەکا.
...بەیانی بازرگان لەخەو هەڵئەستێ سەیر ئەکا پارەکەی نەماوە خەفەت و پەژارە دای
...گرێ و زمانی وشك ئەبێ ، سەرکۆمار هەست بە زویری بازرگان ئەکا و لێی ئەپرسێ
...چی وا تێکچووی؟
...یش ئەڵێ : چی بێ لەتۆ نهێنی بێ (٥٠٠)لیرەکەم لەژێر سەرما بوو ئەمشەو
...وباوە.
...رکۆمار کە ئەمەی بیست لەرقانا سور ئەبێتەوە ئەزانێ کە دەستو پێوەندەکەی خۆی
...م کتەیان کردووە و ئەم شەرمەزارییەیان بەسەر هێناوە.
...سەرکۆماریش لە رەنجبەرو جوتیار و سەپان و شوان و مەیتەر و کارەکەر و خزمەتکار...
...کەی (٢٠٠)کەسێکی ئەبێ لەدڵی خۆیدا لێکی ئەداتەوە ئەڵێ : ئێستە...
...(٢٠٠)کەسە بهێنمە ژێر گیرودار و فەلاقەیان بکەم خوا هەڵناگرێ دیارە ئەم تاوان...

ئیشی یەکێکە(١٩٩)ی بێگوناهە. دیتی هەموو دەستو پێوەندەکەی کۆنەکانەوە نێرەکەرێکی (شاسەیوان)ی ئەبێ ئەیکاتە تەویلەیەکەوە ئەڵێ : یەکەیەکە بچنە ئەو تەویلەیەوە دەست لەکلکی کەرەکە بدەن خۆیشم لەبەردەرگا ئەوەستم . ئەو کەسەی کە پارەکەی دزیوە کەرەکەی لێدێتە زمان وە ئەوەی نەیدزیێ کەرەکە قسە ناکا. یەکەیەکە چوونە تەویلەکەوە تا(١٩٩)کەس دەستی لە کلکی کەرەکەدا کەر ئەماتە زمان کە نۆرە گەیشتە سەر دزەکە نەیوێرا دەست لە کلکی کەرە بدا ئەمجا سەرکۆمار یەکەیەکە بۆنی دەستی کردن و دزەکەی دۆزییەوە تومەز ئارەقی ئەعنای دابوو لە کلکی کەرەکە پارەکەی دایەوە بە بازرگانەکە وە دزەکەیشی سزادا.

ژ/١٣٨٨ لا ٤ پێنج شەممە ١٩٥٨/٤/٣

## ١٤٩. چۆن هێزی کێشکردنی زەوی زانرا ١٣٨٩

ئەگەر تەماشای مێژووی هەندێ داهێنان بکەین ئەبینین ئەم داهێنان و دۆزینەوە بەکەڵکانە هەر یەکەی لەئەنجامی روودانی شتێکی سادە و پچوکەوە هاتوتەدی. بەڵام ئەو کەسانەی کەشتیان داهێناوەو دۆزیوەتەوە زرنگ و وردبین بوون لەو رۆژەوەکە ئادەمیزاد هاتۆتەسەر زەوی تا (٣٠٠)ساڵ لەمەوبەر کەس بەبیریا نەهاتووە کە زەوی هەمو (جسم = بارسایی)یێك بۆ لای خۆی کێش ئەکا. رۆژێك لە رۆژان کوڕێك لەتەمەنی (١٥) ساڵیدا کەناوی (نیوتن) ئەبێ لەباخچەی حەوشەکەی خۆیاندا ئەبن درەختێکی سێودا دائەنیشێ بەدەرزەکانی قوتابخانەیا ئەچێتەوە لەناکاو سێوێك لە درەختەکە ئەکەوێتە خوارەوە (نیوتن) لەکەوتنی سێوەکە بۆ سەر زەوی زۆر سەری سوڕ ئەمێنێ لە دڵی خۆیدا ئەڵێ : بۆچی سێوەکە لە درەختەکە جیا بووەوە ڕ بەرەو ژوور نەرۆیشت و کەوتە سەر زەوی ؟

بەم جۆرە (نیوتن) کەوتە خولیای ئەمە و کە بزانێ بۆچی زەوی هەموو بارساییێك بۆلای خۆی رائەکێشێ ؟ لەم بابەتەوە پرسیاری ئەم هۆیەی لەهەر کەسێك ئەکرد

ئەخمەریان پێئەکرد و پێی پێئەکەنین چونکە پرسیارەکەیان بەشتێکی هیچ و پوچ ئەزانی.
بەلام نیوتن وازی نەهێنا بە زیرەکی خۆی ساغی کردەوە کە زەوی خاوەنی هێزێکی ئەکێشەوە هەمو شتێك بۆلای خۆی بەکێش ئەکا چونکە ئەگەر وا نەبوایە ئەو شتانەی کەلەسەر زوی زەوین سەرپاکی لەبۆشایی دا بلاوئەبووەوەو ئەفرو تونا ئەبوو. وە هیچ جۆرە شتێك لەسەر زەوی نەئەوەستا.

زانایان ئەلێن : ئەم هێزە بە کێشە بارسایێکە لەناوەڕاستی (کرە = گردەلە) ی زەوی لە وێنەی شتێکی شلدا جێگیرە. وە هەندێ لە زاناکانیش ئەلێن : ئەگەر هێزی کێشی زەوی نەدۆززرایەوە، ئەو هێزە بەراوردو تاقی نەکرایەوە بالۆن ،فرۆکەیش ئەمڕۆ نەئەهاتە کایەوە. چونکە بالۆن و فرۆکە پەیوەندی بەکێشی زەوی یەوە هەیە .




نیوتن لەسەردەمی منالییەوە لە پیریشدا بەهیچ جۆرێ کاتی خۆی بە فیرۆ نەداوە، هەمیشە لە زانستی گەڕاوە. شەوو ڕۆژ پێنووس وکاغەزی

لەدەست نەکەوتۆتە خوارەوە مەگەر نووستن نان خواردن. هەرشتێکیشی نەزانیایە لە مامۆستاکانی پرسیار ئەکرد(کیمیا - فیزیك ، ئەندازە و ژمارە و ئەستێرە و چەرخشوناسی ) دا بوو بە یەکتای چاخی خۆی و بویش بە سەر دەبیری دانیشگایێکی گەورە.

ئەوەیش بزانن ئاوێنەسازی و تێهەڵسوونی جیوە لە پشتی شوشە ئەم فێری خەڵکی کرد.

نیوتن لە شارێکی پچوکی وڵاتی ئینگلتەرە ساڵی١٦٤٢م هاتۆتە دنیاوە ساڵی ١٧٢٧م لەتەمەنی٨٥ساڵیدا دوای ئەوەی گەلێك نوسراوی کردەوەی بە کەڵکی بۆ هۆزەکەی بەجێهێشت کۆچی دوایی کرد.

ئەمجا منالە خۆشەویستەکان ئێوەیش کاتی خۆتان بە فیرۆ مەدەن تێکۆشن بخوێنن تا لە ئەنجامدا هەر یەکەتان ببن بە نیوتن وە دەسگیرۆیی هۆزەکەی خۆتان بکەن. ژ/١٣٨٩



لەسلێمانی/ شەقامی سالم، دیواری راگریان بەوێنەی چەندین کەسایەتی ئەخشاندوە، نجم الدین مەلا و...

## دراوسێکانی جیهانمان و ئەستێرە شوناسی ١٣٩٠

١٨١ منالانی خۆشەویست . ئەم گۆی زەوییەی کە بە ئەستێرەیێك ناسراوە، بە ملیۆنان
ئەمسەگەل = کائینات) ی لەسەر ئەژی پەیوەندی بە هەندێ دراوسێوە هەیە کە بە
هەمرویان ئەلێن : (کۆمەڵەی خۆر) هەندێ باسی گەڕان و چۆنیەتیان ئەکەین :-
١. خۆر : نابێ هیچ کەس بیر لەوە بکاتەوە بگاتە ناو گۆی خۆر چونکە گەرماییەکەی
بە ئەندازەیێکە کە هەر گیاندار وە یان شتێکی رەق و یان شل توخنی بکەوێ هەر
ئەرکاتە ئەبێ بە هەڵم و پەخش ئەبێتەوە، خۆر بێجگە لەو کەرستانەی کە هەمیشە
ئەسرتێن و بلێسە دارن هیچ جۆرە هەس گەلێکی تیا نیەو تیا ناژی. گەرمایی
ئەوراستی خۆر چل ملیۆن (پلە= دەرەجە) یە و ئەم گۆ روناکە ملیونێك جار لەزەوی
گەورەترە.
٢. عطارد = زاوە :- نزیکترین ئەستێرەیێکە لە رۆژەوە و پچوکترین گۆیێکە لە
کۆمەڵەی خۆر. قەوارەی(٣٠٠) میلە و بە (٣) مانگ جارێك بەدەوری خۆردا
ئەسوڕێتەوە. ئەو رووەی کەلە خۆرە هێجگار گەرمە ، دیوەکەی تری شەوە بە
پێچەوانەی ئەو هێجگار ساردە.
٣. زهرە = زورە = نامید :- هیچ ئەستێرە شوناسێك تا ئەمڕۆ نەیتوانیوە ببینێ چونکە
هەمیشە بە هەوری سپی داپۆشراوە . (زورە) بە (٧) مانگ جارێك بە دەوری خۆر
ئەسوڕێتەوە قەوارەی (٧٦٠٠٠)میلە ئەم ئەستێرەیە لەپێش خۆرهەڵات و لەپاش
خۆرئاوا کەمێ دەرئەکەوێ لەبەر ئەوە بە ئەستێرەی بەیان یان شێوان بەناوبانگە .
٤. زەوی:- ئەستێرەیێکە کە لەگەڵ خۆردا هاوڕێی دێرینمانە قەوارەی(٨٠٠٠)میلە
بەشێکی بەشی ئاوە بەشێکی وشکاییە بە (٣٦٥)رۆژ و ٦سەعات جارێك بە دەوری خۆردا

ئەسوڕێتەوە. زەوی مانگێکی هەیە کە ماوەی ۲۳۹۰۰۰ لێوەی دورە. گۆی مانگ نزیکترینی دراوسێی زەوییە.

٥. مانگ :- ئەم گۆیە دنیایێکی مردووە و ئاو و بای تێدا نییە و بەیارە لەبەر ئەوە گیاندارو گژوگیای تیاناژی . بەم هۆیەوە ئەگەر کەسێك بیەوێ بچێ بۆناو گۆی مانگ ئەبێ بە بەرگی تایەبەتی و دەستگای (ئۆکسجین)ەوە بچێ.

٦. مەریخ = بارام :- ئەم ئەستێرەیە لە گۆی زەوی بچوکترە قەوارەی ٤٢٠٠ میلە گیاندارو گژوگیای تێدایە . وەکو زەوی (قتبی شمالی و جنوبی) کۆرەکی باکورو نیوەڕۆی هەیە خاوەنی دوو مانگە (دیموس ، فوبوس) کە دوو وشەی یونانین کاتی خۆی پەیکەریان بۆ کراوە، ئەم ئەستێرەیە بە دووساڵ جارێك بەدەوری خۆردا ئەگەڕێ و ڕەنگی سوورە.

٧. میشتەری = برجیس :- ئەستێرەیێکە لە گەورەترینی کۆمەڵەی خۆر قەوارەی ۸۸۰۰۰میلە بە ۱۲ساڵ جارێك بەدەوری خۆردا ئەگەڕێ خاوەنی هێزی کێشێکی ئەوتۆیە کە ئەگەر ئادەمیزاد بچێتە ناوی ئیتر تواناای ڕۆشتنی نییە و ڕەق ئەوەستێ. برجیس زۆرتر لە ئەستێرەکانی کە مانگی هەیە.

٨. زحل= کەیوان:- جوان ترینی ئەستێرەیکەلەکۆمەڵەی خۆر بە۲۹ساڵ جارێك بەدەوری خۆردا ئەچەرخێ وەخاوەنی ۹مانگە.

٩. ئۆرانۆس:- ئەم ئەستێرەیە قەوارەی ۳۱۰۰۰میلە بە۸٤ساڵ جارێك بەدەوری خۆردا ئەچەرخێ ۱۸۰۰ملیۆن میل لەخۆرەوە دوورە.

١٠. نەپتۆن:- ئەم ئەستێرەیە ۱۱۰ساڵ لەمەوپێش دۆزراوەتەوە وەکو زاناکان ئەڵێن: بە۱٦٥۱ساڵ جارێك بەدەوری خۆردا ئەتوانێت بچەرخێ.

١١. پلۆتۆ :- ئەم ئەستێرەیە ساڵی ۱۹۳۰ م دۆزراوەتەوە ئەوەندە گەورەیە کە بە ۲٤۸ساڵ جارێك ئەتوانێ بەدەوری خۆردا بگەڕێ بەبۆنەی باسی ئەستێرەوە لە خوا

ئەحوازین دوو ئەستێرە گەشەکەی بەیاخەکەمان ئەکوژێتەوە بۆ رەجمی شەیاتین و دوژمنمان هەر بمێنێ. ژ/١٣٩٠

## کۆڵین و لێکۆڵینەوەی زەوی ١٣٩١

١٥١/ (دارا) کوڕێکی ژیرو تێگەیشتوو بوو هەمیشە (سەودا سەری = ئاشق)ی هونەری زانستی بوو. هەر شتێکی نەزانیایە لێی ئەکۆڵییەوە و پرسیاری ئەکرد، رۆژێك لەرۆژان کەلەگەڵ دایە گەورەیدا گفتوگۆی ئەکرد لێی پرسی: ئەرێ دایە گەورە ئەم زەوییەی کە ئێمەی لەسەر ئەژین ژێرەوەی چی تێدایە؟

ئەویش بە ساردیکەوە وتی: خۆ من نەچوومە ژێر زەوی چوزانم چی تێدایە؟ وا گومان ئەبەم لە خاك و بەرد بەولاوە شتێکی تری تێدا نییە.

لەم وەرامە ساردەی دایە گەورە دارا هیچ سودێکی وەرنەگرت.بڕیاری دا کە زەوی هەڵبکەنێ و بگاتە ئەوپەڕی تا بزانێ ژێر زەوی چی تێدایە؟

هەرچۆنێ بوو پاچولکەیێکی پەیداکردو لە شوێنێکی نەدیوی حەوشەکەیاندا دەستی کرد بە زەوی کۆڵین. یەکەم جار چونکە زەوییەکە نەرم بوو نزیکەی نیو مەتری هەڵکەند، بەڵام بۆ سبەینێ زەوییەکە بەلای سەختییەوە ئەچوو دارا ماندوو بوو لەکارکەوت. لەم کاتەدا باوکی بەسەرداهات وە رازی نهێنی ئاشکرابوو. ئەمجا باوکی بەڕوویێکی خۆشەوە روویتێکرد وتی: کوڕی خۆشەویستم نە تۆ و نە کەسێکی ناتوانێ زەوی هەڵبکەنێ و لەوپەری بێتەدەرەوە، تۆ ئەگەر بتەوێ زەوی هەڵکەنێ و لەوپەڕی بێتەدەرەوە ئەبێ بەئەندازەی هەزاران جار بەرزی چیای پیرەمەگروون زەوی هەڵکەنێ ئەوکاتە ئەگەیتە ناوەراستی زەوی چونکە قوڵای زەوی (٨٠٠٠) میلە کە هەرمیلێکی ١٦٠٩،٥مەترە دارا وتی: بابە کەکەس نەیتوانیوە زەوی هەڵکەنێ و بگاتە ئەو وسەری ئەی چۆن زانراوە کە قوڵای زەوی ٨ هەزار میلە، باوکی وتی: کوڕم ئەمڕۆ ئەو ڕۆژە

نییە کە(مەلای مەزبوورە) سواری کەرەکەی بوو لێیان پرسی: مەلا ناوەڕاستی زەوی کامەیە؟

لەوەراما وتی : عاستی قولەپێی کەرەکەمە.

وتیان : بە چیا ئەزانی ؟

وتی : ئە سەرو ئەو سەری بپێون ئەگەر کەم و زۆری هەبوو دیارە من هیچ نازانم.

کوڕم ئەو رۆژە رۆیشت، ئەمڕۆ بەهۆی پرۆژەی زانستی و پیشەسازییەوە دەردی مەرگ نەبێ هەموو گرێ کوێرەییێک کراوەتەوە، هەموو شتێک زانراوە.

ئەم زەوییەی کە ئێمەی لەسەر ئەژین لەکاتی خۆیدا پارچەیێک بووە لە رۆژ جوێ بوتەوە. وە بەرە بەرە سارد بووەتەوە . لەناوسکی زەویدا گەلێک کانی بەنرخی وەکو خەڵوز، نەوت، مس، ئاسن، (هـ.ت.د) هەیە. لە ناوەراستی زەوی دا گەلێک کانی تواوەی تێدایە کە هێشتا سفت و سەخت نەبووە، هەمیشە لە گرو بڵێسە دایە، ل هەندێ چیای وەکو: (دەماوەند) و چیاکانی (یان) ەوە ئەو گرو بڵێسەیە وەکو تەنو دێتە دەرەوە. هەندێ جاریش ئەم کانانە بەهۆی (أنفجار = هەڵتۆقین) ەوە ئەبنە هۆی بومەلەرزەو زەوی دێننە شەق و شۆق و زیانێکی زۆری گیان و سامان لە دانیشتوان ئەدەن.

ئەمڕۆ دانیشتوانی هەموو رووی زەوی دوو ملیار و نیوە کە ئەکاتە (٢٥٠٠) ملیۆن ئەگەر تۆ رۆژێك تەماشای سوپاییکی دوو هەزار کەسی سەرباز بکەی کە بە هێوانی بۆ خۆ پیشاندان بە شەقامێك دا ئەڕۆن بۆ بینینی هەموویان ئەبێ دوو سەعات بوەستی.

ئەمجا ئەگەر وا دابنێین دانیشتوانی هەموو رووی زەوی بە رۆیشتنێکی سەربازانە بەبەر دەمتا تێپەڕبن بۆ بینینی گشتیان تەمەنێکی (٦٠)ساڵیت پێئەوێ.

ئێستا پارچەی ئاسیا لە پارچەکانی تری زەوی ئاوەدان و پڕ کۆمەڵ ترە. تەنیا دەوڵەتی (چین) ٥٩٠١٩٤٠٠٠ و هندستان ٤٢٠٠٠٠٠٠٠ کەسە. رۆژ بەرۆژ دانیشتوانی رووی زەوی لە زۆرییە، زاناکان بۆیان دەرکەوتووە کە لەماوەی دەقیقەیێك دا

(١٠٠)کەس دێتە دنیاوە بەڵام ئەوەی لە دنیا دەرئەچێ لەوە کەمترە، لەبەر ئەمە
دانیشتوانی رووی لە زۆرییە. ئەمڕۆ لە هەموو دنیادا(٣٠٠٠ ) زمانی سەربەخۆی
جیاواز هەیە کەس نەیتوانیوە بەتەنیا هەمووی بزانێ بەڵام وانایێکی ئەمریکی (١٠٠) و
زانایێکی کورد(٢٥) زمان ئەزانێ. ژ/١٣٩١

.......

١٥٢. **مێژوی داهێنانی ( پایسکل ) دوو چەرخە ١٣٩٢**

ئەگەر لە هەندێ شتی بەکەڵك ورد ببینەوە ئەبینین یەکەم جار لە واریچە=
کەلوپەلی باری منالانەوە هاتۆتەدی، زۆر دور نەچین وەکو پایسکل = دو چەرخە کە لە
سالی ١٨٠٠م دارشێکی فرانسی کەناوی (مسیوسیورا)بو لە دارو تەختە کەلوپەلی
باری منالانی دروست ئەکردو ئەیفرۆشت. یەکێ لەوانە ئەسپە دارینەیێکی پچوك بو
لەژێریەوە دوپێچکەی پێوە بەندکردبو منالان سواری ئەبون پێیان لە زەوی گیر
ئەکرد و تەکانیان بە ئەسپەکە ئەدا ئەمجا پێیان لە زەوی بلند ئەکرد ئەسپەکەیش ماوەی
دە هەنگاو بە تەوژم بۆ پێشەوە ئەڕۆیی بەم جۆرە منالان لەماوەیێکی کەمدا پێی ئەچون
بۆ قوتابخانە . ئەم ئەسپە دارینەیە سەرنجی گەلێ زاناو پیشەسازانی راکێشا . سالی
١٨١٨م واتا(١٤٠ )سالْ لەمەوپێش ئاسنگەرێکی ئەلمانی کەناوی (بارون وەندەر)بو
توانی لەماوەی دە سالدا دووچەرخەیێك لە ئاسن دروست بکا، پێچکە پێشەوەی
بچوك وە پێچکەی دواوەی گەورە کە لەماوەی سەعاتێکدا (٣٢)کیلۆ مەترە رێگای
ئەبری و دوو چەرخەکەی لە پیشانگایێکی میریدا پیشان دا نیشان و خەلاتێکی باشی
بۆ وەرگرت.

دوای ئەو لە ولاتی ئینگلتەرەدا ئاسنگەرێکی تر کە ناوی (ماك میلان)بو سالی
١٨٥٠ دوچەرخەیێکی وەك ئەمانەی ئێستای دروستکرد ئەویش لە کاتێکا سوار بوبو
دوچەرخەکەی تاقی ئەکردەوە منالێکی کرد بە ژێرەوە منالەکە مرد لەسەر ئەمە میری

خستیە بەندیخانەوە ، وە هەرچی پارەیێکیشی هەبوو بە سزا لێی سەند لەئەنجامدا

لەئەنجاما لە بەندیخانەدا مرد.

ئەمە مێژووی دووچەرخە با ئەختێکیش باسی چاکەو خراپەی بکەین : دووچەرخە کە

نرخی هەرزانە و هیچ ئالیك لەمەڕ خاوەنی ناخوا بۆ ڕێی دوور نزیك کردنەوە شتێکی

هێجگار بەکەڵکە بەتایبەتی بۆ ئەو فەڕاش و نامەبەرانە کەلەناو شاردا نامە دابەش ئەکەن

وە بۆ ئەو قوتابیانەی کە ماڵیان لە قوتابخانەکەیان دوورە . وە بۆ ئەو وەستا و

کرێکارانەی کە ئیشەکەیان لە شوێنی دوورە. نەك بۆ گەنجە کە بەناوشاردا گەڕان و

بەڕۆینێکی ناشیانە . ئۆف ..ئەو داخە قەت خۆش نابێتەوە دایك و باوکێکی هەژار

ماوەی حەوت ساڵ هەتا منالێك گەورە ئەکا و لە خەمی ئەرەخسێنێ خوێنی ئەبێ بە ئاو

کەچی ئەوەندەی ئەزانی بە مردوویی بۆی دێتەوە ، بە سکلێی بایسکل جگەری ئەو

دایك و باوکە ئەسوتێنن .

خۆزگە میری دەستورێکی دابنایە بۆ ئەمە بێجگە لەو کەسانەی کە ئەزانن پایسکل

لێبخوڕن و بە ڕێوەی بەرن و بۆ ئیشی تایەبەتی خۆیان بەکاری ئەهێنن قەدەغەی لەوانە

بکردایە کە لە لێخوڕینی پایسکل ناشین و ئەچن بە کرێیشی ئەگرن خۆ هێجگار هەندێ

منالێ هەیە لەناوەڕاستی شەقامەکەدا پایسکلەکەی ئەخولێنێتەوەو مەقستەی پێئەکا بەم

ڕێوار سەری لێئەشێوێ و نازانێ چیبکا، ئیتر بەم بۆنەیەوە چاوەڕوانی دڵسۆزی

کاربەدەستان ئەکەین دادو دەستگا و دەستورێك بۆ ئەمە دابنێن. ژ/ ١٣٩٢

........................................

## ١٥٣. مێژوی شوشەسازی ١٣٩٣

منالانی خۆشەویست ئێوە هەموتان شوشەتان دیوە کەشتێکی نایاب و بەکەڵکە. لە

هەمو جۆر(هەوڕ = زەرف)ی لێدروست کراوە وەکو دەوری چێشت خواردن وە

پیالەو ژێرپیاڵەی چایی و پەرداخی (رنگاڵ=شەربەت) نۆشین و ئاوخواردنەوە.

یم شروشانەیش وەك : کەپوولی داروە گلینەی گلّ چلك و پیسی لە خۆی ناگری و
ولی نامژێ رە وەك مس ژەنگ و ژار هەڵنایەنێ هێجگار پاکوخاوێنە ئەگەر چلکیش
بە جۆرێك ئاو پاك ئەبێتەوە.

یعا با بزانین مێژووی داهێنانی شووشە چەند ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە ؟

زانایانی دێرینە شوناس بیروباوەڕیان وایە : کە میسریەکانی کۆن یەکەم هۆزێك بوون
ی چوارهەزار ساڵ لەمەوپێش لە شووشەسازیدا پێشکەوتوبون وە ئەمرۆ پارچە
هەورێکی شوشەیان لە دێرینەخانەی (لەندەن) دا پارێزراوە کەتەمەنی پیرۆزی ئەو
هەورە(٤٠٠٠) ساڵە .

دوای ئەوان (ئاشوری) یەکانیش لە هونەری شووشەسازیدا بەدەسەڵات بوون.

مەرگی شووشەسازی:—

لە سەدەی پازدەهەمی (م)دا واتا(٥٠٠)ساڵ لەمەوپێش لە (ئیتالیا)دا شووشەسازی
هێجگار بروزی سەندووە لە هەموو جۆر هەورِ و پێویستی ماڵیان لە شووشە
دروستکردووەو بۆ بازرگانی ناردوویانە بۆ وڵاتانی رۆژهەڵات بەوە پارەیێکی زۆریان
دەست کەوتووە.

بەڵام دستورێکی سەیریان بوو ئەگەر وەستایێکی شووشەسازی لەشارەکەی خۆی
بچوایە بۆ شارێکی بێگانە لەترسی ئەوەی پیشەکەی بڵاونەکاتەوە لەلایەن سەرکۆمارەوە
فەرمانی کوشتنی ئەدرا.

شووشە لە بەکارهێنانی پەنجەرەدا:

چوارسەد ساڵ لەمەوپێش لە وڵاتی (فرنسە)و(ئینگلتەرە) دا شووشەیان بەکارهێناوە بۆ
پەنجەرە بەڵام نرخی زۆر گران بووە هەرکەسێکیش پەنجەرەی لە شووشە دروستبکردایە
لەلایەن میریەوە ساڵانە باجێکی زۆریان لێ ئەسەند.

دروستکردنی گورِ لە شووشە:

(٢٦٠٠)ساڵ لەمەوپێش کوردەکانی ماد لە دەوروبەری (ئەبنەوا) دا کارخانەی شووشەسازییان بووە . لە هونەری شووشەسازیدا زۆر پێشکەوتوو بوون. ئەوانەت ئەگەر خۆشەویستێکیان بمردایە بۆ ئەوەی هەمووکاتێ بچن بیبینن لە شووشە گۆڕیان بۆ دروست ئەکردو ئەیان ناشت وە ئێستایش گۆڕێکی شووشەی منالی حوکمدارێکیان ل دێرینخانەی(بەتروغراد) پارێزراوە.

دروستکردنی خانو لە شووشە:

لە گەلێ وڵاتانی ڕۆژئاوادا ئەیانەوێ خانوو لە شووشە دابرێژن بەڵام پارەیێکی زۆری تێئەچێ بێجگە لەوەیش لەترسی(خەمپارە = بۆمبا) ی لەعنەتی ناوێرن دروستی بکەن.

دروستکردنی دەستگای (باڵەبان = مۆسیقا) لە شووشە:

چەند ساڵێك لەمەوبەر لە (ئەڵەمانیا) دا گەلێ دەستگای باڵەبان وەکو بلوێر، شمشاڵ قەرناتە، لە شووشە دروستکرا.

ئەمە باسی شووشە . چەرخ مەرگی جوانان ئەکا بە پیشە

مـەرگ وەك بەردە ئینسانیش شیشە ژ/١٣٩٣

........................................................................................

## ١٥٤. دادڕەسی فەرمانداریکی کورد ١٣٩٤

ئەگێڕنەوە لە سەردەمی پێشوو لەم وڵاتەدا پیاوێك ئەبێ ناوی(مراد ئاغا) ئەبێ ئەم پیاوە خاوەنی سامانێکی زۆر ئەبێ کاتێ نەخۆشی مەرگ ئەیدا بە زەویدا بیر ئەکاتەوە کە سامانەکەی بە کەسێکی دەستپاك بسپێرێ بۆ ئەوەی لەدوا ڕۆژا کە(نەورەس)ی کوڕی تاقانەی گەورە بوو بیداتێ . لەدڵی خۆیا ئەڵێ : (میرزا تەیمور) دۆستی دێرین و گیانی گیانی مە بەخوا کەسی لەو دەس پاکو دڵسۆز ترم دەسناکەوێ وا چاکە سامانەکەم بەو بسپێرم . ئەنێرێ بەشوێنیا(٤٠٠٠)ئەشرەفی زێڕی ئەداتێ و ئەڵێ : ئەم پارەیە لای خۆت پارێزگاری بکە هەرکاتێ نەورەسی کوڕم گەورەبوو بیدەرێ بازرگانی پێوە بکا . ئەویش پارەکەی وەرئەگرێ و ئەڕوا.

دراجار مراد ئاغا دلی ئەکەوێتە مەراقەوە روو ئەکاتە (خاتون)ی هاوسەری ئەڵێ: ئەگەر داوو (تەیمور) لە کاتی خۆیدا ئەم پارەیەی ئەدایەوە بە کوڕەکەم، کوڕە دوارۆژی تاریك ئەبێ و ئەبێ بچێ کۆڵکێشی بکا خۆی پێبژێنێ ؟

داتونیش ئەڵێ: ئەمە شتێکی ئاسانە بانگی بکە قەواڵەیێکی پێنووسە و مۆری بکا کەوا ئەمەندەی پارەی لەلایە (مرادئاغا) ئەم قسەیە پەسەند ئەکا قەواڵەیێك لە (تەیمور) وەرئەگرێ و ئەیخاتە سنوقێکی پچوکی زێڕەوە و لە قوماشێکی سوورمەی گرێ ئەدا و ئەیکاتە ملی نەورەس. دوای ئەم کەین و بەینە بە چەند رۆژێك (مرادئاغا)گیانی بە یەزدان ئەسپێرێ . میرزا تەیموریش بەو پارەیەوە دەست ئەکا بە بازرگانی سامانێکی زۆر پێکەوە ئەنێ و هیچ ئەم منالە بێباوکە و دایکەی نایەتەوە یاد کە سەرێکیان لێدا و کارێکیان بۆ بەئەنجام بگەیێنێ. چەند ساڵێکی پێچو نەورەس کوڕێکی خوێندەوارو رەوشت و خو جوان و قارەمانی لێدەرچوو. بەجارێکی وا کچانی گەڕەك هەر یەکەیان داواخواز بوون کە بێن بە هاوسەری بەڵام ئەو جگە لە (بەهار) ی دەسگیرانی دڵی بە کەسیان ئەدا.

کاتێ ویستی بەهار مارە بکا بۆ ئەمە پارەیێکی زۆری پێویست بوو، رویکردە دایکی وتی: ئایا باوکم هیچ سامانێکی بۆ جێنەهێشتووم ؟

دایکیش وتی : ئەو پاکەتە زێڕەی کەلە ملتایەقەواڵەی (٤٠٠٠)ئەشرەفی تێدایە کوڕە.

کە پاکەتەکەی هەڵپچڕی و خوێندییەوە هەستا چوو بۆلای تەیمور وتی: ئەو پارەیەی کە باوکم بە سپاردە لای داناوی بمدەرەوە.

تەیمور بە ساردیێکەوە وتی: کەی من باوکی تۆم ناسیوە ؟ پارەی چی ؟ تۆ شێت بووی .

کوڕە قەواڵەکەی پیشان دا وتی : ئایا ئەمە دەستنوس و مۆری تۆ نییە ؟

تەیمور قەواڵەکەی لەدەس هەڵپچڕکان و ئاگرێکی پێوەنا سووتاندی.

لەو سەردەمەدا خوالێخۆشبوو (ئەحمەد پاشای بابان) فەرمانڕەوا بوو(دروشم = شیعار) ەکەیشی وابوو:زەلامێك بە دەستی راستیەوە شمشێرێك وە بە دەستی چەپیەوە ترازوێك هەردوو تای بەرامبەر وە قورئانێکی کراوە لەبەردەمیا لەسەر پارچە قەنەوزێکی سوور بە سێی وێنە کرابوو. بەسەر دەرگای دیوانەکەیەوە هەڵواسرابوو. بەم هۆیەوە کەس نەیئەوێرا خراپە بکا.

نەورەس هەڵئەستێ ئەچێ بۆلای (ئەحمەد پاشا) و سەربوردی خۆی تێئەگەیەنێ. ئەویش ئەنێرێ بەشوێن تەیموردا هەرچەند پاشا لەگەڵی ئەڵێ و ئەکۆڵێتەوە تەیمور دان بە راستیدا نانێ. ئەمجا پاشا بە نەورەس ئەڵێ: سبەی خۆت و دایکت. بە تەیموریش ئەڵێ: خۆتو ژنەکەت وەرن بۆلام.

بۆ سبەینێ هەڵئەستن ئەچن، پاشا روو ئەکاتە نەورەس و دایکی ئەڵێ: ئێوە داوای هەق ئەکەن دیارە بەهێز و توانان هەیەکەتان سەرێکی ئەم سنوقە تەختەیە بگرن دووجار بە دەوری ئەو باخچەیەدا بێئەوەی دایبنێنە زەوی بیگێڕن و بیهێننەوە بۆلام دایك و کوڕ هەیەکەیان سەرێکی سندوقەکە ئەگرن و بەدەوری باخچەکەدا ئەیگێڕن، سندوقەکەیش زۆر قورس ئەبێ لەرێگا کوڕەکە لەبەر خۆیەوە ئەڵێ: خوا لەناوت بیا بۆ چ پاشایەکی لەجیاتی هەقمان بۆ بستێنێ گاڵتەمان پێئەکەی. سندوقەکە دووجار ئەگێڕن و ئەی هێننەوە بۆلای پاشا.

کە نۆرە دێتە سەر تەیمورو ژنەکەی سندوقەکە بگێڕن لەرێگا ژنەکە بە تەیمور ئەڵێ: لە کەلی شەیتان وەرە خوارەوە، ئەو پارەیەی لەلاتی بیدەرەوە بە خاوەنی، تۆ تا ئێستا ئەو هەموو سامانەت بەسوودی پارەی مرادئاغا پێکەوە ناوە بۆچی ئەمەکت لەبەرچاو نیە! کاتێ سندوق دەهێننەوە ئەحمەدپاشا سندوقەکە ئەکاتەوە پیرەمێردێکی کورتەبالای نورانی لێدێتە دەرەوە.

ئیتر لەوێدا تەیمور شەرمەزار ئەبێ و ئەچێ پارەکە بەتەواوی دێنێتەوە بۆ کوڕەکە چونکە پیرەمێرد گفتوگۆی هەردولای گوێ لێئەبێ. ژ/١٣٩٤

## ١٥١. بەسەرهاتی راوکەرێك ١٣٩٥

ئەگێڕنەوە : چەند سالێك لەمەوپێش لە دێ یێك کە چوار دەوری چڕو دارستان
ئاوایی رۆژێك بە ئاوایی دا دەنگ بلاّوئەبێتەوە کە وا پلنگێك لە دارستانەکەوە بەشەو وە
لە دەمی بەربەیاندا دێت بۆ نزیك ئاوایی زیان لە مەڕو مالاّت ئەداو رێ لە رێبوار
ئەباتە بەست.

بۆ لەناو بردنی ئەم پلنگە کە راوکەرانی ئاوایی دەستیان ئەدایە تفەنگ و بچن راوی
بکەن چەند هەنگاوێك ئەڕۆیشتن و لەترسانا قاچیان ئەلەرزی و بۆ دواوە ئەگەڕانەوە .
بەلاّم (فەرەیدون) کە کوڕێکی شۆخ و بە شان و بازو و دلێر و میر کوڕی ئاوایی بوو،
ئەویش بووکی بۆ گوێزرابووەوە شەوێك لە شەوان بە پەریزادی هاوسەری وت: بەیانی
زوێشوم لە نانەبەرەدا بۆ ئامادە بکە بەلکو بچم راوی ئەم پلنگە خوێن مژە بکەم کەوا
هەراسی بە ئاوایی هەلگرتووە.

پەریزادیش وتی: پلنگ بەتۆ راو ناکرێ وە خۆت مەخەرە ژێر چنگی پلنگەوە .
فەرەیدون نەیبیست ، تاریك و لێلەی بەیان نانەبەرەکەی بەستە پشتوو دیمکەیێك ناوی
کرد بە قەدیا و دەستی دایە تفەنگەکەی و رویکردە دارستان ، لەوێدا بە هەژگ و گەلا
حەشارێکی دروستکرد و چووە تێیەوە.

ئەو رۆژە تا دەمی زەردە پەڕ هیچ پلنگ و جانەوەرێکی بەدی نەکرد دوای کەمی
ئەوەندەی زانی خشپەی پێی جانەوەرێك پەیابوو کە سەرنجی دا ئەوا گاکێوێکی قەلەو
ئەوەڕێ ئەویش هەست و پشوی لەخۆی بڕی هەتا گاکێوێکە هاتە پێشەوە لەگەلّ ب
تفەنگەکەی سێرەی لێگرت بەیەکەم تەقە ئەنگاوتی و پێکای ئینجا ویستی گایێکە بد
بە کۆلیا و بیهێنێتەوە بۆ ئاوایی بەلاّم گایەکە لە وزەدا نەبوو قورسایی (٦) باتمان ئەبوو
هەرچەند کرد وکۆشا نەیتوانی بیدا بە کۆلیا چاری ناچار گاکەی لە شوێنی خۆ

جێهێشت. خۆیشی بە شپرزەیی و پەشۆکاوی هاتەوە بۆ ئاوایی سەری کرد بە ژورا بە پەریزادی وت : کە شەنگ و ماندوم جێم بۆ راخە ئەنووم.

پەریزادیش وتی : خۆ تۆ هیچ نێچیرێکت راو نەکردووە بۆچی وا کەشەنگ و ماندوی؟

فەرەیدون وتی : چی بێ لە تۆ نهێنی بێتەقەم لە گاکێوییێك کرد لەو کاتەدا کوڕێکی نەوجەوان بەرێدا ئەڕۆیی (سەرنوێشت = قەزاو قەدەر) ی خوایی گوللەکەی بەر کەوتوو مرد ، گایەکەیش بۆی دەرچوو، بەلام دەستم داوێنت ئەگەر سبەینێ خەڵك پرسیاریان کرد فەرەیدون چو بۆ راو ؟ راستی نەڵێی ، بڵێ دوو رۆژە نەخۆشە لە جێدا کەوتووە.

ئەوشەوە پەریزاد لەخەفەتانا خەوی لێنەکەوت لە دڵی خۆیدا ئەیوت: سەیرکە تۆشم بۆ بە توش ئەم هەتیوە نەگبەتەوە، بەخوا میری پێبزانێ کەوا پیاوی کوشتووە دەمودەست هەڵیواسن وە منیش سەرگەردان ئەبم.

ئەوشەوە هیچ بۆ سبەینێ پەریزاد ئەم رازی نهێنییەی پێگیر نەدرا دەستوبرد چو بۆ دایکی گێڕایەوە کەوا فەرەیدون کارەساتی وای بەسەراهاتووە.

دایکیشی تا سەعاتێك ئەم رازی نهێنییەی پێگیردرا خێرا چوو بۆلای (تلیخان)ی دەستە خوشکی وردو باریك کارەساتی بۆ باسکرد.

تلیخانیش دەقیقەیێك ئارامی نەگرت هەستا چوو بۆ کانی ژنان وەك (ئیستگەی رادیۆ) ئەم باسەی بڵاوکردەوە بەجارێ ئاوایی پێی زانی کەوا فەرەیدون کارەساتێکی وای لێڕوداوە.

کوێخای ئاوایش بۆ ئەوەی گوناهبار نەبێ دەستوبرد میری لێئاگادارکرد میریش چەند پیاوێکی چەك بەدەستی نارد ، فەرەیدونیان گرت و پرسیاریان لێکرد : تۆ چۆن ئەم پیاوەت کوشت ؟

ئەویش وتی : چوم بۆ راو تەقەم لە گاکێوییێك کرد سەرنوێشت گوللەکە بەر ڕێبوارێك کەوت و مرد ئێستا لاشەکەی وا لەو دارستانەدا کەوتووە.

پیاوەکانی میریش گالیسکەیەکیان لە دوو ئەسپ بەست و لەگەڵ فەرەیدون دا سواربوون چون بۆ شوێنی لاشەکە / کەسەیریانکرد لەجیاتی لاشەی ئینسان لاشەی گاکێوێکی فیلەتەن کەوتووە پیاوەکانی میری لەمە سەریان سوورما بە فەرەیدونیان وت تۆ شێت بووی یان گاڵتە بە ئێمە ئەکەی ئەمە ئینسان نییە، گاکێوییە کوشتوتە.

فەرەیدون وتی: شێت نەبووم و گاڵتە بە ئێوە ناکەم ، لەم درۆیەدا کە کردم دوو قازانجم وەرگرت ، یەکەم : دەم شڕی ژنم بۆ دەرکەوت. دووەم : گاکێویەکەم بەتەنیا بۆ نەئەهاتەوە ویستم ئێوە بە گالیسکە بۆم بێننەوە .

پیاوەکانی میریش بۆ ئەوەی گۆشت بخۆن گایەکەیان بۆ هێنایەوەو لێی بووردن.

ز/١٣٩٥

.........................................

## ١٨٦. کچێکی نارد فرۆش ١٣٩٦

ئەگێرنەوە لە سەردەمی پێشودا لە شارێکی کوردستان پیاوێك هەبوو زۆر دەوڵەمەند و خاوەن سامان بوو . لەهۆی خۆش گوزەرانی بەهەزار و هەن هەوبوو هیچ دەرد و پەژارەیەکی نەبوو جگە لەمە ئەیوت : بەهۆی ئەم (٢١) کچەمەوە لە پاشەرۆژا (٢١)ماڵ ئاوا ئەکەمەوە ، بەڵام ئەترسم لەدوای خۆم چرای بنەماڵەکەم بکوژێتەوە کورێکم نەبێ جێگام بگرێتەوە . ئاواتی هەر ئەوە بووخوا کورێکی بداتێ هەموو رۆژێکی هەینی (٥٠ ، ٦٠) سەر مەڕو گاجوتی ئەکرد بە قوربانی و گۆشتەکەی بەسەر هەژاراندا ئەبەشیەوە و دەستە جلی بۆ مناڵانی بێباوك ئەکرد و لەخوا ئەپاڕایەوە کە خوا کورێکی بداتێ .

ئەوەندەی ئەخایان خوا بە ئاواتی خۆی گەیان کورێکی داێ. ناویان نا (قوربانی) کورە کاتێ تەمەنی گەیشتە حەوت ساڵان باوکەکەی دڵی بڕوای نەئەدا بینێرێتە قوتابخانە ئەیوت : نەك لە رێگە و بان توشی گەڕ و گێچەڵێك بێ و کورەکەم لەناو

بچێ ناچار کۆشکێکی پڕ گوڵ و گوڵزاری بۆ تەرخان کرد و مامۆستاییکی تایبەتی بۆ گرت کە دەرسی پێبڵێ.

ئەم کوڕە لە ماوەی پازدە ساڵ خوێندن دا هەرچەن داوای لە باوکی ئەکرد کە ڕێی بدا جارێك گەشتو گوزارێکی شارو ناوبازاڕ بکا باوککەکەی ڕێی نەئەدا ئەیوت: گەشتو گوزاری شارو بازاڕ ئەتخاتە سەر سەودا تۆیش کاتی ئەوەت نییە.

کوڕە کاتێ خوێندنی تەواوکرد کوڕێکی زۆر چاك و ژیرو هونەرمەندی لێدەرچوو، هەموو خزم و دۆستانی شانازییان پێوە ئەکرد.

ڕۆژێك لە ڕۆژان کوڕە داوای لەباوکی کرد کە ڕێی بدا گەشتێکی ناو شار بکا، ئەویش ڕێی داو پێشی وت: ئەتوانی لەم گەشتانەدا هاوسەرێکیش بۆخۆت دەستیشان بکەی.

کوڕە دوای گەڕان بەچەن کۆلان و شەقامێك دا ئەمجا ڕێی ڕاستی بازاڕی گرتە بەر تەماشای کرد، حوجرە لەسەر حوجرە، دوکان لەسەر دوکان هەریەکەی جۆرە کەلوپەلێکی تێدایە، کوتاڵ، یەکێك چینی فەغفوری، یەکێك سەوزەو میوە، یەکێك خەلە=دانەوێڵەی تیادا دانراوە و خاوەنەکانیان ئەیان فرۆشن، لەیەکێك لەم دوکانانەیش دا کچێکی ئێسك سوکی گەنم ڕەنگی خوێن شیرین گوڵێکی سپی لە زولفی شەو ڕەنگی دابوو بە دیار چەن گونیەیێك ئاردەوە دانیشتبوو ئاردی ئەفرۆشت.

کوڕە بە تیری برژانگی کچە دڵی پێکرا بەشەرمەوە چووە پێشەوە گونیەیێك ئاردی لێکڕی و هێنایەوە بۆ ماڵەوە.

ئەو ڕۆژە هیچ بۆ سبەینێ کوڕە لە نزیك دەروازەی شار خانۆچکەیەکی تایبەتی بەکرێ گرت وە بۆ ئەوەی بە دیتنی یارەکەی شادبێ، تا مانگێك هەموو ڕۆژێ ئەچوو گونیەیێك ئاردی ئەکڕی و ئەیبردەوە لەو خانۆچکەیە ە بارخانەی ئەکرد، کچەکەیش کە شێت و شەیدای کوڕە بوو ڕۆژێك گەیشتە تینی ڕویکردە کوڕە وتی: تۆ دیارە بە ڕەنگ و بەرگتا کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەندی بۆچ نۆکەرێك نانێری ئاردت بۆ بکڕێ؟

کوڕە بەشەرمێکەوە وتی : من ناردم پێویست نییەتەنیا ئەمەوێ دیدەنی تۆ بکەم، چونکە دڵم بە برژانگی تۆ پێکاوە.

کچە هەناسەیێکی هەڵکێشاو وتی : تۆ چۆنی بۆ من ، منیش هەروەهام بۆ تۆ ، بەڵام لەم بازارەدا هیچ ناکرێ ڕێی گفتوگۆمان نییە، ئەگەر شوێنێکی تایەبەتیت بوایە ئەهاتم ئاوات پێکەوە ئەختێ پەژارەمان ئەدا بە با.

کوڕە ئاونیشانی خانۆچکەکەی بۆ هەڵداو کچەیش بڕیاری دا کە سەعاتێك پێش خۆرئاوا بچێ دیدەنی بکا.

کوڕە ئەو رۆژە چووە خانۆچکەکە بەتاقی تەنیا لێی دانیشت چاوەڕوانی یارەکەی کرد بەڵام لە خۆشیا وەك کۆترێکی تیژ پەڕ لە ئاسمانی لاجیوەردی بێگەردو لکەی بەهاری سەرمەست وە شادمانی داپەروازی ئەکرد.

ئەو رۆژە کوڕە تا دەمی زەردەپەڕ کە رۆژ روی خۆی لە زەوی وەرئەگێڕێ چاوەڕوانی کرد یارەکەی دیا نەبوو، لەو کاتەدا کە شەبەقی سوور ئاوابوو کەناری ئاسمان شین ئەگەڕا لەسەرخۆ جیڕەی دەرگا هاتوو کچە کردی بە ژووردا ، کوڕەیش چەە بە پیریەوە بەڵام ئەژنۆی لەرزی و بەلەپا کەوتو بێهۆش بوو، کچەکە سەیریکرد کوڕە دەستی لێبڕا هەندێ شیوەنی لەسەرکرد و بەجێی هێشت.

ئەو بەسەرداهات سەیریانکرد قوربانی بێسەرو شوێنەو دیارنییە باوکەکەی چەند پیاوێکی خستە شارەوە بۆی بگەڕێن هەرچەندیان کرد لە هیچ لایێك ئەو شەو سۆراخی نەبوو.

بۆ سبەینێ پیرێژنك پێی وتن کەوا قوربانی لەنزیك دەروازەی شار خانۆچکەیێکی گرتووەو هەمو رۆژێك گونیەیێك ئارد ئەباتەوەئەو خانۆچکەیە.

کەچوون بینیان قوربانی گیانی تیا نەماوەو بارخانەیێکی زۆریش گونیە ئارد هەڵچنراوە گونیەکان هەریەکەی (مارکە = نیشانە)ی گوڵێکی سپی لەسەر نەخشکراوە. بە

ئاونیشانەیەدا کچەی ئاردفرۆشیان دۆزییەوە و هێنایانە سەر لاشەی کورەکە.

حاکم پرسیاری لە کچە کرد وتی : ئایا تۆ ئەم کورەت کوشتووە ؟ کچە بە هەنسکی گریانەوە وتی: بەڵێ من کوشتومە بەڵام جەنابی حاکم هەتا زووە لە تۆڵەی ئەوا بکوژنەوە چونکە دوای ئەو ژیانم ناوێ .

ئەمجا کچە رویکردە لاشەی کورەکە، وتی: ئاخ خۆزگە دوو وشەم لەلێوی تۆ بیستایە وە شاهیتیت بۆ بێگوناهی من بدایە .

لەم کاتەدا کورە چاوی هەڵهێناو هەستایە سەر پێ لەبەر ئەمەی باوك و دایکی ئەمابوون هەر لەوکاتەدا دەستیان نایە ناو دەستی یەکتر وە حاکم لەیەکی مارە برین .

مەبەست لەم چیرۆکە ئەوەیە کچ و کور ئەبێ شەیدای یەکتر بن ، نەك بە زۆرە ملێ بەسەر یەکدا بسەپێنرێن.   ژ/١٣٩٦

........

## ١٥٧. مێژوی کەشتی سازی ١٣٩٧

و

زاڵبونی مرۆڤ بەسەر دەریادا

منالانی خۆشەویست ، ئەم زەوییەی کە ئێمە لەسەری ئەژین سێ بەشی ئاوەو بەشێکی وشکاییە ، بەم هۆیەوە مرۆڤ بەهەرلایێکدا بڕواتوشی روبار و دەریاچە ئەبێ.

ئەمجا بام بزانین کەشتی چۆن داهێنراوەو هاتۆتە کایەوە مرۆڤ لەسەرەتای کاردا بەهەزاران ساڵ پێش ئێستە ئەگەر توشی روبارێکی پچوك هاتبێ بە باسکەمەلە یان بە پێمەلە پەڕیوەتەوە، وەیان ئەگەر روبارەکە گەورە بووبێ قەدی درەختێکی کلۆری هێناوە سواری بووەو پێی پەڕیوەتەوە . دوای ئەوە بیری کردۆتەوە شتێکی وا دروست بکا بارو کەلوپەلی بازرگانی پێ بپەڕێنێتەوە ، هێناویەتی ٣٠،٤٠ کونەی فو داوەو زارەکانی بەستوەو بەپەت هەمووی لەیەك گرێ داوەو سەرەکەی بە قامیش تەیمان

کردووە و کە پێیان وتووە (کەلەك) تا ئەم سەردەمی پێشووەیش لە زێی بچوکەوە دار و خەڵوزیان پێ ئەبرد بۆ بەغدا.

دوای ئەوە بە پێنج هەزار ساڵ پێش ئەمرۆ تیرەی یۆنان و میسریەکانی کۆن لەتەختە کەشتی پچوکیان دروستکرد کە بەسەوڵ لێیان ئەخوری ، میسرییەکان بە هەزاران ساڵ پێش پەیدابوونی (عیسا) کەسێکیان بمردایە کەشتییەکی پچۆلەیان بۆ ئەخستە گۆڕەکەیەوە چونکە باوەڕیان وابوو ئینسان کە مرد دوای بەینێك زیندوو ئەبێتەوە و دێتەوە دنیا ، ئێستایش لە گۆڕی میسریەکانی کۆندا کەشتی ئەدۆزیتەوە .

دوای ئەوان تیرەی فنیقییەکان بایەوانیان دروستکرد کە بەهێزی با ئەڕۆیی ئەمەش بۆ هەلکوتانە سەر دوژمن و کوشتاربوو.

هەروەها رۆمەکانیش کەشتی بایەوانی زۆریان هەبوو پێی ئەچوونە ئەفەریقا لەوێ قولەڕەشێکی زۆریان بەدیل ئەگرت و ئەیانهێنایەوە ولاتی خۆیان وەکو ولاخ ئەیان فرۆشت.

سالی ١١٩٠م (ریکاردۆس= شێردڵ) لە ئینگلستانەوە (١٦٠)کەشتی بایەوانی پڕکرد لەسەرباز ناردی بۆسەر (فەلەستین) کە داگیری بکا کەچی ئەیزانی (صلاح ألدین ئەیوبی) لەپێش ئەودا بە هۆی هونەرمەندانی کوردەوە (٢٠٠) کەشتی بایەوانی پڕ دروستکردبوو وە لەبەندەری (حەیفا) دا پڕی کردبوون لەسەربازی پڕ چەك کەشتیەکانی ئەوانییان سەرەوژوور هەڵبڕی و زۆریشیان لێنوقومی دەریا کردن .

سالی (١٨٠٠)م کاتێ (جیمس وات) ی سکۆتلەندی هێزی هەلمی دۆزییەوە ، کەشتی هەلمی بەتەواوی لەدەریا گەورەکاندا دەستی کرد بە هاتوچۆ.

ئەمرۆ گەورەترین کەشتی کە لە دەریای گەورەدا هاتوچۆ ئەکا ، کەشتی (کوین ئیلزابێت) ی ئینگلیزیەکە درێژایی (٥٠٠)مەترە(٨٣,٦٧٣) تەن بار و (٢٢٨٨)کەس هەلئەگرێ .

ئەم کەشتییە هێزی (١٧٤٠)ئەسپی هەیە و ئەتوانێ (٨٨٠٠)کیلۆوات بروسکە دروستبکا کە ئەمەیش شارێکی پێ روناك ئەکرێتەوە.

کەشتی (کوین الیزابێت) بەشەو بەسەر ئۆقیانوسی گەورەدا بە چرا بروسکەکانییەوە وەکو شارێك ئەبینرێ.

نوح پێغەمبەر(د.خ) کە لە خۆمانە نابێ لەیادی بکەین کە بەهەزاران پیاوچاك و خواپەرستانی بە کەشتییەکەی لەلافاو رزگار کردووە بەلام مێژوی ئەو هێجگار کۆنە بەتەواوی نازانرێ.

---

لەم ژمارەیەوە چیرۆکی بلاونەکردۆتەوە، وتارو نوسینی نەبووە تا ژ/١٤١٧ !

## ١٥٨. بەستەی نیڕی نیڕی ١٤٨٢

بۆ منالّ و مەزن

ئەم بەستەی(نیڕی نیڕی)یە سەردەمێك لە سلێمانیدا باوی سەندبوو تەنانەت لە قەوانی غرام و فۆنیش دا تۆمارکرابوو.

جارێك خوێندەوارێکی بەناوبانگی کورد ئەچێتە بەغدا لە چایخانەیەك دائەنیشێ لەوکاتەدا لەوکاتەدا قەوانی(نیرری نیرری) لیَ ئەدرێ عەرەبێك لە خوێندەوارەکە ئەپرسێ (نیڕی نیڕی) مانای چیە؟

بۆم بکە بە عەرەبی. خوێندەوارەکەیش شتێکی لیَ نازانیَ وە دائەمێنێ. ئەمجا با بزانین(نیڕی)چیە؟

نیڕ:=بالندەیەکی ئێجگار جوان و نەخشینە پەڕەکانی لە هەموو رەنگێ ئەنوێنێ مرۆڤ لە تەماشا کردنی تێرنابێ جگە لەمەیش دەنگو ئاوازی لە نەغمەی داوود خۆشترە ئەم بالندەیە تەنیا لە ولاتی(هندستان) لە ناوچەی(سند)هەیە.

...گێڕنەوە پاشایەك تووشی نەخۆشیەکی گران ئەبێ هەرچی پزیشکی جیهان هەیە لێی ...کۆنەبنەوە هیچیان ناتوانن دەرمانێکی بۆ بدۆزنەوە و چارەی بکەن لەدوایدا بەپاشا ...ئەڵێن: ئەگەر بێتو مێشکی سەری نیڕی بخۆی لەم نەخۆشی یە رزگارت ئەبێ.

...پزیش وەکو وتمان لە(سند)نەبێ نی یە.

...بۆ ئەمە پاشا پیاوێکی کارامەی جیهاندیدە ئەنێرێ کە نیری بۆ بگرێ و بۆی بێنێتەوە. ...وە بەم مەرجەیش ئەگەر هات و بۆی هێنا خەلاتێکی قورسی بکا.وە ئەگەر بۆی نەهێنا ...لەسەری بدا.

...پیاوەکە ڕوو ئەکاتە ناوچەی(سند) ئەپرسێ نیڕی بەچ جۆرێك ئەگیرێ؟

...ئەڵێن: نیڕی ساڵی جارێك لە شوێن و کاتێکی زانراودا لەسەر بەردێك ئەنیشێتەوە ...بەدەنگو ئاوازێکی خۆش دەست ئەکا بە خوێندن هەرچی باڵندە هەیە لێی گرد ئەبنەوە ...بۆ ئەوەی بەرنامەی گوزەرانی ساڵی لێ وەربگرن.

...وە نیڕی زۆر حەز لە مریشك ئەکا ئەبێ مریشکێکی بۆ بکەی بە(چەشە)وە بیخەیتە ...داوێکەوە کە نیری هات بۆ گرتنی مریشکەکە خۆی ئەدا بە داوەکەداو پێوە ئەبێ.

...کابرا لە کاتی زانراودا ئەچێتە ئەو شوێنە مریشکێك ئەکا بە داوەوەو خۆی ...لەپەنایەکەوە حەشار ئەدا ئەوەندەی پێناچێ نیڕی پەیدا ئەبێ و ئەنیشێتەوە بە ئاوازی ...خۆش دەست ئەکا بە خوێندن وە هەرچی باڵندەی جوان و بەفەڕ هەیە وەکوو: قازو ...قولنگ و بازو هەڵوو شمقاڕو بلبلی خۆش ئاواز(هند) لێی کۆ ئەبنەوە نیڕ خەریك ئەبێ ...خۆی بە داوەکەدا بدا بۆ گرتنی مریشکەکە باڵندەکان پێی ئەڵێن: ئەکەی گەورەم، ...ئەمە داوە بۆ تۆ نراوەتەوە.

...نیڕی کەوا ئەزانێ بەرنامە ئەدا بە باڵندەکان و لە شەقەی باڵ ئەداو ئەفڕێ.

...کابرا ناچار ئەبێ کە ساڵێکی تر لە(سند) بمێنێتەوە بەڵکو ئەمجارە نیڕی دەست گیربێ. ...ساڵ تەواو ئەبێ کابرا ئەچێتەوە هەمان شوێن مریشك ئەکا بە داوەوەو زۆری پێ ناچێ

بیرِی پەیدا ئەبێ وە دەست ئەکا بە خوێندن کە تەماشا ئەکا قەلەڕەشکەو سیسارکە کەچەڵەو فیڕنەگولەی بێ فەڕو قەلەباچکەی دز وەوینەی ئەمانە لێی گرد ئەبنەوە نێرِی خۆی ئەدا بە داوەکەداو پێوە ئەبێ . وە ئەم باڵندە بێ فەڕانە هیچ نێرِی ئاگادار ناکەن کەوا داوی بۆ نراوەتەوە.

کابرایش بەخۆشی خۆشی نێرِی دەگرێ و بۆ پاشای دێنێتەوە. پاشا لە کابرا تورە ئەبێ ئەڵێ: تۆ بۆچی دوو ساڵت پێ چوو؟

کابرا سەربووردی بۆ ئەگێڕێتەوەو ئەڵێ: ساڵی یەکەم راوێژ کەرەکانی نێرِی هەموو باڵندەی پەسەندو بەفەڕ بوون لەبەر ئەوە هیچم لەگەڵی پێ نەکرا ساڵی دووەم باڵندەی ناپەسەندو بێفەڕو بوونە راوێژکەرو هاونشینی وەکو باسمان کردن. لەبەر ئەوە نێرِی کەوتە داو، بۆ خۆش بوونەوەی نەخۆشیت تەواو. ژ/١٤٨٢

..............

## ١٥٩. تازەکردنەوەی بەستەی نێرِی نێرِی ١٤٨٤

ئێمە لە ژینی ژمارە(١٤٨٢)دا بەناوی ( بەستەی نێرِی نێرِی) یەوە چیرۆکێکمان بڵاوکردەوە کە زۆر کەس لە خوێندەواران پەسەندیان کرد، وە بەراستی پەندیشی لێوەر ئەگیرێ چەسپی و جێی خۆی گرت . وە پاش ئەوە هاوولاتیەك هاتووە ئەڵێ: لەکوردەواری دا(نێرِی) بە بەروو بەرمووروی جلی ئافرەتان ئەڵێن کە لەرزانەی پێوەیە. بۆیە ئەو بەستەیان پیاهەڵداوە ئەڵێن لە(خڕەی نێرِی نێرِی).

منیش ئەڵێم: خشڵی ئافرەتان خڕەی نایە بەڵکو زڕەی دێ (خڕە)بۆ ژماردنی گوێز بەکاردێ . وەکو لە شعری فولکلوری کوردیدا ئەڵێ: دەنگی خۆشم دێتە بەر گوێ (زڕەی پاوانەی زیوی پایی دێ. ) ئەمجا وەکوو نووسیبووم من چیرۆکەکەم بە زمانێ لە (ر ج) وەرگرت چوومە بنج و بناوانی نێرِی: (باڵندەیەکە لە سەند) هەیە وە ئەمەیش شتێکی سەیرە وە جێ ی سەرسوڕمان نیە زۆر رێك کەوتووە کە یەك ووشە بە زمانی دوو تیرە هەر یەکەی مەعنایەکی هەیە وەکو (دار) و (غار)ی عەرەبی کە یەکەم بەکوردی خانو وە دووەم

ئەشکەوتە. کە لە کوردیدا (دار)= درەخت وە (غار)رادانی ئەسپە بە تیژی هەروەها لە ئینگلیسی دا ووشەی(بووك) و (پیس) بە کوردی یەکەم:کتێب ، دووەم: (ئاشتی= سەلام)ە ی لەکوردیدا بووك بە کچی رازاوە ئەووترێ کە ئەبری بۆ زاوا وە پیس بە شتێك ئەڵێن کە دڵ لی ی تێکەڵ بێ و نەیەوێ واتا (چەپەڵ)کەوابوو لە (بنەی ئێری ئێری) راستە چونکە ووشەی (بنە)لە کوردی دا بەو پووش و پەڵاشە ئەڵێن کەڕاوکەر خۆی تیا ئەشارێتەوە لە راوی جانەوەران و باڵندە و کەودا هەروایە...کاروان تێ ئەپەڕێ.

## ١٦٠. خۆت لە تەڵەکەباز بپارێزە. ١٤٩٥

بەچکەی شێر کە تازە لەدایك ئەبێ وەك پارچە دووگێکی سپی وایە وە هیچ موری پێوە نیە. بەم بۆنەیەوە مێرووله پێ ی ئەدات وە بەچەند رۆژێك ئەیخوات ئەمجا دێلە شێرەکە کاتی ئەوەی هات بزێ ئەچێتەوسەربەستی رووبارێك کە چواردەورکەی دارێکی تەنك داگیری کردبێ بۆ ئەوەی مێرووله رێگای چوونی نەبێ بۆ خواردنی بەچکەکەی.

ئەیگێڕنەوە شێرێك لەسەربەستی رووبارێك ئەژی و بەچکەیەکی ئەبێ. رۆژێك کە شێر لەوێ نابێ رێوی یەك بەکەناری رووبارەکەدا رائەبوورێ تەماشا ئەکا پارچە دووگێکی سپی دانراوە ئەویش ئەچێتە سەری تێری لێ ئەخوا و ئەڕواتە ئەولاوە بە زمان دەمی ئەلیسێتەوە، لەم کاتەدا شێر پەیدا ئەبێ و ئەڵێ: هەی رێوی نامەرد تۆ بوی بەو پیاوە بەچکەی من بخۆی؟

رێوی ئەڵێ: بەوەندە سوێندو قورئانە من بەچکەی تۆم نەخواردووە. وەکو من بزانم ئەم پارچە تیشی ورچە.

شێر ئێستا ئەچم ورچت بۆ دێنمە ئێرە پڕ بە زمان هاوار بکا و بێ لە گوناهی خۆی بێ ئاگا وکاتە تۆڵەی خۆتی لێ بسێنە.

شێر وتی: تۆ لەدەست من دەرباز بی چۆن جارێکی تر دێ یتەوە لام؟

رێوی وتی: گەورەم من خانووبەرەو کشتوکاڵ و هۆی ژیانم لەم خاکەدایە کە تۆ فەرمان رەوایی تێدا ئەکەی ئێستا من چۆن ئەتوانم سەرکەشی بکەم، وە لە سنوری تۆ دەربچم وە بۆ وڵاتی بێگانە هەڵبێم ؟

شێر بەم قسانە دڵی نەرم بوو رێوی بەردا وتی: برۆ ورچم بۆ بێنە.

رێوی بۆی دەرچو گەیشتە دارستانێك سەیری کرد نێرە ورچێك لەبن درەختێکی هەرمێ کێویلەدا خەوی لێ کەوتووە ئەوەندەی هەرمێ خواردووە سکی هەڵاوساوەو(با)ی لێ ئەبێتەوە.

رێوی بازێکی بەسەر ورچا داو ، ورچ لەخەو راپەڕی وتی: هەی رێوی بێ ئابڕو بۆچی لەخەوت کردم؟

رێوی وتی: قوربان لەلایەن شێری پاشای دارستانەوە(فەرمان گوزەرانی=ئەمری اداری)م بۆ هێناوی کە ئەمڕۆ کراوی بە حکمداری(ئوستڕئاباد) مووچەیشت هەرو مانگێ(٣)تەغار برنج و (٣٠)سەر مەڕ و (١٢)هیزە رۆنە بۆ خۆراکی دەستوو پێوەندو میوانی دیوەخانت وە بۆ خۆراکی تایبەتی خۆیشت رۆژی کاوڕێك و دووبەرەیەك هەنگوینی هەورامانە جگە لەمانەیش خەرقەیەکی شاڵی سورمەت بەخەڵات ئەدرێێ بەمەرجێ بچیتە سەر لوتکەی ئەو شاخە بە بانگی بەرز هاواربکەی و بڵێ ی: ئەم کارە من کردوومە بەسەرکەسدا مەچن.

ورچیش بە قسەی رێوی تەفرەی خوارد خێرا خۆی گەیاندە سەر لوتکەی شاخەکە بەبانگی بەرز هاواری کرد : (بەسەر کەسدا مەچن ئەم کارە من کردومە.)

شێر کە گوێی لەم ئاوازە بوو بەچەند قەڵەمبازێك بە رقەوە خۆی گەیاندە ورچ چەپۆکێکی دا بەتەوقی سەری دا پێستی سەری تا بەری پێی داماڵی رێویش لەدواوە بە پێکەنینەوە وتی: جنابی حکمدار خەرقەکەت کەوتۆتە بەر پێت بیدەرەوە بەشانتا.

## هات و نەهات ١٥٧٦ ١٦١.

لە هۆزی (بەرمەکی) یان (جەعفەری کوڕی یەحیا) لە زیرەکی و ژیری و بیرو
راوێژدا خاوەنی دەستێکی درێژ و هونەرمەند بو لەبەر ئەوە(خەلیفە رەشیدی هەباسی
جەعفەری کرد بە سەرەك وەزیرانی خۆی . دەوڵەتی هەباسی لەسەردەمی ((رەشید)بەبێ
پرس و را و راوێژی جەعفەر ئەموستی بە ئاودا نەئەکرد.

دەستگای دەوڵەتی هەباسی جەعفەری ئەی سوڕاندەوە. جەعفەر ئەموستیلەیەکی لە
ئەموستا بو کە نقێمەکەی بەردێکی نرخدار بوو ناوی خۆی لەسەر نەخش کرابوو نامەو
نوسراوانی میری بەو ئەمووستیلەیە مۆر ئەکرد.

رۆژێك لە رۆژان جەعفەر لە رووباری(دیجلە)دا بە کەشتی گەشتی ئەکرد وا رێکەوت
ئەموستیلەکەی لە ئەموست بەربوەوەو کەوتە رووباری(دیجلە)ەوە. دیارە ئەمەیش
کارێکی دژوارە ئەموستیلەیەك لە رووباری دیجلەدا نادۆزێتەوە.

ناچار جەعفەر بە زویری بەرەو ماڵ گەڕایەوە، شەو لە خەفەتی ئەموستیلەکەی خەوی
لێ نەکەوت.

بۆ سبەینێ چێشت کەرەکەیان ماسی پاك ئەکرد ئەموستیلەکەی لە سکی ماسی یەکدا
دۆزیەوە تومەز ئەو ماسی یە قووتی دابوو وە ماسی یەکەیش بەرماڵی جەعفەر کەوتبوو.
چێشت کەر ئەموستیلەکەی بردبۆ جەعفەر ئەویش سوپاسی خوای کردو ووتی لەسەدا
سەد هاتە، ئەمە: هات.

بێ بەسەر سەرباسی نەهات:

کاتێ بەخت لە جەعفەر روی وەرگێڕا ئەوە بو بە فەرمانی(خەلیفە رەشید)خرایە
زیندانەوە، رۆژێ دووسێ دەنك خورمای وشکەڵانوویان ئەدایە ئەوە خۆراکی بوو
ماوەیەکی زۆر جەعفەر بەم جۆرە لە زیندانا مایەوە. رۆژێك ئارەزوی گۆشتی کرد لە
زیندانەوانەکان پاڕایەوە وتی: دوو سێ کووت گۆشت و دیزەڵۆکەیەکم بۆ پەیدا بکەن

زۆر ئارەزوی گۆشت ئەکەم. ئەوانیش بەزەیی یان پیا هات دووسێ کووت گۆشت و دیزەڵۆکەیەکی خاراوی قرخ یان بۆ هێنا ئەو دیزەڵۆکەیە رەنگە دووسەد جار چێشتی تیا لێ نرابێ هیچ نەتەقیوە و زیانی پێ نەگەیشتووە.

جەعفەر بە پوش و لاسکی دارخورما ئاگرێکی کردەوە دیزەڵۆکەی پڕکرد لە ئاو و گۆشتەکەی تێ کرد و نایە سەر ئاگر ئەوەندەی پێ نەچو دیزەڵۆکە دوو قوڵپی داو لەپڕا تەقیو ئاوو گۆشت رژایە ئاگرەکەوە. ئەمەیش نەهات ئەمجارە ئەبێ باوەڕمان بەوە بێت کە هات ونەهات بۆی هەیە.

بەزمانی لە(أ.ش) وەرگیراوە. ژ/ ١٥٧٦ لا ٤و ٦

................................................................

## ١٦٢. گێچەڵی ژنێك

ئەگێڕنەوە ژنێك مێردەکەی بەکاروان ئەچێ بۆ وڵاتێکی دوور ژن بێپارەو پوول و ئازوقە ئەمێنێتەوە ئەوەندەی پێ ناچێ ژنە خوا کوڕێکی ئەداتێ کاتیش چلەی زستانە خۆ دیارە ژنی قات ە قەیماغ و خواردنی با گەرم و لانکە و بێشکەوە دەسرازە و جلی منال و هە بێئەوەی بێجگە لە ئەرکی م چیکا ؟ منالەکەی لە پەڕۆیەکەوە لەماڵ دێتە دەرەوە لە رێگا پیاوێکی پۆشتەو پەرداخی دەو روو ئەکاتە پیاوەکەو ئەڵێ : ئەی برای ئابێ وەرە پێکبینە ئەمە بۆ خوایە، خۆ ئەداتەوە .

پیاوەکە ئەڵێ : کارەکەت چییە؟

ژنە ئەڵێ : مێردەکەم لە وڵاتێکی دوورەوە تەڵاقنامەی بۆ ناردووم ئێستا تەڵاقنامەکەم لێون بووەناتوانم بەبێ تەڵاقنامە شوو بکەمەوە منیش بێکەس و بێدەرم کەس نیە بەخێوم بکا ، هەتا لای قازی لەگەڵم وەرە بڵێ ئەمە ژنی منە تەڵاقی ئەدەم ئەوحەلە کە تەڵاقتدام قازی تەڵاقنامەم ئەداتێ وە بۆخۆم شوو ئەکەمەوە.

کابرایش ئەڵێ: چاکە بەسەر چاو لەگەڵت دێم.

کابرا شوێن ژنە ئەکەوێ بۆ دیوانی قازی ئەڵێ : جەنابی قازی ئەمە ژنی منە وە پێکەوە ناکەوین ئەمەوێ تەلاقی بدەم.

هەر لەوێدا کابرا ژنە تەلاق ئەدا و قازی تەلاقنامە ئەدا بە ژنەکە.

ئەمجا ژنە روئەکاتە قازی ئەڵێ : ئەی مارەییەکەم بۆ ناسێنی وە هەتا کاتی شوو کردنەوەیشم دێ مانگانەم بۆ پێنابڕێتەوە ؟

قازی ئەڵێ : مارەییەکەت چەندە ؟

ژنە ئەڵێ : دووسەد دینارە .

هەرلەوێدا قازی دووسەد دینار لە کابرا ئەسێنێ و ئەیدا بە ژنەکە و ئەڵێ : مانگی دە دیناریشی ئەبێ بۆ بېڕێتەوە.

دووبارە ژنە رووئەکاتە قازی و ئەڵێ : ئەی ئەم منالەی تازە بوومە نایدەیتەوە بەسەریا بەدایەن خۆمن شیرم نیە منالی پێبەخێو بکەم.

قازی منالٚ ئەدا بەسەر کابرادا، کابرا منالٚ بەباوەشەوەو دوو سەد دیناریشی دۆڕاندوە، کابرا هەڵئەستێ دەمی بەیان منالٚ لەدەرگای مزگەوتێکا دائەنێ منالٚ دەستەکا بە وارەوارِ هەرئەندەی پێناچێ مجەوری مزگەوتەکە بە کوتەکێکەوە لێی رائەپەڕێ و ئەڵێ : هەی بەدبەخت فێربووی هەموو بەیانییەك زوڵێك لەبەردەرگای ئەم مزگەوتەدا فڕێ ئەدەی، دوێنێش ئەوەتە زۆڵێك لێرە فڕێ داوە بەخوا ئەمەت بەسەرەوە ناچێ ئەبێ هەردوکیان هەڵگری.

کابرایش دوو منالی بەباوەشەوە ئەگرێ زویر و سەرسام نازانێ چیبکا؟ لەرێگوزاری تووشی پیرەژنێکی هەشتا ساڵە ئەبێ ئەڵێ : داپیرە وەرە سەیرێکم بکە و سەرگوزەشتەی خۆی بەتەواوی بۆداپیرە ئەگێڕێتەوە .

دایپرەش ئەڵێ: ئەمە شتێکی ئاسانە ئێستا کاتێ (گەرماو – حەمام)ی ژنانە منداڵەکان بەرەو لەدەرگاوە بانگی ناترەکە بکەو بڵێ: ئەمە منداڵی فلان و فلانە ژنە لای خۆت دایانێ هەتا دایکیان دێت.

کابرا منداڵەکان ئەبا بۆ گەرماو ئەیان داتە دەست ناترەکە ژنەیش دورو نزیك لە پەی جۆری کورەکەی ئەگەڕێ کە زانی برایە گەرماو ئەویش ئەچێ پاکوخاوێن خۆی ئەشواو کورەکەی بەباوەشەوە ئەگرێ و دێتەوە بۆ ماڵ.

منیش ئەڵێم : ئەوەی کەنارەگیربێ وەکو من

خۆی ئەپارێزێ لە گێچەڵی ژن. ژ/١٥٩٥

.............................................

## ١٦٢. چیرۆك بۆ منداڵ و مەزن:[١٧٩]

ئەگێڕنەوە شێرێك لە لانەکەیدا رۆژێك بیری لەوە ئەکردەوە: کە نەوەکو لەشکری دوژمن لەناکاو بدا بەسەریا و لە گەڵیا بجەنگێ، ئەمیش بوتەنیا و بێ سوپایە بۆ ئەمە: دەست و پێوەندەکەی خۆی کە بریتی بوو: لە گورگ و چەقەڵ و رێوی و کەمتیار و ورچ (هتد) گشتی لە داستانێکا کۆکردەوە و ریزی کردن. وەبە ورچی وت: تۆ چاوت لە من تیژ ترە سەرنجێك لە لەشکرەکەم بدە بزانە ئایا رێکو پێکن؟ وە ئەتوانن لەگەڵ لەشکری دوژمنەکانما چاك بجەنگن.

ورچ وتی: ئەمرەکەی گەورەم ..ورچ سەرێك بەبەردەمی لەشکرەکەدا گەڕا کە تەماشای کرد لەسەر دەستەوە(کەر) و(کەروێشك)راوەستاون، ورچ قاقا دەستی کرد بەپێکەنین.

شێر لەمە تووڕە و فسقەڵ بوو وتی: هەی ورچی نەزان تۆ چۆن ئەتوانی گاڵتە بەلەشکری من بکەی؟

---

[١٧٩] ئەمە کۆتا چیرۆکە کە مامۆستا بڵاویکردۆتەوە/١٦٠٢

ارچ وتی: قوربان من رایەم ناکەویٚ گاڵتە بەلەشکری تۆ بکەم بەلاّم چاوم بە کەرو
کەروێشك کەوت بەوە پێکەنیم چونکە کەر ناتوانیٚ تفەنگ بتەقێنیٚ وە کەروێشك
اوانی: خەنجەر بوەشێنیٚ کە وا تۆ کردووتن بەسەر دەستەی لەشکر.

شێر وتی: کەر (بۆر یەزەن شەیپۆر لیٚ دەر) ە بەدەنگە خۆشەکەی شەیپور لیٚ ئەدا وە
سەربازەکان لەدەشت و چیا کۆ ئەکاتەوە. کەروێشکیش خێراو تیژ رەوە ئەتوانیٚ
بەماوەیەکی کەم نامەو فەرمان بەلەشکر بگەینیٚ . داوای ئەوەی لەشکر هەموی ئامادە
بو بەرنامەی لەسەرکردە دەرگرت.

کەر بە ئاوازە خۆشەکەی شەیپوری لیٚ دا وە کەروێشکیش بەتیژڕەوی بەناو دەوەن و
کێوەگەلاّدا بە خشپە نامەی هەلّ گرێت و بۆی دەرچوو. لەم کاتەدا دەستەیەك
سوارکەری بڕچەك بەناوی دارستانە کەدا تیٚ ئەپەڕین گویان لەشەیپوری کەر و خشپەی
کەروێشك برو دایان بەسەر سوپای شێردا گشتیان قەلاّچۆکردن شێریش لەوناوەدا
سەری تیاچوو.

# شعر وشاعرەکانمان

## میرزا عـــاك

« میرزا عاك » لە ئێلی ( داوودە ) یە شاعیرێکی زاناو شیرین زمانو نیشتمان پەروەر بووە . لە دووا روژەکانی سەدەی سیازدەهەی هیجری داکوچی دوایی کردوە . وەکو لە ( کاکە رەشید ) ی هەمەوەندم بیستووە ( عاك ) بیجگە لەوەی کە خوێندەوارو شاعیر بووە لە آهەنگ و بەستەی کوردی دا گوێندەیێکی هیجگار دەنگ خوش بووە . بە ووتنی ( فەقار ) و د ئەللاوەیسی » لە پیادا مالو جانەوەرانی ددام کردوە . ئەم هەلبەستەی خواردوە نمونەیێکی شعریەتی کە لە ( کاکە رەشید ) م وەرگرتووە کە پیش مەرگ راسپارد ئە کا :—

هام سـەران مردم . . . ئەگەر تەقدیر بی جە ناکام مردم
سی روژ بەرجە مەرگ وادەی خوادەردەم ، هیمان لەش وەناك سپانە سپەردەم
ئەومانم یان دەورەم بگیران ، بەدیم بچران «١» جەنەزم نیشتمان
ئەوا جەودە مدا جەستە خەستە بام ، و حوکم حاکم زمان بەستە بام
دەورەم بگیران وەشایی و مەزاق ، سی روژ بەر جە مەرگ بوینان تماق
سیامال(٢) هوردون نە جاگەی راسی ، بوار گوشەش بالکەن وەك جیگای شایی
نازگ نازداران بویە وەسەران ، ئاوی وەســەختی شبنم بکەران
ئەلبەت تەرمەکەم مەبو فەرامۆش ، زورەی بویەشان بشنەووم وەگوش
لە جیگای یاسین زوورناو دەهول بو ، بیریژن ناو دەن پادەوردم چول بو
بول بول ، نازداران لەدەورەم کوبو ، چەنی سەداشان هەر میرزا روبو

ئەنرە ئەزەی ئەسر جە دیدەی نمناك
بردبرد ، وەبان تەرمەکەی عــاك

هەلبەستە کە زورە ئەوەندە بەسە

---

(١) بچردان — باین (٢) سیامال — رەش مال ، دەوار

## بەشی شەشەم : گۆشەی شیعرو شاعیرەکانمان

### پێرستی ئەم بەشە :

١. غەریق ١٢٥٥
٢. حەستە١٢٥٧
٣. فائق عمادالدین ١٢٥٨
٤. حەیران خانم ١٢٩٠
٥. ئەحمەد بەگی کۆماسی
٦. مەلا حەمدون١٣٠٤
٧. شەهید١٣٠٥
٨. حاجی قادری میکایەلی
٩. عەلی عاشق ١٣٠٧
١٠. عەلی ناسر ١٣٠٨
١١. میرزا ئەلماس خان ١٣١٠
١٢. میرزا شەفیع١٣١١
١٣. عەیشی١٣١٢
١٤. سابیری١٣١٣
١٥. ئەحمەد فایق بەگ ١٣١٤
١٦. سەید عومەر عیرفان
١٧. عبدالواحید نوری .
١٨. موخلیس
١٩. د.حسین ئەفەندی بابەجان

٢٠. شێخ عصام الدین عەوالان

٢١. عماد الدین )ی ( لوڕ )

٢٢. شێخ محمدی فخرالعلماء

٢٣. مەلا سەعدی

٢٤. کۆشکی

٢٥. فەتحی

٢٦. قاضی زادە : مصطفی شەوقی

٢٧. زەلیل

٢٨. رەئوف صائب

٢٩. مەلەکەی جوانڕۆیی

٣٠. صافی

٣١. میرزا موسا

٣٢. مەجدی

٣٣. حاجی شێخ سعیدی حەفید

٣٤. هائم

٣٥. ئەمین فەیضی بەگ

٣٦. میرزا رەشید

٣٧. شێخ حسینی قاض

٣٨. میرزا غەریب

٣٩. شاهی

٤٠. محمودی جەودەت

٤١. فیراقی

٤٢. مامۆستا محمد مهری

٤٣. عەلی بەردەشانی
٤٤. (ئامنەخان)ی سەردار
٤٥. (میهرەبان خاتون)
٤٦. شیعری خۆی بۆ لافاوی سولەیمانی١٣٦٨
٤٧. مەلا سەید ئەحمەد
٤٨. میرزا محاك
٤٩. میرزا عبدالله (مودەبیر)
٥٠. یوسف یاسکە
٥١. سەودایی
٥٢. پیرەمێرد
٥٣. ئەحمد بەگ زەوقی١٣٥١
٥٤. محمد وەفا
٥٥. خانەی تاجی وەن١٣٧٩
٥٦. ئۆغل بەگ
٥٧. قەمەر عەلی
٥٨. چەندانی تر ...وەك ﴿پرتە، پیر وەیسی خاك، شاهی حەکاری، ، سید عبدالحکیمی زنبیل، سابت الله شێخ محمدی مەردۆخ، عورفی، ئامان الله خان، مەلا حەیدەری رووای، حاجی مەلا صالح حیدری، ئاقەخانی ئەیوانی، میهرەبان خاتون، مەلا ئەحمەدی قسرت، ئێل بەگی، میرزا مستەفای دەلەدەلی، شێخ ئەحمەد ضیاء الدین فەوزی(ق.س)، مەلا پەرێشان، سلێمان بەگ، میری سلیم سابلاخی، میرزا حسن مەشوقی، سەعید فەوزی ، دەروێش ئەسکەر، مجرم، مەلا بانەیی، .......

## غەریق[١٨٠]

١.

میرزا غەریق یەکێکە لە شاعرانی ئەم دەوری دوایی یە، لە سلێمانی هاتۆتە دنیاوە خوێندنیشی لە سلێمانیدا بەپایان گەیاندوە (غەریق) وەکو لەمەیدانی شعر و ئەدەبدا سوارچاك بووە بەپێی ئەو زەمانەیە کە ئەسپ سواری باوبووە لەمەیدانی ئەسپ تاودان وە یاری چوگان بازی=(بولو)دا بێوێنە و یەکتا بووە سالّی ١٣٠٥رۆمی کە(مشیر ئیسماعیل پاشای قورد)ی کوردی بتلیسی هاتۆتە سلێمانی (میرزا غەریق)ی کردوە بە زابتلی ژاندرمە .سالّی ١٨٩٧م چۆتە (ئالاّی حمیدی)یەوە کە ئەم ئالاّی حمیدی یە سوپایەکی زۆر بەبووە لە ئەفرادی کورد ڕێکخراوە لە عەینی سالّدا لەژێر سەرکردەیی (حافض عبدالاول پاشا)دا چۆتە شەڕی یۆنانەوە و لەوێدا لەناوچووە، غەریق دیوانی شیعری لەگەلّ خۆیا چۆتە گۆڕەوە ئەویش لەبەر نەبونی چاپخانە و کەمتەرخەمی کوردان بووە تەنها چەند هەلّبەستێکی دەستنوسراوی ماوە، وا ئەم هەلّبەستەی ئەخەینە پێش چاو کە لەستایشی کوڕێکی لاوچاك کە ناوی (پاشا) بووە وتویەتی :

لەسەر پەڕەی صحوفی روت جوابێکە لە هەرلایی
شکستە خەتی دو ئەبرۆت خەمی زولفی چەلیپایی
بنازم لەشکری حوسن و نیزامی تیپی موژگانت
لەبۆ تەسخیری ملکی دلّ عەجەب شایستە پاشایی
خەراجی مولکی پەروێزە عەقیقی لێوی شیرینت
بەهایی دەولەتی رۆمە لەساج و پەرچەمت تایی

---

[١٨٠] ژمارەی ١٢٥٥ مامۆستا نجم الدین زیاتر لە ٢٠٠شاعیری باسکردوە. بەلاّم ئەمە نمونەیانە هەموی بنوسین دەبێتە دیوانە شعریکی تایبەتی، کە لەزۆریاندا کاری (دیوانە شعر)یان بۆکراوە.

...بێستون فەریاد و ناڵەی شۆرشی عشقم
...وات بێ رۆحی شیرینم بپرسە حاڵی شەیدایی
...ەختی پێچی مشکیدا خەمی کاکۆلی موشکینت
...نشانە بەگەردندا وەکو تورەی شەهەنشایی
...رێنەی پەرچەمت کۆتابێ عومرم گەر هەتا ئەمرم
...غواز تۆ بکەم ئیصلا بەرِوی کەسدا تەماشایی
...ەدلا مەدعی گەر تیرەبارانی (غەریقی) کەن
...یناوت ئەنێم سەد گیانی شیرینم لەهەر لایی. ١٢٥٥

١٢٥٧ خەستە

...سەرگوزەشتەی ئەم شاعیرە بەتەواوی نەزانراوە تەنیا(محمد ئەمین زەکی) لە کتێ...
...اریخی سلێمانی) دا ئەڵێ : شاعیرێکی وڵاتی سلێمانیە داخەکەم سەرگوزەشتەی ژیان...
...ستەکەوت رەنگە لە قەرِنی سیازدەمینی هیجری بێ، بەڵام من لە دو سێ هەڵبەست...
...(ئەنجومەنی ئەدیبان)دا نوسیوەتەوە
...(ئەمین فەیضي بەگ) لە ئەستەمبوڵ لە ساڵی ١٣٣٩هـ لە چاپی داوە:

| | |
|---|---|
| ...هیجرانی گوڵی سورم ئەکەم شین | ئەرِێژم دەمبەدەم فرمێسکی خوێنین |
| ...وەکو کۆتر ئەناڵم شەو هەتا رۆژ | نیشانم دەردو رەنجو میحنەتە |
| ...بەهزاری غەمی ئیشقی گوڵم دا | تەلەف بوو مایەی عومرو ما |
| ...بڵێسەی ئاگری کورەی دەرونم | ئەپێکێ قورسی مانگ و جەمعی |
| ...لەحسرەت عەنبەری زولفی سیاهت | تەپو دوی دڵ ئەچێ بۆ گونبەد |
| ...وەها دەردم گران و سەختە بۆمن | فەلەك ئەگری مەلائیك دێتە |
| ...بەیادی وەصلی دولبەر(خەستە)ناڵە | بکێشە تا ئەکێشن گیانی شیرین |

## ٣. فائق عمادالدین

(فائق) ناوی راستی (مەلا عوسمان) کوڕی (حاجی ئیسماعیل)ە لەقەبی شعری لە پێشا (حەزین) بووە دوایی لەسەر(فائق)بڕاوەتەوە وەکو لە خوالێخۆشبو(مەلا ئەحمد)ی کوڕزایم بیستووە ساڵی١٢٤٠ھ لە سلێمانی هاتوتە دنیاوە (فائق)بۆ خوێندن لە کوردستاندا زۆر گەڕاوە و گەشت و گوزاری کردووە دوای ئەوەی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە بووە بە خەلیفەی (شێخ عوسمانی تەوێڵە) ژیانی خۆی بەدەرس وتنەوە و ئیرشاد رابواردووە تا ساڵی ١٣٠٧ھ لە سولەیمانی کۆچی دوایی کردوە و لەخانەقاکەی خۆیا نێژراوە مەزارەکەی زیارەتگای هەمووانە.

(فائق) بەکوردی و فارسی و عەرەبی شعری وتووە دیوانی شعری لەلای نەوەکانی ماوە هێشتا چاپ نەکراوە ئەمە نمونەی شعریەتی:

شەرمەساری چاوی ساقیم گەر لەمەی پەرهێز ئەکەم
تیشا گەردانی بەڵام تا خزمەتی پەروێز ئەکەم
شەهیدی نۆشی لەعلی شیرینم لەسایەی چەتری زوڵف
یەك نەفەس گەرجان نیساری خاکی پێی شەبدیز ئەکەم
روبەروی محرابی ئەبرۆت دائما دەستەو دوعام
ئیلتیفاتکە حەز لە زەخمی خەنجەری خوێن ڕێژ ئەکەم
...ەك شەماڵ تا خاکبوسی ئاستانی پادشام
...انەی زوڵفی بتانم یادی عەنبەر بێز ئەکەم
...ۆخ و مەستی مەی پەرستم دادڕی گەر چاکیرم
...احیی دیوانی عشقم عارفان تیلمیز ئەکەم
...ئق)ی بێچارە تا خاکی دەری مەیخانەیە
...م نگینی تاج بەخشە خزمەتی دیهلیز ئەکەم.

ژ ١٢٥٨

## حەیران خانم

گۆڤاری (نیشتمان) ژمارەی (٣و٤) ساڵی یەکەمی سەرماوەز- ڕێبەندانی
١٣٢٢ کوردی وەرگیراوە:-

حەیران خانم) کچی (کەریم خان)ی کوردی (دونبلی) یە کەلە (نەخجەوان) ی
...) دوە هاتۆنەتە دەورووبەری شاری (ورمێ) و لەوێ دانیشتون. حەیران خانم
...ەستەکانی لەپایەیەکی بەرزی ئەدەبدا جێگایان بۆ کراوەتەوە. ئەم هەڵبەستەی
...وە نمونەیەکی شیعری بەرزی ئەوە:

...گێت مانگ ڕویانا ئەتۆرێ سەر دەفتەری جوانان
...تۆی ڕۆژ ڕووت . زوڵفی کە چیشت هەر وەکو گۆچان
...ت هەر وەکو گوڵشەن ، چ گوڵشەن؟ گوڵشەنی جوانی
جوانی ؟ جوانی بی یوسف ، چ یوسف ؟ یوسف کەنعان
...دەی مەستی تۆ زاڵم ، چ زاڵم زاڵمی کافر
کافر ؟ کافری ڕێگر ، چ ڕێگر ؟ ڕێگری ئیمان
...لەعلت وەکو خونچە، چ خونچە ؟ خونچەبی گوڵشەن
گوڵشەن ؟ گوڵشەنی جەننەت، چ جەننەت ؟ جەننەتی ڕیزوان
...خاڵی لەپت هیندو ، چ هیندو ؟ هیندو بی ساحر
ساحر؟ ساحری فیتنە، چ فیتنە ؟ فیتنەیی دەوران.
... تۆ وەکو بلبل خۆش گۆ، چ چەشمە ؟ چەشمە حەیوان
...سیمەت لەبێ عاشق، چ عاشق ، عاشقی بێدڵ
بێدڵ؟ بێدڵی والە چ والە؟ والەیی حەیوان

١٢٩٠........................

## ٥. أحمد بەگی کۆماسی ١٢٩٧

ئەحمەدبەگی کۆماسی لە گوندی(بەردەسپی) ناوچەی کۆماسی هاتۆتە دنیاوە . لەژیانیا هیچی نەخوێندوە.هەر شیعرێکی وتبێ نوسەری تایبەتی خۆی، بۆی نوسیوە.بەسە بۆ زیرەکی ئەم شاعیرە لە خوێندەوارە دو وشەی بێگانەیان لێپرسیوە (حجر)و(شجر) چیە؟ لەوەڵاما وتویەتی:

یەکەم شتێکی رەقە و دووەم تەڕە.ئەحمەدبەگ لەگەڵ شاعری بەناوبانگ (مەولەوی)دا هاوعەسربوە. مەولەوی لەشیعرەکانیا لە زۆرجێگادا کە ئەڵێ لالۆ،یان خالۆ، ئەوە لەگەڵ ئەحمەدبەگ یەتی. هەمیشە نوسراویان بەهەڵبەست بۆیەکتر ناردوە.مەولەوی ئەم هەڵبەستەی بۆ ئەحمەدبەگ ناردوە کە ئەڵێ:

لەگیان تێر خواردوی لەلەش هەراسان
خالۆی کۆماوەی خاڵی خاڵ خاسان.

ئەمە نمونەیەکی شعری ئەم شاعرە نەخوێندەوارەیە:

ئازیزم بەستەن.......................... جەوساوە ئەرای تۆم زەنار بەستەن
شوشەی ئامونەنك تەقوام شکستەن گیانم لەبادەی مەیلی تۆ مەستەن
بانگم ئاوازەی سەودای بالأتەن ئیمانم زیکری خاڵی ئالأتەن
تا،زولف و روی تۆ، بۆ تەماشامە سەجدەگای نوێژی سوبح و عیشامە
فیترە و زەکاتم شاباشی رۆحە وەخاکپای تۆم هەزار فتوحە
رۆژوم تەرکی زەوق کامگاری یە بەربانگم بە زوخ زامی کاری یە
بەبادەی شەوقی دیدارت مەستم بەحەلقەی زولفت ها زبان بەستم
سەرنویشتی خۆی کردمیە بت پەرست مەستی ئەزەلیم بەبادەی ئەلەست

## مەلا حەمدون ١٨٥٦-١٩١٨[١٨١]

١. ناوی شعری(حەمدی)یە وە خەلکی سولەیمانی یە کوێری زگماك وە پارێزەری قورئان بو لە ئەندازە بەدەر زیرەك و جابوك بروە بەو کوێرییەوە زۆر جار سەعاتیان پێك داوە وە پارچەکانیان دەرهێناوە ئەو ڕێکی خستۆتەوە.

(حەمدی) بە کوردی و فارسی شیعرو هەڵبەستی زۆرە ساڵی ١٣٣٥ ھ کۆچی دوایی کردووە.

ئەم هەڵبەستەی لە کاتێکا وتووە کە (شێخ حسێنی چرچەقەڵا) لە دێی (دێوانە) بە مەلابەتی بۆ ڕەمەزان دایمەزراندووە.

هەڵك دەمێکە لەگەڵ من بەجەنگی تو بی خوا
بەحق بژمە بەسم پێبنۆشە زەهری جەفا
حەسەد تووایەوە سەر بو بەگەرد و شوشەیی دڵ
ئێکا بەبەردی حەوادیس شەراب عەیش ڕژا
ئەرمەنیم و نە گاور ، نە داسنیم و نە جو
شیعەم و نە مەجوسی ، نە میللەتی تەرسا
بەرچی بەم ڕەمەزانی شەریفە کردومت
هەمنیشینی سەگ و گورگ و وەحشی بی سەحرا
ئێستە لە دێی قادری حەمەی بارام[١٨٢]

---

[١] ل کتێبی شاری سلێمانی بەرگی دووەم ل١٣٤چاپی یەکەم بابەتە درێژترو جوانتر هەیە
حمت بێ حەمە بۆریش نوسین و ئامادەکردنی کتێبێکی لەسەری هەبو،بەڵام کۆچی دوایی کرد
نوسی ئەو هەوڵەی نازانم.

عەزەی برایەتی خالق مەگەر لەخولقی بگا
کەسێکە باعیز و مونکیر بە ئەهلی فەزل و هونەر
غەریقی بەحری جەهالەت ئەسیری نەفس و هەوا
رەفیقی غەیری ئەویشم جەماعەتێکە لە جو
هەمو منافق و بەد شکل و رو رەش و ریسوا
خەلیل و بابل و حسقیل و داود و ئیسحاق
حسابی (خەمشە و پلگی)ئەکەن لەباتی دوعا
حەیوم یەودەو ناتان و زو کەمەتبەخ چین
قەدوری قاوە دەگێرێت و وێنە چایی ئەدا
عەمەل بە سێ شتە لەم دێیە ئێستە یەك بەیەکی
موخالیفن بە ئوموری شەریعەتی غەرا
بە حوکمی باتیلی بێمەغزی پوچی موشەڕەبین
بە سیفە تورە بەتەوراتی حەزرەتی موسا
منی حافزی قورئانی زاتی لەم یەزلم
خەلاتی حەزرەتی مەسنەد نشینی رۆژی جەزا
کە یەعنی سەیدی مورسەل موحەممەدی عەرەبی
شەفیعی ئومەتی عاسی ئەمینی وەحیی خوا
من و ئەمانە لەیەك جێ ببێنە هەمدەمی یەك
چ مەزهەبێ بە چ دینێ دروستە حالەتی وا

---

١٨٢ دێی قادری حەمەی بارام) دێی دێوانەیە لە بەینی ناحیەی وارماواوە قەرەداغ دایە قادری حەمەی بارام لە ئێلی روغزادی یە بە(قادری شەرِ محمد) بەناوبانگە سەرانەی بە دەوڵەتی عوسمانی نەئەدا سالّی ١٩١٤م لەلایەن تیپێك ژاندرمەی عوسمانیەوە کوژرا.

دڵمان لە زوڵمی لەمەوبەر هەرچی گوزەشتە ،گوزەشت
وەلی بترسە لەمەولا قەسەم بەزاتی خوا
ئەگەر ئیتاعەی ئەمرم نەکەی حەوا لەت ئەکەم
بەبەرقی سۆزی دڵی شێخ حسینی چرچە قەڵا
کە ئەو کەسێکی شەهنشاه و شەمعی جەمعی تورق
دڵی نەهەنگ بە شمشێری لا دو نیە ئەکا.

١٣٠٤........

٧. شەهید

وەکو چومەتە بنج و بناوان وە لە هەندێك زانایانم پرسیار کردووە ئەڵێن : (شەهید ناوی (مەلا شەریف)ە وە خەڵکی سولەیمانیە، مورید و قوتابی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)بووە، ئەم شاعرە لە هونەری شعردا لە شاعرە بەرزەکانی فارس (ئەنوەری ئیرامی) وە لە شاعرە صۆفیەکان(خواجو) زیاتر نەبێ کەمتر نیە بەڵام داخەکەم شعرێکی بە زبانی کوردی نەوتووە سەراپا هەڵبەستەکانی فارسی یە گەڵێ هەڵبەستی بەخەتی شکستەی کۆن لەلام هەیە ساڵی١٩٤٥م (تخمیس=پێنج باڵی) یەکێ ئەم شاعرە کەلە شعری(مەولانا)یە نوسیوەتی وە بردم بۆ بەهەشتی (پیرەمێردی شاعر) و بۆم خوێندەوە ئەویش لەدەستی وەرگرتم بەم جۆرەی خوارەوە بە شعر گۆڕی بە سەر کوردی:

گێژی ئەم دەریایە لانەی عەیش و نۆش وێران ئەکا
گێژەڵۆکەی کاروانی هەستی سەرگەردان ئەکا
گوڵشەنی کەیفمان لەگەڵ خاکی سیا یەکسان ئەکا
سێبەری ئەم خێوەتە بێبایەخە دەرمان ئەکا
با جیهان چۆن خواهیشی ئاسایشی ئینسان ئەکا؟

*

بۆچی ئەی دڵ نایەتە بیرت کە توشی مەرگ ئەبین؟
هەوڵی دونیا تاکەی و بۆچ  بۆ پڕو پوچ تەرکی دین
وا گریمان کەوتە گیرت پادشاهی روی زەمین
تاقی کیسرا بینە پێش چاوت بەیادێکی حەزین
پەردەدار جاڵجاڵۆکە و قالۆچە پاسی بان ئەکا

* * *

ئەو سولەیمانەی کە رامی حوکمی ئەو بو خاکو باد
شاهی جەمیشدو سکندەر تا بەشەنگوکەی قوباد
هاتن و رۆین لەبیرچون ئێستەکە نایێ ئەیاد
گەردوشی گەردون هەزارانی بە پەنجەی مەرگ سپارد
نەك بەتەنیا و من و تۆ شەڕ لەگەڵ میوان ئەکا

* * *

نە سەوادی خەتی موشین ما ، نە روی وەك شەوقی ماهـ
خاکی ئەو روخسارە شیرینە لێی سەوز بو گیاهـ
ئەم ئەشید وا (شەهید)ی خستە گریە ئاهـواهـ
پێ بە هێواشی بنێ (خالد) کە ئەم خاکەی سیاهـ
جەوهەری ئێسکی رزیوە یادی مەهر رویان ئەکا
.........ز.١٣٠٥ل١٩/٧/١٩٥٦

## حاجی قادری میکایەڵی

١٠
(میرلیوای ئەرکانی حەربی عوسمانی) خوالێخۆشبو(مستەفا پاشای
یامولکی)ساڵی١٣٠٥ی رۆمی کەلە(مەکەی کوکەرەمە) ئەمیری حەج بو بو
باسیکردووە:

حاجی قادر لە ئێلی مکایەڵی کە تیرەیەکن لە (جاف) خوێندەوارو شاعر و
دەوڵەمەند بووە، رۆژێك مەلای ئێلەکە ئەڵێ: کوێخا قادر تۆ دەوڵەمەندی حەجت
لەسەرە ئەبێ بچیت بۆ حەج .ئەویش هەڵئەستێ ئەڕوا بەڵام وەك ئێستا فڕۆکەو
ئوتومبێل لەئاڕادا نابێ بەسواری کەرو ئێستر لەوە دوا بە حوشتر بە ساڵێك ئەگاتە
(مەکە) وا رێئەکەوێ کاتی حەجکردن وەك ئەمساڵ رێکەوتی مانگی تەموز ئەکا لەدەمی
تەوافکردنی ماڵدا گەرما جۆش ئەسێنێ (حاجی قادر)ئەبورێتەوە وبێهۆش ئەکەوێ
(مستەفاپاشا)فریای ئەکەوێ ئاو ئەکا بەسەریا و دەرمانی ئەداتێ تا هۆشی دێتەوە
بەرخۆی. ئەمجا حاجی قادر روئەکاتە ئاسمان و ئەڵێ خوایە بەم وەقورروانت جێگات لیقات
بۆ ماڵی خۆت لەم شوێنە گەرم و دێمەدا دروستکرد،بۆچی ماڵی خۆت لە(گردی
گەلکە)لەو کوێستانە فێنك و سازگارەدا دروست نەکرد؟ شاعرێك ئەمەی بۆ
هەڵبەستووە:

| | |
|---|---|
| کوردێ چو بۆ حەج لە دەمی هاوین | لەسەر ئاین و رەوشتی پێشین |
| لەکاتی لۆقەو تەواف ماڵا | گەرما جۆشی سەند کوردێك کەوت بە پاڵا |
| بۆ خۆت پێچایە کانی گەرم کە | بۆ ماڵت نەکرد لە گردی گەلکە |
| خوا ئەمکوژی تا ئەگەمە ماڵ | من بۆ مەلاکەی سەرگۆشەی بەرماڵ |
| ئەوی پەڕاندم لەماڵ ، لە ولات | ئەگەر حەج خاسە ئەی خۆی بۆ نەهات؟ |

ئەم هەڵبەستەی خوارەوە نمونەیەکە لە شعری حاجی قادری مکایەڵی:

میرزام گوڵ عەنبەر..... موبارەکت بو میری گوڵ

عەنبەر[183]

گوڵ عەنبەر ئوتاق جای کەدیا نانەن ... جای زەوق و زینەت خانی خانانەن

بەهەشتی باقی روی سەرزەمینە ... خاسێ لە سەحرای چین و ماچینە

مەسکەن و ماوای مدبر ماسانە ... پڕ لە رویلەی پۆلی خاسانە

سەیری سەراوان دەشتی شارەزور ... نیگای خاڵخاسان جەبین قورسی نور

نیگای موتریبان دیدە قەترانی ... شکاری بازان هەورامان لانی

هەوای چەرخی زەڵم شاخەی خواجایی ... خاس تەرەن لەگەنج خەزێنەی شایی

موبارەکت بێ عەجەب جای گەشتە ... تەختی تەکیەدار باخی بەهەشتە

حەیفەم پەرەی تۆ خالی بیسانی ... عومرەکەی (حاجی) یش یاوا وەفانی

...........١٣٠٦

## ٩. عەلی عاشق

بەهەشتی(مامۆستا سید حسین حوزنی موکریانی)لە گۆڤاری (زاری کرمانجی) ژمارەی(٧)ساڵی١٩٢٧م دا باسی ئەم شاعرەی بەکورتی بەم جۆرە نوسیوە و ئەڵێ:

عەلی عاشق لەدەورەی فەرمان رەوایی (میر محمد پاشا)ی رەواندز دا لە وڵاتی موکریانەوە هاتۆتە رەواندز وە(محمد پاشا)یش ساڵی ١٢٢٩فەرمان رەوایی وڵاتی سۆرانی گرتۆتە دەست.

عەلی عاشق لە رەواندزەوە چۆتە (هەریر)و(باتاس) لەوناوەدا دڵخوازی کچێك ئەبێ کچەکەیش دڵخوازی ئەو ئەبێ . باوکی کچەکە کە تەماشا ئەکا کچەکەی گرفتاری عەلی بووە کچەکەی لێمارە ئەکا.

---

[183] لەناوی سیروانەوە تا نزیك کەرکوك ئەم قەڵەم رەوە بەناوی گوڵ عەنبەر کە کچێکی جوان بو لە جوغرافیای عوسمانی دا قەڵەم داوە.

...ری شایی بوك و زاوا ئەچنە ژوریکەوە بێ ئەوەی لەیەك نزیك ببنەوە هەردوکیان
...مری خوا بەجێ دێنن و ئەمرن . عەلی عاشق شعر و هەڵبەستی زۆری هەیە ئەمە
...بەکی شعریەتی:-

...یری میحنەتی هیجرانی تۆم یاری وەفا کارم
...زاوی خەنجەری موژگانی تۆم مەحبوبی نازدارم
...لاجێکم بکە دەردم گرانە قیبلەکەی دینم
...ە رەحمێ بە فرمێسکی دلۆپی چاوی خەمبارم
...وك بمرم بەناکامی غولامێکی ئەمەکدارم
...لا و زاهید و سۆفی غەریقی بەحری عەشقی تۆن
...ە من لەئەم حاڵە چە ئوستادێکی هۆشیارم
...خۆشێکم بەبێ دیداری تۆ من شیفام نابێ
...گەر عیسایی مەریەم بێ بکا دەرمانی ئازارم
...لی)هەتاوەکو دەمرێ ئەزارەی قامەتی یارە
...ێر عەشق قوتار نابێ هەتا خۆت بێ غەم خوارم

........١٣٠٧

عەلی ناسر

...ی ناسر شاعریك بو نەخوێندەوار ، هۆشیار ، رەند ، قسەخۆش ، لەهەرکۆڕێکا
...ایە ئەو کۆڕەی بەشعرو قسەی خۆش ئەهێنایە فەڕ و زەمزەمە ئەم شاعرە هەرچەندە
...ال و روت و قوت و هەژار بووە هەر رۆژە لە شوێنێك بووە بەلام بەخەڵکی هەرێمی
...ەحمەدن) ناسراوە، وە لە هەمو پیاوێکی تێگەیشتو خۆشەویست بووە. رۆژی١٤ی
...باتی ساڵی ١٩٥١م لە ئاوایی (تەبەلو) کۆچی دوایی کردووە ئەم هەڵبەستەی
...ارە نامەیەکە بۆ دۆستێکی خۆی ناردوە.

بێ پارەو بێهێز خێزان روت و قوت — ماڵی ئەنیوە تەواو عەنکەبوت
بێ لیف، بێ دۆشەك، سەرین بۆ پاڵی — ماڵم وەك كارگای هەلاجان خاڵی
بێ كەواو كراس ، بێ كالاو كەلوپەل — راستی ئەمەیە بڕیومی لەگەل
هەروەك وەرەم دار دەرناچم لەماڵ — بڕیاوم لەگەڵ وەك مەلی بێباڵ
روتی وەك تانە كەوتۆتە چاوم — جناب ! لەناوایل بڕاوە ناوم
جاران لای دۆستان گەر (مرحبا)م بو — ئەزانم سەبەب كەواوعەبام بو
ئەو پیاو عادی بێ، یاخوا لە خەواس — واتەی عەوامە (الناس باللباس)
تەواو نابێ داد دڵەی زامارم — لەدەس چەرخی چەوت دایم بیمارم

............ ژ۱۳۰۸

تیبینی : ۱۳۰۹ شاعیر رەنجوری یە بەڵام دیوانی بۆ كراوە لەبەر ئەوە نەمنوسیەوە.

۱۱. میرزا ئەڵماس خان

وەكو ئەڵێن (میرزا ألماس خان) خەڵكی ناوچەی (ئیلاخ)ە بە كوردی و فارسی شعری وتووە برای شاعری بەناوبانگ (میرزا شەفیع)ە دەربارەی ئەم شاعرە بەڵگەیەكی تەواو بەدەستەوە نیە و سەرگوزەشتەی ژیانی بەتەواوی نەزانراوە بێجگە لەچەند هەڵبەستێكی كە بەخەتی شكستەی كۆن لە(بەیازێكدا=دەفتەری قەبارە بچوك) نوسراوە. ئەم فەردە لە دوایی هەڵبەستێكی دا بە مێژو داناوە:

تأریخی واتەی بەندەی شەرمەسار
هەزارو یەك سەد هەشتادوچوار
ساڵی ۱۱۸٤هـ هەڵبەستەكەی داناوە ئەمە پارچە شعرێكی ئەوە:

بادی لیلاخان، بادی لیلاخان — بادی عەنبەر بۆی بورجی لیلاخان
شینایی گیسوی چنور زاخان — مەرهەمی دڵەی زامداری داخان
لەرەی ریشوی خاوتارای بێداخان — لەرزەی زنجیرەی ئاو و شتاوان
پێشداری نەفحەیی نەوغونچەی باخان — رەهبەری رێگای شەوبۆی ئیلاخان

دەقاق شاپەڕ سەقر و کلاخان
جاڕو کەش وگەرد نەوحەجلەو کاخان

ئاخ زۆر دەمێکە دور کەوتەی لەیلم
ئاوارەی وەتەن وێڵی دوجەیلم

یاران لێم گوم بو سەرگەشتەی بیدم
تەنیا بۆ تۆیە هیواو هومێدم

نامەی لەشەرح دڵەی پڕدەردم
سۆزی لە هیجران هەناسەی سەردم

نوسیومە بەخوێن برینی کاریم
بیبە بۆ یارم لەبری دیـــارم

بگێڕە ماڵ ماڵ بە هۆزانەوە
بە قەوم و قیلە و دڵسۆزانەوە

هەرچەنێ ئەبینێ کە سۆز لە دڵە
بۆ سەرگەردانیم جەرگی بە کوڵە

بە گریان ئەڵێ لێلاییم لێڵە
نامەی میرزاکەی لە هەردان کێڵە

بیدەرە دەستی و بلێ وەسیەتە
میرزا ئەلماس خان ڕەنجەڕۆ و شێتە

سەرەتای زوخاو لەجەرگی سەردان
بکەونە فریاش یاران هام فەردان

دەحیلەن شەماڵ لەروی دڵشادی
بۆم بێنە نامەی گەردن ئازادی

ئەگەر بزانی چەند چاوەڕێی تۆم
زو هەواڵێکی لەیلا دێنی بۆم

وا چەرخ لەگەڵ من کەوتۆتە ساردی
با لەبەینابێ گەردن ئازادی

نك ئەجەل لێمان ببێ فرسەت
دیدەنی یاران بخاتە حەسرەت

........١٣١٠

١٢.

## میرزا شەفیع

هەفتەی رابوردو لە ژ/١٣١٠ی ژین دا هەڵبەستێکی (میرزا ألماس خان)مان نوسیبو کە برای شاعرە(میرزا شەفیع) ە کە لەساڵی ١١٨٤ه دا هەڵبەستەکەی داناوە. وا ئەم جارەیش ئەم هەڵبەستەی (میرزا شەفیع)مان نوسی کە (پیرەمێرد) لە زبانی کوردی هەورامی بەوە گۆڕیویەتیە سەر شێوەی سلێمانی:

شیرین پێی داوە........

.........

هەر جوتە سێوەی کە خوا پێی داوە

سەد سەنعان لەدین بۆی وەرگەڕاوە
ئەو سێوە ریشەی دڵی کێشاوە
دو شەکرە سێوی تازەی گوڵ بەدەم
پێست تەنك نازگ غونەی نیرەم
لەتوێی کراسی کەتانی عەجەم
ئەدرەوشێن وێنەی ئەستێرەی ناو تەم
دەوریان بە دوگمەی زیوین تەنراوە
ئەو سێوە ریشەی دڵی کێشاوە
نەقشی سێو وەك لەوح بەهزادی ئەرژەنگ
کالآی سەربالآی ئالآی شۆخ و شەنگ
بنازم بەسونع نیگارندەی رەنگ
مەمکی کرد بەسێو سیوەیلی سێوەنگ
تەلآی دەست ئەو شار باوی نەماوە
ئەو سێوە ریشەی جەرگی کێشاوە
سێوی شاراوەی ژێر سوخمەی ئەتلەس
عالەم بۆ مردوی بۆن نەکردوی کەس
بالآ تولی نەی پڕ هەواو هەوەس
سێو لەرزی بەبای هەناسەی نەفەس
بیدمشك لای ئەو بۆنی نەماوە
ئەو سێوە ریشەی رۆحی کێشاوە
وەك قەندیلی زیو هەلآوەسراوە
بە چلی گرولی داری تو باوە
گوڵ لەشەرمی ئەو کەوتۆتە عەرەق

وەك سێوی بەهەشت پڕ نورو رەونەق
سەر کولم پەمەیی وەك رەنگی شەفەق
ئەبێنیێ دەوری روشتەی لیقای حەق
شکلی دوماری لەدەور کێشراوە
ئەو سێوە ریشەی دڵی کێشاوە
...............١٣١١



.١٢

عەیشی

بەکورتی مێژوی ژیانیم لە (مامۆستا زێوەر) وەرگرتووە وا ئەڵێ :- عەیشی ناوی (محمد) وە خەڵکی ناوچەی (جوانرۆ)یە لەتەمەنی گەنجی دا بۆ خوێندن هاتۆتە سولەیمانی

لەگەڵ (مامۆستا زێوەر) پێکەوە لەلای (مەلا عبداللە عرفان) دەرسی (عیلمی عەروض = دەستوری شیعر دانان) یان خوێندوە..

عەیشی ساڵی ۱۳۲۲ هـ لە سولەیمان کۆچی دوایی کردوە. ئەم شاعرە بە کوردی و فارسی شعر و هەڵبەستی هەیە لە پایەی شعردا چۆتە جەنگی (شێخ رەزا وە شوکری فەزلی) یەوە گەلێ نامەی بە شعر بۆناردون. جارێك عەیشی ئەچێ بۆ کەرکوك بۆ دیدەنی شێخ رەزا چەند رۆژێك لەلای ئەمێنێتەوە دوایی هەڵئەستێ بێتەوە بۆ ئێرە کوتوپڕ شێخ رەزا ئەم فەردە ئەڵێ:

رەفیقم بو جوانێکی جوانڕۆ  که رۆیی دام بەسەر خۆمدا جوان رۆ!

ئەم پێنج خشتەکی یە کەلەسەر هەڵبەستی (مستەفا بەگی کوردی) یە لەدەفتەرێکدا بەناوی (شوکری فەزلی) بەخەتێکی شڕم بڕم لەقەڵەم درابو بەڵام مامۆستا زێوەر بۆی ساغکردەوە کە هی عەیشی یە:

لەچاوم دەمبە دەم دێ جو بە جو فرمێسکی خوێنینم
بــریـنداری خـەدەنگی عـەشقـم و مومکین نیە ژیانم
لەمن ئێستا کە بێزارە بە کـوڵی گـیـانی شـیـریـنـم
رەفیقی کونجی میحنەت عاجزن هەر شەو لـەنـاڵـینم
گوریزانن لەبەر لێشاوی مەوجی ئەشکی ئەسریـنـم

* * *

بە ئاگری فیرقەتی تۆ جیسم و گیان و دڵ ئەوا سوتا
وەرە رەحمێ بە حاڵم کە فیدات بم ئەی مەلەك سیما
بەیادی پەرچەم و خـاڵـیـسیاهـ و رومـەتـت ئێستا
ئەگەرچی رۆژو شەو مەشغوڵی نەغمەی موتریبم ئەما
لەغەم خاڵی نیە ساتێ دڵەی مـەحـزون و غەمگینم

* * *

لەبەر دەرگای ئەوا کەوتم بە ئاه و شیوەن و گریان
لە گیان ئێستا کە بێزارم منی بەرهەم زەدەی هیجران
ئەگەر ئەو شۆخە من بکوژێ بە شمشێری برۆ و موژگان
شەهیدی عەشقم و مەمشۆن و کفنم بۆ مەکەن یاران
گەواهی حەشرە بۆ دەعوای شەهادەت بەرگی خوێنینم

* * *

منی کوشت ئاخر ئەو یارە بەهیچ کەس ناکرێ چارم
لە مانم یەك نەفەس ماوە نیە رەحمێ بە هاوارم
کە دەسپێرن بەخاکی گۆڕ . یاران جیسمی بیمارم
لەپەردەی تاهیری کەربی سەدای ئەو عاشقی یارم
نیز پێویست نیە بێنن مەلا بۆ وەعز و تەلقینم

* * *

ئەکا بێ مەنفەعەت زاری مەرێژە قەترە ئەسرینت
کە ستە گەرنی(عەیشی) نیگارت روشتەیی ژینت
شەهیدی تیری موژگانت نیشانەی جیسمی خوێنینت
عەبەس (کوردی) مەلائیك دێن ئەپرسن مەزهەب و دینت
کە قادر خۆی ئەزانێ من لەسەر کام مەزهەب و دینم

.................١٣١٢

١٤.

## سابیری

لەسەرەتای سالی١٩٤٦م دا بەهۆی دەردی نەبونی و ناتەواوی گەردوشی رۆژگار
هەلیدام بۆ بەغدا لەوێ یەکێك لە کاربەدەستە گەورەکانی خۆمان لە دائیرەی توتن بە
مرجەیەکی باش دایمەزراندم و چومە سەرئیش لەبەر ئەوەی لە حساب=ژمارەدا

شارەزایم هەبو هەر تۆمارو ئیستمارەیەك ژمارەی پێچەوانە وە هەڵەی تیابوایە ئەیانداً بە مل مندا راستم ئەکردەوە.

وە بە (ئالەتی حاسبە= دەزگای ژمارە) ئیشم ئەکرد بەم هۆیەوە چاوو مێشکم زۆر ماندو دەبو . دوای دەوام بێئەوەی بچمەوە مەنزلەکەی خۆم تۆزێ بحەسێمەوە راستەوخۆ ئەچوم بۆلای بەهەشتی (مامۆستا سید حسین حوزنی موکریانی) کە ئەوکاتە سەرپەرشتی گۆڤاری (دەنگی گیتی تازە)بو پێکەوە دەستمان ئەکرد بە قسەی خۆش و باسی شعر و شاعر . رۆژێك مامۆستا حوزنی دیوانێکی شعری دەستنوسی نیشاندام وتی: ئەمە (دیوانی سابیری)یە کە لەناوەراستی سەدەی سیانزەهەمی هیجریدا لەناوچەی سلێمانیدا هەلکەوتووە ، دوایی بەمەلایەتی دێهات رایبواردووە. ئەم شاعرە بە کوردی و فارسی شعری وتووە وە منیش چەند هەڵبەستێکم لەبەر نوسییەوە ئەمە یەکێکە لەو هەڵبەستانە:—

شوکر وا رۆژی وەسڵی دۆستداران  
تلوعی کرد لە ئاسۆی کۆهـ ساران  
شەوی تاریکی ئەومێدی بەسەر چو  
بە شوعلەی تەلعەتی خورشید عوزاران  
روناکی خستە چاوی کوێرە عاشق  
کلی گەردی ولاخی شەهسواران  
لەباخی نازگیدا هاتە سەر بەر  
ئەمامی ئارەزوی ئومێدەواران  
بەشارەت بێ کەوا یار میسلی لوقمان  
بەخێر هات بۆ عیلاجی دەردەداران  
لەسایەی خواوە ئاسان کەوتە دەستمان  
کلیلی گەنجی وەسڵی خەزنەداران

بە غەواسی فریشتەی بەخت و تالع
دوڕی دەریای ئومێد کەوتە کەناران
جەفای زستان بەسەر چو تازە پشکوت
گوڵی شادی ئمونەی نەو بەهاران
خوایە (سابیری) ئەمجا خەلاس کەی
لەدەست هیجران بە عەشقی چواریاران
١٣١٣.........

١٥. ئەحمەد فایق بەگ

أحمد فایق بەگ بە (فایقی تاپۆ) بەناوبانگە کوڕی (تۆفیق ئەفەندی)وە خەڵکی سولەیمانیەوە لە دەرچوانی (قوتابخانەی حقوقی ئەستەمول)ە لە دەوری (عوسمانی)دا لە سلێمانی ئەندامی (محکمە) بووە، بەینێکیش لە بەغدا(مدیری تاپۆ)بووە.لەساڵی ١٩١٩دا کە ساڵی ئیحتلال بووە بۆ هەندێ کاروباری کوردستان لەتەك (مێجەر نۆئیل) دا چووە بۆ کوردستانی تورکیا.

لەسەرەتای مانگی ئەیلولی١٩٣٠دا چەند کەسێك بۆ سودی شەخسی خۆیان خەریکی شۆڕش بەرپاکردن بون(أحمد فایق) لەبەغداوە خۆی گەیاندە سلێمانی کە ئاگری ئەم شۆڕشە بکوژێنێتەوە بەڵام لەلایەن چەند نەفامێکەوە ئوتومبیلەکەی درایە بەر بەرد وە بە دڵشکاوی گەڕایەوە بەغدا وە لە ئەنجامدا شۆڕشەکەیش بەرپاکرا وە نزیکەی سەد کەسێکی بێگوناه بەناڕەوا خوێنی ڕژا.

أحمد فایق بەکوردی و فارسی و تورکی شعری وتوە ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی لە زستانی سەختی ساڵی١٩١٨دا وتووە کەبەهۆی سوپای (عوسمانی)یەوە شاری سلێمانی و دەوروەی لە٧٠٪ی لەبرسانا مرد. تەنانەت سوپاکە دارئەرخەوانەکانی (گردی سەیوان)ی بڕییەوە بۆ سوتاندن.

ئەحمەد فایق نیشتمان پەروەرێکی راستەقینەوە ئەدیبێکی پایەبەرز بو سالی١٩٥٣ لە کەرکوك کۆچی دوایی کردوە. ئەمە هەلبەستەکەیەتی:-

بەمەعموری کە مەشهوری جیهان بو خاکی کوردستان
هەمو وێرانەیە ئێستا لە زولم و وەحشەتی دەوران...
لەبەر لاشەی بەنی ئادەم چە مومکین هاتوچۆ کردن
لە ئەعرەی برسیەتی قابیل نیە ئینسان نەبێ گریان
چیە ئەم زولمە ئەمڕۆ (......)کە ئەیکا لەم عبادەتی تۆ؟
فەقیر و دەولەمەند شاه و گەدا شەو تاسەحەر نالان
لە ئاه ئۆفی عالەم سینە وا کون کون بو وەك بێژنگ
دەوامی زامی دلم ناکا حەکیمی حەزرەتی لوقمان
بە کافرمان ئەزانن هەمیشە رێ ئەم قەومە بێئەقلە
هەتاکەی (....)سادەی وەرنە غیرەت قەومی گەل کوردان
کە کەچ بو تاقی دینمان بۆچی چاکە زیندەگی و عوشرەت
مەعابید گشتی روخا ئەهلی سوننەت بو بو سەرگەردان
لەبەر داری مەمەد عالەم هەمو هاتونە ترسولەرز
چە فەرقمان ما لەگەلێ (......) بەدینتان عەشرەتی گۆران
کە ئینسان ئەفزەلی مەخلوقە هیچ فەرقی نیە ئەمڕۆ
لەگەلێ حەیوانی ناهیق هەر دو بوینە مەئکەلی گورگان
تەماشای ئەهلی لادێ کەن هەمویان بونە سلقی روت
لەدەس یەغما گەری (ژەندرمە)و مەئموری بێئیمان
بە زیندو ئیکتیفا نەکرا تەعەرڕوز کرایە شەخس و بیر
نە(شێخی نۆدی)مەحفوزما نە قەبری حاکمی بابان
ئەمە سالێکە وا ئەگری و ئەنالێنێ لەبەر روتی

ئەلێ بێغیرەتی شەکوای نەبیستم گردەکەی سەیوان
بەسەوزی هەر وەکو زمرووت بەنازو عیشوە وەك کچ بوم
بەرەونەق هەروەکو گەوهەر بەخۆشی رەوزەی ریزوان
عەجەب زەیب و فەرێکم بو هەتا رۆلەم هەبو یاران
هەمو ئەولادی من بون سونبل و گوڵ لالەو رەیحان
هەمو جەستەم بریندار قولنگی جەیشی.......
سرروشکی زار زاریمە بە(باللە) شیوی سەرقەبران
لەرەبری تەور و دەنگی(خالق شونی کیس پیچ سکا قارداش)
خەریکی کۆچ بارم بچمە ناو قەومی خیرد مەندان
........٣٠١٤

١٦. سەید عومەر عیرفان

(سید عمر عرفان)کوڕی (شێخ أحمد)ی(شێخ رسول)ی پڵاوخۆرە بەقسەی خۆی ساڵی١٨٨٤م لە سلێمانی هاتۆتە دنیاوە. خوێندنی بەرایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواوکردووە لەتەمەنی ١٨ساڵیدا چۆتە (ئەستەموڵ) لە قوتابخانەی (حقوق)خوێندویەتی ر دیپلۆمەی وەرگرتووە. ماوەیەکی زۆر لەوێ ماوەتەوە بە محامات رایبواردووە.

ساڵی١٩٢٣م هاتۆتەوە سولەیمانی و لە حکومەتی محەلی کوردستاندا کراوە بە (قازی) شارباژێر بەڵام نەچۆتە سەر ئیش.

عمرعرفانزانا و شاعیرێکی بەسەلیقە بو لە زبانی بێگانەدا فەرەنساوی و تورکی و عەرەبی و فارسی باش ئەزانی. چیرۆکێکی دوررو درێژی دڵخوازی لە فەرەنساوی یەوە کردووە بە کوردی بەناوی(فتح أستەمول) بەراستی چیرۆکێکی خۆشە.

خاوەنی سەرگوزەشتە سالی١٩٣٢م کۆچی دوایی کردووە.ئەم هەلبەستەی لەسەر شعرێکی(محوی)کە(حمدی) کردویەتی بە پێنج خشتەکی داناوە بە پێنج نیوە شعری لەناو چووە.

لە زاهید سەومیعە[184] تەنگ هاتو روی کردۆتە بتخانە
لەجێی کەوسەر ئیتر واعیز ئەکا تەعریفی مەیخانە
ئەسیری زولف و پەرچەمبە چ دانابێ چ دێوانە
نیساری خاکی رێی ئەو شۆخە نەقدی دین و ئیمانە
کە گولزاری جیهانی عەشق کرایە ئەم چراخانە

* * *

بەرۆژ ئەم خەلکە تاشەو ئیشی هەر چاکی گریانە
کە شەو هات تا تلوعی ئافتاب هەر شین و گریانە
بەدایم عاشقی بێچارە چاوی ئەشك رێژانە
بەلێ قانونی ئولکەی شۆخی یە ئەم جۆرە حالانە
یەکێ رێی بلبلی گرت و یەکێ ئاینی پەروانە

* * *

لەلای ئەو شۆخە قەتلی عاشقی موسکین چە ئاسانە
ئەوەش خوێنی منە پرژا لەسەر ئەو کولە ئالانە
تەماشاکەن چە خوێن رێژە موژەی ئەو چاوە کالانە
ئەگەر بێتو لە رو لادا نیقاب ئەو ئافەتی جانە
لەسەر خۆ چونە، شەیدا بونە،فورپێوانە،سوتانە

* * *

---

[184] سەومیعە،صومعە-مزگەوت.

لەزینا سەرف نەبێ ساتێ ئەگەر مودەی هەموم عومرم
بە دو دەستی ئەسەف فرمێسکی خوێنین من لە چاو ئەسرِم
بەخوێنی دیدەکانم بۆ دڵی بێچارە غەم ئەکرم
نەبێ خاکی سەری رێت بێ و جودی من هەتا ئەمرم
موحەبەت ئیشی زۆرە تا قەیامەت رێژی لینەگرم

١٣١٥........

١٧. عبدالواحید نوری (ع.و.نوری) ز ١٣١٦

(عبدالواحید نوری) کوڕی(مجید أفندی) وە خەڵکی سولەیمانی یە لەساڵی١٩٠٣م دا کە باوکی لەقەزای چەمچەماڵ کاتی تحریرات بوە لەدایکبووە لە سولەیمانی و کەرکوك و بەغدا خوێندویەتی و ساڵی١٩٢٧بە مامۆستا دەرچووە لە قوتابخانەکانی هەڵەبجە و چوارتا و شەقڵاوە و سولەیمانی دەرسی وتۆتەوە .لە رۆژی٥ی تەموزی ساڵی١٩٤٤م دا لەسولەیمانی بەناکامی ودڵپڕ لە داخەوە بەنەخۆشی (سیل)کۆچی دوایی کردووە.

خوالیخۆشبو هەمو بەشی ژیانی خۆی بۆ نیشتمان و هاوڵاتی و سەرکەوتنی وڵات و پێشخستنی زانین دابەشکردبو. بە هەموهێزێکەوە شەو و رۆژ هەوڵی ئەدا.

ئەم کتێبانەی نوسیوەتەوە و لە ژیانی خۆیدا چاپیکردون.

١. لە وڵاتی ئادەمیزادە سەربەستەکان،لەتورکیەوە گۆڕیویەتی بۆ کوردی.
٢. بەرەو روناکی.بەشی یەکەم .
٣. هەندێ کتێب بۆ قوتابخانە.(سەرەتای تەبیعات،سەرەتای جوگرافیا،جوگرافیای تازە،جوگرافیای ئەوەلی،کتێبی صحەبۆ منالّ...)
٤. پیرۆزی منالان.
٥. دوانێك لەبابەت پەیرەوی میللیەوە،لە عەرەبیەوە گۆڕیویەتی،قازانجەکەشی پێشکەشی کتێبخانەی(ئازادی) کرد.

زۆر داخ لەدڵین کە ئەم هەڵکەوتوە زۆر بەناکامی و دڵگیری یەوە پەنجەی مەرگ ٩٠٤
یەخەی بەرنەدا ئەم کۆنە هەوارەی دنیای بەجێهێشت ئەمە نمونەی پارچە شعرێکی یەتی

ئەی فەجری جوان !! فەجری ئەمەلمان        ئاسمان روناك کەو رۆشنکە وڵاتمان
لابە تاریکی . لابە تاریکی لەسەر باخ و چیامان        بەڵێ بەسیە نوسین بەسیە سستی
بەسیە پەستی ئیتر ئینتباه




راچڵەکین وریابون.راپەرین هۆشیار بون
قەفەزی دیلیمان شکان تا لەعالەما بژین
ئەژین ئەژین ئێمەیش وەك بەشەر ئەژین
ژیانێکی شێرانە ئێرە ئەکەین بە لانە
ئەپارێزین لە میکرۆب، لە میکرۆبی بێگانە
نەژی نەژی دەوری خەرافات نەژی

** **

ئێمە کە لاوین تازە پێئەگەین        بۆ دوارۆژی کورد دایم هەوڵ ئەدەین
بەکرداری جوان بە عیلم و عیرفان        زانست نەشر ئەکەین لەناو کوردستان
نوستبوین سەردەمی بێهۆش و بێگۆش        لەزەتی ژیانمان کردبو فەرامۆش
بەلام سەد شوکر هاتینەوە هۆش
کورگەل وەرن زو با برۆین بۆلادێ        لادێکان پێشخەین تا بن بەشادی
لادێ بێ هەژار برسی و بەسەزمان        ئەڵێ رزگارم کەن لە نەخۆشیەکان[185]

---

[185] لە رۆژنامەی بیری نوێ و گۆڤاری سلێمانی ژ٣٩ و کتیبی کوردی پۆلی٧دا بابەتی زۆر فراوان لەسەر ئەم پیاوە بلاوکراوەتەوە،ماوەیەکیش جێگری سەرۆکی شارەوانی سولەیمانی بوە، نازناوی نوسینەکانی(ع.و.نوری) بوە.چونکە(نوری عەلی ئەجزا=(صیدلیە) خاڵی بوەو زۆری خۆش ویستوەو لەدوای نەمانی باوکی

## موخلیس

(١) موخلیس ناوی(شێخ مستەفا) کوڕی(شێخ عبدالصمدی قازی)و خەلکی سولەیمانی یە
لە دەورەی (عوسمانی) دا چەند جارێك ئەندامی محکەمە بووە لە سالّی١٩١٤م وە تا
سالّی١٩١٨م کە حکومەتی عوسمانی سولەیمانی چۆلّ کردوە (مدیری أیتام)بووە و
لەسەرەتای مانگی مارتی١٩١٩م لەتەمەنی٧٥سالّیدا کۆچی دوایی کردوە.
لە زبانی تورکی و فارسی و عەرەبی دا زۆر شارەزا بووە بەتایبەتی لە عەرەبی دا
(مقاماتی حریری) کە هەلّبەستی(شێخ أبومحمد)ی کوردی حەریری لای هەولێرە وە
عەرەبی بەکی هێجگار رەقە ئەم چەند بەندێکی لێکردوە بە کوردی لەبەر ئەمەی سەر
بە (شێخ ضیاءالدین)ی بیارە بوە لەقەبی موخلیسی بەخۆی داوە و گەلێ قاقەزی بە
نەوی کوردی بۆ ناردوە وە ئەویش بەشعر وەرامی داوەتەوە هەلّبەستەکانیان لەلام
هەیە. ئەم هەلّبەستەی خوارەوەی لەبەیازێك دا که سالّی ١٢٩٣ه بەدەستنوسی(مەلا
عەولای گەلاّلە)نوسراوە وەرگیراوە.

دڵ لەبۆ شەمعی جەمالی تۆ ئەبێ پەروانەبی
سۆزش با وانەبێت و هێندە بێ پەروا نەبی
حاجەتی نابێ بەمەی مەخموری بادەی عەشقی تۆ
مسکەنی(خومخانە)بێ بۆ ئەو ئەبێ خمم خانەبێ
مەخزەنی ئەملاکی هەستی من بەنەقدی گیان و دلّ
سەرفی رێی جانانەبێ، ئەم خەزنە باجانا، نەبێ
دەس لە دو زولی بدا مەتلوبە بۆ سولّتانی روم
حەز ئەکا (شاهـ)شانەبێ. ئەمما دەمی وەك شانەبێ

---

توفیق خەزنەدار بەرهەمەکانی لە کتێبێکدا کۆکردەوەو لە بەغدا چاپیکرد،چەند نوسەرێکیش
بەشداریان تیاکردوە. -ئاوات-

ئاهی سەردم با نەبێ کاتی کە حازر بێ رەقیب
زولفەکەت تا (تانە)بێ وا چاکە قەت تاتا نەبێ
تالبی مەعشوقی یە عاشق لەهەر جێ بێ بسێ
مەسجودو دبرو کە نشتە یانەخۆ بتخانە بێ
حەسرەتی موشکی خەتاو و میحنەتی ئاهوی خۆتەن
مونقەتیع نابێ هەتا ئەو زولف و ئەو چاوانەبێ
ئارەزوی تەرفیعی روتبەی با نەبێ(عبدالغنی)
با توفەیلی مەقدەمی تیفلیکی مەکتەب خانەبێ
ئەهلی جەوهەر نا عەزیزن بۆیە وابو دەوری رۆم
حەیفە (موخلیس) تابەکەی وەفا گەنجی ناووێرانەبێ
................١٣١٧

ژمارەی ١٣١٨ بلاّوی نەکردۆتەوە.

## ١٩. دکتور حسین ئەفەندی بابەجان

ئەم پیاوە گەورەیە کوڕی دکتۆر (میرزا بەدیع)ە کە لەقەبی (میرزا بەدیع بابەجان)ە وە سەردکتۆری(ئەحمەدپاشای بابان) بووە لە سولەیمانی، لەسولەیمانیش کۆچی دوایی کردووە.

حسین ئەفەندی سالّی١٢٦٨ھ=١٨٤٧دا لە سولەیمانی لەدایکبووە لە منالّیەوە تا سالّی ١٢٧٧ھ دەرسی (فقه و علومی دینی)لەلای پێشەوای بەرێز(حاجی کاك ئەحمەد) خوێندووە و دەرسی پزیشکیشی لەلای باوکی خوێندوە . سالّی١٢٧٧ھ بۆ تەواوکردنی زانستی چۆتە ئەستەمولّ لە قوتابخانەی پزیشکی شاهانەدا خوێندنی پزیشکی تەواو کردوە لە سالّی ١٣٠٢دا دیپلۆمەی وەرگرتووە.

حسین ئەفەندی هەر کە خوێندنی پزیشکی تەواوئەکا راستەوخۆ بەروتبەی (یوزباشی) ئەیکەن بە پزیشکی سوپایی و ئەینێرن بۆ ئۆردوی شەشەم بۆ سلێمانی و هەتا پایەی(بینباشی)ئەڕوا.ساڵی١٣٢٧هـ کە (سوڵتان رەشاد) دێتە سەرتەخت ئەکرێ بە دکتۆر لە پایەی(قائیمەقامی عەسکەری)دا بەڵام قبوڵی ناکا و لە شاری کەرکوك جێنشین ئەبێ.

لە زستانی ١٣٤٢حسین ئەفەندی دێت بۆ سلێمانی سواری ئیسترێك ئەبێ ئەگاتە لای پردی(قلیاسان)ئیسترەکە توش و سەرکێش ئەبێ هەڵئەتورێنێ و ئەیخاتە خوارەوە دەستبەجێ ئەمری خوا بەجێ دێنێ. ئەم دو فەردەی لە رۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال)دا بۆ وتراوە:—

بەینێکە ونبووە حاد ئەوا خۆی نواندەوە
کانونی سینە ئاگری تێدا گەشایەوە
دکتۆر حسینی شەهیری وەتەنپەروەری ئەدیب
بای ئەجەل چرای ژیانی کوژانەوە

حسین ئەەندی دیوانی شعری بە فارسی و تورکی هەیە لەپایەی شعردا ل (قاانی)و(عبدالحق حامد) زیاتر نەبێ کەمتر نیە.شعری کوردی کەم هەیە مەگە بەهەلکەوت وتبێتی وەکو ئەم هەڵبەستەی خوارەوە لە ساڵی١٩٢١م ناردویەتی ب هندستان بۆ شێخ مەحمود:

چیمە لە خاڵی ماوی وروی مەهە جەبینەوە؟
چیمە لە بۆنی عەترو گوڵی یاسەمینەوە؟
چیمە لەسەیری فەسڵی بەهاران و سەوزەزار؟
گیای سەوزی شینی دڵ کە بهاوێتە شینەوە؟
دنیا لەلام ئەوەندە بەتەنگ دێتەبەر ئەزەر

هیچ ویسعەتێ نیە بە سەماو و زەمینەوە

مەزلوم ئەخاتە بەر دەسی زۆرداری بێنەمان

رەحمی نیە بە ئاه و دڵی پڕ گرینەوە

لایێ ئەهەنگە میللەتی بێچارە قوت ئەدا

لایێ پلنگە هەڵمەتی بردوتە چینەوە

غەمخواری عالەمی بەشەرم هەرکەسێ بێ

خۆ داخی ئێوە خاسە گڕی خستە ژینەوە

دایم دوعای خۆش بێ ئێوەم لەسەر دەمە

یادت ئەکەم هەمیشە بە قەلبی حەزینەوە.

..........١٣١٩



عصام الدين

جنابی شیخ عصام الدین

افندی

٢٠. شێخ عصام الدین عەوداڵان

وەکو لە خۆیم بیستوە:

(شێخ عصام الدین) کوڕی (شێخ قادری عەوداڵان)ەلەسەرەتای ساڵی١٢٨٥ھ لەناوچەی سورداش لە دێی (عەداڵان) هاتۆتە دنیاوە، خوێندنی بەرایی لەلای باوکی و دوانزە عیلمەی لە سولەیمانی لەلای(موفتی چاومار)تەواو کردووە.

لە زمانی بێگانەدا(فارسی و تورکی و عەرەبی) باش ئەزانی لەژیانیا حەزی لە هیچ
پلەیەکی میری نەئەکرد.
پایەی (شیخ الاسلام)یان پێدا بەلام قبولی نەکرد. موچەو دیاری لەکەس
وەرنەدەگرت بە کشتوکاڵ و بەرەنجی شانی خۆی ئەژیا.
خاوەنی سەرگوزەشتە پیاوێکی ئەنجومەن ئارا و نوکتە پەردازو قسەخۆش بو بەکوردی
و فارسی شعری هەیە. ساڵی١٩٣٢م =١٣٥١هـ لە عەودالان کۆچی دوایی کردووە.
ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی لە ستایشی پێغەمبەر(د.خ)فەرمووە و لەرۆژنامەی
(پێشکەوتن) ژمارە (١٠٧)ی ١١مایس١٩٢٢دا چاپکراوە:-

ئەو نیها بۆ نیگاهی تۆ دەرونم لەتلەتە
جاری یەمەیلیت لەگەڵ من عەینی دەردو زیللەتە
خواب و خوراکم گرینە عەیش و نۆشم زارییە
دامەنم دایم بە وێنەی جوبیاری گوێ شەتە
مەزبەلەی بەردەرکەکەت وەك سەگ ئەگەر لێی وەرکەوم
سەد ئەوەندە کەمتریش هێشتا کەماڵ و نیعمەتە
ئەم نیگای گەر بفەرموی بۆ دەوای دەردی دەرون
شادە مەرگم کافی یە بۆ من بەسە ئەم خەلعەتە
ێ مەلێ سەرچاوکانم نەك موژەم پێت دا بڕێ
تا سەگت پێی پیا بنێ بەسمە نیهایەی عیزەتە
سورمەیە بۆ دیدەکانم خار و خاشاکی دەرت
جیلوەی چاوم ئەدا گوڵزاری باخ و جەننەتە
ئەبەد گەر سەر لەرێ بازت بێتە بەردەباز
جەننەت و قەسری موعەللا ناکرم بەو قیمەتە

بێنەوا و دەردمەندم تۆی تەبیبی دەردی من
گەرنەکەی دەرمانی دەردم حەسرەتا لەو نەگبەتە
بۆ تلوعی رۆژی روی تۆ وەك هەتیوم بۆ هەتاو
کەی ئەبێ شادم کەی ؟ تۆ بەو هەتاوی ئەلعەتە
خەستە گورگین سەگیلم پاسەوانی ئاستان
چۆن ئەبێ خورێم بکەی رەسمی کەریمان رەئمەتە؟
گەر لەدنیام دەربکەی مەیلت لەدڵ چۆن دەربکەم؟
غەیری تۆ کێ شك ئەبەم ؟ دەرکردنیشت خەلعەتە
چونکە تۆی فەخری رسالەت شەمعی جەمعی ئەنبیا
لوتفی تۆ بۆ جەمعی عالەم شامیل و بێ مینەتە
بۆ ئومێدی ئومەتانی پڕ گوناه و عاسیان
لوتفی حەق و قوربی تۆ مژدەبێ (لاتقنط)ە
بێسەمەر بو، چومە عەبەس، تیر تێپەڕیت کرد حەیا
گەر ئومێدت بێ(عصام الدين) بە دەریای رەحمەتە

............ ١٣٢٠

٢١. ( عماد الدين )ی ( لوڕ ) [١٨٦]

(عمادالدين) لە ئیلی کوردی (لوڕ)ە لەسەرەتای سەدەر یازدەیەمی هجریدا لەدەورەی دەوڵەتی (صفەوی) دا لە شاری (ئەصفەهان) زیندەگانی کردووە. لە هونەری شعردا زۆر دەست درێژ بووە دیوانی شعری بە فارسی یە. لەکاتیکا باوکی مردوە (میرات= کەلەپور)ەکەی لەگەڵ براکەیدا بە هەڵبەستێکی زۆر سەیر دابەش کردوە بەقسە هەرچی چاکو نایابە داویەتی بە براکەی وە خراپەکەی بۆ خۆی داناوە کە

---

[١٨٦] ژمارەی ١٣٢١

وایش نیە، هەڵبەستەکە فارسیە لەلایەن خوالیٚ خۆشبو(پیرەمێرد)ەوە بەم جۆرەی خوارەوە کراوە بە کوردی:-

گیانی برا بەخۆشی وەرە ئیرسی باوکمان
بەش کەین ئەوی کە چاکە هەمووی بۆ تۆ کاکە گیان
من ئەو برایە نیم کە دزیت لیٚ بکەم وەرە
من دایدەنێم بەخۆشی بەشی خۆتی لیٚ بەرە
ئەو جامە خالی یە بۆ من و گۆزەیش ئەدەم بەتۆ
مانگای قسر بەشی من و تۆ مەشکە پڕ لە دۆ
ئەو مانیە پازدە ساڵە ئەوە تۆ هەڵی گرە
جوانکە ئەزۆکە بابەشی من بیٚ ئەو ئێسترە
ژێرنی زەمینی خانو و هەتا بانی هی منە
تا ئاسمان لەبانەوە بۆ تۆ کەبیٚ بنە
ئەو (پابور) ١٨٧ وە پەت پسێنە رەزام بابەرم کەویٚ
ئەو پشیلەیە کە هۆگری باوکم بوو تۆی ئەویٚ
تۆ من بەرانەکان و لە سەر تۆ بیٚ کا و جۆ
سەبری شەرەبەران کە حەزی لیٚ ئەکەی کە تۆ
ئەو قەرزی زۆری باوکمە بۆ تۆ کە بەرهەمە
تەنها کرێی دوکانەکە بۆ من کە زۆر کەمە
ئەو نەوەی بنەماڵەییم دا بە تۆ بەڵام
ئەو بۆرە پیاوی کاسب ئەبم کەس نەبیٚ تەلام ١٨٨

پابور=ئەسپی ناتەجیبی بارکێش. بەران=نێرەی مەڕە
قانعی شاعیریش شعریکی وەهای هەیە ئێتر نازانم بیرۆکەکەی ئەوە یان نا.

## ٢٢. شێخ محمدی فخرالعلماء

(شێخ محمد)بە(فخرالعلماء) ناوبانگی دەرکردووە کوڕی (شێخ محمد جسیم)ە لە بنەماڵی(مەردۆخ)ە ساڵی ١٢٢٠هـ لە کوردستانی(ئەدەڵان)لەشاری(سنە) هاتۆتە دنیاوە. لەگەڵ شاعری بەناوبانگ (مەولەوی)دا هاودەور بووە. خاوەنی سەرگوزەشتە لە پایەی زانستی و شعر و ئەدەبدا یەکتای زەمانی خۆی بووە. بە کوردی و فارسی و عەرەبی شعری هەیە ساڵی ١٢٩٩هـ کۆچی دوایی کردووە. ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی لە ڕۆژنامەی(خۆرنشین) لە (تاران) ساڵی ١٣٣٠ش چاپکراوە:-

ئازیزم بەستەن ئازیزم بەستەن
چەوساوە ئەرای تۆ زەنارەم بەستەن
تازە جەئەن مانو نەفەسی
گوش ئەدەم وە قەول واتەی هیچ کەسی
تا روی رستاخیز ساعەتم ئەبو
غەیر جە دینی تۆ تاعەتم ئەبو
ئەی مەیل ئەی موبەت ئەی سوزشی دڵ
شەرت بو کەم ئەکەم تاسەر سەرای گڵ
جاڕ بدەن وە ناو کوچەو شاراندا
وە عیبرەتم کەن وە بازاڕاندا
شەرت بۆ هەر ساعەت مەیلت زیادکەم
خاتر هەر وە عشق باڵای تۆ شادکەم
تەرکی وەفا و مەیل (جسن)و(بشر) کەم
وەمەیلی تووە رو لە مەحشەر کەم
سیاپۆش بووەن خۆیشانم تەمام

شەرت بێ مەیلی تۆ رەد نەبێ جەلام
سا ئازیز قوربان دیدەم حیاتم
پێم بایاد کەم : لاتم ، مەناتم
دیرم، کلیسام مەزگیم کە نشتم
ئارەزوی دنیا و قیامەت گشتم
گوڵم، گوڵشەنم، تەماشام گشتم
ئارەزوی دنیا و قیلمەت گشتم
قیلەم ، کەعبەکەم ، ئیمانم ، دینم
عمرم زیندەگیم ژیانم ، ژینم
سەر هەلقەنشین بەزمی مەیخانەم
مووسا پەرستم کلێسا یانەم
سەر نوێشتی حەق بی پەرستم کەرد
داخی جەنەزەل وەمەی مەستەم کەرد
خو سروشتی گشت وە دەستی ویشەن
من بەد سروشتەم سا چارەم چیشەن[189]

١٣٢٢.........




٢٣.

مەلا سەعدی

(مەلا سەعدی)کوڕی (مەلا موسا)ی کەرشەلرووە. لەدایکیەوە لە خێڵی (مستەفا بەگی پاڵەوان)ە و خزمی (جعفر

[189] لە ژمارەی ١٣٨٨بە ناوی مەلا محمەدی فخر العلماء و شعرێکی تری دوبارە بۆتەوە.(ئازک بەدارولا فەسلی بەهاران....)

پاشای عەسکەری)بەو خاڵۆی شاعر(أحمد دەرویش)ەکە ۹۱٤ بە

(ئەخۆڵ)بەناوبانگە،ساڵی۱۲۹۸ھ لە سولەیمانی هاتۆتە دنیاوە خوێندنی تا(جمع الجوامع) لەلای (مەلا غەفوری مەلا عەلی) تەواوکردوە. ساڵی۱۹۱٤م کە شەڕی یەکەم هەڵگیرساوە دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە و بە بازرگانی یەوە خەریك بووە. لەبەهاری ساڵی۱۹۱۸م دا لەگوندی (پیسکەنی)بەنەخۆشی تیفوس کۆچی دوایی کردووە.

لەسەرەتای نیسانی ۱۹۱۲م دا (زین درو=سەراج)ەکانی سلێمانی تفاق و خێوەت و خەرگەیان ئامادەکرد کە بچن بۆ سەیران وا رێکەوت ئەو مانگە سەراسەر هەڵیکردە باوباران و شەست و رەهێڵە بوارەی ئەوەی نەدا سەیرانەکە بکرێ هەتا بەهار تەواوبو لەم بابەتەوە (مەلا سعدی) هەڵبەستێکی (۱۰۰)شعری وتووە کەسەرەتاکەی ئەمەیە:-

تالعی سەراجەکانە هەورو باران وا ئەکا

هەر سەعاتێ خۆش ئەکا دو رۆژو دو شەو دائەکا

خاوەن سەرگوزەشتە لە زبانی بێگانەدا عەرەبی و تورکی و فارسی ئەزانی بە کوردی فارسی شعری وتوە ئەمە نمونەی هەڵبەستێکی ئەوە:

دڵم ئەم شەو نەخۆشی نیسبەتی چاوی بیمارە

جگەرخەڵتانی خوێنی حەسرەتی سێوێکی خونارە

سەرم شێواوی شێوەی فیتنە هەڵگیرسێنی شۆخێکە

حەواسم تەفرەقەی عیشوەی دڵ ئاشوبێکی عەییارە

خەیاڵی زوڵفی دەرناچێ لەدڵ، تا دەرنەچێ گیانم

سپێراوە خەزێنەی عەشقی ئێمە بەو سیمارە

لە شینی فرقەتی ئەودا ئەمەندە ئەشکی سورم دی

بەدەوری جێگەماتا، پڕ دەکا شەو دیدە گوڵزارە

ئەگەر ئێوە ئەچن بۆ سەیری سەوزە من مەبەن یاران

کە سەوزی گوڵ بەبیٚ روی ئەو لەچاومدا خەسوخارە[190]
کە پێم ئیزهاری شۆرو شینی دلکەم بەلکو رەحمی بیٚ
بەخەندە دیٚ دەڵیٚ خۆڵی بەسەردا بێژن ئەم هارە
بەدەردی خۆمەوە گەر گۆشەیی بگرم بەبیٚ دەنگی
بەلاما رادەبوریٚ و پێم دەڵیٚ ئای نەخشی دیوارە.

.........١٣٢٣

٢٤. کۆشکی

کوردستان بەپێی ئاو و هەوای سازگار وە چیاو هەردی رەنگین و بەبەرگ و بار و دیمەنی جوان و تاڤگە و روباری بێجگە لە شارەکانی هیچ کوێرە دێیەکی نەبووە کە شاعری تیا هەڵنەکەوتبیٚ داخەکەم کەمیان هەیە کە(نازناو-لقب)یان بەکوردی هەبیٚ و هەندێکیشیان هەر بەزبانی بێگانە شعریان وتووە،لەم روداوەوە بەهەشتی (حاجی قادری کۆیی)وتویەتی:

| | |
|---|---|
| وەك مریشكیٚ كە ئەقڵی نەهێنیٚ | بێتو هێلکەی مراوی هەڵ بێنیٚ |
| کە بگاتە کەناری جۆگەلەیەك | نایێتە شوێنی بمریٚ جوجەڵەیەك |
| جێی ئەمی وشکە، جێی ئەو ئاوە | تێدەگا کنگ درانی پێماوە |

بەلام ئەم شاعرەمان کە ناوی(مەلا شاوەیس)ە و خەڵکی دێی(کۆشك)ە لە ناوچەی قەرەداغ نازناوی شعری بەناوی دێیەکەیەوە بۆ خۆی داناوە. لەساڵی١٣٠٠هـ کۆچی دوایی کردووە،

ئەمە نمونەی شعریەتی:

دڵبەر دەچێتە پاشەوە قەتڵی هەمو بەرو ئەکا

---

[190] خەس و خار= درك و داڵ/ ژ. ١٣٢٣ی هەفتەنامەی ژین.

شەرمی حوزوری غالبە تەقیەیی ڕو بەرو ئەکا

خوێن بەری چاوی گرتووە، عاشقی هێندە کوشتووە

دەست ئەوەشێیێ راست و چەپ ئەیەك ئەسی ئە دو ئەکا

لادە لەسەروی جوبیار بێسەمەر و ئەتیجەیە

قامەتی ئەخلی دولبەرم شکۆفە زو بە زو ئەکا

کەللەی پڕ لە بادەیە، دڵی چ ساف و سادەیە

مەستە جنێوی خۆی خۆی ئەدا، ئەفەرقی من،ئە تۆ ئەکا

موی فریبی دڵ ئەدا، رەنگی لەرەنگی گوڵ ئەدا

خۆی شکستە مل ئەدا وەختی شەرم کە خۆ ئەکا

(نالی)و زولفی دولبەری(کوردی) و گەردی عەنبەری

(حاجی) و کاکڵی سەری(کۆشکی)مەیلی روئەکا.

........ژ/١٣٢٥

٢٥. فەتحی

لەسەر وتەی خوالێخۆشبو(شێخ ئەبوبەکر)ی(مەلا صالح)ی(عوسمانی) کەلەکاتی خۆیدا بۆی باسکردوم چەند هەڵبەستێکی دامێ نوسیومە: (فەتحی)ناوی(مەلا ئەورەحمان)ەرە خەلکی سولەیمانییە شاگردی (حاجی ملا علی عوسمانی)بووە. ساڵی١٣٢٢کۆچی کە ئەخۆشی رشانەوە لە سولەیمانیدا پەیدا بووە(فەتحی)کاربەدەستی میری بووەو نێرراوە بۆ (صلاحیە-کفری)ماوەیەکی زۆر لەوێ ماوەتەوە و هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە. لەم چەندانەدا (رەشید ئەفەندی مەلاعلی سەرکارێز) بەیازێکی دەستنوسی (مەلا ئەوڵای گەلاڵە)ی بۆ هێنام کە بەخەتی شکستە ساڵی١٣١٧هـ نوسراوە و گەلێ هەڵبەستی شاعرانی دێنی کوردستانی تێدایە، یەکێ لەوانە ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی(فەتحی)یە کەلەسەر دەریای کوت وتویەتی:

لەعەشقی ئاتەشی روخساری یارم

وەکو پەروانە دایم بێقەرارم

لە هیجری تۆ دەروونم وا ئەسوتێ — هەمیشە وەك تەنوری پڕ لەنارم
لەتاو ئێشی جگەرهاواره ئێشم — لەبەر دەردی دڵم گریانە کارم
لەسەردی مەیلی مەحبوبانە ئێستە — زەعیف وزەردە وا ڕەنگی بەهارم
لەنەشئەی ماری زولفی تۆ عەزیزم — دەڵێی زەهرە هەمیشە تامی زارم
عەجەب بێهۆشم ئەمرۆ وا دەزانم — کە مەستی چاوی تۆم گەر واخومارم
وەها سوتاوی عەشقی گوڵڕوخانم — فتیلەی داغە بۆ شەمعی مەزارم
لەبۆ(فەتحی)قەلای دڵ وابەتاو هات — خوا مەحفوزی کەی چابوك سوارم

............ژ/١٣٢٦

٢٦. قاضی زادە : مصطفی شەوقی[١٩١]

لە ژمارە(١)گۆڤاری هەفتەی ( ژین ) کەلەساڵی١٩١٩م کە لەلایەن (حمزە ممدوح سلیم)و(کەمال فەوزی بەگ)ەوە کە لە(ئەستەموڵ) دەرئەچو، وەرگیراوە:-

ئەدیبی مەزن(قاضی زادە:مصطفی شەوقی) لەبنەماڵەی گەورەی کوردستان(شێخ عبداللە ی نەهری)یە لەپێش شەڕی گەورەی یەکەمدا یەکێك بووە لە ئەندامانی (کۆمەڵی هێڤی کورد) لە ئەستەموڵ.

ئەلمیسی دیوانی(خواجە حافزی شیرازی) کە هەڵبەستی (ئەمین یەمنی بەگ) ی خەلکی سلێمانی یە بە خەتێکی خۆشی فارسی دەستنوسی ئەمە کراوە بە زەنگۆغراف ساڵی ١٢٣٩ھ لە ئەستەموڵ چاپکراوە :

سبەینێ کێ زو هەوا زۆر ساردو ڕۆژ تازە سەری هێنابورە دەرێ گوندێکی ڕوخاو لە دورەوە سەحرایەکی ڕێیەك بۆلای ڕۆژئاوایی دەروی لەقەراغ ڕێگایەکی چو میلی خوردەهات. ڕوی سەحرا بەگیای شین کراسی مەخمەری لەبەر کردبولەوێ کوڕێکی

---

(١) بێجگە لەم (مصگفی شەوقی)ە یەکێکی تریش هەیە ساڵی ١٩٢٧م کتێبێکی کوردی (ئاوارەی بەبزە)رە لە بەغداد چاپکرد.

نەوجەوانی کورد هەیکەل خەواوی راکشابو لەژور سەری بەسیمایەکی ماتەم چپەجەبین دەردەدار ژنێکی پیری کورد بە ئەو مەقامانەی خەریك بو لەخەوی هەڵستێنێ:-

لەتەئسیری فسولی رۆژی تابان عالەمی شۆری
مەگەر تۆ چاوەکانم میری کوردان هێشتا مەخموری
لەناو بالنجی خوستانی هەڵێنەسەر، تەماشاکە
لە میر گوڵان دەخوێنن بلبلی شەیدا بەرەنجوری
بەهارهات و نەهاتی نەشئەبای عەمرم تەماشاکەی
لەبەرماڵی وەسیعی ملکی بابت دەنگی سەمتوری
سەدای هاتونەهاتی دەنگی زەنگوڵ قوڕی کاروانە
کە یارت کۆچی کردو دەستە داوێن هێشتا مەهجوری
ئەگەر چی سەبری سلیس وەك برایمۆکی[١٩٢] دەبن مابوی
کڕبوهی بەفری زستانی تەواو عەمری بەسەر بوری
وەکو باپیرەگەورەت حیفزی ناموست لەسەر شەرتە
کەدایکت پیر و خوشکت مێرد و ماڵت چۆڵ و خاپوری
لە زیندانا مەڵێ دەستم بەزنجیری سەخت بەستراوەتا
کە ئەو زنجیرە وەهمە دەپسێنی چونکە پڕ زۆری
بەڵێ زنجیری دەستت جەهل و غەفڵەت بو نەیاری تۆ
بەئەفسون بەستی قۆڵت چونکە زانی مەست و مەسحوری
ئەوێستا وا لە کێوی رۆژهەڵاتی(تاو)هەڵات رابە

---

[١٩٢] برایمۆکی:- پەندی چیرۆکێکە بە شعری کوردی باس لە هۆزێکی کورد ئەکا کە بەهۆی هەرەسی بەفرەوە رەقبونەوەو بەفرچوە.

بەنازایی نەجات دە دەستی بەستراوت کە مەغدووری
دروستی کاری تۆ سەعید و ئەمەل بابی نیگاه بانت
بەروناکی چرای عەزمت برۆ بۆ شاری شاپوری
دە (ژین)ی خۆت سابیت بکە بۆ یار و ئەغیاران
بەدەمسر بسرە فرمێسکی (شەوقی) و چاوی بێنوێ
بەبێ تۆ کەلهوڕو سۆران و موکری ملکی بابان زار
لەگێژی بەختیاری چونکە مەستی ئەورۆ لێت تۆری
........١٣٢٤

٢٧. زەلیل

(زەلیل) ناوی(مەلا محمد)کوڕی(مەلا عەلی)یە خەلکی سولەیمانی یە خوێندنی لەلای زانای بەناوبانگ (شێخ قادری سنەیی)تەواو کردووەخانووەکەی لە سلێمانی لای (هونەرمەندان) بەتەنیشت مزگەوتی (مەلا محمودی حاجی علی)یەوە بو ئەم خانوە هەرچەند پچوك بو بەلام حەوشەیەکی نێجگار گەورەی هەبو. (توەمورە)یەکی پیری چەماوەی تیدابو ماوەیەکی زۆر کاول بو شوێنەواری نەمابو ئەکرا بە کشتوکاڵ بەلام ئێستە چەند خانویەکی لێکراوە.

(مەلا محمد)لەزانستی و ئەدەبدا دەستدرێژ بوە بەکوردی و عەرەبی و فارسی شعری هەیە لەسالی١٣٠٠هـ دا کۆچی دوایی کردوە ئەم هەلبەستەی لەبەیازێکی دەستنوسی (مەلا ئەولای گەلالە)وەرگیراوە:

گەردنم با تەوقی تۆی تێدا بێ ئازادی مەکە
تەعبی من ئەم میحنەتەی پێخۆشە تۆ شادی مەکە
چاکە،چاکی تیرەبارانی موژەت بۆ سینەمە
تۆ خرابی چاکە ئەم وێرانە تۆ ئابادی مەکە

جێی دڵانە حەلقە حەلقەی تورەیی کاکوڵی تۆ
توخوا رەحمت بەدڵدا بێت بەربادی مەکە
تۆ کە سوڵتانی جیهان و پادشاهی عالەمی
دادی مەزلومان بپرسە حەیفە بێدادی مەکە
تیری موژگانت لەبۆ کونکردنی شیشەی دڵان
نەشتەری ئەڵماسە کوشتەی تیغی فولادی مەکە
زویر مەبە کەوتۆتە داوی زولفت و دانەی خاڵی تۆ
یا بەهەر مورغی رەزابە یانە سەییادی مەکە
بەس بیارێنە و برێژە دیدە خوێناوی دەرون
دڵ بەخوێن پەروەردەیە یقوت و بێزادی مەکە
گۆشەیی چاو و برۆت وا مەگرە بۆ قەتڵی (زەلیل)
بیکوژە بۆخۆت حەواڵەی تیغی جەلادی مەکە
.............ز١٣٢٨له١٠/١/١٩٥٧

٢٨. رەئوف صائب

زانای شاعری مەزن (رەئوف صائب) کورەگەورەی (مەلا ئەحمەد صائب)، خەڵکی سولەیمانی یە ماوەیەکی زۆر پێشەوا و مامۆستای مزگەوتی (حەمزئاغا) بو ساڵی ١٩٢٠م کرا بە (نوێنەری کاربڕ=وکیلی قازی) لە شاربازێر ساڵی ١٩٢١م کۆچی دوایی کردوە. (رەئوف صائب) بێجگە لە زبانی خۆی لە عەرەبی ە تورکی و فارسی دا زۆر شارەزا بو بەم زبانانە شعری وتوە. ئەم هەڵبەستە نمونەی شعریەتی:

دڵی من

مائل بەقەد و قامەتی جانانە دڵی من
وەك تورەیی جانانە پەرێشانە دڵی من
مەحوی ستەمی گەردوشی دەورانە دڵی من
ئەمرۆ بە خوا بێسەرو سامانە دڵی من
ئەی سوبحی سەعادەت توخوا وەختی تلوعە
تاریکە ئەڵێی شامی غەریبانە دڵی من

هۆشیاری بێدڵ زەحمەتە تا رۆژی قیامەت مەخموری نیگای دیدەیی فەتتا دڵی من
باوەڕبکە جانا لەغەم و حەسرەتی دوریت مەشغولی غەم و تالە و گریانە دڵی من
ئەی مەرهەمی زامی دڵی رەنجورو زەبونم بنواڕە بەحیکمەت کە چ وێرانە دڵی من
رەڵاهی لەدەس کەشمەکەش وئەرمەنی غەم وێرانە ئەڵێی مەملەکەتی(وان)ە دڵی من
تۆفانی خوێن جاریە پەیوەستە لە دیدەم سەر چەشمەیی سەد (قلزم)و(عمان)ە دڵی من
گەردڵ ئەکڕی ئێستە بەهیچ پێت ئەفرۆشم سەیرکە چی قیمەت وهەرزانە دڵی من
قوربان بەحەقارەت مەکە سەیری دڵی زارم کانی گەوهەرو لوئلوئو مەرجانە دڵی من
پڕ وەحشەتە سەحرایە بیابانە دڵی من جەولان گەهی ئەفواجی غەزالانە دڵی من
بۆ زینەتی ئەتراف گولستانی جەماڵت مورغی تەرەب ئەنگیز و غەزەل خوانە دڵی من
بۆ یوسفی گوم گەشتە لەزیندانی ئەسەفدا یەعقوبی ستەمدیدەیی کەنعانە دڵی من
ئەو گوڵ رۆخە رۆژێ بە دڵدا گوزەری کرد ئێستەیش بەخوا رەشکی گولستانە دڵی من

.........................

٢٩. صافی

صافی ناوی کاك مستەفا کوڕی کاك عەولای کوڕی کاك عەلی یە، بەحەوت پشت ئەچنەوە سەر(شێخ سلێمان)کە ئەم (شێخ سلێمان)ە بەمیری سۆران ناوبانگی دەرکردووە حوکمداری گوندی ناوچەی (هیران)بووە. (شێخ سلێمان)پابەندی تەریقەتی قادری بووە. رایەڵی ئەو تەریقەتەی لە (شێخ تەها)ی بەتلیسی یەوە وەرگرتوە. ئەوە بە ئەوە هاتە خوارەوە تا گەیشتە سەر کاك مستەفای خاوەنی سەرگوزەشتە.

کاك مستەفا ساڵی١٨٧٦م لە گوندی(هیران–ئیران)هاتۆتە دنیاوە،(هیران و نازەنین)دو گوندن لە هەرێمی خۆشناوەتی کەلەسەر شاری (هەولێر)ن.ئەم دو گوندە بەهۆی رەز و باخ و دیمەنی جوان و ئاووهەوای سازگاریان زۆر کاریان کردۆتە سەر گیانی شاعیر.(حاجی عبداللە ئەفەندی جەلی زادە)بەم فەردە ستایشی کردووە:

هەناری نازەنین و قوخی هیران سێوی شەقلاوی
بەراستی (جنة العدن) ن چنارو کیش لەبەر ناوی

صافی لەشارانی(هەلێر ،رەواندز،کۆیە،لاجان)خوێندنی تەواو کردووە لە هونەری شعردا زۆر بەتوانا بووە، بە کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی شعری وتووە.سالّی ١٩٤٢م لەتەمەنی٦٥سالّیدا لە گوندی هیران کۆچی دوایی کردووە. لەمەزاری ئەشکەوتی(شێخ سلێمان)-کە ئەشکەوتێکی تاشراوە و گۆڕستانی بنەمالەکەی تێدایە- لەدەوری ژیانیا (صافی) خۆی لەوێدا گۆڕی بۆخۆی هەلکەندبو لەو گۆڕەدا نێژراوە.

دیوانی شعری لەلایەن مامۆستا(محسن دزەیی)سالّی١٩٥٣م لە بەغدا چاپکراوە ، ئەمە هەلّبەستێکی بەرزیەتی کە بە چوار زبان وتویەتی:

ئەی بادی سەبا

ئەی بادی سەبا هەستە لە حالّم بە هۆشیار
شەرحی دلّی ماتەم زەدەکەی من بەرە بۆ یار
لەو فیرقەتی ئەو ، وارە مەقی ماوە لە عومرم
ئومێدی حەیاتم نیە، رۆحم نەبێ غەم خوار
ئاجیلقە درشدی شو غەریب گوگلمی هەیهات
وصلنلە نەجات بو لمسە بێ چارە کمێ وار
کمسە صورە مزعیلەتی عشاقنە هەرگیز
تیمارە سنن بەشقە سی یوق زمرەی بیمار
لا أمنع عن قربك من لومە لائم
أن أصبر ف بعدك قد أحرق بالنار
لو جسمي بعيد لك فالروح قريب.
أن ترحم بالروح و أن تقتل فاختار
من مەستەم أزان بادەی صهبای تولیکن

بأین سربودر جلوه گهی عشق تۆ هشیار
کاشانەی لاهوت بود لایق ئانـکس
مالۆ سەر و جانش که نهاده بە،رەیار
خۆی کوردی یە(صافی) لەهەوای عشقی تۆ ئیستی
کوردی،عەرەبی،فارسی و تورکی بووه ئەشعار
.........١٣٢٩

٣٠. مەلكەی جوانرۆیی

لەسەر واتەی چەند زانایەك نوسیومە:

زانا و شاعری شیرین وتار(مەلكە) سالی١١٩٩ھ لەناوچەی (جوانرۆ)دا هاتۆتە دنیاوە خوێندنی لەلای زانا و شاعری بەناوبانگ (مەلا خدری رووارى) تەواوكردووە، هونەری شعر لەوەوە فێربووە مامۆستای شاعران و بلبلی گوڵزاری نیشتمان (شێخ عبدالرحیم = معدوم) سەرەتا خوێندنی لەلای خاوەنی سەرگوزەشتە تەواوكردوە، سالی ١٢٤٠ھ كە(خەسرەو خانی ناكام) كوڕی(ئامان الله خان) جلەوی حوكمداری(ئەردەڵان)ی گرتە دەست (مەلكە)ی بانگ كردۆتە(سنە) لە قوتابخانەی (دار الاحسان)دا كردویەتی بە مامۆستا و موچەی بۆ بڕیوەتەوە. مەلكە هەڵبەستەكانی زۆری ئامۆژگاری و فەلسەفەیە بەڵام چونكە لەسەر شێوەی كوردی هەورامی یە كەم كەس تێیەگا.

ئەم هەڵبەستەلەكاتی خۆیدا بەهەشتی(پیرەمێرد)ی شاعر گۆڕیویەتە سەر شێوەی كوردی سلێمانی:

لەو نیرەی رۆستەم نایە ناو كەوان
دای لە رویتەن بێزراندی لە گیان

منیش ئەو تیر و کەوان و شەستە[193]
ئەو زۆری بازو ئەو هێزی دەستە
بەتەوژم هات درا لەجەرگم
خوێن قەڵبەزەی بەست کونکون بو بەرگم
بەو برینەوە پێچم خوارد بێدەنگ
رۆژی روناکم بووە شەوەزەنگ
من مات و بێدەنگ هەتاکو توانیم
فەلەك ئەگریا بۆ نەوجەوانیم
لەدەردی عەشقا کە خاوەن سەبری
تۆ ئەگریت مەعشوق بەدڵ بۆت ئەگری
وەك شەهیدی عەشق کەوتوم لەسەر پشت
لەگەڵ ئەو خوێنە جواناوم ئەرشت
شادم کە کوشتەی دەستی دڵدارم
ئەو تیرە بووە بە یادگارم
ئەڵێن : بێزەحمی تیری مەم پەیکەر
ئەنگە روبکەیتە مەیدانی مەحشەر
من بە برین و تیرو خەدەنگی
بێدەنگ روم کردە مەحشەر بێدەنگی
بەسۆزی عەشقم لێم بورد کردگار
ئەمە سەرمەشقە بۆ عاشقی زار

ژ ١٣٣٠

[193] شەست : کەڵەموستە کەژی کەوانی پێرادەکێشرێ.

## میرزا موسا

٤١. (میرزا موسا) یەکێك بوە لە زانا و شاعرانی دەوری خۆی نازناوی شعری(بیمار)ە
خەلکی(زەردیاوا)ی شاری قەرەداخە، سالی ١١٩٩ه کە(برایم پاشای بابان)
قەلاچوالانی گواستەوەو گوندی (مەلکەندی)کرد بە شار و بەناوی (سولەیمان)ی
کوڕی یەوە ناوی نا (سولەیمانی) میرزا موسا هاتۆتە سولەیمانی بوبە(ندیم=هاودەم) و
نوسەری برایم پاشا وەکو ئەلێن: میرزا موسا(١٤٠)سال ژیاوە دیوانی شعری لەناو چو
چەند هەلبەستێکی بەکوردی و فارسی (مەلا ئەولای گەلالە) لە کەشکۆلەکەیدا
نوسیویە. ئەمە یەکێکە لەو هەلبەستانەی کەلەسەر ئاهەنگی تایەبەتی بەبەستە ئەوتری:

ڕەك دوڕ و عەقیق نەخشە دوندان و لەبیٚ ئالت
ڕنەی بەرەزا پەخشە ئەگریجە لەسەر خالت
نارنجی زولەیخایە کویٚ چاهی زەنە خدانت
تەوقی ملی شیرینە پاوانە و خرخالت
بەد بەد لە قەدی سەروت چەند دولبەرو مەوزونە
سەیریکە چ شیرینە فیس و گولی دەسمالت
پەنجەت لە حەنا مەگرە سوریکە تەلخ ڕەنگە
خوێنی دلی من ئالە بۆ: پەنجەیی شمشالت
گەر سیت و نیقاب لادەی من جوملەدەبن دەردم
مەجزوبی سیەچەشمان مەجروحی دیدەی کالت
(بیمار)ی غولامی خۆت لوتفت بیٚ قبولیکە
بۆ ڕەسمی عبودیت سا بیکەرە گوێی ئالت

## ٣٢. مەجدی

بەکورتی لە گۆڤاری(ماد) ژمارەی(١و٢) کە لەلایەن دوکتور (محمد کێوان پور مرکری) ساڵی(٢٥٥٨)ی (ماد)ی ١٣٢٤خورشیدی کە لە شاری تاران دەرئەچو، گەلاوێژی ژمارە(١٢)ساڵی(٤) ساڵی ١٩٤٣م وەرگیراوە.

مجدالدین(ملك الكلام) میرزا عبدالمجید کە نازناوی (مجدی)یە کوڕی پیری زانا و خواپەرست(میرزا کەریم)ە کەیەکێکە لە زانا و شاعرەبەناوبانگەکانی کوردستان بەپێی ئەم شعرە فارسییە:

شد زبانت ترجمان روح القدس را زین سبب

(فیض روح قدس) تأریخ أست مولود ترا

(فیض روح قدس) کە ئەکاتە ١٢٦٨هـ لەشاری (سەقز) هاتۆتە دنیاوە. ساڵی ١٢٩٧هـ چۆتە(سنە) لەوێ خێزانی پێکەوە ناوە و چەند کوڕێکی بووە کوڕی گەورەی (میرزا عبدالحمید)ە کە ئەویش شاعرێکی بەرزە .

مەجدی ساڵی١٣٠٥هـ لەتەك خێزانەکەیدا چۆتە حیجاز بۆ زیارەتی ماڵی خوا و ویستویەتی لەوێ بمێنێتەوە بەڵام دەنگی فریشتەیەکی نادیار داویەتی بەگوێیا کە بگەڕێتەوە دیار و نیشتمانی خۆی. هەروەها ساڵی ١٣٣١هـ بەخێزانەوە چۆتە(تاران) ویستویەتی کوڕەکانی ببا بۆ (ئەستەموڵ)ئیتر بۆی رێکنەکەوتووە شەڕی یەکەمی بەسەردا هاتووە.

مجدی لەپایەی شعردا لەلایەن شەهنشای(قاجار)ەوە نازناوی(ملك الكلام)ی پێدراوە دیوانی شعری(٦٠٠٠٠) شەست هەزار شعرە ئەوەندە هەیە شعری کوردی کەمە بەشی زۆری فارسییە. لەشەڕی یەکەمدا بەهۆی جوڵانەوەی(سلار الدولە)کوشتار و خوێنێکی زۆر لە تارانا رژا، مەجدی هەڵبەستێکی جوانی بەفارسی وتووە کە ئەڵێ:

ر خاك ری بگند چومن تابانوبی صوت و سخن

ئاثاری اطلال و دمن گویند حال خویشتن
أز گینەیی کەردونی دون خاکش بخون شد لعلگون
گشتند در غرقانه خون غرقه سراس مردوزن
هرگه که زا بخا بگزریٚ وا نرا بعبرت ینگری
مانند(مجدی) خون گری بر ربع و أطلال و دمن
دیسان هەر لەو دەمەدا کە (روسەکان)تۆپیان گرتبووە زیارەتگای(أمام رەزا)مەجدی وتویەتی:
چۆن سپاه أمپراتور أز جفا بسنند تۆپ
بر مزار شاه دین رضا سلطان طوس )
شاه دین یا زبد دستی أز برن أنتقام
ئانچنان دستی که برهم زد أساسملك روس
مەجدی سالی١٣٤٤ه کاتیٚ کۆچی دوایی کردووە (جەوهەر)ی شاعر ئەم شعرەی بە مێژو بۆ داناوە نیوەی شعری دوایی ئەکاتە١٣٤٤ زد خامەی(جوهری) رنم تأریخش مجدی بەجوار حق زعزت پیویست.
ئەم هەڵبەستەی خوارەوە نمونەی شعری کوردی مەجدی یە:-
لەدولا زولفی لەولاوە ، لەسەروی قامەت ئالاوە
خەم و پێچی هەمو داوە ، چ لەملاوە چ لەولاوە
موچەی وەك نیشی پەیکانە، هەمیشە کاری پێکا
دڵی هەر خوێش و بێگانەی بە ئەم پەیکانە پێکا
لەجەوری غەمزە کانی تۆ، کە بێچارە کوژە و جادو
چ خوێنی بو ، چ جەرگی بو؟ کە نەرژاوە لەبزژاوە
سەبا بێنیٚ ، ئەگەر بێنیٚ ، لەزولفت دێر و دڵ

وەلیکین کێ دڵ و دینی لەبۆ عوشاقی تۆ ما

نەیاقوتە بەرەنگینی لەنێوی کان ، کە دەبینێ

لەرەشی لێوی تۆ خوێنی دڵی کانە کە گرساوە

لە داوی تورە و پەرچەم دڵی ئاشوفتە ناکا

کە ئازادی لەقەیدێ غەم خوا لەم داوە بەیدا

...........ز.١٣٣٢

٢٣. حاجی شێخ سعیدی حەفید

خوالێخۆشبو(حاجی شێخ سعید) کوڕی(شێخ محمد)ی کاك ئەحمەدی شێخ(قدس الله سره)بەقسەی شاعر مامۆستا(زێوەر) کە لەخۆی بیستووە ساڵی١٢٦١ه لە سولەیمانی هاتۆتە دنیاوە خوێندنی سەرەتای لەلای باوکی و دوایی پلەی زانستی لەلای زانایانی وڵاتی سولەیمانی تەواوکردووە خوێندن سەربورد هەرچەندە شعر وتنی بۆ خۆی نەکردبو بە پیشە بە هونەری شعردا سوارچاکی مەیدان بو. وەکو ئەڵێن: (شێخ ئەحمەدی بابارەسول) لەشعری وردەکاریدا زۆر دەست درێژبووە جارێك لەتەك شێخ سەعید دا دادەنیشێ ئەم نیوە شعرە ئەڵێ:

( موسمی گوڵ هاتەوە خەملیوە گولزاری ئیرەم) شێخ سەعید پڕ نیوە شعرەکەی تری بۆ تەواو ئەکا ئەڵێ: (غونچە هیشتا مەخفی یە خاڵ و لە نێو پەردەم عەدەم ).

زاناو ئەدیبی پایەبڵند ڕۆژی سێیەمی جەژنی قوربانی ساڵی()لەلایەن کۆمەڵی(ئیتحادوتەرەقی)یەوە لەگەڵ (شێخ ئەحمەد)ی کوڕی و (شێخ محمدی شێخ عەزیزی حەفید)لە شاری (موصل) شەهیدکران و لە گۆڕستانی(نبي شيث)دا نێژراون لەم چەندانەدا لەلایەن سەرەکی (علی غالب بەگ)ەوە مەزارەکەیان تازەکرایەوە و زیارەتی هەموانە.ساڵی ١٣٢٧ه کە(شێخ مستەفای نەقیب)ی برای لەمەدینەی پیرۆز کۆچی دوایی کردووە لە (بەقیع)نێژراوە، شێخ ئەم هەڵبەستە بەسۆزەی بۆ فەرمووە:

مردنە بێ تۆ ژیانم زیا لە بێ تۆ عیزەتم

دەردە خۆراکم بەبێ تۆ زەهرە بێ تۆ شەربەتم
تۆش وەکو من قوڕئەپێوی گەر بزانی عیللەتم
وێڵی سەحرا کەی نەهاتی غوربەتی پڕ میحنەتم
نێرمی مەجنونە خەلاتم لەیلەکەم ونکردووە

• • •

چیم لە جاه و حەشمەت و ئیقبالە بۆچیمە حەشیمە؟
وەك جەهەنم وایە جەنەت قەبرە گوڵزاری ئیرەم
قەت نیەو نابێ فەرەج بێ تۆ هەتا رۆژی عەدەم
دڵ لە ناری فیرقەتت وەك غونچە: تەنیگو پڕ لەغەم
کوا نەسیمی وەسڵەکەت خۆی بۆ حەشەر هەلگرتووە

• • •

غەم دەوامی زۆرە زو ئەڕوا لەدڵ سەیر و سەفا
زولفەتم گرتووە بە عیللەت قەت نیە بۆمن شیفا
بەرد ئەبارێنێ بەسەرما چەرخی بێڕەحم و وەفا
نەو نیهالی ئەحەدی و سەروی قەدی مستەفا
زو بەسەرچو چی کەم حوکمی قەدەر وای کردووە[١٩٤]...١٣٣٣ز

٣٤.

## هائم = سەرسام

(هائم)ناوی(میرزا محمد رحیم)ە خەڵکی سولەیمانی یە خوێندنی لەلای شاعر و پێشەوای مەزن(شێخ مەلا وەسمانی حاجی سمایل) لە سولەیمانی تەواوکردوە. هائم بەکوردی و

[١٩٤] هەڵبەستەکە زۆرە ئێمە هەر ئەمەندەمان دەستکەوت هەرکەس بەتەواوی بۆمان بنێرێ پاداشی ئەدرێت_نجم الدین مەلا_

فارسی شعری وتووه بەلام داخەکەم دیوانی شعری لەناوچووە تەنها چەند هەلبەستێکی ماوە کەلەبەیازێکی دەستنوسدایە.

وەکو لە خوالێخۆشبو(بێخود)(مفتی مەلا محمود)م بیستووە هانم (میرزا محمد رحیم)سالی ۱۳۲۰ھ لە سولەیمانی کۆچی دوایی کردووە، ئەمەش نمونەی شعریەتی:-

جنان شەوقی جنان ناکا بەغەیرەز شاهدی جانی
جنان گەر شەوقی جانانی نەبێ چبکا لە غیلمانی
لە تاقی کەعبە چبکەم تاقی ئەبرۆی یارە میحرابم
لەنەفسی ئەهلی نەفسانی چ حاسڵ ئەهلی رۆحانی
لەبوستانی لەتفەت هەڵچووە سەروی قەدی یارم
لەگەڵ هاوشان و شانی ئەو دەبێ توبایی و بزوانی
بڵێن زاهید نەکا منعم لە عەشقا ئەی مسڵمانان
کەمن سەودای زەدەی تەرسا بەچەم وەك شێخی سەنعانی
بەعەشقی دولبەری کێ بێ وەکو من هەتکو رسوابێ ؟
بە غەیرەز من کەسی کێ دی سەرف کا دین و ئیمانی ؟
کەتانی دڵ لەبەدری روی نیگارم بۆئەسەد پارە
لەبۆتەی فیرقەتی یارم جگەر وا بۆتە بریانی
سیە رۆژ و پەریشان رۆژگار و خانە بەردۆشم
ئەسیر و مەفلیس بێ خانمان و کونجی هیجرانی
سروشکم بۆتە عەینی خوێن لەعەینی جاریيە یەعنی
دڵم حەسرەت زەدەی لێوی سوراحی راحی روحانی
وەرە ساقی ئەتۆ ، و پیری موغانت غەم گوسایە
سوراحی تێکە چاوم عەکسی روی گوڵگونی جانی
وەرە لێم بگرە ساقی گیانی شیرینم بەجامی دڵ

سەبوك رۆحم چ خۆش سەودام لەگەڵ تۆ چەند گیانی
لەگەڵ تۆ ساقی ئەم شەو من بەجانبازی هەوەسکم
بدە پەیمانە، جان پەیمانە با نەمرم لە هیجرانی
دڵی غەم پەروەرم شادی نەدی ساتێ لە دنیا
(مغنی) تۆش لە بۆمە حزونی دڵ فەرمو غەزەوانی
لە تەحریرا نیە تەقریری نەعتی شاهیدم ئەما
لە (بێدڵ) چاوو (هائم) ئەبرۆ (نالی) وەرزولفانی

١٣٣٤..........

٣٥. ئەمین فەیضی بەگ

لەسەر واتەی(شێخ ئەبوبەکری مەلا صالح عوسمانی) کەلەکاتی خۆیدا دەرسی ژمارەی لەلا خوێندوم، چەند زانایەکی تری نوسیومە:

زاناو شاعری نیشتمان پەروەر خوالێخۆشبو(ئەمین فەیضی بەگ) کوڕی (دەروێش قادر)و برازای(حسکە)[195]ی تفەنگ سازە ساڵی١٢٧٨ی رۆمی لەشاری سولەیمانی هاتۆتە جیهانەوە. دوای پلەی خوێندن ساڵی١٣١٠لە قوتابخانەی جەنگی شاهانەدا لە ئستەمبوڵ تەواوی کردووە. لە١٣٢٠دا کراوە بە سەرکردەی(قوشەن=فیاق)ێك بەسەربازی نێرراوە بۆ شاری(مەدینە)ولەوێوە بۆ (مەکە)نزیکەی ساڵێك لەوێ ماوەتەوە و زیارەتی ماڵی خوای کردوە.دو هەڵبەستی شعری زۆر بەرزی لەستایشی ئەم دوشارە پیرۆزە وتوە. هەرلەم ساڵەدا بو هەندێ کاروباری عەسکەری=سەربازی نێرراوە بۆ

[195] حسکە:- پیاوێك بو لەسەردەمی پێشودا لەسولەیمانی کارخانەی تفەنگ سازی کردوەو تفەنگەکەشی بەناوی خۆیەوە ناونابو(حسکە)و ئەیفرۆشت بە ٢٠لیرەی زێڕ/ یەك لیرەی زێڕی عوسمانی ٢٠١٧بە ٣٥٠دۆلاری ئەمەریکیە.

هندستان بۆ شاری(بۆمبای) لە١٣٢٤دا کراوە بە(سەردەبیر)ی قوتابخانەی عسکەری لەبەغدا و پایەی(میرئالای تۆبچی)پێدراوە.لەبابەت تۆپەوە هەڵبەستێکی لە دیوانەکەی (شعاعات)دا بە تورکی ناو ناوە ئەڵێ:

طوب در قهر شدتی لجرا أیدن بتون،

طوب در أیدن کتیبەیی أعدایی سر نگون،

طوب أدعای باطلی تحقیر و گرد أیدر،

یایلم ئاتشلە ملکتی زیر و زیر أیدر،

هەوەرها (ئەمین فەیضی بەگ) ساڵی ١٣٢٦کراوە بەسەرکردەی سوپا لە سلێمانی، دوای ئەوە کە(تقاعد=خانەنشین)کراوە ژیانی خۆی بە پەڕاوی نوسینەوە و کۆکردنەوەی شعری شاعرانی کورد بەسەربردوە، (ئەمین فەیضی) لەپایەی شعردا چۆتە جەنگی (شێخ رەزا)وە هەمو کاتێ لەتەك شێخ رەزا قاقەزیان بە شعر بۆیەکتر ناردوە، شێخ رەزا لە ستایشی (ئەمین فەیضی بەگ) دا ئەڵێ:

کە تەشریفی شەریفی هات ئەمین فەیضی بە میوانی

لە عوهدەی شوکری دەرناچم مەگەر خۆم کەم بە قوربانی

خاوەنی سەرگوزەشتە ١٣٤١ی رۆمی بە ئاوارەیی لەئەستەموڵ کۆچی دوایی کردوە. ئەمە ناوی نوسراوەکانیەتی:-

١. تەفرەقەی ریاضە، باسی قەواعیدی علیمی جەبر ئەکا.

٢. أجمال نتائج ، خلاصەیەکی زۆر بەکەڵکی ریاضیات و طبیعاتە.

٣. هەوای نەسیمی: باسی چۆنیەتی حیکمیە و کیمیە هەوا ئەکا.

٤. شعاعات:- کۆمەڵێ شعری خۆیەتی لە١٣٢٧دا لە چاپخانەی (نیشان بابیکان)لە ئەستەموڵ چاپکراوە.

٥. أنجمنی ئەدیبان، هەڵبەستی چەند شاعیرێکی کوردە،١٣٣٩لە ئەستەموڵ چاپکراوە.

نوسراوەکانی لە یەکەوە تا چوار تورکیە پێنجەمی کوردیە ئەوەندە هەیە شعری کوردی کەمە تەنیا دو هەڵبەستیم دەستکەوت ئەمە یەکێکیەتی:

دڵ وەکو بلبل ئەناڵێنیٚ هەمیشە زار زار
بۆ فیراقی روی جانان بێسکونە و بیقەرار
هێند لەبەر دوریت دەناڵێنم لەتاو دەردی دڵم
خوێن لە چاوم دێن بەخورِ وەك تاوی بارانی بەهار
چاوەکەم هەرچەند ئەتۆ دوری لەمن خۆ دایما
دڵ لەلاتە رۆح لەدەورت دەوری یە پەروانە وار
عاشقی روتم ئەگەر چەندان لەمن بێزاری تۆ
وێردی من هەر تۆی وەکو مەنصور ئەگەر بمدەن لەدار
ئەی رەقیب یارت لەمن کرد سا بەسە دەس هەڵگرە
ماڵ خرابی دەستی تۆم بەسی ئەریٚ هەی نابەکار
وەك منت لەو قاپیە وێڵ کرد بەناحەق دەك رەقیب
دەردی سەکتە بتگریٚ چارت نەکەن قورب و جەوار
سەگ سفەت سەدجار فزول بیٚ کاری تۆ بێمایەیە
جان فیدای ئەو ئاستانەم تا قیامەت خاکسار
ناڵ نالی (فەیضی)یە وا خەڵکی عاجز کردوە
هەر لەگۆشەی چاوەکەی جاری بوە سەد جۆبار.......۱۳۳۵

.۳٦

## میرزا رەشید

(میرزا رەشید)بە (فەقیٚ خەڵوزەیی) بەناوبانگە . خەڵکی دێی (خەڵوزە)ی ناوچەی (مەریوان)ە خوێندنی لەلای (مەلا ئەحمەد)ی باوکی (مەلا کاکەحەمەی ناری) تەواو کردوە و لەسەرەتای سەدەی چواردەهەمی هیجریدا کۆچی دوایی کردووە. ئەم

هەڵبەستەی خوارەوەی باسی لە وێرانی(قەڵای خاو) ئەکا:-کە یەکێکە لە قەڵا گرنگەکانی (خان ئەحمەدخان) ی کوڕی (هەڵۆخان)ی حوکمداری شارەزور ئەم قەڵایە لەسنوری (پێنجوێن) هەڵکەوتوە ساڵی ١٩٣٧م(فەرەج بەگ) ی برای(محمودخانی سانان)گەلێ بەردی نوسراوی لێدەرهێناوە. ئەمە هەڵبەستەکەیەتی:

میرزام قەڵای خاو،میرزام قەڵای خاو — ئەمرۆ چومە سەیر بورجی قەڵای خاو
من زەدەی هیجران دەرون پڕ زوخاو — کەوتمە خەیاڵ دنیای ناتەواو
روم کردە باروی بورجی کۆنە ساڵ — پرسیارم لێکرد بە زوبانی حاڵ
وەرە پێم بڵێ تۆ بیت و خودات ؟ — کێ رەنگی رشتی کێ ناویە بینات؟
کام وەستای نادر بەسەر وەختت بو؟ — چەند خان و بەگلەر لەسەر تەختت بو؟
کوا خان و شاهان کەولی سەموری ؟ — کوا قاوە و قلیان چینی و فەخفوری؟
کوا تفەنگ و داران لە بورجی قوللە؟ — لەدەنگی باروت لە شریخەی گوللە؟
کوا هۆهۆی مەیدان چابوك سواران ؟ — کوا شادی و زەوق لەبرقەداران؟
کوا شانشینت و پردەی شاهانە ؟ — کوا خاوەن تەخت قەڵای وێرانە؟
جوابی دایەوە قوللەی جاڕو ساز — جاگەی تۆپخانە وامەندەی بێناز
وتی : ئەی هەتیو ئێوەی هەرزەکار — بێعەقڵ و بێ فام دەرون پڕجەخار
دەورانی دنیا بۆکەس نەماوە — بنچینەی شاهان لەبێخ کەنراوە
بەزبانی حاڵ بۆت ئەکەومە راز — گوێ بدەرە حەرف قەڵاچەی بێناز
راستە من قەدیم جاگەی جانان بوم — شەریك ، هەمراز، جای کەیانان بوم
هەم سەراپەردەی حەرەم سەرا بوم — هەم شانشینگەی خان و دارا بوم
قاپی حکومەت رۆم و ئێران بەم — مەکان و مەئوای میرو سوڵتان بوم
هەم سەیرانگای خاس پۆلی رەندار بوم — تەختی بەگلەران کەمەر لالان بوم
شاهان موخلیسان من سازان جەنۆ — نەقاشکاری بو چەند مانگ و چەند رۆ
بۆشایی لۆغان پڕ شەوق و زینەت — تا من تەمام کەرد حاکم بە حکمەت

لە دەنگی تۆپان تەقەی دور ئەنداز کەژ و کۆ و ئەفلاك دەهاتە ئاواز

لەبورجی گوللەتۆپ مەدان ئاتاش زەمین ئەلەرزا تا ئەندامی عەرش

بە (فەقیە)واتەن دەرون پر جەفا پەی کەس نەمەندەن دنیای بێوەفا

................١٣٣٦

٣٧. شێخ حسینی قاضی

زاناو پێشەوای مەزن خوالێخۆشبو(شێخ حسێنی قازی)کە یەکێك بووە لە(ئەشراف–ئابڕومەندان)ی سولەیمانی کوڕی(سید محمودی نەقیب)ە سالّی١٢٠٥ھ لە سولەیمانی هاتۆتە دنیاوە خوێندنی لەلای زانای بەناوبانگ(شیخ مەعروف)ی باپیری و مەلاحامد)تەواو کردوە.

ئەم پێشەوا مەزنە بێجگە لەوەی(قازی–کاربڕ)ی سولەیمانی بووە لەگەلّ دەرس وتنەوەو پەراوی(تألیف–هەلّبەستن)یش دا خەریك بووە پەڕاوییەکانی ئەمانەن:

١. مەولودنامە: بەکوردی سالّی١٩٣٥م لەبەغدا چاپکراوە.
٢. صنعان و ترسا: فارسییە بە شعر دایناوە چاپ نەکراوە.
٣. لیلی و مجنون: فارسییە بە شعر دایناوە چاپ نەکراوە.

بەم پێیە خاوەنی سەرگوزەشتە بە کوردی و فارسی و عەرەبی شعری وتوە گەلێ نوسراوی بەناوی(مستعار–خوازراو)ەوە لە ئەستەمولّ چاپکراوە شێخ حسین لەپایەی زانستی و ئەدەبدا هێجگار دەستدرێژ بووە لەکاتی خۆیدا لەتەك(حاجی کاك ئەحمەد)ی مالیدا چۆتە بەغدا لەوێ لەگەلّ شاعری مەزن (عبدالباقی عومەری) بەیەك گەیشتون و شعرو هەلّبەستیان بۆ یەکتر نوسیوە.

شێخ حسین پیاوێکی(نوکتەبردار–تیکەوێژ)وە قسەخۆش بووە رۆژێکی ساردی زستان قوتابیەکی خۆی ئەنێرێ بۆ ئیشێك قوتابیەکەیش ئەلّێ: قوربان گۆرەویم لە پێدا

نیە(پێم ئەچێ). (شێخ حسێن) ئەڵێ: ئەگەر زۆرت پێبچێ زۆرت پێئەچێ، ئەگەر کەمت پێبچێ، کەمت پێئەچێ.

ئەم زانا بەنرخە ساڵی١٢٨٥ھ لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا لە سولەیمانی ماڵئاوایی ئێجگاری لە نیشتمانە خۆشەویستەکەی کردوە لە گردی سەیوان نێژراوە.

ئەم هەڵبەستەیم بەدەستنوسی خۆی لە کۆچکردو(حاجی کەریم ئاغا)ی کوڕی(حاجی ئەحمەدی رۆقیە)وەرگرتووە:-

پەنجە بۆ تەصویری ئەبرۆت پەیرەوی مانی[١٩٦] ئەکا
خامە بۆ زنجیری گیسوت عەنبەرە فشانی ئەکا
قوتی رۆحە لێوەکەت یاقوت وەها ئاودار نیە
مەنعی بازاڕی عەقیق و لەعلی روممانی ئەکا
دڵ بەنەشئەی عەکسی مەستی چاوەکەت(لایعقل)ە
بۆ کەبابی جەرگ و دڵ لێوت نمەکدانی ئەکا
گەر لەپەردەی نازەوە ئاوازی تۆ بگرێتە گوێ
توتی ی شیرین زبان ئاوازی خۆش خوانی ئەکا
لێوی یاقوتی نگینی خاتەمی نادر ظهور
موری دەستی ئاصفە[١٩٧] ئەمری سولەیمانی ئەکا

. . .

ئەم سێ شعرە فارسیەیشم لە مامۆستا (مەلا محمدی کوردی)وەرگرت:

حیار بگفت کین مداد یست — براق چو روز و تیره چون شبە
چون یکد و خطی بدو تو بستم — دیدم کەسفید بود جون شبە
چون جهل مرکبش بدیدم — گفتم توبی جاهلی مرکب ١٣٣٧

[١٩٦] مانی: وێنەگرێکی کۆنی ئێرانە.
[١٩٧] ئاصف- نازناوی(أبن برخیا) ی وەزیری(سلیما)ە بو وەوزیری تریش دەست ئەدا.

## ٣٨. میرزا غەریب

(میرزا غەریب)کوڕی(مرادئاغا)ی قەندەداری(ئەحمەدپاشای بابان)ەلەناوەراستی سەدەی سیازدەهەمی هیجریدا لە سلێمانی هاتۆتە دنیاوە، خوێندنی لە قوتابخانەی خۆماڵی دا تەواو کردووە.دوایی بە بازرگانی یەوە خەریك بوە ساڵی١٣٢٢ھ لە سولەیمانی نەخۆشی(وەبا- چاوەقوڵکە) پەیدابووە و زۆرکەسی پێمردووە ئەویش بەو نەخۆشییە کۆچی دوایی کردووە.

میرزا غەریب دیوانێکی شعری رێکوپێکی بە کوردی و فارسی بووە داخەکەم لەبەرکەمتەرخەمی خەڵکی ئەو دەورە لەناوچوە. تەنیا ئەم هەڵبەستەیم لەبەیازی دەستنوسی(مەلائەولای گەلاڵە)کە (رەشید ئەفەندی)کوڕی (مەلاعەلی سەرکارێز)بۆی هێناوم نوسیمەوە:

بەبەرگی سەبزە خونچە[١٩٨] سەبز پۆشە
بەجوانی خۆی وەکو گوڵ خود فرۆشە
بنازم وردە خاڵی دەوری لێوت
ئەڵێی زەنگی بەچەی شەککەر فرۆشە
ئەمن نادەم نیگاهی جیلوەی پیکی
بەهەرچی ماه رویی کاکوڵ بە دوشە
لەحەسرەت ئەو قەدو باڵای وەکو نەی
دڵی من پڕ لە ئەفغان خوروشە
کە رونادا بەکس نابێتە ناودار
عەجایب ئاسکێکی وەحش و توشە

---

[١٩٨] خونچە: ناوی یارەکەیەتی.

دڵ و دینی فراندوم و ئەمێستاش
بە ئومێد و تەماعی ئەقڵ و هۆشە
بەسم دێوانە و ریسواکە قوربان
ئەگەر عەیبی منیشە عەیبی تۆشە
بەهەشتە چونکە تۆی تێدای لەکن من
جەهەنەم بێ ئەگەر ئەم شارە خۆشە
(غەریب) و دەربەدەر ئەمرۆ کەسێکە
کەوا حەلقەی غولامی تۆی لەگۆشە

* * *

دیسان

سەرو سەهی یە قامەتی شیرینی نیگارە
گوڵ ئاتەشی یە رومەتی رەنگینی نیگارە
روین و نوارینی غەزالە بەقسەی خۆی
نەوعێکە لە روین و نوارینی نیگارە
تا رۆژی قیامەت بە زەلیلی و غەریبی
دەستی منی بێچارە بەدامانی نیگارە
..............ژ/١٣٣٨له ١٩٥٧/٣/٢٨
عەونی بەدیوانی چاپکراوی هەیە بۆیە دوبارەم نەکردەوە .........١٣٣٩

## شاهی

٣٩.

(شاهی)ناوی(مولا محی الدین)و خەلکی شاری(قەلاچوالان)ە یەکێك بووە لە مامۆستا
گەورەکانی قوتابخانەی (غەزائی)لە شاری قەلاچوالان. بە کوردی و فارسی و عەرەبی
شعری وتووە ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی لەپەنا پەڕاوی یەکێ دەستوسی کۆنە
کەلەسالی١١٦٧ه دا نوسراوەتەوە وەرگیراوە:

چاو لە بۆ تاراجی دڵ لەشکر لە سینەم تەی ئەکا
پێدعای جامی جەم و تەختی قوباد و کەی ئەکا

وەختی خوێن ڕێژی بەسوێی[199] عاشقان هەڵسێ بەناز
چاوەکەی مەستی بە ئیما[200] مەیلی جامی مەی ئەکا

سورخی و بەیزاغو دارە لەسەر سەفحەی ڕۆخی
ماڵی وێرانم لەقەهرا هەر لە ڕەنگی بەی ئەکا

خاڵی لای لێوی لە سینەم دا لەگەڵ دڵ هاتە جەنگ
دەك وێران بێ بۆ : وغادایم لەدەشتی ڕەی ئەکا

(شاهی) یا قەت خۆت نەکەی زاهیر لەبەینی دولبەران
ئەم دڵە چونکە بەدایم ئاخ و ئۆف و وەی ئەکا

**ئەمەیش نمونەیەکی شعری فارسییەتی؛**

وزلب و چشم چنان بادەییك داد ندی
ندمد نفز هر طرفی بانگ ملك نوشانوش

زهمان جمع بناواز جلی گفت یەکی
(شاهیا) وعده بها راست بیا بادە بنوش ژ ١٣٤٠

[199] سو: گرف – لایەن، پاڵو
[200] ئیما: ئیشارەت – درکە

## مەحمودی جەودەت

٤٠.

لەسەر وتەی دۆستێکی خۆی(عارف عورفی بەگ)و نوسینی ژێر وێنەکەی خۆی کەلەمێژوی(پۆلۆنیا)دایە وەرگیراوە خوالێخۆشبو(مەحمود)کوڕی(جەودەت ئەفەندی)بە ساڵی١٨٨٩م لە سولەیمانی هاتۆتە دنیاوە. دوای پلەی خوێندنی لەقوتابخانەی جەنگی شاهانەی ئەستەموڵ ساڵی١٩١١م تەواوکردوە. بە (ملازم) دوەم دەرچووە لەسەرەتای شەڕی یەکەم ١٩١٤م کراوە بە (ملازم یەکەم)کە ئاگری شەڕ پژوزی سەندوە لە(چناق قلعە)وە لەگەڵ شوێنی تردا شێرانە جەنگیوە.ساڵی١٩١٩م هاتۆتە سولەیمانی لە سوپای کوردستان دا کەلەژێر چاودێری ئینگلیزدا بو هەر بە پایەکەی پێشوی گەیشتۆتە(رئیس)یەکەم لەبەر ئەوەی ساڵی ١٩٣٠م هاوکاری شۆڕشی (شێخ مەحمود)ی کرد حکومەت دەستی لە ئیش پێ کێشایەوەو خانەنشینی کرد ئەمجا چونکە دنیا وشەی(دەنی-نزم) تیایە دوژمنی جەوان مەردو ئازابە، سەفای بۆ مەردانی زانا جەفایە ،رۆژی٢٠-١١-٩٣٧م لەم دنیا دەنیە بەکەساسی کۆچی دوایی کرد.

خاوەنی سەرگوزەشتە بێجگە لەمەی کە نیشتمان پەروەرو دلێرو بەخشندە بو لە ئەدەب و زانستیشدا بێوێنە بو لە زبانەکانی بێگانەدا: عەرەبی و فارسی و تورکی و فەرەنساوی و ئینگلیزی ئەزانی زۆرهەوەسی لەسەر شعر و کتێب نوسینەوە بو.ساڵی١٩٣٦م مێژوی(پۆلۆنیا)ی نوسیوەتەوە و بەگەلێ وێنەو نەخشە رازاندویەتیەوە ساڵی ١٩٤٠م لە بەغداد چاپکراوە کە هەموی پەندو ئامۆژگارییە بۆ ئاینده.

ئەم چەند شعرەی خوارەوەی گۆڕینی شعری(تنیسون)ی ئینگلیزییە:

ئەی گوڵ ! ئەی یاری میهرەبانی بەهار
ئەی گرفتارو پای بەندی دیوار !
ڕەگ و ریشە گەڵا و گوڵت یەك جار
خستنە مستێکەوە نییە دشوار
رازی هەستیم بۆ بوایە دیار ؟

هی خوداو ئینسانم بۆ ئەو و ئاشکار

کە ماناکەی بە پەخشان ئەمەیە:ـ

( ئەی گوڵی جوانی لەدەرزی دیوارا رووا! لە درزەکەتا ئەتهێنمە دەرەوە،

هەموت ئەخەمە دەستەوە.

ئەی گوڵی جوانکەلانە! ئەگەر بمتوانیایە بزانم تۆ بیت ، ریشەو

کۆتی ریشەی هەموت چییە؟ لە

کوێی خوداو ئینسان ئەگەیشتم.)

........١٣٤٣

٤١. فیراقی [٢٠١]

لەکاتی خۆیدا لەسەر وتەی مامۆستا(پیرەمێردی نەمر)وەرگیراوە:

(فیراقی) ناوی(شێخ مستەفا)لەبنەماڵەی (چۆڕ)ی کوردستانی خۆرهەڵاتە. لەناوەراستی

سەدەی سیازدەی هیجریدا ژیاوە کاتی خوێندنی تەواوکردوە عاشق و سەودا سەری

رابەرو پێشەوای مەزن خوالێخۆشبو (شێخ عوسمانی سراج الدین)بوە و

چۆتە(تەوێڵە)ماوەیەکی زۆر لەوێ ماوەتەوە تا ساڵی١٢٨٤ھ کە(شێخ عوسمان)کۆچی

دوایی کردوە ئەویش چۆتە ئەستەمولْ لەوێ تەمەنی بەپایان گەیاندوە. لەزانستی و

ئەدەبدا یەکتای دەوری خۆی بوە ئەوەندە هەیە زۆرتری شعرەکانی فارسی یە تەنیا ئەم

هەڵبەستە کوردیەی لە کەشکۆڵی دەستنوسی(محمود پاشای جاف) وەرگیراوە کە

بۆ(شێخ عوسمان)ی وتوە:

...ئەی خەزێنەی تەجەللانی زاتی ... نامەی پڕ مەعنای شانی و سیفاتی

...دڵکی دا نوری حەق تێدا ... هەر ڕەگی شەوقی ئەگەڕێ پێدا

...ان هەمیشە خەریکی زیکرە ... ئەعزام سەرا سەر مەربوتی فیکرە

[٢٠١] فیراقیەکی تریش هەیە کەناوی(مەلابرایم) و خەڵکی سولەیمانییەساڵی ١٣٤٠ھ لە(باخەکۆن)ی ...ان کۆچی دوایی کرد...

| | |
|---|---|
| سەرو بەدەن و مێشکو ڕەگو پێست | کەوتونە ناڵەو زایەڵەی یا دۆست |
| تەن وا بەجارێ خاڵی لە غەیرە | تەنیا تینی یار تێیدا لەسەیرە |
| هەستی ونیستیم لەدەست چو یەك ڕەنگ | نەی چی هاوارە بۆکزەی ئاهەنگ |
| لێدە نەی تا، بێناڵەی لە گۆشم | بەڵکو بشێوێ پەشێوێ هۆشم |
| بەسۆزی ناڵەی نەی بتوێنمەوە | بەنەفخەی نەغمەی ببوژێنمەوە |
| زیوی قەڵبی قەڵب لەناو بۆتە حاڵ | جۆشدا و پاکتاو کا بێتە زیوی قاڵ |

........١٣٤٥

٤٢. مامۆستا محمد مهری

هەرچەندە لە ژمارە(١٣٤٣)ی(ژین)دا بە کورتی سەربوردی ژیانی مامۆستا(محمد مهری) و پارچەیەك لە شعرێکیمان نوسی بەڵام بەپێویستمان زانی کەلە زنجیرە و ریزی(شعرو شاعرەکانمان)هەڵی نەبوێرین وا ئەمجارە سەربوردی و هەڵبەستێکیمان پێشکەشی خوێندەوارانی خۆشەویستی ژین کرد:—

زاناو شاعری ئەمری پایە بەرز خوالێخۆشبو مامۆستا(محمد مهری) کوڕی (مەلاعبدالله)ی(مەلامحمود)ە ساڵی١٨٨٩م لە ناوچەی (جوانرۆ)لە گوندی(دشە)هاتۆتە دنیاوە. خوێندنی (سەرەتایی)لەلای باوکی تەواوکردوە، دوایی لای (شێخ مەلا قادری بیارە) و(مەلا ئەفەندی هەولێر) و لای چەند زانایەکی تر خوێندنی مەلایەتی تەواوکردوە.

ساڵی١٩١٢م چۆتە ئەستەموڵ بە یاریدەی(ئیسماعیل حەقی بەگ بابان)کە ئەوکاتە (وەزیری معاریف)بوە چۆتە (قوتابخانەی حقوق)لە ئەنجامدا (دیپلۆم=دانش نامە)ی وەرگرتوە و دەستی کردوە بە(محامات)و نوسینەوە تا ڕۆژی١٩ی نیسانی١٩٥٧لەدیاری بێگانە کۆچی دوایی کردوە.

خاوەنی سەرگوزەشتە(٤٥)ساڵ لەناو بێگانان‌دا ماوەتەوە لەگەڵ ئەمەیشدا نیشتمان و ڕەوشت و خوی باوك و باپیران و زبان و نەتەوەکەی ون نەکردوە هەمیشە

بەنوسینەوەی وتارو هەڵبەستی شعری کوردییەوە خەریك بوە. ئەمە یەکێکە لەو هەڵبەستانەی کە (پێنج تایی = تخمیس)لەسەر هەڵبەستی نالی و لەشعری سەربەخۆ گەلێ هونەر ترە:

بەجلی دڵ پڕلە جۆشە (دەم)ئەخۆم
زوخی زەخمی جەرگی خۆم هەردەم ئەخۆم
ئارەزوی خواردن نیە ماتەم ئەخۆم
گەر ئەپرسی من لەبەرچی کەم ئەخۆم
من بەبرسی قەت مەزانە غەم ئەخۆم

بێ سەروسامان و بێ جێم کەوتمە نێو
جۆڵ و دۆڵی خاك و خۆڵی دەشت و کێو
دەست و پێی بەستم دەسیسەو فێڵی دێو
ئاوی سوێری چاو و باری تاڵی لێو
سوێری و تاڵی دەمدەم و ژەمژەم ئەخۆم

سینەی سیمی لەناوی خەرقەدا
هەر وەکو مانگە لەژێر هەور بەرق ئەدا
یاری بێ هاوتام لەناو سەد فیرقەدا
تاسەری زولفی لەسەر روی حەلقە دا
هەر وەکو ماری سەر ئاگر خەم ئەخۆم

جەنەتی زەوق و رەفاه و ماڵ و ژن
جیننەتە لای زاهیدی دۆشاو یەگ
ئەهلی تەکیەیش عاشقی شوربا ئەبن
ئاوی کەوسەر نۆشی سۆف بێ کە
ئاوی ئینسان یەعنی ماچی دەم ئەخۆم

شیری شەرزەی گرتوە گورگ و دەڵەك
پیلەقەی جینن و شەیاتینە
جێنشینی عیلمە رەقس و رەشبەڵەك
من لەتەوری عالەم و دەوری
زەربی لازیب زوخی بێمەرهەم ئەخۆم

مەسلەکی ئازارم و زار و نزار
کاروبارم ئاه و نالەی بێ شومە
رۆژی روناکم شەوی بێ شێو نار
شەربەتی خۆف و جای ئەغیا
ترش و شیرین هەم ئەچێژم، هەم ئەخۆم

گەر فەلەك جارێك مەدەد کاری ئەکا
(میهری)غەم لەگر بێتو و هەوسار

نەزم و نەسری لێنەنێت باری نەکا غەم ئەلێ(نالی) کە غەم خوار

ناعیلاجم من بەنی نادەم نەخۆم

١٣٤٦..........

٤٣. عەلی بەردەشانی

(عەلی بەردەشانی) خەڵکی گوندی(بەردەشانی گەورە)ی ناوچەی (مەرگە)یە لە دەوری فەرمانڕەوایی (ئەورەحمان پاشای بابان)دا ژیاوە کە (ئەورەحمان پاشا)یش لە ساڵی ١٢٠٤تا١٢٢٨ھ جڵەوی فەرمانڕەوایی بەدەستەوە بوە. عەلی بەردەشانی موچەخۆر و شاعری تایبەتی ئەورەحمان پاشا بوە، لەزۆر جێگادا پێش لەشکر کەوتوە وکە باڵەبان- موسیقای لێداوە ئەم بەدەنگی خۆش شعرو هەڵبەستی خوێندۆتەوە کەلەشکرەکە چاویان نەترسێ وە لەگەڵ دوژمن دا قارەمانانە بجەنگن، عەلی بەردەشانی هەرچەندە نەخوێندەوار بوە بەڵام شعرەکانی تەڕو پاراو و بێقوڕت و گرێ یە و لە هەمو بابەتێکیشەوە شعری وتوە وەکو : (شعری پەندو ئامۆژگاری، مێژویی، دڵداری، گاڵتەو گەپ، هێزنانەر=ئازایەتی....هتد).

دیوانی شعری بەکۆشش و تەقەلای(مامۆستا محمد تۆفیق وردی)لە ناوچەی (بتوێن)و(مەرگە) لەدەم پیاوە بەتەمەنەکان وەرگیراوە نزیکەی سەد لاپەڕە پڕە هێشتا چاپ نەکراوە.[٢٠٢] ئەمە نمونەیەکە لەو دیوانە کەلەم جەژنەدا لە مامۆستای ناوبراوم وەرگرت:-

جوتێ کەوشی رەش هاتن لە سولەیمانی درواوە
ژێریان چەرمی گامێشە، ناوفەرشی چەرمی خاوە
قوربانی وەستاکەی بم شفرەی پێدا هێناوە
شاگرد بەحەیرانت بم وردە تەریت داوە

---

[٢٠٢] ماوەیەك دوای کۆچی مامۆستا چاپکرا، دەزگای ئاراس جارێکی تر چاپی کردوە.-ئارات-

هەی گوڵەی پسەی خەسیسە چیت لەیاری من داوە؟
پەستەك وەكو شەداوی[٢٠٣] لە شان و ملت ئاڵاوە
زانك دەڵێ فستانە لە قاچ و قۆڵت ئاڵاوە
ئەگەر یارم ناناسی! باریكەو بەڵەك چاوە
قەدی نەمامی عەرعەر لاولاوی تێ ئاڵاوە

*  *  *

دیسان عەلی بەردەشانی (پەند)

یاخوا بەدكار هەر بمرێ     كردەوەی هیچ كۆ نەگرێ
ڕەزی نەگرێ بارەك ترێ     كەری لە كێوان بخورێ

*  *  *

ئەگەر بەدكار لێیگەڕێ     گورگ دەگەڵ پیرە مەڕێ
گەر بیگاتێ لەلەوەڕێ     چی پێناڵێ لێی دەگەڕێ
چی پێناڵێ ساقن ساقن     گورگ و مەڕ و كەر و بزن
وەك عەشیرەتان یەك دەبن . ژ ١٣٤٧

---

٢٠٣ پەستەك : ساڵان لەناو سەرمای زستان لەبەرئەكرا و لە خوری بەرگنی مەڕ دروست دەكرا.شەداو =تۆڕی ماسی گرتنە.

٤٤. (ئامنەخان)ی سەردار[٢٠٤]

(ئامنەخان)کەنیشکی (قادربەگی کەی خەسرەوبەگ)و برازای (محمدپاشا)ی جاف و خێزانی(بارام بەگ)بوە.لەبەر ئەمەی سەرۆکی کیژانی جاف بوە نازناوی(سەردار)ی پێدراوە.بە(ئامنەخانی سەردار)بەناوبانگە.

(ئامنەخان)جگە لەوەی خوێندەوار و شاعر بوە لە سواری و تیرئەندازیش دا بەهرەدار بوە ژنێکی شۆخ و شەنگ و سەربەست و داوێن پاك بوە. بەشعری رەنگین و وانەی شیرین هەر ئەم توانیویەتی دڵی سەرداری شاعران(مەولەوی) بۆخۆی رابکێشێ، مەولەوی بەزۆری شعرەکانی دەربارەی ئەم وتوە.تەنانەت لەبەهاری ساڵی١٢٩٠ھ کە ئامینەخان کۆچی دوایی کردوە مەولەوی سوکوایێکی جوانی بۆ وتوە کە ئەڵێ:-

تۆی سەرو و گوڵ وەنەوشەو سونبول عزرائیل بردی چەمەن ئارایی

رۆژێکی هەینی مەولەوی هەڵ ئەستی ئەچی بۆ دیدەنی ئامینەخان وا ری ئەکەوی لەو کاتەدا ئامینەخان لە زیارەتی گوررستان ئەبی مەولەوی دائەنیشی هەتا دیتەوە، کە دیتەوە مەولەوی ئەپرسی: لەکوی بووی؟

ئەویش ئەڵی: لە دیدەنی گوررستان بووم .

مەولەوی ئەڵێ: چۆن مردووەکان زیندوو نەبوونەوە کە بەسەریانا تێ پەڕبوی؟

ئامینەخان : چی بکەم پیاوێکی وەکوو تو بە زەوقیان تیانەبوو، کوتوپڕ مەولەوی ئەم فەردە ئەڵێ:

---

[٢٠٤] مامۆستا نەجمەدین مەلا زۆر بەتەنگ ئافرەتەوە بوە لەهەر شوێنێ ناوی ئافرەتێکی بیستبێ هاوکاری بوە و ناوی هیناوەو کاری جوانی بۆکردوە لەوانەش (ئامینەخان.میهرەبان خاتون......)، بەڵام لەوساڵانەی ئەمی تیا ژیاوە بۆ رەگەزی نێریش عەیب بوە بخوێنێ چ جای رەگەزی مێ بەڵام خۆشبەختانە دوای ساڵانی١٩٣٠ئافرەت هاتە ناوەندەکانی خوێندن و کایەی ژیان چونکە پێغەمبەرمان دەفەرموێت: العلم فريضة على كل مسلم ومسلمة.

فیدای وەفاتم : دوایی وەفاتم

فیدەم رەنجەکە فەرموو، واهاتم

جارێك ئامنەخان توشی نەخۆشی(زوکام=هەلامەت)ئەبێ نامەیەك ئەنوسێ بۆ مەولەوی

کە دەرمانی بۆ بنێرێ مەولەویش ئەم سێ شعرەی بۆ ئەنێرێ:-

دوربات مەواجان لەیل زوکام شەن | دیشواری بالآی نەونەمام شەن
---|---
ئەنارەکەی دڵ پڕ لە دانەی ئێش | پیشیا گەوهار کورەی عەشقی ویش
وەمەودای موژگان موراخەش کەرۆ | گەرمی نیشانەی دەماغەش دەرو

مەولەوی لە شعری دوەم دا دڵی خۆی کردوە بەهەنارێك کە پڕلە ئێش و ئازارە و لە کوورەی عەشقی خۆیدا پیشاوە، لەشعری سێیەمدا روئەکاتە خۆشەویستەکەی کە بەنوکی برژانگ ئەو هەنارە کە دڵیەتی کون کونی بکا و بیدا لە دەماخی. هەمویشی ئامانجی ئەوەیە: کە هەنارێك لە ژیلەمۆدا بپیشێنێ و گەرمی دەرزی ئاژنی بکا و بیدا لە دەماخی بۆنی بکا.

ئامنەخان و شعر: لەکاتی خۆیدا (رەسوڵ ئاغا)ی شیوەکەڵ فەرمانداری ناوچەی (سوەیل و شاربازێر) و خاوەنداری (هەزارتفەنگی چەخماخ)ئەبێ نامەیەك ئەنوسێ بۆ (قادربەگی)باوکی ئامنەخان لەمەرامی خوازبێنی ئامنەخان ئەکا ،کەنامەکەی ئەگاتە دەست قادربەگ و ئەیخوێنێتەوە پیشانی ئامەخانی ئەدا ئەڵێ: وەرامی بدەرەوە. ئەویش ئەم دو فەردە فارسیەی بۆ ئەنوسێ:

زجو زو مویز و زرب أنار | سیوەیلی بجایی رسانیدە کار
---|---
سری دخت جافان کنند ئارەزو | تفو بادیر چرخ دوران نفو

کوردیەکەی ئەمەیە:

بەگوێز و مێوژ و بەترش و هەنار | سیوەیلی بەفیز هاتونە روی کار
---|---
سەری کیژی جافان ئەکەن ئارەزو | تفو لە جەرخ و لە دەوران تفو

ئەم دو فەردەش هی ئەوە:

سێ کەس لەم دنیا نیانە خاو | یەکەم بایەقوش،دوەم نالەی ناو
سێیەم ئەو کەسەی لەدۆست براوە | وەك برا مردو یەخەی دڕاوە

......... ١٣٧٢

## ٤٥. میهرەبان خاتون

(میهرەبان خاتون) لە ئێلی بەرواری ژورو کچی(مەلا حەسەن)ی (مای)ە کە گوندێکە لە ناوچەی(بەروار)ی کە کەوتۆتە باکوری شاری(ئامێدی) میرەبان لەسەرەتای سەدەی (١٨)م دا هاتۆتە دنیاوە. لەچاخی خۆیدا کچێکی شۆخ و شەنگ و داوێن پاك بوە. جگە لەوەیش شاعر و خوێندەوار و لە هونەری چنین و تەون و نەخش و نیگاردا بێوێنە بوە لەبەر ئەمە لەهەمو لایێکەوە گەورە زادەکان خوازێنی ئەکەن بەڵام ئەو دڵ بەکەس نادا تەنیا لەگەڵ ئامۆزاییێکی خۆی(فەقێ ئەحمەد)نوادر دڵخوازی یەك ئەبن.

تەنانەت (میری ئامێدی)ئەنێرێ بۆ خوازبێنی(مەلا حەسەن)ی باوکیشی بڕیار ئەدا کە کچەکەی بداتێ . کە میهرەبان خاتون
بەمە ئەزانێ ئەم هەڵبەستەی بۆ ئەنێرێ ، کە میر هەڵبەستەکە ئەخوێنێتەوە دەستبەرداری خواستنی ئەبێ، هەڵبەستەکە بە زمانی کوردی ژورو:

ئەز چی بێژم چی بەیان کەم کێ بەحاڵێ من دەزانێ؟
مەخفیاتان ئاشکرات کەم ئاه ژڤێ دەردێ گران
ئاه ژ دەست عەشق و ئەڤینا کەفتمە نازی وشینا
کێ دی ساخ کات ڤان برینا چو ژ دل سەد ئاخ و ژان
دەردێکی زۆری گرانە عەقل و هۆش من چ نامانە
مام بە پیکو بێخوانە کێ دی یە ئەڤ چ زەمانە ؟

من ئەما سەیر و قەرارە. دلّ ژ من بو پارەپارە
دزەخی پڕ ئاورو مارە. لەو ژمن چون هەست و خوان
دڕ دلا یەکدو حەباندن زحمەتە ژیکدی رەڤاندن
ئایە تا عەشقی بە خواندن نابیتە شەرح و بەیان
عەشق نازانیتن گەداهی عەشق نەزانیت پادشاهی
شرعلە کە ژنوار ئیلاهی هەر وەکو رۆح و رەوان
بۆ ئەڤینی نینە چارە چشتێکی روهنە دیارە
ژ داسنانەتە دەیارە هەر شوکر ئەی (میهرەبان)

............١٣٦٢

٤٦. شیعری خۆی بۆ لافاوی سولەیمانی١٣٦٨

## گۆشەی شعر و شاعیرەکانمان [٢٠٥]

خوێندەوارانی بەرێز:

هەرچەندە من خۆم شاعرنیم وە ناتوانم بلێم شاعرم، بەلام بێ ئەوەی بۆ کەلّکی سودێکی خۆم تێکۆشابم وە دووا ڕۆژێکم بۆ: خۆم ڕووناك کردبێتەوە هەموو ژیانی خۆم تەرخان کرد هەرچی هەلّبەست و شعری شاعرانی کوردستان هەیە کە لە کوون نوژین و گۆشەی فەرامۆشی دا مابوون، هەمویم لەگەلّ سەرگوزەشتەی ژیانی یاندا کۆکردەوە، وە هەموو هەفتەیەك لەم ستوونەدا لەژێر ناوی (شعرو شاعرەکانمان)دا هەلّبەستی شاعرێك لەوانەم خستۆتە بەرچاو وە ئەی خەمە بەرچاو، ئەمجا کەسێك ئەمەی لە دەست بێت لە ولاتانی بێگانەدا بە (سەرۆکی ئەنجومەنی ئەدبیان)ی دا ئەنێن. بەلام

---

[٢٠٥] ئایەتی٦٠ لە سورەی الرحمن/ ئەم بابەتش لە گۆشەی شعر و شاعیرەکانمان ژ/١٣٦٨ نوسیویەتی بۆ کارەساتی لافاوی سولەیمانی نوسیویەتی ، نەك بەیانی حەقیقەت بۆ خوێنەران.

من ڕایەم ناکەوێ بگەمە ئەو پایەیە ئەگەر بە فەراشی (ئەنجومەنی ئەدیبان)م پەسەند



بکەن خۆم بە بەختیار ئەزانم و سوپاسی هەموو لایێك ئەکەم.

ئەوا بەهۆی کارەساتی جگەر بڕی لافاوەوە ئەم چەند شعرەم پێشکەش کردن.

سکالاَ لە دەس گەردوون

مێژووی سالَی بەد بە کوردی پەتی:

لافاو و لێشاو هات بۆ ئەگبەتی

٤ + ٣٤٧ + ٤١٤ + ٤٩٢=١٣٧٧هـ

ئەم سالَ بێ وادە وەیشومەی دەوران

گوَل و گروَلَ خونچەی لەباخ هەلَوەران )

کێ دیوە چەمەن ئەخوازی باران؟

شناو دووژمن بێ بۆ: گولَ روخساران

کاتێ کە ئاسمان هاتە سەر گرین
خونچە دڵ تەنگەو دێتە پێ کەنین
کەچی گەردوونی چەواشەی بێباك
خونچەی هیوای گەل ئەخاتە ژێر خاك
بەرەچەی باران خۆشی و رەحمەتە
لێکەی لەسەرەو بۆ کورد زەحمەتە
بەچل دەقیقە زۆری نەخایان
لانەی هەزاران سەرپاکی رووخان
پیرو قەیرەو لاو منداڵی ساوا
رۆڵەی سەدساڵەی وا دا بەئاوا
دەنگی شیوەن و رۆڵە رۆ، زاری
بەرز ئەبێ تەوە بۆ:دەرگای باری
ماڵدار و باڵدار کەرەستەی ماڵی
گشت بۆ: (دوروا وان) لافاو رای ماڵی
بۆ: دەرمانی زام گەلی کۆس کەوتو
یاریدە بدەن فریا کەوون زوو
سەردارانی ئێل، سەرۆکی میری
پیشە پێشەوە بۆ: دەست گیری
هەرکەس تێکۆشێ بۆ: یاریەو باربۆ
چاکەی ون نابێ ئەینووسێ مێژوو
پاداشی چاکەیش فەرموودەی خوایە
کاری چاك پەسندی هەردوو دنیایە


نەجمەدین مەلا

(هل جزاء ألاحسان الا الاحسان)
راستی فەرمووە خوای مەزن.

بۆمان دەرئەکەوێت کە مامۆستا ئەحمەدین دەسەلاتێکی گەورەی هەبوە لە کۆڕی شیعریشداو ئەسپی خۆی تاوداوە وەچەند پارچە هەڵبەستێکی وەك دیاری پێشکەش کردوین کە ئەمە یەکێکیانە بەبۆنەی لافاوەکەی شاری سولەیمانی و هەڵبەستێکی تری باسی هەر چوار کەشەکە ئەکات، ئەمانە هەموی لە ژیندا بڵاوبوونەتەوە، لەم بەرهەمەشدا کارمان بۆکردوە.(ئاوات)

........................١٣٦٨

٤٧. مەلا سەید ئەحمەد

(مەلا سەید ئەحمەد)کوڕی(مەلا شەریف)خەڵکی گوندی (پارباوڵە)ی ناوچەی (جەباری)یە مەلا سەید ئەحمەد لەپایەی زانیاری دا مامۆستا و شاعرێکی پایە بڵند بوە. بەکوردی و فارسی و عەرەبی شعری وتوە داخەکەم سەربوردی ژیانی بەتەواوی مست ناکەوێ. بەڵام بەوەی کە شێوەی شعرەکانی لەسەر شێوەو کێشی شاعری نەمر(مەولەوی)یە و پەیڕەوی مەولەوی کردوە ئەبێ لەچاخی مەولەوی دا ژیابێ یان دوای ئەو. ئەم هەڵبەستە لەوەرامی نوسراوێکی (خورشید ئاغا)ی داودەیی دا وتراوە:

نامەکەت یاوا پەی شیفای زامان
خاس تر جەدەوای ئەرەستۆ و لوقمان

مەلحەم بێ، پەی ئیش دوری کردەکەت
راحەت دا وەدڵ هیجران وەردەکەت

زیندەکەرد سوفتەی جەغەم ئاوارەم
تاقەت داوە لەش عومری دوبارەم

خۆمن پەسەند نیم وەی ئیلتیفاتە
وەی گەرمی مەوبەت وەی شەفەقانە

تەوازوع، پەرەی گەردن فرازان
مەرتەبەی بڵند پەی هویش مەسازان

بەیان کەردە بێت ، چەنی سەردی مەیل
وە مەیلت قەسەم ،مەیلم وەتۆ کەیل

لەرۆژی ئەزەل (ألست بِرب) ی
مەیلـم جەلاتەن هەم نام ئەبی

پەی دڵ گوشادی نامشوت هیشتەن
پەی بەخت ماچی خار تێی شکستەن

ڕیبازەی تەقدیر، زەورەقەی تەگبیر
جە گێژ مەوج دا کەردەنەش ئەسیر

بای شەرتە ، نەبەخت ئەختەر سیابیم
رای ئاماش نیەن، پەی رانومابیم

خەریکم وەی جەور فەلەك دادە وە
(جغ)ئاسا ئاسوب ،وە فەریادەوە

مەنزڵ بێ پایان ، من پام لەنگیوەن
دەسی من کۆتاه ،خۆرما وەنخل وەن

نەرسەد جە دوریت خاتر ناشادم
دویر ئاو دویر ، وەیاد ئاستانەت شادم

١٣٨٠.........

## ٤٨. میرزا محاك

(میرزا محاك) لە ئێلی(داودە)یە شاعیرێکی زاناو شیرین زمان و نیشتمان پەروەر بوە. لەدوا رۆژەکانی سەدەی سیازدەیەمی هیجریدا کۆچی دوایی کردوە.وەکو لە(کاکەرەشید)ی هەممەوەندم بیستوە(محاك) بێجگە لەوەی کە خوێندەوار و شاعر بوە لە ئاهەنگ و بەستەی کوردی دا گۆرندەیێکی هێجگار دەنگخۆش بوە. بەوتنی (قەتار) ەوڵلاوەیسی)لە چیادا مەل و جانەوەرانی رام کردوە. ئەم هەڵبەستە نمونەیێکی شعرەتی کەلە(کاکەرەشید)م وەرگرتوە کە پێش مەرگ راسپارد ئەکا:-

هام سەرام مردم. . .
ئەگەر تەقدیر بێ جەناکام مردم

سێ رۆژ بەرجە مەرگ وادەی خوا دەردەم
هیمان لەش وەخاك سیانە سپەردەم

فەرمانم بیان دەورەم بگێران
پەریم بچڕان جەنەزم نیشتمان

ئەرا جەردەمدا جەستە بام
وحوکم حاکم زمان بەستە بام

دەورەم بگێران وەشایی و مەزاق
سێ رۆژ بەرجە مەرگ بوینان تفاق

سەیدان هوردەن نەجاگەی راسی
چوارگۆشەش پاك کەن وەك جێگای شایی

بەرگ نازداران پویلە وە سەران
تاوی وەسەختی شینم بکەران

ئامیەت ئەرمەکەم مەبۆ فەرامۆش
زڕەی پویلەشان بشنەوم وە گۆش

لەجێگای یاسین زورنا و دەهۆڵ بو     بیرێژن قاوە دەن بادەورم چۆڵ بو

پۆل پۆل ، نازداران لەدەورەم کۆبو     چەنیٚ سەداشان هەر میرزا رۆ بو

قەترە قەترەی ئەسر جەدیدەی نمناك     برێزو، وەبان تەرمەکەی محاك

• مامۆستا نجم الدين نوسیویەتی: هەڵبەستەکە زۆرە ئەوەندە بەسە وشەی(بچڕان=بلێن/سیاماڵ=رەشماڵ=دەوار).

........١٣٨٣

## ٤٩. میرزا عبدالله (مودەبیر)

لەکەرکوك لە تەکیەی(تاڵەبانی)یەوە (شێخ عەلی) کوڕی(شێخ جەمیل)ناردویەتی بۆ (قوتابخانەی کەشتی نوح)وا ئەم (میرزا عبدالله)نازناوی شعری(مدبر) لە کوردی کرماشانە ناوی(عبدالرزاق)ەلە ١٢مانگی رەجەبی ساڵی١٣٠٣هاتۆتە دنیاوە لە تەمەنی (١٧)ساڵیەوە دەستی کردوە بە شعر وتن. دیوانی شعری بە زمانی کوردی و فارسی هەیە لەبەر ئەوەی ئێستا لە کرماشان کاربەدەستی میرییە چاوەڕێیە میری خانەنشینی بکا ئەوکاتە دیوانەکەی چاپ بکات. میرزا عبدالله پیاوێکیڕەوشت و خو جوان و کورد پەروەرو خاوەن ماڵە لەسەردەستی (شێخ عبدالله)ی (صی)تاڵەبانی دا تەریقەتی قادری وەرگرتوە. ئەم هەڵبەستە نمونەیەکی شعریەتی:-

ئەی دو چاوی پڕ حەسرەت ئەی برینداری خراو
کەم برێژە خوێن بەو مدا ، لێم گەڕێ ئەی ماڵ خراو
تارو پۆی گیانم لەژێر فرمێسکی شەوتا رۆژی تۆ
غەرقە بەس کە تا بەجارێ ناوی دنیات کردە ئاو
هەر وەکو بارانی ئان شین و گریانت چیە؟
پێم بڵێ دەردت چی ؟ جەرگ و دڵم بۆت بو کەواو
گیان بەقوربانتە رەفیقی صادقی جبرانەکەم
من سوتاو.برژاوی یارم لێم براوە خواردو خەو

من لەرووی تۆ شەرمەسارم قەت نەزانم چی بڵێم؟
من خوماری بێ قەرارم بێم بدە جامی شەراو
خۆم گورفتارم بەو زولفەکانی گرژ و لول
شێت و شێویاگی دوکەڵی سور و لێوی شەکری خاو
هیچ نیە مەیلی لەگەڵ من یارەکەی دڵدارەکەم
چاکە باوێران بێ حاڵم لەژێری سەیلی ئاو
چاوی من ئەو وەختە چاکە چاوی لەچاوی یار بکات
گەر نەکا با کوێربێ یەك جار ، تۆ مەڵێ بەو چاوە چاو
ئەی رەفیقانی(مدبر) مەنعی گریانم مەکەن
من کە یاری خۆم نەبینم، بۆچی چاکە نوری چاو.

١٣٨٧........................................................

٥٠. یوسف یاسکە[٢٠٦]

(یوسف یاسکە) خەڵکی گوندی(دەرزیان)ی ناوچەی مەریوانە، یوسف یاسکە شاعر وە نوسەری (خان ئەحمەد خان)ی کوڕی (هەڵۆخان) بووە (خان ئەحمەد خان)یش ساڵی ١٠١٤هـ جڵەوی حوکمداری گرتۆتە دەست وە ساڵی ١٠٤٦ کۆچی دوایی کردوە. لەم چەندانەدا لە کۆیەوە لەلایەن مامۆستا (ئەحمەد دڵزار)ەوە لەسەر پەڕە قاقەزێکی تورمەی کۆن کە بە خەتی شکستە نوسراوە لەگەڵ شعری شاعرێکی تر (ئۆغل بەگ) کە (٣٠٠)ساڵ پترە نوسراوەتەوە بۆ هات. شعری ئۆغل بەگ بۆ جارێکی تر ئەمە هەڵبەستەکەی یوسف یاسکەیە:-

سەرتابای جیهان مایەی جەمینت ........ نسرین جەمینت

---

[٢٠٦] ژمارەی ١٣٩٥ل٤ لە١٩٥٧/١٠/٣١..../ وشەی یاسکە بە کوردی (گوڵی یاسەمین)ە ، ناوی دایکی شاعیرە.
وشەی لال=جەواهیر = لەعل.

چین با برۆی جوت سیای چین چینت ماچین بە وردەی خاڵی میشکینت

خەتا وە موژگان وێنەی خەدەنگت خوتەن بەنیگای دیدەی سیونگت

یەمەن بە پرشنگ لەبانی لاڵت تایف بە ونجیر زوڵفی زوخاڵت

قەندەهار قیمەت قامەتی تەڕت قوم بەبارگەی ساف سپی مەڕمەڕت

سەمەرقەند بەهای هەردو قەندیلت سەرەندیب بەسای چەتری مەندیلت

شام بەراهـ زان شەو لە ئەنگیزت شیراز بە شیرین سەککەرین ریزت

میسر بە مەنزڵ بە تۆ ئاواتەن ئەو مەنزڵ کەنی سەندەل ساوا تەن

ئێمە سەر زەمین نەمامەت بیسات بەخێزانەوە پـایـەنـــدازەت پـات

* * * *

**ئەم چەند شعرەیش هی ئەوە :-**

سوبح دەمی شەریف......... دیم جە سەر کانی دوو شەخسی شەریف

دوو لەیل ، دوو شیرین ، دوو هەزار لەتیف

دوو زولەیخای دەوران دوو غونچەی زەریف

دوو پەری پەیکەر پەیکی پەڕندە

دوو شای شمقارِ باڵ شۆخی زەنندە

دوو دانەی گەوهەر دەریای عممانی

دوو عەرعەر قامەت رەوزەی ریزوانی

دوو حۆری جەنەت بەرگ بەدەن حەریر

دوو تورکی دڵدار دڵ بەندی دلگیر

..........................................

..........................................

٥١. سەودایی

ناوی راستی بە(شێخ سمایل) دۆڵان بەناوبانگە کوڕی(شێخ حەسەن)ی (کەسنەزان)ە

ساڵی١٢٨٤هـ لەگوندی (کەسنەزان)هاتۆتە دنیاوە ،خوێندنی لە قەرەداغ و سلێمانی

ئەواو کردوە. لەزمانی بێگانەدا(عەرەبی،فارسی)باش زانیوە. ئەم شاعرە لەناو کۆمەڵایەتی دا پێشەواو رابەرێکی بێفرۆفێڵ بوە هەمیشە بەر هەڵستی درۆ و خرافاتی کردوە، هۆزەکەی هانداوە کە بخوێنن و بەرەو پێشکەوتن برۆن. تا ساڵی١٣٤٧ھ لەگوندی دۆڵان کە لەناوچەی قەرەداغ بەمردنی کوتوپڕ کۆچی دوایی کردوە. ئەم شعرەی لە نەوەیەکی خۆی وەرگیراوە:

خۆزگە ئەبینی رۆژێك قەومی کورد — هەڵئەسان لەخەو هەمو دەستوبرد
شەقیان هەڵئەدا لە خەرافیات — پەردەی جەهلیان ئەختە زوڵمات
لەسایەی عیلما ئەحەسانەوە — سەربەست ئەگەڕان بەجیهانەوە
شاخی سەگرمە و لوتکەی بەرانان — ناویان دەرئەکرد وەك کەژی لەبنان
ئەوا من عومرم چوە ئــــــاخری — هیچ ئاواتێکم بەدوچاو نەدی
ئەو رۆژە خۆشە گەر بەچاو دیتان — بێنە سەرگۆڕم بۆم بکەن بەیان
بڵێن سەوداکەت وا کردی قازانج — بون بەخوێندەوار میلەتی کرمانج
لەخۆشیانا لەخاك دێمە دەر — لەعەزمی رەمیم ئەبم بەبەشەر

*

**ئەمیش هی ئەوە: -**

ئەبێتا کاکی کورد خەمی جوانیەتی — خەمی کچۆڵەی خانومانیەتی
ئالی پێشکەوتنی هەر بۆلای ژنە — دوژمنی دۆستەو دۆستی دوژمنە
ئەرهەنگ پێوایان زەوی و ئاسمان — ئەمیش هەر ئەڵێ یاشێخ گیان، ئامان

## ٥٢. پیرەمێرد ١٣٧٠-١٩٥٠م[207]



ماوەی چەند ساڵێك لەم ڕۆژنامەیەدا بەناونیشانی سەرەوە نزیکەی دوسەد شاعیرێکی خۆولاتیم زیندوکردەوە کە هەندێکیان ناونیشان و شعریان کەم کەس بیستبوی خستمە بەرچاوی خوێندەوارانی گەل. زۆر بە ئاواتەوە بوم کە چەند هەڵبەستێکی بەسۆزی نیشتمانی پیرەمێرد بخەمە بەرچاو بەڵام لەترسی گورزی(ئاغا پەستەك سور) نەم توانی هیچ بنوسم.

ئەمجا وا بەکورتی باسی کەڵك کاری پیرەمێرد ئەکەین بەرامبەر گەل و نیشتمانەکەی:
پیرەمێرد لەساڵی ١٩٠٠م کەچو بۆ (ئەستەموڵ) تاساڵی ١٩٢٥ واتا (٢٥) ساڵ لەسەردەمی دەرە بەگی و زۆرداری پاشایانی عوسمانی (عبدالحمیدی دوەم)وە(رشاد)دا بێ ئەوەی لەکەس کۆبکاتەوە و پارەکۆ بکاتەوە لەناو جەرگەی عوسمانی یە دلڕەقەکاندا بەپێنوسە ڕەنگینەکەی بەشعری نیشتمانی و وتاری (حماسی-بەپەرۆش) گەلەکی وریا کردەوە و لە ئەستەموڵ دا (نادی-جەرگە) وقوتابخانەی بۆمناڵانی نیشتمانەکەی کردەوە وەگۆڤار و ڕۆژنامەی بەزمانی کوردی دەرهێنا . ئەوەبوو کە عوسمانی یەکان ئاگادار بوونەوە بڕیاری خنکاندنی (پیرەمێرد)وە(ملا سعیدی بدیع الزمان)[208] وە چەند کەسێکی تریان دا، دواجار بڕیارەکەیان هەڵوەشاندەوە.

---

[207] ژ/١٤١٧

[208] ساڵی ١٩٣٦لە چاپخانی ژیان کتێبی مەناقیبی(کاك أحمدی شێخ)لە ئامادەکردنی خواجەفەنی و وەرگێڕانی لە فارسیەوە پیرەمێردی شاعیرە خۆی باس لەم ئازادبونەی ئەکات و هاتنەوەی بۆ سولەیمانی بە هۆکاری کاك أحمدەوە لە قەڵەم ئەدات ناوی ناوە لە(مەماتی کاك أحمدی شێخ).چاپی سێیەم ٢٠١١ ٩لا -ئاوات-

خاوەنی سەربورد سالی ١٩٢٥م کەهاتەوە سلێمانی بێ ئەوەی وچان بداو بحەسێتەوە دەستی کرد بە نووسینەوەو بەڕێوەبردنی رۆژنامەی(ژیان)و(ژین) وە لەناوەندی ئەمانەیش دا دیوانی(مەولەوی)بە دو بەرگ لەزمانی کوردی هەورامی یەوە بەشعر وەرگێڕایە سەر شێوەی کوردی سلێمانی و چیرۆکی(کەمانچە ژەن)بە دوو بەرگ لە تورکی یەوە گۆڕیە سەر کوردی داستانی(مەم وزین)وە بەسەرهاتی(دوانزدە سوارەی مەریوان )و تەمسیلی (محمودی سلیمی) شیوەکەلی وە گەلێ نامیلکەی بەنرخی تری نووسیەوەو لە چاپخانەکەی خۆیدا لە چاپی داو بلاوی کردەوە.

وە لەم رێگەیەدا گەلێك لەنەزانان توانجیان تێ ئەگرت بەلام ئەو گوێی پێ نەئەدائێ و بۆ کەلك کاری گەلەکەی تێ ئەکۆشاو کۆڵی نەئەدا وە تا ژووە گۆر ئەگۆڕا.

جارێك نزیکەی دووسەد لاپەڕە شعری هەلبژاردی پیرەمێردم لە تۆماردا نووسی یەوە و بردم پێشکەشی خۆیم کرد کە شتێکم بۆ لەسەر بنوسێ ئەویش لەم چەند وشەیەی لەسەر نووسی: کاك نجم الدین تۆ منت کرد بە ئەمر منیش ئەم تۆمارەم بەخشی بە تۆ چاپی بکە و بیفرۆشە، خۆیشم بفرۆشە بەلام نرخم نی یەو هیچ ناژیم . جارێك لەجەژنی نەورۆزدا لە کارێزی وەستا شەریف سدارەکەم دانابوو بەناو خەلکەکەدا ئەگەڕام خۆش هاتنم ئەکردن منالێك سدارەکەی دزی بووم بردبووی لەبازاڕ بی فرۆشێ چوار فلسیان دابووێ ئەم جا تووخوا سدارێك چوار فلس بهێنێ و سەرێك سدارەی نەبێ پێویستی ئەبێ چی بژی تۆ بۆ خۆت هونەرێکت نواند کە ئەم شعرانەت تۆمار کرد ، بەرخودار بیت‚[٢٠٩]

٢٠٩ بەرگی دومم لە کەشکۆلی مینای شکستە تایەتی بە شیعرەکانی پیرەمێردە و خۆی نوسیویەتیەوەو کاتێك کاری چاپیان بۆکرد زۆر سودیان لەم کەشکۆلە وەرگرت.

رۆژێك پێش جەژنی قوربانی ساڵی٩٤٥م کە سوپای ئیستعمار هێرشیان بردبوە ٩٦٠ سەر بارزان پیرەمێرد بانگی کردمە قەڵەندەرخانەکەی بەناوی کارتی جەژنەوە ئەم پارچە شعرەی دامێ وتی : تۆ کار قایمی هەڵێ گرە ئەگەر رۆژمان لێ بزوە بڵاوی کەرەوە،

وە منیش ئەمرۆ لەپەنا کتێبە کۆنێکی پەرپووت دا پارچە شعرەکەم دۆزی یەوە وا خستمە بەر چاوی خوێندەوارانی بەڕێز:

خزمینە!! وا، شەشی، رەشی ئەیلول گەڕایەوە
ئاگر لە ماڵی کوردی، کولۆڵ بەردرایەوە
شاران بە نۆبی جەژنەوە سەیران و کەیف ئەکەن
بۆ ئێمە، تۆپی کوشتنە ،وا، ئاگری ئەدەن
بۆ جەژن و شایی یە جلی سووریان ئەوێ منال
ئەم جەژنە خوێنی کوردە ، فەلەك کردی بەبەرگی ئاڵ
قەی ناکا ئەو، لەپێشەوە خوێنی عەلی رژاند
ئەم ساڵ بەخوێنی ناحەقی کورد ، رۆژووەکەی شکاند
خوێن خۆر، کەهار بوو!! چل شەو ئەژی گۆڕ بەگۆڕ ئەبێ
(پایز) بەبای دووایی یە، بەیداخی شۆڕ ئەبێ
دیسان پەڕی هەڵۆیە کە پەیکانی لێ ئەدا[٢١٠]
کوردیش پەڵی لەخۆیەتی وا ئێشی پێ ئەگا
ئەی خودایە ئەم پەڕ و پەڵە تاکەی ئەمان کوژێ
ئەسپێ ئەگریە باخەڵەوە خوێنت هەڵ ئەمژێ
(أشتدی أزمة) خەبەری (تنفرجی) یە

---

٢١٠ پەڕی هەڵۆ نوکی تیری پێوە ئەبەستن.

(إلهادی، أظلم) یشەکە تۆڵەی بە گورجی یە
ئەم خوێنەیە بەرانی نەجاتمان ئەداتە دەس
ئەم قەومە سەر بلندە سەری نانەوێ بەکەس
ئەمجارە، وا بارانی نەجات خۆی گەڕایەوە
خوا یاربێ!! نابڕێتەوە، نەگبەت بڕایەوە
بۆ ژینی قەومە خوێن لەلەشی شێر شەرزەوە(٢١١)
وەك تەرزە دێتە خوارەوە لەو جێگە بەرزەوە
ئەو خوێنەیە دڵۆپێکی ئاوی حەیات ئەدا
نامرێ!!ئەوەی لەرێ ی وەتەنا گیان فیدا ئەکا
ئاخ خۆزگە ئەم بەشەش بە من ئەبڕا لە فرسەتا
هەروەك ئەوان ئەژیام لەدڵی پاکی میللەتا
چەند بەرزی یە لەبەندەنی بەرز و نزارەوە
هەڵمەت بەرێ بە لاوکی کوردی و قەتارەوە

### ٥٣. أحمد بەگ زەوقی

شاعری بلند پایە(ئەحمەد بەگ زەوقی) لە بنەماڵەی میرانی موکریان کوڕی شاعری ناوبانگ (عبداللە بەگی مصباح الدیوان)، ئەحمەد بەگ زەوقی بێجگە لە زمانی خۆی زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی و فرانساوی و روسی زانیوە. بەم هۆیەوە لە دەورەی شاهنشاهی (ئەحمەد شای‌قاجار)دا چەند جارێك لە ئەنجومەنی پارلمانی (تاران)دا ئەندام بوە. سالی١٩٢٢م لەتەمەنی٣٧سالیدا کۆچی دوایی کردوە.

---

٢١١ شەرزە:- بەقسەی خاوەنی(برهانی قاگع)بەگیان لەبەرێك ئەلێن کە لەشێر ئازاترە، بەشێری ئازاش ئەلێن.

ئەم هەڵبەستە نمونەی شعریەتی:

ئەو دڵە زۆر غافڵە گەر عەشقی جانانی نەبێ
بادەکەی شیرین مەزەی سوبحو بەیانانی نەبێ
یا وەکو مەجنون ئەبو بێ عاشقێك بێدەم بەدەم
وا لەڕێی خاکی وەتەندا جوملە سەرداری نەبی
یاوەکو بێچارە پەروانە لە دەوری شەمعە کەی
دەم بەدەم (أفتان و خێزان) قەسدی سوتانی نەبێ
یاوەکو بلبل لە باخان بۆ گوڵی مەقسودی خۆی
کۆهی خاراکون نەکات و نەخشی ئەیوانی نەبێ
بۆ تەماشای بەزمی خەسرەوتاییەن حۆری بە جەم
کەی دەرگا کامی بە شیرین شەکەرین خوانی نەبێ
عاشقێك خاڵی لەوانە رەهرەوبکی بێ تەریق
چۆن دەبێ واسیل بەمەقسەد لوتفی یەزدانی نەبێ
(زەوقیا)شیرینە شعرت خاسەبۆ : فەرزانە گان
کوا دەگا جاهیل بەمەعنا یادی جانانی نەبێ

– أفتان و خێزان = هەڵبلۆقین، هەڵسوڕان./ خارا = مەڕمەڕ / فەرزانە = ژیر، زانا

## ٥٤. محمد وەفا[٢١٢]

ماوەیەکی دورو درێژە ھەرچی شعری شاعیرانی کورد ھەبو ئەوەی دەستم کەوت لە ناو چەند تۆمارێکی گەورەدا گشتم تۆمار کرد لەسەرەتای سالّی ١٩٥٤دا کە کاك أحمد زرنگ_ دەستی دایە رۆژنامەی ژین داوای لیّ کردم کە ھەر ھەفتەی پارچە شعرێکی شاعرە دێرینەکانی کوردی لەژین دا بۆ بنوسم لەگەلّ چیرۆکێك بۆ منالان و مەتەلّێك منیش ئەوەی لەتواناما بو درێغیم نەکرد ئەو شاعرانەی کەناویان لە کرێرەوە بونەوە دابو ھێنامە ژینەوەو ژیاندمەوە کەچی ئەم جارە بیستم کاك محمد وەفا کە لە نەخۆشخانەکەی سلێمانی دا نزیکەی چل سالّ بەدلّسۆزانە دەرمانی گەلە ھەژارەکەمانی ئەکرد مانگێك لەمەوپێش کۆچی دوایی کرد بەراستی کۆچی محمد وەفا برینێکی پڕ ئێش بو بۆ دلّی دانیشتوانی ولاّتەکەمان محمد وەفا لەدەرمان کردندا جێی پزیشکێکی گرتبوەوە مرۆڤێکی بیّ وەی وە خواپەرست بو، ھەروەھا لە پایەی شعر و ئەدەب دا بەش داربو ئەم ھەلّبەستەی خوارەوە نمونەی شعریەتی:

ھەمیسان دلّ بریندارى خەدەنگی خۆش نیگارێکم
ئەسیری پێچ و تابی زولّف و ئەبرۆی چاو خومارێکم
دلّم سەرخۆشە وابیّ ھۆشە بۆم نابیّ تەوە سەر خۆی
دەبکە من بە ناواتی سەفای بۆس و کەنارێکم
ھەتا دوێنیّ لەسەر خەزنەی جەمالت پاسەوانیّ بوم
ئەبستاکە لە جەیشی پەرچەمت ھەر وەك فیرارێکم

---

٢١٢ تێبینی: لەبەر ئەوەی ھەمو شیعرەکان و ژیانی شاعرەکان لە دوتوێی (دیوان) چاپکراوە، ھەندێکی تریشیان کۆچکردو(عەلی کەمال)چاپی کردون. بۆیە بەپێویستم نەزانم تەنھا ئەو شاعیرانە دوبات بکەمەوە کە نەچونەتە دوتوێی دیوانی شیعری تایبەتیەوە. ژ/١٤٨٠.

منم سەودا گەری عەتری گوڵی ڕوت هەر وەکو بلبل
بە خونچەی لێوی تۆوە ئەمڕۆ ، وا شیرین عەتارێکم
وەکو : پەروانە بێ پەروا لە دەوری نوری ڕوخسارت
بە ئومێدی سووتانم ئای چ بێ سەبرو قەرارێکم
تەماشای قامەتی سەروی بکە ئەی وشکە سۆفی من
بە دەوریا خۆم هەڵاوە ستیوە لەوحەی چاوە زارێکم.

---

## ٥٥. خانەی داجی وەن

(داجی وەن): دەکەوێتە داوەنی (شاوداغ) لە سنوری کەڵهوڕ، (لەک)نان= ١٠٠هەزار، تا نزیك کرماشانە جێگایەکی خۆش و سازگارە کە لە ژێر فەرمانی (ماشاء الله خان) ی ئەسفەندیاری کوڕی (ئیمام قولی خان)ی (بالەوەند) دا بوە. خانە لە دەورروبەری ساڵی ١٨٦٠م ژیاوە. (ید الله رضائي) دەڵێ: خۆم چومە سەر گلکۆکەی کە لێی نوسراوە (خانەی غەواسی دوڕ سەنج ) لێرەدا نێژراوە.

ئەمە چەند شیعرێکی ئەوە:

مەلا وەناوە.....
لەیلا ڕۆڵەی ویش مەلا وە ناوە
هەڵ قەی دەم جور لەدڵ شکاوا نە وە
بەین الله دەنگی سەنگ تاوانە
لاولاوەش بیو نازارە باوە
مەر لەیلا لە پشت پەنجەرەی شاوە
زولف و غەبغەبەش گوڵاوانەوە
کۆنە زامانم هەم کاوانەوە
(ماسکێك)[٢١٣] لە زیدە خاوەری خاوە
هەم سۆزە چیرە هەم سیا چاوە
سیورەت وە شەفەق ڕەونەق نماوە
زەردی خۆرد بری لە خۆراواوە
(خانە) دەمێکە لە یار بڕیاوە
وەك خۆشەی پەروین بەڕوی سەماوە

---

[٢١٣] ماسك = ئاسکی مێ ، کلاسك = ئاسکی نێر.

٥٦.

## نۆغل بەگ

وەکو چومەتە بنجوبناوان و لە هەندێك زانایانم بیستوە، (نۆغل بەگ) بەر لە(٣٠٠) ساڵ پتر لە گوندی (ناریان)دا ژیاوە.

ناریان:- گوندێکە لەوبەری روباری سیروانەوە بەرامبەر بە گوندی (هەجیج)، ناریان لەکاتی خۆیدا شارێکی گەورە بوە، نزیکەی هەشتا هەزار ماڵێك بوە، ئێستاش شوێنەواری دێرینەی ماوە، لەوانە تەختی لەبەرد تاشراوی تیا دیارە کە لێی نوسراوە: (تەختی ئەردەشێر)، هیچ دور نیە کە تیرەی ئاری لەم کۆنەشارەدا هەڵکەوتبن و پەرەیان سەندبێ و بڵاوبوبنەوە ،

ئەمە شیعرێکێتی کە مامۆستا(ئەحمەد دڵزار) لە (کۆیە)وە بۆی ناردوین:

ئەوەل وەهارەن ... زولف سیای شەو دێر ئەوەڵ وەهاران
بەبۆی میشك ناف توحفەی تەتاران دەلیلەی رەویل نەوای هەژاران
هەربادبو ، میوە جە ئاسانەی تۆ هەردەم خۆش بۆ بکا دەرو دەشت و کۆ
تمام لەوبەر ئەشکوفتەی ساوا زوتول باخچەی باخ ، جنەت ولـــمەئوا
لەب کانی گەوهەر سەر چەشمەی زمزم زولفت تول سەر سەوز شکۆفەی شەونم

..........

٥٧.

## قەمەر عەلی

شاعیری شیرین وتار(قەمەر عەلی) لە هۆزی جافە لەناوەراستی سەدەی سیانزەهەمی هیجری لەگەڵ سەرەك کۆماری مەزن (محمد پاشای جاف) دا هاو دەوربون، وەکو زیان باسکردوم (قەمەر عەلی) لە دۆزینەوەی دەرمان و هونەری پزیشکیدا بێوێنە بوە. لە زیرەکی و وردبینی خۆی سەد ساڵ پتر لەمەو پێش هەوێنی(پەنسلین)ی دۆزیوەتەوە (محمد پاشا) ئەسپێکی سەگلاوی زۆر گران بەهای ئەبێ وا رێئەکەوێ ئەسپەکەی زین پشتی ئەگرێ و بریندار ئەبێ و ماوەیەکی زۆر دەرمانی ئەکەن برینەکەی چاك نابێتەوە،

لەم رووەوە (محمد پاشا) پەژارەو خەفەت دایدەگرێت، دەنێرێت بە شوێن (قەمەر عەلی)دا ئەویش دێ دو سێ نان بە گەرمی ئەکا بە تۆردو لەدوای چەند رۆژێك نانەکان کەرو هەڵدێنن ئینجا لەو کەروە چەند جارێك ئەدا لە برینی ئەسپەکە هەتا چاکی ئەکاتەوە. لەلایەن پدشاوە پاداشت وەرئەگرێ، ئێستاش جافەکان کە ولاغیان پشتی بریندار بێ بە کەرووی نان چاکی ئەکەنەوە.

قەمەر عەلی بە کوردی و فارسی شیعری رەوانی وەك سەرووی رەوان باخچەی شاعیرانی رازاندۆتەوە، ئەم هەڵبەستەی بەشێوەی جافی لەبەر دەستنوسی(محمود پاشا جاف) وەرگیراوە کە (پیرەمێردی ئەمر) یش گۆڕیویەتیە سەر شێوەی سولەیمانی:

لەخەو هەستابو..... بەر لە بەیان بو لەخەو هەستابوم

شعور لە کەلەی خاڵی پەستابوم گوێم راگرتبو بۆ بانگ وەستابوم

شەو، شەو کراسی خومی خۆی داکەند ئەوفەق بە شەفەق کەوتە شەکەر خەند

بەرقی پێش خانەی سەحەر ستیزا سوپای ئەستێران لە رۆژ گورێزا

لەسەر منارەی سەربەرزی بێ دەر بلند بو بانگی (اللە أكبر)

بلبل بە نەغمەی خۆش ئاوازی بەرز ئەی خوێند لەسەر چڵ بەناڵەی سەد ئەرز

ئافەریدەکان هەریەك بە رەنگێ بۆ کردو کۆشی دەنگ و ئاهەنگی

یەکێ هەستابو پارەی ئەژمارد یەکێ دامابو بۆ نیو هۆقە ئارد

شێخ لە رابیتەی کەشف و کەرامات گۆرانی بێژیش شەیدای مەقامات

بت پەرست لەپای بتدا سەبەخاك زیکری دەروێشان ئەگەیە ئەفلاك

بەدکار شوێنی بەدی خێرەومەند بۆ خێر حاجی بۆ کابەو راهیبان بۆ دێر

بەجارێ ئەهلی جیهان خرۆشا هەرکەس بۆ رۆژی خۆی تێدەکۆشا

هەرکەس کارێکی پێ سپێراوە لە رۆژی ئەزەل خوا بۆی داناوە.

## پوختەی ئەم کتێبە:

# لە پێناو نەمریدا مەردانە مرد

مامۆستا نجم الدین مەلا کوڕی مەلا غەفوری مەلا عەلی مەلا ئیبراهیم ١٨٩٨لە سلێمانی لەدایکبوە، سەرەتای خوێندنی لای (حاجی موستەفای قازی) دوایی لای باوکیو پاشان ساڵی (١٣٣٠)ك لەو قوتابخانەیەدا خوێندویەتی کە (سفوەت یەکی تورك/ سەرکردەیەکی تورك بو) لە سولەیمانی کردبۆیەوە، بە پلەی یەکەم دەرچووە. پاشان لە سەردەمی عوسمانیەکاندا حەزی لە ژیانی موچە خۆری نەکردوە بۆیە ماوەیەك بەبێ ئیشیو ماوەیەکیش بەنوکی پاچو خاکەناز ئەمەنی هەرزەکاری بەسەربردوە. دوای سەردانی شاری (حەلەب و دیمەشق) خولیایەکی زۆر گەورە کەوتە سەریەوە، بلیمەتو هۆشمەندی و ڕۆشنبیری کورد زۆربەی ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ زیندوکردنەوەو شەونخونی بە دیار ڕۆشن کردنەوەی ئەو دەستنوسانەی کە لە سوتاندنو کونو قوژبندا ئەم شارو ئەو شارو ئەم دێهاتو ئەو دێهات دەستی کەوتبو، ئینجا پاکژی کاکڵەی ئەو بەرهەمانەی ئەخستە بەرچاوی خوێندەواران.(بۆ خۆی چاپخانەیەکی بچوك بو)سەرەتای ئەرکی ماندوبونی لە تەك ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا ئەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی (١٩٢٦)لە ڕۆژنامەکانی ئەوسای شاردا بەنوسینی هەمەجۆر بەشداری کردوە(زاری کرمانجی- ژیان- ژین- ڕۆژی نوێ- شەفەق- هیوا- گەلاوێژ) کە ٧٠ بابەتی هەمەچەشنی بەخامە قەشەنگەکەی وەك هاندان بۆ نوسەران پێشەکی بۆ چەند کتێبێك نوسیوە (دامەزرێنەری قوتابخانەی کەشتی نوح بو لە سابونکەران ٦٥٠٠کەسی لە نەخوێندەواری ڕزگارکرد، هەفتانە لە ڕۆژنامەی ژین ٤ ستونی هەبو، ژیانامەو شیعروشاعیرانمان ٢٢٠کەسی لەتیاچون ڕزگارکردوە، گۆشەی مەتەڵ بە شیعر(١٤٨)مەتەڵ.(فەرهەنگی ڕەخنەیی ٧٤)وشە. چەندین کەشکۆڵە شیعری بۆ کەسایەتیەکان نوسیوەتەوە، گرنگترینیان(مینای نکستە٣بەرگ- ئەوراقی پەرێشان- سۆزی نیشتمان- دیوانی زێوەر- حەمدی- یادی

بەباشی زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی زانیوە، (گۆشەی چیرۆك شەوی بەکرەجۆ....)

بۆ منالآن، ١٦٠)چیرۆکی هەمەجۆر.

کەسێك بو بە رەبەنی ژیا بۆ نەتەوەکەی، خۆی کردە مەشخەڵ و شۆڕشی رۆشنبیری کرد، لە رۆژگارەکانی دەسەلاتی(عوسمانی و ئینگلیزو فەرمانڕەوایی شێخ مەحمودو پادشایەتی و کۆماری عێراق و شۆڕشی ئەیلول) دا ژیانی گوزەراندوە، قوتابخانەکەی جێگای کۆبونەوەی چەندین کەسایەتی رۆشنبیرو شاعیرو کەسانی بیانی و ناودارانی کوردبون. بۆ بۆنەی نەتەویی ر کەسایەتیەکان و ناخی خۆی شیعری جوان ر ناسکی هۆنیوەتەوە.

٢٣-٤-١٩٦٢ کۆتا جار بوە کە لە چاپخانەی ژین بینیویانە، زۆر بەکەساسی دوای دوهەفتە لە قوتابخانەکەی خۆی بەمردویی دۆزیـــیانەوە، بارودۆخی ئەوسای سلێمانی لەبار نەبو بە ئەمانەت لە گردی (سەیوان) ناشتیان تا دوای بەیاننامەی ١١- ئازاری١٩٧٠هەمو خەڵکی سلێمانی لە رێورەسمێکی پڕ شکۆدا بەرەو (چیای ئەزمڕ) کەوەسیەتی کردبو ئەسپەردەیان کرد، چەندین نوسەرو شاعیر بۆ ئەم کەسایەتیە بیۆنەیە بابەتی جوانیان پەخش کردوە.

**وەك وەفایەك** ئەم زاتە پەیکەرو تەلارو قوتابخانەو شەقام بەناویەوە بونیان هەیە. لە کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی٦ بابەتێك هەیە...هەزاران سلاو بۆ گیانی پاکی.




.....کۆتایی .....

**بەئاواتی سەرکەوتنی بێسنور بۆ هەمو ئاشقانی نەتەوەو ئەدەب و نوسینی کوردی.**

# پێڕست

بەرگی یەکەم

پێشەکی ٢

بەشی یەکەم : ٣٨بابەت. پێش مەرگی و پاش کۆچی دوایی.......... ٦

بەشی دووەم : بەرهەم و بابەتەکانی لە رۆژنامەی
《 ژیان و ژین 》 و 《رۆژی نوێ و هیوا》 و《شەفەق و گەلاوێژ》دا بڵاوی کردونەتەوە( ٧٥ ) بابەت.......... ١٩٢

بەشی سێیەم : مەتەڵ بە شیعر ١٤٨ مەتەڵ.......... ٢٤٣

بەرگی دوەم

بەشی چوارەم: فەرهەنگی نەجمەدین مەلا ٧٤وشە و ٣ بابەت.......... ٤٧٤

بەشی پێنجەم : ١٦٢ چیرۆك بۆ منالان.......... ٤٨٧

بەشی شەشەم : شیعرو شاعیرەکانمان. بەتایبەتی ئەوانەی کاری چاپیان بۆ نەکراوە
٨٧٥

پوختەیەك : .......... ٩٦٧

چەندین وێنەی جوان و دەستنوسی دەگمەنی مامۆستاو لەگەڵ
بابەتەکاندا بڵاوکراوەتەوە.



نوسەر لە چەند دێڕێکدا:

- ناوات ئەبوبەکر ئەحمەد لە١٩٧١هاتۆتە دونیاوە،
- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و پەیمانگای مامۆستایانی لە سلێمانی تەواوکردوە.
- بڕوانامەی بەکالریۆسی لە شاری کەرکوک لە پەروەردەو دەرونناسیدا وەرگرتوە.
- لەبەرهەمە چاپکراوەکانی (ئەسرینەکانی سەدەی بیستەم کۆمەڵە رواداوێکی واقعی شەش بەرگ،

شکۆنامە( گڵەزەردەو نۆدێی و ولیانی )، کاک ئەحمەدی شێخ، مودەڕیسنامە،
رێبەری قۆناغی ئامادەکردن بۆ مامۆستایانی پۆلی یەکەم،
ئەلفوصەلەوات، شێخانی تەریقەت( مەولاناخالید و شێخ موحسینی گاپیلۆنی)،
مێژوی قورئانی پیرۆز. ( مامۆستای ئەمر مەلاکاکە حەمەی سیفولا،
مامۆستای هەموان ئیبراهیم ئەمین باڵدار. داستانی حەڤدە شەهیدەکەی قرگە......)

- لە چەندین گۆڤار و رۆژنامەدا نوسینی بڵاوکردۆتەوە.
- هاوکاری چەندین نوسەری کردوە بۆ بە چاپگەیاندنی بەرهەمەکانیان.
- ئێستا سەرپەرشتیاری پەروەردەیی زمانی کوردیە لە پەروەردەی خۆرهەڵات.

ئەندامی لیژنەی دانانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی یەکەمە لە وەزارەتی پەروەردە.

- بەئاواتی تەمەنێکی پڕ بەرەکات و خامەیەکی بە بڕشت.



نوسەر لە چەند دێڕێکدا:

⌗ ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد لە 1971 هاتۆتە دونیاوە.

⌗ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و پەیمانگای مامۆستایانی لە شاری سلێمانی تەواوکردوە.

⌗ بڕوانامەی بەکالوریۆسی لە شاری کەرکوك لە پەروەردەو دەرونناسیدا وەرگرتوە.

⌗ لە بەرهەمە چاپکراوەکانی (ئەسرینەکانی سەدەی بیستەم کۆمەڵە روداوێکی واقعی شەش بەرگ، شکۆنامە(گڵەزەردەو نۆدێی و ولیانی)، کاك ئەحمەدی شێخ، مودەڕیسنامە، ڕێبەری قۆناغی ئامادەکردن بۆ مامۆستایانی پۆلی یەکەم، ئەلفوصەلەوات، شێخانی تەریقەت( مەولاناخالید و شێخ موحسینی گاپیلۆنی)، مێژوی قورئانی پیرۆز. (مامۆستای ئەمر مەلاکاکە حەمەی حاجی سیفوڵا، مامۆستای هەموان ئیبراهیم ئەمین باڵدار. داستانی حەڤدە شەهیدەکەی قڕگە......)

⌗ لە چەندین گۆڤار و رۆژنامەدا نوسینی بڵاوکردۆتەوە.

⌗ هاوکاری چەندین نوسەری کردوە بۆ بە چاپگەیاندنی بەرهەمەکانیان.

⌗ ئێستا سەرپەرشتیاری پەروەردەیی زمانی کوردیە لە پەروەردەی خۆرهەڵات. ئەندامی لیژنەی دانانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی یەکەمە لە وەزارەتی پەروەردە.

⌗ بەئاواتی تەمەنێکی پڕ بەرەکەت و خامەیەکی بە بڕشت.

لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و هونەری چاپکراوە